# ڕێکخستنە سیاسییەکانی باکووری کوردستان

## ١٩٦٠-١٩٨٠

ماجید خەلیل فەتاح

هەولێر-٢٠١٢

* ناوی کتێب: ڕێکخستنە سیاسییەکانی باکووری کوردستان (١٩٦٠ - ١٩٨٠ )

* نووسەر: ماجید خەلیل فەتاح

* بەرگ و سەرپەرشتیاری هونەری: عوسمان پیرداود .

* نەخشەسازی: عیسام موحسن.

* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (١٧٣ ).

* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.

* تیراژ: ٥٠٠ دانە.

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( ٧٩٩ )ی ساڵی ٢٠١٢ی پێدراوە.

# پێشەکی

**بایەخی توێژینەوەکە:**

توێژینەوە لە بارەی ڕێکخستنە سیاسییەکانی باکووری کوردستان لە سالآنی (١٩٦٠ــ ١٩٨٠)دا، لەلایەکەوە پەیوەستە بە دەرهاویشتەکانی ئەزموونی فرە پارتایەتی و ململانێی هەڵبژاردنەکان و هەرسیّ کودەتا سەربازییەکەی تورکیاوە، لەلایەکی تریشەوە پەیوەستە بە سیاسەتی ولآتانی کۆلۆنیالیستی هەرێمی و نێودەوڵەتییەوە، چونکە وەك هەمیشە نکوڵی پێناسە و بوونی نەتەوەی کورد لە باکووری کوردستاندا خزێنرابووە مێشکی سیاسییەکان و بەرنامەی دەستوور و یاساکانی ولآت و پێڕەوی پارتە بالآدەستەکانی تورکیاوە، ئەمە لەکاتێکدا هزر و هەستی نەتەوایەتی خوێندەوار و خوێندکار و سیاسییەکانی باکووری کوردستان لەژێر کاریگەریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوە بن دەستەکانی جیهانی سێهەم و کوردی پارچەکانی کوردستانی پەرتکراودا لە پەراوێز خستنی خواستە نەتەوەییەکانیان بێدار دەبوویەوە، هەر بۆیە توێژینەوە لە سەرەتاکانی سەرلەنویّ ڕابوونی ڕووناکبیری و فەرهەنگی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە باکووری کوردستاندا بایەخی بابەتەکە دیاری دەکات، چونکە خەملێنی ئایدیۆلۆژیای نەتەوایەتی گرووپی (٤٩) کان لە دەستپێکی شەستەکاندا، ڕۆڵی سەرەکی بینی لە شێوەگیربوونەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد دا لە باکووری کوردستان و سەرەتای قۆناغێکی نویّ بوو لە ڕابوونی نەتەوایەتی کورد، کە لە ماوەی دەسەلآتی تاك حزبی کەمالییەکاندا بندەست کرابوون. لە لایەکی ترەوە توێژینەوەکە زیندووکردنەوەی لاپەڕەیەکی ونکراوە لە تێکۆشانی ڕووناکبیری و ڕامیاریی نەتەوەییەکانی کورد، چونکە هەمیشە لە سایەی مەکر و ڕامیاریی یاساکانی کۆماریی تورکیادا خواستی پەراوێزخستن و کوێرکردنەوەی ڕەنگ و دەنگی

کورد بە دونیای دەرەوە پێڕەوکراوە. لەم توێژینەوەیەدا بۆ یەکەمجارە سیاسەت و چالاکی هاوبەش و ئاشکرای ڕووناکبیر و سیاسییەکانی کورد لەنێو ڕێکخستنی پارتە تورکییەکاندا تا کودەتای ١٩٨٠و قەدەغەکردنی هەموو ئەو پارتانە نەشونومایان کراوە، هاوکات بەشێکی بەرینی توێژینەوەکە ناساندنی نەزم و تایبەتمەندی خەبات و چالاکی و ئایدیۆلۆژیای پارت و کۆمەڵە سیاسیی و ڕووناکبیرییە سەربەخۆکانی کوردە، بەتایبەت ناساندنی گرووپ و ئاڕاستە چەپەکانی کورد، کە بەنهێنی و نیمچە ئاشکرا و بەشێوەی نایاسایی، یاخود بە نەزمی قۆستنەوەی بۆشایی لە یاساکانی تورکیادا، ئەزموونی پارتایەتییان بە درێژایی حەفتاکان لە کوردستاندا گوزەراند، هەموو ئەم پارتانە یەکەمجارە لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستیدا سەرەتاکانی دروستبوون و تایبەتمەندی و کاریگەرییان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردا خراوەتە ڕوو.

**هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

بابەتی ڕێکخستنە سیاسییەکانی باکووری کوردستان لەماوەی (١٩٦٠ - ١٩٨٠) قۆناغێکی تایبەتە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی کورد لە باکووری کوردستان، چونکە تایبەتمەندییەکانی ئەو قۆناغە بریتین لە:

١ . دەستپێکردنەوەی کاری سیاسی و ئەزموونی کاری ڕێکخراوەیی کورد، بە بێ خەباتی چەکداری و توندوتیژی لە ڕێکخستنی پارتە فەرمییە تورکییەکان و ململانێی هەڵبژاردنەکاندا.

٢. دەستپێکردنەوەی خەباتی ڕووناکبیری و فەرهەنگی و کولتووری بۆ زیندووکردنەوەی تایبەتکارە نەتەوەییەکانی کورد، کە بەدرێژایی حوکمی کەمالییەکان کار لە سەر پایماڵکرانیان کرابوو.

٣. دروستبوون و خەمڵینی ئایدیۆلۆژیا و کەسایەتی نەتەوەیی گرووپی (٤٩) کان، کە بوون بە بناغەی ڕێکخستنە سیاسییەکانی کورد و پاشان دابەشبوونیان بەسەر ڕەوت و پارتە جیاوازەکانی کورد دا جێگەی

هەڵسەنگاندن و توێژینەوەو لەسەر ڕاوەستانە، چونکە ئەوان تا وەکو ئێستاش ڕیشە و بناغەی ئەو هێز و ئاڕاستە سیاسییانەن کە نوێنەرایەتی پرسی کورد دەکەن لە تورکیا.

٤. کاریگەری پارت و ڕێکخستنە سیاسییەکانی تەواوی پارچەکانی کوردستان لە سەر خەملین و دامەزراندنی پارت و کۆمەڵەکانی باکووری کوردستان، هاوکات جۆری پەیوەندییەکان و کۆمەك و پشتیووانییەکانی یەکتری جێگەیەکی دیاری لەو قۆناغە مێژووییەی کورد دا هەبوو.

٥. ئایدیۆلۆژیای چەپ وەك تایبەتمەندییەکی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوە بندەستەکان، ئەزمونێکی تری لە خەباتی پێکەوەیی تورك و کورد هێنایە کوردستانەوە، هاوکات لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە جووڵانەوەی چەپەکان لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی باکووری کوردستاندا تایبەتیبوون و سەربەخۆ هاتنە پێشەوە، ئەوەش مۆدێلێکی نوێ بوو، هەربۆیە تایبەتمەندی ئەو ڕەوشە و شوێنەواری چەپگەریی لە خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد دا جێگەی هەڵسەنگاندن و ڕاڤەیەکی زانستیانەیە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

نووسینەوەی زانستیی مێژووی پارت و کۆمەڵە و ڕێکخستنە سیاسییەکانی کورد لە باکووری کوردستان و دیاریکردنی سەنگ و ڕۆڵیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد دا. هاوکات زیندوو ڕاگرتنی ئەو قۆناغە هەستیارەی مێژووی گەلەکەمان و دەرهێنانی لە سیاسەتی پەراوێزخستن و توانەوەی تایبەتکاریی مێژوویی نەتەوەکەمان.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

هێڵە سەرەکییەکان و بنەمای نووسینەوەی ئەم توێژینەوەیە بە سوود وەرگرتنبووە لە ڕێبازی توێژینەوەی مێژوویی، کە بریتی بووە لە کۆکردنەوەی سەرچاوەی ڕەسەن و بەڵگەی دروست و وتە و لێدوانی

پەیوەست بە ڕووداو و زانیارییەکان و هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو زانیارییە کۆکراوانە و بەراوردکردن و دواجار بڕیاردان لەسەریان، هاوکات سوودمان لە ڕێبازی زانستی سیاسی و جوگرافیای سیاسی لە نووسینەوەی ئەم توێژینەوەیەدا وەرگرتووە.

**گرفتەکانی توێژینەوەکە:**

گرفتە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە پەیوەستن بە سروشت و ناوەرۆکی بابەتەکەوە، چونکە بەشێکی گەورەی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ پارتە سەربەخۆکانی چەپی کورد، هەموو ئەو پارتانەش پارتی نهێنی و نایاسایی و قەدەغە بوون و زۆرینەی کەسایەتییەکانیان گومناون و ناوی خوازراویان هەڵگرتووە، پارتەکان بۆ خۆشیان گرنگی و بایەخیان بە ئەرشیف و بەڵگەنامە و نووسراوەکانیان نەداوە، هەر بۆیە دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی دروستی دامەزراندن و کار و چالاکییان لە شارەکاندا کارێکی سەختە و مایەی سەر ئێشەیەکی فرەیە بۆ توێژەر. لەلایەکی ترەوە لە هیچ نووسراو و سەرچاوەیەکدا مێژووی ڕێکخستنەکان ئاماژەی وردی بۆ نەکراوە، هەربۆیە زانیارییەکان تەواویان پرژ و بڵاو و بزرن و گردکردنەوەیان توێژەر تووشی سەر ئێشە دەکات، هاوکات زۆرینەی نووسراوەکانی ئەو قۆناغە بە زمانی تورکی نووسراون، ئەوانیش بەپێی خواست و ڕامیاری دەوڵەتی تورك کە هەموو ئەوانەی بە تێرۆریست زانیوە کە کوردن و بە کوردی دەدوێن، هەر بۆیە گرفتی زمانی تورکی و وەرگێڕان و ساغکردنەوەی دروستی نووسینە تورکیەکە دیسانەوە تەگەرەیەکی تری هەنگاوەکانی سەرکەوتنی ئەم توێژینەوەیەن. گرفتێکی تر پەیوەستە بە دامەزرێنەر و کەسانی کارای ناو ڕێکخستنە سیاسییەکانەوە، کە هەندێکیان پێویستبوو چاوپێکەوتنیان لەتەکدا بکەین، وەلێ ئەوانە زۆربەیان لە ئەورووپا و خۆرئاوادان یا لە نێوخۆی تورکیان و ئامادەی لێدوان لەمەڕ رابردووی سیاسیی خۆیان نەبوون.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

پێکهاتەی ئەم توێژینەوەیە لە پێنج بەش پێکهاتووەو هەر بەشێکیش بۆ چەند باسێك تەرخانکراوە بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم لە دوو باسی سەرەکیدا تورکیای سەردەمی فرە حزبی و دەستپێکردنەوەی جوولانەوەی ڕووناکبیریی و ڕامیاریی کوردی لە خۆگرتووە. لە باسی یەکەمدا شوێنی کورد لە گۆڕانە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی تورکیای سەردەمی فرە پارتایەتیدا هەڵسەنگێنراوە تا کودەتای ١٩٦٠. لە باسی دووەمیشدا دەستپێکردنەوەی بزووتنەوەی ڕووناکبیریی و سیاسیی کورد بە ووردی وەك سەرەتا و بناغەی ڕێکخستن و پارتە سیاسییەکان خراوەتە ڕوو.

بەشی دووەم لە سێ باسی سەرەکیدا کورد لە سیاسەتی حکومەت و پارتە فەرمییەکانی تورکیادا لە ماوەی (١٩٦٠- ١٩٨٠) خراوەتە ڕوو. باسی یەکەم شوێنی کورد لە سیاسەتی حکومەت و کۆدەتا سەربازییەکاندا ئاماژەی پێکراوە، لە باسی دووەمیشدا بە شێوەیەکی گشتی کورد لە سیاسەت و ڕێکخستنی پارتە تورکیەکان و ڕۆڵیان لە هەڵبژاردن و سەرخستنی پارتەکان و سیاسەتی تورکیادا بە وردی خراوەتە ڕوو، هاوکات باسی سێهەم تەرخانکراوە بۆ ڕۆڵ و شوێنی کورد لە سیاسەت و ڕێکخستنی پارت و کۆمەڵە فەرمییەکانی چەپی تورکدا، لەم باسەدا سەرەتاکانی هزری چەپ لە نێو کورد دا و هاوکات خەباتی پێکەوەیی چەپی کورد و تورك خراوەتە ڕوو.

بەشی سێهەم تەرخانکراوە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا و دامەزراندن و ڕۆڵی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورددا، ئەم بەشە لە سێ باسی سەرەکیدا لە دامەزراندنەوە تا کودەتای ١٩٨٠ خراوەتە ڕوو. باسی یەکەم زەمینەی دامەزراندن و میتۆد و ڕۆڵی ئەم پارتە نەتەوەییە نهێنیەی کورد خراوەتە ڕوو، هاوکات لە باسی دووەمدا پەرتەوازەبوونی ڕیزەکانی ئەم پارتە بە وردی وەك دیارترین ڕووداوی نێو پارتەکە باسکراوە

که شوێنەواری نەرێنی بەسەر پرسی رێکخستنە سیاسییەکان و پێوەندی پارتە سیاسییەکانی کوردی پارچەکانی تریشەوە هەبوو، باسی سێهەمیش قۆناغێکی نوێیە لە مێژووی پارتەکەدا کە باس لە زیندووبوونەوەی پارتەکەیە لە بڕیاری لێخۆشبوونی ١٩٧٤دا و پاشان گۆرانکایی لە ناو و نێوەڕۆکی پارت و دروستبوون و رۆڵی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد(کوک) خراوەتە ڕوو.

بەشی چوارەم بریتییە لە ڕێکخستنە سیاسییەکانی چەپی کورد لە ماوەی (١٩٧٤ـ١٩٨٠)دا، ئەم بەشە لە سێ باسی سەرەکیدا جێگە کراوەتەوە، باسی یەکەم باسکردنە لە دامەرزاندن و رۆڵی کۆمەڵەی کولتووری شۆڕشگێڕی رۆژهەلاَت(د.د.ك.د) و پاشان پەرتەوازە بوونی باڵەکانی بۆ (د.د.ك.د)ی کوردستان و کاوە و ڕزگاری. باسی دووەمیش بە وردی باس لە دروستبوون و کاریگەریی پارتی سۆشیالیستی کوردستان(پ.س.ك) کراوە، ئەم پارتە وەك تاکە ڕێکخستنی ریفۆرمخواز و دوور لە توندڕەوی و چەك تایبەتمەندییەکانی باسێکی تایبەتییان دەخواست. هاوکات باسی سێهەم تەرخانکراوە بۆ زەمینەی درووستبوون و دامەرزاندن و قۆناغەکانی بە پارتبوونی پ.ك.ك و ڕووداوەکانی جەنگی ناوخۆ لە باکووری کوردستاندا.

بەشی پێنجەم لە دوو باسی سەرەکیدا باس لە کودەتای سەربازیی ١٩٨٠و چارەنووسی ڕێکخستنە سیاسییەکانی کورد کراوە، باسی یەکەم بەجیا باس لە ڕووداوەکانی کودەتا و شوێن و ڕەوشی کورد کراوە، باسی دووەمیش بە وردی و بەجیا چارەنووسی ڕێکخستنە سیاسییەکانی چەپی کورد و پێوەندییان لە تەك چەپی تورك و پارچەکانی کوردستانی پەرتکراودا وەك ئەنجامێکی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو.

**سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:**

نووسینەوەی ئەم توێژینەوەیە بە سوود وەرگرتن بووە لە چەندین سەرچاوەی جۆراو جۆر، کە لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی و بە پۆلێنکراوی دەیانخەینە ڕوو:

* بەپلەی یەکەم  چاوپێکەوتنەکان لە شێوەگیربوون و دامەرزاندن و رۆڵ و چالاکی پارت و ڕێکخستنە کوردییەکاندا زانیاریان لێ وەرگیراوە، بەتایبەت سوودم لە چاوپێکەوتنی هەموو ئەو کەسایەتی و سیاسییانەی کورد وەرگرتووە کە ڕاستەوخۆ دامەرزێنەر و هەڵسوڕاوی پارت و ڕێکخستنە سیاسییەکان بوون و لە خەباتی ئەو قۆناغەدا ئامادەییان هەبووە، لەوانە:

- (داود حەسەن کرۆن) دامەرزێنەری هەردوو د.د.ک.دی ئەستەمبوڵ و ڕێکخراوی کاوە.
- (مستەفا ئەکسەقاڵ) لە دامەرزێنەرانی (د.د.ک.د)ی ئەنکەرە و ڕێکخراوی کاوە و دەنگی کاوە.
- (خەدیجە یەشار) لە دامەرزێنەرانی (د.د.ک.ۆ) ی ئەنکەرە و سەرۆک و بەرپرسی ڕزگاری و پاشان ئاڵای ڕزگاری.
- ( شەفیق کایا) لێپرسراوی پەروەردەیی و رێکخستنەکانی پ.د.ک.ت.
- ( عەبدوڕەحمان چیایی) بەرپرسی سەربازی ڕێکخستنەکانی پ.د.ک.ت (کوک).
- (مەسعوود تەك) بەرپرسی باڵای ڕێکخستنەکانی پ.س.ك لە حەفتاکاندا و سکرتێری پارتەکە لە ئێستادا.
- (عوسمان ئۆجەلان) بەرپرسی باڵای پ.ك.ك و برای عەبدوڵا ئۆجەلانی دامەرزێنەر.
- (خەلیل ئاتاج) لە دامەرزێنەرانی بەرایی پارتی کرێکارانی کوردستان(پ.ك.ك).
- (داود باغستانی) دۆست و نێزیکی سەرکردایەتی پ.د.ک.ت و پ.ك.ك.

هاوکات بۆ زانینی هێڵە سەرەتاییەکانی دروستبوونی گرووپی (٤٩) کان وەك بناغەی ڕێکخستنەکانی کورد لەتەك (یەشار قایا) کەسایەتی بەنێوبانگی نێو گرووپەکە، چاوپێکەوتنمان ئەنجام داوە، هەروەها بۆ

پێوەندیی نێوان پارت و ڕێکخستنەکانی ڕۆژهەلآت و باشووری کوردستان چاوپێکەوتنمان لە تەك ئەو بەڕێزانە کردووە کە لەنێو پێوەندی و ڕووداوەکاندا بوون لەوانە: عەبدولآی حەسەن زادە، جەلیل گادانی، حوسێنی مەدەنی، نەوشیروان مستەفا ئەمین، محەمەدی حاجی مەحموود، عەدنان موفتی، سەید کاکە، عادل موراد، عەزیز محەمەد).

* یاداشت و بلأوکراوە تورکییەکانی هەندێك لەو کەسانەی کە ڕاستەوخۆ لە نێو ڕووداوەکان و پارتە سیاسییەکاندا بوون لەوانە: کتێبی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی د. شوان بە زمانی تورکی، هەروەها هەردوو یاداشتنامەکانی کەسایەتییە سیاسیی و ڕۆشنبیرییەکانی تورکیا ناجی کوتلای و موسا عەنتەر بە زمانی تورکی سوودی فرەی هەبوو لە دیاریکردنی سروشتی کۆمەڵ و گرووپە ڕووناکبیرییەکان و سروشتی جوولآنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە شەست و حەفتاکاندا. هەروەها لەمەڕ پرسی ڕێکخستنەکانی کورد لە دەرەوەی ولآت سوودم لە یاداشتەکانی نورەدین زازا بەناوی (حەیاتی کوردی) وەرگرتووە، هەروەها نووسینی کورد و کوردستانی عیسمەت شەریف وانلی و کەمال بۆرکای و کتێبەکانی عەبدولحەمید دەروێش و سەلآح بەدرەدین و مەسعوود بارزانی لە مەڕ پێوەندی و کاریگەریی کوردی پارچەکان سوودم لێ وەرگرتوون.

هەروەها لەمەڕ سەرەتاکانی ڕێکخستنە سیاسیەکانی کورد سوودی فرەم لە سەرچاوە ڕەسەنەکانی کۆمەڵەی خۆیی بوون و کتێبی کێشەی کوردی بلەچ شێرکۆ و کتێبی (عائلة جميل باشا الدياربكري)و کتێبی دۆزی کوردی زنار سلۆپی و کتێبی تورکیی ڕۆهات ئالآکۆم لە بارەی خۆیی بوون و یاداشتی (ژیانی من) ی ئەکرەم جەمیل پاشا وەرگرتووە. هاوکات لەمەڕ پەرەسەندنی ئایدیۆلۆژیای چەپ و تێزەکان پ.ك.ك. سوودم لە چاوپێکەوتنەکانی ئۆج ئالان لەتەك یالچین کوچوك و نبيل الملحم وەرگرتووە.

* دیدار و چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکانی گۆڤاری بیر بە ڕێنووسی لاتینی کوردی و تورکی سەبارەت بە دۆسییەکانی تایبەت بە د.د.ك.د کردوونی لە ناو دامەرزێنەرانی ڕێکخستنەکانی کورد دا لەوانە : ئیبراهیم گوجلو، شاکیر ئۆزدەمیر، فاروق ئاراس..هتد بە پلەی سەرەکی پشتم پێبەستوون لە رۆڵ و چالاکی و سروشتی پارت و گرووپە کوردییەکاندا. هاوکات کتێبی سەعید ڤیرۆج بە ڕێنووسی لاتینی لەبارەی کوشتنی سەعید ئاڵچی و د. شوان زۆرترین کەڵکی لێوەرگیراوە لەمەڕ پرسی تەنگژەکانی ناو پارتی، چونکە زۆر زانستییانە کەسانی پەیوەندیدار تێیاندا نووسیوە، سەبارەت بە مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیاش نووسینەکانی شاکیر ئۆزدەمیر وەك دامەزرێنەری پارتەکە لە کتێبی تورکیی دۆسیەی دادگاییکردنی ئەنتالیای ئەندامانی پ.د.ك.ت دروسترین زانیارین لەمەڕ ئەو پارتە.

* کتێبی مانیفێستی پ.ك.ك، بەنێوی ڕێگەی شۆڕشی کوردستان و کتێبەکانی ئۆجەلان گرنگترینیان کە لە کۆتایی حەفتاکاندا نووسی (القضية التحررية الوطنية الكردستانية) بۆ ناساندنی ستراتیژ و تێزەکانی پ.ك.ك سوودی فرەم لێوەرگرتوون.

* بۆ نیشاندانی مێژووی پارتە باڵادەستەکانی تورك و سروشتی کودەتا سەربازییەکان و مێژووی تورك بەپلەی یەکەم کەڵکم وەرگرتووە لە نووسینەکانی فەیرۆز ئەحمەد و مێژووی تورکیای نوێی حەمید بۆز ئەرسەلان بە زمانی تورکی، هەروەها کتێبی ئینگلیزی مێژووی تورکیای نوێی ئێریکچ زورچێر لە نووسینەوەی ڕەوشی کودەتاکان سوودم لێ وەرگرتووە، هاوکات لەبەر تایبەتمەندیی بێلایەن بوونیان کەڵکی فرەم لە نووسینی ڕۆژهەڵاتناس و غەوارەکان وەرگرتووە لەمەڕ ناساندنی ڕەوشی کورد لەو قۆناغەدا لەوانە کتێبەکانی حەسرەتییان بەتایبەت کتێبی (یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد لە سەردەمی نوێدا، القضايا القومية في

ترکیا)، لەو کتێبانەدا ڕوانینی یاسا و ڕێساکانی تورکیا لەبەرامبەر هەر پرسێکی کوردیی بە وردی سوودی لێ وەرگیراوە، هاوکات کتێبەکانی نووسەرانی بیانی لەوانە نووسەران: لازارێڤ، جەلیلی جەلیل، مارتین ڤان بروانسن، دێڤید ماکداوڵ، کەندالّ نەزان، گوێنتەر دێشنەر، کریس کۆچێرا بایەخی مەزنی توێژینەوەکە بوون لە مەڕ ڕەوشی کورد و شوێنیان لە ڕێکخستنی پارتە باڵادەستەکاندا.

هاوکات بۆ ناساندنی ڕەوشی فەرهەنگیی و مێژووی ڕۆژنامەنووسی و بڵاوکراوە نهێنییەکانی پارتەکان سوودم لە نووسینی کتێبی لاتینی مالیمیسانیژو مەحموود لەوەندی بە نێوی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی باکوور و تورکیا وەرگرتووە .

# بەشی یەکەم

# تورکیای سەردەمی فرە پارتایەتی و دەستپێکردنەوەی جووڵانەوەی سیاسی و رووناکبیریی کورد

## باسی یەکەم: تورکیای سەردەمی فرە پارتایەتی و شوێنی کورد لە گۆڕانکارییە نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا

### یەکەم: گۆڕانکارییە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی تورکیای سەردەمی فرە پارتایەتی (١٩٥٠ - ١٩٦٠)

دەرهاویشتەکانی جەنگی جیهانی دووەم ١٩٣٩–١٩٤٥ گۆڕانکاری بەرینی بەرەو کرانەوەی دیموکراسی و ئازادیی لەسەر ئاستی جیهان هێنایە گۆڕێ، لەم نێوەندەدا دەسەڵاتداریتی تورکیاش* ناچار بوو لەبەردەم ئەم ڕەوشە نوێیەدا گۆڕان لە ڕژێمی سیاسیی خۆیدا بکات[١]، هاوکات پارتی گەلی کۆماری (پ. گ.ک) جیاوازی بیروڕا لە نێو ڕیزەکانیدا پەرەی سەند و بەشێك لە بەرپرسە باڵاکانی جیابوونەوە[٢].

---

* سنوری جوگرافی تورکیا ١٩٢٣ جێگیر کراوە، ئەم وڵاتە ڕووبەڕەکەی ٧٨٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو دراوسێیە لەتەك گورجستان، ئەرمەنستان، ئازەربایجان، ئێراق، ئێران، سوریا، یۆنان، بولغاریا (کریس ابوك : ترکیه، ترجمه:مهسا خلیلی، کتابخانه ملی ایران، تهران،١٣٨٤ ، ل١١-١٢)

١ إبراهيم خليل احمد وآخرون: تركيا المعاصرة، مديرية دار ألكتب للطباعة والنشر، مركز دراسات ألتركية، جامعة ألموصل، الموصل، ١٩٨٨، ل٤٦ .

٢ يوسف إبراهيم الجهماني: أتاتوركية ألقرن العشرين، ط١، دارألحوران، دمشق، ٢٠٠٠، ل٣٦;
Feroz Ahmad: The Turkish Experiment in Democracy, 1950-1975, Westview Press, 1977, London,pp.23_28.

هـەروەها بـە لەبـەر چـاوگرتنی یاسـا نوێیـەکانی دەسـتووری وڵات، لـە ٧ی کـانوونی دووەمـی ١٩٤٦ دا بەرهەڵسـتکارەکان پارتێکیـان بـەنێوی پـارتی دیموکرات (پ.د) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی بەرفراواندا ڕاگەیاند[١].

پاشان لە ١٤ی ئایاری ١٩٥٠ دا بۆ یەکەمجار هەڵبـژاردنێکی ئـازاد بـەڕێوە چوو، لە ئاکامدا پ.د لە پێشهاتێکی چاوەڕوان نەکراودا توانی سەرکەوتن بـە دەسـت بهـێنیٚ و ٤٠٣ کورسـی لـە کـۆی ٤٨٢ کورسـی پـەرلـەمان بەدەسـت بهێنێت[٢]. بـەمجۆرە پ.د تـوانی حکومـەتێکی نـویٚ پێکبهێنێـت، کـە تێیـدا جەلال بایار[٣*] بوو بە سەرۆك کۆمـار و عـەدنان مەنـدەریس[**] بـوو بـە سـەرۆك وەزیران[٤].

بە سەرکەوتنی دیموکراتەکان تورکیـا لەسـەر ئاسـتی سیاسـەتی نێوخـۆو دەرەوەدا ڕووبەڕووی قۆناغێکی نویٚ بووەوە.

سەرەتا لە سیاسەتی نێوخۆدا کاریکرد بۆ:

١. تێگەیشتنێکی نویٚ بۆ عەلمانییەت و ئایین لە دەرەوەی کەمالیزم

---

١ . مصـطفى ألـزين: ذئـب ألأناضـول– مصـطفى أتـاتورك، ط١ ، ريـاض الـريس للكتـب و النشر، لندن ،١٩٩١، ل٢٩٥ .

٢ مصطفى ألزين: أتاتورك و خلفاءوه، ط١، دارألحكمة للنشر، بيروت، ١٩٨٢، ل٧١
Berch. Berberoglu, Turkey in Crisis,Frm state capitalism to –Neo Clonialism, Zed.Press, London, 1982.p71.

* جـەلال بایـار: ١٦مایسـی ١٨٨٣ لـە دەڤـەری بورصـە لـەدایك بـووە، لـە رابـەرانی شۆرشـی کەمالیزم بوو، ساڵی ١٩٣٩ دەبێتە بەرهەڵستکاری پارتی گەلی کۆماری (پ.گ.ك).( یوسـف ابراهيم الجهماني: أتا توركية القرن العشرين، ل٣٦).

** نوێنەری کوتاهیە بوو لە پەرلەمانو یەکێك بوو لە زەویدارە گەورەکانی تورکیـا.( مصـطفى ألزين، ذئب الاناضول، ل ٢٩٤).

٤ محسـن حمـزة حسـن العبيـدي: التطـورات السياسـة الداخليـة في تركيـا ١٩٤٦–١٩٦٠، رسـالة ماجستير غير منشورة، كلية ألآداب، جامعة الموصل، ١٩٨٩، ل٥٣ .

٢. سنووردانان بۆ دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووری وڵاتدا[١]

سەبارەت بە پێوەندییە دەرەکییەکانیش دیپلۆماسیەتی تورکیا لەپاش جەنگی جیهانی دووەم (١٩٣٩ـ١٩٤٥) سەرکەوتوو بوو لە نزیك بوونەوە لە ئەمەریکا و خۆرئاوا، ئەمەش لە ڕێگەی بیروباوەڕی ترومان* و پرۆژەی مارشاڵەوە** بوو[٢]. هەر کاردانەوەی ئەو پێوەندیانە بوو کە تورکیا لە سەرەتای ئازاری ١٩٤٥ دا ڕایگەیاند ئیدی پەیمانی دۆستایەتی (تورك - سۆڤیەت)*** نویێ ناکاتەوە و سیاسەتمەداران پێیوەندیان لەتەك سۆڤیەت تێکچوو، چونکە دەترسان نوێکردنەوەی ئەو پەیمانە توکیا بەرێتە بازنەی ئەو وڵاتانەی شوێنکەوتەی ڕامیاریی سۆڤیەتن.[٣]

هاوکات تورکیا لە ڕێگەی سیستەمێکی تازەی هاوپێمانییەوە توانی کۆمەکی خۆرئاوا بکات لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، یەکەم هەنگاویشی بریتی

---

١. ولید رضوان: ترکیا بین ألعلمانیة وألأسلام فی ألقرن ألعشرین ،ط١، شرکة ألمطبوعات للتوزیع والنشر، بیروت، ٢٠٠٦.،ل٦٩–٧٠.

* بیروباوەڕی ترومان: داهێنانی سەرۆك کۆماری ئەمریکا هاری ترومان بوو(١٩٤٥–١٩٥٣) ، کە بریتی بوو لە پرچەککردنو پێدانی قەرز بەو وڵاتانەی کە لەبەردەم هەڕەشەی سۆڤیەتدان بەتایبەتی هاریکاریکردنی تورکیاو یۆنان.( زاهیر موحەمەدیو یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، سلیمانی، ٢٠٠٦، ل٢٧٠–٢٧١).

** پرۆژەی مارشاڵ: ناوی پلانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جۆرج مارشاڵ بوو کە ساڵی ١٩٤٥ دایڕشت بۆ سەقامگیرکردنی ئابووری ئەوروپا.(زاهیرموحەمەدیو یاسین حاجی زادە:س، پ، ل٤٩٤).

٢ . أحمد نوري النعیمي: ترکیا وحلف ألشمال الأطلسي،ط١، ألمطبعة ألوطنیة، عمان،١٩٨١، ل٩٦ .

*** پەیمانەکە لە نێوان تورکیاو سۆڤیەتدا ١٩٢٥ واژۆکرا.(صلاح هوری: پێداچوونەك ل سەر هندەك بەلگەنامێن تایبەت ب کوردان ڤە، چاپخانەی هاوار، دهۆك، ٢٠٠٦، ل٤٧ ).

3. Selim Deningil : Turkish Foreign Policy during The Second World War, University Press,Cambridge,1989,P.179.

بوو له به‌شداربوون لـه (هاوپـه‌یمانێتی بـاکووری ئه‌تڵه‌سـی)دا[*][1] هه‌ربۆیـه لـه‌م پێنـاوه‌دا ١٩٥٠ له‌سـه‌ر بانگهێشـتی نه‌تـه‌وه یـه‌کگرتووه‌کان بـه‌٥٠٠٠ سـه‌رباز به‌شـداری لـه شــه‌ڕی کۆریـادا کـرد[**] . چـاودێران پێیـان وایـه به‌شـداربوونی تورکیـا لـه جـه‌نگی کۆریـادا زه‌مینـه‌ی خۆشـکرد تـا لـه ١٩٥٢/١٢/١٨دا بـه فه‌رمی ببێته ئه‌ندامێکی کارا و هه‌میشه‌یی له په‌یمانی ناتۆ دا[٢].

هاوکـات تورکیـا لـه تـه‌ك ولاَتـانی هه‌رێمیـدا بـه تایبـه‌تی عێـراق و ئێـران پێوه‌ندی ستراتیژیی دامه‌زراند[٣] . وه‌لێ زێده‌تر ئێران هاوپه‌یمانی تورکیـا بـوو، چونکه هه‌ردوولا له پشتیووانیکردنی ڕامیـاریی ئـه‌مریکادا یه‌کیانده‌گرتـه‌وه[٤] . پێوه‌ندییه هه‌رێمییه‌کانی تورکیا بۆ سوریا به ئاقـارێکی جیـاوازدا ده‌گـوزه‌را، چـونکه سـوریا لـه لایه‌کـه‌وه گرفتـی ویلایـه‌تی ئه‌سـکه‌نده‌ڕۆنه‌ی[***] لـه تـه‌ك

---

* په‌یماننامه‌ی باکووری ئه‌تڵه‌سی له ٤ ی نیسانی ١٩٤٩دا له‌نێوان چه‌ندین ولاَتـی ئـه‌ورووپی لـه واشنتۆن مۆرکرا، دواتر ١٩٥٢ هه‌ریه‌ك له تورکیاو یۆنـان بـوون بـه ئه‌نـدامی په‌یمانه‌کـه، دوای ئه‌وانیش ئه‌ڵمانیای فیدڕاڵ چووه ڕیزی ئه‌م په‌یمانه‌وه . (ابراهیم خلیل احمد واخرون : س،پ، ل٢٠٨)

١. نافع طـارق الحمـداني: ألعلاقـات ألأيرانيـة ـ ألتركيـة وأنعكاسـاتها علـى ألأمـن ألـوطنى منـذ عشرينات ألقرن العشرين و حتـى ألوقـت ألحاضـر، أوراق تركيـة معاصـرة، مركـز ألدراسـات ألأقليمية، العدد١٩، ألموصل، ٢٠٠٣.، ل ٢٨ .

** هێزه‌کانی کۆریـای بـاکوور سـنوری کۆریـای باشـووریان به‌زانـد بـوو، لـه ئاکامـدا ویلایه‌تـه یه‌کگرتووه‌کان بڕیـارێکی ده‌رکـرد بـه ئه‌نجومـه‌نی ئاسـایش بـۆ ڕه‌وانـه کردنـی هێـزی نێـو ده‌وڵه‌تی بۆ کۆریای باشوور . (إبراهيم خليل أحمد واخرون : س،پ، ل ١٩٣)

2. Kristiina Koivunen: The Invisible War in North Kurdistan, Helsinki, uristina, 2002, P.100.

٣ نصيب جاسم ألمطلبى:موقع تركيا ألجيو إسـتراتيجي و أهميتـه للعـراق، رسـالة دكتـورا غـير منشورة، قسم ألجغرافية، كلية ألاداب، جامعة بغداد، بغداد، ١٩٨٦، ل٢٦٣.

٤ عـونى عبـدألرحمان السـبعاوي : ألعلاقـات ألعراقيـة ألتركيـة(١٩٣٢ـ ١٩٥١)، مركـز دراسـات ألتركية، بغداد، ب.س. ل ١٦٥ .

*** ویلایـه‌تی ئه‌سـکه‌نده‌ڕۆنه سـاڵی ١٩٣٩ به‌فـه‌رمیی له‌لایـه‌ن فه‌رنسـاوه له‌سـوریا دابـڕا و لکێنرا به تورکیاوه.

توركيا هەبوو، لە لایەکی تریشەوە سوریا لە ململانێکانیدا لـە بـەرەی بلـۆکی ڕۆژهەڵات بوو. تەنانەت  شانبەشانی سوریا تەواوی وڵاتـانی عـەرەبیش جگـە لە عێراق دژی ڕامیاریی خۆرئاوا گەرایانەی توركیا بوون[1].

بەڵام لەو گێژاوە سیاسییەی کە جەنگی سارد لە نێوچەکەدا کەشێکی لەباری بۆ ڕەخساندبوو، (پـاکتی بەغـدا)* سـاڵی ١٩٥٥ گـووڕزێکی کوشـندە بـوو لـە نەیارانی توركیا لـە نێوچـەکەدا، لـە دەنگـۆی ڕاگەیانـدنی توركیـادا ئامـانجی ڕووکەشی پەیمانەکە ڕێگە گرتنبوو لـە خزانـی کۆمـۆنیزم بـەرەو ڕۆژهـەڵات[2].

وەلێ شۆڕشـــی ١٤ی تـــەمموزی ١٩٥٨ لەتـــەك ئـــەوەی کـــە نەخشـــە ستراتیژییەکانی توركیای هەڵوەشاندەوە، هاوکات پێگەی ستراتیژی توركیای زیاتر بۆ خۆرئاوا سەلماند[3].

تەنگژەکانی نێوخۆی توركیا لە کۆتایی پەنجاکاندا ئەمەریکا و خۆرئـاوای دڵ کرمێ و نیگەران دەکرد لە متمانەبوونیان بە حکومەتی پ.د[4]، هەر بۆیە سوپا مژووڵی ئەوەبوو لە ڕێی (ناتۆ)وە سەربەخۆیی خۆی لە حکومەتی لاوازی پ.د بپارێزێـت. لـە بەرامبـەردا ئەمـەریکاش دەیزانـی داهـاتوو تـەنها بـۆ سـوپای توركیایە، چونکە بەرژەوەندی سوپا و ئەمەریکا لە دوو خاڵدا بوو :

---

١ یوسف إبراهیم ألجهمانی و سالار أوسی : ترکیا و سوریا، ط١، حوران للطبع والنشر، دمشق، ١٩٩٩،ل ٣٩، ٤٢ .

* لـە ٢٤ی شـوباتی ١٩٥٥ دا ئێـراق و توركیـا ئـەم پەیمانـەیان مـۆر کـردو لـە٥ ی نیسـان دا بەریتانیاو لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا ئێران چووە ڕیزی پەیمانەکەوە .( أحمـد نوري النعیمي: ترکیا وحلف ألشمال ألأطلسي،ط١، ألمطبعة ألوطنیة، عمان،1981 ، ل٩٦ ).

٢. فیروز أحمد واخرون: ترکیا بیت ألصفوة ألبیروقراطیة وألحکم ألعسکری، ت: سامی ألـرزاز و عدنان بدر، ط١، بیروت، ١٩٨٥، ل ١٤٣.

٣. حسن ألعلوي: ألتـأثیرات ألترکیـة في ألمشـروع القـومي ألعربـي في ألعـراق، ط١، دار ألـزوراء، لندن، ١٩٨٨، ل١٣٦ .

4. Erik J. Zürcher: Turkey: A Modern History, Third Edition, 1.B. Tavris, Amstrdam,1992,P.238.

١. مانەوەی کیانی سیاسیی تورکیا لەسەر ڕێبازی سیکۆلاریزم[١] .

٢. مانەوەی یەك پارچەیی تورکیا لە دژی چەپ و جوداخوازەکان[٢].

هاوکات مەندەریسی ڕێبەری پ.د لە نەزمیی سیاسەتکردندا بە تەواوی وێنای دیکتاتۆرێکی نومایان دەکرد، بۆ نموونە لەکاردانەوەی پڕۆژە بڕیارێکی پەرلەمان هەموو نووسراو و کتێب و دام و دەزگاکانی پ.گ.ك دەستی زەوت و قەدەغەکران[٣]. بەمجۆرە حکومەتی مەندەریس لە بەدیهێنانی دیموکراسیدا بە شێوەیەکی کرداریی دۆڕاندی، کەواتە دەکرێت بڵێین لە یەکەم ئەزموونی دیموکراسیدا پ.د.ت و پ.گ.ك نەیاندەزانی چۆن بەشێوەیەکی شارستانیانە و بە هەستکردن بە لێپرسراویی ململانێ بکەن و گوتارەکانی ئازادیخوازیی ئەو سەردەمەی دونیایش لە وڵاتدا هیچ ڕەنگ و بۆیەکی نەبوو[٤]. بەم نەزمە بگرەو بەردەکە بەردەوامبوو تا یەکەم کودەتای سەربازی لە کۆماری تورکیادا قەوما.

**دووەم : شوێنی کورد لە گۆڕانکارییە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی تورکیادا (١٩٤٦ - ١٩٦٠).**

دەسەڵاتی پ.گ.ك لە ماوەی ٢٧ ساڵداو لە سایەی ڕژێمێکی تاك حزبیدا، بریتی بوو لە سیاسەتی نکۆڵیکردن لە هەبوون و قڕکردنی کورد وەك نەتەوەیەك*. تورکیا بەشداری جەنگی جیهانی دووەمی(١٩٣٩ـ١٩٤٥) نەکرد،

---

1. Erik J. Zürcher:Ibid,p. 23.

٢ دڵشاد مەجید : تورکیا لە دوڕیانی دەسەڵاتی ژەنەڕاڵەکان و دەسەڵاتی سیاسیدا، چاپخانەی ڕەنگاڵە، هەولێر، ١٩٩٥، ل٢٣ .

٣ مصطفی ألزین : ذئب ألأناضول، ل٣٢٥ .

٤ استانفورد جی شاو و ازل کورال شاو: تاریخ امبراتوری عپمانی و ترکیه جدید(١٨٠٨ ـ ١٩٧٥)، ت:محمود رمچان زاده، معاونت فرهنگ استان قدس، تهران، ١٣٧٠، جلد دوم ، ل٦٨٠ .

* تورکیا ٦٦ کەمایەتی و نەتەوەی جیاوازی تێدایە، کە نەتەوەی تورك و کورد زۆرینەی نەتەوەیی پێدەهێنن.( یوسف أبراهیم ألجهماني: ألعلویون فی ترکیا، ط١، دارحوران، دمشق،١٩٩٩،ل٨١ـ٨٢).

بەڵام لەماوەکانی جەنگدا لە کۆی نیو ملیۆن سوپای وڵاتەکەیدا کە چوار لەشکر بوو، دوو لەشکری لە باکووری کوردستان بوو* ، ئەگەر هێزی پۆلیس و کۆماندکانیشی بخەینە تەك ئەوا ٢/٣ی هێزی چەکداریی تورك لە باکووری کوردستاندا** بوو. لەبەرئەوە کوردستان ببووە داگیرگەیەکی سەربازی تورك و بە درێژایی ٥٠٠ کیلۆمەتری سنوری هاوبەشی سۆڤیەت و تورکیا سوپای تورك جێگیرکرابوو[١].

چاودێران پێیان وایە تورکیا بۆیە بەشداری جەنگی نەکرد، چونکە تەدارەکی ئەوەی کردبوو هەر پشتیووانی کردنێکی لە ئەڵمانیای هیتلەری و هەر بەشداریەکی سوپاکەی لە جەنگدا، کوردی دەهێنایە بیرو هۆشی سەندنی مافەکانی. لەم بارەیەوە باڵوێزی ئەڵمانیا لە تورکیا (فون پابن) ڕایگەیاندبوو:" تورکیا بەرایی نەدەدا خۆی بە شەڕی جیهانییەوە خەریك بێ و کورد کەڵك لەو دەرفەتە وەربگرێ و سەربەخۆیی بە دەست بهێنێ"، لە لایەکی تریشەوە هاوپەیمانان بەرژەوەندییان لەتەك نەزمی بندەست کردنی کورد دا بوو لە تورکیا ، هەر بۆیە لە ساڵانی جەنگی جیهانی دووەمدا تورکیا مکوڕبوو تا دەڤەرە کوردییەکان بە نێوچەی نا ئاسایی و قەدەغە کراوی بهێڵێتەوە[٢].

---

* کوردستانی باکوور گەورەترین بەشی کوردستانی گەورەیە، کە ٣٠٪ رووبەری گشتی تورکیایەو ٢٣٤هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، لەکۆی ٦٧ ویلایەتی تورکیا هەژدە ویلایەتی کورد نشینن، کە سنوری باشووریی هێڵە سنورییەکانی نێوان تورکیا و سوریا و ئێرانە، بەندەری ئەسکەندەرۆنە و چیاکانی تۆرۆس خۆرئاواو سۆڤیەت و ئەرمینیا رۆژهەڵاتیەتی کیشوەرەکە لەخۆدەگرێت.( کەندال نەزان و ئەوانیتر: گەلێکی پەژموردەو نیشتیمانی پەرت (کوردو کوردستان)، و: گۆمەیی، چ١، سوید، ١٩٩٨،ل١٥٠).

** سەبارەت بەشوێنی جوگرافی ١٩ ویلایەتە کوردنشینەکەی باکووری کوردستان بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١).

١ . گوێنتەر دێشنەر: کورد گەلی لە خشتە براوی غەدر لێکراو، و:حەمەکەریم عارف، چ١، دەزگەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٤، ل١١٧ .

٢ . عەزیز شەمزینی: جووڵانەوەی ڕزگاریی نیشتیمانی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، چ٣، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٢١٩ .

پێمانوایە مەبەستی تورکیا لە نزیکبوونەوە لـە خۆرئـاوا تـەنها مەترسـی بوو لە کـورد و مەبەسـتی خۆرئـاواش بـۆ دۆسـتایەتی تورکیـا بریتـی بـوو لـە مەترسـی نیـاز و سیاسـەتی کۆمۆنیسـتیی سـۆڤیەت. هـەمان کـات عێـراق و تورکیا ترسیان لەو ڕاپۆرتە دیپلۆماسییانە هەبوو کە خۆرئـاوا سـەبارەت بـە مقۆمقۆی سەرانی کۆماری کوردستان بـۆ ئـازادی و سـەربەخۆیی کوردسـتان هۆشدارییان دەدا، چـونکە لـە مارسـی ١٩٤٦دا بەشـی توێژینـەوەی سـەر بـە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ڕایگەیانـد کـە ڕووسـیا دەیهـەوێ سـەربەخۆیی کوردستان و دەوڵەتی کوردی بکاتە هۆکارێك تا سنووری خـۆی بـۆ بەنـدەری ئەسکەندەرۆنە لە سنووری تورکیا و سوریا فراوان بکات[1]. هەربۆیـە لـە ٢٩ی ئـازاری ١٩٤٦ دا دووای دوو مـانگ لـە دامەزرانـدنی کۆمـاری کوردسـتان، لـە ئەنقـەرە ئێـراق و تورکیـا واژۆی ڕێکـەوتنێکیان کـرد، کـە تـا ئـەوکات بـە چڕوپڕترین ڕێکەوتننامـە لـە مێـژووی پەیوەنـدی تورکیـا و ئێـراق دەناسـرا، ڕێکەوتنەکە بەندەکانی تەرخان کرابـوون بـۆ چارەسـەری کێشـەی ئاسایشـی نێوخۆیـان و گۆڕینـەوەی تاوانبـارانی یـەکتری و پـەنا نـەدانیان.[2] لەراسـتیدا تورکـەکان بانگەشـەی دەسـتی دەرەکییـان دەکـرد بـە پاسـاوێك بـۆ زیـاتر بندەستکردنی کورد، ئەگەر نا لە مـاوەی جـەنگی دووەمـدا سـۆڤیەت هـەوڵی نەدەدا پەیوەندیی لەتەك کوردی باکوور دروستبکات.

سۆڤیەت پێی وابوو کورد دار دەست و مەقاشی دەسـتی ئینگلیزەکـانن[3]، لەو نێوەندەدا تورکیاش تەنها کوردی بە هەڕەشـە و گوڕەشـە دەزانـی، نـەك هزری کۆمۆنیزم و سۆڤیەت، چونکە دەسەڵاتدارانی تورکیا پـێش ڕاگەیانـدنی کۆمار و لە بەهاری ١٩٤٥دا بە بیانوی جموجووڵی کوردایـەتی لـە دیاربـەکر و

---

١ عثمان علي : دراسات في ألحركة ألكردية ألمعاصرة ١٨٣٣ ـ ١٩٤٦– دراسة تاريخيـة وثائقيـة، مكتب ألتفسيرللطباعة وألنشر، اربيل، ٢٠٠٣، ل٧٢٧ ـ ٧٢٨.

٢ عبدألرزاق ألحسيني : تاريخ الوزارات ألعراقية، ط٧، بغداد، ١٩٩٨، ج١،ل٥٥، ٨٧.

٣ فاضل رسول : كردستان والسياسة ألسوفيتية في ألشرق ألاوسط،ت.غسـان نعمـان، حمـدى للطباعة وألنشر، سليمانية، ٢٠٠٨، ل٢٢١ .

گەڤەر دا ١٢٠ کەسایەتی و سەرۆك هۆزی کوردیان کرد بە داردا[١]. هەر لەم بارەیەوە پەیامنێری ڕۆژنامەی (مانچێستەر گاردیانی) ئینگلیزیی لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٤٦/١٢/٢٦ دا بڵاویکردەوە کە حکومەت لە سەرەتای ١٩٤٦دا کەوتۆتە ڕاگواستن و هەڵکەندنی کورد لە زێدی خۆیان[٢].

بەمجۆرە شکست پێهێنانی کۆماری کوردستان کۆتایی بە نێونەتەوەیی کردنی کێشەی کورد هێنا لە ماوەی دەرکەوتنی (جەنگی سارد) دا، ئیتر پرسی کورد لە ئەجێندای کارنامەی نێودەوڵەتیدا تا ماوەی ٤٥ ساڵ دەرنەکەوتەوە[٣].

بارودۆخی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کورد لەو قۆناغەدا لە دژوارترین ئاستدا بوو. لەم بارەوە ڕۆژنامەی (سۆن پۆستە) لە ١١ی نیسانی ١٩٤٦دا نووسیبووی:" لە کوردستان نە سەنعەت هەیە و نە کشتوکاڵ و نە بازرگانی، خەڵك پێیان وایە دەوڵەت بریتییە لە باجگر و پۆلیس[٤]"، هەروەها دەنووسێت"ئەگەر دراوسێکانمان نایانهەوێ بڕوخێن، ئەوا پێویستە هەمیشە وریای کورد بن[٥]".

ئەم ڕەوشە بەهاتنە پێشەوەی ڕژێمی فرە پارتایەتیش کۆتایی نەهات، بەڵکو ڕژێمی فرە پارتایەتی لە چەند ڕوویەکەوە بەشێوەیەکی نیگەتیڤ

---

١ دیڤید ماکداوڵ: مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو،چ١، چاپخانەی ڕوون، سلیمانی، ٢٠٠٣، ل٨١١ ـ ٨١٢ .

٢ فاتیح ڕەسووڵ: بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ، ٢٠٠٥، ل٨٢ .

3. Omer Tspinar: Turkish Nationalism and Political Islam in Turkey, Routledge, Newyork and, London, 2005, P.167 .

٤ جۆناتان ـ سی ڕاندل : کوردستان یان کلۆڵی نەتەوەیەك، و: خەسرەو شالی، چ١، چاپخانەی بەرهەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ٢٠٠٣، ل٣٩٦

٥ محەمەد ڕەسووڵ هاوار: کورد و باکوری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەری دووەمی جیهانی،چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٧،ب٣، ل ٣٧٢ .

کاریگەری خراپی بۆ پرسی نەتەوایەتی کورد هاوردە پێش، چونکە پارتە سیاسییەکانی تورك کەوتنە ململانێ بۆ دانوستانکردن لەتەك کەسایەتییە بەهێزەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردیی، لە بەرئەوە تەنها لە ڕێی ئەوانەوە دەیانتوانی پاڵە و جوتیاران ڕاپێچی سندووقەکانی دەنگدان بکەن[1]، بەمەش پ.د هەمان گەمەی سەردەمی ئەتاتورکیان لە ڕامکردنی کورد بۆ درێژەدان بە ڕەوتی رامیاریی توانەوەی نەتەوەییان دووبارەکردەوە[2]. ئیتر سەردەمی پ.د بۆ کورد بووە سەردەمی بووژانەوەی دەرەبەگێتی، لە بەرئەوە ئەو نزیکایەتییەی لەگەڵ حکومەت درووستبوو، نزیکایەتی کورد نەبوو، بەڵکو نزیکایەتی چینی زەنگین و دەرەبەگی کورد بوو لەتەك یەکتریدا[3]. ئەمەش زێدەتر کەڵکەڵەی ڕامیاریی ئەمەریکا و خۆرئاوای لەسەردا بوو، چونکە بزاڤە ئیسلامیی و خێڵەکییەیان لە ژێر نێوی پشتێنەی سەوز لە مەتەرێزی دژ بە کۆمۆنیزمدا هەڵدەسووڕانو هەمیشە سوننیگەری نەقشبەندیش لایەنی کۆنە پارێزی دەوڵەتی قەبوڵ بوو[4]. دیارە ئەو کاتیش پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئابووری کورد لە ژێر هەیمەنەی ڕۆحی ئەو ڕێبازە ئایینیانە بوون کە لە کوردستاندا ئامادەییان هەبوو*. لە لایەکی ترەوە کورد سەرکوتی ڕۆحی و کولتووری و زەبر و زەنگی سەر ڕاپەرینەکانی خستبووە ئەستۆی پ.گ.ك و

---

١ أللوموند : ترکیا ائتلافی أحزاب أليسار، ت.د. ناظم عبدألواحد جاسور، ألشؤون ألترکية، عدد٦، بغداد، ١٩٨٦، ل ٥٦ .

٢ حامد محمود عیسی: ألقضية ألکردية في ترکيا، ط١، مکتبة مدبولي، قاهرة، ٢٠٠١، ل ٢٤٨ .

٣ ديريك كينان، كردهاو كردستان، ت. إبراهيم يونسى، إنتشارات نگاه، تهران، ١٣٧٦، ل ٦٤ - ٦٥ .

٤ عەبدوڵا ئۆج ئالان : بەرگریکردن لە گەلێك، و: لوقمان عەبدوڵا، چ١، چاپخانەی ڕەنج، لە بلاْوکراوەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی(پ.چ.د.ك)سلێمانی، ب.ش، ب.س ، ل ٣٤٩ .

* لە باکووری کوردستاندا ئەم ڕێبازە ئاینیانە ئامادەییان هەبوو: نەورەسی، نەقشبەندی، تیجانی، سلێمانی . (وليد رضوان : موقف تيار ألاسلأمي والتيار العلمانى فى تركيا من ألقضية ألكردية، ط١، دارالنهج، حلب، ٢٠٠٨،ل ٤١٦٠ ).

پشتگیری خۆیان بۆ بەرەی بەرهەڵستکار وەك تۆڵەیەك بۆ سەر کەمالیزم دووپاتدەکردەوە.[1]

لەئاکامی ئەم گەمەیەدا پ.د توانی سەرنجی زۆرینەی سەرۆك هۆز و شێخەکان رابکێشێت، بۆ نموونە دەیتوانی بە کۆنترۆڵ کردنی ٢٠ خاوەن زەوی و ئاغا تەواوی دەنگەکانی شاری دیاربەکر و دەوروبەری مسۆگەر بکات[2]. لە لایەکیترەوە خواستی سەرمایەداری تورك پێویستی بە کەرەستەی خاو هەبوو، بۆیە ڕووی کردە کوردستان[3]، ئەگەر نا گرفتی نەتەوەیی کورد هەر بەردەوامبوو، بە نەزمێك تا وەکو ١٩٤٨ تەنانەت چاودێری گشتی سەر ویلایەتەکان درێژەی هەبوو[4]. لە ئاستی هەرێمیشدا پەیمانی (عێراق–تورکیا) دژی جووڵانەوەی نەتەوەخوازیی کورد لە گۆڕێدا بوو. لەمبارەیەوە پارتی کۆمۆنیستی ئێراقی لە نووسراوێکدا ناڕەزایی دژی پەیمانەکە لە ٣٠ ئازاری ١٩٤٧ و ٢٤ کانوونی دووەمی ١٩٤٨ دەربڕی بوو. لە ناڕەزاییەکەدا پارتی کۆمۆنیست پێی وایە بەندەکانی ٢و ٦ لە پەیماننامەکەدا بە ئاشکرا هاوکاری ئێران و ئێراق و تورکیا دەردەخات بۆ زێدەتر بندەستکردنی کوردو خنکاندنی دۆزەکەیان لە باکووری کوردستان[5]. هەروەها لە یاداشتنامەی کۆمەڵێ نووسەر و ڕۆشنبیری نەتەوەیی کورد لە هەندەراندا، کە هەر سەبارەت بەو ڕێکەوتنە درابوویە نەتەوە یەکگرتووەکان هاتبوو:" ئامانجی

---

١ فەیروز ئەحمەدو ئەوانی تر : تورکیا نەبەرد لەپێناوی مانەوەدا، و: خەلیل بەکر مەحمودو ئەوانی تر، چ١، سلیمانی، ٢٠٠٦،ل ٢٢٧ .

2. David Mcdowall : Kürtler,M.Avesta,Istambul,1996, S.157.

٣ هەڤاڵ جومعە : مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی قوتابخانەی ناوەندی پارتی کرێکارانی کوردستان، ب.ش، ب.س ، ل ٣٧ .

٤ م. ئە.حەسرەتیان : یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد لە سەردەمی نوێدا، و: د. دلێر احمد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چ١، سلیمانی، ٢٠٠٨، ل ٥٣ .

٥سەروەر عەبدولڕەحمان: پارتی کۆمۆنیسی عێراق و مەسەلەی کورد (١٩٣٢ ـ ١٩٥٧)، نامەی دکتۆرای بڵاونەکراوە،بەشی مێژوو، زانکۆی سلێمانی، سلیمانی، ٢٠٠٨ ، ل١٣٥ .

سـەرەكی و بنـەمای ئـەم ڕێكەوتننامەیـە بـۆ لـە نـاوبردنی میللـەتی كـورد هاتووەتە كایەوە"[1].

لە كاردانەوەی ئەو ڕەوشەشدا كورد بـە تـەواوی یـاخی بـوونی خـۆی دژی دەسەڵاتی پ.گ.ك ڕاگەیاند بوو. لەمبارەیەوە مێژوونووس (ئە. تۆخۆسـیلۆڤ) دەڵێ:" ١٩٤٩ بە بێ ئەوەی لـە تـەنها ڕۆژنامەیەكدا بـاس بكرێ، لـە شـەش مـانگی ئـەو سـاڵەدا، ٢٢ ویلایـەتی توركیـا ٣٢٣ پێكـدادانی چـەكدارانەی بـە خۆیەوە بینیوە لە نێـوان جوتیـاران لـە لایـەك و ژاندرمـە و هێزەكـانی تـورك لەلایەكی ترەوە"[2].

دەتـوانین بڵـێین ئـەوە نـەیارێتی كـورد بـوو بـۆ ئـەزموونی پ.گ.ك، كـە سەرەتاكانی دییموكراسیەت و ململانێی پارتایەتی لە توركیادا كـردە ئـەمری واقیع و دواجاریش ئەم هۆكارانە بۆ هـەوەڵجار بوونـە فاكتـەری سـەركەوتنی دیموكراتەكان:

١. پشتگیری كورد بۆ پ.د لە مەڕ بەرنامە و پرۆگرامەكـەی نـەبوو، بـەڵكو تۆڵەیەك بوو لەو ستەمەی كە چەندین سـاڵ بـوو پ.گ.ك بەرانبـەر نەتـەوەی كورد ئەنجامی دەدا .

٢. پارتێكی تر لە گۆڕێدا نەبوو[3]، بـۆ ماوەیـەكی ئێجگـار كـەم پارتێـك بـە نێوی (پارتی كرێكار و جوتیارانی تورك) لە كوردستاندا جموجووڵی سیاسیی دەكرد، ئەویش پاش پەرەسەندنی لە كانوونی دووەمی ١٩٤٦ دا قەدەغەكرا.

٣. پ.د ڕێڕەوێكـی ئیسـلامیانەی لـە نێوچـە كوردییەكانـدا هـەبوو، تـا بەهۆیەوە خۆی لە بنـەما نەتەوەییـەكان بدزێتـەوە، بۆنموونـە بانگەشـەكانی

---

1. Dr. Şivan : kürt Millet Hareketleri Ve lrakta Kürdistan Ihtilali ,APEC, Stockholm, 1997,S.90.

٢ عەزیز شەمزینی : س،پ، ل ٢٤٣ ـ ٢٤٤ .

٣ كەندال نەزان‌و ئەوانیتر : س،پ، ل ١٥٠ .

هەڵبژاردنیان بریتی بوو لە: (ئەی کوردینە ئێمەش موسوڵمانین وەك ئێوە)، (ئەگەر لە هەڵبژاردن سەرکەوین لە هەر دێیەك مزگەوتێك دەکەینەوە[1]).

یان (نەورەسییەکان)* لە ئاکامی گیرۆدە بوون و فشاری سەریان و گرتن و ئازاردانی (سەعیدی کوردی) ڕێبەریان لە سەردەمی پ.گ.ك دا دەنگیان خستە پاڵ دەنگی پ.د، لە بەرامبەردا ئەوانیش ئازادی بانگەوازەکەیان بۆ فەراهەمکردن[2]. نورچولوکەکان بەهێزترین ڕەوتی سۆفیگەری بوون، کە لە ژیانی سیاسی تورکیادا کاریگەرییان هەبوو[3]. نەقشبەندیەکانیش** کاریگەریی فرەیان لە ژیانی ڕامیارییدا هەبوو، ئەوانیش لە دەوروبەری (بەدلیس)ی کوردنشیندا پشتیووانی مەزنی پ.د بوون، هەروەها قادریەکانیش*** پشتیووانیان لە پ.د دەکرد[4]. ئەو پێڕەوانەیش سەر بە ڕێبازی سلێمانی****

١ مصطفى ألزين : أتاترك وخلفاءوه، ل ٢٧٣ .

* نورچولوکییەکان: شوێنکەوتەی ڕێبازێکی ئاینی بوون و دامەزرێنەرەکەیان سەعیدی کوردی بوو،کە ١٨٧٣ لەدایكو بابێکی کورد لەبەدلیس لەدایك بوو، لەسەردەمی مەندەریسدا ڕێگە بەبانگەشە ئایینیەکانی درا ئەم زانا ئاینییەی کورد درا، کە بەنێوی پەیامی نور بڵاوی دەکردنەوەو زیاد لە ٥٠,٠٠٠ خوێنکاری هەبوو، لە ساڵی١٩٦٠ کۆچی دوایی کرد.( اسماعیل بیشکجی:النظام فی الاناضول الشرقية، الاسس ألاجتماعية - ألأقتصادية والبنى ألقومية،ط١، ت. شکرمصطفى، دار اراس، أربيل، ٢٠٠١، چ٢، ل٥٤–٥٥).

٢ أحمد نوری النعیمی : الحرکات الاسلامية الحديثة في ترکيا، حاضرها ومستقبلها، دار البشير، عمان،(ب.ع)، ل ١٠٢ .

٣ کريم محمد حمزة و دهام محمود علی الجبوری : القوی الفاعلة فی المجتمع الترکي، بيت الحکمة، بغداد، ٢٠٠٢، ل ٦٤ .

** وەك ڕێبازێك مەولانا خالیدی نەقشبەندی هێنایە نێو کوردەوەو ١٨١١ - ١٨٢٠ لە باکووری کوردستان بڵاوبووەوە.(ولید رضوان: تیار الاسلامي،ل ١٥٧) .

*** قادریەکان لە پێش نەقشبەندییەکانەوە وەك ڕەوتێکی مەزهەبیی دامەزراوە، ڕێبەرەکەیان شێخ عەبدولقادری گەیلانییە (١٠٧٧ - ١١٦٦). (ولید رضوان: تیار ألأسلامي، ل ١٥٨)

٤ دێڤید ماکراوڵ : س، پ، ب٢، ل ٨١٣ .

****دامەزرێنەرەکەی سلێمانی حلمی تونهانی بولغاری بووە (١٨٨٨ - ١٩٥٩)، بانگەوازەکەی لە باکووری کوردستان بڵاوکردووەتەوە.( ولید رضوان: تیار ألأسلامی،ل ١٥٨- ١٥٩) .

بوون لە بەر دژایەتیان بۆ ئەتاتورك و ڕیفۆرمەكانی، كاریگەرییان هەبوو لە سەر دوور خستنەوەی دەنگدەران لە پ.گ.ك.[1] بەمجۆرە پ.د دەستیان بە تۆڕێك چین و توێژی خەڵك گەیشتبوو كە لە هیچ جێگەیەكی توركیا وەك كوردستان بەرین و بەهێز نەبوو.

٤. پ.د هەموو سیاسەتە توند و تیژەكانی پ.گ.ك دەخستەوە یادی خەڵكی كوردستان و سەرلەنوێ پایماڵكردنی مافەكانی كوردی دەورووژاند، ئەمەش هۆكارێكی تری نەفرینی سەر ئەو پارتە بوو. بۆ نموونە دیموكراتەكان دەستیان كرد بە پەنجە تێژەنینی كارەساتی (سیوسێ گوللە)و[*] بەو هۆیەوە لە ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی توركیا دا توانجیان لە پ.گ.ك گرت و سیاسەتەكانی لە بارەی ئەوكارەساتە بەتوندی شەرمەزار كرا[2] .

٥. ئەمەریكا دژی هەر خواستێكی "جوداخوازیی" كورد بوو، چونكە لە ڕامیارییە ئابورییەكەیدا كاریدەكرد تا زەنگین و سەرمایەدارەكانی تورك بە بازاڕی كوردستان بەتەواوی وابەستە بە بازاڕەكانی خۆیان بكەن[3]. لەم بارەیەوە سەرۆكی ئەمریكا لە ١٢ی ئازاری ١٩٤٧دا پێش چوونی بۆ كۆبوونەوەی كۆنگرێس بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند:" پێویستە یارمەتی مەدەنییانە و سەردەمیانەی توركیا بدەین، تا یەكێتی نەتەوەییان پارێزراو بێت"[4] .

---

١ ولید رضوان: تیار ألأسلامي، ل ١٥٨ـ ١٥٩ .

* روداوی سیو سێ گولە: گوللە بارانكردنی ٣٣ هاولاتی كوردبوو لە تەموزی ١٩٤٣ دا لە هەرێمی ئۆزالپ سەربە ویلایەتی وان.( ئیسماعیل بێشكچی: سیو سێ گوللە، وەرگێڕانی: ئاسۆس هەردی، دەزگای چاپی سەردەم، سلیمانی،١٩٩٩، ل٨٧).

٢ دێڤید ماكداولێ: س ، پ، ب٢، ل ٨١٣ ـ ٨١٤ .

٣ عبدالله اوج الان : راه انقلاب كردستان، گروه ترجمه فارسی، منشروات جبهه ازادیبخش ملی كردستان، ١٩٩٩، ل ١١٨ ـ ١٢١ .

٤ أحمد نوری ألنعیمي : تركیاو حلف ألشمال ألاطلسی، ل ٨٠، ٨٢ .

بەمجۆرەو بە لەپێش چاوگرتنی هەموو ئەو میکانیزمە ئابووریی و سیاسییانە لە هەڵبـژاردنی گشـتی ١٩٥٠دا دیموکراتـەکان زۆرینـەی دەنگـی کوردیـان بـە دەست هێنا[١]. لە ڕاستیدا کوردستان ببـووە بنکـەی سـەرەکی پارتەکـە، لـەو پێناوەدا بوو بـە شـێوەیەکی تـاکتیکی زەبـر و زەنگـی پـۆلیس و هێزەکـانی سوپا لەو قۆناغەدا هەڵگیرابوو یـاخۆ بـۆ یەکـەمجار کـورد و تـورك وەك یـەك ببوونـە خـاوەنی مـافی دەنگـدان، ئـیتر هەنـدێك لـە ئاغـەکانی کـورد کـە لـە سەردەمی پ.گ.ك دوور خرابوونەوە، بـە پێچـەوانەوە لـەو قۆنـاغـەدا هـەمان ئـەو ئاغـا نەفرینلێکراوانـە بوونـە ئەنـدام پەرلـەمان و وەزیـرو وردە وردە خوێندنگە و ڕێگەوبان و نەخۆشخانە دەکرانـەوە[٢] و ڕاگواسـتنی بـە کۆمـەڵ و گرو گێچەڵی دەزگەکانی دەوڵەت بۆ سەر گیانی خەڵك ئارام دەبووەوە[٣].

ئاغەکان لە ئەنجومەنی نیشتیمانی تورك دا وەك ڕەگەزێکی گـرنگ ڕۆڵیـان هـەبوو، ئـەوان ببوونـە پردێـك لـە نێـوان دێهاتییـەکان و دام و دەزگـە دەوڵەتییەکان دا. بەمجۆرە تا لە هەڵبژاردنی ١٩٥٣دا بە شێوەیەکی گشـتیو ڕامیاریی دیموکراتەکان دانویان پێکەوە دەکولاَ و دەسـتبەرداری یـەکتربوون، بۆ نموونە لە کۆی ٤٠ کورسی تەرخانکراو بۆ شاری دیاربـەکر توانیـان ٣٤ بـۆ خۆیـان دەسـتەبەر بکـەن[٤]. ئەمـەیش کاردانـەوەی ئـەوەبوو کـە هەنـدێ تایبەتمەندیی نەتەوەیی بە نیوە چڵ بووژانەوەو ئیتر کورد بۆی هەبوو زمانی زگماکی خۆی بە پەژموردەیی بەکاربهێنێت، بەڵام لە بواری چاپ و وەشاندن

---

١ ئەنوەر سوڵتانی: ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بەڵگەنامـەکانی وەزارەتـی دەرەوەی بـەریتانیادا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٣٧٧ .

٢ هنری بارکي واخرون: ألقضية ألكردية فى تركيا، ت: هظـال، ط١، مطبعـة موكريـان، هـولێر، ٢٠٠٧، ل ٢٥"جورج طرابيشى : ألديموقراطية وألقومية وألاقليات، ألمسالة ألكرديـة نموزجـا، مجلة حوارألعددان ١٨ ـ ١٩،(ب.م)، ١٩٩٧، ل ١٦٥ .

٣ کەندالّ نەزانو ئەوانی تر : س،پ، ل ١٧٧ .

٤ دێڤید ماکداولّ : س،پ، ب٢، ل ٨١٥ ـ ٨١٦ .

دا زار و زمانی کوردیی ئـازادی زەوتکرابـوو[*1]، چـونکە پ.د.ت دەیویسـت لـە هەمبەر پرسی نەتەوایەتی کورد هەڵوێستەکانی لەتەك بنـەماکانی کەمالیزمـدا کۆکبێت[2]، لەبەرئەوە هەمیشە یاسا و ڕێساکانیی مژوڵی فەرامۆشکردنی کورد و پەراوێزخستنی پرسیی نەتەوەیی کورد بوو[3]. کەواتە دەکرێت بڵـێین خاڵـە ئەرێنییــەکانی پ.د دواجــار بوونــە مایــەی گرفتێکــی تــر بــۆ کــورد و لــە دەرهاویشتەی ڕامیاریی دواتریدا ئـەوە ئاشـکرا بـوو کـە تـەنها مەبەسـتێکی تاکتیکییان لە پشتەوە بووە.

دەتوانین گرنگترین ئەو مەبەستانەیش لەم خاڵانەدا بخەینە ڕوو:

١. کوردە عەلەوییەکان[**] لە سەرەتای پـەنجاکانـەوە وازیـان لـە خـەباتی چەکداری هێنا بوو، بەڵام بەهۆی سیاسەتی سوننیگەریی دیموکراتەکان وردە وردە لە ١٩٥٧ بـەدوواوە پێڕەوانـی عەلـەویی سـەرلەنوێ چـوونەوە ئامبـازی بەرەی ئۆپۆزسیۆن بوون، چونکە حکومەت فشاری سەر چالاکییە ئاینیەکانی بە نەزمێکی بەرچاو لە سەریان زیاد کردبوو[4].

---

* لە ویلایەتەکانی مێردین ٩١٪ ، سیرت ٨٧٪، هەکاری ٨١٪، دیاربـەکر ٦٧٪، بنگـول ٦٧٪، بەتلیس ٦٦٪ لە کۆی دانیشتوانە کورد زبانەکان بـێ ئاگـا بـوون لـە زمـانی تـورکی، تـورك نەیدەزانی ئەم ڕاستییە چۆن پێناسە بکات.(کەندالٚ نەزانو ئەوانی تر : س، پ، ل ١٦٥) .

١ کەندالٚ نەزانو ئەوانی تر : هـ، س، ل ١٦٥ .

٢ مارتین ڤان براونەسن: ئاغاو شێخو دەوڵەت، و: کردۆ،چ٢، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلیمانی، ١٩٩٩، ل ٧٦ .

٣ ئەنوەر سوڵتانی : س، پ، ل ٣٧٧ .

** عەلەوییەکانی کورد بە زاراوەی زازایی دەدوێن کە ئەمەیش لقێکی مەزنی شێوەزاری گۆران پێکدەهێنێت و لە شارەکانی بنگۆل ، تونجەلی، ئەرزبنجان، سـیواس ، ئەلعـەزیز، مەلاتیـە، قهرمان مەرعەش، غازی عەینتاب، طوقات، نیفشهر، قبرشهرو ئایدمان نیشتەجێن. تەنانـەت مێژوو نووسان دەڵـێن عەلەوییـە تورکـەکانیش ڕەچـەڵەکیان هـەر دەچـێتەوە سـەر کـورد، ئەوانیش پێشتر لە ئـەنادۆڵی نێوەڕاسـت و خۆرئـاوادا بـوون. ( یوسـف إبـراهیم ألجهمـاني: ألعلويون في تركيا، ل٨١، ٨٢).

٤ يوسف إبراهيم ألهجماني : العلويون، ل ٨٢ ـ ٨٣ .

پێمان وایە ئەگەر عەلەوییەکان لە سەردەمی پ.گ.ك تەنها وەك نەتەوە چەوسابنەوە، ئەوا پ.د لە ئەزموونی فەرمانڕەوایەتی خۆیدا وەك ئایین و نەتەوە دەیچەوساندنەوە. لە لایەکی ترەوە بزاڤی سوننیگەریی لەلای شێخەکانی کوردیش تەنها بەکارهێنان بوو. لەم بارەیەوە مارتین ڤان برۆنەسن دەڵێ:"تەنها کرا بوونە داهۆك و بۆ کۆکردنەوەی دەنگ کەوی کرابوون[1]". ئەمەش زۆر ڕاستە، چونکە ئەو نەوڕەسییەکان لە ساڵانی ١٩٥٠ ـ ١٩٥٤ ـ ١٩٧٥ دا ببونە هۆکاری سەرکەوتنی پ.د و مەچەکی بەهێزی سەرکەوتنەکانی دیموکراتەکان بوون لە هەڵبژاردنەکاندا[2]، دیسانەوە چالاکییان زەوتکراو تەنانەت تەسکبوونەوەی پانتاییەکانی ئازادییان بە جۆرێك بوو کە سەعیدی کوردیی ڕێبەری جووڵانەوەکەیان قۆڵبەست کرد و دوورخستەوە. هاوکات ١٩٥٤ حکومەت هەستا بە هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ گرتنی پێڕەوانی نەقشبەندییەکان لە نێوچە کوردییەکاندا. بۆ نموونە تەنها لە شاری مێردین هێزەکانی ئاسایش ١٧ پێشەوای ئەم ڕەوتەیان قۆڵبەستکرد،[3] نەك هەر ئەوان بەڵکو سەرۆکی ڕێبازی سلێمانییەکانیش دەست بەسەرکرا و جموجوڵی کۆمەلایەتی و مەزهەبیی لێسەنرایەوە[4].

٢. تەکنەلۆژیای کشتوکاڵی و بووژانەوەی ئاواییەکان خاڵێکی تری نیگەتیڤی سیاسەتی پ.د بوو دژی کورد، چونکە تەکنەلۆژیای کشتوکاڵی دووبارە وەك زەویەکان بە کرێ دەدرا پێیان[5]، ناچار گوند نشینەکان ڕوویان کردە شارەکان. بەجۆرێك ڕۆژنامەکانی تورك نووسیبوویان لافاوی ڕۆڵەکانی

---

١ مارتین ڤان براونەسن: س،پ، ب٢، ٢١١ .

٢ أزاد سعيد سمو : سعيد النورسي حركته و مشروعه الاسلامي في تركيا، ١٨٧٦ ـ ١٩٦٠، ط١، دار الزمان، دمشق، ، ٢٠٠٨، ل ١٨٢ .

٣ أحمد نوری ألنعيمي : الحركات الاسلامية في تركيا، ل ٥٢ .

٤ وليد رضوان : ألتيار الأسلامى ، ل ١٥٨ ـ ١٥٩ .

٥ گیساروف و ڕاگووشین : کوردی تورکیا، و:جەلالی تەقی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠١، ل . ٩٦ .

ئەنادۆڵ شارەکانیان داپۆشیوە[1]*. ئیتر ئابووری نێوچەکە بەتەواوی داڕما، ئەمەش کەشێکی لەبار بوو تا پ.گ.ك و حزبە بچووکەکانی تر دووبارە لە کوردستان دا ڕێکخستنەکانیان بکەونەوە خۆ. هەربۆیە پ.د لە ١٩٥٧ دا بە دوواوە، ٢٥٠ هەزار دەنگی کوردی لە دەستدا، چونکە ڕکابەرانی هەمان ئەو شێوازەیان بەکار دەهێنایەوە کە لە سەرەتای ١٩٥٠ دا پ.د لە هەڵبژاردن و هەرای سیاسییدا پێڕەویدەکردن "[2].

٣. بەکارهێنانی سیاسەتیی هەرێمیو نێو دەوڵەتی دژی کورد :

لە ڕاستیدا چەند مەرجێك هەبوون بۆ چوونە نێو پەیمانی هاوپەیمانی (ناتۆ) وە، بۆ نموونە بەگوێرەی مەرجەکان دەبوو ئەو دەوڵەتەی دەبووە ئەندامی ناتۆ پێش هەمووشت دەوڵەتێکی دیموکرات بێت و لەسەر بنەمای ئازادی سیاسیی و ئابووری تاك و دەسەڵاتی یاسا هەڵسوڕێت[3]، وەلێ تورکیا بەشداری بەها دیموکراتییەکان و مافە مرۆڤایەتییەکانی نەکرد وەك ئەوەی کە ئەندامانی دیکەی ناتۆ بەهەندیان وەرگرتبوو[4]، بە پێچەوانەوە بەشداربوونی تورکیا تەنها بۆ بندەستترکردنی بزاڤی نەتەوەیی و مافی مرۆڤ بوو لە نێو خۆی ولاّتدا. چونکە بە بڕوای چاودێرانی سیاسیی نێزیکی ئەمەریکا و تورکیا لە ناتۆ دا بەشێوەیەکی سەرەکی گرێ درا بوو بە پرسی کوردەوە. تەنانەت لەم پێوەندییەدا تورکیا مژوولی بە دەستهێنانی چەکی

---

* گوندنشینەکان بە لێشاو دەچوونە شارەکان. بۆنموونە شاری ئەرزەڕۆم لەسەرەتاوە٥٠ هەزار کەس بوو تا کۆتایی ١٩٥٩ بوو بە ١٠٠ هەزار کەس، هاوکات لە ئەنقەرەو ئەدەنەو ئەستەمبوڵ گەڕەکی نوێ درووستبوون کە هەموو دانیشتوانەکانیان کورد بوون . (گیسارۆفو رگوشین: س،پ ، ل ٩٦ ـ ٩٧) .

١ گیسارۆفو رگوشین: ه،س ، ل ٩٦ ـ ٩٧ .

٢ ئسماعیل بێشکچی: سیو سێ گولله: ل ١٢٧ .

٣ ئیسماعیل بێشکچی: سیو سێ گولله، ل ٢٢ ـ ٢٣ .

4. Kristina Koivunen : The Invisible War In North Kurdistan, Helsinki,Urstina,2002, P.155.

کۆکـوژی  کیمیـایی و بایـەلۆجی بـوو. بـۆ نموونـە لـەم هەوڵەیـدا ناوەنـدێکی تایبـەتی بـەو چـەکە قەدەغەکراوانـە دروسـتکرد، هـەروەها لـە ئـەزموونی کوشـتاری هاوڵاتیـانی کۆریـایی بـە چـەکی کیمیـایی و بایـەلۆجی کـەڵکی وەرگرت[1]. نیازی تورکیا گەیشتبووە ئاستێك کە د.جەمال نەبەز دەڵێ:"ڕژێم تەمای بوو لە حاڵەتی هەر شاڵاوێکی شـورەویدا، پاسـاوی دەسـت بکـەوێت و هەموو کوردستان بە بۆمبی ئەتۆمی لە نێو بـەرێت، ئـەم نیـازە لـە کودەتـای ١٤ی تـەمووزی ١٩٥٨ دا ئاشـکرا بـوو"[2]. هەرچـەندە دەسـتکەوتنی بـۆمبی ئـەتۆمی بـۆ وڵاتێکـی وەك عێـراق کـارێکی ئەسـتەم بـوو، وەلێ بۆچـوونەکەی دکتۆر جەمال نەبەز دەکرێت ئەوەی لێبخوێندرێتەوە کـە تـا ڕادەی قڕکردنـی نەتەوەی کورد بیر لە شوناسی کورد کراوەتەوە.  هاوکات لە ٢٦ـ ٢ـ ١٩٥٤ دا تورکیا دەسەڵاتی ئەوەیدا بە ئەمەریکا کـە بنکـەی سـەربازی و شـۆڤاری لـە سەرانسەری وڵات دا قوتبکاتەوە، بە تایبەتی لە نێوچـە کوردییەکانـدا.  هـەر بـە هانـدانی ئەمــەریکا تـەنها بـۆ دژایـەتی کـورد تورکیـا و ئێـراق و ئێـران هەلۆێستیان یەکخراو زێدەتر لێکنزیکبوونەوە[3]. بۆ نموونە لە ١٩٥٥ دا تورکیا پاکتی (بەغداد)ی لە گەڵ عێراق و ئێران و پاکستان دژی کورد واژۆکرد[4]، ئەم پاکتە  هەندێ لە خاڵەکانی ڕاستەوخۆ دژی کورد بـوون، ئـەوەتا لـە مـاددەی یەکەمی پەیماننامەکەدا هاتبوو:" دەتوانرێ ڕێکەوتنی دوو قۆڵی لە نێو وڵاتـە بەشـداربووەکانی پەیماننامەکـە ببەسـترێ، وەك ڕێکـەوتنی نێـوان تورکیـا و ئێراق لە١٩٤٦ دا"[5].  هەر سـەبارەت بـە مەترسـی  پەیماننامەکـە (عیسـمەت

1. Dr. Celadet çeliker:S,P ,L. 136.

٢ وەرگـیراوە لە:جـەمال نەبـەز: کوردسـتانو شۆڕشـەکەی، وەرگێڕانـی لەئەڵمانیـەوە کوردۆ،چ٣،چاپخانەی منارە، هەولێر،٢٠٠٧، ل ٧٧ ـ ٨٧ .

٣ درية عوني : عرب وأكراد، حصام أم وئام، ط١ دار الهلال، القاهرة، ١٩٩٣، ل ١٣٣ .

4. Kristiina Koivunen: op , cit, P.155.

٥ لازاريف وآخرون : تاريخ كردستان، ت. عبدي حاجي، مؤسسة اراس للطباعة وألنشر، اربيل ، ٢٠٠٥، ل ٦٩ .

شەریف وانلی) * چەندین نامەی ئاڕاستەی (UN) کرد کە نووسی بووی:"دەتوانم باوەڕتان پێ بهێنم کە کێشەی کورد هۆکاری سەرەکی پەیمانەکەیە"[1].

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە ئێراق لە پەیامێکدا بۆ ولآتانی عەرەبی بە ئاشکرا دڵنیایان دەکاتەوە کە تەنها دژی کورد واژۆی پەیمانەکەیان کردووە، چونکە بەفەرمی ڕایدەگەیاند:" پەیمانەکەیان پاراستنی سیاسەتی دەرەوەو ئاسایشی ئێراقە لەتەك تورکیا و ئێران دا"[2].

سەبارەت بە تورکیا و ئێرانیش وتووێژ لەمەڕ پرسی سنوورەکان بەردەوام بوو، لەسەر ئەو بنەمایە (جەلال بایار) سەردانی ئێرانی کرد و لە ١٩٥٥دا چەند بڕیارێکیان ڕاستەوخۆ دژی کورد واژۆکرد[3]، هاوکات لە شاری کورد نشینی (ورمێ) دا پەیمانێك مۆرکرا، کە ئەمە خاڵە سەرەکییەکانی بوو :

١. هاوکاریی هەردوولا بۆ پاراستنی ئاسایشی سنوور و چەککردنی سنوور نشینەکان

٢. هەنگاوی هاوبەش دژی پڕوپاگەندەی زیانبەخش بۆ سەر یەك پارچەیی و رادەستکردنەوەی پەنابەرانی نێوانیان بە یەکتریی[4].

سەبارەت بە پێوەندییەکانی سوریا و تورکیا، پێویستە بوترێت تورکیا ئامادە بوو لەگەڵ سوریا دا گرفتە مێژووییەکانی چارەبکات، تا بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد زیاتر بندەست بکەن، بەڵام سوریا لارینواند و بە پاساوی گرفتی ئەسکەندەڕۆنە لە نێوانیاندا ئامادەیی بۆ سازشکردن پیشاننەدا[5].

---

* عیسمەت شەریف وانلی ١٩٢٤ لەدایکبووە، نوێنەری شۆرشی ئەیلول بوو لە ئەوروپا.( مایکڵ گانتەر: فەرهەنگی کوردی، و.مامکاك، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٧).

١ حەسرەتیان : یاسا دەستورییەکانی تورکیاو کورد، ل ٧٠ .

٢ عبدألرزاق ألحسنی : تاریخ ألوزارات ألعراقیة، ج٨، ل ٢٢٣ ـ ٢٢٤ .

٣ جەلیل گادانی: پەنجا ساڵ خەبات ، چ٢، چاپی موکریان، هەولێر، ٢٠٠٨، ب١، ل ١١٩ .

٤ بروانە دەقی رێککەوتننامەکە، پاشکۆی ژمارە (٢) .

٥ اصغر جعفری ولدانی: اختیلاف های سوریه وترکیه بر سر منطقه ی هاتای، سیاست خارجی، سال سیازدهم، تهران، ١٣٧٨، ل ٧٧٩ .

ناچار  توركیا له ئۆكتۆبەری ١٩٥٧دا كەوتە گێچەڵ گێڕان بەسوریا و لەتەك نەیارەكانیدا رێككەوت. ئەوەتا له نامەیەكی سەرۆك وەزیرانی توركیا بۆ (بن گۆریۆنی) سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل، له بەندی چوارەمی نامەكەداهاتبوو:" پێویستە ئیسرائیل به هەموو هێز و توانایەوە پشتگیریی توركیا بكات بۆ ئەوەی هەموو كوردستان كۆنترۆڵ بكا"[١]. ئەمەش ئەوە ڕووندەكاتەوە كە توركیا چاوی داگیركاریی له پارچەكانی تری كوردستانیش لێك نەنابوو.

بەڵام لەگەڵ ڕوودانی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ دا، عێراق كە ئەندامێكی كارای پاكتی (بەغداد) بوو له بواری كرداریدا له پەیمانەكە هاتەدەر و تەنانەت بوو بە ناوەندێك بۆ سەرلەنوێ ڕابوونەوەی نەتەوەخوازیی كورد[٢]. توركیا پێش وەخت لەم مەترسییە گەیشتبوو، بۆنموونە له ١٧ی تەمموزی ١٩٥٨ دا ڕایگەیاند بوو:" دان بە دەسەلآتدارێتی نوێی عێراقدا نانێین"، زیاد لەوەش پلانێكی سەربازی دانابوو بۆ چوونە نێوەوەی سوپاكەی بۆ باشووری كوردستان، تەنانەت ئەمەریكا و بەریتانیاش لەم هەوڵە بەئاگابوون، وەلێ بەهۆی سڵەمینەوەیان له كاردانەوەی سۆڤیەت هەر زوو پاشەكشەیان بە توركیا كرد[٣].

له ڕاستیدا ئەم جموجووڵە سەربازییەی توركیا تەنها دژی باكووری كوردستان بوو، چونكە له وەڵامی هەڕەشەكانی سۆڤیەت بۆ ئەگەری هەر دەستێوەردانێكی توركیا بۆ نێوخۆی عێراق، له ٢٤ی تەمموزی ١٩٥٨ دا توركیا ڕایگەیاند:" تەنها له دۆخی بەرگریداین"و تەنانەت له ٣١ی تەمموزی هەمان ساڵدا دانیشی نا بە حكومەتی نوێی عێراق دا[٤]. یان دەكرێ

١ عەزیز شەمزینی : س، پ ، ل ٢٠ .

٢ لازاریف وآخرون : تاریخ كردستان، ل ٢١٥ .

٣ سیامند كریم محمود: تركیا والقضایا العربیة( ١٩٤٥ ـ ١٩٦٧)، معهد تاریخ العرب، رسالة ماجستیر غیر منشورة، جامعة بغداد، بغداد، ٢٠٠٤، ل٨٤،٨١.

٤ عونی عبدألرحمان ألسبعاوی : ألعلاقات ألعراقیة ألتركیة(١٩٣٢ـ ١٩٥١)، مركز دراسات ألتركیة، بغداد،١٩٨٥، ل ٢١١ .

پاشەکشەی تورکیا لە دەستێوەردانی سەربازی بۆ عێراق، بگەڕێتەوە بۆ ڕازیبوونی کورد بە ڕژێمی نوێی عێراق و دڵنیابوونی تورکیا لە یەکپارچەیی عێراق[1]. بەڵام گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت بۆ عێراق و جموجووڵی نەتەوەیی کورد سەرلەنوێ تورکیای لە ڕەوشی عێراق دڵ کرمێ و قەڵسکردەوە، هەربۆیە تورکیا لە سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەدا لە هەوڵێکی نوێ دەگەڕا دژی کورد، بۆ نموونە لە یەکەم هەوڵی دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز دا لەتەك ئێران و پاکستاندا بەشداریکرد لە هاوپەیمانییەکی نوێدا بەنێوی (سەنتۆ) . لە ڕاستیدا ئەم گردبوونەوە نوێیەی دووای شۆڕشی ١٩٥٨ دیسانەوە لە دژی تەڤگەریی کوردیی بوو، بۆ نموونە لە یەکەم کاردانەوەی ئەم هاوپەیمانییەشدا ڕاپەرینی شاری جوانرۆی ڕۆژهەلاّتی کوردستانیان بەگەلەکۆمەمیی خەفەکرد[2]. کاتێکیش دەستوری عێراق دانی نا بە ناسنامەی کورد دا وەك نەتەوەیەك ، تورکیا و ئێران لەگەڵ ئەمەریکا و ئینگلیز لە دژی کورد وەستانەوە. بۆنموونە تورکیا تورکمانەکانی کەرکوك و موسڵی پڕچەككردن دژ بە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق (پ.د.ك.ع)[3] . هەروەها ساڵی ١٩٥٩ لە کاتێکدا ڕژێمی عێراق بەفەرمی پێشوازی لەگەڕانەوەی ڕێبەریی نەتەوەیی کورد بارزانی کردبوو هاوکات نەرمیشی نواندبوو سەبارەت بە مافەکانی کورد، ئیتر لەکاردانەوەی ئەو دەستکەوتانەدا بۆ کورد تێکهەڵپڕژان لە شاری کەرکوك ڕوویدا[4]، ئەم ناکۆکیانەش چاوەڕوانکراو بوون، چونکە هەمیشە تورکیاو ئێرانو ئەمەریکا لە مەترێزدا

---

١ هێرش عەبدولا حەمەکەریم: پەیوەندیە سیاسیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، ١٩٩١ - ١٩٩٨ مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٧،ل ٦٣.

٢ درية عونى: عرب والاكراد، ل ١٣٣ .

3.Zeki Boz Arslan: Nerinek Li Diroka kurdistane, çapa yeke, can matboadlik, Istanbul, 2004, L.490

٤ نورى عبد الحميد ألعاني وآخرون : تاريخ ألوزرات ألعراقية فى ألعهد ألجمهوري ، ط١، بيت ألحكمة، بغداد، ٢٠٠٠، ج١، ل ٢٤٤ .

بوون بۆ پەنجە ژەنین لە کاروباری نێوخۆی عێراق[1]. لەم بارەیەوە زۆر بە ئاشکرا رۆژنامەی( دونیای تورکیا) هۆشداری دەداتە ولاتەکەی دژبە هەلۆێست وەرگرتن لەمەڕ پرسی وورژاوی کورد لە عێراق، هەمان رۆژنامە دەنووسێت:" سوریا و عێراق بوون بە نێوەندی چالاکیی کورد و بلاوکراوەکانیان لە ڕێگەی سنووری باشوورەوە دێنە نێو ولاتەوە"[2].

لەبەرامبەر خواستی دەستێوەردانی تورکیایش لە نێوخۆی عێراق، سەرۆك وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند:" دەبێ گەلی تورك فشار لەسەر حکومەت بکەن تا پشتگیریی کورد نەکات"، ئەمەش قەیرانێکی دیپلۆماسیی توندی خولقاند، بەجۆرێ بە ناچاری بەفەرمیی تورکیا ڕایگەیاند:" لە بەرژەوەندیدا نییە کورد هان بدات دژی عئێراق". بۆ نموونە بۆ پیشاندانی نیازپاکی خۆیشی هەستا بە چۆڵ کردنی ۷ دێهاتی سنوور تا هێزە عێراقییەکان ئاسانکارییان بۆ بکرێ دژی نەیارانیان[3]. لە راستیدا تورکیا هەولی دەدا کوردی باشووری کوردستان بۆ تەنگژەو نا ئارامی نێوخۆی عێراق بەکاربهێنێت نەك پشگیریکردنی لە مافە ڕەواکانیدا. چونکە بە کاریگەریی ڕەوشی عێراق خۆپیشاندانی مەزن لە شارە گەورەکانی تورکیادا دەستی پێکردبوو[4]. هەربۆیە حکومەت تەدارەکی سەرهەلدانو راپەڕینی کوردی وەك مەترسییەکی مەزن پێشچاو خستبوو. بەپێی ڕاپۆرتێك کە دەست گۆڤاری یەنی تورکی کەوتبوو، حکومەت و سوپا ستراتیژی دوور مەودایان دژی کورد گرتۆتەبەر، بە گوێرەی راپۆرتەکە لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا، کە جەلال

---

١ مسعود بارزاني : ألبارزانى وألحركة التحررية ألكردية، ألكرد وألثورة ١٤ تموز ١٩٥٨، كردستان، ب.ط،١٩٩١، ل ٦١ .

٢ . د . ك . و . ملفات مجلس السيادة، سفارة ألجمهورية ألعراقية في أنقرة، (رقم الملف ٢٨٨) ;بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣).

3. Vali, Ferenc A: Bridge across the Bosporus :The foreign policy of Turkey, Johns Hopkins press, london,1971, P.351

٤ عوني عبد ألرحمن السبعاوي : ألعلاقات ألعراقية ألتركية، أوراق تركية معاصرة، عدد ١، ل ٢١٣ .

بایار و سەرۆکی ئەرکانی دووەم (جەودەت سونای)و وەزیری دەوڵەت و سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە(فەتین روشدی زۆرکو) ئامادەی ببوون، ڕاپۆرتی پەیوەست بە کورد لە ئاسایشی نەتەوەیی لەلایەن (ئەرگۆن گۆکدەنیز) خوێنرابووەوە، کە خاڵە گشتیەکانی بریتی بوون لە:-

١. ئەگەر هەزار ڕووناکبیری کورد قۆڵبەست بکەن، ئەوا کێشەی کورد لە تورکیا بۆ ماوەی ٣٠ ساڵیتر دووا دەکەوێ.

٢. پێویستە گیراوەکان بە کۆمۆنیست قاو بدەن، چونکە کورد بێز لە کۆمۆنیزم دەکاتەوەو ئەستەمە دڵیان بۆ گیراوەکان بسووتێت .

٣. نابێت ئەو کەسانە بگیرێن کە کەسی خزم و نێزیکی دەسەڵاتداریان لە نێو پارتە فەرمییەکاندا هەبێت.

دواجار مەندەریس ڕایگەیاند:"ئەم کارە دەکەین، بەڵام بە میکانیزمێکی گونجاو، پەنجا پەنجا دەیانگرین تا دەگەنە هەزار" ، بەمجۆرە بڕیاری دەستگیرکردنی ٥٠ ڕووناکبیری کورد دەرچوو[1]، هەمانکات ئەو خوێنکارە کوردانەی باشووری کوردستان کە لە تورکیا دەیانخوێند کەوتنە بەر شاڵاوی بگرەو بەردەی پۆلیس و ناچار دەربازی ئەورووپا بوون[2]. وەلێ لەگەڵ ئەم ڕەوشە توندەی پ.د دژی کورد، دواجار لەلایەن ئەنجامدەرانی کودەتای ١٩٦٠ ڕۆژنامەکانی تورکیا دەنگوباسیان بڵاوکردەوە گوایا کۆمیتەی یەکێتی نیشتیمانی تورکیا دۆکیۆمێنتی لە بەر دەستایە کە ژمارەیەك کەسی دیاریکراو کە لە سایە و سێبەری دیموکراتەکاندا خۆیان مەلاس دابوو مژووڵی بونیات نانی دەوڵەتێ بوون لە کوردستان و حکومەتیش دژی پلانەکە نەبوو[3]. بەمجۆرە وەك چۆن کورد فاکتەری هاتنە سەر کاری پ.د و ڕەوشی ڕامیاری دەرەوەیی بوو، بە هەمان شێوەش کورد کرایە فاکتەرێك بۆ نەمانی دەسەڵاتی پ.د.

---

1. Musa Anter : Hatiralarim,2.basim, Wasane Welat, Seckholm, 1991,S.151 – 152.

٢ جیرارد جالديان : ألمأساة ألكوردية، ت. عبد ألسلام ألنقشبندي، دار اراس للطباعة وألنشر، ط١، اربيل، ٢٠٠٧، ل ٨٣ .

٣ فاتح ڕەسول: بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ، ل ٨٧ .

## باسی دووەم : دەستپێکردنەوەی بزووتنەوەی سیاسی و رووناکبیریی کورد له باکووری کوردستان دا ( ١٩٤٦- ١٩٦٠ )

### یەکەم: سەرنجێکی گشتی دەربارەی پێشینەی کاری ڕێکخراوەیی و ڕێکخستن له باکووری کوردستان دا .

له سەرەتای سەدەی بیستەمەوە شکستی شۆڕشەکانی ڕابردووی کورد و کاریگەریی هزری نەتەوایەتی خۆرئاوا و ستەمی عوسمانییەکان هۆکاری ئەوە بوون کورد ڕوو لە کاری ڕێکخستن و ڕێکخراوەیی بنێت. (ڤیلچێڤسکی) دەڵێ:"بزووتنەوەی سیاسی و ئازادیخوازیی کورد بە دامەزراندنی کۆمەڵەی (ئیتحاد و تەرەقی)* یەوە گرێ دراوە"[١] . هەربۆیە کورد ڕۆڵی گرنگیان بینی له دامەزراندنی کۆمەڵەی (ئیتحاد و تەرەقی)دا [٢]. لە کۆنگرەی یەکەمی پارتەکەدا لە پاریس ١٩٠٢ حیکمەت بابان و عەبدوڕەحمان بەدرخان و عەبدوڵڵا جەودەت و ئیسحاق سکوتی و ئەحمەد نەعیم و ئیسماعیل حەقی بابان وەك نوێنەرانی کورد بەشدار بوون[٣]. بەڵام کودەتای تورکە لاوەکان لە ١٩٠٨دا بووە خاڵی جیابوونەوەی ڕێکخستنی سیاسیی نەتەوە ناتورکەکان و قۆناغێکی نوێ لە سیاسەتی توانەوەی نەتەوەیی کورد لەسەر دەستی تۆرانیەکان دەستی پێکرد. ناچار نیشتمانپەروەرانی کورد ڕێکخستنی

---

* کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٨٩دا لەلایەن خوێندکارانی کۆلێژی پزیشکی سەربازی عوسمانییەوە دامەزرا ، ئەم ڕێکخراوە نهێنییە ئامانجی لابردنی سوڵتان عەبدولحەمیدو گەڕانەوەی دەستووری عوسمانی بوو بۆ وڵات.( عبد ألستار طاهر شريف: ألجمعيات و ألمنظمات و الأحزاب ألكردية في نصف قرن 1958 - 1908، ط١، شركة ألمعرفة للنشر و ألتوزيع، بغداد، ١٩٨٩، ل ١١ــ ١٢; زنار سلۆپی : دۆزی کوردستان، و: فەیزوڵا ئیبراهیم، چ٣، دیاربەکر، ٢٠٠٧، ل ٣٤) .

١ جەلیلی جەلیل : کوردستان سەرقافڵەی ڕۆژنامەگەری کوردیە، و: شۆڕش، گۆڤاری پێشکەوتن، ژمارە (٥)، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٦ .

٢ زناز سلۆپی: س، پ، ل ٣٤ .

3. Kamal Burkay : GeçmiŞten Bugüne Kürtler ve Kürdistan cografya Tarih Edebiyt, cilt,1. Kinci baski, Deng yainlari, Istanbul, 1997, S.493 .

سەربەخۆیان دروستکرد و بەشێکیشیان بوونە ئۆپۆزسیۆنێکی کارا لەنێو ڕێکخراوی (ئیئتلافی لیبراڵ) کە نەیارێتی ئیتحادییەکانیان دەکرد[1]. پێمانوایە دەمارگیریی تورکەکان فاکتەری شکستپێهێنانی یەکەم پرۆژەی خەباتی هاوبەشی نەتەوەکان بوو دژی دەسەڵاتی عوسمانییەکان.

ئیتر ژیانی پارتایەتی سەربەخۆی کوردیی وەك قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد، بە دامەرزاندنی جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کورد لە ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٨ دا دەستی پێکرد[2]. ئەم ڕێکخراوە یەکەمین ڕێکخراوی ناسیۆنالیستی کوردیی بوو، کە سەرەتا لەلایەن بنەماڵە دیارەکانی کورد لە ئەستەمبوڵ دامەزرا،[3] لەوانە (ئەمین عالی بەردخان)ی سەرۆکی بەدرخانییەکان لە ئەستەمبوڵ و شەریف پا* لە بنەماڵەی بابانەکان و شێخ عەبدولقادر کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بنەماڵەی نەهری[4]. ئەم کۆمەڵە بە بەزوویی توانی چەندین یانەی کولتووری و سیاسیی لە زۆربەی شارە کوردییەکاندا بکاتەوە[5]. ئامانجی کۆمەڵەکە بریتی بوو لە پێشخستنی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێکخراوی کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کورد (کرد نشر معارف جمعیتی) لەلایەن ئەم کۆمەڵەوە دامەزراو

---

١ کۆمەڵەی خۆیی بوون : قەتلۆعامی کورد لە تورکیا، و. نەجاتی عەبدوڵڵا ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٢ .

٢ کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان لە بەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو فەرەنسادا (١٩٨١ ـ ١٩٣٣) ، و. نەجاتی عەبدوڵا، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٥.

٣ مارتین ڤان برۆنەسن : س، پ، ب٢، ل ٢٧١ ـ ٢٧٢ .

* شەریف پاشا(١٨٦٥–١٩٥١) دیپلۆماتو سیاسەتمەداری کوردەو لە بنەماڵەی خەندانی سلێمانی لەدایك بووە، ١٩٠٨ باڵوێزی حکومەتی عوسمانی بوو لە ستۆکۆڵم.( کۆمەڵەی خۆیبوون: س، پ، ل٣٢٤–٣٢٥).

4. Naci kuttay : Ittihat Terakki ve Kürtler, Bebun yayin Iraqi, Ankara,b2 ,s. 134, 135

٥ کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان لە بەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو فەرەنسادا: س، پ، ل ١٥ .

خوێندنگەیەکیان بۆ پەروەردە کردنی زاڕۆگەلی کورد بە بیری نەتەوەیی لە (گەڕەکی تاشنبری ئەستەمبوڵ)کردەوە [1].

سەبارەت بە چالاکی و ئامانجی کۆمەڵەکە ڕاپۆرتی هەواڵگیریی بەریتانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا نووسیبووی:"کۆمەڵەیەکی کوردی لە ئەستەمبوڵ ١٩٠٨ دامەزراوە، سەرۆکی کۆمەڵەکە (سەید عەبدولقادر شەمزینیی)ەو ئامانجی سەربەخۆیی کوردستانەو پشتگیریی گەورەی کوردی ئەستەمبوڵی لەتەکدایە کە ٣٠٠٠٠ ئەندامی دەبن و دوو ڕۆژنامەش بە نێوەکانی ڕۆژی کوردو ئاڵای کورد دەردەکەن"[2].

بەڵام پەرەسەندنی ئەم کۆمەڵە لەگەڵ ڕەوتی پان ـ ناسیۆنالیستی ئیتحادییەکاندا یەکی نەدەگرتەوە، هەربۆیە لە هەمان ساڵی دامەزراندنیدا بڕیاری قەدەغە کردنیشی درا.

لەپاش داخستنی کۆمەڵەکە ڕاستەوخۆ کۆمەڵەی هێڤی دامەزرا. لەبەرئەوە هەندێك پێیان وایە هێڤی درێژکراوەی چالاکی نهێنیی هەمان کۆمەڵەیە[3]. دامەزرێنەرانی هێڤی لە بنەماڵە ناودارەکانی شارنشینی کورد بوون، لەم بارەیەوە زنار سلۆپی دەڵێ:" ١٩١١ لە پەیمانگەی خەلقئاڵی کشتوکاڵی لەتەك (خەلیل خەیاڵی) ژمێریاری پەیمانگەکە هەوڵی دامەزراندنمان دا، پاش ئەوەی مۆڵەتمان وەرگرت لە ١٩١٢دا ڕامانگەیاند". ١٩١٣ هێڤی گۆڤارێکی دەرکرد بەناوی (ڕۆژی کورد) [4]و هەمان ساڵ لە لۆزانی سویسرا لقێکی هێڤی کرایەوە، کە خواستی ناساندنی کێشەی کوردی

---

1. Naci kutlay : Itihad Tarekki,S. 134, 135

٢ . ڕۆبەرت ئۆڵسن : ڕاپەرینی شێخ سەعیدی پیران (١٨٨٠ ـ ١٩٢٥)، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٣٥ .

٣ عبدالستار طاهر شريف : الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية، ل٣٧; علی تتر توفيق، الحياة السياسية فی كردستان ١٩٠٨ ـ ١٩٢٧، ت: تحسين ابراهيم الدوسكی، مطبعة حجی هاشم، اربيل، ٢٠٠٧، ل ٨٨، ٨٩ .

٤ علي تتر توفيق : ألحياة السياسية فی كردستان، ل٩٩ ـ ١٠٠ .

هەبوو لە ئەوروپپادا[1]. تایبەتمەندی هێڤی ئەوە بوو کە ئەندامەکانی لاو بوون و زیاتر سروشتێکی خوێندکاریی هەبوو، بەلام بەهۆی بۆشایی سیاسی و ڕێکخراوەیی کوردیی، ئامانجەکانیان خوێندکاریی نەبوون و بانگەشەی سەربەخۆییان دەکرد و دژی ئۆتۆنۆمی بوون[2]. دواجار ئەمیش لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە١٩١٤دا هەڵوەشایەوەو لە چالاکی کەوت[3].

ئیتر بە درێژایی جەنگی جیهانی یەکەم(١٩١٤ـ١٩١٨) کاری ڕێکخراوەیی کوردیی بێ دەنگ و ورتە بوو، وەلێ لەتەك کۆتایی هاتنی جەنگدا دووبارە زەمینەی چالاکی ڕەخسایەوەو ڕاستەوخۆ کۆمەڵەی تەعالی کوردستان لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨ دا لە (ئەستەمبوڵ) ئەندامە پەرتەوازەکانی کۆبوونەوە و پارتە مردووەکەیان زیندووکردەوە، کە (سەید عەبدولقادر شەمزینان)ی کرا بە سەرۆك و جێگری یەکەمیشی (ئەمین عالی بەدرخان) بوو[4]. کۆمەڵەکە ١٤ لقی لە نێوچە کوردنیشنەکاندا کردەوە، کە گرنگترین و چالاکترین لقی کۆمەڵەکە لە شاری دیاربەکر دا بوو.

بە وتەی (ئەکرەم جەمیل پاشا) کۆمەڵەکەیان لەپێش کۆمەڵەی ئەستەمبوڵ دامەزراوە و دواتر پەیوەندییان تۆکمە کردووە لە گەڵ یەکتریدا[5]. پەرەسەندنی ئەم کۆمەڵە کەمالییەکانی نیگەرانکرد و دواجار بە فەرمانێکی فەرمی ئەتاتورك لە٤ی حوزەیرانی ١٩١٩ دا کۆمەڵەی دیاربەکر و لقەکانی سێرت و ئەلعەزیز داخران[6].

---

١ زنار سلۆپی : دۆزی کورد، ل٣٨ ـ ٣٩ .

٢ علی تتر توفیق : ألحیاه السیاسیه فی کردستان، ل١٠٠ .

٣ کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان لە بەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو فەڕەنسادا: س، پ، ل ١٩ .

4. Ismail Goldaş: Kürdistan Teali cemiyeti, Dozyayinlari. Istanbul, 1997, S. 256

5. Zinar Zoran:Kürt Teali Cemiyati Ya Diyarbakire Komeleya Pesketina Kurdanya Diyarbekire 1918.Kovara Cira,Sala2. Hejmar(5).Swede.L.18,27.

٦ مالمیسانیژ: عائلة جمیل پاشا ألدیاربکری والنضال القومي الکردي، ت: فیض الله ابرأهیم خان، ط٢، دیاربکر، ٢٠٠٧، ل ١٧ ـ ١٨ .

ناوەنـدی ئەسـتەمبوڵیش لـەو قۆناغـەدا هـیچ ئامـادەبوونێکی سـەربازیان لـە کوردستاندا نەبوو[1]، هاوکات خاوەنی بەرنامەیەکی هەمەگیر و فراوان نەبوون، بەڵکو لە ڕووی ئامانجەوە ببوون بە چەند بەرەیەکەوە لەوانە :ـ

١. گرووپێـك کـە لایـەنگیری بـیری سـەربەخۆیی کوردسـتان بـوون، وەك بەدرخانییەکان و شەریف پاشای خەندان نوێنـەری کۆمەڵەکـە لـە ئـەورووپا، ئەمانە تا ساڵی ١٩٢٠ بە یەکگرتوویی مابوونەوە، بەڵام لە ئاکـامی زیـادبوونی ناکۆکی لە نیسانی ١٩٢٠دا جیابوونەوەو (جەمعیـەتی تەشـکیلاتی ئیجتمـاعی کورد) یان پێکهێنا، کە (ئـەمین عـالی بـەدرخان) سـەرۆك و (مەمـدوح سـەلیم بەگ)سکرتێر بوو[2].

٢. لایەنگرانی تێـزی یـەکێتی تـورك و کـورد، لـە لایـەن سـەرۆکی کۆمەڵـە سـەید عەبـدولقادر شـەمزینی نوێنەرایـەتی دەکـران، خواسـتی ئـەوان خـود موختاری بوو بۆ کوردسـتان، هـەر بـە نێـوی کۆمەڵـەی تـەعالی درێـژەیان بـە چالاکی ڕامیارییان دا[3] .

دەتوانین بڵێین جیاوازی سیاسیی بوو بـەهۆی نـەبوونی پرۆژەیـەکی کـارا بـۆ ڕزگاری نەتەوەیی کورد لەو قۆناغەدا. دواجار لە کۆتایی ١٩٢٢دا دوای ئەوەی هێزەکـانی مسـتەفا کـەمال ئەسـتەمبوڵیان گـرت، ئیـدی هـەموو کۆمەڵـە و ڕێکخراوە کوردییەکان قەدەغەکران[4]. پاش ئەوەی بزووتنەوەی کـەمالیزم بـە توندی ڕووبەڕووی هزری نەتەوایـەتی کـورد بـووەوە، ئـیتر لـە کاردانەوەیـدا

---

١ کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان لـە بەڵگەنامـەکانی هـەردوو وەزارەتـی دەرەوەی بـەریتانیاو فەڕەنسادا: س، پ، ل٢٣ .

٢ کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان لـە بەڵگەنامـەکانی هـەردوو وەزارەتـی دەرەوەی بـەریتانیاو فەڕەنسادا: ه،س، ل٢٢

٣ حەمید بۆز ئەرسەلان: کوردایەتیو جوڵانەوەی کورد، گۆڤاری دۆسـێی تورکیـا، ژمـارە (٤)، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٧١ .

٤ کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان لـە بەڵگەنامـەکانی هـەردوو وەزارەتـی دەرەوەی بـەریتانیاو فەڕەنسادا: س، پ، ل ٢٢.

(کۆمەڵـەی سـەربەخۆیی کـورد) سـاڵی ١٩٢١ لەلایـەن (ئـەمیر ئـاڵا خالیـد جـوبرانلی)[١] و لـە کۆتـایی ١٩٢٢و سـەرەتای ١٩٢٣دا دامـەزرا[٢]. خالیـد بـەگ جوبرانلی ١٩١٩ لە شاری دەرسیم پلـەو پایەیـەکی حکومی بـەرزی هـەبوو، ئەمەی قۆستەوە تـا ڕێکخسـتنێکی کـوردی دژی بزاڤـی کـەمالی ڕابگەیـەنێت، هەربۆیە ١٩٢٠ لە نێو شێخ و هۆزە کوردییەکان و ڕێکخستنە سیاسییەکانی کوردا پێوەندی درووستکرد[٣] . ڕێکخستنەکە لە ماوەیەکی کورتدا لـە زۆربـەی شـار و شارۆچـکەکانی کوردسـتان و دەرەوەی کوردسـتاندا لقـی کـردەوە، ئامانجەکانی ئەم کۆمەڵە بریتی بوو لە یـەکێتی و سـەربەخۆیی کوردسـتان و سەرکردەکانی پێیان وابوو کوردستان هەمووی یەك پارچەیەو داگیرکراوە[٤] . کۆمەڵەکە ١٩٢٤ یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست[٥]، لەم کۆنگرەیەدا ئامادەکـاری تەواویان کـرد بـۆ شۆڕشـی سەرتاسـەری کوردسـتان و[٦] بڕیاریانـدا هاریکـاری ئینگلیز بە دەستبهێنن و لە بەرامبەر سۆڤیەتیشدا نەیار بن[٧].

---

١خالیـد جـوبرانلی کـوڕی سـەرۆك هـۆزێکی گـەورەی کـورد بـوو، لـە قوتابخانـەی سـەربازیی حەمیدییـە خوێندوویـەتیو لـە سـوپای عوسمانیـدا گەیشـتبووە پلـەی کۆلۆنێـل.( مایکـڵ گانتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، ل١١٣).

٢ گ . ب . اکویف (هاکوپیـان) و م (مهـاوریف) : کـردان گـوران و مسـئلە کـرد در ترکیـە، ت: سیروس ایزدی، مؤسسە فرهنگی نشاط، تهران، ١٣٨٦،ل ١٢١ – Birhatinen MIN, 1907 Hesen HiŞyar : Ditinu 1985 Bargl, çapxna Fetral, berat, 1993. 241 ;.

٣ ڕۆبەرت ئۆڵسن : ڕاپەڕینەکانی شێخ سەعیدی پیران، ل٥٥ .

4. Tahsin Sever : Seroke (Azadi), Xalid Bege, kovara bir, he jmar7, diyar bakin 2007, L.23 .

٥ مارتین ڤان برۆ نەسن : س،پ، ب٢،ل ٢٨٢ ـ ٢٨٣ .

٦ لازاریـف : ألمسـألة الکردیـة ألنضـال وألأخفـاق ١٩٢٣ ـ ١٩٤٥، ت: عبـدی حـاجي، مؤسسـة أراس، أربیل، ٢٠٠٠، ل ٨٧ .

٧ عبدألفتاح علی یحی ألبوتاني : وثائق عن حرکة القومیة الکردیة التحرریة، ملاحضات تاریخیة ودراسات أولیة،ط١، مطبعة وزارة تربیة، أربیل،٢٠٠١، ل٤٨٨

لەم سۆنگەیەوە بەرنامەیەکی وردیان بۆ ڕاپەڕین دارشت، بەڵام بەهۆی ئاشکرابوونی تۆڕە شاراوەکانیان تەواوی سەرکردە کاراکانی ڕێکخراوەکە دەستگیران[1]. ناچار بەهۆی لەپێشچاوگرتنی پێگە کۆمەڵایەتی و ڕۆحییەکەیەوە (شێخ سەعیدی پیران)* دیاری دەکەن وەك سەرۆکی ڕێکخراوەکەو ڕۆژی ٢١ی ئازاریش بۆ یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین دیاری دەکەن،[2] بەڵام کۆمەڵەکە بەهۆی ناکۆکی ناوخۆ و کرێگرتەیی هەندێ لە خێڵە کوردییەکان و قۆڵبەستکرانی زۆربەی کادێرە دیارەکانی نەیتوانی سەرکەوتن بە دەستبهێنێ، یاخۆ کۆمەڵەکە ئەگەر چی لەنێو وڵات خاوەن ڕێکخستنێکی بەهێز بوو، بەڵام لە ڕووی سەربازییەوە فەرماندەی کارای بەراورد بە لەشکری تورکی نەبوو[3]. ئیتر لەپاش شکستی ڕاپەڕینی (شێخ سەعیدی پیران) یاسا زۆرە ملێیەکانی تورك، کوردستانیان کرد بە نێوچەیەکی سەربازی و قەدەغەکراو[4]، ناچار نیشتیمان پەروەرانی کورد بیریان لە کۆششی سنوورەکانی دەرەوەی وڵات کردەوە[5]. بەمجۆرە بەرژەوەندی هاوبەش لەدەرێی کوردستان هەموو ڕێکخراو و کۆمەڵە جیاوازەکانی کۆکردەوەو ساڵی ١٩٢٦ خۆیان ئامادەکرد بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی گەورە، بەجۆرێك تەواوی نوێنەرانی پارت و ڕێکخراو و سەرەك هۆز و ڕووناکبیرانی کوردی تێدا بێت، ئیتر کۆنگرەکە لە ٢١ی ئابی١٩٢٧دا لە چیاکانی باکووری

١ زنار سلۆپی : فی سبیل کردستان، مذکرات، دارألکتاب، بیروت، ١٩٨٧، ل١٠٨ .

* شێخ سەعیدی پیران لەشێخانی نەقشبەندی و خزمی خالید بەگ بوو، دەسەڵاتێکی ڕۆحی بەرینی لەناو زازایەکانی باکوورو ڕۆژهەڵاتی دیاربەکر هەبوو.(مارتین ڤان برۆنەسن: س، پ، ب٢، ل٢٨٢).

٢ کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردیەکان لە بەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو فەڕەنسادا: س، پ، ل٢٢-٢٣.

٣ ئیحسان نوری بەدلیسی : شۆڕشی نەتەوەیی کورد لە تورکیا، و: م.جەمیل ڕۆژ بەیانی، دار الحریە، بغداد، ١٩٩٣، ل٢٥ ـ ٢٦ .

٤ نادر انتصار : قومیت گرایی کرد، ت. عبدالله عبدالله زادە،چ١، انتشارات معرفت، تهران،١٣٨١، ل٦٥ .

٥ مارتین ڤان برۆنەسن : س، پ، ب٢، ل ٢٨١ .

کوردستان بەستراو چەند هەفتەیەکی خایاند، لە کۆنگرەکەدا نوێنەری حزبی (تاشناق)* ی ئەرمەنی بەشدار بوو[1].

گـرنگترین ئامانجـەکانی ئـەم کۆنگرەیـە دامەزرانـدنی ڕێکخسـتنێکی نەتەوەیی و کیانێکی سەربەخۆ بوو لە کوردسـتان. بـۆ ئـەم مەبەسـتە گـەلێ بڕیار دران، لەوانە :

١. هەڵوەشـاندنەوەی ڕێکخسـتنە پەرتـەوازەکانی کـوردو نـەمانی دەمارگیریی دژی ئەرمەن و چێکردنی هاوپەیمانێتی ستراتیژی لەتەکیان .

٢. دامەزرانـدنی سـەرکردایەتییەك بـۆ هێـزە چـەکدارەکان و خـەبات تـا دەرکردنی دوا سەربازی تورك لە کوردستان[2].

هەر لەسەر بنەمای بڕیارەکان لـە تشـرینی یەکـەمی ١٩٢٧ دا لـە هاوینـە هەواری بحەمدونی لوبنان یەکەم ڕێکخستنی نەتـەوەیی یـەکگرتووی کـوردیی بەناوی( خۆیی بوون) ڕاگەیەنرا[3].

(جەلادەت بەدرخان) وەك یەکەم سەرۆکی کۆمەڵەکە هەڵبـژێردراو لەسـەر بڕیارەکـانی کـۆنگرە، سـاڵی ١٩٢٨ (ئیحسـان نـوری پاشـا)** وەك سـەرۆکی هێزە چەکدارەکان دیاریکرا[4].

---

* حزبـی (طاشـناق)١٨٩٢ لـە شـاری تـەفلیس دامـەزراوە، ئامـانجی درووسـتکردنی دەوڵـەتی ئەرمەنستانی گەورەیە.

(Rohat Alakom:Hoybun Õregütü Agri ayaklanmasi, baski gulen of set, Istanbul, 1998, S.31).

1.Rohat Alakom: A,G,E,S.31.

2. Rohat Alakom : A,G,E,S. 32, 33; Dr.Bileç Şerkoh : pirsiyaria kurd mejuwa kurdanu mihwal, warger: Dr. sicuma, hawler, 1999, L.119,120 .

٣ عبدألستار طاهر شریف : س، پ، ل ٦٤.

** ئیحسـان نـوری پاشـا ١٨٩٢ لـە شـاری بـەدلیس لـە دایـك بـووە، قوتابخانـەی جـەنگی ئەستەمبوڵی تەواو کردووە، بەشداری جەنگی ڕزگـاریخوازی تورکیـای کـردووە، ١٩٧٦ لـە ڕووداوێکدا لە تاران کۆچی دوایی دەکات. (بلەج شێرکۆ : کێشەی کـورد، مێژینـەو ئێسـتای کورد، و. محمد حەمەباقی، چ٣، کوردستانی عێراق، ١٩٩٢، ل ٩٠، ٩١) .

٤ ویلسون ناثانیل هاول : ألکـورد وألأتحـاد ألسـوفیتی، ت.ضـیاء الـدین ألمرعـب، ط١، مطبعـة إیلاف، بغداد،،٢٠٠٦، ل١٥٥ .

خۆیی بوون هەڵگری پرۆژەی ستراتیژی سەربەخۆیی کوردستان بوو، ئـەم ڕێکخـراوە بـۆ هــەر چوار پارچـەکەی دەڕوانـی، هەربۆیـە بـواری ڕاگەیانـدو پڕوپاگەنـدەی زۆر بایـەخ پێـدەدا و بەیاننامـەکانی بـە زمانـە زینـدووەکانی فەڕەنسـی و ئینگلیـزی و عـەرەبی و تـورکی وەشـاندەکرد[1]. بـەمجۆرە لـە ماوەیەکی کەمدا سـەدان لقـی لـە نـاوەو دەرەوەی کوردسـتان کـردەوە، بـە تایبەتی لە ئەورووپا و ئەمەریکا، لە هەمانکاتدا چیاکانی ئاراراتی کردە بنکـە بـۆ ڕاپـەرینی چـەکداریی و خـەباتی گـەریلایی نەتەوەییـەکانی کـورد، وەلێ سوپای تورکیا ساڵی ١٩٢٨ ڕووبەڕووی ئەم کۆمەڵە بووەوەو تا ١٩٣٠ کۆتایی بە ڕاپەرینی (ئاگریی) هێنا[2]، چونکە بەدەر لە تورکیا حکومەتەکانی سـوریا و عێـراق و ئێـران کەوتنـە دژایـەتی ئـەم ڕێکخـراوە ناسیۆنالیسـتەی کـورد[3]، تەنانەت سۆڤیەتیش دوژمنانە تەماشای ئەم کۆمەڵەی دەکرد و پێی وابوو بـە کـرێگیراوی ئیمپریـالیزمن[4]. لێـرەوە بــە ناچـاری قۆنـاغی بێـدەنگی لـە جووڵانەوەی پارتایەتی لە بـاکووری کوردسـتان دەسـتی پێکـرد[5]. لەبەرئـەوە چاودێران پێیان وایە بزاڤی نەتەوەخوازیی کورد لەو قۆناغەدا لە دەرەوەو لـە دوور خراوەیدا ژیاوە.

هەرچەندە ڕێکخراوەکە لە دەرەوە ڕیزەکانی ناکۆکیان تێ کەوت*، بەڵام توانی پێوەندی لـە گـەڵ ڕێکخسـتنە سیاسـییەکانی پارچـەکانی کوردسـتاندا

---

١ کۆمەڵەی خۆیی بوون : س،پ،ل ١٣ .

٢ بلەج شێرکۆ : کێشەی کورد، مێژینەو ئێستای کورد،ل ٩٠، ٩١ .

٣ حەسرەتیان : یاسا دەستورییەکانی تورکیاو کورد، ل ٤٠ .

٤ لازاریف : ألمسألة الكردية( ١٩٢٣ ـ ١٩٤٥)، ل ١٧٦ ، ١٧٨ .

٥ عبد ألفتاح علی یحی ألبوتاني : ألأحزاب وألمنظمات ألسياسية، ل ١٤ .

* کۆمەڵەکـە ١٩٣٧ دەبێتـە دوو بـەش، هەربەشـەیان پشـتگیری لایـەك لـە عـەرەب یـان فەڕەنسـیەکانن، قـەدری بـەگ و ئـەکرەمی جـەمیل پاشـاو عەبدوڕەحمان ئاغـا لایـەنگیری عـەرەبن، بـەڵام حـاجۆ ئاغـاو ئاغاکـانی تـرو جگـەر خـوێنی شـاعیر لایـەنگیری مەسـیحیو فەڕەنسیەکانن، دوواجار ئەکرەمو قەدری گیرانو دوور خرانەوە. (مالیمیسانیژ : س،پ، ل ٢٠٩).

زینـدوو ڕابگرێـت، لـەم نێوەندەشـدا پێوەنـدی لەگـەڵ کۆمەڵـەی هیـوا* و (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) کرد**. لـەو قۆناغـەدا (ئـەکرەم جـەمیل پاشـا)ی سـەرۆکی خـۆیی بـوون*** لەتـەك (ڕەفیـق حلمـی) سـەرۆکی کۆمەڵـەی هیـوا کاریان دەنگیان یەکخست بۆ دروستبوونی گوتارێکی هاوبەش لـە خـەباتی ڕامیاریی ئەو قۆناغەی کورد دا[1].

لـە ئـابی ١٩٤٤دا لـە چـیای(دالانپەر)[2] لەسـەر سـنووری تورکیـا و ئێـرانو عێراق (پەیمانی سیانەی ناسراو بە پەیمانی سێ سنوور)[3] کە لە نێـوان قاسـم قادری نوێنەری ژێکاف و شێخ عوبەیدوڵڵا نوێنەری (هیوا)و قازی مەلا وەهاب بەنێوی نوێنەری کورد لە باکووری کوردستان واژۆکرا. لەم پەیمانەدا سنوور و جوگرافیا و ئـاڵای کوردسـتانی گـەورە بـۆ یەکـەمجار دیـاریکرا[4]. هاوکـات لـە خۆرئاوای کوردستانیشدا چەندین یانە و ڕێکخراوی لاوانـی کـوردیی کاریگـەر بە هۆشیاری هزری نەتەوەیی خۆیی بوون دروستبـبوون. بـەجۆرێك لەسـەر

---

* کۆمەڵەی هیوا ١٩٣٧ لە باشوری کوردستان دامـەزراوە، ڕەفیـق حلمـی سـەرۆکی کۆمەڵەکـە لەنامەیەکیدا بۆ قەدری جەمیل پاشا دەنوسـێ نوێنـەرتان بنێـرن بـۆ سـنوور بـۆ هاریکـاری کردنی یەکتری.(زنار سلۆپی: دۆزی کورد، ل ١٨٢).

** کۆمەڵەی ژیانەوەی کـورد لـە ١٦/ئـابی ١٩٤٢ دا لەلایـەن کۆمـەڵێك وردە بۆرجـوای چـینی ناوەراست دامەزرا لە مهاباد.( ولیم إیغلتن الابن: جمهوریة مهاباد، ترجمة:جرجیس فـتح الله، ط٢، وزارة تربیة، أربیل،١٩٩٩، ل ٧٥، ٦٦).

*** ئەکرەم جەمیل پاشا : کوڕی جەمیل پاشا زادە قاسم بەگە، ١٨٩١ لە دیاربـەکر لـە دایـك بووەو ١٩٧٤ کۆچی دوایی کردووە .( ئەکرەم جەمیل پاشا :کورتە ژیانا من، چ١، وەشانێن بیر، دیاربەکر، ٢٠٠٧، ل ١٠) .

١ زنار سلۆپی : دۆزی کورد، ل ١٨٢ .

٢ حامید گەوهەری : کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردسـتان، دەزگـای ئـاراس، هـەولێر، ٢٠٠٤، ل١٥٨، ١٥٩ .

٣ لەپەیماننامەکەدا پشتیان بە هەوڵەکانی کۆمەڵـەی خـۆیی بـوون بەسـت، شـاری کـەرکوکیش خرابووە ناو چوارچێوەی کوردستانەوە.(گوینتەر دیشنەر: س، پ، ل ل ١٦).

٤ ولیم إیغلتن إلابن : جمهوریە مهاباد، ل ٧٥ .

چالاکی یانە کوردییەکانی خۆرئاوای کوردستان، بالۆیزی ئەنقەرە لە دیمەشق، فشاری خستە سەر سوریا و ناچار ئەوانیش سیاسەتی توندیان لەبەرامبەر کورد گرتەبەر[1].

هاوکات چالاکی ڕێکخستنەکانی خۆیی بوون لە سوریا بەهۆی شکستی کۆماری مهاباد و چاودێری توندی تورکیا و پاشەکشەی فەرەنسییەکان لەسوریا لە ١٩٤٦ دا بەرەو لاوازی چوو، هەربۆیە (پارتی دیموکراتی کوردی سوری* کە لە ڕاستیدا زۆرینەیان ئەندامانی خۆیی بوون بوون، بەڵام بەهۆی هەستیاربوونی نێوی خۆیبوونەوە تەنها لەژێر ئەو ناوەدا** کاریان دەکرد، تا دواجار پارتی دیموکراتی کوردی سوریش لە سەرەتای ١٩٤٦ دا هەڵوەشایەوە[2].

هەروەها لە پاش شکستی کۆماری مهاباد ڕژێمی تورکیا کاری دەکرد بۆ داخستنی سنوورەکان و سڕینەوەی کاریگەرییەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران(حدکا) لە باکووری کوردستان[3].

لە ڕاستیدا بەشێوەیەکی گشتی چەند هۆکارێك بزاڤی ڕێکخراوەیی کوردیان لە دوای شکستی ڕاپەڕینی ئاگری لە باکووری کوردستان دا بێ ئەنجام هێشتەوەو بوونە هۆی ئەوەی ڕێکخستنێکی سیاسیی کارا نەتوانێ لەو قۆناغەدا درووست بێت، لەوانە :

---

١ نورالدين زازا : حياتي ككوردي، ت: خسرو بوتاني، ط١، اراس، أربيل، ٢٠٠٨، ل ١١٠، ١١٥ .

* ئەحمەد نافز سەرۆکی ڕێکخراوەکە بوو، جگەر خوێن سکرتێری بوو . ( Rohat Alakom:A,G,E, S. 116, 117)

** کۆمەڵەی خۆیبوون بەشێوەیەکی تاکتیکی نێوی خۆی گۆڕی بۆ پارتی دیموکراتی کوردی سوریا، چونکە هاوپەیمانی ئەرمەن و لە هەمانکاتدا دژی رامیاریی سۆڤیەت بوو، ئەمەش لەتەك سیاسەتی کۆماری مهاباد نەدەگونجا.چونکە خۆیی بوون بەفەرمیی بەرنامەو رامیاریی کۆماریی مهابادی قەبووڵ کردبوو.( فاضل رسول:س، پ، ل ١٥٧).

2. Rohat Alakom :A,G,E, S.116 . 117 .

٣ حەسرەتیان : یاسا دەستورییەکانی تورکیا، ل ٦٣ .

١. ڕێکخراوەکان لە ڕووی تیۆرییەوە لێوەشاوە نەبوون و بەگرانی سەریان لە شۆڕش و سیاسەت دەردەکرد[1].

٢. هاوکاریی هەرێمی داگیرکەرانی کوردستانو توندوتیژی یاساکانی تـورك لە تورکیا.

٣. پـــەرتبوونی چـــالاکییەکانی کۆمەڵـــەی خـــۆیی بـــوون لـــە دەرەوەی کوردستان و لاوازییان لە کوردستان .

٤. ڕێکخستنەکانی کورد لـە بـاکووری کوردسـتان وەك باشـوور و ڕۆژئـاوا زەمینەیان بۆ نەڕەخسا بوو.

٥. نـــەبوونی پشـــتیووانییەکی نێودەوڵـــەتی بـــۆ خواســـتە ڕەواکـــانی ڕێکخراوێکـی کـوردیی، بـەمجۆرە بـە تـەواوی لـە ١٩٤٦ دا کۆتـایی بـە ژیـانی سیاسیی کۆمەڵـەی خـۆیی بـوون و کـاری ڕێکخراوەیـی تایبـەت بـە بـاکووری کوردستان هات[2] .

**دووەم : دەستپێکردنەوەی جووڵانەوەی سیاسی و ڕووناکبیریی کورد (١٩٤٦ - ١٩٦٠)**

شکستی کۆماری مەهاباد لە ١٨ی کـانوونی یەکـەم ١٩٤٦دا، کاردانـەوەی تراژیـدی لەسـەر جووڵانـەوەی نەتەوایـەتی هـەموو کوردسـتان هـەبوو، بـەڵام ئـــەزموونی کۆمـــاری مـــەهاباد و بـــەرەنگاری نەتەوەپـــەروەرانی باشـــووری کوردستان * دژی دەسـەڵاتە هەرێمییـەکان، مانـا و نـاوەرۆکێکی نەتەوایـەتی مەزنی لەلای هەست و هۆشی کـورد لـەباکووری کوردسـتان گەیانـد ، ئەوانـە ڕووداوێکی مەزن بـوون و ئیلهامبەخشـی ناسیۆنالیسـتیی بـوون لـە بـاکووری

---

١ عەزیز شەمزینی : س، پ، ل ١١٣، ١١٢ .

2. Rohat halakom:A,G,E, s.117

* لە مانگەکانی نیسانو ئاداری ١٩٤٧ لە نێوچە سنورییەکانی ئێرانو ئێراقو تورکیـاو لـە ژێـر بۆردومانی فڕۆکەکانی ئینگلیزدا، مەلا مستەفای بارزانیو ٥٠٠ کـەس لـە هـاوەڵانی پـەنایان بردە بەر سۆڤیەت.

کوردستان دا[1]. له نێوخۆی تورکیاشدا سەردەمی فره پارتایەتی لـه ١٩٤٦دا، سەرەتایەکی باش بوو بۆ دووبـاره ژیانـەوەی هەسـتی نەتەوایـەتی کـوردیی، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك :

ا. زیندووکردنەوەی دابونەریته میللی و ئایینیەکان له سایەی رژێمـی فـره پارتایەتیدا:ـ

لەسـایەی رژێمـی فـره پارتایەتیـدا گوشـاری بەمۆدێرنـەکردن لەسـەر گوندنشینانی کورد کەمکرایەوه[2]، بەمـەش بزاڤـی نەتەوایـەتیی کـوردیی وەك هێزێکی کۆمەڵایەتی جێگەی بۆ بزووتنەوەیـەکی سیاسـیی ئـالودەی هەسـتی چـینایەتی چـۆڵکرد، بـەمجۆره گـەلێك دەسـتەی متکـردوو بـۆ دووبـاره جموجووڵی کوردایەتی زیندووبوونەوه[3]. دیاره تا ئەوکات شێخ و مەلاکان بـه دژی کاربەدەستانی دەوڵەت بەردەوام حوجره و خوێندنگەی ئایینیان هەبوو، ئەوان بەتەنیشت فێرکردنی ئایینیەوه بەرهەمگـەلێکی کولتـووری کلاسـیکیی کوردیی وەك بەرهەمەکانی حاجی قادری کۆیی و ئەحمـەدی خـانی * و مـەلای جەزیری و فـەقێ تـەیرانیان فێـری زارۆی کـورد دەکـرد، ئـەو مەلایانـه تـەنها ڕۆشنبیری ئەو کاتـەی کـورد بـوون، کـه ڕۆڵـی مـەزنیان دەبینـی و نـەیارێتی سیاسـەتی کاربەدەسـتانی دەوڵـەتیان لـەباردا بـوو[4]. بـۆ نموونـه لـه ١٩٥٠ دا نەوڕەسـییەکان پێشـەواکەیان بـه سـەعیدی کـوردیی دەناسـاند و

---

١ رابرت السن : مساله کرد وروابط ایـران وترکیـه، ت. ابـراهیم یونسـی، چ١، انتشـارات پـائیین، تهران، ١٣٨٠، ل ٤٥ .

٢ دێرك کینان : کوردو کوردسـتان لـه نێـوان داگیرکەرانـدا، و. سـەلام نـاوخۆش، چ٣، هـەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٠ .

٣ مارتین ڤان براونەسن : س، پ، ب٢، ل٥٢ .

* ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ ـ ١٧٠٦) دانەری لاوکی (مەم و زینه)، به دامەزرێنەری تیـۆری بـیری نەتەوەیی کورد دادەنرێت.(مایکل گەنتەر : س، پ، ل ٤٦)

٤ کەندال نەزان و ئەوانی تر : س، پ، ل ١٢٠، ١٦٠ .

پەیامــەکانیان* وەك ڕەوتێکــی سیاســی و کۆمەڵایــەتی لــە کوردســتاندا بڵاودەکـردەوە و ڕەنـگ و بۆیـەکی کودانـەیان لـە بزووتنــەوە ئاینییەکـەیان دابوو[1]. لەم بارەیەوە سەعیدی کوردی وتبووی:" لایەنگرانم لێ دوور دەخەنە و بە تۆمەتی کورد بوونم هێرشم دەکەنە سـەر، دەڵـێن ڕێـزی مـەگرن چـونکە کوردە"[2]. لەبەرئەوە هەنـدێك لەوانـەی بیروبـاوەڕی نەتەوەپەرسـتیان هـەبوو سەرسامی پێشینەی کوردپەروەری ئەو پیاوە بوون[3]، بەڵام ئەم بزووتنەوە لە خزمـەت سـەلماندنی ناسـنامەی نەتـەوەیی کـوردا وەك ئـەوەی ڕوونـاکبیر و خوێندکاران و نەتەوەپەرستە کلاسیکیەکان دەستیان دابوویە، هـیچ ڕۆڵێکـی بۆ کورد نەبوو. وەلێ بەهێزترین ڕەوتی سۆفیزمی کـوردی بـوو کـە کـاریکردە سەر ڕامیاریی تورکیا[4].

ب. ڕێ خۆشکردن بۆ ململانێی پارتایەتی لەنێوان لاوان و خوێندکاراندا کە لەدوای کۆمار لەدایك ببوون:

سیاســەتی کــەمالیزم بــە تونــدو تیــژی فیــزیکیش نــەیتوانی زەمینــەی بووژانــەوەی ناسیۆنالیســتی کــوردیی لــەناو بــەرێ، ئــیتر ڕەوتــی نــوێی ناسیۆنالیزمی کوردی، بە واتای خوێندنەوەی مێژوو، قسەکردن بـە کـوردی و گرنگیـدان بـە فەرهـەنگو ڕووناکبیری لـە دایـك بـووەوە[5]، ئـەم نـەوە نوێیـە

---

* پەیامـەکانیان بـەنێوی پـەیامی نـور بڵاودەکـردەوە و (٥٠٠٠٠٠) خوێنـدکار شـوێنکەوتەی سەعیدی کوردی بوون. (أزاد سعيد سمو: سعيد النورسي، ل ١٢٩ ).

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ( یەشارقایا)، هەولێر، ٢ـ٢ـ٢٠٠٨; یەشـار قایـا ١٩٣٨ لـە شـاری ئـاگری لەدایك بووە، یەکێك بووە لە خوێنکارە گیراوەکانی گروپی (چلو نۆکـان)ی ١٩٥٩و گروپـی (٢٣)ی ١٩٦٣، ناوبراو بەشی ئابوری لە زانکۆی ئەسـتەمبوڵ سـاڵی ١٩٦٥ تـەواو کـردووە، ڕۆژنامەنوسو سیاسەتوانی دیاری باکووری کوردستانە سەرۆکی یەکەم پەرلەمانی کوردییە لە مەنفاو دامەزرێنەریی یەکەم پارتی کوردیی ڕێپێدراوە لە تورکیا.

٢ ازاد سعيد سمو : س، پ، ل ١٢٩ ـ ١٢٨ .

٣ مارتین ڤان براو نەسن : س، پ، ب٢، ل ٢٢٢ .

٤ كريم محمد حمزة ودهام محمود ألجبوري : ألقوى ألفاعلة في ألمجتمع ألتركي، ل٦٤ .

٥ حەمید بۆز ئەرسەلان : س، پ، ل ٨١ ـ ٨٠ .

بڕوایان بە شێخ و بەگ نەبوو بۆ ڕابەرایەتی بزاڤی کوردی[1*]. لەم خەباتەشدا ڕێکخراو و ڕۆژنامە کوردییەکان لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستاندا پشکی مەزنیان هەبوو، لەوانە:

١.چالاکی یانە و کۆمەڵە خوێنکارییەکانی دەرەوەی باکووری کوردستان:

ئەندامانی پێشووی خۆیی بوون لە ژێر ناوی کۆمەڵە و یانەی جیاجیادا کەوتنە چالاکی ڕووناکبیری و دیپلۆماسی نواندن، چالاکییەکانی دەرەوە زیاتر لەلایەن (وەفدی کوردی[**]) ئەنجام دەدران. لەم بارەیەوە باڵوێزی بەریتانیا لە ئەنقەرە نووسیویەتی:" لە ١٩٤٨دا بەیاننامەی (وەفدی کوردیان) پێگەیشتووە، ئەم وەفدە لە ژێر بەڕێوەبەرێتی (کامەران بەدرخان)دا بوو"[2]. ئەندامانی وەفدی کوردی لە دانیشتنی کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە پاریس، یادخەرەوەیەکیان لەسەر کێشەی کورد خوێندەوە، کە باسی لە سەربەخۆیی کوردستان دەکرد[3]. هەروەها لە نێوان ساڵانی ١٩٤٨ ـ ١٩٥٠ لەلایەن کامەران بەدرخانەوە (بیولوتێنی ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی) بڵاوکرایەوە، کە هەموو هەست و بیرێکی کوردایەتی لە باکووری کوردستان لەم قۆناغەدا لە ژێر کاریگەری ئەو جموجوڵە فەرهەنگییەدا بوو[4].

---

١ عبدالستار طاهر شریف : س، پ، ل ٢٨٣ .

* دوا جووڵانەوەی چەکداری کە نەزمێکی کلاسیکیی هەبوو، بریتی بوو لە ڕاپەرینێکی چەکداریی کە لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٧دا لە هەرێمی کورد نشینی جەزیرەدا، بەڕێبەری موستەفا شاهین، کە یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی خۆیی بوون ڕوویدا.( ڕەسوڵ هاوار : س، پ ، ب٣، ل ٣٦١؛ عەزیز شەمزینی : س،پ، ل ٢٤٣ ).

** وەفدی کوردی کۆمەڵەی کۆمەڵە لاوێکی کورد بوو کە لە کۆتایی ١٩٣٧ دا نورەدین زازا دایمەزراند، ئەم وەفدە لە هەوڵی درووستکردنی ڕێکخستنێکی کوردیدا بوو، دواجار بووە بنەمای درووستبوونی پارتی دیموکراتی کوردی سوریا ١٩٥٧ . (نوردین زازا:س، پ، ل١١٠) .

٢ ئەنوەر سوڵتانی : س،پ، ل ٣٧٦ –٣٧٧، ٢٦٧ .

٣ نورەدین زازا : س، پ، ل ١٦٥ ـ١٦٤ .

٤ حەمید بۆز ئەرسەلان : س، پ، ل ٨٠ .

چالاکی کورد له سوریا به نەمانی فەڕەنسییەکان و لە سایەی حکومەتی عەرەبیدا به تایبەتی له سەردەمی حوکمی ژەنەڕاڵ (حوسنی زەعیم) رێك لە ١٩٤٩دا بەرەو لاوازی چوو، چونکه زۆربەی ڕووناکبیر و سیاسییه دیارەکانی خۆیی بوون و (وەفدی کوردی) قۆڵبەستکران و دەرکران[١].

لەم بارەیەوە(جەلادەت بەدرخان) وتبووی:"بڕیار بوو له ١٩٤٩ دا کۆنفرانسێ ببەستین بۆ تەمامی یانه و ڕێکخراوه کوردیەکان لە سوریا، بەڵام بەهۆی فشاری تورکیا لەسەر دەسەڵاتدارانی سوریا کۆنفرانسەکە ئەنجام نەدراو بەم بۆنەیەوە سوریاش به تۆمەتی کۆمۆنیستیی تاوانباریکردین"[٢].

هەروەها گرووپ و ڕێکخراوە خوێنکاییەکانی کوردی تێکڕای پارچەکانی کوردستان لە تورکیا و ئەوروپا هۆکارێکی تری بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتی و خەباتی سیاسیی کورد بوون لە باکووری کوردستان، بە تایبەتی ئەو خوێندکارانەی باشووری کوردستان کە لە ئەنقەرە دەیانخوێند[٣].

لە ئەورووپاشدا کوردی هەموو پارچەکان لە ١٩٥٦/١٠/١٦دا لە بازێڕی wiebaden لە ئەڵمانیای فیدراڵدا (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا)یان دامەزراند[٤]، ئەمانە خاوەنی گوتارێکی نەتەوەیی بوون، کە زۆرێك لە خوێنکاران و ڕووناکبیرانی کورد لە تورکیا کاریگەر بوون بە دروشمەکانیان[٥].

نورەدین زازا دەڵێ:" لە ١٩٤٩دا لەلایەن ٦ خوێندکاری کورد لە لۆزان دامانمەزراند" . لە ڕاستیدا کۆمەڵەکە لە گوتاری نەتەوەییدا ڕۆڵی پارتێکی سیاسی نەتەوەیی دەبینی . بڵاوکراوەیەکیان بە نێوی (دەنگی کورد) بە زاری کوردی و ئینگلیزی و فەڕەنسی بڵاودەکردەوە، بەڵام پاش ماوەیەك بە

---

1. Konê ReŞ : osman sebri (1905 – 1993), beyirut, 1997, L.22

٢ ئەنوەر سوڵتان : س، پ، ل٣٧٧ .

3. Naci kutlay : Anilarim, avesta, Istanbul, 1998, s. 118

4. Drim .S. Cuma : Li ser rêya azadiya kurdistanê da, hewler, 1992,L. 15, 16

٥ حەمید بۆز ئەرسەلان : س،پ، ل ٨٠ .

فشاری تورکیا رێگه نەدرا ڕۆژنامەکە لە سویسرا چاپ بکرێ، ناچار لە پاریس درێژەیان بە وەشاندنی دا.[١]

ساڵی ١٩٥٦ لە شاری (ڤیست بادن) لـە ئـەڵمانیای ڕۆژئـاوا خوێنـدکارانی کـورد پرۆگـرام و ئامانجـەکانی کۆمەڵەکـەیان ڕاگەیانـد[٢]. خـاڵی سـەرەکی لـە ئامانجەکانیاندا ناساندنی کێشەی کـورد بـوو بـە ئـەورووپا، هـەروەها کاریـان دەکـرد لەسـەر ناردنـەوەی بڵاوکـراوەو چـاپەمەنیەکانیان بـۆ نێوخـۆی کوردستان[٣*] .

٢. چالاکی کورد لە ڕێکخستنی پارتە فەرمییەکانی تورکیا دا:

لە دوای خۆیی بوون یەکەم پارتی سیاسیی نهێنی لە ئەستەمبوڵ لەلایەن ڕوونـاکبیرانی کـورد دامـەزرا، بـە نـاوی (ژ بـۆ ئـازادی کوردسـتان)[٤]، دامەزرێنەرانی ئەم پارتە بریتـی بـوون لـە فایـەق بوجـاق[**] ، مسـتەفا ڕەمـزی بوجاق، یوسف عەزیز ئۆغلۆ، موسا عەنتەر[***] . سـەرەتا ئـەم خوێنکارانـە لـە

---

١ نورەدین زازا : س، پ، ل ١٦٤ ـ ١٦٦ .

٢ نەوزاد عەلی ئەحمەد : ڕۆژنامەگەری خوێندکاری کورد لە ئەوروپا ١٩٤٩ ـ ١٩٩١، چ١، تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٧ .

٣بڕوانە دەقـی پێـڕەوی نێوخـۆی کۆمەڵەکـە لـە.( Navend a Ledkolinen kurd:kurdistana iroyin, problemen tavgernanê tewi,çapa yekem,waşanen Roja Nu,stochholm, 1998.l.15,18

* هەندێك لە وانەی ١٩٥٩ دەستگیرکران پرۆگرامی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد لـە ئـەوروپا لەنێو ماڵەکانیاندا دۆزرابوەوە.( Naci kutlay : Anilar,s.38)

٤ چاوپێکەوتن لەگەڵ (یەشارقایا) ،هەولێر،٢ـ٢ـ٢٠٠٩.

**فایەق بوجاك ١٩١٩ لە سیڤەرك لە دایك بووە، ١٩٤٦ کۆلێژی ماف لـە زانکـۆی ئەسـتەمبوڵ تەواو دەکات، شاعیرو پارێزەرو سەرکردەی کارێزمی نەتەوەییـەکانی بـاکووری کوردسـتان بوو، ١٩٦٦ تـیرۆر کـرا.( Seîd Veroj : kuştina Seid Elçi ŭ Dr. Şivan, weşanên Bir, Diarbakir,2005, L.13,12.)

***موسا عەنتـەر ١٩١٧ لـە دیاربـەکر لـە دایـك بـووە، دەرچـووی کۆلێـژی مافـە، لـە بـواری پـارێزەری‌و ڕۆژنامەنوسـیی‌و نوسـیندا ڕۆڵـی دیـاری هـەبووە، دیـارترین بەرهەمـەکانی

ئەستەمبوڵ (ناوەندی خوێندکارانی دیجله) به مۆڵەتپێدراوی دادەمەزرێنن[1]، وەلێ لەڕاستیدا ڕێکخستنێکی نهێنی بوون و مالی موسا عەنتەر لە ئەستەمبوڵ شوێنی گردبوونەوەو چالاکییان بوو[2]. پێدەچێت به هۆی توندی یاساکانی تورکیا و گەڕانەوەی خوێنکاران بۆ نێوچە کوردییەکان لە پاش دەرچونیان له زانکۆ، ئەم ڕێکخستنە نهێنییەی کورد نەیتوانیبێت درێژە بە بوونی خۆی بدات لە تورکیا.

بەدەر لە کار و چالاکی نێو ڕێکخراوە نهێنییەکان، کورد لە ڕێکخستنی پارتە فەرمییەکان ڕۆڵی هەبوو. بۆ نموونە لە ١٩٤٦دا لەنێو (پارتی کۆمۆنیستی تورك)ی کورد ئامادەیی بەرچاویان هەبوو، بەلاّم بە پلەی یەکەم بەهۆی زیاد بوونی کورد لە پارتەکەدا بەزوویی مۆڵەتی کارکردنی ڕامیاریی لە پارتەکە سەنرایەوە[3]. هەروەها کورد لە ناو پ.د دا پێگەی دیار دۆستانە بوو، هەرچەند وەك ناسنامەی نەتەوەیی کورد نەیاندەتوانی بەشداری بکەن، بەلاّم کاندیدکراوانی کوردی نێو پارتەکە لە پەڕلەمان کاریگەریی بەرچاویان لەسەر ڕامیاریی دیموکراتەکان هەبوو لە کوردستان. پاش ماوەیەك یوسف عەزیز ئۆغلۆ لە دیاربەکر، ئەکرەم عەلی جان لە ئەرزنجان، شێخ قاسم لە قارس کە نوێنەری پ.د بوون لە پەڕلەمان لەتەك ژمارەیەکی زۆر کوردا وازیان لە پارتەکە هێناو (پارتی ئازادی)یان بەشێوەیەکی فەرمی دامەزراند (١٩٥٥ - ١٩٥٨)[4].

---

شانۆنامەی(برینی رەش)و(یاداشتەکانی) بەزمانی تورکی. ١٩٩٢ لە دیاربەکر پۆلیسی نهێنی تورکیا تیرۆری دەکەن.( عبدالفتاح علی یحیی البوتاني:دراسات ومباحث فی تاریخ ألکرد وألعراق ألمعاصر،ط١، مطبعة حجی هاشم، اربیل،٢٠٠٧).

1. Seîd Veroj:S,P, L.15-16.

2. Naci kutlay : Anilar, s. 91 .

٣ أبراهيم ألداقوقي : أكراد تركيا، ط٢، دار أراس، أربيل،٢٠٠٨، ل ١٤٦ .

٤ دیڤید ماکراوڵ : س، پ، ب٢، ل ٨٣٢ .

لەنێو (پـارتی ئـازادی)دا ڕێکخسـتنێکی نهێنـی لـە یوسـف عـەزیز ئۆغلـو، مسـتەفا ئـاکینجی، ئەسـعەد جـەمیل پاشـا بـە سەرپەرشـتی موسـا عەنتـەر درووسـتبوو. یەکـەم دانیشـتنیان لـە ئوتێـل (کـونج بلاسـا) لـە دیاربـەکر بـە ئامانجی درووسـتکردنی ڕێکخسـتنێکی نهێنـی لەسـەر بنـەمای سـەربەخۆیی کوردستان گرێدا[1].

هەروەها کورد لە (پارتی نیشتیمانی)دا[*] پێکهاتەیەکی سەرەکی بوون. لە کاتی بەشداریکردنی ئەم پارتەدا لە هەڵبژاردنی ١٩٥٧دا زیاد لـە ٤٠ ئەنـدامی کوردی نێو ئەم پارتە بە تۆمەتی کۆمۆنیستی قۆڵبەست کران، دوواجار لەبەر زێدەبوونی کورد لە ناو ڕێکخستنەکانیداو لە هەمان ساڵ دا مۆڵەتی کارکردنی لێزەوتکرا[2]. لێرەدا دەکرێت ئـەو ڕاسـتییە بخرێتـە بـەر چـاو، کـە بەشـێك لـە جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لەو قۆناغەدا بریتی بوو لە تێکۆشان لەنێو پارتـە فەرمییەکانـدا، وەلێ ئـەوانیش هـەرکات باسـیان لـە ناسـنامەی کوردایـەتی کردبێت ڕوو بەڕووی گرتنو سزادان بوونەتەوە.

٣. ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری و میدیای کوردی لەنێوخۆی تورکیا دا :

بـەدەر لـەو نووسـراو و بڵاوکراوانـەی لـە دەرەوەی وڵات بـە نهێنـی دزەیاندەکردە نێو باکووری کوردستان[3]، لەنێو تورکیاشـدا موسـا عەنتـەر لـە ١٩٤٨دا گۆڤـاری هەفتانەی(سەرچـاوەی دیجلـە)[4]ی لـە ئەسـتەمبوڵ و بەشـێوەیەکی فـەرمیی دەرچـواند[5]. بەمـەیش لـە دوای ڕۆژنامـەی (ئـاگری)

---

١ مالیمیسانیژ : عائلە جمیل پاشا، ل ١٧٦ .

* پارتی نیشـتیمانی لـە ١٩٤٥ دا لەلایـەن نووسـەری چـەپڕەوی تـورك حیکمـەت قـویلجیملی دامەزرا، (ابراهیم الداقوقی : س،پ، ل ١٤٨) .

٢ إبراهیم ألداقوقي: س، پ، ل ١٤٨ .

3. Naci kutlay : anilar, s. 82.

٤ بڕوانە بەرگی یەکەمی (سەرچاوەی دیجلە)، پاشکۆی ژمارە(٥).

٥ کونی ڕەش : موسی عنتر من سیرة نضال الکاتب والصحفي، مجلة متین، عـدد (٥٦)، ١٩٩٦، ل ١٥٥ ـ ١٥٦ .

یەکەمجار بوو بڵاوکراوەیەك لە نێوخۆی تورکیادا دەم لە خواستە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بدات، هەرچەندە گۆڤارەکە بە زوویی و لەلایەن دەسەڵاتەوە لە ١٩٤٩ دا وەستێنرا[1]، وەلێ هەر دوای ئەو گۆڤارە لەلایەن موسا عەنتەر و د. شوانەوە* گۆڤاری (ڕۆژهەلات)[2] لە ئەستەمبوڵ ساڵی ١٩٥٠ بە زمانی تورکی دەرچوو. ئەم گۆڤارە گرنگی قورسایی ستراتیژی خۆی خستبووە سەر بابەتگەلێکی پەیوەست بە باکووری کوردستان[3]. هەمان ساڵ لە ئەستەمبوڵ ڕۆژنامەی (دەنگی ڕۆژهەڵات)[4] و ڕۆژنامەی (ڕۆژهەڵاتی دیموکرات) وەك درێژە پێدەری گۆڤاری (سەرچاوەی دیجلە) لەلایەن ڕووناکبیرانی کورد دەردەچوو[5]. یەکێ لە تایبەتمەندیەکانی ڕۆژنامەگەریی لەو کاتەدا ئەوەیە کە خوێندکارانی کوردی هەر ویلایەتێك لە زانکۆکاندا دەستیان دابووە دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەی تایبەت بە خزمەتگوزاری و ئاوەدانی نێوچەکەیان، بۆ نموونە:

– ١٩٥٣ خوێندکارانی کوردی ئاگری لە ئەنقەرە گۆڤاری (ئاگری) دەردەکەن.

– ١٩٥٥ خوێندکارانی کوردی دیاربەکر لە ئەنقەرە گۆڤاری (HENEK) دەردەکەن .

– ١٩٥٦خوێندکارانی جەزیرە گۆڤاری (جودی) دەردەکەن .

---

1. MalmisaniJ ŭ maHmud lewendi : Li kurdistana bakur ŭ Li Tirkiye Rojnamegeriya kurdi (1908 – 1992), bask – baran, Ankara, 1992,L. 101.

* د. شوان(سەعیدی قرمزی تۆپراق) ١٩٣٥ لەدەڤەری دێرسیم لەدایك بووە، ١٩٥٦ لە زانکۆی ئەستەمبوڵ بەشی پزیشکی دەخوێنێ، یەکێك بوو لە ٤٩ کانو دامەزرێنەری یەکەم ڕێکخستنی چەپ بوو لە باکووری کوردستان(Seîd Veroj:S,P, L.20-21).

٢ بڕوانە بەرگی یەکەمی گۆڤاری(ڕۆژهەلات)، پاشکۆی ژمارە(٥).

3 Şîvan: A,G,E,S. 106 .

٤ بڕوانە بەرگی یەکەمی ڕۆژنامەی ( دەنگی ڕۆژهەلات)، پاشکۆی ژمارە(٦).

5. Malmisanij ŭ Mahmud Lewndi :S,P,L. 109, 104.

ــ ١٩٥٧خوێندکارانی کوردی دێرسیم، گۆڤار و ڕۆژنامەی (دەرسیم) لە ئەستەمبوڵ دەردەکەن .

هەموو ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە پاش دەرچوونی ژمارەیەك یان چەند ژمارەیەك لەلایەن دەوڵەتەوە دادەخران، بەڵام گرنگترین ڕۆژنامەیەك کە کاردانەوەی مەزنی هەبوو بریتی بوو لە ڕۆژنامەی (وڵاتی پێشکەوتوو)* ، کە لە ١٩٥٨ دا لە دیاربەکر دەردەکرا و تا کۆتایی ١٩٥٩ بەردەوام بوو[١] .

ڕۆژنامەی (وڵاتانی پێشکەوتوو) بۆشایی نەبوونی ڕێکخستنێکی سیاسیی یان جووڵانەوەیەکی چەکداری کوردیی دژی حکومەت پڕکردبووەوە[٢]، بەشێوەیەك کاریگەریی گوتاری نەتەوایەتیی گۆڤارەکە بوو بەهۆی دەرکەوتنی بزووتنەوەی بەرهەڵستکاریی (ڕۆژهەڵاتگەراکان)[٣] .

ڕۆژهەڵاتگەراکان لە ڕێی وڵاتی پێشکەوتنەوە خواستی ئاوەدانی و خوێندەواری و ئازادی نەتەوەیی کوردیان بەرزکردبووەوە. دواجار حکومەت گۆڤارەکەی داخست و هەریەك لە موسا عەنتەر و د.شوان و جانب یەلدرمیشی دەستگیر کرد[٤] .

هەر سەبارەت بە شوێن و تەوژمی ڕاگەیاندن لە هۆشیاریی نەتەوایەتی کورد داساڵی ١٩٥٠پەخشی ڕادیۆی پەریڤان و باکۆ لەلایەن سۆڤیەتەوە بۆ

---

* سەرنووسەری (وڵاتی پێشکەوتن) عەبدوڕەحمان ئەفەم دۆلکا بوو Malmisanij ŭ Mahmud ( Lewndi :S.P.L. 115).

1. Malmisanij ŭ Mahmud Lewndi :S,P,L. 110-115 .

٢ مایکڵ گەنتەر : س، پ، ل ٩٠ .

٣ ڕۆژهەڵاتگەراکان(دوگوجولوك): بزووتنەوەیەك بوون بۆ ئاوەدانکردنەوەی پارێزگا کوردنشینەکان تێدەکۆشان، کە ڕووناکبیرو خوێندکارو نوسەرو چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرایەتیشیان تێدابوو، بەشێوەیەکی گشتی هەوڵیان دەدا خۆ لە ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە کوردو کوردستان لابدەن، بەڵام شاراوە نەبوو مەبەستیان چییە.( David Mcdowall : A,G,E,S . 57.58 .)

4. Malmisanij ŭ Mahmud Lewndi :S,P,L. 117

بڵاوکردنەوەی بیری کۆمۆنیستی بە زاری کوردی دەستیان بە پەخشی زمانی کوردی کرد[1]. ئەم ڕادیۆیانە بیسەرێکی ئێجگار زۆریان لەزمانی نەتەوەیی خۆیان هۆشیاردەکردەوە، چونکە تا ئەو وەختە گوندنشینەکانی کورد هەرگیز گوێیان بۆ ڕادیۆکانی ئەنقەرە و وان نەدەگرت، لەبەر ئەوە لە ٨٥٪ ی ناوچە کوردنشینەکان تورکییان نەدەزانی[2].

بەمجۆرە سەرەڕای زیندوو ڕاگرتنی فەرهەنگ و زمانی کوردی لە پەخشی ڕادیۆکانەوە، کورد دەیتوانی ئاگاداری ڕەوشی سیاسیی دنیای دەرەوەیش بێت[3] . هاوکات ڕادیۆی کوردی قاهیرەش کاریگەریی لەسەر ڕابوونی نەتەوایەتی کورد دانا[*] . لەم بارەیەوە لە بەڵگەنامەیەکی بەریتانیادا لە ١٨ی تەممووزی ١٩٥٨دا هاتووە:" تورکیا قەڵس و نیگەرانە لەو سیاسەتەی میسر و ڕوسیا، چونکە ڕادیۆ کوردییەکان ڕۆڵی بوومەلەرزەیەك دەبینن بۆ کورد لە تورکیادا و ترسی ئەوە هەیە بزاڤی نەتەوەخوازیی کورد زیندوو بێتەوە"[٤**] .

---

١ ویلسون ناثانیل هاول : س،پ، ل ٤١١ .

٢ أسماعیل بیشکچی:ألنظام فی ألأناضول ألشرقیة، ألأسس ألأجتماعیة ـ الأقتصادیة والبنی ألقومیة،ط١، ت. شکرمصطفی، دار أراس، أربیل، ٢٠٠١، ج٢، ل ١٩٧ .

3. Dostların Kaleminden: Yaşar Kaya , Baski Art, Germany, 2006, S. 106 .

* ئەم ڕادیۆیە لەلایەن کوردانی دیمەشقو ئێراقەوە لە قاهیرە دامەزرا، قەدری جان بەڕێوەی دەبرد، ڕادیۆکە ١٩٥٨ بە هەردوو شێوەزار پەخش دەکرا. (د. عزدین مصطفی رسول : من مذکرات ألأزاعة الکردیة في ألقاهرة، جریدة ألأتحاد، عدد٢٤٩، ١٩٩٧، ل ٥) .

٤ عبدألفتاج علی یحی البوتاني : ألأحزاب وألمنظمات السیاسیة کوردیة(١٩٦٥-١٩٩٢)،بحث غیر منشورة، بحوزة کاتبە، ل١٥ .

** لە کاتی ناڕازی دەربڕینی تورکیا بۆ بەرپرسانی وڵاتی میسر: ئایا بۆچی ئەم بەشە کوردییەیان کردووەتەوە؟ (جەمال عەبدولناصر) وتبووی:"ئایا لە وڵاتەکەی ئێوەدا کورد هەیە؟ کە نییە ئیتر نیگەرانیتان لە چیە (جۆتانان ـ سی ڕاندڵ : س،پ، ل ١٢٧) .

ج. كاريگـــەريی بزووتنـــەوە ڕزگاريخوازەكـــانی دەرەوەی وڵات لەســـەر بزووتنەوەی نەتەوەييانەی باكووری كوردستان:

دامەزرانــدنی پــارتی ديمــوكراتی كــورد لــە ســوريا * لــە ١٩٥٧/٦/١٤دا كاريگەريی زۆری لەسەر جووڵانەوەی كورد هـەبوو لـە بـاكووری كوردسـتان[١]. ڕاستەوخۆ كۆميتەی ناوەنـدی پارتەكـە لـە ناوەڕاسـتی ١٩٥٨ دا، يـەكێك لـە ئەنـدامانی بـە نێـوی (سـەيد حەمـە بـاقی مـەلا مـەحموود) نـاردە بـاكووری كوردستان تا پێوەنـدی لەگـەڵ كەسايەتييەكانی كـورد دروسـتبكات و بـيری خەباتێكی ڕێكخراوەيی لە نێوياندا بچێنێت. هـەر لـەم ڕووەوە سـەركردايەتی (پارتی ديموكراتی كوردی سوريا) پێوەندی كرد بە هەريەك لە يوسف عەزيز ئۆغلـۆ، بينبـاش شـەوكەت، ئـەديب تورهانـەوە، ئەمانـە لـە هەڵسـووڕاوانی ڕاميـاريی و ناسيۆناليسـتيی كـورد بـوون لـە بـاكووری كوردسـتان[٢]. بـەڵام پێمانوايـە لەبەرئـەوەی ڕوونـاكبيران پـەرت و بڵاوبـوون و كەسـايەتييەكی كارێزمی نەبوو گردياندبكاتـەوە، ڕێكخسـتنەكانی خۆرئـاوای كوردسـتانيش بـۆ خۆيان لاوازبوون ، هەربۆيە نەتوانرا لـەو كاتـەدا ڕێكخسـتنێكی يـەكگرتوو لـە نێوياندا پێكبهێنرێت.

هاوكات شۆڕشی ٢٢ی تەمووزی ١٩٥٢ لە ميسـر و دەركردنـی ئينگليـز لـە نۆكەندی سوێس و سەركەوتنی بەرەی نيشتيمانی ئێرانيی لە سـاڵی ١٩٥٢ دا بە سـەرۆكايەتی (د.محەمـەد موسـەدەق) كـە تاڕادەيـەك كـوردی ڕۆژهـەڵاتی كوردستان پشتيوانی دكتۆر موسەدەق بوون، ئـەم بزووتەوەيـەی موسـەدەق بە ناڕاستەوخۆيی كاريگەری كردە سەر جووڵانەوەی چەپ لە توركيا[٣].

---

* پاش گەڕانەوەی نورەدين زازا بە ڕاوێژی جەلال تاڵەبانیو ئەحمە د تۆفيق سكرتێری(حدكا) پارتەكـەيان دامـەزرا، دامەزرێنـەرانی عوسمـان سـەبریو عەبدولحەميـد دەروێشو حـەمزە نويران، ڕەشيد حەمۆ، شەوكەت حـەنان بـوون.(عبدالحميـد درويـش: أضـواء علـى ألحركـة ألكردية في سوريا، ط٣، سليمانية، ٢٠٠٣، ١٥ ـ ١٨).

1. Konê ReŞ : Osman Sebri,S.P. L. 24 . 25 .

٢ عبدالحميد دەرويش : س، پ، ل١١٦ .

٣ فاتيح ڕەسوڵ : بنچينەی بيرۆكەی مێژووی كورد، ل ٨٤ .

هەر سەبارەت بەکاریگەریی خـەباتی ڕزگـاریخوازی گـەلانی دونیـا لەسـەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ناجی کـوتلای وتبووی:"ئەنتلیجنسـیای کـوردی لە جووڵانەوەی ئازادی خوازی گەلانیتر بە تایبەتی خەباتی گەلی جەزائیر دژی فەڕەنسا ١٩٥٤ کەڵکی وەرگرتبوو"[١]. بەڵام گرنگترین وەرچـەرخان لـە بزاڤـی نەتەوایەتی باکووری کوردستاندا کە کاریگەری دیاری هەبوو بێت بریتـی بـوو لـە شۆڕشـی ١٤ی تـەممووزی گـەلانی عێـراق، ئـەو شۆڕشـە بـێ دەنگـی لـە باکووری کوردستان کۆتایی پێ هێنا[٢]، چونکە لـە دەسـتووری کـاتی ١٩٥٨ی عێراقدا نووسرا بوو کورد و عەرەب هاوبەشن لە نیشتیمانی ئێراقـدا و بـەڵێنی ئۆتۆنۆمی درا بوو بە کـورد[٣]، هـەروەها گەڕانـەوەی بـارزانی لـە سـۆڤیەت بـۆ عێراق دیسانەوە کاریگەریی هەبوو لەسـەر هـەموو کـورد [٤]*. هەرچـەندە ئـەم کاریگەرییە لە ڕووی پارتی بوونەوە شوێنی خـۆی نـەگرت، بـەڵام چاپەمەنی تورکیا زیاد لە بـوونی پـارتێکی کـوردی لـە مەترسـییەکانی تێگەیشـتبوون[٥]. چاپەمەنی کوردی کە لە باشوورەوە دزەی کردبـوو، بـە نـەزمێك بـوو کـە بـە نهێنی لە پاڵ مزگەوتەکاندا کتێبی کوردی دەفرۆشران. بۆ نموونـە ڕۆژنامـەی (yeni Istanbul) نووسی بووی:" چەندین خوێندنگـە بـە نهێنـی دامـەزراون و ئەلف و بێی کوردی فێری زاڕۆی کـورد دەکـەن"[٦]. لەسـەر ئـەم بنەمایـە لـە

---

١وەرگیراوە لە: حەمید بۆز ئەرسەلان : س، پ، ل ٨١ .

٢ عبدألفتاح يحی البوتاني: وثائق عن حركة ألقومية ألكردية، ل ٧٠٦ ـ ٧٠٤ .

٣ درية عوني : س، پ، ل ١٣٣ .

* وێنـەکانی بـارزانی کـە لـە ڕۆژنامـەکانی تـورك بـڵاو دەکرانـەوە، راسـتەوخۆ لـە مـاڵی کورنشـینەکاندا هەڵدەواسـران.( Mahmut yesil : DDKOY Earqine , kovara Bir Hejmar5, matbaa Bariş diyarbakr,2006, L.243,244) .

٤ چاوپێکەوتن لەگەڵ (یەشارقایا) ، هەولێر، ٢-٢-٢٠٠٩.

5. Ibrahim Guçlu: Bingeha Pevajoya yekemin biharaTevgera Bakure kurdistane, kovar Bir, Hejmar5, matbaa Bariş ,diyarbakr, 2006, L.30 .

٦ ژويس بلـو : مسـأله کـرد، بـررس تـاریخی و جامعـه شناسـی، ت. پرویـز امینـی، انتشـارات دانشگاه کردستان، سنندج، ١٣٧٩، ل ٢٣ .

تەمووزی ١٩٥٨دا ، ١٠ لە کەسایەتیەکانی کوردی باکوور پەیوەندیان کرد بە (شێخ ئەحمەد بارزانی)یەوەو لە لایەن ئەفسەرانی کورد لە سوپای ئێراق پێشوازیان لێکرا[١]. سەبارەت بە کاریگەریی بەرینی هۆشیاریی نەتەوەیی عێراق لە مەڕ باکووری کوردستان رۆژنامەی (دونیای تورکی) پێی وایە ڕووداوەکانی شۆڕشی ئارارات و شێخ سەعید بەهۆی ڕەوشێکی لەم جۆرەوە بوون[٢]، چونکە باکووری کوردستان لە ژێر کاریگەری ڕووداوەکانی دەورووبەردا پێشکەوتنێکی دینامیکی بەخۆیەوە بینیبوو.

ئەو کاردانەوەی تورکیای ترساند، بریتی بوو لە خۆپیشاندانی خوێندکارانی کورد لە ئەستەمبوڵ لە بەرامبەر لێدوانەکانی Asim Ereni نوێنەری ئەنجومەنی نیشتیمانی تورکیا، کە وتبووی:" کورد لە جیاتی تورکمانەکانی کەرکوك بکوژن"، لەکاردانەوەیدا خوێندکارانی کورد بەتوندی لەشارەکانی تورکیادا خۆپیشاندایان ڕێك خست[٣]. ئەم جوولانەوانە لە کۆتایی پەنجاکاندا لایەنی سیاسی بەخۆوە گرت و ئیتر وەختبوو ئامادەبن بۆ ڕێکخستنێکی سیاسی سەرتاسەریی لە کوردستاندا، بەڵام پێش ئەوەی ئەم ڕێکخستنە ڕابگەیەنرێ، تورکیا نەخشەی قەلاچۆکردن و زەوتکردنی ئازادییە سیاسییەکانی جێبەجێکرد[٤]. هەربۆیە حکومەت بۆ کۆتایهێنان بەو ڕەوشە بڕیاری قۆڵبەست کردنی ٥٠ ڕووناکبیری کارای کوردی ڕاگەیاند، هەرچەندە دەستگیرکراوەکان سەر بە ڕێکخستنێکی دیاریکراو نەبوون، وەلێ گرووپێکی ئامادە و کارا لەسەر بیری کوردایەتی بوون[٥]. ئەم دەستگیرکردنە ڕاستەوخۆ دوای کۆبوونەوەی (سەنتۆ) هات، ئەمەش ئاماژە بوو بۆ هەوڵێکی هەرێمی بۆ شکستی ڕابوونەوەی پرسی کورد لە باکووری کوردستان[٦].

---

١ بڕوانە هەواڵی پێوەندییەکان لە بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی ئێراق، پاشکۆی ژمارە(٧).
٢ د . ك . و . ملفات مجلس ألسيادة، سفارة ألجمهورية ألعراقية في أنقرة، (رقم الملف ٢٨٨)..
3. Seîd Veroj : S, p, L. 16 .
٤ چاوپێکەوتن لەگەڵ (یەشارقایا)، هەولێر، ٢-٢-٢٠٠٩.
٥ حەمید بۆز ئەرسەلان : س، پ ، ل ٨١ .
٦ عیسمەت شەریف وانلی : کوردو کوردستان، ١٩٧١، ل ٤٤ .

(٤٩) دەستگیرکراوەکان ناوەکانیان لەلایەن ئاسایشی نەتەوەیی تورکەوە دیاری کرا بوو[*]. لەم بارەوە (زیا شەرف ئۆغلۆ) دەڵێ:"ئێمەیان تەنها لەسەر کوردایەتی گرت، تۆمەتی کۆمۆنیستی پلان و مەکری تورك بوو، چونکە کورد ڕقی لە کۆمۆنیستەکان بوو"[1].

هەر سەبارەت بە هۆکارەکانی دەستگیرکردنەکە ناجی کوتلای دەڵێ:"لەماڵەکەمدا بڕیارەکانی کۆنگرەی خوێندکارانی کورد لە ئەڵمانیا دۆزرانەوە کە کۆپیم کردبوون، بۆیە دەستگیریان کردم"[2] . هۆیەکی تری دەستگیر کردنەکە بەدیهێنانی خواستەکانی ئەمەریکا بوو، ئەمەریکا لە دوای شۆڕشی ١٩٥٨دا هیواو حەوجێی بە عێراق نەما بوو، هەربۆیە لە بەرژەوەندیدا نەبوو تورکیا پارچە پارچە بێت و کاریگەریی عێراق لە ناوخۆیدا زیاد بێت، چاودێران پێیان وایە لەسەر خواستی ئەمریکا ٧٤ بیرمەندی زانکۆیی لە تورکیا گیران، کە ٤٩ یان ڕووناکبیرە کوردەکان بوون[3]. ڕژێمی تورکیاش بە گوێرەی بەڵگەکانیان پێیان وایە ٤٩ کان سەرقاڵی ڕێکخستنێکی سیاسی بوون بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ، ئەو ڕاپۆرتە هەواڵگیرییانەی لەلایەن (ئەحمەد موشلوو)ی بە کرێگیراوی تورك بەرز کرابوونەوە، تێیاندا نووسرابوو:"من لەو کۆبوونەوەیەدا بووم کە لە ماڵی زیا شەرەف ئۆغلۆ لە ١٩٥٩/١٠/٤دا ئەسعەد سزائی جەمیل پاشا، شەوکەوت توران، سلیم قلیع ئۆغلو، حەسەن ئاکسۆنی ئامادەی بوون و لە کۆبوونەوەکەدا بەرنامە دانرا بۆ بزووتنەوەیەك و دیاریکردنی ڕابەرێك بۆ خۆیان". هەروەها لە ڕاپۆرتەکانی تردا نووسیبووی:"ئەم چالاکیانە لەسەر ئاستی دەوڵەتان بووەو (ئەسعەد

---

* پەنجا ڕووناکبیری کورد بوون، بەڵام بەهۆی کوژرانی ئەمین باتۆ لە ژێر ئەشکەنجەدا، ڕووداوەکە بە چلو نۆکان ناسراوە . (Musa Anter :A,G,E, S. 152)

1. Musa Anter :A,G,E, S. 167.

2. Naci kutlay : Aniler, s. 87 .

٣ أبراهيم ألداقوقی : س، پ، ل ١٤٨ .

سـزائی) پەیوەنـدی لـە تـەك برایەکیـدا هەیـە لـەنێو بزووتنەوەکـەی مـەلا مستەفادا"*[١].

بـەمجۆرە دەوڵـەت پاسـاوی بێبنـەما و دروسـتی لەمـەڕ دەسـتگیرکراوەکان دەورووژانـد، تەنانـەت سـەرۆك کۆمـار و وەزیـری نـاوخۆ (نـامیق غیـدیق) ڕایانگەیانـدبوو کـە هاونیشـتیمانیانی کـورد لەسـەر چـالاکی کۆمۆنیسـتی گیراون[٢]. هەربۆیە سـەرەتا (٤٩)کـان لـە زینـدانی تاکـە کەسـیدا و بـە نیـازی کوشتن بەنـد کـران** و[٣]ڕێگـە نـەدەدرا کەسـوکارەکانیان سـەردانیان بکـەن و شـوێنیان بـزانن،[٤] وەلێ لـە ئەگـەری کاردانـەوەی جـەماوەری و ڕای گشـتی نێودەوڵەتیدا بڕیاری کوشتنیان جێبەجێنەکرا[٥]، چـونکە ئـەم دەسـتگیرکردنە لـە دەرەوەی تورکیـا کاردانـەوەی مـەزنی درووسـتکرد و لەلایـەن کەسـانی ئازادیخوازەوە بە توندی مەحکوم کرا[٦]، لەلایەکی ترەوە ئەم ڕووداوە بوو بە سەرەتایەکی دیاریکراو لە بزاڤی ناسیۆنالیسـتی کوردیـدا، چـونکە پێکهاتـەی (٤٩)کان بوونە بەردی بناغەی پارتە سیاسـیەکانی کـورد و بنـەمای هزرییـان ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاڕاسـتەی ڕامیـاری تێکڕای پارتـە کوردیـەکان هـەبوو لەداهاتوودا.

---

* ئەسعەد سزائی جەمیل پاشا: ١٩٠٤ لـە دیاربـەکر لـە دایـك بـووە، لـە فەڕەنسـا ئەنـدازیاری کشتوکاڵی خوێندووە، یەکێك بوو لە ئەندامە باڵاکانی پ.دو ١٩٥٧ لە پارتەکە جیابووەوە . (مالمیسانیژ : س، پ، ل ١٧٦) .

١ مالمیسانیژ : س، پ، ل ١٧٨ ـ ١٧٩ .

٢ حەسرەتیان : یاسا دەستورییەکانی تورکیاو کورد، ل٧١ .

**ئەمین باتۆ خەڵکی شاری مێردینو خوێنکاری کۆلێژی ماف بـوو، لـەژێر ئەشـکەنجەدا گیـانی لەدەستدا.(Musa Antar: A,G,E,S. 152-153)

3 Naci kutlay : Anilar, S. 91 .

4 Şîvan : A,G,E,S. 93 .

٥ دیڤید ماکراول : س، پ، ب٢، ل٨٢٨ .

6 Divid Mcdawall : A,G,E,S. 57- 58 .

چونکە هەر لەسەرەتاوە (٤٩)کان دووبەرەی ئایدیۆلۆژی جیا و ناکۆك بوون، بەڵام تا ئەو کاتە دووبەرەکییەکە نەتەوەیی و دژوار نەبوو، بەڵکو سیاسی و ئایدیۆلۆجی بوو، ئەوان لە زینداندا دابەشببوون بۆ گرووپی چەپ و گرووپی ڕاست، گرووپی ڕاست سەردارەکەیان (زیا شەرەف ئۆغلۆ) * بوو، چەپەکانیش زۆرینەیان پێك دەهێنا ** . دواجار ئەم گرووپانە بوون بە دەستپێکی کاری ڕێکخراوەیی کوردی چ لەنێو پارتە فەرمییەکانی دەسەڵاتدا، چ بەنهێنیو لەنێو پارتە سەربەخۆکانی کورد دا، یان لەنێو یانە ڕۆشنبیرییەکاندا. پێمانوایە ئاماژەکانی سەرهەڵدانی خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی سەرلەنوێ لە کاردانەوەی دەستگیرکردنی (٤٩)کانەوە دەستیپێکردەوە. ئەوەبوو لە پاش دادگایی کردنی (٤٩) کان و بڕیاری سزادانی ٧ بۆ ١٤ساڵ بۆ هەریەکەیان، خۆپیشاندانی خوێندکاریی کورد لە مانگی ئازادی ١٩٦٠دا لەدەڤەرە کوردییەکان و شارە مەزنەکاندا دەستی پێکرد[1]. بەمجۆرە دەرهاویشتەکانی ڕابوونی نەتەوەخوازیی کورد سەرلەنوێ ئەگەرەکانی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توندی دژ بە ڕژێمی تورکیا گرتە بەر، بەجۆرێك وەختبوو بزووتنەوەکە ببێتە پێشهاتێکی سەپاو، وەلێ ناچار کودەتای سەربازیی ١٩٦٠بوو بە لەمپەری بەردەم ئەو پێشهاتە.

---

* گروپی ڕاسترەو لەزینداندا بریتی بوون لە: زیا شەرەف ئۆغلو ، شەهابەدین سەبتی ئۆغلو، مەهدی عەلی دینلەر، عەبدوڕەحمان ئەفەو، عەلی قەرەهان، سەعید ئاڵچی، سەلیم کلچ ئۆغلو، حەیدە ئاکسو، عەبدوڕەحمان ئەفەم دالاك . (Musa Antar: A,G,E,S .167.) .

** چەپەکان بریتی بوون لە (جەزمی باڵکاش، هالیس یۆکۆش، نەزمی باڵەکاش، عیسمەت باڵکاش، مەهمەت ئایدەمیر، ئۆککەش قەرەداغ، فەوزی ئاوشار، جانب یلّدرم، سەعیدی قرمزی، ناجی کوتلای، مەدەد سەرحەد، یەشارقایا، ئەساد جەمیل ئۆغلو، نەجاتی سیاهکان، ئۆرفی ئاککۆ یونلو، نورەدین یەڵماز، حەسەن ئاککوش، فایەق سەواش، ئوغوز ئوجول، خەلیل دەمیرەل، موحسین شاواتا، شەوکەت توران، یاوز جاملی بێل، یوسف کاچارو، زیار ئاجار، فازل بودار، موسا عەنتەر، جەودەت ئاباداغ، عەلی دینلەر) . (Musa Antar: A,G,E,S. 167-168) .

١ إبراهيم ألداقوقي : س،پ، ل١٤٩ .

## بەشی دووەم

# کورد لە سیاسەتی حکومەت و پارتە فەرمییەکانی تورکیادا (١٩٦٠ - ١٩٨٠)

### باسی یەکەم: کورد لە سیاسەتی حکومەت و کۆدەتا سەربازیەکانی تورکیا دا

**یەکەم: کودەتای سەربازی ١٩٦٠ی تورکیا و چارەنوسی کێشەی کورد**

سوپای تورکیا* ڕۆژی٢٧ی مایسی ١٩٦٠ دەستی گرت بەسەر تەواوی دەسەڵاتە حکومی و سیاسییەکانی تورکیا داو کۆتایی بە فەرمانڕەوایەتی پ.د هێنا[١] .

سەرکردایەتی سوپا لە یەکەم بەیانی سەرکەوتنی کودەتادا، کە هۆکارەکانی کودەتایان تێدا ئاماژە پێ دابوو ڕایانگەیاند:" لە پێناو بەرگرتن لە جەنگی نێوخۆ و پاراستنی یەکێتی گەلی تورک و گەڕانەوە بۆ ئازادییە دیموکراتییەکان شۆڕشیان کردووە، شۆڕشەکەشیان هەوڵێکە بۆ گەڕانەوە بۆ بنەمای باوەڕەکانی ئەتاتورک کە لەسایەی حوکمی پ.د دا کەوتوونەتە مەترسییەوە".[٢] لە گەڵ ئەم ڕاگەیاندنەدا جەماوەری شارەکانی ئەنقەرە و ئەستەمبوڵ بە گەرمی پێشوازیان لە سەربازەکان کرد. بەڵام خەڵکی کوردستان بە بێ دەنگی مانەوە و هیچ کاردانەوەیان نەبوو، چونکە لە ڕووانینی کوردا کودەتا خواستی خەڵکی بەرهەڵستکار نەبوو، بەڵکو تەنها دەرهاویشتەی پلانێکی هاوبەشی ئەمەریکا و سوپای تورکیا بوو. لە

---

*کۆدەتاچیەکان پێکهاتبوون لە ٣٨ ئەفسەر کە (٥)یان جەنەڕاڵ بوون، دیاری ترینیان جەمال گورسیل بوو.(مصطفى ألزين : أتاترك وخلفاءوه، ل ٢٩٩).

1 Erikj Zurcher : op. cit, p. 240 .

2 Erikj Zurcher : Ibid, p. 241 – 242 .

سەرەتادا کودەتـا چـییەکان کۆمیتەیـەکی بـەڕێوەبردنیان بەنێوی(کۆمیتـەی یەکێتی نیشتمانی تورکیا) پێکهێنا و تێیـدا جـەمال گۆرسـێل لـە ٢٨ مایسـی ١٩٦٠دا وەك سـەرۆکی کۆمیتەکـە دیـاری کـرا[١]. هاوکـات کۆمیتەکـە بڕیاریـدا حکومـەتێکی کـاتیی تـا کـاتی هەڵبـژاردن بـۆ بەڕێوەچـوونی کاروبـاری وڵات پێکبهێنرێت، کە جەمال گۆرسێل تێیدا هەم سەرۆك وەزیران و هـەم وەزیـری بـەرگری حکومەتــە کاتییەکـە بـوو[٢]. ئـیتر بـۆ هێورکردنــەوەی ڕەوشــەکە حکومەتی کـاتی ڕاسـتەوخۆ دادگەیـەکی بـاڵای پێکهێنـا بـۆ دادگـایی کردنـی بەرپرسـانی پێشـوو. لـەنێو کۆمیتەکـەدا بـیرو بۆچـوونی (ئـەڵب ئەسـڵان تـورکیش) وەك نوێنــەری ڕادیکـاڵترین بـاڵی کۆدەتاچـییەکان* فـرە لـە پێشچـاوگیرابوو، بـۆ چـوونەکانی ئـەو بـە گشـتی خواسـتی ڕیفـۆرمێکی سەرتاسەرییان هەبوو لـە ڕامیـاریی وڵاتـدا[٣]، کـە دەتـوانین دەرهاویشـتەی تێڕوانینی ئەم ڕەوتە ڕادیکاڵە وەك هەڵوێستی فـەرمی کودەتـا سـەبارەت بـە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد نیشان بدەین، بۆ ئـەم مەبەسـتەش ئـەم ڕێ و شوێنانەیان گرتە بەر:

**١. دەستگیرکردن و دوورخستنەوەی نیشتمانپەروەرانی کورد:**

بە وتەی ئەندامانی کودەتا کێشەی کورد یەکەمین هۆکاری کودەتـا بـوو[٤]. لەبەر ئەوە بەشـێکی سـەرەکی کارەکـانی کودەتـا بریتـی بـوو لـە شـاڵاوێکی

---

1. Erikj Zurcher : Ibid, p. 242 – 243 .

2. Erikj Zurcher : Ibid, p. 242 .

* کۆمیتەی یەکێتی نیشتمانی ٤ لەئەندامانی بەتۆرەمە کورد بـوون، لەوانـە( ئـەکرەم ئاجونـار لە(سیواس)، مجیب ئاتاتلی(ئـەرزرۆم)، وەهبـی ئارسـو(ئەرزنجان)، کامـل قراولی(کسـکای)، دواتر بوونە ئەنـدامی ئەنجومـەنی تورکیـا، تەنانـەت بـیرو ڕایـش هەیـە کـە خـودی جـەمال گۆرسێل بەتۆرەمە کوردبێت.( إبراهیم ألداقوقي:س، پ، ل ١٥٢).

٣ وصال نجیب العزاوي : ألقضیة ألكردیة في تركیا، دراسـة في ألتطوألسیاسـی للقضـیة ألكردیـة منذ بدایتها وحتی عام ١٩٩٣، رسـالة دكتـورا غـیر منشـور، كلیـة ألعلـوم ألسیاسـة، جامعـة بغداد، ١٩٩٤، ل ٨٥ .

٤ حەسرەتیان : یاسا دەستورییەکانی تورکیاو کورد، ل ٧١ .

فراوانــی کوشــتوبڕ و گــرتن و ئەشــکەنجەدانی هاوولأتیــانی کــورد، بــەجۆرێك سیاسەتی جیاکاریی ڕەگەزیی بۆ هەموو کوردێك تەنها یەك پێناسەی هـەبوو، بۆ نموونە هەموو کوردێکی ڕووناکبیر و خوێندەواریان لە شـارەکانی ئەنقـەرە و ئەســتەمبولّ دا بــە غــەوارەو جوداخــواز دەبینــی.[1] لەبــەر ئــەوە هــەموو دەستگیرکراوەکانی کورد، ئەوانەی لـە سـەردەمی پ.د گـیرا بـوون، هـەر لـە گرتووخانەکانـدا مانـەوەو بڕیـاری لـێ خۆشـبوون تـەنها ئـەوانی نەگرتـەوە[2]، لەگەلّ ئەوانەشدا لە کوردستان دەسـتگیرکردنی (٤٨٥) هـاولأتی بـە تۆمـەتی خۆ ئامادەکردن بۆ ئاژاوە لە نێوچـەکەیاندا دوورخرانـەوە بـۆ سـەربازگەکانی (سیواس)[3]. لەنێو ئەو کوردانەی کە لە ئۆردوگاکـانی سـیواس بـوون (٥٥) لـە سـەرۆك هـۆز و ناودارەکانیـان دوورخرانـەوە بـۆ خۆرئـاوای تورکیـا و لـەوێ دەست بەسەر کران.[4] دوورخراوەکان (٥٤)کەسـیان ئەنـدامی پ.دو یـەکێکیان ئەندامی پ.گ.ك بوو، لێرەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی، کـە دوور خسـتنەوەیان ئامانجێکی سیاسـیی هـەبوو، نـەك کۆمەلأیـەتی و ئـابووری، چـونکە ئاغاکـان پەیوەندیان لەتەك پ.د بەهێز بوو، هەربۆیە کودەتاچیەکان خواستیان هەبوو کاریگـەریی پ.د لـە کوردسـتاندا بسـڕنەوە[5]. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پ.گ.ك هاوکار و دەستە ڕاستی سوپا بوو لە سەرخستنی ڕامیاریی تواندنەوەی کورد دا، ئـەوان پەرەسـەندنی ڕابـوونی نەتەوایـەتی کوردیـان خسـتبووە ئەسـتۆی پ.د. لــەم بارەیــەوە رۆژنامــەی (جمهورییــەت) بــە شــۆخییەوە نووســی بووی:"حکومەتی پێشوو ڕێگەی بە کوڕەکەی شێخ سەعیدی پیران دابوو بـە ئۆتۆمبێلی ڕووسییەوە بچێتە ڕۆژهەلأت و باس لە دەولّەتی کـوردی بکـات"[6].

---

1 Şîvan :A,G,E,S. 94.

2 Şîvan :A ,E,S. 93 – 94.

٣ لازاریف : تاریخ کردستان، ل ٣١٦ “ 94 – 93. Şîvan :A,G,E,S)

4. Naci kutlay : Anilar, s. 100 .

٥ دیڤید ماکداولّ: س،پ، ب٢، ل٨٢;حەسرەتیان: یاسا دەستورییەکانی تورکیاو، ل ٧٣ـ ٧٤ .

6. Erikj Zurcher : op, cit, p. 243

هەربۆیە لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠دا حکومەت بە فەرمی یاسای ژمارە (١٠٥)ی دەرکرد، بە پێی یاساکە دەسەڵاتدرا بە کار بەدەستانی دەوڵەت، تا هەموو خێزانێکی کورد کە جێگەی متمانەی حکومەت نەبێ لە شوێنی خۆیان هەڵبکەنرێن و بگوازرێنەوە بۆ نێوچەکانی ڕۆژئاوای تورکیا، بۆ ئەو مەبەستەیش کار بەدەستانی ١٩ ویلایەت ئاگادارکران تا نێوی ئەو خانەوادانە کە یاسای (١٠٥) دەیانگرێتەوە بنووسن و پاشان بەرزیانبکەنەوە بۆ میریی *[1].

هەر لە چوارچێوەی هەوڵی تێکشاندنی دەسەڵاتی شێخ و ئاغاکاندا لایەنگران و پێڕەوانی بزووتنەوەی نەورەسییەکانیان خەفەکرد و چالاکی و بانگەوازەکەیان ئاستەنگی لەبەردەمدا دانرا[2]. تەنانەت تەرمی سەعیدی کوردی ڕێبەری بزووتنەوەکە لە گۆڕەکەیدا لە ئورفە دەرهێنا و لە شوێنێکی نادیار کردیان بەژێرخاکەوە[3].

لە ڕاستیدا حکومەت مەبەستی ڕیفۆرمی ئایینی و کۆمەلایەتی نەبوو، چونکە سەعیدی کوردی و شوێنکەوتانیان دژی ئەو شێخانەبوون کە خەڵکیان دەرووتاندەوەو لە بانگەوازەکەشیاندا خواستی ڕیفۆرمی ئایینی و کۆمەلایەتیان هەبوو[4]. لەم بارەیەوە لە ١٩٦٠ دا وەزیری نێوخۆ لە سەردانێکیدا بۆ کوردستان وتبووی:" ئێستا نە شێخ هەیە نە ئاغە، ئەوانە جاسوسن و شێخ نین". دواتر مەبەستی سەرەکی وەزیری نێوخۆ ژەنەڕاڵ (قزڵ ئۆغلۆ) لە ڕاپۆرتەکەیدا کە بۆ (کۆمیتەی یەکێتی نیشتیمانی) بەرزی

* بە پێی ئەم یاسایە ئەوانەی بەرژەوەندی گشتی تێك دەدەن، پێویستە بە خاوو خێزانەوە تا خزمی پلە چوار بۆ هەرێمێکی تری کیشوەر بگوازرێنەوە، (کەندال نەزانو ئەوانی تر : س، پ، ل ١٥٣، ١٥٤) .

١ حسرتيان: القضايا القومية في تركيا، ت: سيامند سيرتي، قاميشلى، ١٩٩١، ل٨٥ .

٢ كريم محمد حمزه و دهام محمود الجبورى: س، پ، ل ٢٥٦ .

٣ وليد رضوان : تركيا بين العلمانية والاسلام، ل٨٦ .

٤ مارتین ڤان برانەسن: س، پ، ب٢، ل ٣٨٦

کردبوویەوە دەرکەوت کە نووسیبووی:"کوردی شارەکانی ڕۆژهەڵات بە نهێنی ڕێکەوتنیان لە تەك کوردی عێراق و ئێران و سوریا کردووە تا کیانی کوردی دروستبکەن"[1]. وەلێ لە ڕاستیدا هیچ ڕێکەوتنێکی لەم جۆرە بوونی نەبووە، بەڵکو تەنها مەترسیەك بووە بۆ ئایندەی هەولێکی لەم جۆرەو پاساوێك بووە تا درێژە بە سیاسەتی توانەوەی کورد بدەن. ئەم سیاسەتە کەمایەتیی کوردی عەلەویش لێی بێبەری نەبوو، لە ڕاستیدا پێشتر عەلەوییەکان دژی ئاڕاستە ئایینیەکەی پ.د بوون و پشگیری سەرسەختی ڕووخانی حکومەتی دیموکراتەکان بوون، بەلاَم لە دوای کودەتا هیوای عەلەوییەکان بە گەڕانەوە بۆ ڕژێمی سیکۆلار نەما، چونکە بەبۆچوونی ئێمە گرفتی ئەوان گرفتێکی نەتەوەیی بوو نەك ئاینیی، ئەوەتا لە سایەی ڕیفۆرمە سیکۆلارییەکەی کودەتایشدا چەندان نیشتمانپەروەریان لێ قۆڵبەست کرا یا لە زێدی خۆیان هەڵکەندران و بۆ خۆرئاوای تورکیا دوورخرانەوە[2] و لەبڕی ئەوان تورکمانەکانی ئاسیای ناوەڕاست لە شوێنەکانیان نیشتەجێ دەکران. بۆنموونە تەنها لەو قۆناغەدا ٥٠٠٠ قەرقیزی لە بەرزاییەکانی ئەفغانستانەوە کە لە دەست سۆڤیەتەکان هەڵهاتبوون لە دەڤەری وان لە کوردستان داڵدەدران، بەر لەوانیش ئۆزبەگییەکان لە عەینتابی عەلەوی نشین و واندا نیشتەجێ ببوون[3*].

---

١ حەسرەتیان: یاسا دەستورییەکانی تورکیاو کورد لەسەردەمی نوێدا، ل٧٣ .

٢ يوسف إبراهيم ألجهمانی : ألعلويون فی تركيا، ل٩٠ .

* یاسای دوورخستنەوەی کورد، لە ١٩٣٠ کاری پێکراوە، لە بەرامبەردا تورکی بەڵقان لە شوێنی کورد نیشتەجێ کراون (میر جەلادەت بەدرخان: دەربارەی دۆزی کوردو یاسای دوورخستنەوەو پارچە پارچە کردنی کورد، و. جەمال گردە سۆری، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٤٣ ).

3. Amir Hassanpour : Kurdistan da milliyet cilik ve dil (1918 – 1985), avesta, Istanbul, 1997,S.23.

**٢. سیاسەتی بە تورككردنی كورد و ناوچە كوردیەكان :**

لە دوای كۆدەتـا هـزری تـۆرانیزم بـۆ كـۆنترۆڵكردنی وەزارەتـی پـەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی كاروبای ئایینی و دەزگەی ڕاگەیاندن و خوێندنگـەكان كـاری لەسەركراو بەشێوەیەكی گشـتی دەسـەڵاتێكی دیكتـاتۆری و جیهانبینییـەكی تاك ڕەوی لە ڕووی كولتووری و فەرهەنگی و ڕامیارییەوە توركیای گرتـەوە[1]. بە تایبەت سیاسەتی زمان كوژی( جینۆسایدی زمان) لە هەمبـەر زار و نێـوی كوردیی نێوچەكان بە بەرنامەوە گیرایە بەر[2]. ئـەم سیاسـەتەش وەك هـەوڵێك بـۆ پاراسـتنی پڕەنسـیپەكانی ئـەتاتورك نەخشـەی بـۆ دانرابـوو[3]، هەربۆیـە حكومەتی كاتی بە پێی یاسای ژمارە (١٥٨٧) گۆڕینی نێوی ئـەو شـوێنانەی كـە نێـوی كوردییـان هـەبوو خسـتە بەرنامـەی كاریـەوە. دەقـی یاسـاكەش بـەمجۆرە بـوو:" ئـەو نێوانـەی بـۆ خـەڵكی بێـزراون و لەتـەك كولتـووری نەتەوایـەتی و بـەهای ئاكارەكانمـان نـاگونجێن پێویسـتە بگـۆڕدرێن"[4]. لـەم بارەیەوە(جەمال گۆرسێل) لـە وەڵامـی پـەیامنێری ڕۆژنامـەی (The Time)ی لەندەنیدا كە پرسی بـووی ئـاخۆ ڕژێمـی نـوێ دان بـە مـافی كـوردا دەنێـت؟ ووتبووی:"دیارە مێژووت نەخوێندووەتەوە، لە توركیادا شتێك بەنێوی كـورد و كوردەواری بوونی نیە"[5].

هاوكات بۆ سەركوتی هەر هـەوڵێكی بووژانـەوەی فەرهـەنگی كـوردیش لـە ٢٧ی ئۆكتۆبەری ١٩٦٠ دا یاسای ژمارە (١١٤)ی پەسەند كرا، كە پەیوەسـت بوو بە پاككردنەوەی زانكۆكان لە هزر و ڕەگەزی نامۆو غەوارە بە تورك. بەم پێیەو لە یەكەم شاڵاودا ١٤٧ پرۆفیسۆر و مامۆستای زانكۆ دەركران، چـونكە

---

1. Erikj Zurcher: op.cit.p 243.
2. Amir Hassanpour :A,G,E,S. 231 .
3. Gùlistan Gurbey: The Development of the Kurdish Nationalist Movement , p.12 .

٤ دیڤید ماكداوڵ : س، پ، ب٢، ل٨٢٠ .

٥ جەمال نەبەز : س،پ، ل ٧٨ .

تاوانبار کرابوون بەوەی کار بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ دەکەن[١] . هاوکات بە پێی یاسای ژمارە (٢٢٠) ئاماژە درا بوو بەوەی پێویستە خوێندنگەی نێوخۆیی دابمەزرێت تا هەوڵبدەن بۆ بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی تورکی[٢] . ئامانجی ئەم خوێندنگە نێوخۆییانە دوورخستنەوەی زارۆگەلی کورد بوو تا لە ژینگە و نەریتی کوردەواری دایانماڵن و بە تورکی گۆشبکرێن[٣]* . لەمبارەیەوە (سەفوەت ئینگلین) کە وەزیرێکی تورکیابوو وتبووی:" کەمایەتییەکان نەخۆشی شێرپەنجەن بۆ تورکیا، پێویستە خوێندنگەکان ببنە مەنجەڵی توانەوەیان"[٤] . هەربۆیە لە چوارچێوەی ڕامیاریی بە تورککردندا دێهاتەکانی کوردستان بە پیر و جاحێڵ و ژن و پیاوەوە ناچارکران بۆ ماوەی (٥) ساڵ خوێندنی زۆرە ملێ بخوێنن، شاڵاوەکە بەنەزمێك بوو کە هەر زارۆیەکی کورد فێری تورکی نەبوایە ئیتر داهاتووی تاریك بوو، بۆیە خێزانەکان داوایان دەکرد زاری تورکی بزانن تا ژیانیان دابین بێت و وەك هاووڵاتی و مرۆڤ مامەڵەیان لەتەکدا بکرێت، ئیتر هەموو زارۆیەکی کورد مێژووی کەمالیزمی وەك پرۆگرامێك و وەك ئەرکێکی سەپاو پێ دەرخدەکرا[٥] و لە بەرامبەریشدا ناسنامەی خۆی وەك دڕندەو چیایی لە مەژگ دەئاخێنرا[٦] . لە ڕاستیدا لەبەر ئەم هۆکارانە بوو کە یەکەمین بەرهەڵستکاریی

---

١ صلاح سعد الله : ألمسألة ألكردية في تركيا، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٩١،ل ٢٠;حەسرەتیان، یاسا دەستوورییەکانی تورکیاو کورد، ل ٧٤ .

٢ لازاريف : تاريخ كردستان، ل٣١٩ ـ ٣١٨ .

* زیاد لە ٢٠ هەزار خوێندکاری کورد لە قوتابخانە ناوخۆییەکاندا هەبوون. (د.جبارقادر: قضايا كردية معاصرة -كركوك – ألأنفال – ألكرد وتركيا، دار اراس للطباعة وألنشر، ط١، أربيل، ٢٠٠٦، ل ١٧٣) .

٣ کەندال نەزان‌و ئەوانیتر : س، پ، ل ١٥٣ ـ ١٥٤ ).

٤ گیسارۆڤ‌و رگوشین : س،پ، ل١٠٣ .

٥ کریس کۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو هیوای سەربەخۆیی، و.ئەکرەمی مهرداد، چاپ‌و پەخشی نما، سلێمانی، ٢٠٠٢، ب٢، ل ٣٤ .

6. Amir hassanpour :A,G,E,S. 232 .

دژی ڕژێمی پاش کودەتا  لە نێوچە کوردییەکانەوە چڕۆیکردەوە. چونکە لەلایەکەوە کاردانەوەی یاسا توندەکانی ڕژێمی پاش کودەتا ڕۆڵی هەبوو، لەلایەکی ترەوە کاریگەریی شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان سنووری تورکیای تەیکردبوو. لە بەڵگەنامەیەکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی لیوای (موسڵ)دا ئاماژە بە بەشداری هۆزەکانی (هورمانی، دۆسکی، کوبانی) کراوە، کە هاتوون یارمەتی شۆڕشی ئەیلوول بدەن و لە زاخۆ و عەمادیە و دهۆك داڵدە دراون[1]. هەروەها هۆزی (ئۆرمانییەکان) لە باکووری کوردستان بە سنووری عێراقدا چەك و چۆڵیان بۆ شۆڕش وانانی کورد ئاودیو دەکرد و هەندێکیشیان بەشدار ببوون لە شۆڕشدا[2]. هەربۆیە لە ١٦ی تشرینی دووەم ١٩٦٠ دا دوو مانگ دوای هەڵایسانی شۆڕشی چەکداری کورد دژی کۆماری عێراق، جەمال گۆرسێل هۆشداری دا بە هەموو کوردی باکووری کوردستان و وتی:"ئەگەر ئەو شاخاویانە بێ دەنگ دانەنیشن، ئەوا سوپا دریغی ناکات لە وێرانکاری نێوچەکانیان و قڕکردنیان"[3].

لە ڕاستیدا ئاماژەکانی کاریگەریی ڕەوشی باشووری کوردستان لەگەڵ دادگاییکردنی (٤٩)کاندا لە ١٩٦١ دا زۆر بە ڕوونی دەرکەوت، چونکە لە دادگەی سەربازی ئەنقەرەدا پاش ئەوەی بە تۆمەتی جوداخوازی حوکمی (٨-١٥) ساڵیان بۆ بڕایەوە[4]. دانیشتوانی کوردستان ناڕەزایەتی توندیان دژی بڕیارەکان دەربڕی[5]، هەربۆیە لە دووەمین قۆناغی دادگایی کردنەکەدا لە شارەکانی مێردین و سیڤەرك و دیاربەکر و وان و بەدلیس خۆپیشاندان ڕوویداو دروشمەکانی (ئێمە تورك نین کوردین)، (مردن بۆ جەمال گورسیل،

---

١ بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٨).

٢ محمود الدرة : ألقضية ألكردية وألقومية ألعربية في معركة ألعراق، دار ألطبيعة، ط١، بيروت، ١٩٦٣، ل١٦٨ .

٣ عیسمەت شەریف وانلی : س، پ، ل ٤٧; وصال نجيب ألعزاوي : س، پ، ل ٨٦ .

٤ حەسرەتیان : یاسا دەستورییەکانی تورکیاو کورد، ل ٧٤ .

٥ لازاریف : تاريخ كردستان، ل ٢١٧ .

مەندەریس، عیسمەت ئینۆنۆ) بەرزکرانەوە[١]، لە ئاکامدا دەوڵەت بە توندی و بە چەك کەوتە وێزەی خۆپیشاندەران و تێکڕا لە کوردستاندا ٣١٥ کەس کوژراون و ٧٥٤ کەسی تریش بریندار بوون، لەوانە ١٤٩ کەس لە دیاربەکر کوژران و ٤٠٠ زامدار بوون، لە مێردین ١٢١ کەس کوژران[٢]. ئەم خۆپیشاندانانەی کورد لەگەڵ ئەوەی بە توندی وەڵامدرانەوە، بەڵام سیاسەتی تورکیای گۆڕی و توندوتیژییەکانی پاش کودەتا تا ڕادەیەك هێور بووەوە، ئیتر حکومەت ویستی ستراتیژی توانەوەی نەتەوەیی کورد لە ژێر نێوی دەستوردا کاری بۆ بکات. لەم بارەیەوە گورسێل ڕایگەیاندبوو:" وەرن باچەمکی نەتەوە لەنێو دەستووردا دابنێین و ئایدیۆلۆژیای تورك جێگیر بکەین، ئێمە ئاگاداری ململانێکانمانین لەتەك کوردیزم، ئەگەر دەستبەرداری نەتەوایەتیمان بین ئەوان سەردەکەون و دوای پەنجا ساڵ ئیتر یەك تورك لە تورکیا نامێنێ"[٣] .

١٩ ڕۆژ دوای ڕووداوە خوێناوییەکانی کوردستان، دەستووری نوێ پەسەندکراو بڕیار لەسەر یاسای نوێی هەڵبژاردنیش درا. بەمجۆرە لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١ دا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی ئەنجام درا[٤] .

لە دەستووری نوێدا مۆڵەتی ئازادی ڕادەربڕین و مافە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان درا بوو[٥]. بە گوێرەی ئەم دەستوورە دەسەڵاتدارانی تورکیا ناتوانن ڕێگە لە بڵاوکراوە کوردییەکان بگرن کە لە ڕێگە یاساییەکانەوە دەردەچن، بەمەرجێ لە تەك زمانی تورکیدا دەربچن[٦].

---

١ شعبان جزيرى : گرفتارى يا کوردا ل توركيا، دەزگەها بە لاڤەکردنا کوردى، چ١، بغداد، ١٩٩٢، ل ٤٤; ديرك كنان : كردهاو كردستان، ل ٩٠ .

٢ شعبان جزيرى : هـ . س، ل ٤٤ ـ ٤٥ .

٣ لازاريف : تاريخ كردستان، ل ٢١٧; حەسرەتیان : یاسا دەستورییەکان، ل ٧٦ .

٤ أبراهيم خليل أحمد و أخرون : س، پ، ل ٥٢; دیڤید ماکداوڵ : س، پ،ب٢، ل ٨١٣ .

٥ دیڤید ماکداوڵ : هـ . س، ب٢، ل ٨١٣ .

6. Şîvan :A,G,E,S. 100 .

بەڵام ناوەرۆکی دەستووری ١٩٦١ نەبوونی هەموو ناسنامەیەکی جگە لە تورك لە تورکیادا ئاماژە پێ دابوو[*]، بەشێوەیەك مەیلی رەگەز سالاری بەئاشکرا دەخوێنرایەوە[١].

لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی پاش کودەتادا بە پێی دەستوور ڕێگە نەدرا پارتی کوردی و ناسنامەی کورد بەشداری بکات، لە مادەی (٥٧) دا هاتبوو:"پرۆگرام و چالاکی پارتە سیاسییەکان پێویستە لەگەڵ پرەنسیپی یەکپارچەیی دەوڵەت و نەتەوەی تورکدا کۆك بێت "[٢].

لەگەڵ نەبوونی پارت و ڕێکخراوێکی کوردی بە ئاشکرا، هەروەها نەبوونی نوێنەرێکی کورد بە ناسنامەی کوردییەوە لە پەرلەمان، جووڵانەوەیەکی فەرهەنگی و ڕووناکبیری و زمانەوانی لە کوردستان دەستی پێکرد، ئیتر پەرتوك و بڵاوکراوەی کوردی، بە مەرجێ لە دەرەوەی تورکیاوە نەهاتبێت، بە ئاشکرا چاپ دەکراو لە کتێبخانەکاندا دەفرۆشرا، شریت و قەوانی کوردی و هونەری ستران بووژایەوەو تەنانەت خوێنکارانی زانکۆ ڕێکخراوێکیان لە ئەنقەرە دامەزراند، کە ستران و مۆسیقا و هەڵپەرکێی کوردییان پتر زەنگین دەکرد[٣]. هاوکات ١٩٦٤ بڕیاری مەرەخەسکردنی گرووپی(٤٩)کان درا[٤]. ئیتر ئەوان دیسانەوە بوون بە پێشەنگی ئەو ڕابوونە نەتەوەییەی کە ڕووی لە

---

* گرنگترین ئەو مادانەی کە وشەی تورك وەك تەنها نەتەوەی تورکیا بەکار دەهێنێ لەرووی مافو ئەرکەوە:( حوکم تەنها بۆ تورکە ـ ماددەی (٤)، خێزان بنچینەی کۆمەڵگەی تورکییە ـ مادەی (٣٥)، ئەو هاوڵاتیانەی بەستراون بە تورکیاوە تورکن ـ مادەی (٥٤)، هەموو تورکێك خزمەتگوزاری گشتی دەیگرێتەوە ـ مادەی (٥٨)، بەرگری لە نیشتیمان مافی هەموو تورکێکە ـ مادەی (٥٦)، هەموو تورکێك دەنگی هەیە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ـ مادەی (٧١).. هتد.. (حەسرەتیان : یاسا دەستوورییەکانی تورکیاو کورد، ل٧٧; اسماعیل بیشکچي : النظام الشرقية في الأناضول، ب٢، ل ١٤٦ ).

1. Divid Mcdawall : A,G,E,S. 58 .

٢ حەسرەتیان : یاسا دەستوورییەکانی تورکیاو کورد، ل ٧٨ .

٣ عیسمەت شەریف وانلی: س، پ، ل٤٨ ـ٤٩ .

4. Musa Anter :A,G,E, S. 152, 153 .

نەوەی نویٚ نابوو، هەربۆیەوە لەو قۆناغەدا و لە سەر دەست و پێنووسی ئەوان چەندین ڕۆژنامەی کوردی و تورکیی دەردەچوون کە داکۆکیان لە خواستی نەتەوەیی و پێشکەوتنی ڕۆژهەلاّت دەکرد [1] .

وەلیٚ چیتر حکومەت لە ژێر پالّەپستۆی کودەتاچییەکاندا کە لە ژێر پەردەوە کاریان دەکرد، نەیتوانی نەرمی لەبەرانبەر ڕابوونی فەرهەنگی کوردی بنوێنێت. لەم بارەیەوە گۆڤاری یەنی تورکی نەخشەی دەولّەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕەوشەی بزاڤی کوردی باس دەکات و دەنووسێت: "تێکڕای وەزیرەکان لەسەر پرسی بلاّوکراوە کوردی و تورکییەکان گردبوونەوە، پێیان وابوو مادام دەستوور ڕێی داوە بە بلاّوکراوەی نیمە کوردی و نیمە تورکی، ئیتر حەوجیٚ بەوەیە بە پاساوی ناوەڕۆکی بابەتەکان و هاندانی جوداخوازی هەموویان دابخەین"[2] . هەربۆیە هەموو بلاّوکراوەیەکی کوردی تاوانبار کرا بە پەنجە تێژەنینی دەرەکی، ئەم شالاّوە بەجۆرێك بوو، ڕۆژنامەیەکی ئەلّمانی نووسیبووی:"لە تورکیا کار بۆ لەناو بردنی زاری کورد دەکریٚ"[3] .

بە گشتی دەتوانین لەم چەند خالّەدا ڕامیاریی حکومەتەکانی دوای کودەتا دژی کورد پێشچاو بخەین:

١. ئەو ڕیٚ و شوێنانەی تورکیا لەنێوخۆدا گرتیەبەر دژی کورد:

---

١ ١٩٦٢ ڕۆژنامەی دەنگی سلیڤانو دیجلەو فورات لە ئەستەمبولّ دەرچوون، کە خوێندکاری باشووری کوردستانو خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا لە ڕێی یەشارقایاو مەدەد سەرحەت هاریکاریی بوون . هاوکات یەشار قایا گۆڤاری (دەنگ)ی بە کوردیو تورکی ١٩٦٣ دەردەکرد، گۆڤاری (ڕۆژی نویٚ)و (yon) لەلایەن ئاوجی ئۆغلو دەردەکرا، کە کوردە چەپەکان تێیدا دەیانوسی١، گۆڤاری (دنیای ئاشتی) لەلایەن ئەحمەد حەمدی باشار دەردەکرا.

Musa Anter : s. 183 "Malmîsanij u Mahmùd Lewedî : S, p, L.135

2. Şîvan :A,G,E,S. 106 – 107 .

٣ شعبان جزیری : س . پ، ل ٤٥ .

لە حوزەیرانی ١٩٦٣ دا وەزیری نێوخۆ لە ئەنقەرە ڕایگەیاندبوو: "هێزەکانیان ڕێکخستنێکی شاراوەیان ئاشکرا کردووە، کە بۆ بەرژەوەندی کورد کار دەکەن"[١]، ئەم ڕێکخراوە بریتی بوون لە (٢٣)* هاووڵاتی کورد و بە تۆمەتی ناردنی چەك بۆ باشووری کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی قۆڵبەست کران، یاخود دادوەر وتبووی: "ئەمانە پاشگەزبوونەتەوە لە نەژادی تورك و کاریگەرن بە کۆمۆنیزمی جیهانی"[٢].

پێمانوایە ئەمجۆرە هەڵوێستانەی ڕژێم تەنها بۆ سەرنج ڕاکێشانی پشتیووانیی زێدەتری خۆرئاوا بوو، ئەگەر نا کۆمۆنیزم و ڕۆڵی لە جوداخوازی کوردا تەنها ئەگەرێك بوو.

گرووپی (٢٣)کان لەنێویاندا کوردی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوون، بە گوێرەی زانیاریەکان (عەبدولستار هەمەوەندی)** سەرۆکی گرووپەکە بووەو کۆبوونەوەیشیان بۆ ئەوە بووە کە نیازیان بووە ڕێکخستنێکی کوردی درووستبکەن. هەندێك ڕۆژنامەکان نووسی بوویان: "بارزانی عەبدولستاری نارد بوو بۆ لای موسا عەنتەر"[٣]. ڕووداووی دەستگیرکردنی (٢٣) کان شوێنەواری مەزنی لەسەر نەتەوەپەروەرانی کورد

---

١ حەسرەتیان : یاسا دەستورییەکانی تورکیاو کورد، ل ٧٨ .

*(٢٣) کان بریتی بوون لە (زیا شەرەف ئۆغلو ، سەعید ئاڵچی، مەدەد سەرحەد، یەشارقایا، ئەنوەر ئایتەکین، ئەرگۆن کۆیۆنجو، عەلی ئاناگۆر، ئەدیب قەرەهان، حەسەن بولوش، دۆغان کلچ، سەیدی حەسەنلی، کەمال بینگوللو، مەهمەت بیلگین، فەتحوڵا ئۆغلو، لە کوردی عێراقیش ئیبراهیم مام خدر، غازی دزەیی، نەژاد ڕەمزی، فوئاد دەروێش، تەلعەت شەریف، سەعید عەبدوڕەحمان، جەمال عەلەمدار، لەناو کوردانی ئێرانیش فەیروز خەیرەت هەبوون . (Musa Anter :A,G,E, S. 196 ) .

٢ دیرك کنان : کردها، ل ٩١ .

** عەبدولستار هەمەوەندی کوردی باشووری کوردستان بوو، بوو بەهۆی گرتنی (٢٣)کان، ئەم پیاوە وەك ڕۆژنامەنوسێ خۆی بە موسا عەنتەر ناساندو خۆی بە نێزیکی بارزانی دەزانی، دەکرێ پیاوی تورك خۆی بوو بیێت . ( Musa Anter :A,G,E, S, 196) .

3. Musa Anter : A,G,E,S. 197-198 .

هـەبوو. لەگـەڵ دەسـتگیرکردنی ئـەوان فاشـیزمی تـورك بـە ئاشـكرا بـانگی جینۆسایدی کوردی کرد بە دروشم[1]. بە نەزمێك (جەمال گۆرسێل) لـە یـەکێك لە کۆبوونەوەکانی خەڵکی شاری دیاربـەکردا وتبـووی:" تـف بکـەرە چـارەی ئەو کەسەی کە پێت دەڵێت تۆ کوردیت"[2].

هاوکات ڕژێم لە کۆتایی حوزەیرانی ١٩٦٦ دا لە ئەنقەرە گردبوونەوەیەکی شاراوە بە ئامادەبوونی ڕاوێژکارانی ٢١ وەزارەت گرێ درا، ئەم کۆبوونەوە لە بارەی پرسی کورد و مەترسی چاپەمەنی کوردی بوو، بڕیارەکان بریتی بوون لـە پـەرتکردنی پێوەنـدی کـوردی پارچـەکان و کردنـەوەی خوێندنگـەی تورکانـدن و زیـادکردنی زەبـر و زەنگـی سـەربازی و تۆقانـدن لـە بـاکووری کوردستان[3] . لەمەڕ ئـەو بڕیارانـە تورکیـا پلانـی دروسـتکردنی پشـتێنەیەکی ئاسایشی داڕشت، چـونکە گـەرەکی بـوو بـە درێـژایی سـنوورەکانی سـوریا و عێراق (١٠) کێڵگەو پێگەی دەوڵەتی بۆ مەبەستە تایبەتییەکان دروسـتبکات تا بەو بیانووەوە لەزێدی خۆیان هەڵیانکەنێت[4] .

هەروەها بەپێی یاسایەك هەموو ئەو پیاوە ئایینی و مەلایانەی کە نـەوەی نوێیـان بـە پەروەردەیـەکی کلاسـیکی و پەیوەسـت بـە ژیـانی کـوردەواری پەروەردە دەکرد لە سەرکار لادا و لە بەرامبەردا مەلای دەرچووی خوێندنگـە حکومییەکانیان لە شوێنیان دادەنا، کـە ڕاسـتەوخۆ وابەسـتە بـە سیاسـەتی دەوڵەت بوون[5].

هــەروەها لــە ١٩٦٧/٢/١٤دا فــەرمانی کــارگێڕی (٧٦٣٥/٦) بــە فــەرمی لەلایەن دەوڵەتەوە ڕاگەیەنرا، بە پێـی ئـەم فەرمانـە هێنـان و بڵاوکردنـەوەی

---

1. Faruk Aras :Damezirandina DDKOyan bi Diroka kurdistanê ve Xurti Geredayi yê, govare BIR, Hejmar:6,matbaa Bariş, Diyarbakir,2007, L . 9 .

٢ جەمال نەبەز : س، پ، ل ٧٩ .

٣ حەسرەتیان : یاسا دەستورییەکانی تورکیاو کورد، ل ٨١ .

٤ جەمال نەبەز : س، پ، ل ٨٥ .

٥ جیرارد جالدیان : ألمسألة ألكردية، ل ٨١ .

هەر جۆرە کاسێت و بڵاوکەرەوەیەکی کوردی لەنێو تورکیادا قەدەغەکرا، ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوەو لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمدا بەنێوی (یاسای ڕێکخستنی ڕۆشنبیری) پەسەندکرا، بە پێی ئەم یاسایە زمانی کوردی بە تەواوی قەدەغە کرا، ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە ٨٥٪ ی ڕۆژهەڵاتی تورکیا تەنها کوردییان دەزانی[١] . هەموو ئەم بڕیارانە سەرۆک کۆمار (جەودەت سونای)و سەرۆك وەزیران (سولەیمان دیمیرل)و جێگرەکانی سەرۆك وەزیران و هەژدە وەزیر ئیمزایان کرد بوون[٢] .

لەلایەکی ترەوە بە گوێرەی یاسای ژمارە (٣٥٩)، دەبوو ناسیۆنالیزمی تورکی لە ناوچە کوردنشینەکاندا بەهێزبکرێت، بۆ ئەم مەبەستە ١٩٦٩ لە دیاربەکر و وان و ئەرزەڕۆم و قارس و چەند شوێنێکی تری ڕۆژهەڵات، پەخشێکی ڕادیۆیی دامەزرێنرا، کە کاری لە سەر داشۆرینی مێشکی کورد دەکرد لە هەستی کوردایەتی[٣] .

لە بەرامبەر ئەم ڕەوشەدا کورد لە تەواوی شارەکاندا گردبوونەوەی هێمنانەیان ئەنجامدا، خۆپیشاندان تایبەتمەندی ئەو قۆناغەی (١٩٦٧-١٩٦٩) باکووری کوردستان بوو، ڕێکخستنە نهێنییەکان و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان گردبوونەوەکانیان ڕێك دەخستن* . دەوڵەت نیگەرانی لە ڕابوونی نەتەوایەتی کورد گەیشتبووە ڕادەیەك، کە لە ئازاری ١٩٦٧ دا ڕۆژنامەی (تایمزی لەندەن)ی نووسیبووی:" حکومەت پێشنیازی درووست

---

١ گوێنتەر دێشنەر : س ، پ، ل ١٢٤- ١٢٥;عیسمەت شەریف وانلی : س ، پ، ل ٤٩،٥٨ .

٢ عیسمەت شەریف وانلی : س ، پ، ل ٤٩ .

3.Kristina Koivunen: op.cit.p.85-92.

* بە درێژایی ١٩٦٧ تا کۆتایی ١٩٦٩ کۆبوونەوەی جەماوەری‌و ناڕەزایەتی لە نێوچە کوردنشینەکاندا ئەنجامدرا لە ئەنقەرە لە ١٩٦٧/١١/١٨دا، ١٩٦٧/٣/١ لە سلیڤاندا، ١٩٦٧/٩/٣ لە دیاربەکردا،١٩٦٧/٩/٢٤ لە سیڤەرکدا، ١٩٦٧/١٠/١٥ لە باتماندا، ١٩٦٧/١٠/٢٢ لە ئاگری دا،١٩٦٩/٧/١٧ لە حەلواندا،١٩٦٩/٨/٢ لە Gimgime، ١٩٦٩/٨/٢ دیسان لە سیڤەرك دا ، ١٩٦٩/٨/٢٤ لە لیچ دا خۆپیشاندان کرا.( Ibrahim Guçlu: S, p, L.181 ).

کردنی هێڵێکی (دژە ناوکی) کردووە لەسەر سنووری تورکیا و سۆڤیەت، بۆ تەقاندنەوەی لە کاتی ڕوودانی جەنگدا [١]. بەمجۆرە خواستە ئابووری و کۆمەلایەتییەکانی کوردستان لە گردبوونەوەکانی ڕۆژهەلاتدا بە هێرشی کۆماندۆکان وەلامدرایەوە. کۆماندۆکان لە شوباتی ١٩٦٩دا سەرپشك کرابوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بزووتنەوەی چەپ و کورد[٢]. ئیتر لە ناوچەی مێردین و هەکارییەوە هەڵمەتی سەربازیان دەستپێ کرد و دواتر بەرەو باکوور و ناوچەکانی سلیڤان، باتمان، بیسمیل، دیاربەکر، مەلاز گورد، توتاك، تەکمان، قەرەیازی، کیف، وان، درێژەیان کێشا، لەو شالاوە سەربازیانەدا زرێپۆش و فڕۆکەکان بێبەزەییانە دەکەوتنە وێزەی هاوولاتیان و گەمارۆی شار و شارۆچکەکانیان دەدا[٣].

لە ٨ی نیسانی ١٩٧٠ دا شاری سلیڤان لەلایەن ٦هەلیکۆپتەر و ٢٠٠ئۆتۆمبێل و ٢٠٠٠ کۆماندۆو جەندرمە و فڕۆکەی پشکنینەوە گەمارۆ دراو کەمپی تایبەتیان لە دەرێی شار بۆ ئەشکەنجەدانی خەڵك کردەوە[٤]. هاوکات گەورەترین گرتوخانەیان لە ویلایەتی هەکاری درووستکرد بۆ دەستگیرکردنی هەڵسووڕاوانی سیاسیی کورد، ئیتر زۆرێك لە گوندنشینەکان گوندەکانیان چۆڵ کرد و هەڵهاتن بۆ باشووری کوردستان[٥]. ١٩٧٠ئەم شالاوی تۆقاندنە بە نەزمێك بوو قایمقامی بەیتول شەباب (بار بارۆس سەزەلی) وتبووی:" دەچین بۆ ڕاوی مرۆڤ، دەبێ ئاوا کورد بکەین بە پیاو"*. هەروەها لە شاری سیرت دژی سوکایەتی کردن بە خەڵکی ناوچەکە دوکانەکانیان نە دەکردەوەو

---

١ صلاح سعدالله : س، پ، ل ٢١

2. Ibrahim Guçlu: s, p, L . 181 .

3. Savunması : Türkiye İhtilalci İşçi Köylü Partisi Davasi, Baski Yönmat basi, 1992.S. 423.

4. Savunma : A,E, S, 423. 424 .

٥ جبار قادر : ألقضايا معاصرة، ل ١٦٩ .

* سوکایەتیو دەستدرێژییان دەکردە سەر ئافرەتان بە بەرچاوی پیاوەکانیانەوە، پیاوانیان سەرەو خوار هەڵدەواسی، زۆریان لێدەکردن پیسی خۆیان بخۆنەوە.
.(Savunma : A,G,E, S. 423)

نەدەچونە سەر کارەکانیان.لە نوسەیبین هاولاتیان خۆپیشاندانیان دژی توندو تیژی و سووکایەتی کۆماندۆسەکان ئەنجامدەدا و دەڕژانە نێوەندی باژێرەکەیان.[1] لە دیاربەکر و دێریك و مێردین خەڵکیان ڕووت دەکردەوە و سووکایەتیان پێ دەکردن* . تەنانەت ڕای گشتی سیاسەتمەدار و رووناکبیرانی تورك پشتیوانیان لە هێرشی کۆماندۆکان دەکرد. بۆ نموونە (نیهال ئانسین) لەمەڕ کۆبوونەوەکانی ڕۆژهەلات نووسبووی:" با ئاژاوە بۆ تورك نەنێنەوە و دوور کەونەوە، با بچن بۆ ئێران، پاکستان، هندستان، با لە نەتەوە یەکگرتووەکان داوا بکەن لە ئەفەریقا ولاتێکیان بۆ دابین بکات"، دیسان لە گۆڤاری (میللی یۆل) نووسیبووی:"کورد دەربکەن و لە جێی ئەوان کازاخ نیشتەجێ بکەن، ئەوان دڵسۆزی میرین"[2] .

هاوکات ڕەگەزپەرستەکانی تورك لە کاتی ڕوودانی تراژیدیای کۆمۆندۆکان لە کوردستان لە شارەکان و لەسەر دیوار و دەرگەی زانکۆکان دەیانووسیی:" هاتنە ژوورەوە بۆ چەپ و سەگ نییە"، کە مەبەستیان لە سەگ کورد بوو.[3]

٢. هاریکاری ولاتانی هەرێمیو خۆرئاوا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پرسی کورد:

لەتەك هەلایسانی شۆڕشی ئەیلول دا ئێران و تورکیا چەندین چاودێری سەربازییان نارد بۆ هاریکاری سوپای عێراق، ئەمە لە کاتێکدا کە پێوەندی تورکیا و عێراق گرژو ئالۆز بوو[4]. هاوکات تورکیا هەموو عەشیرەتەکانی برادۆست و هەرکی و سەرکردەکانیان (ڕەشید لۆلان)و (مەحموود خەلیفە)و

---

1. Savunma : A,G,E, S, 424 – 425 .

* لە گوندی ئارناسی سەر بە دیاربەکر کە دانیشتوانەکەی دیانن، پیاوەکانیان ڕووت کردەوەو خەتەنەیان کردن، لە دێی سادات سەر بە دێریك بانگەوازیان کرد ژنەکانتان هەفتەیەك بۆ جەندرمە دەبێو هەفتەیەك بۆ سەربازەکانی تورك. ( گیسارۆف رگوشین: س، پ، ل ١٠٥) .

٢ گیسارۆفو ر گوشین، س . پ، ل ١٠٥ .

٣ اسماعیل البیشکجی: ألنظام فی ألأناضول ألشرقیة، ج٢، ل٢٨٣.

٤ فاضل رسول: س، پ، ل ٧٢– ٧٣.

(فەتاح ئاغای هەرکی) دژی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بەکارهێنان و لەنێو خاکی تورکیا دا ئامادەیکردن بۆ دژایەتی شۆڕشی ئەیلول، بەجۆرێك بارزانی لە ١٩٦٢ دا تورکیا و ئێرانی ئاگادار کردەوە، کە دەتوانێ سنوورەکانیان ببەزێنێت بۆ تەمبێ کردنی ئەو خۆفرۆشانە*[١]. هەروەها لە نیسانی ١٩٦٣ دا نوێنەرانی تورکیا و ئێران و عێراق، لە بەغداد گردبوونەوە تا پلانێکی بەرفراوان بۆ لەنێوبردنی جووڵانەوەی کوردی و داخستنی سنوورەکان بە ڕووی یاخی بووانی یەکتریدا دابڕێژن[٢]*. هاوکات چاپەمەنی تورکیا کەوتە وێزەو دژایەتی کردنی شۆڕش و وێنەکانی بارزانیان وەك کۆنەپەرستێك بە چەك و بەرگی خێڵەکییەوە بڵاودەکردەوە[٣]. لە لایەکی ترەوە تورکیا بە پشتیووانی ئەمەریکا و ئینگلیز و وڵاتانی هەرێمی بڕیاری دژایەتی شۆڕشی کوردیی دا لە کوردستان، سۆڤیەت لە گەڵ ئاشکرابوونی ئەم بڕیارە ناڕەزایی خۆی دەربڕی، ئەم خواستەی سۆڤیەت لە بەرژەوەندی کوردی باشوور و باکووری کوردستاندا بوو[٤]، چونکە لە نێوەرۆکدا پرۆسەی هەڵمەتی

---

* ڕۆژنامەی تایمزی لەندەنی لە ١٩٦٢/٩/٢١ دا بڵاوی کردەوە کە ٥٦٥ کوردی ئێراقی پەنایان بردووەتە بەر تورکیا، کە لە دەستی یاخی بووانی کورد هەڵهاتوون . (دائرة ألملحق ألصحفي ـ لندن : ألتقرير ألصحفي ألأسبوعي، جمهورية العراقية، ١٩٦٢/٨/٣) .

١ سعد خديدة علو : ألعلاقات ألعراقية الأيرانية وأثرها في ألقضية ألكردية في ألعراق، ١٩٠٨ ـ ١٩٦٣، مطبعة حجي هاشم، أربيل، ٢٠٠٦، ل ٢٢٢ .

٢ حەسرەتیان : یاسا دەستوورییەکانی تورکیاو کورد، ل ٨٠ .

* ئەو کات سنووری نێودەوڵەتی نێوان ئێرانو تورکیاو ئێراق، لە زاخۆوە کە ڕۆژئاوایە تا سیدەکان لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا بوو .(مسعود بارزانی : بارزانیو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٣، بەشی دووەم، (١٩٦١ ـ ١٩٧٥)، و. لیژنەیەك، چاپەمەنی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٣٥ ).

3. Zekî Bozarslan:Nêrinek Li Dîroka kurdistanê, çapa yeke, can matbaacilik, Diyarbakir, 2004, L. 492 .

٤ مسعود بارزانی : س، پ، ب٣، ل ٢٠٦ .

سەربازیی (دیجلە* ) هاوکاری سـەربازی وڵاتـانی هـەرێمیو خۆرئـاوا بـوو دژی کورد[1]. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە شۆڕشی کـورد نەیدەویسـت دەسـت وەربداتـە کاروبـاری نێوخـۆی تورکیـا، تەنانـەت بـارزانی ١٩٦٣ یاداشـتی ئاشـتی بـۆ چەندین سەرۆکی وڵاتان نارد کە یەکێکیان سەرۆك کۆماری تورکیا بـوو، وەلێ ئـەو لـەنێو هـەموو سـەرۆکەکاندا وەڵامـی یاداشـتەکەی بـارزانی نەدایـەوە،[2] چونکە تورکیا دەیزانی بەهەر نرخێك بێت شـۆڕش لـە باشـووری کوردسـتان هەستی نەتەوایەتی هەموو کورد دەوروژێنێت.

تورکیـا لـە ١/١١/ ١٩٦٣دا داوا لـە بـاڵوێزی عێـراق لـە ئەنقـەرە (تالیـب مشتاق) دەکات سنوورەکان لە بەردەم هاوکارییە مرۆیی و ماددییەکانی هۆزی (گۆیـان)دا ببەسـتن[3]، هـەروەها بـەگوێرەی نووسـراوەکانی بەڕێوەبەرایـەتی ئاسایشی (لیـوای موسـڵ)، سـەرۆك هۆزەکـانی قـەزای (جلکـی) لـە بـاکووری کوردستان و هۆزەکانی (بیت شەباب) پێوەندیان کـردووە بـە شۆڕشـەوە لـە (بەرواری باڵا) و (زاخـۆ)[4]. هـەر لـەم بارەیـەوە ڕۆژنامـەی (ألاخبـار)ی بەغـدا ١٩٦٣ نووسـیبووی: "هـەزاران کـەس لـە خێـڵ و تیرەکـانی (بۆتـان، ئورمـا، قشوری، گۆیان) سنووری تورکیایان بەمەبەستی یارمەتیدانی شۆڕشـی کـورد لە عێراق بەزاندووە "[5].

نەك هەر ئەوە، بەڵکو ژن و منداڵی شۆڕشوانانی کوردی باشووری کوردستان لـە بـاکووری کوردسـتان دا داڵـدە دەدران و چـەك و چـۆڵی پێویسـتیش بـۆ

---

* دیجلە هێرشی حکومەتی ئێراق لە بەهاری ١٩٦٣ بۆ نێوچەکانی شۆڕشی کـورد لـە بادینـان بە هاوکاری تورکیاو ئێـرانو سـوریاو خۆرئـاوا بـوو، بـەڵام بـەهۆی کاردانـەوەی سـۆڤیەتو بەرگری پیشمەرگەی کورد لە پلانەکەیاندا سەر نەکەوتن، (ڕزگار محمد : عملیة دجلة، حملة حکومة العراقیة علی کردستان ١٩٦٣، مطبعة صلاح ألدین، أربیل، ٢٠٠١، ل ٥١ ، ٥٤) .

1. Zekî Bozarslan : S, p , L. 491 .

2. Zekî Bozarslan: H, S, L. 490 .

٣ ڕزگار محمد : عملیة دجلة، ل ١٢ .

٤ بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٩).

٥ عبدألفتاح علی یحی ألبوتاني : وثائق عن الحرکة ألقومیة ألکردیة، ل ٧٠٥ .

شۆڕش دابین دەکرا[1]. ڕۆژنامەی (نیو یۆرك تایمز) لە ٢٥ی نیسانی ١٩٦٦دا بڵاویکردەوە:" کورد لە تورکیا بە شێوەی قاچاخ چەك لە ئەورووپای ڕۆژئاواوە دەگەیەنێتە دەست شۆڕشگێڕانی کورد لە باشووری کوردستان"[2].

سەبارەت بە هاریکاری ئێران و تورکیا، (ئەسەدوڵا عەلەمی) سەرۆك وەزیرانی ئێرانیش لە کانوونی دووەمی ١٩٦٤دا ڕایگەیاند:" من تەنها بەوە داناکەوم کە گەشە بە پێوەندییەکانی تورکیا و ئێران بدەم، بەڵکو ئەم مەسەلە پرەنسیپی ڕامیاریی خۆمە"[3]، بێگومان ئەم پرەنسیپەش بەندبوو بە ڕێکەوتنی دوو وڵاتەوە بۆ بەکارنەهێنانی خاکی یەکتر دژ بە ئارامی هەردوولا.

هەروەها حکومەت هانای بردە بەر وڵاتانی دەرێ بۆ قاودان و سووك کردنی شۆڕشی کورد، لەم نێوەندەدا تەدارەکی ئەوە دەکرا تورکیا پێوەندیی وڵاتانی بەرەی خۆرئاوا زێدەتر بکات، وەلێ ئەو فڕۆکانەی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتەوە بۆمبا و ناپاڵمیان بۆ بەغدا دەگواستەوە مۆڵەتی نیشتنەوەیان لە تورکیا پێ درابوو[4]. ئەم سیاسەتە ئاڵۆزی خستبووە نێو تورکیا و بەرەی خۆرئاواوە، چونکە خۆرئاوا لایەنگیریی شۆڕشی کوردی دەکرد، لە بەرامبەردا کورد بووە هۆکارێك تا تورکیای دژ بە بەرەی ڕۆژهەڵات پەیوەندییەکانی لەتەك خۆرهەڵات ئاسایی بکاتەوە، ئەوەبوو لە تەمووزی ١٩٦٦ دا وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا (schroder) چووە تورکیا و لە بارەی کۆمەکی سوپایی و ئابووری یەکترییەوە وتوێژیان کرد، لە ٢٤/١٩ ئۆکتۆبەری ١٩٧٠ دا ژەنەراڵ (جەودەت سۆنای) لەلایەن بەرەی یەکگرتووی سۆسیالیست لیبراڵەکانەوە لە

---

١ ژویس بلو : س ، پ، ٤٩ ، دانا آدمز شميدت: رحلة إلى ألرجال ألشجعان في كردستان، ت.جرجيس فتح الله، دار اراس للطباعة وألنشر، أربيل، ، ل ٩٦

٢ سعد ناجى جواد : دراسات فى ألمسالة ألقومية ألكردية، دار ألعربية للعلوم،ط١،بغداد،٢٠٠١، ل ١٨١ .

٣ نافع طارق الحمداني : س ، پ، ل ٣٠ .

٤ فەرەیدون عەبدولڕەحیم عەبدوڵا : بارودۆخی سیاسی کوردستان ـ عێراق (١٩٧٠ ـ ١٩٧٤)، چ١، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٥٢ .

ئـەڵمانیا بانگهێشـت کـراو ٧٩ ملیـۆن دۆلاری بەخشـی و خسـتە بەردەسـتی سـوپای تـورك. (Klausjungper) ئەنـدامی پەرلـەمان کـە لـە نێـو سۆسـیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیا بوو ئاشکرای کرد:" ئەو کۆمەکـە (٢٠٠ ملیـۆن مـارك) بـوو کـە لیژنـەی بـەرگری پەرلـەمانی ئـەڵمانیا پێشـکەش تورکیـای کـرد بـۆ خەفەکردنی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە باکووری کوردستان"[1].

هاوکات ڕاگەیاندنی مافی ئۆتۆنـۆمی و سـەرکەوتنی شۆڕشـی ئـەیلوول لـە باشووری کوردسـتان لـە ١ ئـازاری ١٩٧٠دا ڕژێمـی تورکیـای تـەواو شـپرز و نیگـەرانکرد، چـونکە پێـدانی مـافی ئۆتۆنـۆمی لەکاتێکـدا بـوو لـە بـاکووری کوردسـتان پـەیڤین بـە کـوردی قەدەغـە بـوو، لەبەرئـەوە تورکیـا تـەواوی مەرزەکانی لەتەك عێراق داخستن و دوای(٤) مانگ ڕێکەوتنێکی واژۆ کـرد بـۆ پشکنین و کێومالّی ناوچە سنووریەکانی بـاکووری کوردسـتان[2]. کۆمانـدۆکان ئەم هەڵمەتەیان بە پاساوی پشکنین بۆ چەك و چۆڵ ئەنجام دەدا، ئـەوان بـە خەڵکەکـەیان دەوت :"جاسوسـەکانی بـارزانی، کـوردی سـەگ، چـەکەکانتان کوا؟"[3].

**دووەم : کودەتای سەربازی ١٩٧١ و چارەنوسی کێشەی کورد:.**

لـە ئـازاری ١٩٧١ دا بـۆ جـاری دووەم سـوپا دەسـتی وەردایـە کاروبـاری سیاسـەت و بـەو بۆنەیـەوە حکومەتەکـەی (سـلێمان دێمێریـل)ی هەڵوەشـاندەوە. پـاش ئـەوە حکومـەت لەلایـەن (نیهـاد ئێریـم) یـەکێك لـە ڕێبەرانی پ.گ.ك پێك هات[4]. لەو نێوەنـدەدا پـارتی عەدالـەت و پ.گ.ك بـە

١ جەمال نەبەز : س . پ، ل ٨٣ .

٢ مـراد خۆشـەڤی حسـۆ: گۆڕانکارییـەکانی کوردسـتانی عێـراق، پەیوەندییـەکانی تورکیـاو عێراق:١٩٩٠ ـ ٢٠٠٥، و.نوسەر، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چ١ ، هەولێر ، ل ٣٧ .

٣ کریس کۆچێرا : کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستدا، و. حەمەکەریم عارف، چـاپی شـڤان، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٤٤١ .

4. Stanford J. Shaw, Ezel Kural: History of the Ottoman Empire and Modern Turkey: Volume 11, cammbridge, 1977.p.428

جیا ململانێیان دەکرد و لە تەك پارتە بچووکەکاندا ئیئتلافیان پێك دەهێنا[1] ، هەربۆیە ولآت لە کێبڕکێیەکی سەختدا بوو لە نێوان پارتەکاندا

کودەتـای ئـازاری ١٩٧١ گـرنگترین داواکـاری سـوپابوو بـۆ نەهێشـتنی ئاژاوەی نێو ولآت، کە بـە شـێوەیەکی بنـەڕەتی مەبەسـتیان مەترسـی کـورد بـوو[2]. بـۆ پشـت ڕاسـتکردنەوەی ئـەو سیاسـەتە ژەنـەڕاڵ (تاگمـاچ) لـە ١٠ی شـوباتی ١٩٧١ بـۆ ڕۆژنامـەی (جمهوریيـەت) وتبـووی: " سـوپا لـە چـالاکی خوێنـدکار و چـەپگەر و کوردچـییەکان و ڕاسـتڕەوە تونـدەکان نیگـەران و پەستە"[3] .

لـە ڕاسـتیدا ئـەم کودەتایـە گـوورزێکی کوشـندە بـوو لـە بزووتنـەوەی ئازادیخوازانەی کورد، چونکە بزووتنەوەکە کەوتە مەتەرێزی چەندین مـەرجی سـەخت و لـەم ڕەوشـەدا بڕیـاری دەسـتگیرکردنی تـەواوی هەڵسـوڕاوانی سیاسیو ڕووناکبیریی کورد سەپێنرا[4]. هەر لەم بارەیەوە (نیهاد ئێریم ) لـە یەکەم لێدوانیدا وتبووی:" ئێمە جگە لە نەتەوەی تورك هیچ نەتەوەیەکی تـر لـە تورکیـا نـابینین"[5]. هاوکـات لـە گـەڵ نەتەوەییـەکانی کـورد چـەپەکانیش گـــوورزێکی کوشـــندەیان بەرکـــەوت و ڕێکخســـتنەکانیان پـــەرتبوون و ڕێبەرەکانیان یا قۆڵبەست کـران و هـەڵهاتن یـاخۆ کـوژاران[6]. بەمـەش تـەنها جووڵانەوەیەك، کـە خواسـتی نێزیکبوونـەوەی لـە گـەڵ کـورد هـەبوو زەبـری کاریگەریی بەرکەوت . لەهەمان کاتیشدا وەزیری نێوخۆ کوردی تاوانبـار کـرد بـە لـەت و پـەتکردنی ولآت و بـە کرێگیراویـی هاوڵاتیـانی کـورد بـۆ بـارزانی، هەربۆیـە پڕۆسـەی بـەربڵاوی دادگـاییکردن لـە تورکیـا دا بـۆ هـەزاران

١ أبراهيم ألداقوقی : س،پ، ل ١٧٥ .

٢ لازاريف : تاريخ كردستان،ل ٣٢٠ – ٣٢١ .

٣ عیسمەت شەریف وانلی : س، پ، ل ٧٨ .

4. Musa Anter :A,G,E, S. 225 , 224 .

٥ کرمانجی گوندی : سی ساڵ خەباتو ولآتێکی وێران (١٩٦١ ـ ١٩٩٠)، سوید، ١٩٩٠، ل ٢٥ .

٦ هەڤاڵ جومعە : مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، ل ٧٧ ، ٧٨ .

هەڵسوڕاوی کورد کەوتە گەڕ[1]، بەجۆرێك لە ٧٥٪ ی گیراوە سیاسییەکان لە نێوخۆی تورکیا دا هاووڵاتییانی کورد بوون[2].

وەزیری داد لە ١٩٧١/٤/٢٨ دا لە ڕادیۆوە ڕایگەیاند:"لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتدا ملیۆنەها کورد نەخشەی شۆڕشێکی چەکدارییان کێشاوە"[3]. لەڕاستیدا ئەم وتانە مانای بەهێزی بوێریی بزاڤی کورد بوو، یا بە مانای ئەوە بوو هەموو کوردێك لە ژێر هەر ناوێکدا بێت جوداخوازە. لە هەمانکاتدا لە ١٩٧١/٤/٢٦ دا جگە لە ئەستەمبوڵ و ئەنقەرە ١١ ویلایەتی کوردنشین باری نائاسایی تێیدا ڕاگەیەنرا و[4] پاشان لەیەکەم شاڵاوی دژە کورد دا تەنها لە شاری دیاربەکردا ٥٠٠٠ کەس دەستگیر کران[5]. تێکڕای گیراوەکان سزا درا بوون بە (٨ ـ ١٥) ساڵ زیندانیی[6]. لە بارەی بەرینیی ئەم شاڵاوەوە (موسا عەنتەر) دەڵێ:"هەموو خوێندەوار و سیاسییەکانی کورد ڕاپێچی گرتووخانەی دیاربەکر کرابوون*"[7]. لە گرتووخانەکاندا کوردە نیشتیمانپەروەرەکان بەرگرییان لە مافەکانی خۆیان دەکردو داوای ناساندنی مافی کوردییان دەکرد[8]. هاوکات کاردانەوەکانی ئەم ڕەوشە بوو بەهۆی ڕەوی بە کۆمەڵی کرێکارانی کورد بۆ ویلایەتەکانی خۆرئاوا، بەجۆرێك لە

---

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ (یەشارقایا)، هەولێر،٢-٢-٢٠٠٩; دڵشاد ئەحمەد : س،پ، ل ٢٥ .

٢ کریس کۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردو هیوای سەربەخۆیی، ب١، ل ١٤١ .

٣ فواد حسن : ألازمة ألدستورية في تركيا، ألسياسة ألدولية عدد ٢٥، مطابع مؤسسة ألاهرام، ألقاهرة، ١٩٧١، ل ١٦٢ .

٤ عیسمەت شەریف وانلی : س، پ، ل ٨٢ ، ٨٠ .

٥ گۆێنتەر دێشنەر : س، پ، ل١٢٧ .

6. Musa Anter :A,G,E, S. 232.

* شێخ تاهیر لە شێخەکانی زیلان ٨٥ ساڵ بوو لەسەر ئەوەی لە مزگەوتا نزای بۆ کوردی باشوور و بارزانی کرد توندی زیندانکرابوو. (Musa Anter :A,G,E, S 229 ).

7. Musa Anter :A,G,E, S. 288 .

8. Naci kutlay : kürtler , ziyüzy lagirerken, birin ci baski pêri yayinlari, Istanbul, 2002, S. 580 .

ماوەی ٤ ساڵدا لە ١٩٧٢ بۆ ١٩٧٦ زیاد لە ٣,٢ ملیۆن کەس لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ کۆچیان کرد بۆ ناوچە پیشەسازییەکان، کە لە ٥٠٪یان لە ئەستەمبوڵ و ئەرزەڕۆم و ئەنقەرە جێگیر ببوون، هەروەها حکومەت نەخشەیەکی نوێی جێبەجێ کرد، کە بریتی بوو لە کۆمەڵێ پرۆژەی کشتوکاڵی لە دەورووبەری سنووری هاوبەشی عێراق و سوریا، کە تورکی خۆرئاوا، یان تورکە قوبرسییەکان لەوێ کاریان دەکرد. ئەم هەوڵەش تەنها بۆ دابڕانی کورد بوو لە کوردی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان[1]. هاوکات ئاژانسەکانی خۆرئاوا ڕایانگەیاندبوو:"تورکیا ئامادەیە ٣٤٥٠ پەنابەری ئەفغانی لە پاکستان وەربگرێ و لە ڕۆژهەڵاتی وڵات جێگیریان بکات"، ئەو ئەڤغانییانە بە زاری تورکی قسەیان دەکرد، تەنانەت وتەبێژێك بە نێوی نەتەوەیەکگرتووەکان تایبەت بە کاروباری پەنابەران لە جنیف ڕایگەیاندبوو:" فرۆکەی سوپای تورك، ئەو پەنابەرانە بە خۆیان و مەڕ و ماڵاتیانەوە ڕاستەوخۆ بۆ تورکیا دەگوازێتەوە ". دواتر دەرکەوت هەموو ئەو ئەڤغانییانە لە گوندەکانی دەڤەری هەکاری، کە لە کورد چۆڵکرا بوون جێگیرکراون[2].

ئەم ڕەوشە بەردەوام بوو تا لە بانگەشەکانی هەڵبژاردنی ١٩٧٣دا دیسانەوە بەدەستهێنانی دەنگی کورد بووەوە بە گەمەی ڕامیاریی پارتە بەرهەڵستکارەکان. ناچار پ.گ.ك بڕیاریدا بە سەرکەوتنیی لە هەڵبژاردنەکاندا گرفتەکانی کورد چارە بکات، هەروەها پاڵەپەستۆی نێو دەوڵەتی و ڕەوشی ئازادی باشووری کوردستان زیاتر بەڵێنەکانی بۆ کورد تۆختر دەکردنەوە، وەلێ لەهەمانکاتدا تورکیا بەپشتبەستن بە وڵاتانی هەرێمی مژووڵی شکستی پرۆژەی ئۆتۆنۆمی باشووری کوردستان بوو. ئەوەبوو لە حوزەیرانی ١٩٧٣ دا ئەنجومەنی سەنتۆ لە تاران کۆبووەوە و

---

١ حسرتیان : ألقضیة ألقومیة في ترکیا، ل ١٢٢،٦٠ .

٢ گوێنتەر دێشنەر : س، پ، ل١٢٣ ، ١٢٤ .

لایەنەکان بەیاننامەیەکی هەمەلایەنەیان بڵاوکردەوە، کە تێیدا پەیماندرابوو:" تورکیا و ئێران هەموو هەنگاوێ بگرنە بەر بۆ کۆنترۆڵکردنی گرژیی و هەڕەشەی کورد"[1] .

لە ڕاستیدا کاریگەری ئەزموونی ئۆتۆنۆمی کوردستان و گۆڕانکارییە هزرییەکانی نێو پ.گ.ک، تاڕادەیەك کەشێکی ئازادی بۆ رووناکبیر و سیاسییەکانی کورد ڕەخساند، بەتایبەت کاتێك کە (بلێند ئەجەوید)* لە ١٩٧٤/٧/٨ دا پرۆژە بڕیاری لێخۆشبوونی گیراوە سیاسییەکانی دەرکرد بۆ (٤) هەزار بەندکراوی کورد، کە لە ماوەی باری نائاسایی ئازاری ١٩٧١دا ڕاپێچی گرتووخانەکان کرابوون[2].

بەلاّم وەك دواتریش ئاشکرابوو، ئەم گۆڕانکارییانە لە رامیاریی تورکیادا لەبەرامبەر پرسی کورد، بڕیارێکی تاکتیکی بوو، چونکە تورکیا لەو ماوەیەدا کاری لەسەر شکستهێنان بە پرۆژەی ئۆتۆنۆمی باشووری کوردستان دەکرد لەتەك وڵاتانی هەرێمیدا، دواجار لە دەرهاویشتەی ئەوکارانەدا ڕێکەوتنی (جەزائیر)**ی ١٩٧٥ هاتە گۆڕێ، کە گەلێك ئاکامی ئەرێنی بۆ تورکیا لێکەوتەوە، چونکە لەلایەکەوە پەیوەندی تورکیا و عێراقی بەهێز دەکردەوە، لە لایەکی ترەوە شکستی کورد لە باشوور کاریگەریی دەبوو لەسەر بەهێزبوونەوەی پێوەندی تورکیا و بەرەی خۆرئاوا، چونکە لە دوای

١ حەسرەتیان : یاسا دەستورییەکانی تورکیاو کورد، ل ٩٤ .

* بولند ئەجەوید ١٩٢٤ لە ئەستەمبول لەدایك بوو، رۆژنامەنوس و نوسەربوو، ئەندامێکی بالاّی پارتی گەل بوو.( سلسلة وثائق وكر ألجاسوسية: تدخلات أمريكا في ألبلدان ألأسلامية : تركيا، من منشورات ألوكالة ألعالمية، ط١، بيروت ، ١٩٩١، ل٣٣-٣٤).

2. Musa Anter :A,G,E, S. 443 .

** بریتی بوو لە دانیشتنی سەرانی ئۆپیك لە ٦/٢٤ی مارسی ١٩٧٥ لە جەزائیر، لەپەراوێزیدا شای ئێران و سەدام حسێن رێك کەوتن لەسەر ڕێکخستنی سنوورو پرسی کورد.(دكتر علی رضا امینی: تاريخ روابط خارجى ايران در دوران بهلوى، صداى معاصر، تهران، ١٣٨١، ل ١٤٩) .

١٩٧٥ ئیتر خۆرئاوا دەستی لە کۆمەك بەخشینی کورد بەردا. لەمبارەوە بەرپرسی (ڕێکخراوی کوردیی جوولەکە* ) لە ئیسرائیل وتبووی:" پشتگیریی ئیسرائیل بۆ شۆڕشی کورد لە عێراق، وڵاتە دۆستەکانی وەك تورکیا کە کەمەنەتەوەی کوردی هەیە لە ئیسرائیل دوور دەخاتەوە، لەبەرئەوە ئیسرائیل ئارامی ڕۆژهەڵاتی بەلاوە گرنگترە لە ئازادی کەمە نەتەوەکان "[1].

سەبارەت بە ئێران، کورد تەنها هۆکاری دیاریکردنی پەیوەندییەکانیان بوو لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا، ئێران دەیویست هاوپەیمانیی (سەنتۆ) بەکاربهێنێ دژی عێراق، ئەم پێشنیازە لە کۆبوونەوەی وڵاتانی هاوپەیمان لە ئەزمیر خرایەڕوو، تا پشتگیری بارزانی بکەن دژی عێراق، بەڵام تورکیا دژی پرۆژەکە بوو. لەم بارەوە سەرۆکی تورکیا وتبووی:"ئێران دەبێ پشتگیری بارزانی نەکات و دەست لە کاروباری نێوخۆی عێراق وەرنەدا، ئەمە هەڕەشەیە لەسەر نێوخۆی تورکیاش"[2] . لە هەمانکاتدا وەزیری دەرەوە وتبووی:" دەزگەی هەواڵگیریی تورکی پەیوەندی هەمیشەیی لەگەڵ ئێران و ئەمەریکا و ئیسرائیل هەبووە، هەموو ساڵێ گردبوونەوەی نهێنیان لە واشنتۆن و تەلئەبیب و تاران گرێداوە"[3]. دەکرێ ئەمە هۆکارێك بێت بۆ زەمینە سازی ئێران بۆ ڕێکەوتنی (جەزائیر)ی ١٩٧٥.

لەگەڵ دەنگۆی شۆڕشی نوێی کورد لە باشووری کوردستان، دووبارە تورکیا و عێراق لە ١٩٧٧داو لە پێنا و پاراستنی ئاسایش و ئارامی هەردوو

---

* ڕێکخراوی کوردیی جولەکە، لە پێناو مافی کوردە جولەکەکانی ئیسرائیل ساڵی ١٩٦٣ دامەزراوە. (جەمال نەبەز : س، پ، ل ١٤٣)

١ جەمال نەبەز : س، پ، ل ١٤٣ .

٢ عونی عبدالرحمن السبعاوی واخرون: اوراق ترکیة معاصرة، نشرة علمیة نصف السنویة تصدر عن مرکز الدراسات الترکیة،جامعة الموصل، الموصل،١٩٨٧،ل ١٩

٣ جرجیس حسن : ترکیا فی استراتیجیة الامریکیة بعد سقوط الشاة، بدون مطبعة، ایران، ١٩٩٠، ل ٤٨.

سنووردا ڕێکەوتنی هاریکاریی نێوانیان نۆژەنکردەوە[١] . لە ١٩٧٨دا (کەنعان ئیفرین) سەرۆکی ئەرکانی سوپا سەردانی عێراقی کردو بڕیاری پێکهێنانی کۆمیتەیەکی هاوبەشیان بۆ ئاسایش و هەواڵگیریی پێکهێنا، بە پێی ئەو بڕیارە دوو وڵات بۆیان هەبوو ١٧ کیلۆ مەتر لە سنوور یەکتری تێپەڕێنن بۆ ڕاوەدوونانی جوداخوازەکان[٢].

هاوکات لە سیاسەتی ناوخۆشدا ڕژێم بۆ لاوازکردنی کورد لەنێو تەڤگەری چەپدا، هەموویانی بە بەکرێگیراوی ڕژێمی سەرمایەداریی تاوانبار دەکرد، هەربۆیە ساڵی ١٩٧٨ ، (بلند ئەجەوید) لە مۆسکۆ لەتەك سەرۆك وەزیران (ئەلیکسێی کۆسیگین) پرسی کورد و پشت نەگرتنیانی خستەبوویە بەر باس و خواست.[٣]

لە کاتێکدا تورکیا خۆی ئامادەیی دەربڕی بوو بۆ (ناتۆ) کە جێگەی لەدەستدانی یۆنان پڕ بکاتەوە، ئەمەش لە ئاکامی پێداگری زۆری تورکیابوو بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا[٤]*

تورکیا و ئێران هیچ کات لە مەڕ پرسی کورد گرفتیان لەتەك یەك نەبوو، بەڵام شۆڕشی گەلانی ئێران لە١٩٧٩ دا گرفتی بۆ تورکیا هاوردە پێش، چونکە لە لایەکەوە جووڵانەوەی ئیسلامی سیاسیی لە تورکیا دەبووژایەوە** ، لەلایەکی ترەوە نا ئارامی نێوخۆی ئێران و یەك پارچەیی

---

١ نەوشیروان مستەفا:لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناو زەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق(١٩٧٥-١٩٧٨)، چاپی بەرلین، ١٩٩٧، ٢٧٨

٢ کریس کۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوەی کوردو هیوای سەربەخۆیی، ب١ ، ل ٧٣ ، ٧٤ .

٣ عەلی تەتەر نێروەی: بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی ئێران و عێراقدا، چاپخانا حاجی هاشم، هەولێر ، ٢٠٠٨، ل١٤٦ .

٤ ئیسماعیل بەشکچی : سیو سێ گولله، ل ٣٢٩ ; Kristina koivunen :Op.Cit. p.151

* ئەمەریکا ئابلۆقەی خستە سەر تورکیا، چونکە چەکی Kristina koivunen :OP.CIT. p151 ناتۆی دژی بەشە یۆنانییەکەی قوبرس بەکارهێنا بوو.

** فەتحوللا گولەن کە قوتابی سەعیدی کوردی بوو کاریگەر بوو بەشۆڕشی ئیسلامی ئێران.(کریم محمد حمزة و دهام محمود الجبوري:س، پ، ل ٦٦).

ئێرانی دەخستە مەترسییەوە، بەمەش کاریگەریی لەسەر باکووری کوردستان بەجێدەما، هەربۆیە تورکیا بۆ فشار خستنە سەر ئێران تا مافی کورد نەدا ٥٠٠٠٠ ئێرانیی بەرهەڵستکاری داڵدەدا. لەمبارەوە باڵوێزی ئەمریکا لە ئەنکەرە ڕایگەیاندبوو:"ڕووداوەکانی ئێران کۆتایی بە شلەژاویی ئەجەوید هێنا لە کوردستاندا". ئیتر ئەو ڕەوشی لێبووردنەی لە ١٩٧٤ وە ڕابوونی نەتەوەیی کوردی بێدارکردبووەوە ئاڕاستەی پێچەوانەی گرت[1] . بۆ نموونە ١٩٧٩ پارێزگاری هەکاری وتبووی:" تورکیا دوژمنایەتی خومەینی قەبوڵ ناکات، چونکە یارمەتی کۆمەڵە کوردییەکان و ئەرمەنییەکان دەدا"[2]، هەروەها لە سەرەتای ١٩٧٩ دا سەرۆکی سوپا لەبەر ڕۆشنایی شۆڕشی ئێراندا سەردانی عێراقی کرد بۆ وتووێژ لە بارەی جوولانەوەی نەتەوایەتی کورد،[3] هاوکات (عەلی حەیدەر ئۆزگان) ڕێبەری ڕێکخراوی میت[*] ، بە هەماهەنگی ئاژانسی هەواڵگیریی نێوەندیی ئەمەریکا (CIA) لە ٢٩ی ئازاری ١٩٧٩دا لە سەردانێکی (٦) ڕۆژەدا چووبووە بەغداد بۆ دۆزینەوەی چارەی پرسی کورد[4] . باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە تاران نووسیویەتی:"هەڵگیرساندنی جەنگی نێوخۆ لە ئێرانو شکستی سیاسەتی خومەینی، تورکیای نیگەرانو قەڵس کردووە و ترسی دەوڵەتی کوردی کردووە بە مۆتەکەی تورکیا"[5]. لە دەرهاویشتەی ئەم هەوڵانەدا پرسی کورد هۆکارێك بوو کە تورکیای هاندا

---

1. Martin van Bruinssen: Kurtluk, turkluk,Alevilik, Etnik Ve Dinsel kimlik mucadelderi, civiren,Hakan yardakul,Baski 5, IIetisim yayinlari, Istanbul, 2004, S.352.

٢ جرجیس حسن: س، پ، ل ٧١.

3. Omer Tspinar;o p,cit,p. 170 171 .

* میت کورتکراوەی میللی ئیستخبارات تەسەیلاتی یەو ١٩٦٥ دامەزراوە بەفەرمی، وەلێ لە ١٩٢٠ بە کرداری هەبووە، ئەرکی زانیاری کۆکردنەوەیەو بە کرداری بەندە بەسوپاوە، بەڵام بەیاسا دەبێ زانیاری بداتە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.(مایکل گەنتەر:س،پ، ل٢٧٠).

٤ جرجیس حسن: س،پ، ل٤٧ – ٤٨ .

٥ من سلسلة وثائق وكرالجاسوسية: س، پ ، ل١١٠، ١٣٩ .

پێوەندییەکانی لە تەك ئێراندا ئاسایی بکاتەوەو بواری نەدا شەڕێکی سیاسی لەگـەڵ ئێـران دا ڕووبـدات، لـە کاتێکـدا تورکیـا لـە بـەرەی خۆرئـاوابوو، بەپێچەوانەیشـــەوە ئێـــران لەبـــەرەی دژ بـــە خۆرئـــاوا سیاســـەتەکانی گەمەیانـدەکرد[1]. چـونکە تورکیـا خۆشـحاڵ بـوو بـە رامیـاری تونـدی ڕژێمـی نێوەنـدی ئێـران دژ بـە کـورد[2]. وەزیـری دەرەوەی تورکیـا (ئۆکسـۆن) لـە گفتوگـۆ لـە تـەك وەزیـری دەرەوەی ئەمـەریکا وتبـووی:" تورکیـا هاوکـاری ڕژێمـی ئێرانـە، چـونکە دژی سـۆڤیەت کاردەکـا، ئـیتر هـەوڵی ئیسـرائیل بـۆ گۆڕانی تەرازووی هێز لە ناوچەکە، وەك هەوڵی دەست بردنە بـۆ ئـاگر"[3]. کـە واتە تورکیا لە پێناو سـڕکردنی جووڵانـەوەی کوردیـدا ئامـادە بـوو دژایـەتی خۆرئاوا و ئیسرائیل بکات و ڕژێمی نوێی ئێـران بکاتـە دۆسـتی. لـەم بـارەوە گۆڤاری (ألحوادث) لە ١٩٧٩/٤/٢٧دا نووسی بووی:"تورکیا و عێراق و ئێـران یەك سیاسەتیان هەبوو لە بەرامبەر کورد"[4]. ئیتر تورکیا توونـدتر لـە جـاران مامەڵـەی دەکـرد، بڕیـاری سـەرکردایەتی هێـزە چـەکدارەکان لـە ڕۆژنامـەی (جمهورییەت)ی ١٩٧٩/٣/٩ بڵاوکرابووە، کە کارکردنبوو بۆ داخستنی هـەموو ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە بە زمانی کـوردی و تـورکی دەردەچـن، هـەروەها سەرۆکی گشتی سوپا لەتەك کار بەدەستانی ١٤ ویلایەتی کوردیدا کۆبـووەوە و نەخشەی زێدەتر ژێر پێخرانـی مـافی کوردیـان دارشـت[5]. هاوکـات هـەوڵی نـاکۆکی مەزهـەبی نێـوان کـوردی سـوننی و عەلـەوی فراوانکـرا[6]، بـەجۆرێك

١ مراد خۆشەڤیو حسۆ : س ، پ، ل٤٢ .

٢ ریتشارد ف. غریمت الن لیبسون: ترکیا صعوبات وآفـاق، إدارة ابحـاث ألکنجـرس ألأمریکیـة، أعداد دائرة شوؤن الخارجیة وألدفاع القومي، ١٩٨١،ل٥٧.

٣ من سلسلة وثائق وکرألجاسوسیة: ﻫ ، س، ل ١٥٤ .

٤ جرجیس حسن: س، پ، ل ٩٥ .

٥ فاتیح ڕەسـوڵ : بنچینەی بیرۆکـەی چـەپ، ل ٩٦; حسـرتیان : ألقضـایا ألقومیـة في ترکیـا، ل٦٤.

٦ فرید هالیدای واخرون : ألأثنیة وألدولة، ألأکراد في العراق وایران وترکیا، ت: عبـدالله النعیمـي، ألطابعة الفرات للنشر، ط١، بغداد، ٢٠٠٦، ل٦٥ .

ئاماژەکانی کۆدەتایەکی سەربازی لە ڕووداوی (مەرعەش) بە دیار دەکەوتن، ڕووداوی مەرعەش دەرهاویشتەی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی تورکیابوو بەرامبەر بە نەتەوەو مەزهەبە جیاوازەکان، لە ڕووداوەکەدا ١٩٧٨ بە گوێرەی ڕاپۆرتی فەرمی ١٠٩ کەس کوژران و ١٧٦ کەس بریندارو ٥٠٠ دوکان خاپورکران[١]، ڕووداوەکە هێرشی ڕاستڕەوەکان بوو کە حکومەت پشتیوانیان بوو بۆ سەر کوردە عەلەوییەکان، کە هەموویان کۆچبەری ئاوارەی ئەو شارە بوون و لە دێرسیمەوە هاتبوون و لە کوخەکاندا دەژیان[٢]، ئەم ڕووداوە لە سایەی حکومەتی شلڕەوی ئەجەوید دا ڕوویدا کەخۆی بەپشتیوانی چەپەکان دەزانی، کەچی لەبەرانبەر هەر هەڵوێستێکیشیدا باری نائاسایی لە ١٣ ویلایەتی کوردنشیندا ڕاگەیاند[٣].

## باسی دووەم: کورد لە سیاسەت و ڕێکخستنی پارتە فەرمیەکانی تورکیا دا

**یەکەم: کورد لە ڕێکخستن و سیاسەتی پارتی گەلی کۆماری(پ.گ.ك) دا**

پارتی گەلی کۆماری(پ.گ.ك) لە ٢٠ی تەمموزی ١٩٢٣دا لەلایەن مستەفا کەمال ( ئەتاتورك ) دامەزرێنراو تا ١٩٥٠ تاکە پارتی باڵادەست و تاکڕەوی تورکیا بوو[٤]. هەر لەسەرەتاوە کورد لە ستراتیژی ئەم پارتەدا مەترسی سەرەکی یەکپارچەیی کۆماری تورکیا و لەمپەری بەردەم دروستبوونی تورکیای گەورەبوو، هەربۆیە پرسی کورد ڕیشەی لە سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتیو تێکڕای ڕەهەندە ڕامیارییەکانی ئەم پارتەدا داگیرکردووە[٥].

---

1. Kristina koivunen : op . cit, p.157, 158 .

٢ دێڤید ماکداوڵ : س، پ،ب٢ ، ل ٨٤٧ ; غریمت ، ریتشارد . ف . والن لیبسون: ترکیا صعوبات وآفاق ، سلسلة دراسات ستراتیجیة ، أدارة أبحاث الکنجرس ألأمریکیة، أعداد دائرة شوءن ألخارجیة وألدفاع ألقومی، ١٩٨١،ل ٥٦ .

3 Divid Mcdowall:A,G,E, S.58-59.

٤ کەنداڵ نەزان و ئەوانی تر : س، پ، ل ١٨٠.

٥ ئیسماعیل بێشکچی : سیو سێ گولله، ل ٣٦٤.

پ.گ.ك لـه هەڵبژاردنـەكانی ١٥ی تشـرینی یەكـەمی ١٩٦١ دا پـاش (١١) ساڵ لە بەرهەڵستكاری دەسەڵات هاتەوە سەر تەخت[1]. هاوكات ئاڵوگۆڕەكانی نێوخـۆ لـە سـەرەتای شەسـتەكانەوە ڕەوتێكـی گـەنجی لـەدەوری (بوڵنـد ئەجەوید) گرد كردەوە، ئـەوان پ.گ.ك یـان دابەشـكرد بـۆ بـەرەی ڕاسـت و بـەرەی چـەپ. ڕاسـترەوەكان پەیوەسـتبوون بـە میتـۆدی پێشـینەی پارتەكەوە، چەپەكانیش لەتـەك ڕیفـۆرم و گۆڕانكـاریی كۆمەڵایەتیـدا بـوون[2]، هەربۆیە لە تشرینی دووەمی١٩٦٦ دا ڕەوتی چـەپ بەرنامـەی خۆیـان لـەژێر نێوی (چەپی مامناوەنـد) بـەرزكردەوەو پـاش مشـتومڕێكی زۆر لـەمیتۆدی پارتەكـەدا پەسـەندیان كـرد.[3] دواتـر لەمایسـی ١٩٧٢دا لەكۆنگرەیـەكی نائاساییدا (بلّنـد ئەجەویـد) بـۆ سـەرۆكی پارتەكـە هەڵبـژێرا[4]. ئـیتر پ.گ.ك بانگەشەی ئازادی ڕادەربرین و خواستی كەمكردنەوەی جیاوازی چینایەتی و دابەشـكردنی داهـات بـە نـەزمێكی یەكسـان بووبـە سـەرەكی تـرین دروشـمـە باوەكـانی ئـەو قۆناغـە، هـەموو ئـەم دروشمانـەش لـەنێو كـورد دا وەك هەنگاوێكی نوێ تەماشا دەكران، هەربۆیە دیسانەوە بەشێوەیەكی فراوان لەم ئەزموونە دا تێكەڵ بە سیاسەت و ڕێكخستنی پ.گ.ك بوون[5].

لە ڕاستیدا ئەو بانگەشانەی پ.گ.ك بـۆ كۆمەڵگـەی كـوردی دوو ئامـانجی هەبوو:

١. قۆستنەوەی ئارەزووی خـەڵكی كـورد بـۆ بزووتنـەوەكانی كۆمـۆنیزم و ڕێگرتن لێیان لە بەرانبەر پێوەندی كردن بە پارتە چەپەكانەوە[6].

---

١ إبراهيم ألداقوقي: س، پ، ل ١٥٢.

٢ أحمد نورى النعيمي: ظاهرة ألتعدد الحزبي فى تركيا، دار ألحرية، بغداد، ١٩٨٩، ل ٧٩.

٣ ئیسماعیل بێشكچی : سیو سێ گولله، ل٣ ٦ ـ٨ ٥.

4. Feroz ahmad: op,cit, p.261_262.

٥ وصال نجيب العزاوي: س، پ، ل ٩٠..

٦ جهاد صالح : الطورانية التركية بين ألأصولية وألفاشية،ط١، بيروت،١٩٨٧، ل ١٣٩.

٢. گەمـەی بردنـەوەی هەڵبژاردنـەکان بـوو لـە کێبـەرکێی پارتـەکانی تـردا، چونکە هەموو دروشم و بـەڵێنی پـێش وەخـت بـوون. لـەم بـارەوە بـاڵوێزی ئەمریکا لە ئەنقەرە نووسیبووی:"خواستەکانی هاریکاری ئـابووری ناوچـەکە، هۆکاری لایـەنگیری کـورد بـوو بـۆ پ.گ.ک"[١]، هـەروەها خوێنکـاران و چـەپە ڕیفۆرم خوازەکانی کورد لە پارتە نهێنییەکاندا هانی کوردیان دەدا دەنـگ بـە پ.گ.ک بـدەن لـە هەڵبژاردنەکانـدا[٢]، لەلایـەکی تـرەوە بەشـێکی بـەرینی پێکهاتەی مەزهەبیی کورد، کە عەلەویەکان بوون بارگاوی بـوون بـە دروشمـە نوێیەکانی پارتەکـەوەو لایـەنگری بـەهێزی دروشمـە چـەپڕەویەکانی بـوون[٣]. هاوکـات ڕامیـاریی نـوێی پارتەکـە تاڕادەیـەك ڕێگەیـدا بـە کـورد لـە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا و لە بواری ڕۆژنامەگەری و میدیادا کێشەی ڕۆژهەلاّت بهێننـە بـەر بـاس و خواسـت. تەنانـەت ئەجەوید لـە پـێش هەڵبژاردنەکانـدا سەردانی نێوچە کوردنشینەکانی دەکـردو دووپاتیـدەکردەوە کـورد و تـورك جودانین و وەك یەکن[٤] ، بە ڕادەیەك پرسـی ڕۆژهـەلاّتی ورووژانـدبوو لەلایـەن نەیارانییەوە تۆمەتی جوداخوازی دەدرایە پاڵی[٥].

لە ڕاستیدا پ.گ.ك لە پرۆگرامیدا بەهیچ جۆرێك دانی بە کـوردا نـە نـابوو، لە بەندێکی سـەرەکی پێرەویـدا هـاتبوو:" پـارتی دان بـەجیاوازیی ڕەگـەزیی لەنێوان هاوولاّتییە تورکەکاندا نانێت و دژی ئەو بزووتنەوانەیشە کە هەوڵ بـۆ جوداخــوازی ڕەگــەزیی دەدەن "[٦]، هــەروەها لــە مــادەی ٣ دا هــاتبوو:" ناسیۆنالیزم بریتیە لە ڕۆحی هۆشیاری نەتـەوەیی، هـەر ئـەم ڕۆحـە یـەکێتی

---

١ من سلسلة وثائق وكرالجاسوسية: س، پ، ل ١٣٨- ١٣٩.

2. Ibrahim Guclu : S. P. L.32.

٣ ألجمهورية العراقية، مديرية الأمن ألعامة ( مركز ألتطوير الأمني)، ألجمهوريـة ألتركيـة، ألجـارة ألشمالية، محدود التوزيع، د.م،د.س ل ٥٩.

٤ من سلسلة وثائق وكرالجاسوسية : س، پ، ل ٢٧.

5 Hamit Bozaslan: Turkiyenin Modern TarihiK . Avesta. Istambul. 2008. S.94.

٦حسرتيان: ألقضايا ألقومية فى تركيا، ل ٥٢.

نەتەوەیی تورکیا دروست دەکات"[1]. لەبەر ئەوە ستراتیژی ئەم پارتە لە بارەی نەتەوەی کورد هەمان ستراتیژی نەگۆڕی ئەتاتورك بوو، بەڵکو سۆشیالیزمی کردە چەکێکی ستراتیژی بۆ کۆکردنەوەی دەنگی کورد و ناتورکەکان بۆ خزمەتی تورك، چونکە پ.گ.ك لە نێوەرۆکدا پارتێکی ناسیۆنالیستی بوو، چونکە داکۆکی پارتی لە تورکمان و تورکەکانی دەرەوەی تورکیا و نەخوێندنەوەی کەمینەکانی نێو تورکیا لە ڕاستی بانگەشەکانی دووری دەخستەوە[2]. یان پ.گ.ك گرفتەکانی تورکیای لە ڕۆژهەڵاتدا پێوەست دەکرد بە گرفتی ئابووری و نەبوونی خزمەتگوزاری. (ئەجەوید) پێی وابوو، کە سەرچاوەی جووڵانەوە نەتەوەییەکانی کورد بریتین لە پەراوێزخستنی یاسای چاکسازی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بە ئاوڕدانەوە لەو ڕەوشە کێشەی ڕۆژهەڵات چارەسەر دەکرێت[3]، ئیتر بەم پاساوانە خۆی لە گرفتی ڕاستەقینەی نەتەوەیی کورد تێ نەدەگەیاند. لەلایەکیترەوە پشتگیری پ.گ.ك بۆ ئاغا و دەرەبەگەکانی کورد لە کوردستاندا، پرەنسیپە سۆشیالیستییەکانی دەخستە ژێر پرسیارەوە، چونکە لەڕێگەی ئەم پارتەوە زۆرێك لە دەرەبەگەکانی کورد بەخێرایی دەچوونە نێو پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە، هەروەها لق و ئۆرگانەکانی پ.گ.ك لەکوردستاندا پێوەندییەکی بەهێزیان بە دەزگا سیخوڕییەکانی میتەوە هەبوو[4]، هاوکات شێخ و دەرەبەگەکانی کورد بەهۆی کۆمەك کردنیان لەتەك کاربەدەستان و لقەکانی پارتیدا دەسەڵاتی دێرینەیان پێدەدرایەوەو مافی نوێنەرایەتی کردنی خەڵکی کورد کەوتەوە ژێر رکێف و ئارەزوویان[5].

---

١ حەسرەتیان: یاسا دەستوورییەکانی تورکیاو کورد، ل ٨٦.

٢ کەندالێ نەزانو ئەوانیتر: س،پ، ل١٨

٣ من سلسلة وثائق وكرالجاسوسية : س، پ، ل ١٤١.

٤ ئیسماعیل بێشکچی: سیو سێ گولله، ل ٣٣٣.

٥ مارتین ڤان برانەسن: س، پ، ب٢، ل ٢١١.

یەکێك لە هۆکارەکانی زیادبوونی لایەنگرانی کورد لـەنێو پ.گ.ك ، بریتـی بوو لەو قۆناغانەی کەپارتەکە لەبـەرەی ئۆپۆزسـیۆندا بـوو، چـونکە هێرشـی کۆماندۆکان لە ١٩٦٨ دا لەلایەن پارتی عەدالەتی دەسەلاّتدارەوە هاتەگۆڕێ، هەرچەندە پ.گ.ك لەتەك خواستەکانی خەڵکی کوردستاندا نەبوو، وەلێ وەك پارتەکانی تر پڕۆتستۆی کۆبوونەوەو خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەلاّتی نـەدەکرد. لەم بارەوە کەمال ستیر لێپرسراوی پارتەکە لە شاری مێردین دەیووت:" بـە وریاییـەوە چـاودێری خۆپیشـاندانەکانی ڕۆژهـەلاّت دەکـەین، بەشـانازییەوە دەڵـێم نیشـتمانپەروەرانی ئـەم دەڤـەرە لەتـەك یەکپارچـەیی تورکیـا دان"[1]. هەربۆیـە پـارتی تـوانی لـەنێوان سـالاّنی ١٩٧٣ – ١٩٨٠ بـەهۆی پشـتیوانی دەنگی کورد دووجـار سـەرۆکایەتی حکومـەتێکی ئیئتلافـی بگرێتـە ئەسـتۆ[2]. هەرچەندە هیچ هەنگاوێکی خوزمەتگوزاری و هیچ بەڵێنێکی پێش هەڵبـژاردن کوردستانی نەگرتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین ، کـە هەندێ لـە پڕۆژەکـانی ئـەم پارتـە لـە کوردسـتاندا ناڕاسـتەوخۆ بـوو بـەهۆی بوژانەوەی هەستی نەتەوایەتی کورد لەدەرەوەی پارتەکەدا، کە گرنگترینیـان ئەم هەنگاوانە بوون:

١. کۆتـایی بـە بـاری نائاسـایی ناوچـە کوردییـەکان هێنـا، کـە سـوپا لـە کودەتای ١٩٧١دا لە کوردستان سەپاندبووی.

٢. چـالاکی پەرلـەمانتارانی کـوردی سـەر بـە پ.گ.كو پێشـنیارەکانیان لەمەڕ پەراوێز نەخستنی ڕۆژهەلاّت دەنگدانەوەی مەزنی هەبوو[3].

٣. پ.گ.ك یاسـای لێبـووردنی گشـتی بـۆ هـەموو زینـدانی و هـەلّهاتووە سیاسـییەکان جێبـەجێکرد، ئـەم یاسـایە لـە(٥)مـادە پێکهـاتبوو[4]، کـە(٤) مادەیـان لــە پەرلەمانـدا بــەدەنگی پەرلــەمانتارانی پ.گ.ك پەســەندکرا،

---

١ حەسرەتیان : یاسا دەستورییەکانی تورکیاو کورد، ل ٨٧.

٢ کەندالّ نەزانو ئەوانی تر: س ، پ ، ل ١٢٨.

٣ کەندالّ نەزانو ئەوانی تر : ه، س، ل ١٨.

4. Musa Anter :A,G,E, S.233-234.

لەکاتێکدا پەرلەمانتارانی پارتی عەدالەت نەیاری لێبووردن بوون، هەروەها (پارتی رزگاری نیشتمانی) ئیسلامخواز کە لە حکومەتدا هاوبەش بوو دژی بڕیاری لێخۆشبوونی کوردپەروەرەکان بوو، بەلام بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمانتارانی پ.گ.ك تەواوی گیراوە سیاسییەکانی کورد، جگە لە ٣٥ کەس کە یاساکە نەیگرتنەوە ئازادکران. لە هەمان کاتدا بە هەولی ئەجەوید ناڕەزایی زیندانیانی گرتووخانەی دیار بەکر گەیەنرایە سەرۆکی دادگەی دەستووریی ( محیەدین تایلان )و سەرۆك کۆمار ( فەخری کۆر تورك)، هەروەها (٩٠) ئەندام پەرلەمانی پ.گ.ك داوایان لە دادگەی دەستووری کرد کە بڕیاری لێ خۆشبوونە کە هەموویان بگرێتەوە، دواجار دادگەی دەستووری فەرمانی ڕاستەوخۆی بۆ ئازادی هەموو هەلهاتووانو گیراوە سیاسییەکان دەرکرد[1].

پ.گ.ك (٢٣)هەمین کۆنگرەی خۆی، لە ٢٧تشرینی دووەم ١٩٧٦ دا گرێداو پرۆگرامی نوێی پارتەکەی پەسەند کرد، دیسانەوە پرۆگرامەکە چەمکی نەتەوەیی کوردی دەدایە دوواوە و پشتیوانی خۆی بۆ هەموو کارێك دژ بە کورد و کوردستان دەردەبڕی[2]، هەروەها ئەجەوید دووپاتی کردەوە، کە هەموو هاوولاتیانی تورکیا تورکن و هەمووان بەتورکبوون بەختەوەر دەبن[3]. لەتەك ئەوەشدا لە هەلبژاردنی ٥ ی حوزەیرانی ١٩٧٧دا ، زۆربەی چەپەکانی کورد و پارتە نهێنییەکان، کە بەرنامەیان چەپ بوو، لەتەك خوێندکار و ڕووناکبیرانی کورد دەنگیان دا بە پ.گ.ك، بەجۆرێك توانی ٢١٣ کورسی پەرلەمان مسۆگەربکات، کە ٣٩ کورسییان ئەندامانی کورد بوون، ئەم ڕێژەیە بەجۆرێك بوو کە ڕێژەی کورد دوو بەرابەری ڕێژەی ئەو

---

1 Musa Anter:A,E, S. 233-235.

٢ئیسماعیل بێشکچی : سیو سێ گولله : سن پ، ل ٢٩٣ .

٣ئیسماعیل بێشکچی : هـ، س ، ل ٢٨٤.

کوردانه بوو که لەنێو پارتی عەدالەتدا هەبوون[1] لێرەدا دەتوانین هۆکارەکانی مانەوەی کورد لە ڕیزەکانی پ.گ.ك بگەڕێنینەوە بۆ:

١. بەکارهێنانی دروشمەکانی چەپی دیموکرات، یەکسانی، ئەنتەرناسیۆناڵ.

٢. لە بەرامبەر هەژموونی ڕاسترەوەکان و پشگیرییان لەلایەن فاشیستەکانی تورکەوە، پ.گ.ك ببووە بەدیلی پشگیریکردن بۆ کورد.

لەتەك ئەوەشدا بەشداری کورد بە بەراورد بە ١٩٧٥ لە نێو پ.گ.ك و پارتەکانی تر لاواز ببوو[2]. ساڵی ١٩٧٨ لە کۆتا حکومەتدا کە پ.گ.ك بەشداربوو لە نێویدا، جێگری سەرۆك وەزیران (حیکمەت چەتین) کورد بوو، هەروەها چەند وەزیری کورد هەبوون لەوانە: عەبدولکەریم زەیدان و وەزیری گواستنەوە نورەدین یەڵماز[3]، هاوکات نوێنەرانی کورد لە ویلایەتەکانی کوردستاندا دیاری دەکران بۆ سەرۆکی شارەوانی و پەرلەمانی تورکیا[4]، بۆنموونە ( نەجاتی جەمیل پاشا) نوێنەری پ.گ.ك بوو بۆ سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر و لەماوەی ساڵانی ١٩٦٣ – ١٩٧٣دا سەرۆکی شارەوانی ئەو شارە بوو[5].

لەپاش هەڵبژاردنی ١٩٧٧ دا ڕادیکاڵە ڕاسترەوەکان ستراتیژێکی توندیان دژی کورد و کوردی عەلەوی پێڕەو دەکرد و فشاریان لەسەر ڕامیاریی شلڕەوانەی پ.گ.ك دروستدەکرد[6]، چونکە چالاکی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان ڕۆڵی گرنگی لە ورووژاندنی ئاریشەی کورد هەبوو لە ئەنجومەنی

---

١ ابراهیم خلیل احمد واخرون : س، پ ، ل ١٨١.

٢ ئیسماعیل بێشکچی : هـ ، س، ل ٣٢٧..

٣ وصال نجیب العزاوی : س، پ، ل٩١.

4. Naci Kutlay : Anilar .S.99.

٥ مالیمیسانیژ : س، پ، ل ٢٢٤.

6. Hamit Bozaslan: S.94-95.

وەزیـران و پـەرلـەمان[١]. ئـەم ڕەوشـە ڕامیـاریی پـارتی لـە بەرامبـەر کـورد دا توندکردەوە، بـەجۆرێك (٧) لـە وەزیرەکـانی سـەر بەپارتەکـەی ئەجەویـد هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد ئەگەر ڕۆڵی کورد لـەنێو پارتیـدا کـەم نەکرێتـەوە دەسـت لـەکار دەکێشـنەوە. دیـارە بـەم کـارەیش ڕاسـتەوخۆ حکومـەت هەڵدەوەشایەوە. ئیتر ناچار ئەجەوید ملکەچـی خواسـتی بەرهەڵسـتکاران و نەیارانی نێو پارتەکەی بوو، لە کاردانـەوەی ئەوەشـدا هەمدیسـان چـاودێری سـەر ویلایەتـەکانی ڕۆژهـەلاتی زیـادکردو بـاری نایاسـایی درێـژکردەوە[٢]. بەمجۆرە ناسنامەی نەتەوەیی کورد هـەموو دەرگەیـەکی لەبەردەمـدا داخـرا، تەنانەت شەرەفەدین ئاڵچـی* وەزیـری کاروبـاری بەرژەوەندییـە گشـتییەکان تەنها لەبەر ئەوەی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا لە نیسـانی ١٩٧٩ دا وتبـووی: " کـورد لـە تورکیـا دا هەیـەو مـن کـوردم "، ئـەم ڕاسـتییە لـە ئەنجومـەنی وەزیران گەورەترین مشتومڕی لەسەرکراو دواجار ناوبراو ٢ ساڵ و سێ مانگ توندی زیندانکرا[٣].

هۆشیاری کورد گەیشتە ئاستێك کە بزانن ڕامیاریی پ.گ.ك، تەنها مەکر و پلانی تـاکتیکی لەهەگبەیدایـە بـۆ کـورد، کـورد دەیـانزانی دەوڵـەت لـە بـڕی ئاوەدانی و پرۆژەی چاکسازی و مافە کولتوورییەکان، دەسەلاتی سەربازی و گرتنـی نیشـتمانپەروەرانی زیـادکردووە، ئیـدی کـورد ئاڕاسـتەی گەمەکـەی پێچەوانەکردەوەو لە هەڵبژاردنی١٤ تشرینی یەکەم ١٩٧٩دا زۆرینـەی کـورد دەنگیانـدا بـە (پـارتی عەدالـەت)، هەربۆیـە ئەجەویـد نـەیتوانی درێـژە بـە

---

١ عبدألفتاح علی یحیی البوتاني : دراسات ومباحث فی تاریخ ألکرد ، ل ١٥٢.

٢ جرجیس حسن : س، پ، ل ٤٨.

* وەزیری کاروباری بەرژەوەندییە گشتییەکان( شەرەفەدین ئاڵچی )، کە سـەرۆکی نوێنـەرانی کـورد بـوو لـە پەرلـەمان، وەك کوتلەیـەکی سـەربەخۆ بـەنێوی کوتلـەی دێمـوکراتی ناسرابوو.(مایکل گەنتەر: س، پ، ل١٧٤ )

3. Krstina Koivunen : OP . CIT. P .91.

حکومەت بدات و لە تشرینی دووەمی١٩٧٩دا داوای دەست لەکار کێشانەوەی ڕاگەیاند[١].

پێمان وایە پ.گ.ك هەمان ستراتیژی پارتە نەتەوەییەکانی تری تورکیای لە بەرامبەر نەتەوەی کورد دا پێڕەو دەکرد، سۆشیالیزمی نێوەندی ئەم پارتە تەنها ڕێگەیەك بوو بۆ دژایەتی چەپی کورد و ڕاکێشانی ڕووناکبیر و خوێندەوارەکانی کورد. بۆ نموونە ئەجەوید لە وتارێکدا لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٧٩ دا لەبەردەم کرێکارانی تورك لە لیبیا ڕایگەیاندبوو: "چەندە دژی ڕاستڕەوانم، هێندەش دژی ڕەگەزپەرستیی چەپڕەوانم، هەر دوو لا فاشیزم دەیانجوولێنێت، من دژی دروشمێکم تورکیا پارچە بکات[٢]"، هەربۆیە ئەم بۆچوونانەی ڕێبەری پ.گ.ك سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە، کە هەموو بیرێکی نەتەوایەتی کورد و مافێکی چارەنووسی کورد، بە نەخشەی ئیمپریالیزم و دەرەوە دەزانرێت، ئەمەیش لە کاتێکدایە کە پارتەکە بۆخۆی گەورەترین هاوپەیمانی خۆرئاوابوو*.

**دووەم: کورد لە سیاسەت و ڕێکخستنی پارتی عەدالەتدا:**

پارتی عەدالەت وەك درێژەپێدەری پ.د لە ١٩٦١ دا لەلایەن ژەنەراڵ (غورموش بالا) دامەزرێنرا و دواتر (سلێمان دیمێریل) بوو بە سەرۆکی پارتەکە، عەدالەت لە پرۆگرامیدا هەمان تایبەتمەندیی ڕامیاریی و هزریی پ.د ی هەبوو، لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانیی پاش کودەتا دا ئەنجامی گەورەی بەدەست هێناو ڕاستەوخۆ سەرمەشق بوو لە پێکهێنانی لە

---

١ داود أحمد حسن: ألأوضاع ألسياسية فى تركيا خلال ألسبعينات، جامعة ألبكر للدراسات العسكرية العليا. ،كلية ألدفاع ألمدنى، رسالة غير منشورة،بغداد،١٩٨١،ل ٨١.

٢ ئیسماعیل بێشکچی : سیو سێ گولله، ٣٥٥، ٣٣٦.

* لەپاش مۆڵەت پێدانەوەی بەکاری سیاسیی پێکهاتەی پارتەکە بوو بە سێ بەشەوە، کە بریتی بوون لە: پارتی گەلی سۆشیال دیموکرات، پارتی گەلی کۆماری، پارتی چەپی دیموکرات.(ئیسماعیل بێشکچی : سیو سێ گولله، ل ٣٦٨– ٣٦٩)..

حکومەتێکی ئیئتلافیدا[1]. پارتی عەدالەت وەك پارتە سەرەکییەکانی تر دانی بە بوونی کەمایەتی ئیتنی و نەتەوەیی ناتورك لە تورکیا دا نەدەنا. بۆ نموونە لە پێشەکی ئامانجەکانیدا هاتبوو:" پارتی پارێزگاری دەکات لە یەکێتی نەتەوەیی تورکیا لە چوارچێوەی ڕژێمێکی دیموکراسیدا"[2]. هەروەها مادەی(٨) لەپێڕەوی نێوخۆی پارتەکەدا نووسرابوو:" لەسەر دەوڵەتی عەلمانیی تورکیا پێویستە هاووڵاتیانی ناچار نەکات پێوەندی لەتەك ئایینیان بپچڕێنن، هاووڵاتی لەبیرو باوەڕ و مەزهەب و بەندایەتییدا ئازادە "[3]. عەدالەت بەم سیاسەتە مەبەستی بوو نەیارێتی نەتەوە جیاوازەکانی تورکیا سەرکوت بکات، هەربۆیە توانی تەواوی ڕێبازە ئایینییەکانی کورد بکات بە لایەنگری خۆی لە کوردستاندا و لە ڕێگەی ئەوانەوە بنکەی جەماوەری خۆی بەهێزبکات، بۆ نموونە نورچولوکەکان لەسەرەتای درووستبوونی پارتەکەوە بوونە لایەنگر و بەردەوام ١٣ نوێنەریان لە ڕێگەی پارتی عەدالەتەوە لە پەرلەمانی تورکیا دا هەبوو. لە هەمانکاتدا بە پێچەوانەی بانگەشەکانی نێو پێڕەوە نێوخۆییەکەیان لەتەك عەلەوییەکاندا جۆر نەبوون، هەربۆیە بەردەوام عەلەوییەکان لەبەرەی دژ بە پارتەکە دا بوون[4]. پێمان وایە دروشمە ئاینییەکان لەنێو کوردی سوننی مەزهەبدا تەنها بۆ وابەستەکردنیان بووە بە دەسەڵاتو لەنێو عەلەویەکانیشدا بۆ سەرکوتی تایبەتمەندیی نەتەوەییان بەکار هێنراوە. کەچی پارتی عەدالەت لەمادەی (١٠)دا هێناویەتی:" پێویستە ئایین لەکاروباری ڕۆژانە جیا بکرێتەوە"[5]. بەلام بە ئاشکرا لەنێو سوننی و

---

١ مجموعة من ألباحثين السوفيت : تاريخ تركيا ألمعاصر، ت. هاشم صالح التكريتي، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، سليماني، ٢٠٠٧، ل٤١٠.

٢ وصال نجيب العزاوي: س، پ، ل ٩٢.

٣ نبيل حيدرى : تركيا دراسة فى سياسة ألخارجية منذ ١٩٤٥، ط١، صبرى للطباعة والنشر، دمشق، ١٩٨٦، ل ٤٠.

٤ كريم محمد حمزة و دهام الجبوري : س، پ ، ل ٦٤، ٦٩.

٥ نبيل حيدري: س، پ، ل ٤٠.

عەلەوییەکانی کورد دا ئـایین وەك چـەکێکی سـتراتیژی لـەکاروباری ڕۆژانـەدا بەکار دەهێنرا.

پارتی لەم سیاسەتەیدا پێڕەویی لـە مـادەی ٩ی میتۆدەکـەی دەکـرد کـە نووسرابوو:" خەبات بکـەن دژی هـەر بیروبۆچـوونێك کـە جیـاوازی ڕەگـەزی، کولتووری، ئایدیۆلۆژی، ئایینیی دروستبکات "[١].

ڕەوشـی گشـتی کـورد لـە سـایەی سیاسـەتی پـارتی عەدالەتـدا، پـەراوێز خستنی زۆرینـەو هاریکـاری چـینێکی دیـاریکراو و کـەمی کـورد بـوو لـەپێناو بەگەڕخستنی سەرمایە و پرۆژەکانی حکومەت لە وڵاتـدا[٢]، کـە ئـەو چـینەیش بریتی بوون لە دەرەبەگ و زەنگین و شێخە تەقلیدییەکانی کورد[٣].

پارتی عەدالەت هۆز و ڕێبازە ئایینییەکانی بە ئایدیۆلۆژیا بەکاردەهێنا بۆ کۆکردنـەوەی دەنگـی جوتیـار و پاڵـەو چـینەکانی خـوارەوە، لـەم پێنـاوەدا تـــەواوی پرەنســـیپەکانی هۆزایـــەتی لـــە کوردســـتاندا لـــە ســـەروی یاســـای حکومەتـــەوە ڕێزیـــان لـــێ دەنـــرا[٤]، ئەمـــەش فاکتـــەرێك بـــوو تـــا ڕوونـــاکبیر و وردەبۆرجوای کورد نەتوانن لە کۆمەڵگەی کوردیدا شوێنی خۆیـان بکەنـەوە، بەمەش پارتی عەدالەت توانی لە هەڵبژاردنی ١٩٦٥ دا دەنگی زۆرینەی کـورد بەدەست بهێنێت[٥]، ئـەم هەڵبژاردنـە بـە پێچـەوانەی هەڵبـژاردنی ١٩٦١ بـوو، چونکە کورد لە سەرەتاوە لەبەر ئـەزموونی تونـدی پ.د دەنگیـان بـە پـارتی عەدالەت نەدا[٦].

---

١ حەسرەتیان : یاسا دەستورییەکانی تورکیاو کورد، ل ٨٦.

٢ حسرتیان : ألقضایا ألقومیة فی ترکیا، ل ٥١.

٣ نصیب جاسم المطلبي:س،پ، ل٣٦٩.

٤ أندرو فنکل ونکهت سیرمان : ترکیا- ألمجتمع وألدولة، ت. د.حمید ألدوري، بیت ألحکمة، بغداد،٢٠٠٢، ل ٣٣٥ – ٣٣٦.

٥ کەندال نەزانو ئەوانیتر: س، پ، ل ١٧٨.

6. Naci Kutlay: Anilar. S.104.

پارتی عەدالەت لە پاش سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی تشرینی یەکەمی ١٩٦٥دا رایگەیاند:" هەنگاوی یەکەمی ڕێگرتنە لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی[١]. هەروەها سیاسەتەکانی پارتی عەدالەت لەڕووی ئابوورییەوە بەجۆرێك کاریان بۆ دەکرا، کە بریتی بوون لە بەهەدەربردن و قۆرخکردنی سامانی سروشتی کوردستان، چونکە حەوجێی ئەم پارتە بە ئابووری کوردستان لە ئاستێکدا بوو، کە (سولەیمان دیمێریل) وتبووی:" ئەگەر کورد لە تورکیا جیابێتەوە ئەوا تورکیا هەرەس دێنێت "[٢]. سیاسەتێکی تری پارتی عەدالەت بریتی بوو لە نزیك بوونەوە لە بنەماڵە بەرچاو و دێرینەکانی کورد، بەتایبەتی ئەو بنەماڵانەی لە خەباتی دژ بە کەمالیزمدا ڕابردوویان هەبوو، هەربۆیە بۆ بەدەستهێنانی پشتیووانی ئەوان پۆست و پلە و پایەی حکومیی پێدەدان، یاخود سەرۆك هۆز و کوڕانی شێخە بەنێوبانگەکانی چەکدار دەکردن و یارمەتی دەدران دژی بە یارانیان[٣]. بەم سیاسەتەش ناکۆکی نێوان هۆز و تیرەکانی کوردی لە کوردستان پەرە پێدەدا. بۆ نموونە لە کۆتایی حەفتاکاندا محەمەد جەلالی سەرۆکی هۆزی مەزنی بوجاکەکان کرابووە دار دەستی دەسەڵات بۆ دژایەتی پارتە نهێنی و نایاساییەکانی کورد[٤]. بەهەمان شێوە لە ناوچەی شەمزینان و ویلایەتی هەکاری تەواوی سەرۆك هۆزەکان لەتەك پارتی عەدالەت بوون.* وەلێ ڕێگرییەکانی تێکەڵبوونی کورد و پارتی عەدالەت هێشتا زۆربوون ، چونکە:

---

١رجالات ألنخبة السياسية فی ترکیا ( سلیمان دیمیرل ) ، مرکز دراسات ألستراتیجیة، عدد (١)، ١٩٩٨، ل ٣٢.

٢صلاح سعد الله : س، پ، ل ٧٠.

٣ وصال نجیب العزاوي : س، پ، ل ٩٣.

٤دیڤید ماکداوڵ : س، پ، ل ٨٢٣ ، ٨٦٢.

* بۆنموونە عەشیرەتی ( بنیانش) بەسەرۆکایەتی ( ماجیدی ئەحمەد بەگ)و عەشیرەتی (ئورەماری) بەسەرۆکایەتی ( فازیل شوکری ئاغا)و عەشیرەتی (پیرۆزی) بەسەرۆکایەتی کورانی مەلا مەحمودو عەشیرەتی (دوسکی) بەسەرۆکایەتی (حاجی صالح ئاغا)، پشتیوانی پارتی عەدالەت بوون.(نەوشیروان مستەفا:س،پ، ل٢٨٣ـ٢٨٦).

١.پاتی عەدالەت پشتیووانی رامیـاریی ئـەمریکای دەکرد لـە نێوچـەکەدا، ئەو سەردەمەش بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دژی ئیمپریالیزمو خۆرئاوا بوو.

٢. پـارتی عەدالـەت لـە ئالۆزییـەکانی حەفتاکانـدا کـە ململانێـی چـەپ و ڕاســترەوەکانی تــورك دروســتیان کردبــوو، بــەردەوام لایــەنگری ڕاســت و فاشیستەکانی تورك بوو، کوردیش هێرشی کۆماندۆکانی بەفەرمان و رامیاریی پارتی عەدالەت دەزانی[١].

٣. پــارتی عەدالــەت درێــژەی بەســەپاندنی بــاری نائاســایی دەدا لــە کوردستانداو بوونی بیروڕای چەپی بە هۆکاری جوداخوازی و ئاژاوە دەزانـی، هەربۆیە کاندیدەکانیان لە پەرلەمان توندترین هەڵوێسـتیان دژی جوداخـوازی دەنواند[٢]. لەم بارەیەوە (سولەیمان دێمێریل) ١٩٦٧ لـە (مـاردین) وتبـووی:" پارتی عەدالـەت هـەموو هێزێك بـەکاردەهێنێ دژ بـە نەتـەوەخوازیی کـورد و سنوور لەسەر پشتە بۆ جوداخوازەکان تا ئێـرە چـۆڵ بکـەن".[٣] هـەروەها لـە نیسانی ١٩٦٩ دا پرۆژەی (ئارامی و ئاسایشیی ڕژێم)ی دابووە پەرلەمان، کـە بـەگوێرەی پرۆژەکـە هـەموو ئازادییـەك لـە کوردسـتاندا زەوتکرابـوو. ناچـار خەڵکی دیاربەکر دژی ئەم پرۆژەیە خۆپیشاندانی بەر فراوانیان دەستپێکرد ، درووشمی خۆپیشاندەران بریتی بوو لە:( بڕوا لـەژێر یاسـادا ناشـاردرێتەوە)، (بروخێ ئیمپریالیزم)[٤].

٤. ئەو نوێنەرانەی کورد لە پەرلەمان کە سەر بـە پـارتی عەدالـەت بـوون، بەرژەوەنـدی بازرگـانی و شەخسـی خۆیـان و بنەماڵەکـەیان دەیجووڵانـدن[٥]، لەبــەر ئــەوە لــەکاتی هێرشــی کۆمانــدۆکان یــەك ئەنــدام پەرلــەمانی کــورد ناڕەزایــەتی دژی سیاســەتی پارتەکــەی دەرنــەبڕی، بــە پێچەوانەشــەوە

---

1. Savanma :A,G,E,S. 423-425.

٢ وصال نجيب العزاوي: س، پ، ل ٩٣، ٩٤.

3. Feroz Ahmad : op,cit , P.253.

٤ حەسرەتیان: یاسا دەستورییەکانی تورکیا، ل ٥٨.

٥ يوسف إبراهيم ألجهاني: أوج ألان، تركيا وألأكراد، دارألحوران، ط١، دمشق، ١٩٩٩،ل ٤٢.

هەرەشەیان لە نوێنەرانی (پارتی کاری تورکی) دەکرد بەو بۆنەوە  کە پرسی کوردییان لەپەرلەماندا ورووژاندبوو.[1]

٥. هەر ئەندامێکی بە تۆرەمە کورد لەنێو  ڕێکخستنی پاتی عەدالەتدا کارا بووبێت، کورد بوونی دەبووە ڕێگر لەبەردەم وەرگرتنی پۆستی بالآدا، بۆ نموونە ( کامەران ئینان) وەك نوێنەری بەدلیس لەنێو پارتیدا دەردەکەوێت، دواجار دەبێتە رکابەری بەهێزی (سولەیمان دێمێریل) بۆ سەرۆکایەتی پارتی، بەلآم کورد بوونی بووە هۆکاری دۆڕاندیو ناچار لە لوتکەی سیاسەتکردندا دەستی لەکار کێشایەوە٢.

بەمجۆرە سیاسەتەکانی پارتی هۆکاری کەمبوونەوەی ڕێژەی کورد بوو لە پشتیووانی کردنیدا، بەجۆرێك لە هەڵبژاردنی ١٩٧٧ دا لە کۆی ١٨٩ نوێنەری پارتەکە، تەنها ٢٣ ئەندامی کورد هەبوون. ئیتر لەکۆتایی حەفتاکاندا پاتی عەدالەت شوێنی خۆی لە کوردستان لە دەستدا بوو، چونکە ڕوونبووەوە پارتی عەدالەت دژی هەموو بەرەو پێشچونێکی کوردە بۆ نێو دامەزراوە حکومییەکان و فاکتەری بالآدەستی دەرەبەگە چەوسێنەرەکانو بندەستیی بزووتنەوەی نەتەوایەتی پارتە پێشکەوتوخوازەکانیانە[3].

**سێهەم : کورد لە ڕێکخستن و سیاسەتی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی دا:**

پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی ١٩٦٣ لەلایەن ( ئەلپ ئەسلان تورکیش) دامەزرا. ستراتیژی سەرەکی پارتەکە بریتی بوو لە دروستکردنی دەوڵەتێکی مەزن کە هەموو تورکەکانی دونیا بگرێتە خۆی[4]، هەروەها لە نێوخۆی تورکیا دا دژایەتی توندی بیری چەپ و کۆمۆنیستەکانی دەکرد، بەپێی هزری

---

1. Faruk Aras: s,p,L.18.

٢دیڤید ماکداول: س، پ، ب٢، ل ٨٥٤" کرمانج گوندی: س، پ، ل٢١.

٣احمد عبدالباقی احمد: س، پ، ل ٨٩; وصال نجیب العزاوی: س، پ، ل ٢٩٤.

٤احمد نوری النعیمی: ظاهرة التعدد الحزبی، ل١١٤; وصال نجیب العزاوی، ل ٩٤.

پارتەکە چەپەکان تورك نین و پێویستە لەنێو ببرێن[1]، لەم پێناوەدا بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی پشتی دەبەست بە بەکارهێنانی توندو تیژی و تیرۆری کەسایەتی و هەڵسوڕاوانی چەپە شۆڕشگێڕ و جوداخوازەکان[2]. پارتی تایبەتمەندیی لەوە دا بوو جەماوەریی نەبوو، تەنها تۆڕێکی ڕێکخراوەیی ڕاهێنراو بوون یان بەشێك بوو لە نەخشەکانی سوپای تورکیا بۆ ڕوو بەڕووبوونەوەی هێزە دیموکراتیخوازەکان تا خۆیان ڕاستەوخۆ دەست لە سیاسەت وەرنەدەن[3]. چونکە ڕێژەی کورسییەکانی نێو پەرلەمانیان لە نێوان (٣– ١٦) کورسی تێنەدەپەڕی، کەچی هێندەی پارتێکی باڵادەست بۆچوونەکانی لە داڕشتنی ڕامیاری وڵاتدا پشگیری دەکران[4].

ئەم پارتە تەنها لە بواری سەربازی و توندوتیژیدا دژی نەتەوەکان نەبوو، بەڵکو هزری خۆی لەنێو پرۆگرامەکانی سەرەتایی و ئامادەیی و پەروەردە و فێرکردندا دروست وەك یەکبوون، ئەمەش هۆکاری زیندوو ڕاگرتنی بۆچوونەکانی بوو لەنێو لاواندا و بە ئاسانی کاری لەسەر دەمارگیرییان بۆ تورك دەکرد[5]. سەرەتای ١٩٦٧ باڵی سەربازیی پارتەکە پێکهێنرا بە نێوی (گورگە بۆرەکان)*، کە ٥٠٠٠ کۆماندۆی ڕاهێنراوی لە دەوری خۆ گردکردبوویەوە[6]. بوونی ئەم ڕێکخراوە لە کاتێکدا بوو، کە لەبڕگەی دووەمی یاسای تورکیادا هاتبوو:" هیچ پارت و ڕێکخراوێك بۆی نییە میلیشیا و کاری

---

١ اندرو فنکل ونکهت سیرمان: س، پ، ل ١٥–١٦.

2 Ali Kemal Ozcan: Turkeys Kurds Atheoretical analisis of The PKK and Abdullah Ocalan, Routledye tailor Francis troup, London,2006, p.76.

٣ جهاد صالح: س، پ، ل١٣٩.

٤ ريتشارد ف. غريمت الن ليبسون: تركيا صعوبات وافاق ،ل ٥٥.

٥ فیروز أحمد و اخرون: س، پ، ل ٧٥.

* گورگە بۆرەکان وەك چەکدارەکانی جۆری ( ئێس ئێس)ی نازیەکانی هیتلەر بوون.( جەمال نەبەز:س، پ، ل٨٠–٨١).

٦ جەمال نەبەز : س، پ، ل ٨٠ – ٨١.

میلیشیایی له تورکیـا دا هـەبێت"، وەلێ ئـەوان بـە ئاشـکرا هـەزاران گـەنج و جـەحێڵیان لــە ســەر بــەکارهێنانی جۆرەکــانی چــەك و تێــرۆر ڕادەهێنــا و حکومەتیش چاوپۆشـی لـێ دەکـردن، تەنانـەت وەزارەتـی وەرزش و لاوان و وەزارەتــی فێرکردنــی نەتــەوەیی بەشــداربوون لــەناردنی لاوان بــۆ نێــو ئۆردوگاکانی ڕاهێنانیان و بە گوێرەی هەندێك ڕاپۆرت ١٠٠هەزار لاو لە تورکیـا لە سەربازگەکانی ئەو پارتەدا ڕاهێنرابـوون[1]. یـان تـەنها لـە ١٩٦٦ دا پـتر لـە ٢٠٠٩ خوێنکـاری پێشـکەوتوخوازیی کـورد و تـورك لەسـەر دەسـتیان کـوژرا بوون، کەچـی یـەك ئەنـدامیان رووبـەڕووی لـێ پێچـینەوەی پـۆلیس و دادگـە نەبووەوە[2].

گرنگترین دروشمەکانیشیان بریتی بوو لە: (ئازادکرنی تورك لە جیهانـدا و دامەرزانـدنی تورکیـای مـەزن، کـە تورکمـانی عێـراق و سـۆڤیەت و ئێـران و بولغاریـا بگرێتــەوە). لــەم پێنــاوە دا لــە ١٦ شــوباتی ١٩٦٩ دا چـالاکییە ســەربازییەکانیان دژ بــە چــەپ و جوداخوازەکـانی کـورد دەسـتی پێکـرد[3]. هاوکات لە بانگەشەکانیاندا ئایینیان بەکاردەهێنا بۆ قاودان و زڕانـدنی پارتـە چــەپەکانی کــورد، ئــەوان هێنــد مــەکراوی و ڕێکخراوبــوون توانیــان لــەنێو خوێنکارانی کورد دا دۆسـت و لایـەنگر دروسـتبکەن[4]، چـاودێران پێیـان وایـە نــەك تــەنها حکومــەتی تورکیــا بــەڵکو ئیســرائیل و ئەمــەریکا و خۆرئــاوا و ڕێکخراوەکــانی جولەکــەی جیهــانی لەپشــت دروســتبوون و گەشــەی ئــەم ڕێکخراوەوە بوون[5]. هەربۆیە لەسەرەتای حەفتاکانـەوە لەتـەك پەرەسـەندنی بیری چەپ لە تورکیا ئەم ڕێکخراوەش بەهێز دەکرا، بە جۆرێك لە هەڵبژاردنی ١٩٧٣ دا تەنها ٣ کورسـی پەرلـەمانی هـەبوو، وەلێ لـە هەڵبـژاردنی ١٩٧٧ دا

---

١وليد رضوان : تركيا بين ألعلمانية وألأسلام، ل ١٨١.

٢کەندالٚ نەزانو ئەوانی تر: س، پ، ل ١٨١–١٨٢.

3. Ali Kemal Ozcan:op. cit. p. 76-77 .

٤دیڤید ماکداولٚ: س، پ، ب٢، ل ٨٤٤.

٥داود أحمد حسن: س، پ، ل ٦٨–٧١.

توانی ١٦ کورسی بەدەستبهێنێت و سەرۆکی پارتەکە( ئەسلان تورکیش) بەرزبێتەوە بۆ پۆستی جێگری سەرۆك وەزیرانی تورکیا[١].

هەڵسوڕاوەکانی پارتەکە لەسەر بنەمای سۆز و هەڵچوون و دوور لە لۆژیك چالاکیی هەرزەییان دەکرد و زۆرینەیان خوێنکاری کەم تەمەن و گەنجی بێکار بوون و بەشێکی ئەوانە بوون کە ساڵانە نیو ملیۆن لە ئامادەییەکانەوە دەردەچوون و لە زانکۆکاندا تەنها ١٠٪ وەردەگیران[٢]، هەر بۆیە لە تەك خراپبوونی ڕەوشی ئاڵۆزی ئابووری و بێکاری ڕێژەیان زیاد دەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا سولەیمان دێمێریل دەیوت:" لاوانی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی زارۆی ئێمەن، یەکەم ڕێکخستنی سیاسین کە دژ بە ئێمە نین، نیشتمانپەروەرن و دژی چەپەکانن". لەسەر بنەمای ئەم پشتیووانییەی حکومەت تەنها لە ساڵی ١٩٧٧ دا توانیان ١٥٠ ڕووداوی تیرۆریستی ئەنجام بدەن، لە١٩٧٩ دا ئەم ڕێژەیە زیاد بوو بۆ ١٥٠٠ ڕووداوو، ١٩٨٠ زیاد لە ٤٠٠٠ ڕووداووی تیرۆریستییان تەنها لە تورکیا دا ئەنجامدا، چالاکییەکان زیاتر دژی کورد و کۆمۆنیستەکان بوو[٣]. هاوکات تێدەکۆشان بۆ دژایەتی بەرژەوەندییەکانی کورد لە پارچەکانی تردا. لە ١١ئازاری ١٩٧٠ دا دژایەتی ئاشکرای ڕژێمی عێراقیان کرد کاتێك مافی ئۆتۆنۆمی درا بە باشووری کوردستان[٤]، ئەوەبوو داوایان لە ڕژێمی تورکیا دەکرد بەهەمان شێوەی قوبرس هێرش بەرێتە سەر شاری کەرکووك[٥]. بۆ ئەم مەبەستەیش لەنێو تورکمانەکانی کەرکووك کادێرو ئەندامگەلێکیان پەروەردە کردبوو، یان ئەو تورکمانانەی سەردانی تورکیایان دەکرد لە ڕێگەی زۆر و هەڕەشە و پوڵەوە

---

١ اندروفنكل ونكهت سيرمان: س، پ، ل ١٠٧; مديرية الامن العامة: س، پ، ل ٨٢.

٢ فيروز أحمد واخرون: س، پ، ل ٢٣٢، ٥٧.

٣ كريم محمد حمزة ودهام على الجبوري:س، پ، ل ٩٤.

٤ نصيف جاسم المطلبي: س، پ ، ل ٣٥٩.

٥ جەمال نەبەز: س، پ، ل ٨١.

ناچاریان دەکردن ببنە ئەندام و هەڵسووڕاوی پارتەکەیان لە عێراق[1]. تەنانەت لەپێناو ستراتیژێك بۆ گەڕانەوەی کەرکوك بۆ تورکیا، هاریکاری نەیارانی ڕژێمی عێراقیان دەکرد، لەم پێناوەدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان (ی.ن.ك[*])و پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی جۆرێك لە ڕێککەوتن و بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوانیاندا دژی ڕژێمی عێراق دروستببوو[2]. بەڵام پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە باکووری کوردستاندا پارتێکی بێزراو بوو. بۆ نموونە لە سەرەتای ١٩٧٥ دا کاتێك ژەنەڕاڵ ئەسلان تورکیش بۆ یەکەمجار سەردانی شاری دیار بەکر دەکات، لەلایەن خەڵکی شاری دیاربەکر خۆپیشاندان دژ بەو سەردانە دەکرێت و هەر لە فڕۆکانەی شارەکەدا ناچار بەگەڕانەوەی دەکەن[3]. دواتریش تەواوی بنکە و بارەگاکانیان لە شاری دیاربەکردا ناچار بەداخستن دەکەن[4]، بەڵام لەتەك ئەوەشدا لە زۆرێك لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا توانی بوویان ڕێکخستنەکانیان بسەپێنن[5].

لەلایەکی ترەوە کوردە عەلەوییەکان لە ستراتیژی پارتیدا زیاتر دژایەتی دەکران، چونکە ئەوان لە ڕووی مەزهەبەوە عەلەوی و لە ڕووی نەتەوەوە کورد و لە ڕووی ئایدیۆلۆژیاوە چەپ بوون، کە دانووی هیچکام لەو تایبەتمەندییانە لەگەڵ ئەم پارتە ڕاستڕەوەدا نەدەکولا. هەربۆیە لە ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٨ دا (گورگە بۆرەکان) بە چاودێری پۆلیس و سوپای

---

١ داود أحمد حسن: س، پ، ل ٧٠- ٧١.

* یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە٢٢ی گوڵانی ١٩٧٥دا لەسوریا لەلایەن (مام جەلال، فوئاد مەعسوم، عادل موراد، عەبدولرەزاق فەیلی وەك ڕێکخستنێکی نوێ دامەزراو یەکەم بەیاننامەی لە٢٥ی گوڵان لە رادیۆ و ڕۆژنامەکانی عەرەب و سوریا بلاوکراوە.(وەڵامی ئیمەیلی (عادل موراد) بۆ توێژەر).

٢ نصیف جاسم المطلبي: س، پ، ل ٣٦٠.

٣ حەمید بۆز ئەرسەلان: س، پ، ل ٩٢.

3. Mehdi Zana: DDKO Ji Pewistya Doza Kurd Hatin Avakrin. Kovara BIR.Jmara5. Dyarbakir.2006.L.107.

4.Hamit Boz Arslan: S.94-95.

تورکیا لـه شـاری مەرعـەش جینۆسـایدێکی درشـندانەیان ئەنجامـدا[1]. پـارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی بیروبۆچوونەکانی بەهۆی ڕادیکاڵبوون و توندییانـەوە لەتـەك خواسـتی سیاسـیی تورکیـادا نـەدەگونجان، هەربۆیـە لـە کۆدەتـای ١٩٨٠دا ئـەم پارتـەش وەك تێکڕای پارتـە سیاسـییەکانی تـر قەدەغـەکراو سـەرۆك تـورکیش لـەنێو دەسـتگیرکراوە سیاسـییەکاندا بـە پێشـەنگی تێرۆریستان دیاریکرا[2]. پێمان وایە ئەم پارتە هۆکارێك بوو بۆ گەمـەی پارتـە باڵادەستەکان و کار و کردەوەکانیشی ڕامیاریی تەواوی پارتە باڵادەسـتەکان بـوو لەبەرامبـەر هـەر ئـەزموونێکی فـرە نەتـەوەو دیموکراسـدا لـە تورکیـا، کودەتاچییەکانیش بـە قەدەغـەکردنی ئـەم پارتـە ویسـتیان بێـزاری خـەڵکی تورکیـا بقۆزنـەوەو سـەرنجی چـین و توێـژەکان بـۆ خۆیـان ڕابکێشـن و ڕای گشتی دونیاش لەبەرامبەر کودەتاکەیاندا هێوربکەنەوە.

**چوارەم: کورد لە ڕێکخستن و سیاسەتی (پارتی تورکیای نویٚ) دا:**

پارتی تورکیای نـویٚ لـە شـوباتی ١٩٦١ دا دامـەزرا[3]، سـەرکردەکانی ئـەم پارتـە بـریتی بـوون لـە بـاڵی ئۆپۆزسـیۆنی نێـو پ.د، کـە لـەماوەی سـاڵانی ١٩٥٥–١٩٥٨ بەتـەواوی جیابوونـەوەو (پـارتی ئـازادی) یـان دامەزرانـد، دیـارترین ڕێبـەرانیان بریتـی بـوون لـە یوسـف عـەزیز ئۆغلـۆ لـە دیاربـەکر و ئەکرەم عەلیجان لە ئەرزنجان و شێخ قاسم کفرەوی لە قارس، کە هەموویان کورد بوون[4]. پاش ئـەوەی پ.د.ت هەڵوەشـایەوە زۆرینـەی کـوردی نێـو ئـەو پارتە، بەسەرپـەرشتی یوسـف عـەزیز ئۆغلـۆو، ئـەکرەم عـەلی جـان پـارتێکی فەرمییان بەنێوی (پـارتی تورکیـای نـویٚ) دامەزرانـد. ئـەم پارتـە پێڕەوێکـی ڕاسترەوانەی هەبوو، ئامانجی کۆکردنەوەی هـەموو ئـەو کوردانـە بـوو کـە لـە

1. Ibrahim Guçlu: s.p.L.24.

2. Kristina Kovunen: OP. CIT. P.106-107.

٣ أبراهيم خليل أحمد و أخرون: س، پ، ل ١٧٠.

٤ مالمیسانیژ: س،پ، ل ١٧٦– ١٧٧; دیڤید ماکداولٚ: س،پ، ل ٨٣٣.

بۆشایی ڕامیاریی پ.د تۆرابوون و پەرتەوازە ببوون و لەهەمان کاتدا نەیاری پ.گ.ك یش بوون[1]. واتە نە لەمبەر بوون و نە لەوبەریش بوون. هەربۆیە ئەم پارتە ڕێکخستنێکی کوردی بوو، بەلاّم لەژێر نێوی پارتێکی تورکیدا[2]، چونکە لە پرۆگرامیدا پارتێکی ناسیۆنالیستی تورکی بوو. لەبەرنامەی پارتەکەدا ئاماژە درابوو بەوەی ناسیۆنالیزم یەکسانە بە هەماهەنگییەکی ڕۆحی دژی هەموو جوولاّنەوەیەکی جوداخوازی[3].

پێکهاتەی ئەندامانی پارتەکەش زیاتر مولّکدارە گەورەکانی کورد بوون[4]، بەجۆرێك ئەو دەنگانەی لە هەلّبژاردنی ١٩٦١ دا بەدەستی هێنان هەموویان دەنگی ئەوان بوون[5]. بەلاّم ئەم پارتە هەرچەندە ڕێبەرەکانی وەك کوردێك لە تێکۆشانی ڕۆژهەلاّتگەراکاندا ڕۆلّی بەرچاویان هەبوو، بەلاّم لەبەر بەهێزبوونی پارتی عەدالەت لەبواری ماددی و داهاتدا نەیانتوانی زۆرینەی دەنگی کورد بۆخۆیان ڕابکێشێن، تەنها لە ١٣،٧٪ دەنگی خەلّکی تورکیای بەدەستهێنا. لەگەلّ ئەوەشدا توانیان سالّی ١٩٦٢ لەتەك پ.گ.ك بەشدار بن لە حکومەتێکی ئیئتلافیداو پۆستی وەزیری تەندروستی درایە یوسف عەزیز ئۆغلۆ[6]. لە ڕاستیدا ئەم پارتەش بەشێوەیەکی گشتی لە بەر لاوازبوونی نەیتوانی پرسی کورد لە حکومەتی نوێدا بهێنێتە بەر باس و خواست[7]، بەلاّم بەشێوەیەکی سنووردار پشتیوانی ئاغە دوورخراوەکانی کوردی کرد بۆ گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان[8]. هاوکات یوسف عەزیز ئۆغلۆ لە پۆستەکەیدا گەلێ خزمەتگوزاری لەبواری تەندروستیدا کرد و چەندەها

١ دیڤید ماکداولّ: س، پ، ب٢ ،ل ٨٣٣.

2. Naci Kutlai:Anilar.S.104.

٣ حەسرەتیان: یاسا دەستوورییەکانی تورکیاو کورد، ل ٨٦.

٤ کریس کۆچێرا: کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا، ل ٤٩٦.

٥ دیڤید ماکداولّ: س،پ، ل ٨٣٣.

٦ نادر انتصار: س،پ، ل ٦٨–٦٩.

7. Faruk Aras:S.P.L.8-9.

٨ دیڤید ماکداولّ: س، پ،ب٢، ل ٨٣٣.

نەخۆشــخانە و بنکــەی تەندروســتی لــە ئــاوایی و شــارەکانی کوردســتاندا کـردەوە[1]. بەڕادەیـەك هـیچ وەزارەتێـك لـە مێـژووی تورکیـادا هێنـدەی ئـەو وەزارەتە شوێن دەستی خزمەتی لە کوردستان دیار نەبوو[2]. هاوکات ڕێبـەری ئەم پارتە نوێنەری شاری دیاربەکر بوو لە پەرلەمانی تورکیا دا، کە توانی لـە مـاوەی دەسـتبەکار بوونیـدا گـەلێ خوێندنگـە لـە کوردسـتان بکاتـەوەو لـە ئەستەمبولیش کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیریی لـە ژێـر نێـوی ( نـەوەی بوژانـەوەی ئابووری) دابمەزرێنێت، کـە گۆڤـاری مانگانـەی (دیجلـە و فـورات)ی بـەزمانی تـورکی و کـوردی دەردەکـرد و خوێنکـار و لاوانـی کـوردی بـۆ کـارو چـالاکی لەبواری ئاوەدانی ڕۆژهەلآت هاندەدا[3]. ئیتر ئـەم کارانـە و چـالاکییەکانی ئـەم پارتــە ڕژێمــی تورکیــای نیگــەرانکرد و مقۆمقـۆی بەرتەسـکبوونەوەی کـار و کردەوەکانی بوو بـە ئـەمری واقیـع، هەربۆیـە بەشـێوەیەکی فـەرمی وەزیـری نێوخـۆ( حیفـزی ئۆغـوز بـەکتا) پارتەکـەی بـە ڕێکخسـتنێکی جوداخـواز و نێوچەیی تۆمەتبارکرد و ڕێبەرەکەی بە دەست لـە کارکێشانەوە لـە پـارت و حکومەت ناچار کرد[4]. بەمـەیش پـارتی تورکیـای نـوێ نـەیتوانی دووبـارە لـە هەڵبژاردنەکانی ١٩٦٥ دا بەشداری بکات و دواجار هەڵوەشایەوە.

**پێنجەم: کورد لە سیاسەت و ڕێکخستنی (پارتی یەکبوون) دا:**

پارتی یەکبوون، پارتێکی فەرمی تورکیی شێوە تائیفی بوو، کە لە لایـەن گرووپێـــك عەلـــەویی مەزهـــەبی تـــورك ١٩٦٦دامـــەزرا. لـــە دیـــارترین ڕێبەرەکانی(موستەفا تیمسی)و (ژەنەڕاڵ سیدقی ئولای) بوون[5].

فاکتەرەکانی دامەزراندنی ئەم پارتە بریتی بوولە:

---

1. Ibrahim Guçlu: s.p.L.39.

٢نادر انتصار: س، پ، ل ٨٢.

٣کەندالّ نەزانو ئەوانی تر: س، پ، ل ١٥٥.

4.Ibrahim Guçlu: s.p.L.39.

٥ أحمد عبدألباقي أحمد: س،پ، ل ٣٩; أحمد نوري ألنعيمي: ألحركات ألأسـلامية فـى تركيـا، ل١١.

١. کاریگـەریی ئـارامیی ڕەوشـی عەلەوییـەکان لـە سـوریا و ئێـران و بـە پێچەوانەوە کپکردنی دەنگی ئازادیخوازانەی ئەوان لە تورکیا، چونکە ڕژێمی ئێران بایەخی بە مـافی عەلەوییـەکانی ئێـران دەداو لـە سوریاشـدا کەمینـەی عەلـەویی نـەك هـەر خـاوەن مـاف بـوون بـەڵکو بـاڵا دەسـتبوون لـە هێـز و سیاسەتدا.[١]

٢. (حوسـێن بـالان) ڕێبـەری پارتەکـە سـاڵی ١٩٦٩ لـە چـاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیـدا هۆکارەکـانی دروسـتبوونیانی گەڕانـدەوە بـۆ چەوسـاندنەوەی عەلەوییەکانی تورکیا و دەرکردنیان لە فەرمانگەکانیان و مەحرومکردنیان لـە پێگە فەرمییەکانی میریدا[٢].

ڕێبـــەرەکانی پارتەکـــە لـــە ســـەرەتاوە وەك کاردانـــەوەی سیاســـەتە سـونتیگەرییەکانی پ.د.ت دابوویانـە پـاڵ پ.گ.ك و ئامادەکـارێکی بـەهێزی کودەتای ١٩٦٠ بوون . مستەفا تیمسی بڕوای بە بیروبـاوەڕە عەلمانییـەکانی ئەتاتورك هەبوو، تەنانەت ئامـانجی پارتەکـەی بریتـی بـوو لـە گەڕانـەوە بـۆ سـیکۆلاریزمی کەمالییـەکان[٣]، دیـارە ئەمـە تـەنها سیاسـەتێك بـوو بـۆ کەمکردنەوەی فشاری سوننیگەری لەسـەریان، ئەگـەر نـا پارتەکـە لەڕێگـەی بەکارهێنانی مەزهەبەوە توانیـووی کـورد و تورکـە عەلەوییـەکان لـەدەووری خۆیدا کۆبکاتـەوە[٤]. بـەجۆرێك لـە هەڵبـژاردنی ١٩٦٩ دا پێکـەوە توانیـان ١٥ کورسی لە پـەرلەمانی تورکیا بەدەستبهێنن[٥] . بەهـەمان شـێوەیش لـە ١٩٧٧ دا توانیان بە وەزارەتێك لە لە کابینەکەی بولەند ئەجەوییدا بەشداربن[٦]. بەڵام

---

١ کریم محمد حمزه ودهام ألجبوري: س،پ، ل ٦٨.

٢ فيروز أحمد وأخرون: س، پ، ل ١٤٩.

٣ فيروز أحمد واخرون: ه،س، ل ١٤٠، ١٤٩.

٤ أحمد نورى النعيمى: الحركات الاسلاميه فى تركيا، ل ١١

٥ يوسف أبراهيم ألجهمانى: ألعلويون فى تركيا، ل ٩١.

٦ أحمد عبدالباقي أحمد: الدور السياسي للقوميات في تركيا، ألأكراد دراسة حالة، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة مستنصرية، بغداد، ١٩٨٩.ل ٣٩.

پـاش ئـەوەی پ.گ.ك گرنگـی بـە دروشـمـەكانی چـەپی نێوەنـد دا ، زۆربـەی ئەندامەكانی ڕوویـانكردەوە دروشمـە چـەپەكانی پ.گ.ك[1]. هاوكـات لـەپاش شۆڕشـی ١٩٧٩ی گـەلآنی ئێـران ڕیزەكـانی پارتەكـە پـەرتبوون، چـونكە گرووپێكـی زۆر مەزهـەبییان پێیـان وابـوو پارتەكـەیان كەمتـەر خەمـە لـە دروستكردنی شۆڕشێكی مەزهـەبی هاوشـێوەی ئێـران لـە توركیـا، هەربۆیـە كۆمەڵەی (ارگال) لە لایەن سەیفی مـوراد ئولولـو دەمـەزرێنرا، كـە نێوەكـەی كـورتكراوەی نێـوی عەلەوییـەكانی كـورد و عـەرەب و توركـە لـە توركیـا، ئامانجە سەرەكییەكانیشـی یـەكبوونی عـەرەب و كـورد و تـورك بـوو لـە ژێـر ناسنامەی عەلەوی بووندا. ئـەم پارتـە نوێیـە كاریگـەر بـوو بـە ڕووداوەكـانی ئێران و پێكهاتەی ئەندامەكانی خوێنكارە دەوڵەمەندەكانی زانكۆكـان بـوون. هـەروەها پێوەنـدی تۆكمـەیان لەتـەك ڕژێمـی باڵادەسـتی سـوریا دا هـەبوو، هەربۆیە ڕژێمی توركیا بیانووی بۆ ڕەخسا و هەستا بەڕاوەدوونان و گرتنیـان و سنووری چالاكی تەسككردنەوە، تـا لـەكودەتای ١٩٨٠ دا هـەموو باڵـەكانی پارتەكە قەدەغەكران[2].

**شەشەم: كورد لە سیاسەت و ڕێكخستنی (پارتی رزگاری نیشتمانی) دا:**

لە كانوونی دووەمی ١٩٧٠ دا پارتێكی ئاراستە ئیسلامیی بەنێوی ( پارتی سیستەمی نیشتمانی) لەلایەن(یونس عارف ئیمـرە*) دامـەزرا[3]. سـەرەتا ئـەم پارتـە لـە هـەناوی ڕێبـازی نەقشـبەندیی لـە توركیـا دا خـۆی نومایـان كـرد، ئەنـدامانی بریتـی بـوون لـەخوێنكارانی پەیمانگـە ئیسـلامییەكان[4]، لەوانـە

---

١فیروز احمد واخرون: س، ث، ل ١٤٠، ١٤٩.

٢مديرية ألأمن ألعامة(مركز ألتطوير امني): س،ث، ل ٩١-٩٢.

*یـونس عـارف ئیمـرە ئیمـامو وتاربێـژی مزگـەوتی پاشـای گـەرەكی فـاتیح بـوو لـە ئەستەمبوڵ.(فەیروز ئەحمەدو ئەوانی تر: نەبەرد لەپێناو مانەوەدا، ل ٣٣٢).

٣أحمد نوري ألنعيمي: ألحركات ألأسلامية في تركيا، ل ١١٧، ١٢٧.

٤دیڤید ماكداول: س، پ، ب٢، ل ٨٤٤.

شـــوێنكەوتوانی (ســـەعیدی كـــوردی) بەگـــەرمی پشـــتیوانی خۆیـــان بـــۆ دووپاتكربووەوە[1].

پارتی سیستەمی نیشتمانی لە یەكەم كۆنگرەی خۆیدا ۱۹۷۱ (نەجبـەدین ئەربەكان[*])ی وەك سكرتێری گشتی هەڵبژارد. سەرەتا لە بڕیارەكانی یەكـەم كۆنگرەدا بەئاشكرا دژایەتی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار كە پارتی عەدالـەت و پ.گ.ك بوون كرد و وەك كرێگرتەی خۆرئـاوا ئامـاژەی پێـدان[2]. هەربۆیـە لـە كودەتـای ۱۹۷۱ دا لەلایـەن دادگـەی دەسـتووری توركیـاوە بـە تۆمـەتی سـووكایەتی بەپڕەنسیپەكانی عەلمانییـەت و ئـەتاتورك قەدەغـەكرا[3]، ئـیتر لایـەنگرانی پـارتی هەڵوەشـاوە چـەند ڕێكخراوێكـی نێوچـەیی پەرتـەوازەیان دامەزرانـد تـا زەمینەسـازیانكردوو لـە تشـرینی دووەمـی ۱۹۷۲ دا بڕیـاری دامەزرانـدنی پـارتێكی نوێیـان بـەنێوی (پـارتی ڕزگـاری نیشـتمانی) دا، ئـەم پارتە لەلایەن (حوسێن عارف)و (نەجبەدین ئەربەكان)وە دامەزرا. ئەم جارە لەبەرامبەر پڕەنسیپە عەلمانییەكانی توركیادا ڕاستەوخۆ دژایەتی نـەدەكرد[4]، هەربۆیە توانی لە حكومەتە ئیئتلافییەكانی ساڵانی حەفتا دا بەشداری بكات و لە یەكەم بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانیی وڵاتەكەیدا لە ۱۹۷۳ دا توانی لە ۱۲٪ ی دەنگی گەلانی توركیا بەدەست بهێنێت و پێكـەوە لـە گـەڵ پ.گ.ك حكومـەتێكی ئیئتلافـی پێكبهێـنن، كـە ٦ پۆسـتی وزاری گـرنگ، لەوانـە وەزارەتی ناوخۆو داد و هەروەها جێگری سەرۆك وەزیرانیان پێدرا[5].

---

۱ أزاد سعيد حمو: س، پ، ل ۱۸۳.

* نەجبـەدین ئەربـەكان ۱۹۲٦ لەشاری سینوبی سـەر دەریـای رەش لـەدایك بـووە، پلـەكانی خوێنـدنی بڕیـوە تـا بـووە بەپرۆفیسۆر.(يوسـف إبـراهيم الجهمـاني: حـزب ألرفـاه،ط۱، دارألحوران، دمشق، ۲۰۰۱،ل ۹).

۲ يوسف إبراهيم ألجهماني : حزب الرفاة،ل ۱۰.

۳ كەندالّ نەزان و ئەوانی تر: س، پ، ل ۱۷۹.

٤ ياسر أحمد حسـن: تركيـا ألبحث عـن ألمسـتقبل،ط۱، دار ألمعرفـة ألبنانيـة، ألقـاهرة،۲۰۰٦، ل۷۸; أحمد نوری ألنعيمی: ألحركات ألأسلامية، ل۱۲۷.

٥يوسف إبراهيم ألجهمانی :حزب الرفاه، ل۱–۱۲" فيروز أحمد و أخرون: س، پ،ل ۱٤۱.

هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم پارتە پشگیریکردنی کاندیدەکانیان بوو لەلایەن نورچولوك و نەقشبەندییەکانەوە، کە مەچەکی بەهێزی ئەو دوو بزووتنەوەیەش لە کوردستاندا بوو. چونکە پارتی توانیبووی لەماوەیەکی کەمدا هەموو ئەو ڕێبازە ئاینییانە کە کاریگەرن لە کۆمەڵگەی کوردیدا بۆ خزمەتی سیاسەتەکانی بەکاربهێنێت[1] و بەگرتنەبەری دروشمە ئایینییەکان لەنێو پیاوانی ئایینی نەقشبەندی و ئاغە و شێخەکانی کورد دا شوێنی خۆی بکاتەوە، ئەمەش تەنها هۆکاری سەرکەوتنەکانی بوو لە هەڵبژاردنەکاندا[2].

وەلێ لە هەڵبژارنەکانی ١٩٧٧ دا بەشداری کردەوە، بەلاّم توانی ٨،٦٪ دەنگەکان بەدەستبهێنێ، لێرەشدا هۆکاری کەمبوونەوەی دەنگەکانیان پشگیری نەکردنیان بوو لەلایەن نورچولوکەکانەوە کە ٤ ملیۆن پێڕەویان بە گشتی لە تورکیاو بەتایبەت لە نێوچە کوردنشینەکاندا هەبوو[3].

پارتی ڕزگاری نیشتمانی لەگەڵ ئەوەی پارتێکی ئیسلامی بوو، بەلاّم لە پێڕەو و ستراتیژیدا بیری ناسیۆنالیستی بەهێزی حەشاردابوو، تەنانەت ئەم پارتە لە ساڵی ١٩٧٤دا هۆکاری هێرشی تورکیا بوو بۆ سەر قوبرس و ڕێبەرەکەی بە ڕزگارکەری تورکەکان لەدەرێی تورکیادا ناوزەد دەکرا[4].

بەلاّم نە لەپێڕەو و پرۆگرام و نە لە گوتار و بلاّوکراوەکانیاندا باسیان لە کێشەیەك بەنێوی کوردەوە نەکردووە، لەبەر ئەوە پارتەکە لەنێو نەتەوەییەکانی کورد دا شوێنێکی ئەوتۆی نەگرت، پێیان وابوو مەبەستی پارتەکە لە پەراوێزخستنی ئاریشەی کورد دا ڕاگرتنی کات و زیاتر گەمەکردنێکی ڕامیارییە لەتەك نەستی کورداندا، ئەگەر نا لە نێوەرۆکدا

---

١یاسین أحمد حسن: س، پ، ل ٧٨.

٢دیڤید ماکداوڵ: س، پ، ل٨٤٢.

٣مارتین ڤان برانەسن: س،پ، ب٢، ل٣٣٤،٣٣٣؛ أبراهیم ألداقوقی: س،پ، ل١٨١.

٤جلال عبدالله معوض: صناعة ألقرار في ترکیا وألعلاقات ألعربیة ألترکیة ،ط١، مرکز دراسات ألوحدة العربیة، بیروت،١٩٩٨،ل ٨٧.

سڕینەوەی ناسنامەی نەتـەوەیی کـورد لـە مـەژگی ئـەم پارتـەیش دەچۆڕا[1].
چونکە لە جیهانبینی ئەم پارتەدا هەستی جوداخوازانەی نەتەوەیی لە تورکیا دەرهاویشتەی بیری خۆرئاوابوو، هەربۆیە پێداگری لە برایەتی ئایینی لەنێوان گـەلآنی تورکیـا، وەك ئامانجێـك بـۆ پاراسـتنی یـەك پارچـەیی کـاری لەسـەر دەکرا. لەبەر ئەوە تاکە جیاوازی ئەم پارتە لەتەك پارتەکانی تـردا ئـەوەبوو بەئاشـکرا بانگەشـەی بـالآیی ڕەگـەزی تـورکی بەسـەر نەتـەوەکانی تـردا نـەدەکرد[2]. لـە هەمانکاتـدا پـارتی ڕزگـاریی نیشـتمانی لـە قۆنـاغی ململانێـی ئایدیۆلۆژی نێـوان چـەپ و ڕاسـتەکاندا بەدرێـژایی حـەفتاکان سیاسـەتەکانی ڕۆڵــی ســەرەکییان لــە پاراســتنی ئــەزموونی سیاســی کەمالیزمــدا هــەبوو لەبەرامبەر مەترسیەکانی کۆمۆنیزم و دابڕانی نەتەوەکانی تورکیا، ئەمەش بە پێچـەوانەی ئـەوەبوو کـە بانگەشـەی بـۆ دەکـرد. بـەلآم گەشـە و نمـای ئـەم پارتەیش وەك هەمووانی تر تا سەر نەبوو، یەکەم ئاماژە بـۆ ئـەوەی گلۆڵـەی بکەوێتە لێـژی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٨٠و لـە ڤیسـتیڤاڵێکی جـەماوەری یادی ئازادکردنی (قودس)دا کـە پارتەکـە ڕێکیخسـتبوو بـە ئاشـکرا دژایـەتی ڕژێمـی عـەلمانی تورکیـای بـەرزکردەوە، لێـرەوە سـوپای تورکیـا هەسـتیان بەمەترسییەکان ئەم ئەزموونە سیاسییە کرد کەوتنە گێچەڵپێگێڕانی و دواجار لەتــەك ڕوودانــی کودەتــا لــە هــەمان ســاڵدا قەدەغــەیانکرد. کەواتــە دەسەلآتدارانی تورکیا تـا کـاتێ پێویسـتیان بـەم پارتـەبوو دژایـەتی کـورد و کۆمۆنیستەکان بکات ، نەك گـۆڕینی ڕژێمـی سیاسـی تورکیـا وەك سـتراتیژی خۆی بەرزبکاتەوە[3].

---

١ کەندالْ نەزانو ئەوانی تر: س، پ، ل ١٧٩.

٢ وصال نجيب العزاوي: س، پ، ل ٩٧-٩٦

٣ رزا هلال: تورکیاو ململانێی عیلمانییەت ـ ئیسلام ـ کـورد، و:دلێـر عـەباس، ئۆفسـێتی ژیـن، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ١٤-١٥.

## باسی سێهەم: کورد لە ڕێکخستن و سیاسەتی پارت و کۆمەڵە فەرمیەکانی چەپی تورك دا

زەمینەی پەرەسەندنی بیری چەپ لە باکووری کوردستان دەرهاویشتەی چەند هۆکارێك بوو لەوانە:-

**١. دەرهاویشتەکانی جەنگی سارد لە باکووری کوردستان:-**

باکووری کوردستان لە پەرێزی کاریگەرییەکانی ململانێی جەنگی ساردا نەبوو، هەرچەندە هیچ ئاماژەیەکی سۆڤیەت بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی نەتەوەی کورد لەگۆڕێدا نەبوو، بەڵام بانگەشەی مافی نەتەوایەتی کورد لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کە دابەشکراون بەسەریاندا دەخوێنرایەوە. لەم بارەوە (کوردۆیڤ) دەڵێ:" نیشتمانپەروەرانی کورد باش دەزانن کە ڕێگە چارەسەریی پرسی کورد، تەنها یەکێتی کرێکارانی کوردە لەتەك کرێکارانی عەرەب و فارس و تورك لە بەرەیەکی یەکگرتوودا لەپێناو ئازادیدا".[١] لە دەستپێکدا هەوڵەکانی سۆڤیەت بۆ بڵاوکردنەوەی بیری کۆمۆنیزم لە کوردستان، لە ڕێگەی پەخشی کوردی ڕادیۆی باکۆو یەریڤانەوە بوو، ڕادیۆی یەریڤان ساڵی ١٩٥٠ ڕۆژانە بەزاری کوردی پەخشی بەرنامەکانی خۆی لە تەواوی باکووری کوردستاندا دەبیسترا[٢]. لە ڕاستیدا پەخشکردنی بەرنامەکانی ئەم ڕادیۆیانە بەزمانی کوردی کاریگەریی بەرچاویان لەسەر بیرکردنەوەی چینی خوێندەواری کورد بەجێهێشت، هەربۆیە شانشینی بەریتانیا مەزن لە ١٩٥١ دا پێشنیازی ڕادیۆیەکی بۆ تورکیا بە زمانی کوردی کرد بۆ ئەوەی بەرنامەکانی بە ستراتیژێکی دژ بە بیری کۆمۆنیزم پەخش بکات، هەروەها ئەمەریکییەکانیش ساڵی ١٩٦٢ هۆشداریان دایە دەسەڵاتدارانی تورکیا و پێشنیازیان کرد لەبەرامبەر ئەو هەوڵەی سۆڤیەتدا ئەوانیش بە زمانی کوردی ڕادیۆیەك دابنێن، بۆ ئەوەی بەستراتیژی خۆرئاوا و

---

١ ئەنوەر سوڵتانی: س، پ، ل٣٨٧.

٢ ویلسن ناثانیل هاول: س، پ، ل ٤١٠-٤١١.

دژە چەپ کار لە ڕای گشتی کورد بکەن، بۆ ئەم مەبەستەیش ئەمەریکییەکان بری ٣٣ملیۆن دۆلاریان تەرخانکرد بوو بۆ دەستبەکار بوونی پڕۆژەکەیان، جگە لەوەیش پێشنیاریان کرد تورکیا گرنگی بە فەرهەنگ و زمانی کوردی بدات، هاوکات یەکەیەکی تایبەت لە سوپای تورکیا بکرێتەوە بۆ پێگەیاندنی لاوانی کورد و پەروەردەکردنیان، بەڵام دەسەڵاتدارانی تورکیا هەموو ئەو پێشنیارانەیان دایە دوواوە*. تەنانەت لەبەرامبەر ئەم پێشنیازانەی ئەمەریکا لاوانی کورد بەسەرپەرشتی د. شوان خۆپیشاندانیان کرد و لە ڕێگەی گۆڤاری (YÖN)، کە خوێنکارانی چەپ بلاویاندەکردەوە ئیدانەی ئەمریکایان و نیاز و مەکرەکانی خۆرئاوایانکرد[1]. لەبەر ئەوە هۆکارێکی بەهێزی بلاوبوونەوەی ئەم بیرە لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتنی سۆڤیەت بەسەر بیری (نازیزم)و نەتەوایەتییە فاشیستەکان، چونکە گرفتی بنچینەیی کورد چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بوو، ولآتانی بەرەی خۆرئاواش پشتیووانی مانەوەی کۆلۆنیالیزم و کۆنەپەرستی بوون لە تورکیا، هەربۆیە کورد ڕێگەی کۆمۆنیزمی بە بەدیلی بارودۆخی ئەو قۆناغەی دەزانی[2]. لەهەمان کاتدا چینی کلاسیکیی کۆمەڵگەی کوردی پشتیووانی دەکران دژی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم. ساڵی ١٩٤٨ (سەعیدی کوردی) لە پەیامێکیدا بۆ سەرۆك وەزیران تورکیا دەڵێ:"لەم کاتەدا لەتورکیا دەنگی پەپوی بەلشەفییەکان (کۆمۆنیستەکان) لەخاکی ئیسلامیمان دەبیستم، تا ڕووبەڕووبونەوەم لەتەك مردن دژی کۆمۆنیزمم"[3]. بەمجۆرە پیاوانی ئایینی لە کوردستان بیری کۆمۆنیستیان وەك مەترسی بۆ سەر تایبەتکاری ئایینی و بەها و مۆراڵ و ڕەوشتی کورد دەزانی، دەسەڵاتداران و بەرەی خۆرئاوایش پشتیوانی ئەم

---

*شای ئێران هەمان پێشنیاری پەسەندکردو رادیۆی کوردیی لە کرماشان بۆ یەکەمجار کرایەوە.( Musa Antar:A,G,E,S.183-184).

1. Musa Antar:A ,E,S.183-184.

٢ کۆمەڵەی خۆیی بوون: س، پ، ل١٥.

٣ مارتین ڤان برۆنەسن: س، پ، ب٢، ل ٣٨٦-٣٨٧.

تێروانینەی کۆمەڵگەی تەقلیدی کوردی بوون و لە خوایان بوو دێهاتییەکانی کورد کۆمۆنیزم وەك دێوەزمەیەك ببینن. وەلێ تەوژمی کۆمۆنیزم بەرینتر لە بەربەستەکانی ئەوان لە باکووری کوردستاندا کاری دەکرد ، بەتایبەتی پاش هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی بەغدای ١٩٥٥، ئیتر گەمارۆی سەر سنوورەکانی ئەم جووڵانەوەیە لە کوردستاندا لاواز بوو[١] .

**٢ .کاریگەری جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلان و چەپی تورك:**

لە پەنجاکانەوە بزووتنەوەیەکی بەرفراوانی ڕزگاریخوازی گەلانی بندەست لە ئەمریکای لاتین و ئەفەریقا و ئاسیا بەرەوی سەندبوو ، زۆرینەی ئەو بزووتنەوانە کۆمۆنیستی بوون و لە نێو خوێندەوار و خوێنکاراندا گەشەی کردبوو[٢]، بۆ نموونە شۆڕشی کولتووری لەسەر دەستی ماوییەکان لە چین لە١٩٦٦دا، هێرشی سۆڤیەت بۆ سەر چیکسلۆفاکیا لە ١٩٦٨دا، هەمان ساڵ سەرکەوتنی جووڵانەوەی کۆمۆنیستی لە ڤێتنام لە بەرامبەر داگیرکەری ئەمەیکی و بزووتنەوەی خوێنکاران لە پاریس و دەستگرتن بەسەر زانکۆی سۆربۆندا.ئەم ڕووداوانە ڕاستەوخۆ لە ناو پاڵەو خوێنکارانی گەلانی تورکیا کاردانەوەیان هەبوو. بۆ نموونە بە کاریگەریی خۆپیشاندانی خوێنکارانی پاریس لە ١٩٦٨ دا خوێنکاران لە ئەستەمبوڵ دەستیانگرت بەسەر زانکۆکاندا و دروشمی شۆڕشی نیشتمانییان بەرزکردەوە[٣]. تەنانەت بە گوێرەی کاریگەرییەکانی دەوروبەر چەندین ڕەوتی سۆشیالیزمی بونیادنراو لەنێو گەنجانی کورد و تورکدا بڵاوبوونەوە، لەوانە چەپی سۆڤیەت، چەپی چین، چەپی ئەلبانیا، هەروەها کاریگەریی سۆشیال دیموکراتەکان و

---

١ مراد خوشەڤی و حسۆ: س، پ، ل ١٦.

٢ یورك أوغلو: ترکیا حلقة ضعیفة فی سلسلة ألأمبریالیة، ت.فاضل لقمان، دار إبن رشد، بیروت، ١٩٧٩، ل١٥;.Faruk Aras: s,p, L.11

٣ فلادیمیر إیفانوفیتش: س،پ، ل ١٥٣; فیروز احمد واخرون:س، پ، ل ١٦٨.

کۆمۆنیزمی ئـەورووپاش لـەنێو کـورد دا بـە دیارکـەوتن[1]. وەلێ بەشـێوەیەکی گشتی ڕەوتە جیاوازەکانی کۆمۆنیزمی سۆڤیەت و چین و ئەلبانیا و خۆرئـاوا لە کوردستاندا لەڕێگەی چـەپی تـورك دەگوازرانـەوە[2]، چـونکە چـەپی تـورك دینامیکێك بوو کە لەباری ئۆرگانیکی و ئایدیۆلۆژییـەوە جوولآنـەوەی کـوردی بەخۆیەوە دەبەستەوە[3]

ئـەم کاریگەریـەش زیـاتر لـە ١٩٦٨دا گوێزرایـەوە بـۆ نێـو خوێنـدکارانی کورد، ئیتر وردە وردە شرۆڤەکانی مارکسیزم و لینینیزم سەبارەت بە کێشـە نەتەوەییەکان بەفراوانی گفتوگۆیان لەبارەوە دەکراو وەك چەمکێکی باو بـوو بە گوتاری سیاسییەکانی کورد بۆ بەدەستهێنانی مـافی چـارەی خۆنوسـین[4]، هەروەها خوێندکارانی کـورد کـەڵکیان لـە وەرگێڕانـی کتێبـەکانی مـارکس و ئەنگلسو بریخت و گیڤارا.. وەردەگرت[5] ئیتر ڕووناکبیران و پاڵەو چینی نوێی کورد پێی وابوو تەنها لەو تیۆرانەوە مامەڵـەی یەکسـانیان لەتەکدا دەکـرێ، ئەمـە لەکاتێکـدا بـوو ڕاسـیزم و نـەژاد پەرسـتانی تـورك بـە چـاوی غـەوارەو بێگانەوە لەکوردیان دەڕوانی و پرسیاریان لەسەر مرۆڤ بوونی کورد دەکـرد[6]، یان نەتەوەییەکانی تـورك تیـۆر و بڵاوکراوەکـانی چـەپیان قەدەغـە دەکـرد، یاخود بـۆ شـێواندنی بنـەماکانی بـیری کۆمـۆنیزم، دەزگـەی هـەواڵگری میـت کاریـدەکرد بـۆ وەرگێڕانـی کۆمەڵـە بابـەت و نووسـراوێك بـەنێوی مـارکس و ئەنگلس و لینین، بـۆ ئـەوەی بەهەڵـە لـە شۆڕشـگێری و یەکسـانی تێبگـەن،

---

١ حەسەن جودی:مێژوویێك لە ئاگر، نهێنی خـۆ ڕاگرتنـی بزووتنـەوەی ئاپۆچـی، دیمانـە لەگـەڵ جەمیل بایك، چ١، بڵاوکراوەکانی پ.چ.د.ك، ٢٠٠٨،ل ٣٧ـ ٣٨.

٢ عەبـدوڵلا ئۆجـەلان: بـەرگریکردن لەگـەلێك، و: لوقمـان عەبـدوڵلا، چ١، چـاپخانەی ڕەنـج، سلیمانی، ل ٣٧٢.

٣ حەمید بۆز ئەرسەلان: س، پ، ل ٨٤.

٤ فريد هاليداى واخرون: ألأثنية وألدولة ، ل ٤٢.

٥ جورج طرابيشى: س،پ، ل ١٦.

٦ دیڤید ماکداوڵ: س، پ، ب٢ ، ل ٨٣٥.

هەربۆیــە وەرگێڕانــە تورکییــەکان و چــەپی تــورك ناســیۆنالیزمێکی ناتەندروستیان لەنێو جوولآنەوەی چەپی کوردیشدا ئاشناکرد[1].

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی بلآوبوونەوەی بزووتنەوەی چـەپ لـە بـاکووری کوردستان لە ڕێگەی ئەو کرێکارانەی کوردەوە بوو، کە لە خۆرئاوا دا کاریـان دەکرد، چونکە لە شەستەکاندا نیوملیۆن کرێکاری کورد و تورك لە ئەڵمانیادا کاریگەرببوون بـە دروشمـەکانی کۆمـۆنیزمی سـۆڤیەت و پـارتی کۆمۆنیسـتی سۆڤیەت بانگەشەکانی خۆی لە نێویاندا بلآو دەکردەوە[2].

## ٣. تایبەتمەنـدی بـارودۆخی ئـابووری و کۆمەلآیـەتی و سیاسـی بـاکووری کوردستان:

نابەرابەری ڕەوشی ئابووری و کۆمەلآیەتی باکووری کوردستان زەمینەیەك بوو بۆ خێراترکردنی بلآوبوونەوەی بیری چەپ لە نێو پێکهاتەکانیـدا، چـونکە نابەرابـەری نێـوان ڕۆژهـەلآت و ڕۆژئـاوا، جیـاوازی چـینایەتی و بـێ کـاری لە٨٠٪ی لاوانی کـورد رەواجـی دروشمـی سۆشیالیسـتەکانی زیـاد کردبـوو[3]. لەبەر ئەوە کوردستان وەك دواکەوتووترین و نەخوێندەوارترین بەشی تورکیـا دەهاتــە ئــەژمار و لــە ڕووی کۆمەلآیەتیشــەوە بــەرینترین ناوچــەکانی دەرەبەگایەتی دەگرتە خۆی[4]. بەدەر لـە زەمینـەی کۆمەلآیـەتی و ئـابووری، بـیری چـەپ لـە ڕووی سیاسیشـەوە زەمینـەی بـۆ ڕەخسـابوو، چـونکە ئـەو ئازادییە ڕێژەییەی لە دەسـتووری ١٩٦١ دا جـێگیر کرابـوو، ڕێگـەی دەدا بـە

---

١ حەسەن جودی : س، پ، ل ٤٨

٢ أحمد نوري ألنعيمي: تركيا وحلف ألشمال ألأطلسي، ل ٣٢١.

3 Michail M.Gunter: The Kurds and The Future of Turkey.Sr.martins PRESS.NEW YORK.1997.P.23

٤ میهردادی ئیزەدی : چەردە باسـێك لـە بـارەی کوردانـەوە، و: ئـەمین شـان، چ١، سـلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٤٧٥" گیساروف و رگوشین: س، پ، ل ٩٤– ٩٥.

بوونی ڕێکخستنی چەپ لە تورکیا،[1] بەڵام ڕێگە بەپارتێکی نەتەوەیی کوردی نەدەدرا[2]، لەبەر ئەوە نەتەوەییەکانی کورد وەك بەدیلی نەبوونی پارتێکی کوردی ڕوویان لە تەڤگەری چەپکرد، هاوکات سەرەتای شەستەکان چینی خوێندکار و ڕووناکبیری کورد هۆشیاریان لە ئاستێکدا بوو، کە ئیتر دەسەڵاتیان لەدەرەبەگ و سەرۆکە کلاسیکییەکان ڕەوا نەدەبینی، ئەوان بزاڤی کۆمۆنیستییان بە تەنها بەدیلی خەباتی نەتەوایەتی دەزانی. بۆ نموونە (نبیە أمین فارس) دەڵێ:"کورد هێندە چەوساوە بوون، ئامادەبوون هاوپەیمانی لەتەك شەیتانیشدا بکەن"[3]. لە ڕاستیدا تەنها لەپێناو داننان بەخواستە نەتەوەییەکانی کورد دا، نەوەی نوێ بوون بەلایەنگیر بیروباوەڕی چەپ. لەم بارەیەوە(نورەدین زازا) دەڵێ:"بۆیە لەپەنجاکاندا کورد باوەڕی بەکۆمۆنیزم نەبوو، چونکە دانی بە بوونی کوردا نەدەنا"[4] . لەلایەکی ترەوە نەیارێتی دەوڵەت بۆ چەپەکان لە تورکیادا، لە نێو کورددا چەپەکانی خۆشەویست کردبوو، چونکە هەمیشە پاڵەی کورد وەك کاردانەوەیەك خواستی سەرپێچی یاسا و نەیارێتی دەوڵەت لەبارییاندا هەبووە. بۆ نموونە زیندانییەکانی کودەتای ١٩٧١ ڕێژەی لە٧٥٪ یان بریتی بوون لە گوندییەکان کە بەتاوانی کۆمۆنیستی گیرابوون[5].

بەگشتی ئەگەر تەماشای سروشتی کارکردنی پارتە چەپە نهێنییەکانی کورد بکەین لە هەموویاندا هەستی نەتەوایەتی لەپێش ئایدیۆلۆژیای چەپەوە بووە. لە ڕاپۆرتەکانی میتی تورکیدا هاتووە کە کورد لە شەستەکاندا دابەشببوون بۆ بەرەی ڕاست و بەرەی چەپ، ڕاستڕەوەکان بەسەرپەرشتی موسا عەنتەر لە گۆڤاری (دنیای ئاشتی) دەیانووسی و چەپرەوەکانیش

---

1. Michael M.Gunter:op.cit.p.23.

2. Divid Mcdwall:A,G,E, S. 58.

٣ وەرگیراوە لە : ویلسون ناثانیل هاول: س،پ، ل ٤٩.

٤ نوردین زازا: س، پ، ل ١٦٦.

٥ کەندال نەزان و ئەوانی تر: س، پ، ل ١٦٤; دیڤید ماکداوڵ: س،پ، ب٢، ل ٨٤.

لـەگۆڤاری (YÖN) بـە سەرپەرشـتی د. شـوان گردببوونـەوە، ڕاپۆرتـەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە کـارکردنی ڕوونـاکبیرانی کـورد لـەنێو دامـەزراوە و کۆمەڵـە چـەپ و ڕاسـتەکاندا تـەنها نەخشـەیەك بـووە، چـونکە هەریـەك لـەو گرووپانــە لەیەکــەوە نێزیکبــوون و پێوەنــدیان لەگــەڵ یەکتریــدا دۆســتانە بووە.[1] ئەوە لەکاتێکدا لەو قۆناغەدا چەپ و ڕاسترەوەکانی تورکیـا بـەخوێنی سەری یەکتریی تینوو بوون.

هۆکارێکیتر لە نێزیکبوونەوەی پێکهاتەیەکی گرنگی کۆمەڵگەی کوردی لـە چەپەکان، بریتی بوو لە هۆکاری مەزهەبیی، چونکە کـوردانی عەلـەوی تـەنها بـەهۆی نەتەوایەتییـەوە نـە دەچەوسـانەوە، بـەڵکو بـەهۆی مەزهەبیشـەوە گیرۆدەی یاساکانی تـورك بـوون، هەربۆیـە لـە سـاڵانی شەسـتەکاندا بەچڕی ڕوویانکردە پارت و ڕێکخراوە چەپەکانی تورك و کورد، چونکە لە پەنجاکانـدا لە سایەی دیموکراتەکاندا زۆر چەوسابوونەوە، لەبەر ئەوە عەلەوییەکان بوونە دامەزرێنەری زۆرێك لـە پـارت و ڕێکخـراوە چـەپەکان لـە تورکیـا و بـاکووری کوردستاندا[2].

هــەموو ئــەو هۆکارانــەی زەمینــەی بڵاوبوونــەوەی چــەپیان لــە بــاکووری کوردستاندا ڕەخساندبوو، بـەجارێك بـوون بـە هۆکـاری پێشـکەوتنی گوتـاری نەتەوایـەتی کـوردیی لـەو قۆناغـەدا. لەبەرئـەوە حاشـا لـەوە ناکرێـت کـە لـە تورکیا دا خەباتی نەتەوەیی لەتەك بیری چەپدا گرێدرا بـوو، ئـەم خەباتـە لـە دوای دابەشـبوونی (٤٩)کـان بـۆ ناسیۆنالیسـتی ڕاسـت و چـەپ، هــەروەها بەهۆی ڕیشەی کۆمەڵایەتی جیاوازیانەوە، کاریگـەریی بـەرینیان لـە ڕامیـاریی شەستەکانی تورکیا دا بەجێهێشت، بەڵام ڕاسترەوەکان کاریگەریی ئـەوتۆیان نەبوو، چونکە توانایان نەبوو گوتارێکی لیبراڵ لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمێك کـە

---

1. Musa Anter: A,G,E, S.217-183.

٢یوسف إبراهیم ألجهماني: العلویون فی ترکیا، ل ٩١" ڕەسول هاوار: س،پ، ب٣،٣٧٤.

چەپ ڕەوایی پێدەدا دروستبکەن[1]. هەربۆیە دروست لە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول١٩٦١–١٩٧٥ لە باشووری کوردستان، بەگشتی سۆشیالیزم بوو بە ڕێگەیەکی ستراتیژیی بۆ ڕزگارکردنی کوردستان، چونکە تا ئەوکات ئەزموونی شۆڕشی باشووری کوردستان ئەگەر گومانێکی لەلای نەتەوە پەروەرانی باکووری کوردستان دروستکربێت، کە گوایە ئەمریکا و ئیسرائیل و بەرەی خۆرئاواش دەتوانن یارمەتی جووڵانەوە ڕزگاریخوازەکان بدەن، ئەوا لە دوای نسکۆ ئیتر ئەو گومانە ڕەوییەوەو کۆمۆنیزم شوێنی هەموویانی گرتەوە[2]. ئەمانە گرنگترین ئەو کۆمەڵ و پارتە خوێنکاری و ڕامیارییانەن کە کورد شانبەشانی چەپی تورکی شوێنیانکەوتن:

**یەکەم: کورد لە ڕێکخستن و سیاسەتی (پارتی کاری تورکیی) دا:**

پارتی کاری تورکی بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن ( محەمەد عەلی ئایبدار)* ١٩٦١ دامەزرا[3]، دامەزرێنەرانی ئەم پارتە بە لەبەرچاو گرتنی ئازادییەکانی دەستوور بڕیاریاندا خۆیان لە ڕێکخستنێکی سیاسیی چەپدا ڕێکبخەن، هەربۆیە ١٥ ئەندام لە سەرکردەکانی (یەکێتی سەندیکا کرێکارییەکانی تورک)** جیابوونەوەو ڕێکخستنێکیان بەنێوی پارتی کاری تورکیی دامەزراند[4].

---

١حەمید بۆز ئەرسەلان: س، پ، ل، ٨٦.

٢بیتر جی.لامبرت: ألولایات ألمتحدة وألکرد، دراسات حالات عن تعهدات ألولایات ألمتحدة،ت. مرکزدراسات ألکردیة وحفظ ألوثائق، ط١، دهوك، ٢٠٠٠، ل ٥٤.

*محەمەد عەلی ئایبار مامۆستای زانکۆو ماف ناس بوو.(Naci Kutlay:Kürtler.A,G,E,S.256 )

3. Naci Kutlay:Kürtler.A,G,E,S.256.

**یەکێتی سەندیکا کرێکارییەکانی تورک ساڵی ١٩٥٢ بەهاوکاری دەستگای هەواڵگیریی ئەمەریکی دامەزرا.(ولید رضوان: ترکیا بین ألعلمانیة وألأسلام، ل١٦٧).

٤ فیروز أحمد وأخرون: س، پ، ل ١٦٣، ١٦٦، ١٦٩.

پارتی کاری تورکیی پارتێکی ڕیفۆرمخوازی چەپی لایەنگری سۆڤیەت بوو، لە چالاکیدا بڕوای بە خەباتی پەرلەمانی و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا* هەبوو بۆ گەیشتن بە دەسەلات[1]. پێیان وابوو بوونیان دەرهاویشتەی ڕەوشی تورکیایە و کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای چەپی ولاتانیان لەسەر نییە. لەمبارەوە محەمەد عەلی ئایبار دەلێ:" لە ١٠٠٪ پارتەکەمان دەرهاویشتەی بیرو خواستی تورکیایە"، هەروەها (مەهدی بیللی)** دەلێ "ئێمە شوێنکەوتەی چەپی چین و مۆسکۆ و کاسترۆ نین"[2].

لەگەڵ ئەوەی لە پێڕەوی نێوخۆی پارتەکەدا باس لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد نەکرابوو، بەلام لەسەرەتاوە ڕووناکبیر و لاوانی کورد بە ناسنامەی نەتەوەیی کوردییەوە بەشدارێکی کارای نێو ڕێکخستنەکانی بوون[3]. (زیا ئاکار)*** دەلێ:"بەشداریمان لە پارتی کاری تورکی دا، بۆ بەرگریکردنمان بوو لە مافەکانی نەتەوەی کورد، چونکە یاسا ڕێگەی بە دامەزراندنی پارتی کوردیی نەدەدا".

بۆ یەکەم جار لە کۆبوونەوەی (عەینتاب) ١٩٦٣/٥/١٢ دا بەشێوەیەکی فەرمیی باس لە کێشەی ڕۆژهەلات کرا، ئەوە یەکەم جار بوو پارتێکی

---

* لەقاموسی مارکسییزمدا دەولەتی تایبەت بەو کۆمەلگەیانەیە کە پرۆلیتارییا دەسەلاتی سیاسییان بەدەستهێناوەو بەرەو سۆشیالیزم دەچن.(زاهیر موحەمەدیو یاسین حاجی زادە: س، پ، ل ٢٣٨).

١ عبدالله اوج ألان: قضية ألتحرر ألوطني ألكردستاني وطريق ألحل،من منشورات حزب ألعمال الكردستاني،١٩٨٢، ل ٢٤٢;ئیسماعیل بێشکچی:سیوسێ گولله،ل٣٧٤.

**مەهدی بیللی سەرکردەی بزاڤی چەپی تورکیە، بڕوای وابوو کەمالیزمو چەپ جودا نین، بڕوای بە کورد نەبوو.*(ئیسماعیل بێشکچی: سیو سێ گولله، ل١٧٧، ١٨٤٤)*.

٢ *ڤلادیمیر إیڤانوڤیتش* دانیلوف: س، پ، ل ١٥٣.

3. M.Emin Bozarsalan: Sîyaseta Netewî u Helsengandina Tevgera Netewîya Kurd , weşanên War, Istanbul, 2002,L. 209.

*** کوردێکی عەلەوی دامەزرێنەری پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیایە.

سیاسیی لە تورکیا ئاماژە بە بوونی گرفتێك بكات بەنێوی گرفتی ڕۆژهەلأت.[1]
هەربۆیە لە سەرەتاوە زۆرینەی ڕووناکبیر و کەسایەتییە نەتەوەییەکانی کورد بوون بە دامەزرێنـەر و ئەنـدامی کـارا[*] و توانیـان پۆسـتی بـالآ و هەسـتیار لـە پارتەکـەدا وەربگـرن و ئەنـدامانیان بەشـێوەی یەکسـان لـە گـەڵ تورکـدا مامەڵەیان لەتەکدا بکرێت. هاوکات محەمـەد عـەلی ئاییـار زۆر ڕێـزی لـە کـورد دەگرت، بـەجۆرێك ڕێکخسـتنەکانی ببوونـە پـەیمانگـەی پێگەیانـدنی چـەندان کادێری نەتەوەیی بۆ کورد[**].

لەلایـەکی تـرەوە کـوردی عەلـەوی، لـە کاردانـەوەی بێزاریـان لـە پارتـە بالأدەستەکان، هەر لە سەرەتاوە بوون بە کۆڵەکەیەکی سەرەکی پارتی کاری تورکیی،[2] بە تایبەتی لە شـاری دێرسـیم کـوردی عەلـەوی زۆر بـە گـەرمی لـە پێشوازی ڕێکخستنەکانی ئەم پارتەدا بوون[3].

دەکرێت بڵێین بەشێوەیەکی گشـتی سیاسـەتە بنچینەییەکانی پـارتی لـە بەرژەوەنی نەتەوەیی کـوردا بـوون، بـۆ نموونـە پـارتی نـەیارێتی دامـەزراوە سەربازییەکانی ئەمریکا بوو لە تورکیا، هەروەها دژی ئەندامبوونی وڵاتەکـەی بـوو لـە هاوپەیمانییـەتی بـاکووری ئەتڵەسـیدا[4]، دیـارە کـە هـەموو ئـەو داواکارییانە لە بەرژەوەندی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردیدا بوون.

---

1. Naci Kutlay: Kürtler.S.256.

* ئەو ڕووناکبیرو کەسایەتیانەی کە دامەزرێنەر و ئەندامی بالأی ڕێکخسـتنی پـارتی کـار بـوون بریتی بوون لە:( تاریق زیا ئاکینجی، ناجی کوتلای، جانیـب یلـدرم، نیـازی هوسـتا، کـورد ڕەشید، کەمال بورقای، تەحسین ئاڤنجی، محممد ئەمین ئەرسلان، عەبدورەحمان کـەیهان. (Faruk Aras: S,P,L.10)

**بەپێی ڕاپۆرتی میت، ماڵی موسا عەنتەر لە ئەستەمبوڵ، لەلایەن پارتی کـاری تـورکی ببـوە بالۆێزی کوردستان.(Musa Antar:A,G,E, S.221) .

٢ دیڤید ماکداوڵ: س، پ، ب٢، ل ٨٣٦.

٣ هنری بارکی و أخرون: س،پ،، ل ٦٣.

٤ فلادیمیر ایفا نوفیتش دانیلوف: س، پ، ل ٢٥٨.

پارتی کار وەك ڕێکخستنێکی چەپ بۆ یەکەمجار بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ١٩٦٥ی تورکیا کرد و لەو هەڵبژاردنە دا توانی ١٥ کورسی پەرلەمان و لە ٣٪ ی تێکڕای دەنگەکانی کیشوەرەکە بە دەستبهێنێت[١]. دیارە سەرکەوتنی پارتی کار بۆ پەرلەمانی تورکیا، بەشداری فراوانی دەنگی کورد بوو، بەتایبەتی کوردی عەلەوی، هەربۆیە ٤ کورسی پەرلەمان تەرخانکرا بۆ نوێنەرانی کوردی ناو پارتی کاری تورکی لە پەرلەماندا[٢].

هاوکات بەشێوەیەکی گشتی کورد بە چەندین شێواز جووڵانەوەی نەتەوایەتی خۆیان لە نێو ڕێکخستنەکانی پارتی کاری تورکیی دا پێشخست کە گرنگترینیان ئەمانە بوون:-

**١. بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری:-**

خوێنکارانی کورد لە سەرەتای شەستەکانەوە لە نێو ڕێکخستنەکانی پارتی کاری تورکی جووڵانەوەیەکی بەهێزیان لە بواری دەرکرنی ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانەکانی تورکی و کوردی دەستپێکرد[٣]، گرنگترین ئەو بلاوکراوانەی کە خوێنکارانی کورد لە زانکۆکانی ئەستەمبوڵ و ئەنکەرە بلاویاندەکردنەوە بریتی بوون لە گۆڤاری ( ڕێی ڕاستی)،کە ساڵی ١٩٦٣ لەلایەن (زیا شەرەفەدین ئۆغلۆ) بلاودەکرایەوە، هەمان ساڵ خوێنکارانی کوردی سیڤەرك لە ئەنکەرە گۆڤاری(kormiskan) یان دەرچواند، هەروەها کەمال بۆرقای[*]گۆڤاری (چرا)ی لە خەربوت دەرچواند، هاوکات

---

١ وصال نجيب العزاوي: س، پ، ل ١٠١.

٢ أبراهيم ألداقوقي: س، پ،ل ٣٥" كريم محمد حمزه و دهام محمود ألجبوري: س، پ، ل٦٩–٧٠.

٣ إبراهيم ألداقوقي: س، پ، ل ١٥٧.

* کەمال بۆرقای کوردێکی عەلەوی دێرسیمە ١٩٣٧ لەدایك بووە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی پارتی کاری تورکی.

.( Dîrok/Tarîh,http://www.kurdistan.nu/psk/psk_dirok_tarih.htm)

ڕێکخستنەکانی پارتی کار ئۆرگانی فەرمیی خۆیان ساڵی ١٩٦٦ بەنێوی گۆڤاری (یەنی ئاکیش) لە ئەنکەرە بەزمانی کوردی و تورکی بڵاودەکردەوە، ئەم گۆڤارە (مەهمەت عەلی ئەسلان)* بەرپرس و سەرنووسەری بوو، کە بەپەرۆشەوە و بەئاشکرا بەرگرییان لە خواستە نەتەوەییەکانی کورد دەکرد و دژی فاشیستەکان هەڵوێستیان دەنواند[١]. هەروەها لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٦- ١٩٧٠) خوێنکارانی کوردی نێو ڕێخستنەکانی پارتی کاری تورکی چەندین گۆڤاریان بە نێوەکانی( دەنگی تازە، کولتووری دیاربەکر، سیڤەرك، دەنگی ماردین، قاراقۆجان، هۆشیاری بوون، هاوار، دەرکەوتن، ڕۆژنامەی یەنی بندەست، بایەزید، دەنگی سیڤەرك، ئادیامان، گومگوم) چاپ و بڵاودەکردەوە، هەموو ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە ڕۆڵی سەرەکییان لە هۆشیاری نەتەوایەتی کورد دا هەبوو، هەربۆیە لە دوای دەرچوونی چەند ژمارەیەك دادەخران و نووسەرانیان دەستگیر دەکران[٢]. دیارترین گۆڤار لەو قۆناغەدا گۆڤاری( ڕۆژهەلات** ) بوو، کە ساڵی ١٩٦٩ بەزمانی کوردی و تورکی لە ئەستەمبوڵ دەردەچوو، ئەم گۆڤارە ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە ئاشناکردنی هزری چەپ لە نێو کورد دا و بۆ یەکەمجار ڕوانینی لینینی سەبارەت بەمافی چارەنووسی نەتەوە بندەستەکان بە کوردی بڵاوکردەوە[٣].

## ٢. ڕێکخستنی کۆبوونەوەو خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کوردستان:

ئەندامانی کورد لەنێو ڕێکخستنەکانی پارتی کاری تورکیی دا

---

*مەهمەت عەلی ئەسلان پارێزەرێکی ئاراراتی بوو، ١٩٦٩ بوو بە سەرۆکی پارتی کاری تورکیی.(کەندال نەزان و ئەوانی تر:س، پ، ل ١٥٥-١٥٦).

1.Malmisanij U Mahmud Lewandi: S,P,L.163-171.

2. Malmisanij U Mahmud Lewandi: S,P,L.177-207.

**سەرنووسەرو بەرێوبەری نوسینی گۆڤارەکە موسا عەنتەرو م. گونەش شاهینلەر بوون، هەردووکیان دەست گیرکران.

3. Musa Antar:A,G,E, S. 196-222.

ساڵانی(١٩٦٧-١٩٦٩) ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە گردبوونەوە و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی کوردستاندا، کە بە (کۆبونەوەکانی ڕۆژهەڵات) ناسرابوون، لە ڕاستیدا ئامانجەکانی ئەم کۆبوونەوانە پەیوەستبوون بە خواستە نەتەوەییەکانی کوردەوە، بەڵام بە دروشمەکانی چاکسازی و یەکسانی خۆیان دەردەخست*[١]، بۆ نموونە دروشمەکانی خۆپیشاندانەکانی دیاربەکر دژی یاساکانی دەستوور بوون، لە قارس دژی دابونەریتی دەرەبەگایەتی بوون، لە ئاگری دژی بێ کاری و هەژاری بوون، لە مەلاتیە دژی کۆلۆنیالیزم بوون، هەموو ئەم دروشمانە لەلایەن ڕێکخستنەکانی پارتی کاری تورکییەوە ئامادەکرابوون و خرابوونە سەر زاری خەڵك[٢]. لە بەرئەوەیە کە پارتی کاری تورکیی هۆکاری سەرەکی پێشکەوتنی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی و سیاسیی و دژایەتی داگیرکەربوو لە کوردستان[٣]. هەروەها یانە ڕۆشنبیری و کولتوورییەکان و بارەگاکانی پارتی کاری تورکیی لە کوردستان لە لایەن ڕێکخستنی پارتە نهێنییەکانی کوردەوە بەکار دەهێنران[٤]. هەموو ئەوانەی کە سەرۆك و سەرپەرشتی لقەکانی پارتی بوون بە نهێنی پێوەندییان لەتەك ڕێکخستنە نهێنییەکانی کورد هەبوو. بۆ نموونە مەهدی زانا** ئەندامی سەرکرادیەتی پارتی کار لە دیاربەکر و حەلواندا ڕۆڵی کارای هەبوو، موستەفا ئاکینجی سەرۆکی لقی پارتی کار بوو لە سلیڤان، مەلا

---

*لەخۆپیشاندانی شارۆچکەی (کۆزۆك)خەڵك هاواری دەکرد ئەگەر بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەر کۆمۆنیستیی بێ، ئەوا کۆمۆنیستین.(Savunma:A,G,E s. 425 )

1 Naci Kutlai:  Kürtler,s.577.

2 Savunma; A,G,E, S. 425-424.

٣کەندالٚ نەزانو ئەوانی تر: س، پ، ل ١٥٧.

4 Mahmüt Yeşil: DDKOYA Farqine, kovara Bir, 5 ,matbaa Bariş, Diyarbakir, 2006, L.243-244

**مهدی زانا ١٩٤٠ لە سلیڤان لەدایك بوو پیشەی بەرگ دروو بوو، بەرپرسی پارتی بوو لە حەلوان.(Mahdi Zana: s,p,l.105 ).

عەبدولکەریم کەیهان* دیارترین هەڵسووڕاوی پارتی کار بوو لە دیاربەکر، فەقێ حوسێن لە فارقین و بەدلیس بەرپرسی لقەکانی پارتی بوو[1]، تاریق زیا ئاکینجی وەك نیشتمان پەروەرێکی کورد دیاریکرابوو بۆ نوێنەری دیاربەکر لە پەرلەمانی تورکیا[2].

### ٣. خەباتی پەرلەمانیو هەڵوێست وەرگرتن دژی توندووتیژی دەوڵەت:

تاکە دەنگی نەیار لە پەرلەمانی تورکیا دا، کە دژی رامیاریی شۆڤێنیانەی حکومەت بوو لە باکووری کوردستاندا بریتی بوو لە دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی سەر بە پارتی کاری تورکیی[3]. ئەوان لەماوەی بوونیان لە پەرلەمانی تورکیا دا توانیان نزیکەی ٦٠ بەندی یاسایی بگۆڕن. بۆ نموونە بەندەکانی ١٤١– ١٤٢** ، کە بۆ لێدانی کۆمۆنیست و کورد دانرابوون گۆڕانیان تێدا کرا و تا ڕادەیەك لە بەرژەوەنددیی کورد دا سووك کران.[4]

هەروەها بۆ یەکەمجار محەمەد عەلی ئایبار لە ١٩٧٠/٧/٢٤دا لە پەرلەماندا داوای کرد حکومەت چالاکی کۆماندۆکان لە کوردستان ڕابگرێت و وتی:"لە دروستبوونی کۆمارەوە تا ئێستا هاووڵاتی کورد وەك مرۆڤ سەیر ناکەن و کورد وەك پلە سێ تەماشا دەکەن، دەزانن ئەمە دەمانگەیەنێتە

---

*مەلا عەبدولکەریم کەیهان کوردێکی دامەزرێنەری پارتی کار بوو، ١٩٣٤ لە فارقین لەدایك بوو، مامۆستای زمانی کوردی بوو.(Ciwanroj Ceyhan: Mele

Ebdulkerim Ceyhan, kovara BIR:5, matbaa Bariş, Diyarbakir,2006,L.294-295).

1. Mehdi Zana: S,P,L.105; Ciwanroj Ceyhan:s,p,l.46-47

2. Ibrahim Guçlu: s,p,l.35.

٣ فلادیمیر إیفانوفیتش دانیلوف: س، پ، ل ١٥٨.

**برگەی ١٤١ دەڵێ: ئەوەی بیهەوێ چینێکی تایبەت بەکاربهێنێ بۆ گۆڕینی باری ئابووریو کۆمەلأیەتی ٨–١٥ ساڵ سزا دەدرێ. برگەی ١٤٢دەڵێ: بروپاگەندەکردن بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراو بۆ تێکدانی رەوشی یاسایی وڵات ١٥ ساڵ زیندانی سزاکەیەتی.( کەندال نەزانو ئەوانی تر: س، پ، ل ١٩٧).

٤ کەندالْ نەزانو ئەوانی تر: س، پ، ل ١٩٨.

ڕۆژێك ڕێك پێچەوانەی ئاواتی خاوەن سیاسەتەکە بێت؟، بۆ دەبێت لە بەرامبەر قسە کردنێك بە کوردی، بە سەگی بارزانی تۆمەتباربکرێن؟"[1]. لەبەر ئەوە پارتی کار تەنها پارتێکی تورکی بوو دژ بە جینۆسایدی کورد دەنگی بەرزکردەوە، هاوکات لە کاتی شالاوی کۆماندۆکاندا بۆ کوردستان تا ئاگاداربن لە ڕەوشەکە لیژنەیەکیان نارده کوردستان و پاشان هەڵوێستی ڕاستەقینەیان گەیاندە لووتکەی دەسەلات، ئەوەبوو لە ٦/٧/ ١٩٧٠ دا یادخەرەوەیەکیان ئاراستەی سەرۆك کۆمار کرد، کە تێیدا هاتبوو:" هێزە کۆماندۆکان مەبەستیان گەڕان نییە بۆ چەك و چۆڵ، ئەوەی ئەوان دەیکەن پێچەوانەی دەستوورە، چونکە دەستدرێژی جەستەیی و ئەشکەنجەدان گەڕان نییە بۆ چەك، مادەی (١٤)ی دەستوور باس لە قەدەغەی ئەشکەنجە دەکات و باس لەپاراستنی شەرەف دەکات، کە واتە ئەوان جیاوازییان هەیە، تەنها تاوانیان ئەوەیە کە کوردن؟"[2].

**٤. داننان بە ناسنامەی نەتەوەیی کورددا:**

پارتی کاری تورکی بەهۆی زۆربوونی ڕێژەی کورد لەنێو سەرکردایەتیو ڕێکخستنەکانیدا، تێڕوانینە هەڵەکانی بۆ پرسی نەتەوایەتی کورد کەمبووەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی تاریق زیا ئاکینجی(١٩٦٨-١٩٦٩) بوو بە سکرتێرو لە پاش ئەویش ( بەهیجە بۆران) هەمان پۆستی وەرگرت، هەروەها لە کۆتایی ١٩٦٩ دا (مەهمەت عەلی ئەسلان) بوو بە سەرۆکی پارتەکە، ئەمانە لە کەسایەتییە دیارەکانی کوردی نێو پارتەکە بوون.[3] هەربۆیە بۆ یەکەمجار لەکۆنگرەی چوارەمی خۆیدا لە ٢٩-٣١ ئۆکتۆبەری

---

١ إسماعیل بیشکجی: ألنظام فی ألأناضول، ج٢،ل٢٦٨;عیسمەت شەریف وانلی: س، پ، ل ٦٥.

٢ إسماعیل بیشکجی: ألنظام فی ألأناضول ، ج٢ ، ل ٢٦٠-٢٦١.

٣ وصال نجیب ألعزاوي: س، پ، ل١٠٢; لازاریف: تاریخ کردستان، ل٢١٩; کریس کۆچیرا: بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ب٢،ل١٣٠.

١٩٧٠ دا پارتی کاری تورکیی دانی نا بە ناسنامەی نەتەوایەتی کورد دا، لەم کۆنگرەدا سەرۆکی پارتی بڕیار نامەیەکی پەیوەست بە نەتەوەی کورد پەسەند کرد، کە ئەمە گرنگترین بڕیارەکانیەتی:

١.نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی تورکیادا بوونی هەیە.

٢.دەسەلاتە فاشیستەکانی تورک رامیاریی تورکاندنیان دژی کورد بەکاربردووە.

٣.دەسەلاتی سیاسیی چینە فەرمانڕەواکان هۆکاری دواکەوتنی ڕەوشی ئابووری و کۆمەلایەتی ڕۆژهەلاتن لەچاو نێوچەکانی تردا.

٤. پشتیووانی لە خەباتی گەلی کورد دەکەین بۆ بەدەستهێنانی مافە دەستووری و دیموکراتییەکانی.

٥. پێویستە کورد و تورك شان بەشانی یەك خەبات بکەن تا خەباتی گەلی کورد لەپێناو مافە دیموکراتیەکان بەدەست بێت.

٦. پارتی لە ڕوانگەی پێداویستیەکانی خەباتی شۆڕشی سۆشیالیستی دەڕوانێتە کێشەی کورد[1].

ئەم بڕیارنامەیە وێڕای کەموکوڕییەکانی، چونکە تەنها باسی لە مافە دیموکراتییەکان کردووە و مافی چارەی خۆنووسینی بە کورد ڕەوا نەبینیبوو، وەلێ قۆناغێکی گرنگ بوو لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو بۆ یەکەم جار بوو پارتێکی فەرمیی دان بەبوونی کورد دا بنێت و باس لە یەکێتی چەپی کورد و تورك بکات[2]. هەربۆیە ئەم نێزیکبوونەوەیە دەسەلاتی سیاسیی توشی شۆك و هەژان کرد، چونکە هەمیشە ستراتیژی حکومەتەکانی تورکیا ڕێگرتن بوو لە گەیشتنی کێشەی کورد بە پێڕەوی پارتە سیاسییەکانی تورك و دوور ڕاگرتنی زانکۆکان بووە لە لێکۆلینەوەی

---

1 Kristina koivunen: op,cit, p.90-91;David Mcdowall:A,G,E,s.58; ئیسماعیل بێشکچی: سیوسێ گولله، ل ٢٢٩–٢٣٠

٢کریس کۆچیرا: کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا، ل ٤٤٢.

زانستی لەمەڕ پرسی کورد[1]. هەربۆیە لەپاش کودەتای ۱۹۷۱، دادگەی دەستووری تورکیا لە ۲۰ تەمموزی ۱۹۷۱دا تەواوی بڕگەکانی کۆنگرەی چوارەمی پارتی کاری تورکیی بە زیانگەیاندن بە یەکپارچەیی خاکی تورکیا لە قەڵەمدا و بەزوویی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پارتەکەی دا، هاوکات تەواوی سەرانی پارتەکە لە ۱۹ی ئابی ۱۹۷۱دا سزادران بە ۱۵ ساڵ زیندانیکردن[2].

هەندێ بۆچوون پێیان وایە بڕیارەکانی کۆنگرەی چوار هەوڵێکی نەخشە بۆ دارێژراو بووە بۆ ئەوەی پارتەکە دابخرێت. لەم بارەوە (محەمەد عەلی ئایبار)* وتبووی:"سەرکردەکان پارتەکەیان بەرەو کایەیەکی بەمێن چێندراو برد و بە داخستنیان دا، چونکە بڕیارەکانی دژی مادەی ۸۹ بوون، کە نووسرابوو پارتە سیاسییەکان ناتوانن باس بکەن کەمایەتی نەتەوەیی لە سەر بنەمای جیاوازی زمان لە تورکیا دا هەیە، هەروەها لە مادەی ۱۱۲ دا هاتبوو:"ئەو پارتانەی پێڕەوی لە قەدەغەکانی مادەی ۸۹ دەکەن دادگەی دەستووری دایان دەخات، کە واتە بڕیارەکان بۆ ئەوە بوون کە پارتەکە دابخرێت"[3].

پێمانوایە بڕیارەکانی کۆنگرەی چوار هەڵوێستێکی ئەرێنی و مێژوویی پارتی کاری تورکی بوو، کاریگەری بەرینیشی لەسەر ئاستی نێوخۆو دەرێ هەبوو، بەڵام ئەوەی وتەکانی محەمەد عەلی ئایبار لە ڕاستی نێزیکدەکاتەوە، بریتیە لە پەشیمان بوونەوەی ئامادەکارانی پرۆژە بڕیارەکە لەکاتی دادگایکردنیاندا، چونکە ڕێبەرانی پارتەکە لەکاتی دادگایکردنیاندا داکۆکیان لە پرۆژەکەیان نەکرد، بەڵکو ڕایانگەیاند هەرگیز داوای مافی کەمایەتی کوردیان نەکردووە. بۆ نموونە حوسێن ئەرگون، نەجاتی ئەرەك، یازیجی ئۆغلۆ ، کە ئەندامانی ئەنجومەنی پرۆژە بڕیارەکە بوون وتبوویان:

---

۱ئیسماعیل بێشکچی: سیوسیێ گولله، ل۲۳۷; لازاریف: تاریخ کردستان، ل ۳۱۹–۳۲۰.

2. Naji Kutlai: Kürtler,s.251; Kristina koivunen:op,cit,p.91.

*محەمەد عەلی ئایبار ساڵی ۱۹۶۹ ئیستیقالەی کردبوو، نەیاری پارتی کار بوو.

۳ئیسماعیل بێشکچی: سیو سیێ گولله، ل ۲۳٤–۱۳۵.

"پشـتیووانی سیاسـەتی بـە تـورك كـردنین، خۆشمـان و پارتەكـەشمان دژی ڕەوشی كەمایەتین"، لەتـەك ئەوەشـدا پارتەكـە داخـراو خۆشـیان سـەرەرای نیازپاكی پیشاندان بۆ دەوڵەت سزادران[1].

پـارتی كـاری تـوركیی دووبـارە لـە نیسـانی ١٩٧٥ دا بـە سـەرۆكایەتی (بەهیجـە بـوران) لەلایـەن ٥٠ كـادێری پێشـووی پارتەكـەوە ڕێگـە درا كـاری ڕامیایی بكاتەوە[2]، بەڵام لەم قۆناغەدا تەنها پارتی چەپ نەبوو لـە گۆڕەپـانی سیاسی توركیا دا، هەربۆیە وەك پێشوو ڕێكخستنەكانی بەهێز نەبوون[3]، یـان كورد وەك پێشوو نەچوونە ڕێكخستنەكانییەوە، چونكە ئەم جارەیان سەرانی پارتەكە لەتەك ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتدا كۆك بـوون و بـەهیچ جـۆرێ بایـەخیان بەپرسـی كـورد نـەدەدا، بەپێچـەوانەوە زۆر ڕەخنـەیان لـە ئـەزموونی كـاری پێشوویان دەگرت لـە مـەڕ داننـان بـە بـوونی نەتـەوەی كـورد دا[4] . هەربۆیـە لەگـەڵ ئـەوەی لـە ٣٠ ویلایەتـدا لقیـان كردبـووەوە، بـەڵام نـەیانتوانی لـە هەڵبژاردنەكانی ١٩٧٧ دا یەك كورسیی بەدەستبهێنن بۆ پەرلەمان.[5]

### ٣. جیابوونەوەی چەپی كورد لە ڕێكخستنەكانی پارتی كاری توركی:

بۆ یەكـەمجار لـە ١٩٦٦دا لـەناو ڕێكخسـتنەكانی پـارتی كـاری توركییـدا بەسەرپەرشتی تاریق زیا ئاكینجی كـوردە چـەپەكان بـەجیا ئۆرگانگـەلێكی سـەربەخۆیان دروستكرد[6] . ئـیتر ئـەم ئۆرگانانـە لـە چوارچـێوەی ڕێكخستنەكانی پارتیدا بە (گرووپی ڕۆژهەڵات) ناسێنران، ئەمـەش هـەنگاوی

---

١ ئیسماعیل بێشكجی: ه،س، ل ٢٣٢.

٢ فلادیمیر إفانوفیتش دانیلوف: س، پ، ل ٣٠٩.

٣ كەندالً نەزانو ئەوانی تر:س، پ، ل١٨٥.

٤ ئیسـماعیل بێشكچـی: سیوسـێ گوللـە، ل ٢٣٢–٢٣٣; چـاوپێكەوتن لەگـەڵ ( خەدیجـە یەشار)،سلێمانی،٣-٣-٢٠٠٩.

٥ فلادیمیر إیفانوفیتش دانیلوف: س، پ، ل ٢١٠–٢١٢.

٦ دیڤید ماكداوڵ: س، پ، ل ٨٣٦.

یەکەمی ئارەزووی کورد بوو بۆ جیابوونەوە لە ڕێکخستنەکانی چەپی تورک، چونکە لەنێو پارتی کاری تورکیی بەکاوەخۆ هەڵوێستی دژە کورد پەرەی دەسەند. بەجۆرێك میهری بەللی لە سەرانی پارتەکە دەیووت" ڕاگواستن و قەدەغەکاری لە نێوچە کوردییەکاندا بریتیە لە سۆشیالیزم، یاخۆ لەنێوان کەمالیزم و سۆشیالیزم جیاوازی نییە"[1]. هەروەها محەمەد عەلی ئایبار ١٩٦٧ لە کۆنگرەی سۆشیالیستی جیهانی لە ستۆکۆڵم، لە وەڵامی ڕۆژنامەنووسێکدا وتبووی:" مەسەلەیەك نییە نێوی مەسەلەی کورد بێت"[2]، هاوکات رامیاریی پارتی کاری تورکیی لاوانی کوردی سەرقاڵکردبوو بە بیری چەپ و خەباتی ڤێتنام و ئەمریکای لاتین و فەلەستین، بەمەش لە پرسی نەتەوایەتی کورد خەواڵووی کردبوون[3]، تەنانەت سووکایەتییان بە کوردایەتی و کۆمەڵگەی ڕۆژهەلأت دەکرد، پێیان وابوو کورد فیودالْ و دواکەوتوون، لە بەرامبەردا بەشێوای کاریگەربوون بە سۆڤیەت و بەشێوەیەکی زۆر داینەمیکی چەمکەکانیان دەگواستەوە بۆ تورکیا و یەکێتی تورکیا ستراتیژیان بوو، هەروەك چۆن ڕاست و ئیسلامگەراکانیش هەمان ستراتیژیان هەبوو[4].

لەلایەکیترەوە پاش ئەوەی محەمەد عەلی ئەسلأن بوو بەسەرۆکی پارتەکە پاش (٥) هەفتە پاشەکشەی کرد، چونکە چەپە تورکەکان ڕێگەیان نەدا بڕیار لەسەر مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەی کورد بدات، هەربۆیە ساڵی ١٩٦٩ نیشتمانپەروەرانی کورد لە ڕیزەکانی پارتی کاری تورکیی تەکانەوەو

---

١ ئیسماعیل بێشکچی: سیوسیٚ گوللە، ل ١٨١–١٨٤ Faruk Aras: s,p,L.110; Ibrahim Guçlu: s,p,L.3;

٢ عیسمەت شەریف وانلی: س، پ، ل٦٧; کریس کۆچیرا: کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا، ل٤٣٧.

٣ ئیسماعیل بێشکچی: کوردستان کۆڵۆنییەکی نێو دەوڵەتی، و: ڕێبوار رەشید، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٣، بەرگی یەکەم ، ل٨٣.

٤ حەسەن ئەحمەد مستەفا: باکوری کوردستان لە گێژاوە سیاسییەکاندا ، چ١، نوسینگەی وێران، هەولێر،١٩٩٥، ل١٦.

ڕوویانکردە گرووپ و ڕێکخراو و کۆمەڵەی سەربەخۆی کوردیی، بەشێوەیەك پارتی کار لە هەڵبژاردنی ١٩٦٩ دا تەنها دوو کورسی بەدەستهێنا[1]. ئیتر سەرانی پارتی هەستیان بە هەڵەکانیان کرد لەبەرامبەر پرسی کورددا، هەربۆیە دووبارە چوونەوە پاڵ داوا ڕەواکانی کورد، بەڵام ئەمجارەیان درەنگ بوو[2]، چونکە چەپەکانی کورد بۆ خۆیان خاوەن بەرنامە و ڕوانینی نوێ بوون بۆ چالاکی پارتایەتی.

**دووەم: کورد لە ڕێکخستن و سیاسەتی فیدراسیۆنی هزری و کولتووری (FKF)**

ساڵی ١٩٦٣ پارتی کاری تورکیی(فیدراسیۆنی هزری و کولتووریی) بۆ خوێنکارانی نێو ڕێکخستنەکانی پێکهێنا، هاوکات لەتەك یەکێتی خوێنکارانی زانکۆی ڕۆژهەلاَت لە ئەنکەرە بوون بە یەك ڕێکخراوی خوێنکاریی، لە٤ کانوونی دووەم ١٩٦٣ دا لە ژێر چاودێری پارتی کاری تورکیی کۆنگرەیەکی فراوان ڕێکخراو ئەنجومەنێکی بەڕێوبەرایەتی دامەزرا، کە لە کۆی (١٨) ئەندامی ئەنجومەنەکە (٥) ئەندامیان کورد بوون، ئەم کۆمەڵە بڕیاریاندا سۆشیالیزمی زانستی بکەن بە بناغەی تێکۆشانیان لە پێناو دیموکراسی و سەربەخۆییدا. لەسەر بنەمای ئەم بانگەشانە لەماوەیەکی کەمدا لە ٥٤ ویلایەتی تورکیادا لق و بارەگایانکردەوە[3].

لە سەرەتاوە ئەم فیدراسیۆنە وەك لقێکی خوێنکاریی پارتی کاری تورکی تەواوی خوێنکارانی کوردی لێگردبوونەوە[4]. بەلاَم زۆری نەبرد خوێنکارانی کورد ساڵی ١٩٦٤ لەم ڕێکخراوە جیابوونەوە و یانەی کولتووری ڕۆژهەلات(DKO) یان دامەزراند، کە لە ١٨ ویلایەتی کوردستاندا بارەگایان

---

١ صلاح سعد الله: س، پ، ل٢٨; عبدألفتاح علي البوتاني: دراسات ومباحث، ل١٥٤.

٢ کریس کۆچیرا: بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ب٢ ، ل١٤٢.

٣ إبراهيم ألداقوقى: س، پ، ل ١٥٧.

4 Ruşen Aslan: Kurt Ligal Hareketinin Tarihsel Gelisimi,kovara BIR, 5, matbaa Bariş, Diyarbakir 2006,L.2.

هەبوو، تەنانەت لەتەك  پارتە نهێنییەکاندا پێوەنـدی ژێربـەژێری و بـەهێزیان دامەزراند بوو.[1] لەگەڵ ئەوەشـدا خوێنـدکارانی کـورد تـا سـاڵی ١٩٦٨ لـەنێو فیدراسیۆنی هزری و کولتووریدا بەکەمی مابوونـەوە، بـەڵام گرووپەکـە زیـاتر ببـووە گرووپێکـی ئایـدیۆلۆژی و لـە ڕێکخسـتنەکانی پـارتی کـاری تـورکیی جیابببووەوە. لەم بارەیەوە (ئیبراهیم گوجلو)* دەڵـێ:" لـەکۆنگرەی دووەمـدا لــە ئەســتەمبوڵ خوێنــدکاران بــیری شۆڕشــگێرییان هــەبوو، دژی ڕەوتــی چاکسازی نێو پارتی کاری تورکیی بوون، تەنانـەت لـە دوای کـۆنگرە هـەموو ئەنـدامانی کوردیشـیان لـە ڕێکخراوەکـەدا وە دەرنـا، ئـیتر ناچـار کۆمەڵـە و ڕێکخراوی  کوردییان درووستکرد".[2]

**سێهەم: کورد لە ڕێکخستن و سیاسەتی یەکێتی لاوانی شۆڕشگێری تورک (دەڤ گەنج) دا:**

لەکۆتایی شەستەکاندا لەنێو پێکهاتەی ئایدیۆلۆژی پـارتی کـاری تورکیـدا چەندین ڕەوتی جیا دروستبوون، ڕەوتـی پەرلەمانییـەکان سـەر بـە ڕامیـاریی ڕیشەیی پارتی بوون، کـە بڕوایـان بـە خـەباتی پەرلـەمانی و ڕیفۆرمخـوازی و پشتیووانیی سۆڤیەت هەبوو بـۆ گەیشـتن بـە دەسـەڵات، لـە بەرامبـەردا ئـەو ڕەوتانە هەبوون کە بڕوایان بە خەباتی چـەکداری هـەبوو و کاریگـەربوون بـە خـەباتی چـەکداری ڤێتنـام و ئـەمریکای لاتـین و چـین و شۆڕشـی باشـووری کوردســتان ، یــاخود گرووپــی چــەپی کــورد لــە بەرامبــەر چــەپی تــورک دروستببوون[3]. بەڵام پاش داگیرکردنی چیکسلۆفاکیا لەلایەن سۆڤیەت ١٩٦٨ ڕەوتــی شۆڕشــگێڕ ئــیتر بڕوایــان بەمانــەوە لــە نێــو پــارتی کــاری تــورکی

---

١ أبراهيم إلداقوقی: س، پ، ل ١٥٧.

* ئیبراهیم گوجلو ١٩٤٩ لەدایك بـووە، کـوردی ئەنکەرەیـە، خوێنکـاری مـاف بـوو لـە زانکـۆی ئەنکەرە.(Ibrahim Guçlu:S,P,L.37 )

2.Ibrahim Guçlu:S,P,L.37

3 Ali Kemal Ozcan:op. cit. p.77-78.

جێلەقبوو، هەربۆیە ١٩٦٩ لە ئەنکەرە یەکێتی لاوانی شۆڕشگێری تورکی (دەڤ گەنج) یان دامەزراند[1].

(دەڤ گەنج) لە سەرەتاوە تۆڕێکی ڕێکخستنی فراوانی لە سەرانسەری تورکیا دامەزراند، کە زیاد لە ٤٠ هەزار کادێری خوێندکاریی هەبوو، هەروەها ڕۆژنامەیەکی دەرکرد کە ١٠٠،٠٠٠ ژمارەی لێوەشانو چاپ دەکرا. ئەم ڕێکخراوە بڕوای بە کوشتن و توندوتیژی هەبوو لە چالاکییەکانیدا، ئەندامەکانی گەنجی کەم تەمەن بوون و ٢٥ساڵ زیاتریان لەنێودا نەبوو.[2]

بەهۆی قووڵبوونەوەی ئایدیۆلۆژی نێوانیان ئەندامانی (دەڤ گەنج)و پارتی کاری تورکیی هەمیشە یەکتریان تۆمەتبار دەکرد، لە ڕووانینی پارتی کار دا ئەندامانی (دەڤ گەنج) تێکدەر و ئاژاوە چی بوون، لە بەرامبەردا ئەوان بە ناشۆڕشگێر و بەکرێگیراوی سۆڤیەت دەناسێنران، ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ توندو تیژی و جەنگی نێوخۆیی نێوان چەپەکانی تورك و کورد[3].

سەبارەت بە ڕۆڵی (دەڤ گەنج) لە خەباتی نەتەوایەتی کورددا، لە سەرەتاوە ئەندامانی شۆڕشگێڕی چەپی کورد، ئەو خوێنکارە کوردانەی کە لە زانکۆکانی ئەنکەرە و ئەستەمبوڵ بوون، بە شێوەی گرووپ دەهاتنەوە کورستان و لە خۆپیشاندانەکانی کوردستان بەشداریان دەکرد،[4] هەریەك لە داود حەسەن کرۆن و موستەفا چەمکران نوێنەرانی (دەڤ گەنج) بوون بۆ

---

1. Erikj. Zurcher: op.cit.p.255.

٢ فیروز أحمد و أخرون: س، پ، ل١٥٣،١٧٨; هنری بارکی و أخرون: س، پ، ل٦٣; چاوپێکەوتن لەگەڵ( خەدیجە یەشار)، سلێمانی، ٣ـ٣ـ٢٠٠٩.( خەدیجە یەشار ١٩٥١ لە ئەنکەرە هاتووەتە دنیاوە، دەرچووی بەشی فەرەنسی زانکۆی ئەنکەرەیە، وەك کچە خوێنکارێکی کورد ڕۆڵی کارای لە دامەزراندنی گروپە خوێنکارییەکانی کورد هەبوو، هەروەها ڕێبەرێکی کارای کۆمەڵەی ڕزگاریو ئاڵای ڕزگاریی بوو).

٣ گفتوگۆی(نبیل ألملحم) لەگەڵ سەرۆك ئاپۆدا: سەرۆكو گەل، حەوت ڕۆژ لەتەك سەرۆك ئاپۆدا، و: ڕۆژنامەی وولات، چ1،١٩٩٩، ل ٣٩ Ali; Kemal Ozcan:op; cit. p.78

٤ چاوپێکەوتن لەگەڵ(داود حەسەن کرۆن)، هەولێر، ٢٠ـ١ـ٢٠٠٩ .(داود حەسەن کرۆن ناسراو بە(شەرەف) ١٩٥٠ لە دێرسیم لەدایك بووە، ١٩٧٠ لەکۆلێژی مافی زانکۆی ئەستەمبوڵ وەرگیراوە، لە حەفتاکاندا ڕۆڵی سەرکردەی لە ڕێکخستنە نهێنیەکانی کورد دا دیوە.

سەرپەرشتی کردنی خۆپیشاندانەکانی کوردستان[1]، بەلاّم هەر لە سەرەتاوە چەند هۆکارێك بوو بەهۆی جیابوونەوەی ئەندامانی کورد لە نێو ڕێکخراوەکەدا، لەوانە: کاریگەریی وەرگێڕاوە مارکسی و لینینییەکان کە پێداگرییان لەسەر مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوە بندەستەکان دەکردەوە، هەروەها کاریگەریی ڕێکخستنە نەتەوەییەکانی کورد لە کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول هۆکاری جیابوونەوەی چەپی کورد بوو لە ڕێکخستنی (دەڤ گەنج).[2]

ئیتر ئەندامە دابڕاوەکانی کورد بەشێکیان لە ١٩٧٠دا (پارتی سۆشیالیستی خەڵکی تورکیا) یان دامەزراند، کە (مستەفا دوزگول) سەرۆك و (داود حەسەن کرۆن) جێگری بوو. بەشێکی تریشیان گرووپی خوێنکاری کۆمەڵەی کولتووریی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەلاّت (د.د.ك.ۆ) یان دامەزراند[3]، پاشماوەی ئەندامانی (دەڤ گەنج ) تەنها چەپە توند ڕەوەکانی تورك بوون، ئەوانیش بەپێی بڕیارێکی دادگەی بالاّی دەستووری ڕێکخراوەکەیان لەپاش کۆدەتای ١٩٧١ قەدەغە کرا.[4]

**چوارەم: کۆمەڵەی کولتووری و شۆڕشگێڕی ڕۆژهەلاّت( د.د.ك.ۆ):**

خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئەستەمبوڵ و ئەنکەرە لە ڕێکخراوە چەپەکانی تورك جیابوونەوەو یەکەم ڕێکخراوی فەرمیی سەربەخۆی کوردییان لە ١٩٦٩ دا بەنێوی کۆمەڵەی کولتووریی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەلاّت (د.د.ك.ۆ) دروستکرد.

---

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ(داود حەسەن کرۆن)، هەولێر، ٢٠ـ١ـ٢٠٠٩.

٢ چاوپێکەوتن لەگەڵ ( خەدیجە یەشار)، سلێمانی،٣ـ٣ـ٢٠٠٩. Ali Kemal Ozcan:op. cit. p.78-79;

٣ چاوپێکەوتن لەگەڵ( داود حەسەن کرۆن)، هەولێر، ٢٠/١/٢٠٠٩

٤ مایکڵ گەنتەر: س، پ، ل ١٢٤.

د.د.ك.ۆ وەك ڕێكخراوێكی خوێندكاری خۆی ناساند، بەڵام ڕێكخستنێكی نەتەوەیی هەبوو، ئامانجەكانی لە ئامانجی ڕێكخراوێكی خوێندكاری نەدەكرد، ئەوە تەنها تاكتیكێك بوو بۆ لە پێش چاوگرتنی یاسا توندەكانی توركیا، تا بەو هۆیەوە زمان و كولتووری كورد ببوژێننەوە[١]. ئەم ڕێكخراوە وەك كۆمەڵەیەكی دیموكراتی فراوان لە سەرانسەری شارە گەورەكانی ئەنكەرە و ئەستەمبوڵ و پاشان لە تێكڕای ویلایەتەكانی كوردستاندا بەمجۆرە لق و بارەگایان كردەوە:-

ا. كۆمەڵەی كولتووریی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات (د.د.ك.ۆ) لە ئەنكەرە:

خوێندكارانی كورد لە گوڵانی ١٩٦٩دا لە ئەنكەرە گردبوونەوەو د.د.ك.ۆ یان دامەزراند. (ئیبراهیم گوجلو) لە دامەزرێنەرانی دەڵێ:"ئەندامانی پارتی كاری توركیی و كۆمەڵەی هزری و كولتووریی كۆبوونەوە، كە بریتی بووین لە: مومتاز كوتان، سەبری چابیك، نەزیر شەمیكانلی، محەمەد ئەمین بۆز ئەسلان، موسا عەنتەر، تاریق زیا ئاكینجی، جانب یەلدرم، فاروق ئاراس. ئەمانە ڕێكخراوی د.د.ك.ۆ مان دامەزراندو من بووم بە سەرۆكی ڕێكخراوەكەو هەمان ساڵ یەكەم كۆنگرەمان لە ئەنكەرە بەست[٢]".

ب. كۆمەڵەی كولتووری و شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات (د.د.ك.ۆ) لەئەستەمبوڵ:

لە ٢٧ی گوڵانی ١٩٦٩دا خوێندكارانی كورد لە زانكۆی ئەستەمبوڵ، دەدەكۆ یان دامەزراند.[٣] دامەزرێنەرانی لقی ئەستەمبوڵ بریتی بوون لە: نەجبەدین بیوك كایا[*]، ئەحمەد زەكیۆن كجۆل، مومتاز كوتان، عومەر

---

1. Faruk Aras: s,p,l.17; هنری باركی و أخرون: س، پ، ل ٢٨
2. Ibrahim Guçlu:S,P,S.l47.
3. Seîd Veroj:S,P,L.113.

* نەجبەدین بیوك ١٩٤٣ لە سیڤەرك لەدایك بووە، یەكێكە لە ڕێبەرە دیارەكانی چەپی كورد لە نێو ڕەوتە چەپەكانداو لە١٥-٤-١٩٨٢ لەدیاربەكر قۆڵبەست دەكرێو لە٢٢-١-١٩٨٤ شەهیدی دەكەن.

M. Şefîq Oncu : kurdperwarekî sînornanas,Necmedîn Buyuk Kaya,Kovara Bir, 7, Diyarbakir 2007,L.13.

چــەتین. لەیەکــەم کــۆنگرەدا نەجبــەدین بیــوك کایــا وەك ســەرۆکی لقــی ئەستەمبوڵ دیاری کرا[1]. دروسـتبوونی دەدەکـۆ لـە ئەسـتەمبوڵ و ئەنکـەرە، پێوەندی بە گردبوونـەوەو پێوەنـدیی رووناکبیران و خوێنـدکارانی کـوردەوە هەبوو لەو دوو زانکۆیە دا، بەڵام لە کوردستاندا نێوەند و زانکۆیەك نـەبوو بـۆ کۆبوونەوەی خوێندکاران، لە لایەکی ترەوە لە کوردستان چـاودێری دەوڵـەت و یاسا توندەکانی باری نایاسایی بواری بە کار و برەوی رێکخراوەیی نەدەدا، لە بەرئەوە سەرەتا جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە زانکۆکانی ئەستەمبوڵ و ئەنکەرەوە زەمینـەی بـۆ رەخسـا. هاوکـات رێکخسـتنەکانی ئـەو کۆمەڵـە لـە هەردوو شارەکە دا بەجیا و سەربەخۆ چالاکی رێخکراوەییان دەست پێکـرد و یەك نێوەندی رێکخراوەییان نەبوو، بـەڵام بەشـێوەیەکی نهێنـی پێوەنـدی لـە نێوانیانــدا هــەبوو. ئیــبراهیم گوجلــو لــە بــارەی ئامانجــە ســەرەکییەکانی رێکخراوەکەیان دەڵێ:" ئایـدیۆلۆژیای ئێمـە کوردایـەتی بـوو، بڕیارمانـدا بـوو کاربکەین بۆ برەودان بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد"[2].

هەربۆیــە لــە دەرهاویشــتەی چــالاکی و بڵاوکراوەکانیانــدا دەتــوانین ئامانجەکانیان بەمجۆرە دیاری بکەین:

١. دامەزرانــدنی رێکخســتنێکی جــەماوەری لــە پێنــاو بــە دەســتهێنانی مافەکانی گەلی کورددا.

٢. هەوڵدان بۆ بەفەرمی کردنی زمـانی کـوردی و گرنگـی دان بـە مێـژوو و کولتووری کورد.

٣.پشــــگیریکردنی خــــەباتی نەتەوایــــەتی باشــــووری کوردســــتان و دروستکردنی پێوەندی لە تەکیان.

٤. دژایەتی فاشیزم و ئیمپریالیزم و ڕامیاریی فەرمیی تورکیا سەبارەت بە کورد[3].

---

1. M. Şefîq Oncu : kurdperwarekî sînornanas,Necmedîn Buyuk Kaya,Kovara Bir, 7, Diyarbakir 2007,L.32.
2. Ibrahim Guçlu: s,p,L.34.
3. Ibrahim Guçlu: h,s,L.49-51.

ج. کۆمەڵەی کولتووری و شۆڕشگێڕی ڕۆژهەلآت (د.د.ک.ۆ) لە کوردستان:

بۆ یەکەمجار لەلایەن (تاریق زیا ئاکینجی) داواکرا لە (د.د.ک.ۆ) ی ئەستەمبوڵ و ئەنکەرە کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی داگیرکەر لقێکی ئەو ڕێکخراوە لە کوردستاندا بکرێتەوە، هەربۆیە ئەم پێشنیازە لەلایەن خوێنکارانی کورد پەسەند کراو بڕیاردرا لە تەواوی باکووری کوردستاندا بارەگا بۆ ڕێکخراوی (د.د.ک.ۆ) بکرێتەوە. لە کوردستاندا ڕێکخراوەکە چەند تایبەتمەندییەکی هەبوو، لەوانە:

١. (د.د.ک.ۆ) لەکوردستاندا وەك پارتێکی سیاسیی بوو، لایەنگرانی بریتی بوون لە مەلا و خوێندکار و هەموو چین و توێژەکانی خەڵك، بەلآم لە ئەستەمبوڵ و ئەنکەرە تەنها خوێندکار و ڕووناکبیران بوون.[1]

٢. لقەکانی (د.د.ک.ۆ) لە لایەن چەپی تورکیی لە کوردستان دژایەتی دەکران.[2]

٤. لە کوردستان ئەندامانی (د.د.ک.ۆ) زیاتر نەتەوەپەروەر بوون، بەلآم لە ئەنکەرە و ئەستەمبوڵ چەپەکان فرەبوون، هەروەها لەنێو (د.د.ک.ۆ) ی کوردستان ڕێکخستنێکی نهێنیو ڕێکخستنێکی ئاشکرا هەبوو، کە ڕێکخستنی ئاشکرای سیڤیل و جووڵانەوەیەکی هزری بوو، کاری لە چوارچێوەی یاسا و ئەرك و ماف دەکرد، بەلآم ڕێکخستنە نهێنییەکانی کورد لەنێو (د.د.ک.ۆ) دا شوێنی خۆیانکردبووەوەو ڕێکخراوەکەیان کردبووە پردێك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان[3].

لەزۆربەی شارە کوردییەکاندا نەتەوەپەروەرانی کورد بۆ خۆیان بنکە و بارەگاکانیان دەکردەوە، (د.د.ک.ۆ) تەنها وەك ناوێك بوو، کە لەژێریدا برەویان بەخواستە نەتەوەییەکانیان دەدا، بۆ نموونە لە ١٩٧٠/١٢/٢٠دا،

---

1.Ibrahim Guçlu: h,s,L.48.

2.Ali Kemal Ozcan:op. cit. p.78.

3. Ibrahim Guçlu: s,p,L.48;Seid Veroj:S,P,L.105;Mahmut yesil:s,p,l.493.

(د.د.ك.ۆ) ی فـارقین دامـەزرا، کـە ڕاسـتەوخۆ ڕێکخسـتنە نهێنییـەکانی پ.د.ك.ت دایانمەزراند[1]، هـەروەها (مـەلا عەبدولکـەریم کـەیهان) کەسـایەتی دیاری نێو ڕێکخستنە نهێنییەکان، بەنێوی (د.د.ك.ۆ) لـە فـارقین و باتمـان و دیاربەکر بە وتارەکانی خەڵکی کوردستانی دژی کۆماندۆکانی تورك هاندەدا[2]، ئەم ڕێکخراوە دژی پەراوێزخستنی ڕۆژهەلات، بەنێوی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و ئاوەدانییەوە، پـەیامی خـۆی دەگەیانـدە چـین و توێـژەکان و بەرنامـەی بـۆ پەروەردەکردنی ژنان و دێهاتییـەکان دەخسـتەڕوو[3]. هاوکـات (د.د.ك.ۆ) لـە کوردسـتاندا لـە نێـو سـەندیکا کرێکاریەکانـدا چـالاکی دەنوانـدو پێوەنـدییان لەتەك لقەکانی ئەستەمبوڵ و ئەنکەرە بەهێز بوو، پەیوەندیشان لەتەك پارتی کاری تورکیی ئاسایی کردەوەو بـەجۆرێك ئەنـدامانیان لـە نێـو کۆبوونـەوە و کۆنگرەکانی یەکتریدا بەشداریان دەکرد[4].

ساڵی ١٩٧٠ (د.د.ك.ۆ) هەموو چەپ و ڕاسـتەکانی کـۆکردەوە و خواسـتی بەرنامەیـەکی یـەکگرتوویان پێشـنیاز کـرد بـۆ یەکخسـتنی ناسـیۆنالیزم و سۆسـیالیزم پێکـەوە، زۆرجـاریش ئـەم ڕێکخـراوە وەك پارتێـك هۆشـیاری دەدایـە خـەڵکی کـورد لەمـەڕ کێشـەی نەتـەوەییان، هەنـدێك جـاریش وەك نوێنەرێکی جووڵانەوەی چەپ چالاکی دەنواند[5].

---

1. Ismail Beşiçi: Daxuyaniyen Li ser Rowşenbîrê Kurd,waşan Balge,capa yek,Istanbul,2004, L.23.

2. Ciwanroj çeyhan: S,P,L.290-294.

٣ چاوپێکەوتن لەگەڵ( موستەفا ئاکسەقاڵ)، هەولێر، ٥-٢- ٢٠٠٩. (موستـەف ئاکسـەقاڵ ١٩٥٢ لـە دەڤـەری ئورفـە لـەدایك بـووە، بەشـی مێـژووی لـە زانکـۆی ئەنکـەرە تـەواو کـردووە، سەرکردەیەکی دیاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو ڕێکخستنەکانی بوو لە حەفتاکاندا).

٤ کـریس کۆچـێرا: بزووتنـەوەی نەتەوایـەتی کـورد، ب٢، ل١٣٣-Musa Anter:A,G,E, S.214-215;

5. Naci Kutlay: Anilar,s.179.

له نیسانی ١٩٧٠ دا بلاوكراوەیەكی مانگانەیان دەركرد كە ٣٠ هەزار دانەی لە كوردستاندا بلاوكرایەوە[١]، هاوكات لە گەرمەی شالاوی كۆماندۆكاندا بە بەرنامەوە كاری لەسەر ناساندنی ستەمی تورك دەكرد و توانیان ١٩ كۆمیتەی خوێندكاران لە ( ئاگری، باتمان، بینگول، دیاربەكر، هەكاری، خنس، كارلیۆڤا، مێردین، موش، سیڤەرك، دێرسیم، ئورفە، وان) رێكبخەن و پێكەوە بەیانێكی هاوبەش بەوێنە و ئیمزاوە بدەنە بەرپرسانی كۆمار و ئەنجومەنی وەزیران و دواتریش جەماوەر هان بدەن بۆ خۆپیشاندان لە سەراسەری كوردستان دا[٢] . حكومەتی (سلێمان دێمێریل) لە بەرامبەر ئەم سەرهەڵدانە نەتەوەییەی كورد دا، هەستی ئایینی بەكارهێنا بۆ شێواندنی خواستە سەرەتاییەكانیان و بە بزووتنەوەیەكی كۆمۆنیستی نێویانی دەبرد، هەروەها ڕاپاندەگەیاند سەرانی بزووتنەوەكە بایەخ بە گەندەڵی ئەخلاقی و بیّ باوەڕی دەدەن و دەستی سۆڤییەتیان لە پشتەوەیە[٣].

(د.د.ك.ۆ) لە كوردستان بایەخی بە ڕاگەیاندن و ناساندنی ئامانجەكانی داو لەماوەی ١٩٦٩–١٩٧٠ دا، ٢٤ بەیاننامە و ٩ بلاوكراوەیان ئاراستەی جەماوەری كوردستانو ڕای گشتی توركیا كردەوە، هەروەها بیروڕاكانیشیان بەنێوی (بولتەنی دەدەكۆ) بلاودەكردەوە*[٤]. لە كاردانەوەی چالاكییەكانی (د.د.ك.ۆ) دا حكومەت لە پایزی ١٩٧٠دا هەستا بە دەست پێكردنی ئۆپەڕاسیۆنێكی گشتی بۆ دەست گیركردنی ئەندامانی ڕێكخراوەكە، لە سەرەتادا بڕیاری دەست گیركردنی سەركردەكانی ڕێكخراوەكە لە ئەستەمبوڵ و ئەنكەرەوە دەستی پێكرد و هەموویان ڕاپێچی گرتووخانەی گەورەی

---

١ حركة ألتحرير ألوطنى ألفلسطيني(الفتح): ألأكراد و كردستان، (ب.م) ١٩٨٢، ل ١٤٢.

٢ عیسمەت شەریف وانلی: س، پ، ل٥٥–٥٧.

3. Faruk Aras: s,p,l.17.

* بەنێوی(DDKO Habar Bulteni) مانگانە بلاو دەكرایەوە، لە٢٥ئادار ١٩٧٠ تا ئاداری ١٩٧١ بەردەوام بوو.

٤ ولید رضوان: تركیا بین ألعلمانیة وألأسلام، ل ١٣٢.

(دیاربەکر) کران[1]. لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٠ یشدا ٣٠ ئەندامی باڵای ڕێکخراوەکە قۆڵبەست کران، کە دیارترینیان موسا عەنتەر، تاریق زیا ئاکینجی، جانیب یەلدرم، محەمەد ئەمین بۆز ئەرسەلان، ناجی کوتلای بوون[2]. دەست گیرکردن و فشاری سیاسیی سەر ڕێکخراوەکە بەردەوام بوو تا لە کودەتای سەربازیی ١٩٧١ دا بەفەرمی لە لایەن دادگەی باڵای دەستوورییەوە ڕێکخراوەکە داخراو سەرکردە و کادێرە چالاکەکانی لە ڕادیۆوە نێویان دەخوێندرایەوە بۆ خۆبەدەستەوەدان، ئیتر هەندێك لەوان خۆیان دا بەدەستەوە و دەستگیرکران، هەندێکیشیان پەنایان بردە بەر نێوچەی ئازادکراوی باشووری کوردستان[3].

لەنیوەی مانگی ئازاری ١٩٧١دا لە دیاربەکر پرۆسەی دادگاییکردنی گرووپێکی ٣٢ کەسی لە سەرانی ڕێکخراوەکە ئەنجامدرا، ئەوانە لە دادگایکردنەکەدا تاوانبارکرا بوون بە تۆمەتی جوداخوازی و کوردایەتی.[4] هەروەها لە کانوونی یەکەمی ١٩٧١دا ١٠٠ کەسی تر لە ئەندامانی (د.د.ك.ۆ) دادگاییکران[5] بەڵام ئەندامان لە زیندانـدا توانیان بیروڕا دیموکراسییەکانیان ئاڵوگۆڕبکەن و نەخشەی بزووتنەوەیەکی فراوانتر دابڕێژن، هەربۆیە لە بەرگرینامەکانیاندا بۆ دادگەی سەربازی و دادگەی باڵا بەئاشکرا بەرگرییان لەخواستی نەتەوەییان کردو ناسنامەی نەتەوەییان نەشاردەوە[6]. بەمجۆرە (د.د.ك.ۆ) لە خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی لە باکووری کوردستاندا توانی سوود لەو کەلێن و بۆشاییانەی دەستووری تورکیا وەربگرێت و ببێتە بناغەی

---

١ إسماعيل بيشكجى:ألنظام فى ألأناضول،ج٢، ل٢٥٤; David Mcdowall:A,G,E, s.58; Ibrahim Guclu:s,p,l.47;

٢ کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ب٢، ل١٣٨.

٣ چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەدیجە یەشار)، سلێمانی، ٣-٣- ٢٠٠٩.

٤ حەسرەتیان: یاسا دەستوورییەکانی تورکیاو کورد، ل٩٣;Naji Kutlay: Anilar,s.96

٥ ئیسماعیل بێشکچی: سیوسیٚ گولله، ل٢٥١.

6. Ibrahim Guclu:s,p,l.63.

تەواوی ڕێکخستنە سیاسییەکانی کورد لە حەفتاکاندا[١]. لەتەك ئەوەشدا پێمانوایە (د.د.ك.ۆ) نەیتوانی بەشێوەیەکی لۆژیکی سوود لە دەرفەتەکان وەربگرێت، بەڵکو هەست و سۆز بە سەر چالاکییەکانیاندا زاڵبوو، چونکە:

١. زۆرینەی ئەندامانیان لاوی بێ ئەزموون بوون و هەموو کوردێکیان لە ریزەکانیاندا وەردەگرت، ئەگەر کەمالیستیش بووایە.

٢.رێکخراوێکی یاسایی بوون، بەڵام پاساویان دەدایە دەست حکومەت بەهۆی ئەنجامدانی چالاکی تێکەدەر و بێسوود لە کۆلێژ و زانکۆکاندا، کە سوودی بۆ بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیی کورد نەبوو.[٢]

٣. خاوەنی بەرنامەیەکی دارێژراو و گشتی نەبوون، هاوکات پەرتەوازە و پەرتیش بوون[٣].

**پێنجەم: کورد لە ڕێکخستن و سیاسەتی پارتی کرێکار و جوتیاری تورکیا(TIKO) دا:**

١٩٧٠ بەشێك لە لاوانی ( دەڤ گەنج) جیابوونەوەو پارتێکی سیاسییان بەنێوی (پارتی کرێکار و جوتیاری تورکیا) پێکهێنا، هۆکاری دروستبوونی ئەم پارتە دەرهاویشتەی ململانێ ئایدیۆلۆژییەکانی نێو لاوانی چەپی شۆڕشگێر بوو، ئەوانەی بڕوایان بە هێڵی چین هەبوو لە خەباتی شۆڕشگێڕیدا. ئیتر هەموو ئەوانە بە سەرۆکایەتی(ئیبراهیم قاپ قایا)* ئەم پارتەیان پێکهێنا[٤].

---

١ یوسف گوران :ألجزور الأجتماعية للصراع بين ألنخب ألسياسية،مجلة شوؤن تركية، عدد٢، مركز كردستان للدراسات ألستراتيجية، سليمانية،١٩٩٨، ل١٦ Ali Kemal; Ozcan:op. cit. p.78-79

2. Musa Antar:A,G,E, s.224-225.

3. Ali Kemal Ozcan:op. cit. p.77-79

* ئیبراهیم قاپ قایا کوردێکی عەلەوی بوو، چەپی شۆڕشگێڕی نێو دەڤ گەنج بوو، دواتر بووە سەرۆکی سوپای رزگاریخوازی کرێکارو جوتیاری تورك، لەسەرەتای حەفتاکاندا کوژرا. (مایکل گەنتەر:س، پ، ل٥٦–٥٧).

٤ چاوپێکەوتن لەگەڵ ( داود حەسەن کرۆن)، هەولێر، ٢٠-١-٢٠٠٩.

ئەندامانی پارتی کرێکار و جوتیاری تورکیا لـە هـەردوو نەتـەوەی تـورك و کورد پێکدەهاتن، ڕابەری پارتەکە کـوردێکی عەلـەوی و دۆسـتی کـورد بـوو، بەلاّم زۆربەی ئەندامانی پارتەکەی کوردی سـوننی بـوون.[1] ڕوانینـی پارتـەکـە لەمەڕ کێشەی کورد دژ یەك و بێ سەر و بەر بوو. چونکە لـە برگـەی (٥٢)ی میتۆدی نێوخۆدا دانی بـەمافی چـارەی خۆنووسـین و دامەزرانـدنی دەوڵـەتی سەربەخۆی کوردیدا نابوو ، بەلاّم بە کردەوە کادێرانی پارتی دژی هەر جۆرە ڕێکخستنێکی کوردی بوون و پێداگرییان لەسەر بەهێزکردنی لەشکری تـورك دەکردەوە لە کوردستان تا جوداخوازی ڕوو نەدا[2].

چالاکییەکانی ئەم پارتە لە پێش کودەتای ١٩٧١ بە خـەباتی گـەریلایی و چەکداریی دەستی پێکرد، لەپاش کودەتاش نەخشـەی وردیـان بـۆ کوشـتنی سەرانی کودەتا کێشابوو[3]. بەلاّم بـە هـۆی جیابوونـەوەی ئەنـدامانی کـورد و دروستکردنی پارتی سەربەخۆی کوردیی، پارتەکە١٩٧٢ دابەشبوو بۆ چەندین باڵ و بیری جیاواز[4].

ئـەوکات ئەنـدامانی کـورد لـە دەوری کۆمەڵـەی (ئیـبراهیم قـاپ قایـا) مابوونەوە و خەباتی پارتی زانییان لە هەرێمە کوردییەکاندا بەنێوی (TIKO) درێژە پێدەدا ، بارەگای سەرەکیشیان بەشێوەیەکی نهێنی لـە ئەسـتەمبوڵ بوو. دواجار ڕێکخستنەکانیان لەلایـەن دەوڵەتـەوە ئاشـکرا بـوون و زۆربـەی سەرکردەکانیان دەستگیرکران. لـەم بـارەوە (داود حەسـەن کـرۆن) دەڵـێ:" زینـدان ٨٩ ئەنـدامی ڕێکخراوەکـەمانی تێـدا بـوو، کـە ٥٠ ئەنـدامیان کـورد بوون"[5]. دەست گیرکردنی سەرانی پـارتی و کوشـتنی (ئیـبراهیم قـاپ قایـا)

---

١ چاوپێکەوتن لە لەگەڵ ( داود حەسەن کرۆن)، هەولێر، ٢٠ـ١ـ٢٠٠٩.

٢ کەندالّ نەزان‌و ئەوانی تر:س، پ، ل ١٨٧.

3. Ibrahim Guclu:s,p,l.59;فیروز أحمد و أخرون:س، پ، ل٢٣٨

٤ مدیریة ألأمن ألعامة: س، پ، ل٩٩.

٥ چاوپێکەوتن لە لەگەڵ ( داود حەسەن کرۆن)، هەولێر، ٢٠ـ١ـ٢٠٠٩

چالاکی پارتەکەی لاوازکرد، بەلاَم لەپاش لێبووردنی گشتی لە ١٩٧٤دا و ئازادبوونی سەرکردەکانی، ئەندامانی کورد لە ڕێکخستنەکانی جیابوونەوە[١].

**شەشەم: کورد لە ڕێکخستن و رامیاریی پارتی کاری کۆمۆنیستی تورکیی:**

پێشینەی ئەم پارتە دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی بەشێك لە ئەندامانی ڕێکخراوی( دەڤ گەنج)[٢]، هاوکات گرووپێك لەنێو پارتی کاری تورکیی کە بڕوایان بە خەباتی چەکداری هەبوو ١٩٧٠ ڕێکخراوێکیان بەناوی (سوپای رزگاری گەلی تورك) دامەزراند[٣]. دامەزرێنەرانی بریتی بوون لە: حوسێن ئینان، دەنیز گەزمیش، یوسف ئەسلاَن، سینان جمکیل، ئەلپ ئەسلان، ئوزدوغان، ئیبراهیم ئوز تورك، عەونی غوك ئۆغلۆ. لەیەکەم کۆنگرەیاندا دەنیز گەزمیش وەك سەرۆکی ڕێکخراوەکەیان دیاری دەکەن و بڕیاری دەست پێکردنی خەباتی چەکداریی دژی ڕژێمی تورکیا ڕادەگەیەنن[٤]. ئامانجی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە دەولەتێکی سەربەخۆی کۆمۆنیستی بوو بۆ تورکیا، لەم پێناوەدا چەندین چالاکی چەکدارییان لە شارەکانی ئەزمیر و ئەستەمبوڵ و ئەنکەرە ئەنجامدا و چەندین سەربازگەی پێگەیاندنی کادیرانیان بۆ مەبەستی چالاکی پارتی زانی کردەوە، ئەمەش بەشێك بوو لە پرەنسیپەکانی خەباتی (ماویزم) کە ئاراستەی دەکردن.[٥] سوپای ڕزگاری ڕێکخستنەکانیان نهێنی و نیمچە نهێنی بوون، دروشمەکانیان ڕووبەڕووی ئیمپریالیزم سەخت گیربوون و هەمیشە لە مەتەرێزدابوون بۆ دامەزراوە حکومییەکان و ڕاسترەوەکان و (گورگە بۆرەکان)[٦]. بەپێی ئامارەکانی دەولەت

---

1.Ibrahim Guclu:s,p,l.57

٢ چاوپێکەوتن لە لەگەڵ ( داود حەسەن کرۆن)، هەولێر، ٢٠-١-٢٠٠٩

٣ فیروز أحمد و أخرون: س، پ، ل١٧١–١٧٢.

٤ ندیم البتکین: ترکیا بوابة أستراتیجیة لأمبریالیة ألعالمیة،ط١، ألحقیقة برس،١٩٨٧، ل ٣٣٥.

٥ مدیریة ألأمن ألعامة: س، پ، ل ٩٩–١٠٠ ;فیروز أحمد و أخرون:س، پ، ل ١٧٢.

٦ رعد عبدالجلیل وأخرون:سیاسة الحکم فی ترکیا، شوؤن ترکیة،عدد(٦)، بغداد،١٩٨٧، ل١٨.

پێکدادانـەکانی ئـەم ڕێکخـراوە لەتـەك دەوڵەتـدا لـەماوەی حەفتاکانـدا٦٠٠٠ قوربانی لێکەوتووەتەوە[1] . لەمەڕ پرسی نەتەوایەتی، پێیـان وابـوو پێویسـتە نەتەوەکانی تورکیا لە بەرەیەکی یەکگرتوودابن تا سـەرکەوتنی سۆشـیالیزم، ئەوکات باسی کێشەی کورد بهێنرێتە گۆڕێ، لە بەرئەوە لە پێڕەوی نێوخـۆدا دانیان بە بوونی کوردا نە نابوو[2].

سوپای ڕزگاری لەگەڵ ڕوودانی کودەتای ١٩٧١دا زۆربـەی سـەرکردەکانی دەستگیرکران و کوژران، لەوانـە : دەنیزگـەزمیش، حوسـێن ئینـان، یوسـف ئەسـلان لـە سـێدارە دران[3]. لـەم بـارەوە تەسـلیم سـەورە(حەیدەر) دامەرزێنەری سوپای ڕزگاری دەڵێ:" دەنیز گەزمیش و هاوڕێکانی لەکاتی لە سێدارەدانیان هاواریان کردبوو بژی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و تورک"[4] .

لە پاش ئەوان ئـیتر سـوپای ڕزگـاری دابەشـبوو بەسـەر چـەند گـرووپ و ڕێکخراوێکدا[*]، کە بەنهێنی چەند گۆڤار و بڵاوکراوەیەکیان دەردەکرد، لەوانـە گرووپـەکانی لاوانـی ڕێگـای شـۆڕش، ئـاڵای پـارتی، هـاورێ، یـەکێتی زەحمەتکێشان، یەکێتی کرێکاران.[5] هاوکات (ماهیرچایان)[**] بەرەی ڕزگاری گەلی تورکیای لە سەرەتای ١٩٧١دا دامەزراند، ئەندامانی ئەم بەرەیـە پێشـتر لـەنێو (دەڤ گـەنج)و پـارتی کـاری تـورکیی بـوون[6]، ڕێکخراوەکـە لـە لایـەن

---

١ أحمد عبدألباقی أحمد: س، پ، ل ٤١.

٢ کەندالٚ نەزانو ئەوانی تر: س، پ، ل ١٨٧.

3. Îbrahim Guçlu: S.P,L.57

٤ ندیم البتکین: س، پ، ل٣٣٥.

* گروپە لێك هەڵوەشاوەکان بریتی بوون لە (لایەنگرانی مۆسکۆ کە بڕیاری دامەرزاندنی (پارتی کـاری کۆمۆنیسـتی تـورکیی) یـان دا ، هـەروەها گروپـی عومـەر کـرال، گروپـی عوسمـان بەهادر، لایەنگرانی ماو، یەکێتی تێکۆشین، یەکێتی کرێکـارانی کۆمۆنیسـتی تـورك.(مدیریـة ألأمن ألعامة: س،پ، ل ٩٨–٩٩).

٥ مدیریة ألأمن ألعامة: س،پ، ل ٩٨–٩٩.

** ماهیرچایان بەرەگەز کوردەو ١٩٤٦ لە دایك بووە.( مایکل گەنتەر:س، پ، ل٢٤٣).

٦ کەنـدالٚ نـەزانو ئـەوانی تـر: س، پ، ١٨٧; چـاوپێکەوتن لەگـەڵ ( داود حەسـەن کـرۆن)، هەولێر،٢٠-١-٢٠٠٩.

سۆڤیەت پشتگیری دەکرا و  بڕوای بە خەباتی چەکداری هەبوو.  ئەندامانی گەنجی کەم تەمەن و خوێندکاری ئامادەییەکان بوون، دیارترین چالاکییەکانیان بریتی بوو لە کوشتنی ژمارەیەك لە بەرپرسانی پارتە ڕاسترەوەکان. هەروەها چەندین پێکدادانیان دژی دامەزراوە دەوڵەتییەکانی پارتی عەدالەت لە  کوردستان ئەنجام دابوو.[1]  ماهیر چایان لە چیاکانی سنووری کوردستان خۆی ڕێکخستبوو، ئەوە فاکتەرێك بوو بۆ ئەوەی وەك پارتیزانێك لەنێو  کورد دا بناسرێت[2]، لە گەڵ ئەوەشدا هیچ پرۆژەیەکی بۆ چارەسەری پرسی نەتەوایەتی کورد لە هەگبەدا نەبوو، بەڵام زۆرجار بڵاوکراوەکانیان لە کوردستان بە کوردی بڵاو دەکردەوە[3] .

بەگشتی ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی ئەوی لەنێو کورد دا نێویان هەبێت، بریتی بوون لە:

١. لەسەرەتای حەفتاکانەوە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسیی لە ئەستەمبوڵ و ئەنکەرە و کوردستان چالاکی چەکدارییان نەبوو.

٢. ماهیرچایان کاتێك خوێندکار بوو بۆچوونەکانی لەنێو سیمینارەکاندا جێگەی  سەرنجی ڕووناکبیرانی کورد بوو. بۆ نموونە لە زانکۆی ئەستەمبوڵ بە ئاشکرا ڕایدەگەیاند:"چارەسەری کێشەی کورد داماڵینیەتی لە کاریگەریی کەمالیزم".[4]

٣. توندو تیژی دژی دامەزراوەکانی سوپا و کوشتنی باڵوێزی ئیسرائیل و ڕفاندنی کارمەندانی ئینگلیز  لەنێو کورد دا پێگەی ڕێکخراوەکەی بەرز دیاریکردبوو[5].

چاودێران  بوونی ئەم ڕێکخراوە بە هۆکاری سەرەکی کودەتای ١٩٧١ دەزانن، هەربۆیە ڕاستەوخۆ ئەندامانی ڕووبەڕووی گرتن و کوشتن بوونەوە،

---

١ مديرية ألأمن ألعامة: س، پ، ل ٩٧.

٢ فيروز أحمد و أخرون: س،پ، ل ١٥٢.

٣ کەندال نەزانو ئەوانی تر: س، پ، ل١٨٧.

4 .Michael M.Gunter:op,cit,p28.

٥ گفتوگۆی (نبيل الملحم) لەگەڵ سەرۆك ئاپۆدا: س، پ، ل٤٧.

بۆ نموونە ماهیر چایان و ١٠ لە هاوەڵانی لە ٢٠ ئاداری ١٩٧٢دا لە (قزڵدەرە) لە پێکدادانێکدا دەکوژرێن[١]، پاش کوژرانی سەرکردەکەیان ئەندامانی کورد لە ڕیزەکانی ئەم ڕێکخراوەدا دێنە دەرەوەو تێکەڵ بە پارتە سەربەخۆکانی چەپی کورد دەبن، لەگەڵ بڕیاری لێخۆشبوون لە ١٩٧٤دا دیسانەوە بیروباوەڕی ماوچییەکان و خەباتی چەکداریی لەنێوان پاشماوەکانی ماهیرچایان و دەنیزگەزمیش پەرەدەسێنێتەوە. هەربۆیە ماوچییەکان ١٩٧٦ دووبارە (سوپای گەل بۆ ڕزگاری تورکیا) دادەمەزرێنن[٢]. ئەم ڕێکخراوە لە ئایاری ١٩٨٠دا یەکەمین کۆنگرەی خۆیان دەبەستن و لەژێر نێوی(پارتی کاری کۆمۆنیستی تورکیی) خۆیان ڕادەگەیەنن. دیسانەوە کورد بەشدارێکی کارا بوون لە ڕێکخستنەکانیاندا، چونکە ئەمجارە لە بەرنامەی نێوخۆیاندا پێداگرییان لەسەر مافی نەتەوایەتی کورد کرد بوو بۆ جیابوونەوەی لە تورك، هەروەها ڕێگەی یەکێتی فیدڕاڵیشیان وەك چارەسەرێکی تری پرسی کورد پێشنیارکردبوو[٣].

**شەشەم: کورد لە ڕێکخستن و سیاسەتی ( پارتی کرێکاری سۆسیالیستی تورکیی)دا :**

پارتی کاری سۆسیالیستی تورکیی بە شێوەیەکی فەرمی لە دوای لێبووردنی گشتی لەحوزەیرانی ١٩٧٤ دا لەنێو چینی ڕووناکبیراندا وەك پارتێکی ڕیفۆرمخواز خۆی ڕاگەیاند[٤]. سەرۆکی پارت( ئەحمەد کاتشمان)و سکرتێری گشتی( یالتشن یوسف ئۆغلو ) بوو، لەبەر ئەوەی پارتێکی یاسایی بوون، توانیان نوێنەرایەتی چەپی ئەو شارانە بکەن کە چەپەکان تێیاندا زۆرینە بوون.[٥] پارتی کاری کۆمۆنیست لە ٣٦ ویلایەتی تورکیا و زیاد لە ٢٢٠

١ مایکڵ گەنتەر: س، پ، ل٢٤٣; گفتوگۆی (نبیل الملحم) لەگەڵ سەرۆك ئاپۆدا: س، پ، ل٤٧.
٢ ندیم ألبتکین: س، پ، ل٣٣٥-٣٣٦.
٣ ندیم ألبتنکین:هـ، س، ل ٣٣٨.
٤ عبدالله أوج الان: قضیة ألتحررألوطنی ألکردستانی وطریق ألحل،ل ٢٤٣.
٥ فیروز أحمد و أخرون:س، پ، ل١٨١، ١٨٤.

نێوچەی دیاریکراودا بارەگایان هەبوو، لایەنگرانیان لە ٤٥٪ ی جوتیار بوون[١].

سەبارەت بە تێروانینی بۆ کێشەی کورد، لە سەرەتاوەو لە بەرنامەی پارتەکەدا دانیان بەبوونی کورد دا نەدەنا. تەنانەت گۆڤاری (کیتلە) ئۆرگانی فەرمیی پارتەکە، لەکاتی خەباتی نەتەوەیی باشووری کوردستان دژی ڕژێمی بەعس، کوردیان بە کۆنە پەرست و نۆکەری ئێران و ئەمریکا دەزانی، بەم هەڵوێستانەیشیان زیاتر یاسایی بوونی خۆیان لەلایەن دەوڵەتەوە هێشتبووەوە[٢]. یان لە یەکەم کۆنگرەیاندا دەستەواژەی تورك و گەلانی نێزیکی تورکیان بەکارهێنابوو، ئەمەش بووە مایەی ناڕەزایی نەتەوەپەروەران و چەپی کورد، چونکە ئەو دەستەواژەیە ئاماژەبوو بەوەی کورد نەتەوەیەکی تەواو نیە. هەروەها لە پرۆگرامی نێوخۆدا مافی تورکی دەرەوەی ئەنادۆڵی ناساندبوو، بەڵام مافی کوردی لەنێو ئەناوڵدا باس نەکردبوو.[٣] ئەم دوالیزمەیە و ئەم بانێکە و دوو هەواییەش بۆ کورد هەرسنەدەکرا.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ئامادەیی کورد لە ڕێکخستن و سیاسەتی پارت و ڕێکخراوە فەرمییەکانی چەپ و ڕاستی تورکدا بەمجۆرە هەڵسەنگێنین:

١. پارتە فەرمییەکان تەنها لەپێناو بەدەستهێنانی دەنگدا و لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، ئاوڕیان لە ناوچە کوردنشینەکان دەدایەوە، ئەویش بۆ مەبەستی خزمەتگوزاری، نەك ناساندنی ناسنامەی نەتەوەیی.

٢. هەموو پارتە چەپ و ئیسلامی و ڕاسترەوەکانی تورك، لە سەر نکوڵیکردن لە بوونی نەتەوەیی کورد کۆك بوون، هەر وروژانێکی ئەو پرسەش، تەنها بۆ مەبەستێکی تاکتیکی بووە.

٣. پارتە چەپەکانی تورك زیاتر کورد هۆکاری سەرکەوتنیان بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لاواز و یەکگرتوو نەبوون، نەیانتوانیوە کاریگەریی ئەوتۆیان لەسەر سیاسەتی تورکیا هەبێت، هەربۆیە کورد لەبوونی ئەوانیش سوودمەند نەبوو.

---

١ فلادیمیر إفانوفیتش دانیلوف: س، پ، ل٣١٢-٣١٤.

٢ کەندالّ نەزانو ئەوانی تر: س، پ، ل١٨٥.

٣ ئیسماعیل بێشکچی: سیو سێ گولله، ل ٢٥٣-٢٥٥.

# بەشی سێهەم

# پارتی دیموكراتی كوردستانی توركیا دامەرزاندنو رۆڵی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی كورد دا

## باسی یەكەم: زەمینەی دروستبوونی پارتی دیموكراتی كوردستانی توركیا و سەرەتای چالاكییەكانی لە باكووری كوردستاندا.

**یەكەم: زەمینەی دروستبوونی پارتی دیموكراتی كوردستانی توركیا (پ.د.ك.ت):**

زەمینەی درووستبوونی پارتی دیموكراتی كوردستانی توركیا (پ.د.ك.ت) پەیوەستە بە هۆكارە ناوخۆیی و دەرەكییەكانەوە، لەوانە:

**١. كاریگەری بزووتنەوەی نەتەوایەتی باشوور و ڕۆژئاوای كوردستان:**

هەر ڕووداوێك لە هەربەشێكی كوردستانی داگیركراودا ڕووبدات مایەی سەرنج و هۆشداری هەموو كوردێكی بەشەكانی ترە، دەستكەوتە ڕامیارییەكانیش لە هەر بەشێكدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدان لە بەشەكانی تردا[١]. گرووپی (٤٩)كان پاش ئەوەی لە زیندان ئازادكران، كاریگەر بوون بە شۆڕشی كورد و پارتی دیموكراتی كوردستانی عێراق(پ.د.ك.ع)[٢] . هەربۆیە هۆكاری سەرەكی دروستبوونی پارتێكی ڕامیاریی لە باكووری كوردستاندا پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ئەزموونی پ.د.ك.ع وە هەبوو [٣]. لە شەستەكاندا

---

١ ئیسماعیل بێشكچی: كوردستان كۆلۆنیەكی نێودەوڵەتی، ل٨٣ .

٢ حەمید بۆز ئەسەرلان : س، پ، ل ٨٤; گفتوگۆ لەگەڵ (یەشاركایا )، هەولێر،٢-٢-٢٠٠٩..

3. Gùlistan Gurbey(Editor) :The Development of The Kurdish Nationalist movement , university press of ken tucky, ken tucky ,1996;P.22; M.Eminaslan:S,P,L.258.

هەڵسوڕاوانی سیاسیی کورد لە تورکیا و سوریا و ئێرانەوە هەڵدەستان بەسەردانی ڕێکخراوەیی بۆ ناوچە ئازاد کراوەکانی شۆڕشی باشووری کوردستان [1]. لەبەرامبەردا ڕێکخستنەکانی باشووریش سەردانی تورکیایان دەکرد و هۆشیاری کاری ڕێکخراوەییان دەدایە نیشتمانپەروەرەکان. لەمبارەیەوە کامیل ژیر * دەڵێ:" ١٩٦٢ لە نێو کوردە نیشتمانپەروەرەکانی ئەستەمبوڵ کە لە ماڵی (موسا عەنتەر) گردببوونەوە، پەیڕەو و پرۆگرامی (کاژیك)م پێدان و وردەکاریی دروستبوونی پارتم بۆ باسکردن، چونکە ئەوان زانیاری کاری ڕێکخستن و سیاسییان نەدەزانی"[2]. هەروەها موسا عەنتەر دەڵێ:" ١٩٦٤ کاتێ لە گرتووخانەی ئەستەمبوڵ بووم فایەق بوجاك لە پرسی دروستبوونی پارت و هەڵسەنگاندنی پەیڕەو و پرۆگرامەکەی ڕاوێژی پێکردم"[3]، کەواتە ئەو ڕووناکبیرانەی لە دامەزراندنی پارتیدا ڕاوێژیان پێدەکرا، ئاگاداری شێوازی کاری ڕێکخستن بوون لە باشووری کوردستان، لە بەرئەوە باشووری کوردستان مەیدانی پراکتیکیی بوو بۆ هەموو کورد [4]، تەنانەت مەسعوود بارزانی دەڵێ:" پێش دامەزراندنی پ.د.ك.ت ، نیشتمان پەروەرانی کورد لە باکوور وەك ڕێکخستنێك پەیوەستبوون بە پ.د.ك.ع وە"[5] چونکە پ.د.ك.ع لەگەڵ دامەزراندنیدا، باکووری کوردستانی کردبووە بنکەی سەرەکی چالاکییەکانی خۆی و هەندێك لە کادیرەکانی ناردبووە

---

١ فريد هألیدای و أخرون: س، پ، ل ٤١ .

* کامیل ژیر لە ١٩٥٩ دا یەکێکبووە لە دامەزرێنەرانی کاژیك و سەرپەرشتیاری گۆڤاری هیوا بووە.(ژیر:کوردایەتیو سەربەخۆیی، ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٢، ل١٨٧).

٢ ژیر: کورد ایەتی و سەربەخۆیی ، ل١٨٧.

3. Musa Anter:A,G,E,S.213 .

٤ هاشم ألبناء:من يرك ألبارزانی،ط١، بغداد،١٩٦٤،ل٤٢-٤٣.

٥ مسعود بارزانی: س،پ،ج٢، ل٨٩.

گونده سنووریەکان[1] . پ.د.ک.ع لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ دا پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کەسایەتییە نەتەوەییەکان دامەزراند و بیری دامەزراندنی پارتێکی نەتەوەیی لەنێو ئەوانیشدا گەڵاڵەکرد.[2] بەڵام پ.د.ک.ع ئاگاداری ڕێکخستن و دامەزراندنی پ.د.ک.ت نەبوو[3]، بەڵکو تەنها پەیوەندیەکی سایکۆلۆجی و هەستێکی نەتەوایەتیی کوردی هاندەریان بوو بۆ دامەزراندنی پارتێکی هاوشێوەی پ.د.ک.ت، ئەم کاریگەریەش زیاتر لە نێو گوندییەکان و هۆزەکاندا بوو[4]. لە لایەکی ترەوە کاریگەریی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا لە سەر نەتەوەییەکانی کورد هەبوو. کادیرەکانی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا بڕیاری پێوەندی و هاوکاریو کاری ڕێکخستنیان لە دامەرزاندنی پارتێکی نەتەوەیی لە باکووری کوردستاندا دابوو[5] . تەنانەت نورەدین زازای سکرتێر و تەحسین گورموشی دواتر بوونە داڕێژەرانی پێڕەو و پرۆگرامی پ.د.ک.ت[6]. هەربۆیە زۆرێك لە چاودێران پێیان وایە درووستبوونی ڕێکخستنی کوردی لە باکوور لەژێر کاریگەری ناسیۆنالیستانی کوردستانی خۆرئاوادا بوو[7].

---

١ عەلی تەتەر نێروەیی : بزاڤی ڕزگاری خوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراق،ل١٤١; نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانویەوە ، ل٦٩.

٢ حركة ألتحرير ألقومي ألكردستاني –تركيا (كوك): ألنضأل لتحرير كوردستان، أيلول ١٩٨٦، ل٩; سامی عبدألرحمن: ألبديل ألثورى في حركة ألتحريرية ألكردية، ألتقرير ألسياسي لحزب ألشعب ألديمقراطي ألكردستاني ألمتعقد من (٢٦–٣٠)تموز ١٩٨١، ل١٣٦.

3. Seîd Viroj:S,P,L.13

٤ ئیسماعیل بێشکچی:کوردستان کۆلۆنیەکی نێودەوڵەتی، ل٨٣.

٥ سەلاح بەدرەدین: بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە سوریا، و. میکائیل ئیبراهیم، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،٢٠٠٣، ل٧٣.

6. Şakir Epŏzdemir:Türkiye Kürdistan Demokrat Partisi 1998/235 Antalya Davasi Savunmasi,Pěrî Yayinlari,Istanbul,2005,S.9 .

٧ کریس کۆچێرا: کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا، ل٤٣٦.

## ٢. چەوساندنەوەی نەتەوایەتی کورد لە باکووری کوردستان:

لە سەرەتای شەستەکانەوە ڕەوشی نا لەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی و دواکەوتن، بیری ڕێکخستنی ڕامیاریی لە نێو کورد دا زیاد کردبوو[١]. لەم بارەیەوە ئۆزدەمیر دەڵێ:"پارتە فەرمییەکان لە ڕێگەی ئایین و مەزهەب و ڕێبازەکانەوەو چەپەکانیش بە سۆشیالیزم کوردیان بەکار دەهێنا، باسکردن لە نەتەوایەتی گوناهێکی گەورە بوو"[٢]. لەگەڵ ئەوەی یاسای تورکی هۆشداری دابوو لەسەر دامەزراندنی هەر ڕێکخراو و پارتێکی ڕامیاریی کە بەرگری لە بەرژەوەندی کەمینە نەتەوەییەکان بکات[٣]، بەڵام دەوڵەت لە ناوچە کوردییەکاندا پەراوێز خرابوو، لە زۆربەی کاروبارەکاندا کە پێویستبوو دەوڵەت یەکلایی بکاتەوە پەنا دەبرایە بەر سەرۆك هۆز و شێخەکان[٤]، هەموو ئەو سەرۆك هۆزانەش کاریگەربوون بە بیری کوردایەتی. هەربۆیە پێویستی دروستبوونی ڕێکخستنێکی سیاسیی زەمینەی لە نێو شێخ و ئاغە و دەرەبەگەکاندا بۆ ڕەخسا بوو[٥].

**دووەم: دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان تورکیا:**

پاش وتووێژێکی زۆر و ئامادەکاریی بۆ دانانی پەیڕەوو پرۆگرامی نێوخۆ لە لایەن پێنج ناسیۆنالیستی کوردەوە بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخستنێکی ڕامیاریی شاراوە درا، دامەزرێنەران بریتی بوون لە: (سەعید ئالچی،

١ عبألفتاح علی یحیی ألبوتاني: دراسات ومباحث في تأريخ ألكورد، ل١٦٥–١٦٦.

2. Şakir Epözdemir :Türkiye Kürdistan Demokrat Partisi,S.9-10

٣ حسرتيان: ألقضايا ألقومية في تركيا ،ل٦١–٦٢

٤ اندرو فنكل ونكهت سيرمان : تركيا ألمجتمع وألدوله ، ل٣٢٨ .

٥ چاوپێکەوتن لەگەڵ (عبدألرحمن گوندی)، دهۆك،١١ـ٢ـ٢٠٠٩ .(عەبدورەحمان گوندی ١٩٥٧ لە قەزای حەزۆ لەدایك بووە، دەرچووی بەشی کیمیایە لەزانکۆی دیجلە، سەرکردەی گەریلاکانی(پ.د.ك.ت) بوو لە سألی ١٩٨٠دا).

دورناس، دەرویش ئاكگول، عومەر تورهان، شاكیر ئۆزدەمیر*).

ئەم بڕیارە پاش وتووێژێكی چڕ و بە ڕاوێژكاری كەسایەتی كورد فەهمی بیلال** هاتە ئاراوە.[1]

لە ١١ی تەموزی ١٩٦٥دا، هەر پێنج ناسیۆنالیستەكەی كورد لە شاری دیاربەكرو لە باخی (كۆشكی قازی)دا سوێندیان خواردو پێڕەو و پرۆگرامی پ.د.ك.ت یان پەسەند كرد[2].

لە هەمان كۆبوونەوەدا سەعید ئاڵچی وەك سەرۆك دیاریكرا و دورناس بوو بە سكرتێر و[3] شاكر ئۆزدەمیر وەك ژمێریاری پارتەكە هەڵبژێردرا، هاوكات دەروێش و عومەر تورهانیش ئەندام بوون، دوا بەدوای ئەم كۆبوونەوەیە ئەندامان بڕیاریاندا فایەق بوجاك بانگهێشتبكەن بۆ نێو پارتی[4]، چونكە فایەق بوجاكیش ئاگاداری دامەزراندنی پارتی بوو، هەربۆیە لە ڕێگەی فەهمی بیلالەوە بانگهێشتكرا بۆ نێو پارتەكە، بەمجۆرە پاش (٤٠) ڕۆژ لە بڕیاری دامەزراندن، یەكەم كۆنگرەی دامەزراندنی پ.د.ك.ت لە ٢١ی ئاب لە شاری

---

* دەرویش ئاككۆڵ ناسراو بەسەعدۆ بەگزادەیەكی خێڵی بەنجیرها بوو، ١٩٣٥ لە سیرت لەدایك بوو، ١٩٧٣ بوو بەسكرتێری پارتی.، هەروەها دوورناس ١٩٣٨ لەدایك بووە، تەنها دەرچووی زانكۆ بوو لەنێو دامەزرێنەراندا ، عومەر تورهانیش ١٩٤٠ لەسیرت لەدایك بوو، كارمەندی بەرێوبەرایەتی خۆیی بوو، شاكیر ئۆزدەمیریش ١٩٣٨ لە پایكانی سیرت لەدایك بوو، كارمەندی پۆستەو گەیاندن بوو.(كریس كۆچێرا:بزوتنەوەی نەتەوایەتی كورد،ب٢،ل١٣٩).

** فەهمی بیلڵ تەمەنی ٨٥ سأل بوو، بیروباوەڕی ماركسی بوو، بەڵام لاوانی هاندەدا ڕێبازی كوردداپەتی بگرن، ڕاوێژكاری شێخ سەعیدی پیران بوو، لەبەر بە سألا چوونی لە نێو دامەزرێنەراندا نەبوو .( كریسی كۆچیرا: بزوتنەوەی نەتەوەی كورد،ب٢، ل١٢٨)

1. Seîd Veroj : S,P,LB.16 .

2. Şakir Epözdemir :Türkiye Kürdistan Demokrat Partisi,S.8-9

3. Seîd Veroj: S,P,L.24

4. Şakir Epŏzdemir : Türkiye Kürdistan ,s.9

دیاربـەکر و لـە ئوتێـل (Tűrîstîkê)بـەڕێوە چـوو[1]. لـەو کۆبوونـەوەدا فایـەق بوجاك لە بەر کەسایەتی کارێزمایی و ڕۆڵی لە نێو ڕووناکبیران و جەماوەردا[2] وەك سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا و سەعید ئاڵچیش بوو بە سکرتێر[3]. بەمجۆرە پـارتێکی نەتـەوەیی بـە شـێوەیەکی نهێنـی دامـەزراو هـەر ئەنـدامێکی دامەزرێنراویش نازنێوێکی ڕێکخستنیی بۆ دانرا*.

**سـێهەم: بەرنامـە و پـەیڕەوی نێوخـۆیی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی تورکیا**(پ.د.ك.ت) :

پەیڕەوی نێوخۆی پ.د.ك.ت ئامادەکاری زۆری بۆ کرابـوو. لـەم بارەیـەوە موسـا عەنتـەر دەڵێ:"سـاڵی١٩٦٤ ، فایـەق بوجـاك پـەیڕەوی نێوخـۆی پ.د.ك.ت ی بۆ هانیم، کـە پێڕەوێکـی زۆر سـەرەتایی بـوو، مـن دژی نهێنـی بوونی پارتی و خواستە سەرەتاییەکانی بووم، هەروەها دژی زاڵبوونی ڕۆحـی ڕاستڕەویی بووم لە نێو بەرنامەکەدا[4]".

لە کۆنگرەی یەکەمدا پێڕەوی نێوخۆی پارتی بە هاریکاری و ڕاوێژی هەمە لایەنـە پەسـەند کرابـوو** . لـەم بارەیـەوە ئـۆزدەمیر دەڵێ:"فـەهمی بـیلال و کەمال بادلی و پارێزەرێك کە نەیوویست نێوی ببەین، ڕۆڵی بەرچاویان هـەبوو لە سەر دانانی پەیڕەوی نێوخۆدا و فایەق بوجاك پێشـەکی بـۆ نووسـی بـوو،

---

1. Şakir Epŏzdemir : A,E,S.9-10

2. Naci kutlay : Anilar,A ,E,S.108

3. Seîd Veroj: S,P,L.12-13

* بۆ نموونە زنار نێوی سەرۆك و پێشمەرگەی وولات نێوی سکرتێری پارتەکـە بـوو، ئەویـنداری وولات بـۆ دورنـاس، زیـرەك بـۆ ئەنـدامانی تـر بـەکار ئـەهات.( Şakir Epözdemir : A,E,S.112)

4.Musa Anter:S.213

** بڕوانـە دەقـی پڕۆگرامـی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان تورکیـا لـە( Şakir Epözdemir: Tűrkiye Kűrdistan, S.103-115)

هەروەها ناسیۆنالیستەکانی ڕۆژئـاوای کوردسـتانیش، لەوانـە نـورەدین زازا و جگـەرخوێن و حـاجۆ لەتـەك دەروێـش سـەعدۆ ڕۆڵـی دیاریـان لـە نووسـینی پێڕەوی نێوخۆی پارتیدا هەبوو"[1].

پرۆگرامی پارتی کە لە (٥١)مادە پێکهاتبوو، بەگشتی ڕێگەی دێموکراسـی و ئاشـتی بـۆ چارەسـەری پرسـی کـورد ڕوونکردبـووەوە[2]. لـە پێشـەکی بەرنامەکـەدا هـاتبوو:" کـورد نەتەوەیـەکی سـەربەخۆیە و پێویسـتە وەك نەتـەوەکانی جیهـان ئـازاد و سـەربەخۆ بێـت"، هـەر لـە پێشـەکیدا ئامـاژە بەدیاریکردنی جوگرافیای کوردستان درابوو، لە مادەی (٢) دا خواستەکانی پارتی بەمجۆرە هاتبوون"پارتی دەخـوازێ لـە نێـو کۆمـاری تورکیـادا مـافی ئابوری و ڕامیاری و کولتووری کـورد دیـاری بکرێـت"[3]، هـەروەها لـە مـادەی (٣)دا هاتبوو:" تورکیـا لـە کـورد و تـورك پێکهـاتووەو هـەردوولا یەکسـانن، پێویستە کورد خۆی نوێنەری لە پەرلەمانی تورکیا دا هەبێ، پێویسـتە زمـان و خوێنـدنی کـوردی فـەرمی بێـت و زانکـۆ و پەیمانگـەکان لـە کوردسـتان بکرێنەوەو ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی کـوردی سـەربەخۆ بێـت و بـیرو ژینـی ئـایینی ئـازاد بێـت". هـەروەها لـە مـادەی (٤)دا، بـاس لـە پێشـکەوتن و ئـاوەدانیی کوردسـتان و خـەرج کردنـی داهـاتی ناوچـە کوردییـەکان بـۆ کوردستان کرابوو[4]. لە پێڕەو و پرۆگرامەکەدا تەنها لـە بـەر یاسـای سـزادانی تـورکیی بـاس لـە وشـەی ئۆتۆنـۆمی نـەکرابوو، چـونکە مـادەی ١٢٥ لـە دەسـتووری تورکیـا دا بـۆ چـالاکی جوداخـوازی سـزای مـەرگیی دانـابوو[5]. بـەمجۆرە بـۆ یەکـەم جـار پێـڕەوی نێوخـۆی پـارتێکی سیاسـیی کـوردیی،

---

1. Şakir Epözdemir : A,E, S.9

٢ کریسی کۆچیرا: بزوتنەوەی نەتەوەی کورد،ب٢، ل١٢٩ .

3. Şakir Epözdemir :A,E , S.103 .

4. Şakir Epözdemir : A,E, S.103-105 .

٥ کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەی کورد، ب٢، ل١٢٩ .

بەزمانی کوردی نووسراو پەسەندکرا[1]، کە بە ئاشکرا وێنەیەکی لەبەر گیراوەی پێـرەوی پ.د.ك.ع بـوو[2]، چـونکە نێوەرۆکەکـەی زیـاتر لەتـەك فەلسـەفەی خێڵەکی و ڕاستڕەویدا بوو.[3] لەگەڵ ئەوەشدا دامەزراندنی پ.د.ك.ت لە ساڵی ١٩٦٥دا ڕووداوێکی مەزن بوو[4]، چونکە پڕکرنەوەی بۆشاییەکی سیاسی بـوو، کە بۆ ماوەیەکی درێژ باکووری کوردستانی تێدا دەژیا.

**چوارەم: پێکهاتەی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا(پ.د.ك.ت) :**

بەشێوەیەکی گشتی ئەندامانی پ.د.ك.ت، وەك پارتەکانی پارچـەکانی تـر بریتی بوون لە چینی کۆنەپارێزی کورد، کـە پێکهـاتبوون لـە سـەرۆك هـۆز و زەنگین و پیاوانی ڕێبازە ئاینییـەکان و بازرگـان و خـاوەن زەوییـەکان، هـەر بۆیە سەرۆکایەتی پارتی پشتی بە تۆڕێکی گەوەری خێڵایەتی دەبەست و لـە بابەتە گشتییەکانی وەك ڕیفۆرمی زەوی و کۆمەڵایەتی لە وتاری چەپەکان بە دوور بـوو [5]. لەبەرئـەوە جـەماوەری پـارتی و ئەندامـەکانی زیـاتر لـە نێـو دێهاتەکان و ناوچـە سـنوورییەکاندا بـوون[6]، بـەڵام پێکهاتـەی سـەرکردایەتی پـارتی بریتـی بـوون لـە بـاڵێکی بۆرجـوا و لیـبراڵ کـە بـە هاوکـاری لەتـەك سەرکردایەتییەکی نیمچە دەرەبەگ و نیمچە بۆرزوا دروست ببوون[7]، هەربۆیە لە نێـو کـادێرە باڵاکانیـدا پیشـەوەر و ڕۆشـنبیر و خوێنـدەوار و پیـاو مـاقوڵ دەبینران [8]. هاوکات پێکهاتەی سەرکردایەتی پارتەکە مۆرکی ناوچەیی پێـوە

---

١ کریس کۆچێرا : هـ،س، ل١٢٨ .

٢ جليلي جليل وأخرون: ألحركة ألكردية في ألعصر ألحديث، دار ألرازي، بيروت، ١٩٩٠،ل٢٦٢ .

3. Edgar Ó Balance : The Kurdish straggle 1920-1994 ,bogazici university tibrarg, NewYork ,1996,145 .

٤ ئیسماعیل بەشکچی: کوردستان کۆلۆنیەکی نێودەوڵەتی، ل٨٠ .

٥ حەمید بۆز ئەرسەلان : س، پ، ل٨٤-٨٥ .

6. Erikj.Zűrcher :OP.cit,P.100 .

٧ عبدألله اوج ألان : قضية ألتحرر ألوطني ألكردستاني وطريق ألحل، ل١٠٣ .

٨ کریس کوجیرا : کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا، ل١٤٦ .

دیار نەبوو، بەڵکو کرمانجی و زازایی و خەڵکی شارە جیاوازەکانی کوردستان بوون، بۆ نموونە فایەق بوجاك و سەعید ئاڵچی زازایی بوون و ئەوانیتر کرمانجی بوون، واتە پارتەکە پارتێکی کوردستانی بوو، ئەندامانی سەرکردایەتیشی زیاتر خەڵکی شارەکانی سیڤەرك، باتمان ، بینگول، دیاربکر، سیرت بوون[1]، یان دەتوانین بڵێین لە سەرەتادا سەرکردایەتی پارتەکە سەر بە توێژاڵە ئەرستۆکراتە کلاسیکییەکان بوو، بۆیە سیاسەتێکی گشتی لیبراڵییان هەبوو، ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو، کە سەرکردایەتی بیری لە پێوەندی لەتەك هێزە پێشکەوتوو خوازەکان نەدەکردەوەو هەستی نەتەوەیی کلاسیکیی بەسەیاندا زاڵبوو، تەنانەت ئایدیۆلۆژیای چەپ بە مەترسی دەزانرا لە ریزەکانیاندا[2]. هەربۆیە زێدەتر رێکخستن و سەرکردایەتی پارتی لە نێو مەلا و شێخەکاندا شوێنی خۆی گرتبوو[3]. بۆ نموونە مەلا عەبدولکەریم کەیهان لە کۆمیتەی نێوەندی پارتیدا بوو[4]، هەروەها مەلا عەلائەدین لاچین لە باغستان و مەلا عەبدولقدوس لە قزلتەپە لە ئەندامە باڵاکانی پارتی بوون، هەروەها مەلا ئەحمەدی باتمانو مەلا محەمەد دیاربەکری لە ساڵانی سەرەتای درووستبوونی پارتییەوە رۆڵی پێشەنگیان هەبوو[5].

---

1. Şakir Epözdemir : Tűrkiye Kűrdistan , S.7.

٢ سامی عبد ألرحمان : بدیل ألثوري، ل١٣٦; مارتن ڤان برانەسن، پ، س، پ١، ل٦١ .

3. Erikj.Zűrcher :OP.cit,P.156

4. Abdulla Öcalan:Kűrdistan dakadin veaile ,Weşanên Serxebŭ, Birinci Baski, 1992,S.294 .

٥ چاوپێکەوتن لەگەڵ (داود باغستانی)، هەولێر، ٢٠٠٩،٤،٤ .(داود باغستانی سأڵی ١٩٤٧ لە باغستانی باکووری کوردستان لەدایك بووە، پەیوەندیی نێزیکی لەتەك سەرکردایەتی (پ.د.ك.ت) هەبووە ، رێکخەریی پەیوەندییەکان بوو لەتەك پارتی دیموکراتی کوردستانی باشورو رۆژئاوا).

**پێنجەم: پارتی دیموکراتی کوردستان و رۆڵی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی باکووری کوردستان دا:**

پ.د.ک.ت لە تەواوی باکووری کوردستاندا وەك تاکە رێکخستنی کوردی دەنگدانەوەی هەبوو، بە تایبەتی لە نێو ئاواییەکان و سەر سنوورەکانی باشووری کوردستان پێشوازییەکی مەزنی لێکرا[1].

رێکخستنەکانی پارتیش هەڵدەستان بە بلاّوکردنەوەی چاپەمەنی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، ئەمەش بە کاریگەریی چاپەمەنییەکانی باشوور بوو، ئیتر ئەو مەلایانەی کە لە زاری عەرەبیدا شارەزابوون، کاریگەریی بەرچاویان هەبوو لە گواستنەوەی ئەدەبیاتی شۆڕشی کوردستان بۆ نێو رێکخستنەکانی پارتی[2]. هاوکات رۆژنامەی(خەبات) وەك ئۆرگانی فەرمی پ.د.ک.ت، لە ساڵی١٩٦٥ دا یەکەم ژمارەی بە شاراوەیی لێ دەرچوو، ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیە زۆر بەنهێنی لە شارەکانی کوردستاندا دەستاو دەستدەکران.[3]

لە بواری چالاکیشدا پ.د.ک.ت بڕوای بە خەباتی چەکداریی نەبوو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، بەڵکو خواستی ئەوەیان هەبوو بە شێوەیەکی سیاسیی کار لە سەر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك بکەن، لەبەرئەوە رێکخستنەکانیان دابەش کردبوو بەسەر پێنج کۆمیتەدا، کە هەریەکەیان کارەکانی جیاواز بوو لەوی تریان و لە لایەن ١٥ ئەندامی نێوەندییەوە بەڕێوە دەبران[4].

فایەق بوجاك بە هۆی ئاستی رۆشنبیری و دڵسۆزییەوە لە سەر ئاستی باکووری کوردستان شوێن دەستی دیاربوو، هەربۆیە رێکخستنەکانی پارتی

---

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەدیجە یەشار )، سلێمانی،٢٠٠٩-٣-٣; Mahdi Zana ,S,P,L .106

٢ لازاریف: تاریخ کردستان ، ل٣١٩–٣١٨ .

3. Naci kutlay :kürtler ,S.562

4. Şakir Epözdemir : Turkiye Kurdistan ,S.103

له سەرەتادا و لەسەر دەستی ئەو زۆر بەخێرایی پەرەیان دەسەند[١]. هەربۆیە هەر لەسەرەتاوە ڕێکخراوی میت دەرکی بەو ڕاستیەکرد، هەر لە سەرەتایشەوە ئاگاداری دروستبوونی ئەم ڕێکخستنە نوێیە بوون، هەربۆیە توانیان فایەق بوجاك لە ئاكامی پلانێكی شاراوەدا و بە دەستی خزمێكی خۆی گوللەباران بكەن و دواتر بە برینداری لە خەستەخانەی شاری ڕوحا دا تێرۆری بكەن[*]. سەبارەت بەو ڕووداوە د.شوان دەڵێ:"فایەق بوجاك لە لایەن دۆستان و دوژمنانی حسابی بۆ دەكرا، شەهید كردنی لە نێو خوێندكارانی زانكۆ و ڕووناكبیرەكاندا تووڕەییەكی بێ سنووری لێكەوتەوە، بە جۆرێ خواستی بەرەنگاربوونەوەیەكی دیموكراسییانە خرایە بەرنامەوە"[٢]. لە لایەكی ترەوە شەهیدكردنی بوو بەهۆی ئەوەی هەستی نەتەوە پەروەرانی كورد زیاتر پەرە بسێنێت و شەپۆلێكی فراوان لە لاوان‌و خوێندكاران ڕوو لە ڕیزەكانی پارتی بكەن[٣].

ئیتر لە پاش فایەق بوجاك، سەعید ئاڵچی لە شاری دیاربەكر دا هەڵبژێردرا بۆ سەرۆكی پارتی و[٤] ئۆزدەمیر بوو بە سكرتێر[٥].

سەعید ئالچیش توانی پ.د.ك.ت بەرەو پێشببات و لەو لێدانە بەهێزە ڕزگاری بكات[٦]. سەبارەت بە چالاكییەكانی ئەو قۆناغەی پارتی، هەموو

---

١ عبدألحميد درويش: أضواء على ألحركة ألكردية في سوريا، ط٣، سليمانية، ٢٠٠٣، ل ١١٧ ; Seîd Veroj:S, P, L.13

* پاش كوشتنی فایەق بوجاك مستەفا بوجاك ئەندامی پەرلەمانی پێشوو، كە ئامۆزای فایەق‌و روناكبیرێكی كورد بوو هەڵهات بۆ ئەوروپا.(كریس كۆچیرا : بزووتنەوەی نەتەوایەتی ، ل١٣٢).

2. Şivan :A,G,E,S.93-94

٣ فەرەنسۆ هەریری: بزووتنەوەی رزگاری خوازی كوردستان توركیاودامەزراندی حیزبە كوردستانیەكان لەوێ، گۆڤاری كادر، ژ٢٨،گۆڤاری رۆشنبیری پ.د.ك.ع، ١٩٩٢،ل٩.

4. Musa Anter :A,G,E, S.214.

5. Seîd VEROJ:S, P,L.24.

٦ حركه تحرير ألقومی كردستانی –تركيا(كوك): س، پ، ل ١٦.

خوێندکار و ڕووناکبیرەکان ئەوانەش، کە کاریگەر بوون بە چەپ، بـە ئاشـکرا لـە نێـو ڕیزەکـانی گرووپـی ڕۆژهـەڵاتی(پارتی کـاری تـورکیی)دا چـالاکییان ئەنجام دەدا[1]. هاریکاری نێوان پارتی و گرووپی ڕۆژهەڵات لە نێو پارتی کاری تورکی زۆر جار بە بەرنامە ڕێك دەخرا، بۆ نموونە لـە هـەردوو لاوە بڕیـار درا کۆمپانیایەکی هاوبەش بۆ چاپەمەنی دابمەزرێنن، لەم بڕیارەدا سەعید ئاڵچی لـە پ.د.ك.تو فـەقێ حوسـێن لـە پـارتی کـاری تـورکیی لەتـەك تەحسـین ئاکینجی بەرپرسی چاپەمەنییەکە کۆمپانیاکەیان دامەزراند[2] . ئەمە هـەوڵێکی هاوبەشبوو، کە ئامانج لێی پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی بوو لەنێو کورد دا .

سـاڵی ١٩٦٧ لــە تــەواوی بــاکووری کوردســتاندا خۆپیشــاندان و گردبوونـەوەکانی ڕۆژهـەڵات لـە لایـەن ڕێکخسـتنەکانی پـارتی بـە هاوکـاری گرووپـی ڕۆژهـەڵات ئـەنجام دەدران، سـەعید ئاڵچـی بـە ئاشـکرا لـە نێـو جـەماوەردا وتـاری بـە کـوردی دەخوێنـدەوە[3]. سـەبارەت بـە چـالاکییەکان (عەبدوڕەحمان گوندی) دەڵێ:" پارتی لـە سـاڵی ١٩٦٧دا خـۆ پیشـنداندنێکی فراوانی لە باتماندا ڕێکخست، ئێمە خوێندکار بووین لـە نێـو خۆپیشـاندەراندا نێوی سەعید ئاڵچی کاریگەریی زۆری هەبوو"[4].

کاریگەریی پارتی لـە گردبوونـەوەکانی ڕۆژهەڵاتـدا لـە لایـەن حکومەتـەوە کاردانــەوەی تونــدی لێ کەوتــەوە، هەربۆیــە لــە ٢٨ی کــانوونی ١٩٦٨ دا حکومەت ئۆپەڕاسیۆنێکی بـەرینی بـۆ سـەر ڕێکخسـتنەکانی پـارتی دەسـت پێکـرد و تـوانی ڕێکخسـتنە شـاراوەکانی پـارتی کێومالبکـات و تـەواوی دەستوور و نووسراوەکانیان لەتەك ١٦ لە ڕێبەرەکانیان دەستگیر بکات،[5] کـە زۆربەی سـەرکردەکانی پـارتی و خـودی سـەعید ئاڵچـی لـە نێـو گیراوەکانـدا

---

1. Abdullah Öcalan : Kürdistan، S.290-294 .

2. Îbrahim Guçlu :S,P,L. 38 .

3. Seîd VEROJ.S. P.L.17-25 .

٤ چاوپێکەوتن لەگەڵ (عبدالرحمن گوندی)، دهۆك، ١١-٢-٢٠٠٩ .

5. Seîd Veroj:S, P,L.17.

بــوون، بــەلاّم حکومــەت لــە ترســی کاردانــەوەی جــەماوەریی نــەیتوانی گیراوەکـانی پـارتی لـە گرتووخانـەی دیاربـەکر دا بهێڵێتـەوە، هـەر بۆیـە بـۆ دادگـایی کردنیـان دوورخرانـەوە بـۆ (ئـەنتالیا)* . سـەبارەت بـە دادگاییەکـە ئۆزدەمیر دەڵێ:"دادگاییکردنمـان کاریگـەریی فراوانـی کـردە سـەر گـەنجانی کورد، چونکە بەرگریمان لەو پێڕەو و پرۆگرامـەی پـارتی کـرد کـە کـەوتبووە دەستی دادگە"[١]، هەروەها لە زینداندا سـەعید ئاڵچـی پێوەنـدی کـرد بـە د. شـوان و زۆرێـك لـە چـەپەکانەوە تـا لـە ٢٧ی ئـەیلوولی ١٩٦٨ دا بەشـێك لـە گیراوەکان ئازادکران، ** بەلاّم سەعید ئاڵچی و دەروێش سـەعدۆ و ئـۆزدەمیر و عومەر تورهان پاش ساڵێ بەندکردن لە٢٥ی شوباتی ١٩٦٩ دا ئازاد بوون[٢]

ئازادکردنی سەرکردەکانی پارتی لە لایەن چەپەکانی کوردەوە بە دەست تێکەڵکردنی سەرانی پارتی و دەزگای میت زڕێنراوە[٣]، لـە کاتێکـدا ئـەوان بـە کەفالەت ئازاد کرابـوون و بـەردەوام حکومـەت چـاودێری دەکـردن[٤]. هاوکـات کاریگـەریی ڕێکخسـتنەکانی پـارتی لـە دروسـتبوونی لقـەکانی (د.د.ك.ۆ) لـە کوردسـتاندا هـەموو ئـەو گومانانـە دەداتـە دواوە[٥]، چـونکە پـارتی هۆکـاری کردنەوەی بارەگاکانی (د.د.ك.ۆ) بوو لە شارەکانی کوردسـتان[٦]. بـۆ نموونـە

---

* ئەنتاَلیا شارێکە دەکەوێتە سەر دەریای سپی نێوەڕاست.

1. Şivan :A,G,E, S.97 ; Şakir Epözdemir : Turkiye Kurdistan ,S.17.

** تەنها دەروێش ئاکگۆڵ نەگیرابوو، گیراوەکان ٧ ڕۆژ لە دیار بەکر مانەوە.( Seîd Veroj:S, P,L.20-26)

2. Seîd Veroj:S, P,L.17-18

٣ عبدألله أوج ألان: حقیقة ألثورة،(ب.م)،١٩٩٩، ل٩٨-٩٧ .

٤ عیسمەت شەریف وانلی: س ، پ ، ل٦٥.

٥ چاوپێکەوتن لەگەڵ (شەفیق قایا)، هەولێر،٦-٣-٢٠٠٩.(شەفیق قایا ١٩٥٨ لـەباتمان لـە دایـك بووە، خوێندنی مامۆستایی لە مێردین تەواوکردووە، کادێرێکی بـألای(پ.د.ك.ت) بـووە لـە حەفتاکانداو لە کودەتای ١٩٨٠ چووەتە دەرەوە) .

٦ حرکە تحریر ألقومی کردستانی _ترکیا (کوك):س، پ، ل١٩; فرنسـۆ هـەریری : بزووتنـەوەی رزگاری خوازی کوردستانی تورکیا ، ل١٠ .

لـه ١٩٧٠دا پـارتی تـوانی لقـەکانی (د.د.ك.ۆ) بـە ئاشـکرا بـۆ نوێنەرایـەتی بزووتنـەوەی نەتەوایەتی کورد بەکاربهێنێت[١]، بـەجۆرێك لایـەنگرانی د.شـوان لە نێو ڕیزەکانی (د.د.ك.ۆ) کار و چالاکییان بە ئاشکرا بوو، لەهەمان ساڵدا ئەنـدامانی (د.د.ك.ۆ)ی ئەسـتەمبوڵ و ئەنکـەرە بـەنهێنی پێوەنـدییان بـە پارتییەوە کرد[٢]، تەنانەت دامەزرێنەرانی یەکـەم لقـی (د.د.ك.ۆ) لـە ئەنکـەرە بریتـی بـوون لـە بـاڵی چـەپی نێـو پ.د.ك.ت، بـۆ نموونـە ئەحمـەد کوتـان و حیکمەت بولتەکین ناسراو بە (چەکۆ) لە دامەزرێنـەرانی (د.د.ك.ۆ) بـوون لـە ئەنکـەرەو لەسـەر خواسـتی پ.د.ك.ت نێردرانـە باشـووری کوردسـتان بـۆ فراوانکردنی چـالاکییەکانیان[٣]. لـەم ئەنجامانـەوە دەتـوانین بڵـێین (د.د.ك.ۆ) ڕووی ئاشکرای ڕێکخستنەکانی پ.د.ك.ت بوون.

لـە ئاکـامی فراوانبـوونی ڕێکخسـتنەکانی، پ.د.ك.ت یەکـەمین کـۆنگرەی خۆیـان لـە هـاوینی ١٩٧٠دا گرێـدا، لـەم کـۆنگرەدا زۆر لـەو ڕێکخراوانـەی بەنهێنیو لەکۆتایی پەنجاکانەوە دروستببوون هاتنە نێو ڕیزەکانی پارتیەوەو لـە ئاکامـدا یـەك ڕێکخسـتنی سیاسـیی بـەهێز دروسـتبوو، هـەروەها لـەنێو پێڕەوی نێوخۆیدا پارتی بڕیاری مافی چارەی خۆنووسـینی لـە چوارچـێوەی دەوڵـەتی تورکیـا دا پەسـەند کـرد[٤]. لـە ڕاسـتیدا ئـەم کـۆنگرە دەسـپێکی کـارکردنی هاوبەشـبوو لـە نێـوان چـەپی کـورد و نەتەوەییەکانـدا، هەربۆیـە حکومەت هەستی بە مەترسییەکانی کرد و لە کاردانەوەی ئەو جووڵانەوەیەدا بوو شـاڵاوی کۆمانـدۆکانی هـەموو نەتـەوەیی و چـەپەکانی کـوردی گرتـەوە. چونکە زۆربەی ڕووناکبیر و خوێندکاران و سەرۆك هۆز و خێڵەکییەکانی کورد بە تاوانی بەشـداریکردن لـە ڕێکخسـتنەکانی پ.د.ك.ت لـە کودەتـای ١٩٧١دا

١ إسماعیل بێشکچی : کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی، ل٣٠ .

٢ چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەدیجە یەشار)، سلێمانی،٣-٣-٢٠٠٩; نەوشـیروان مسـتەفا ئەمین:لـە کەناری دانوبەوە...، ل٩٠ .

3. Seîd Veroj:S, P,L.105

٤ لازاریف: تاریخ کردستان، ل ٣١٩ .

دەستگیرکرابوون[1]. لەم بارەیەوە موسا عەنتەر دەڵێ:"بەتاوانی بەشداربوونم لە پ.د.ک.ت لە جەزیرەو سلۆپی گیرابووم"[2].

ئەو شاڵاوە تەنها لاوان و ڕووناکبیرانی نەگرتەوە، بەڵکو تەواوی ئاغەکانی ئەروح و وانو سیڤەرك بە تۆمەتی پارتی بوون گیرابوون[3]. وەزیری نێوخۆ دادگای سەربازی دژی سەدان هەڵسووڕاوی پ.د.ک.ت خستەگەڕ[4]، ناچار پاشماوەی ئەندامانی پارتی بە نهێنی مانەوە یاخود هەڵهاتن بۆ باشووری کوردستان[5]. لەئایاری ١٩٧٢دا دادگەی نائاسایی دەستیکرد بە پرۆسەی دادگایی کردنی (٥٠) کادیری باڵای پارتی و سزادانیان، کە دیارترینیان بریتی بوون لە: عەبدولقادر ئۆکەتمان، سێ باب بیلگیچ، ئاگیت تانرپیکلو، عارف دێریك، خورشید ئۆنۆك، محەمەد کەیفان، تاهیر ئۆکتیم، حەسەن ئۆکتیم، محەمەد قونەوس رەمەزان، خادیم ئۆگلو، یوسف ئۆگلو، عەبدوڵلا کەیایب تەتار، عەبدولجەمیل نێرکان، سەیدی فێسق، شەرەفەدین ئێڵچی، نورەدین عیشق، فازیل چەختچی، نادر چەخت ئەحمەد قادریار، یوسف بێڵق، عەبدی ئۆنار، سەلاحەددین تەیمورتاش، تەها قەرەنتاش، فەخرەدین یاوس، سولێمان خاکخان، موسا عەنتەر، زولکۆشێخێن و هتد . هەروەها حوکمی غیابدرا بە سەر ئەو ئەندامانەی کە لە چنگی دەوڵەت ڕزگاربببوون لەوانە: د.شوان و فایەق ساواش و نازم بالکاش و حیکمەت بولتەکین و حەسەن ئیکلمیش و عەلی قەبلان[6].

لە ڕاستیدا ڕێکخستنەکانی پارتی بۆ ڕژێم لە ڕێکخستنەکانی تر زێدە جێگەی مەترسی بوون، چونکە تا ئەوکات تاکە ڕێکخستنێکی نەتەوەیی کورد

---

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ (یەشار قایا)، هەولێر، ٢-٢-٢٠٠٩ .

2. Musa Anter :A,G,E,S.232 .

3. Musa Anter :A,G,E,S.232-233 .

4. Dostarln kalemndn :Yaşar Kaya ,S.15 .

٥ مارتین ڤان برانەسن: س، پ، ب١، ل٦١ .

٦ حەسرەتیان : یاسا دەستورییەکانی تورکیا و کورد، ل ٩٤ .

بوون، تەنانەت ئەم پارتە لە لایەن ئەو چەپانەی تورکیشەوە دژایەتی دەکران، کە نەیاری دەوڵەتبوون، بۆ نموونە گۆڤاری (ئیکە)* لە دەست پێکردنی دادگاییکردنی ئەندامانی پارتی لە ٧-١-١٩٧٢دا تا حوکمدانیان لە ٢٧-٢-١٩٧٣دا، تۆماری هەموو بەندییە سیاسییەکانی تورکیای بلاوکردبووەوە وەك نارەزایی دژی دەوڵەت، بەلام نێوی بەندییەکانی پارتی نەهێنا بوو [١].

**شەشەم: پێوەندییە کوردستانی و دەرەکییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا(پ.د.ك.ت) :**

فایەق بوجاك دوای (٩) مانگ لە دامەزراندنی پارتی، لە بەهاری ١٩٦٦دا بە نامەیەك دامەزراندنی پارتەکەی بە مەلا مستەفای بارزانی ڕاگەیاند، بەلام بارزانی وەلامی نامەکەی نەدایەوە [٢]، ئەمەش لە بەرئەوەبوو سەرکردایەتی شۆڕشی باشوور نەیدەویست پەیوەندی لەتەك ڕێکخستنێکی نهێنی باکووری کوردستان دروستبکات، ئەمەش بۆ ئەوەی تورکیا بێدەنگ بێت لە دەست تێوەردانی شۆڕش [٣]. چونکه بارزانی خواستی پێوەندی هەبوو لەتەك حکومەتی تورکیا، لەم پێنێوەدا دووجار نامە بۆ سەرۆکی کۆماری تورکیا دەنێرێت، وەلێ بێ وەلام دەبێت [٤]، چونکه تورکیا ڕاستەوخۆ پێوەندی لە گەل شۆڕشی ئەیلوول نەدەکرد، بەلکو شێوە پێوەندیەکی سەر زارەکی و لێ تێگەیشتن و بێ دەنگ بوون هەبووە، نێردراویشیان چاوی بە بارزانی کەوتووە و دلنیاکراون کە هیچ پێوەندیەکی شۆڕش بە بزووتنەوەی کورد لە

---

* گۆڤاری کیتلە پڕ فرۆشترین هەفتە نامەی چەپەکان بوو لە تورکیا .

[١] ئیسماعیل بێشکچی: س و سێ گوللە، ل٢٥٢ .

2. Seîd Veroj.S. P.L.13

[٣] فەرەیدون عەبدولرەحیم عەبدولا: س، پ، ل ١٥١-١٥٢ .

[٤] گفتوگۆ لەگەل دکتۆر مەحمود عوسمان: ڕۆژنامەی ئەڤرۆ، ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕوناکبیری ئازاد، ژمارە(٢٨) ، ٢٠٠٣.

توركيا نييه[1]. لەم بارەیەوە مەسعوود بارزانی دەڵێ:" هیچ گرفتێك لەنێوان شۆڕشی ئەیلوول و پ.د.ك.ت نەبووەو پەیوەندی هەردوو لایان بە باشترین جۆری مەبەستبووە"[2]، تەنانەت لە ڕوانینی سەرکردایەتی شۆڕشدا فایەق بوجاك پشتگیر و پارێزەری ڕێبازی بارزانی بووە[3].

هەروەها عیسمەت شەریف وانلی، کە ئەندامی کۆمیتەی نێوەندی پ.د.ك.ت و نوێنەری شۆڕشی ئەیلوول بوو لە پەیوەندییە دەرەکییەکاندا، لەلایەن فایەق بوجاك ڕاسپێردرابوو، کە هیچ نهێنییەکی سەرکرایەتیی پارتەکەی بە بارزانی نەڵێ، بۆ ئەوەی میتی تورکی ئاگاداری ڕێکخستنەکانیان نەبن[4]. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەگەری هەر دەستێوەردانێکی میتی تورکیا بوو بۆ شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان، هەربۆیە پ.د.ك.ت یش خۆی لە پەیوەندی لەتەك شۆڕشی ئەیلوول دەپاراست، تەنانەت پارتی دیموکراتی کوردی سوریا لە ڕێگەی نوێنەری خۆی مامەد قبلان هۆشداری دایە فایەق بوجاك، بۆ ئەوەی پ.د.ك.ع ئاگاداری دامەزراندنی پارتەکەیان نەبن، چونکە حکومەتی ئەنکەرە شۆڕشی ئەیلوولی خستبووە[5] ژێر پاڵەپەستۆوە لەشکرێکی زۆری لە هەرێمە سنوورییەکاندا مۆڵدابوو، تەنانەت هەندێك بۆچوون کوشتنی فایەق بوجاك دەگەڕێننەوە بۆ ئاشکرابوونی پارتەکەیان بۆ تورکیا لەڕێگەی پ.د.ك.ع وە[6].

---

١ حوسێن محەمە عەزیز: خولانەوە لە بازنەیەکی بۆشدا، چ١، چا پخانەی apec ، ستۆکۆڵم، ١٩٩٧، ل١٠٦ .

٢ مسعود بارزانی : س، پ ، ب٣، ل١٨٨.

٣ مکتب علاقات ألفرع الأول للحزب الدیموقراطی الکردستانی: نشرة تاریخیة عن الأحزاب الکردیة فی کردستان الشمالیة،٩٩٦٧، ل٩ .

٤ سەلاح بەدرەدین: س، پ، ل١٣٧ .

٥ میهرداد ئێزدی: س، پ، ل٤٨٨ .

٦ عبدالحمید درویش: س، پ، ل١١٧ .

هاوكات پ.د.ك.ت هەوڵی دەدا لە ڕێگەی عیسمەت شەریفەوە پەیوەندی لەتەك ئەو لایەن و هێزانەدا بكات كە لەگەڵ توركیا ناكۆكن، هەربۆیە لە نامەیەكدا كە عیسمەت شەریف ئاراستەی عەبدولحەمید دەروێشی كردووە لە٣٠ /١/ ١٩٦٧دا باس لە دروستكردنی پەیوەندی پارتی لەتەك نێوەندە دەرەكییەكان دەكات، لەوانە قوبرس و یۆنان، چونكە ئەم وڵاتانە پەیوەندیان لەتەك توركیا گرژو ناتەبا بوو، عیسمەت شەریف نوسیوویەتی: "بە تەنها سەعید ئاڵچی و فایەق بوجاك بەم پەیوەندییەیان دەزانی، دوور نییە فایەق بوجاك كوژرانی بەهۆی ئەم پێوەندیانەوە نەبووبێ، چونكە میت ئەوەی پێی قەبوڵ نەدەكرا"، هەروەها عیسمەت شەریف وانلی پەیوەندی بە لایەنە ئیسرائیلییەكانەوە كردووە بۆ ئەوەی هاریكاری دارایی بۆ پارتی بەدەستبهێنێ[1]. لە هەمان نامەدا مەرجی ئیسرائیل بۆ هاریكاری پ.د.ك.ت باس دەكات، كە بریتییە لەوەی سەرانی شۆڕشی ئەیلوول ئاگادار نەبن بە پێوەندییەكان"، بەمەش ئیسرائیل هەمان بۆچوونی فایەق بوجاكی هەبوو، پێی وابوو توركیا ئاگاداری پێوەندییەكانی سەركردایەتی پ.د.ك.ع بووە. دیارە ئەو دەمانە پێوەندی ئیسرائیل و شۆڕشی ئەیلوول تێكچوو بوو، چونكە ئیسرائیل نەیتوانی كورد ڕازی بكات لە جەنگی حوزەیرانی ١٩٦٧ دا دژ بە عەرەب، توركیاش ڕێی لەهێزە ئاسمانییەكانی ئیسرائیل گرت تا بە كاربهێنرێن دژی عەرەب، لەبەرئەوە ئیسرائیل خواستی ئەلتەرناتیڤێكی هەبوو بۆ باشووری كوردستان[2]، بەڵام بەكرداریی هیچ جۆرە هاریكاریەك و بەدەمەوەچوونێكیان بۆ كوردی باكوور نەبوو .

لە گەڵ ئەوەشدا ڕامیاریی دەوڵەتان نەیتوانی پەیوەندی نەتەوەیی و سایكۆلۆجی كوردی پارچەكان لە نێو ڕێكخستنەكانیاندا دابڕێ، هەربۆیە

---

١ بڕوانە دەقی نامەكەی عیسمەت شەریف وانلی بۆ عەبدولحەمید دەروێش، پاشكۆی ژمارە(١٠).

٢ سەلاح بەدرەدین: س، پ، ل١٣٥ .

لەتـەك نـەبوونی پێوەندییـەكی سیاسـی لـە نێـو هـەردوو پـارتی بـاكوور و باشـووری كوردسـتاندا و لـە پـاش كـوژرانی فایـەق بوجـاك، لـە دیـار بـەكر ئەندامانی پ.د.ك.ت كۆدەبنـەوە و بـارزانی وەك سـەرۆكی فـەخری خۆیـان و نەتەوەی كورد دیاری دەكەن [1].

ئـەم كاریگەرییـە لەتـەك ڕێكخسـتنەكانی ڕۆژهـەڵاتی كوردسـتاندا وەك باشوور نەبوو،چونكە:

١. حـدكا مـافی بـەخۆی نـەدەدا وەك سـەركردایەتی ئـەیلوول خـۆی بـە پێشەنگی نەتەوەیی كورد بزانێت .

٢. شێوە زاری كرمانجی و باری عەشیرەتگەری و هاوسنووریی كاریگەریی لـە سـەر بـەهێزیی پێوەنـدی بـاكوور و باشـووری كوردسـتان هـەبوو، بـەڵام بەزۆریی ڕێكخستنەكانی حدكا بەشێوە زاری موكریـانی و سـۆرانی دەدوان [2]. هەربۆیە پەیوەندی سیاسی و ستراتیژیی لە نێوان حـدكا و پ.د.ك.ت نـەبوو، ئـەوەی هـەبوو بریتـی بـوو لەبەشـداری كردنێكـی ڕەمـزی لـە گردبوونـەوە و كۆنگرەكانی یەكتریی دا، بۆ نموونە لە ١٩٦٦دا پ.د.ك.ت بەشـداری كـرد لـە كۆنگرەی حدكا* دا لە سنووری قەڵادزێی باشووری كوردستان[3]. بەڵام زیـاتر لە هـەموو پارتـە كوردسـتانییەكان پێوەنـدی سیاسـی و ڕێكخراوەیـی لەتـەك

---

١ عبدألفتاح علی یحیی ألبوتاني: دراسات ومباحث، ل ١٧٥ ;چاوپێكەوتن لەگەڵ (عبـدألرحمن گوندی)، دهۆك،١١-٢-٢٠٠٩.

٢ چاوپێكەوتن لەگەڵ (حوسێنی مەدەنی )، كۆیە، ٤-١-٢٠٠٩.(سـأڵی ١٩٣٩ لـە مهابـاد لـەدایك بووە، ١٩٥٩پێوەندی بە حدكاوە كردووەو لە هەموو كۆنگرەكانی حزبدا ئەندامی كۆمیتـەی نێوەندی بووە) .

* كۆنگرەی حدكا لە گوندی سوسێ نزیك قەڵادزێی باشووری كوردستان ساڵی ١٩٦٦بەسـترا، ئەو كاتە عەبدوڵا ئیسحاقی سكر تێری حدكا بوو .(كریس كۆچێرا:كورد لە سەدەی نـۆزدەو بیستدا، ل٤٤٥).

٣ ولید رضوان : ألتیار ألعلمانی و ألأ سلامي، ل١٩٠ ;حامد محمـود عیسـی: ألقضـیة ألكردیـة، ل٣٠٠.

پارتی دیموکراتی کوردی سوریا و ناسیۆنالیستانی سوریا دا هەبوو. چونکە هەر لە سەرەتاوە نورەدین زازا ڕۆڵی لە دروستبوونی پێڕەوی نێوخۆ و دامەزراندنی پارتیدا هەبوو[1]. لە ساڵی١٩٦٥ دا نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردی سوریا زیاد لە جارێ سەردانی دیاربەکریان کرد و خواستی هاریکاری و کاری هاوبەشیان دووپاتکردەوە. مامەد قەبلان پێوەندی نێوان هەردوو پارتەکەی ڕێکدەخست و هەموو زانیارییەکی لەمەڕ پ.د.ک.ت دەزانی[2]. لە ڕاستیدا فایەق بوجاك پارتەکەی لە ڕووی ڕێکخستنەوە لاوازبوو، هەربۆیە لە ١٩٦٦دا پارتی دیموکراتی کوردی سوریا ڕەشید حەمۆو مامەد قەبلان لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی خۆی دەنێرێت تا هاریکاری پارتی بکەن لە بواری بەهێزکردنی ڕێکخستن و کاری ڕێکخراوەییدا، لەم چوارچێوەیەدا ڕەشید حەمۆ هەموو لقەکانی پارتی بەسەر دەکردەوەو بەجیا بیری پارتایەتیو چۆنیەتی کاری ڕێکخستنی فێر دەکردن. بەمجۆرە لە سەرەتاوە پارتی دیموکراتی کوردی سوریا ڕۆڵی مەزنی لە جێگیرکردنی ڕێکخستنەکانی پارتی هەبوو لە تەواوی پارێزگا کوردنیشنەکانی باکووردا[3]. هەروەها پشتگیری دارایی دەکران لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردی سوریاوە. هاوکات لە ١٩٦٧دا نوێنەری پ.د.ک.ت بە سەرپەرشتی عومەر تورهان بەشداربوون لە کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردی سوریا لە حەلەب[4]. بەڵام ئەم پەیوەندیانە لە ١٩٦٨دا بەهۆی دەستگیرکردنی ئەندامانی سەرکردایەتی پ.د.ک.ت وە بەرەو لاوازی چوون، هەربۆیە هەمان ساڵ مامەد قەبلان و ڕەشید حەمۆ لە باکووری کوردستان هیچ چالاکییەکیان بۆ ئەنجام نەدرا، چونکە لە نێو بەڵگەنامە دەست بەسەرا گیراوەکانی سەرکردایەتی پارتیدا لە لایەن میتەوە پەیوەندی ڕەشید حەمۆ و سەرکردایەتی پارتی ئاشکرا ببوو.

1. Şakir Epözdemir : Turkiye ,S.7-8 .

٢ عبد ألحميد درويش: س، پ، ل١١٧ .

٣ عبدألحميد دەرویش : هـ، س، ل١١٨ .

4. Seîd Veroj:S, P,L.25 .

لـه هـەمان كاتـدا پـارتی دیمـوكراتی كـوردی سـوریا بەئـەركی خـۆی دەزانـی یارمەتـی خێزانـی ئەندامـە دەسـتگیراوەكانی پـارتی بـدات، تەنانـەت (جـەلال تاڵەبانی) لە ڕێگەی پارتی دیموكراتی كـوردی سـوریاوە هاریكـاری پ.د.ك.ت دەكرد[1]، چـونكە ئەوكاتـە بـاڵی (ئیـبراهیم ئەحمـەد) لەتـەك بـاڵی ڕاسـترەوی پارتی دیموكراتی كـوردی سـوریا پێوەنـدیان هـەبوو، لـە ڕێگـەی ئەوانـەوە هاریكـاری مـاددی پ.د.ك.ت یـان دەكـرد[2]. لـە ڕاسـتیدا پ.د.ك.ت لـە ڕووی ڕێكخراوەییـەوە زیـاتر پێوەنـدیان لەتـەك بـاڵی مەكتـەبی سیاسـی پ.د.ك.ع هەبوو تا لەتەك سەرۆك مستەفا بارزانی .

باكووری كوردستان لە شەستەكاندا جێگەی بایەخی نێوەندكانی حكومەت بوو لە سوریا، چونكە پێوەندی سوریا و توركیا ئاڵۆز ببوو، سوریا لـە بلـۆكی سۆسیالیستی و توركیا ئەندامێكی بەهێزی ناتۆ بـوو، ئـەم ڕەوشـە خواسـتی توركیای بۆ بەكارهێنانی نەیارێتی توركیا و پاڵپشتی كردنیـان زیـاد كردبـوو، لەبەرئـەوە دەزگـە ئاسایشـیەكانی سـوریا هەمیشـە ئاگـاداری چـالاكییەكانی پ.د.ك.ت بوون[3]، بەلام پارتی هیچ هەنگاوێكی بۆ ئەم پێوەندییانە نە دەنـا. لـە ڕاسـتیدا چـالاكییەكانی پـارتی و ڕۆڵـی لـە بزاڤـی ڕزگـایخوازی بـاكووری كوردسـتاندا، لەبـەر چـەند هۆكارێـك بـە پێـی وەلامدانـەوەی هەسـتی نەتەوەخوازی كورد نەبوو، چونكە:

١. هەرچەندە پـارتێكی نەتـەوەیی بـوو، بـەلام نـەیتوانی هـەموو نەتـەوە پـەروەران لـە دەوری خـۆی گردبكاتـەوە، بـەڵكو نەتەوەپـەروەرەكان و خوێندكاران لە شارەكاندا زۆربەیان لە دەرەوەی پارتیدا بـوون، تەنانـەت بـۆ خۆیان لە ساڵی ١٩٦٧دا ڕێكخسـتنێكی نهێنـی و سـەربەخۆی كوردییـان بـە نێوی كۆمەڵەی ئـازادی كوردسـتان (kak) دروسـت كردبـوو، كـە ئەنـدامانی

---

١ عبدألحمید دەرویش: ھ، س، ل١٢١–١١٩ .

٢ سەلاح بە درەدین : س، پ، ل١٣٠–١٣٤ .

٣ سەلاح بە درەدین : ھ، س، ل١٣٠–١٣٥ .

زیـاتر خوێنـدکاری خوێنـدنیی بـاڵاو زانکـۆ و ئامادەییـەکان بـوون، ئـەوان گــەورەترین خۆپیشــاندانیان دژ بــە شــاڵاوە دژە کوردییــەکانی گۆڤــاری (ئۆتۆکان) لە شارە مەزنەکان ئەنجام دابوو.[1]

٢. نەیتوانی لەو شوێنانەی ئۆرگانی پـارتی لێیـە ڕەگ دابکـوتێ، چـونکە (فایەق بوجاك)و دواتـریش (سـەعید ئاڵچـی) پشـتگیری بـەها ڕاسـترەوەکانی تورکیـا بـوون و گوتارەکانیـان ڕووی لـە کۆنـە پـارێزی بـوو، یـان پێـڕەوی بەرژەوەندی ئاغەکانیان دەکرد، ئاغەکانیش لە ئەنقەرە بـەدوای بـەرژەوەنی خۆیانەوە بوون[2].

٣. پـارتێکی ئاشـتیخوازبوو، بـڕوای بـە خـەباتی گـەریلایی نـەبوو[3]، زیـاتر تەڤگەرێکی هزری بوو، نەك ڕێکخراوەیی.

٤. خەباتێکی زانستی نەبوو[4]، نەیتوانی نەخشەیەکی زانستی هەبێت، تا لە گەڵ تایبەتمەندییەکانی کوردستاندا یەك بگرێتەوە .

٥. نــەیتوانی یــا نەڕەخســا پەیوەندیــەکی بــەهێز و بــە بەرنامــە لەتــەك پارچەکانی کوردستان و بزاڤی شۆڕشگێڕی چەپی تورکیا دا چێبکات.

٦. دواجار گوتاری چەپ لە نێو خوێندکار و لاواندا سەریهەڵداو بوو بەهۆی ئەوەی کە بیرێکی چەپی جیاواز لە بـیری ناسیۆنالیسـتی کلاسـیکیی لـە نێـو ڕێکخستنەکانی پارتیدا دەرکەوێت[5].

---

1, Îbrahim Guçlu:S,P,L.39.

٢ دیڤید ماکداوڵ: س، پ، ل٨٣٤ .

٣ چاوپێکەوتن لەگەڵ (عە بدول ڕەحمان چایی )، دهۆك، ١١-٢-٢٠٠٩ .

٤ سامي عبدألرحمان: ألبديل ألثوري، ل١٣٦.

٥ حەمید بۆز ئەرسەلان : س، پ، ل٨٥ .

**باسی دووەم: دابەشبوونی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا، هۆکار و ئەنجام :**

جیاوازی هزری زەمینەی دابەشبوونی ڕێکخستنەکانی پ.د.ك.ت تورکیای ڕەخساند، بە بڕوای ئێمە ڕیشەی ئەم جیاوازیە دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی گرووپی (٤٩)کان. لەم بارەیەوە موسا عەنتەر دەڵێ:" لە سەرەتادا دووبەرەکییەکە نەتەوەیی نەبوو، بەڵکو سیاسی و هزری بوو"[١].

وردە وردە دەرکەوتنی گرووپی چەپ لە نێو بزاڤی سیاسیی کوردیدا لە دەیەی ١٩٦٠دا خۆی لە بەرامبەر نەتەوەپەروەرانی کلاسیکیی و بۆرجوادا بە نەیار دەزانی، ئەم جیاوازیەش بووە هەڕەشە بۆ سەر یەکێتی ئەو ڕێکخستنە نەتەوەییانەی، کە تەنها خوازیاری ئۆتۆنۆمی بوون، بەلاّم چەپەکان زیاتر لەتەك گۆڕانی ئابووری و کۆمەلاّیەتی جڤاکی کوردەواری پێداگربوون[٢]. سەبارەت بە گرژییەکان فاروق ئاراس سەرۆکی (د.د.ك.ۆ) ی ئەنقەرە دەڵێ:" بۆ یەکەم جار لە ئەنقەرە(سەعید ئاڵچی)م بینی پرسیاری لێ کردم، تۆ چەپیت یان ڕاست؟ گۆتم من چەپم. وتی کەواتە زەحمەتە ببینە دۆست "[٣]. پێمان وایە ئەم جیهان بینییە بۆ هزری یەکتریی هەر لەسەرەتاوە هەبوو. بەلاّم لە پاش دەستگیرکردنی سەرانی پارتی و ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانی لە لایەن میتی تورکییەوە، ئیتر خۆ گونجاندن لەتەك ڕامیاریی دەوڵەتدا ڕەوتی ڕاستڕەوو کۆنەخوازی زاڵکرد بە سەر بریارەکانی پارتیداو نەیارێتی لاوە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتوو خوازەکان دەستی پێکرد[٤]. لە کۆتایی ١٩٦٨دا د.شوان وەك نوێنەری شۆڕشگێڕ و چەپەکان دەرکەوت، سەرەتا وەك باڵی چەپی پارتی لەنێو (د.د.ك.ۆ) دا کاری دەکرد، لایەنگرانی زیاتر جوتیار و

---

1. Musa Anter :A,G,E,S.167 .

٢ بئوار أليما: اخرين مستعمر- كردستان تركيه بحران كردستان تركيه از اغاز تا كنون،چ١، انتشارات پژوهنده، تهران،١٣٧٨،ل٦٠ ; نادر انتصار: قوميتكرايي كرد، ل٧٠).

3. Faruk Aras :S,P,L.10 .

٤ حركة ألتحرر ألقومي ألكردستاني –تركيا (كوك): س، پ، ل١٤–١٥ .

پاڵەو خوێندکار و ڕووناکبیر بوون و لە شارەکانی دیاربەکر و وان و هەکاری و سیواس و قزڵتەپە لایەنگری زۆر بوون، هەروەها چەندین ڕێکخراوی فەرمی جەماوەری وەك (یەکیتی ژنانی دیموکرات و شۆڕشگێر)، (یەکێتی مامۆستایانی چەپ)، هەمویان ڕێکخستنی نهێنی د.شوان بوون[١]. د.شوان خواستی ئەوەی هەبوو (تیۆری ناوچەی شۆڕشگێر)* پیادەبکات[٢]. ئەو یەکێك لە نووسەرە بەردەوامەکانی گۆڤاری Yön ی چەپڕەو بوو، هەمیشە لەوێدا بیرو بۆچوونەکانی بلاّودەکردەوە[٣]، ئەوکات د.شوان بەهۆی ئاشنایی لە زمانی فەڕەنسی و ئاگایی لە بزاڤەکانی جیهانی سێهەم بڕوای وابوو دەبێ خەباتی چەکداریی دەست پێ بکرێت[٤]**. دیارە ئەم باوەڕەش لەتەك پێڕەوی پارتیدا نەدەهاتەوەو دەکرێ لەوێوە جۆرێك لە گرژی دروست کردبێت.

هەروەها د.شوان دژی ئەو ئیمتیازاتانە بوو کە پارێزگارەکان بە دەستیان هێنابوو.[٥] پێی وابوو سەرکردایەتی پارتی ڕێکخراوانە کار ناکەن و خواستی سەربەخۆبوونیان نییەو لە چۆنییەتی بەڕێوەبردنی ئۆتۆنۆمیشدا بێئاگان[٦].

د.شوان ڕادیکاڵ و توندو شارەزای مێژووی چەپبوو، لەبەرئەوە خواستەکانی لەتەك ئەو لاوانەدا یەکی دەگرتەوە کە پشتگیری خەباتی

---

١ مدير ألأمن ألعامة : س، پ، ل٨٤ .

* ئەم تیۆرە لەلایەن (کاسترۆ جیڤاراو دۆبریە ) داڕێژرا بوو، باس لەوە دەکات کە دەتوانرێت لە یەکێك لە نێوچەکان بارەگەی شۆڕشگێڕی دابمەزرێت و لەوێوە بەچەك چالاکییەکان فراوان بکرێن بۆ نێوچەکانی تر .(کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد،ب٢، ل١٤٠).

2. Şivan :A,G,E, S.108.

3. Seîd Veroj:S,P,L.20.

٤ کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد،ب،٢،ل١٣٧.

** شوان هەمان ساڵ سەردانی یۆنان و فەڕەنساو بەیروت دەکات . (Seîd Veroj:S,P,L.20).

٥ منزر ألموصلي: س، پ، ل٣٥٦ .

6. Îbrahim Guçlu:S,P,L.38

چەکداری و گەریلایی بوون لەنێو (د.د.ک.ۆ) دا[1]. هەربۆیە سەرەتا پەیوەندی کرد بە (د.د.ک.ۆ) ی ئەستەمبوڵەوەو لەتەک نەجمەدین بیوک کایا و عومەر چەتینی دامەزرێنەرانیدا یەکیگرت[2]. سەبارەت بەو هەوڵانە (ئۆزدەمیر) دەڵێ:" د.شوان لە ٢٧ ئەیلوولی ١٩٦٨ دا ئامادەی دادگایی کردنەکانی سەرانی پارتی بوو لە ئەنتالیا و پێوەندی لەتەک سەعید ئاڵچی و من و دەروێش سەعدۆدا فرە باشبوو" [3].

پاش ئازادبوونی ئەندامانی پارتی، (فەقێ حوسێن) [**] پێشنیار دەکات، کادێرەکانی پارتی بنێردرێن بۆ باشووری کوردستان بۆ پەروەردەکردن، ئەوکاتە پ.د.ک.ت لە شیرناخو ئەروح بنکەی نهێنییان هەبوو، لەوێوە جۆرێك لە پێوەندی لە گەڵ کوردانی سەرسنووردا دروستکرابوو، هەربۆیە بە فەرمانی (سەعید ئاڵچی)، هەریەك لە د.شوان و حیکمەت بولتەکین و بروسك و نازمی بالکاش ناسراو بە سۆرۆ لە بەرپرسە باڵاکانی پارتی ڕەوانەی باشووری کوردستان کران[4]. سەبارەت بەو هەوڵانە د.شوان دەڵێ:"لەناوچە ڕزگارکراوەکانی باشوور خەریکی لێکۆڵینەوە بووم لەسەر کورد، لەوێ چەندەها لاو لە باکووری کوردستان و خۆرئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە دەهاتن و دەبوون بە گەریلا"[5].

هەر لە بارەی ئەو بنکەیەی پارتی لە باشوور (ناجی کوتلای) دەڵێ:"شوان ئەگەر لە تورکیا سزا نەدرایە نە دەچوو بۆ باشووری

---

1. Seîd VEROJ:S, P,L.105-108

٢ چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەدیجە یەشار)، سلێمانی، ٣-٣-٢٠٠٩..

٣ کریس کۆچێرا :بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ب٢، ل١٣٧ ; Seîd Veroj:S, P,L.29

** فەقێ حسێن: یەکێکبوو لەچەپەکانی نێو پارتیو دامەزرێنەری دەدەکۆیش بوو، بانگەشەی خەباتی هەرێمیی دەکرد.( Seîd Veroj.S. P.L.106 )

4. Seîd VEROJ:S, P,L.20-29.

5. Şivan :A,G,E,S.114.

کوردستان، ئەو کەسایەتییەکی سیاسیی جولاّوو بـوو، دیـاربوو شـتێك لـەژێر سەریدایە "[1].

ورده ورده د.شــوان و هەڤاڵــەکانی لــە باشــووری کوردســتاندا ســەربەخۆ خــەباتیان دەکــردو بەرەبــەرە پەیوەنــدیان دەکــرد لەتــەك ئــەو نەتەوەپەروەرانـەی لـە بـاکووری کوردسـتاندا لـە دەروەی پ.د.ك.ت بـوون، سەرەتا ئەندامانی ڕێکخستنی (kak) یان بانگهێشت کرد و هەموویان بەنهێنی لە نێو ڕەوتەکەی خۆیاندا تواندەوە[2]. هەروەها بەرپرسانی (د.د.ك.ۆ) لەوانـە (نەجمەدین بیوك کایا) یان کرد بە بەرپرسی پەیوەندییەکان لە دەرەوە[3]. لـە بارەی نیازی سەرەتای د. شوان، مەسعوود بارزانی دەڵێ:" ١٩٦٩ د.شـوان و چـوار هـاوڕێی کـە (برووسـك و چـەکۆو ڕەشـۆ و سـۆرۆ)بوون، هاتنـە پـاڵ شۆڕش، ئەمانە پاکی نامە و ڕاسپێرییان لە سـەرکردایەتی پ.د.ك.ت پێبـوو، شوان پزیشکبوو، شـۆڕش لـە ناوچـەی بـەرواری بـالاّدا دەرمانخانەیـەکی بـۆ دامەزراند، ئـیتر لەیـەك کاتـدا کـاری سیاسـی و مرۆڤایـەتی خـۆی دەکـرد".[4] هەروەها ئیبراهیم گوجلو دەڵێ:" شوان مرۆڤێکی لـەخۆ ڕازی بـوو، هەمیشـە دەیەویست مرۆڤی یەکەم بێت و چاوی لەسەرۆکایەتی بـوو، شـەڕکەر و شـەڕ فرۆش بوو" [5]

ئەم تایبەتمەندیانە گەیشتە ئاستێك داوای داخسـتنی (پ.د.ك.ت)ی کـرد لـە بـاکووری کوردسـتاندا، تـا پـارتێکی پێشـکەوتووخواز دروسـتبکرێت، ئـیتر بەفــەرمی پێوەندییــەکانی لەتــەك ســەرکردایەتی پ.د.ك.ت دا بچــڕان و بەردەوام ئەوانی بە کۆنەخواز و بێ ئەزموون و کارکردن بۆ ئیمتیازی تایبـەت تاوانبــار دەکــرد و دەســتی وەردایــە پڕوپاگەندەیــەکی بــەربلاّو لــە دژی

---

1. Naci kutlay : Aniler ,S.93 .

2. Seîd VEROJ:H, S,L.105-108.

3. Seîd VEROJ:H, S,L.113 .

٤ مسعود بارزانی : س،پ، ب٣، ل١٨٨–١٨٩ .

5. Seîd Veroj:H, S,L.108 .

پ.د.ك.ت. له بەرامبەردا (سەعید ئاڵچی)یش ئەوانی بە لادەر و دەستی ئەمریکا و میت تاوانبار دەکرد بۆ لێدانی بزووتنەوەی کورد لە باشووردا و پێی وابوو بۆ ئەو مەبەستەیش چووەتە ئەوێ[١]. هاوکات تاوانباری دەکرد بە بوونی پێوەندی لەتەك (جەلال تاڵەبانی)دا [٢]، ئەمەش ڕێی تێدەچێت، چونکە لە ساڵی ١٩٦٨ دا باڵی د.شوان لە سوریا پێوەندی لەتەك (ئیبراهیم ئەحمەد)دا دروستکردبوو[٣]، لەم بارەوە کریس کۆچێرا دەڵێ:"د. شوان لە ١٩٦٨دا پەیوەندی لەگەل ڕێکخراوی تردا هەبوو بە نهێنی"[٤] . بەمجۆرە د.شوان بە نێوی پشتیوانی لە بزووتنەوەی کوردی باشوور و ئەزموون وەرگرتن لە خەباتی باشووری کوردستان، پێگەو بارەگای چەپی لە زاخۆدا کردەوەو پتەوکرد[٥]، بەشێوەیەك ئەو بنکە و بارەگایانەی کە خرابوونە ژێر دەستی بەردەوام نزیکەی ٤٠٠–٥٠٠ ئەندامی لێگردبوونەوە[٦]، ئیتر لەتەك زیاد بوونی ناکۆکییەکانی هەردوولا، د.شوان بەفەرمی داوای لە بارزانی کرد ڕێگە بدات پارتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێت، بەڵام سەرەتا بارزانی ڕێگەی پێ نەداو داواکەی دایە دوواوە [٧].

ناچار د.شوان گەڕایەوە بۆ تورکیا و لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٧٠دا لە ئەنقەرەو لە گەڕەکی (Gazî Mahallesî) بە ئامادەبوونی ١٧ ئەندام پارتەکەی بە نێوی (پارتی دیموکراتی کوردستان لە تورکیا) ڕاگەیاند و بۆ خۆیشی بوو بە سکرتێری پارتەکەی[٨].

---

1. Musa Anter :A,G,E,S.214-215 .

٢ کریس کۆچێرا:کورد لەسەدەی نۆزدەو بیست، ل٤٤٠ .

٣ سەلاح بەدرەدین: س، پ، ل١٣٠ .

٤ چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدولرحمان گوندی)، دهۆك، ١١ـ٢ـ٢٠٠٩; فاتح ڕەسوڵ: بنچینەی بیرۆکەی مێژووی چەپ لە کوردستان ، ل١٢٨.

٥ دیڤید ماکداوڵ: س، پ، ب٢، ل٨٥٦ .

٦ کریس کۆچێرا :کورد لەسەدەی نۆزدەو بیست ، ل٤٤٠ .

7. Musa Anter :S.214-215 .

8. Musa Anter :S.214-215 , Seîd VEROJ.S. P.L.21 .

چـێبوونی ئـەم پارتــە تــەنها ناكۆكییــەكی شەخسـی و جیابونەوەیــەكی ڕووكەش نـەبوو، بـەڵكو بـە بەرنامەیـەكی نـوێ و هێڵێكـی ڕامیـاریی جوایـازو ستراتیژێكی جیاوە لـە دایكبـوو، كـە بەئاشـكرا پرۆگرامـی پارتەكـە ڕۆحێكـی چەپڕەوانەی بە سەردا زاڵبوو[1].

لە بەرامبەر ئەم پارتە نوێیەدا پ.د.ك.ت دوو هەڵوێستیان هەبوو :

١. هەڵوێستێكی بابەتییانە، كە بوونی پارتێكی تری بە ڕووداوێكی ئاسایی دەزانــی و خواســتی پێوەندیشــی هــەبوو، ئــەم هەڵوێســتە ئــۆزدەمیر و (شەرەفەدین ئاڵچی) داكۆكییان لە سەر دەكرد .

٢. هەڵوێستێكی تر پارتەكەی شوانی بە هەڕەشە دەزانـی و هـەوڵی دەدا لە دەرەوەو لە نێو ڕاستڕەوەكانی خۆرئاوا و باشـووری كوردسـتاندا گلۆڵـەی لێژبكات[2]. لە هەمان كاتـدا ناوچـە كوردیـەكانیش دابەشـبوون بـۆ دووبـەرەی جیاواز لە پشـگیری پارتـە پەرتبووەكـەدا، بـە جۆرێك لایـەنگرانی شـوان بـە شوانییەكان دەناسران، كە زێدەتر ئەندامە كوردەكانی پارتی كاری تـوركی و ئەندامی ڕێكخراوە جەماوەرییـەكانی وەك لاوان و كرێكـاران و مامۆسـتایان و ژنان لە نێو شارە كوردییەكاندا بوون بە هەوادار و هەڵسووڕاوی، لەبەرامبەردا سەرۆك هۆز و شێخ و مەلا و دەرەبەگەكان و ئەوانەی ئاراستەیەكی ئایینی و نەتەوایـەتیی كلاسـیكییان هـەبوو، بـۆ نموونـە هـۆزی گـەورەی كوبـان، كـە هۆزێكی فرە مەزنی سەر بە(شێخ كوبان) بوو، بە دۆست و پشتیووانی پارتـە كۆنەكە مانەوەو تەنانەت دۆستەكانیان بە كوبانییەكان دەناسران[3].

پاش ڕێكەوتنی ١١ی ئایاری ١٩٧٠ بـارودۆخێكی لـەبار بـۆ ڕێكخسـتنی هێـزە نەتەوەییەكان ڕەخسا. ئیتر د.شوان دووبارە گەڕایەوە باشووری كوردستان و لە كەمپی تایبەتی خۆی لە زاخۆ پێگەیەكی سەربازیی دامەزراند[4]. لێرەوە بـە

---

1. Musa Anter :S.214.

٢ سەلاح بەدرەدین : س، پ، ل١٣٨ .

٣ إبراهيم ألداقوقي:أكرد تركيا ، ل١٦٦ .

٤ كریس كۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوایەتی كورد، ب٢، ل ١٦٦ .

نهێنی و بەخێرایی چەپ و ناسیۆنالیستەکان پێوەندیان پێوە دەکرد و ڕێک دەخران[1]. هاوکات ئەمجارەیان بارزانی ڕازیبوو سەربەخۆ کاربکات. بە بەڵگەی ئەوەی د.شوان لە دانپێدانانی دادگاییەکەیدا دەڵێ:" لەدوای ١١ئازار گۆتم بە بارزانی دەمهەوێ پارتێك بۆ باکوور دروست بکەم، بارزانیش ڕازی بوو، هەربۆیە لە ٢٨ حوزەیران لەتەك ١٧هەڤاڵ، کە ئەندامی کۆمیتەی نێوەندی بوون، پارتێکم دانێو پێڕەوی نێوخۆی پارتەکەم ڕادەستی بارزانی کرد و لە ڕێگەی (ئەسعەد خۆشەوی) زانیاری پارتەکەشم داوەتێ"[2].

ئیتر پارتەکەی شوان هەڵوێستی خۆیشی لە بەرامبەر نەیارانی بارزانی ڕاگەیاند و لەتەك ڕاسترەوەکانی خۆرئاوای کوردستانیش پێوەندی دروستکرد[3]. تەنانەت بۆ ڕازیکردنی بارزانی چەندین وتاری دژ بە (مام جەلال) نووسی و بەتاوانبار نێو زڕی کرد[4]. پێدەچێت ئەو هەڵوێستانەی شوان دژ بە نەیارانی بارزانی لە بەرامبەر مۆڵەتپێدانی پارتەکەی بووبێت.

لە بەرامبەردا پارتی سەعید ئاڵچی لە ڕێگەی ئۆزدەمیرە وە مژووڵی یەکگرتنەوەی پارتە پەرتبووەکە بوو، بەڵام شوان قایل نەبوو دەست لەپێڕەوی نێوخۆی پارتەکەی بەربدات و پێی وابوو پارتی سەعید ئاڵچی لە دەستی ڕێکخراوی میت دایە. ناچار سەعید ئاڵچی هەوڵیدا لە ڕێگەی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول پارتەکەی د.شوان قەدەغە بکات، بەڵام هەموو پەیامەکانی سەعید ئاڵچی، کە بۆ بارزانی دەنێردران، لەڕێگەی (عوسمان قازی) نوێنەری بارزانی لە زاخۆ، کە دۆستی د.شوان بوو،

---

1. Îbrahim Guçlu:S,P,L.38.

٢ بڕوانە دەقی دانپێدانانەکەی (د.شوان)، پاشکۆی ژمارە(١١).

٣ سەلاح بەدرەدین : س، پ، ل١٣٣ .

٤ چاوپێکەوتن لەگەڵ (نەوشیروان مستەفا ئەمین)، سلێمانی، ٢-٦-٢٠٠٩.(نەوشیروان موستەفا ئەمین، سأڵی ١٩٤٤ لە ئاوایی نێوگردانی پارێزگەی سلێمانی لەدایکبووە، لەسأڵانی حەفتاکاندا چەپێکی توندو رادیکاڵبوو، لەپاش نسکۆ ڕێبەرێکی دیاری شۆڕشی نوێو ی.ن.ك بوو، پێوەندیی لەگەڵ چەپەکانی کوردستانی باکوور هەبوو).

پێشوەخت دەگەیەنرانە دەستی د.شوان و بەمەیش بارزانی بێ ئاگا دەبوو لە هۆشدارییەکانی سەعید ئاڵچی دەر هەق بە مەترسیی و نیازی شوان.[1]

بەلاّم بەهۆی ڕاگەیاندنی کۆدەتای سەربازی ١٩٧١، ناچار سەعید ئاڵچی بەنهێنی پەنا بۆ ڕۆژئاوای کوردستان دەبات، لەوێ (دەروێش سەعدۆ)و ئۆزدەمیر لەلایەن عەبدولحەمید دەرویّش و (جگەرخوێن)و ڕەشید حەمۆ لە ڕێبەرانی پارتی دیموکراتی کورد لەسوریا پێشوازی دەکرێت و دواتر لە سنووری موسڵەوە بە نهێنی دێتە زاخۆ[2]. سەعید ئاڵچی و هەڤاڵەکانی گەیشتنە سنووری ناوچەی ئازادکراوی کوردستان و لە ڕەوشی ئاڵۆزی کودەتای ١٩٧١ ڕزگاربوون، سەرەتا نیازیان وابوو د.شوان بهێننەوە ژێر ڕکێفی خۆیان و سەردانی بارزانی بکەن بۆ پیرۆزباییکردن لە سەرکەوتنی بەیانی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠[3]. ئەوەبوو پێشوەخت سەعید ئاڵچی و هەڤاڵەکانی لە لایەن ناوچەی ڕێکخستنی زاخۆی پ.د.ک.ع پێشوازییان لێ دەکرێ و دواتر سەردانی کەمپی زاخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان لە تورکیا دەکەن و لەلایەن د.شوان پێشوازیان دەکرێ، بەلاّم پاش دوو ڕۆژ لە ڕەوشێکی ئاڵۆزو نادیاردا بە مەکرو فیتی د.شوان لە١ی حوزیرانی ١٩٧١دا سەعید ئاڵچی و محەمەد بەگ[4] لەنێو دەبرێن.[5] سەبارەت بە چۆنیەتی ڕووداوەکە مەسعوود بارزانی دەڵێ:"سەعید ئاڵچی هاتە زاخۆ تا پ.د.ک.ت لە هەرێمە ئازاد کراوەکاندا کۆنگرە ببەستن، بەلاّم بەفیتی د.شوان دیار نەما، ئیتر لە لایەن پ.د.ک.ت داوامان لێکرا سۆراخی بکەین، لە پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوت د.شوان گوللە بارانی کردووە تا مەیدان بۆ خۆی چۆڵبکات و ببێت بە

---

1. Musa Anter :A,G,E,S.214
2. Seîd Veroj:S. P.L.34 .
3. Seîd Veroj:S, P,L.33.
٤ موحەمەد بەگ کوردێکی خەڵکی شاری نوسەیبین بوو، بەگۆتەی شوان کرێگرتەی میت بووەو زانیاری پارتەکەی داوەتە حکومەت، هەربۆیە کوشتویەتی.( Seîd Veroj:S, P,L.119)
5. Musa Anter :A,G,E,S.214.

سکرتێری پارتەکەی"[١]. ئیتر د.شوان و هەڤاڵەکانی بە فەرمانی بارزانی، برانە گەلاڵە بۆ مەکتەبی سیاسی پ.د.ك.ع تا لەوێ دادگایی بکرێن، لە ئاکامی دادگایی شۆڕشدا کە (حەبیب محەمەد کەریم) سکرتێری پارتی سەرۆکایەتی دەکرد و سەرۆکی دادگاکەش (عەزیز عەقراوی) بوو، بڕیاردرا هەریەك لە ڕێبەرانی پارتەکە د.شوان و چەکۆ و برووسك لە دار بدرێن و سۆرۆ و (مەلاعەبدولکەریم کەیهان)و د.هیشار ئازاد بکرێن. دواتر لە ١٩٧١/١١/٢٦دا تۆمەتباران لە سێدارەدران و پاشماوەکانیان لەسەر خواستی خۆیان برانە سوریا[٢]. لەم بارەیەوە ئۆزدەمیر دەڵێ:" د.شوان پێش لە دار دانی گۆتوویەتی بۆیە ئەو کارەم کرد تا سەعید ئاڵچی نەچێتە گەلاڵە و لەلای بارزانی گازاندەم لێنەکات "[٣]. د.شوان بۆ خۆیشی لە دادگەی شۆڕشدا ئەم پاساوانە دەهێنێتەوەو دەڵێ:" سەعید ئاڵچی هاریکاری تورکیای کردووە بۆ قۆڵبەستکرانی من، هەربۆیە لەڕێی دادگەی پارتەکەمەوە بە تاوانی غەیانبوون و خیانەت لە کورد بڕیاری کوشتنیماندا، بەلاّم هەڵەی من ئەوەیە پێش وەخت پرسم بە بارزانی نەکرد"[٤] ئیتر پاشماوەکانی پارتەکەی شوان بە هۆی ڕووداوەکەوە دەبن بە دووبەرەوە، بەرەیەکیان بە سەرۆکایەتی سۆرۆ (نازمی بالکاش) نامەیەك دەنێرن بۆ سەرۆکایەتی شۆڕشی باشوور و تێیدا ڕۆڵی (سەعید ئاڵچی) بە ئەرێنی دەزانن و د. شوان تۆمەتبار دەکەن، لەنامەکەی (سۆرۆ)دا هۆکاری ڕووداوەکە بە پلانی چەپەکان دەزانرێت و نێوی (تاریق زیائاکینجی)و (ناجی کوتلای)و (جانیب یەلدرم) هاتووەو نووسراوە بەفیت و فاتی پلانی ئەوان سەعید ئاڵچی کوژراوە. ئۆزدەمیریش دەڵێ:"سۆرۆ وتویەتی بە (ئیدریس بارزانی) کۆمۆنیستەکان لە دیاربەکر ئەو ڕووداوەیان بە

---

١ مسعود بارزاني: بارزانیو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی، ب٣، ل١٨٨ –١٨٩ .

٢ صبرية أحمد لافي، ألاكراد في تركيا - دراسة سياسية للحركة ألكردية ألمسلحة، معهد ألدراسات ألأسيوية، جامعة ألمستنصرية، بغداد،١٩٨٥، ل١١٥ .

3. Seîd Veroj:S, P,L.41 .

4. Seîd Veroj:H, S,L.99 .

پلانی (ئیدریس بارزانی) بلاوکردووەتەوە"[1]. دەکرێت کورتەی هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکە بەمجۆرە پێشچاوبخەین:

١. ئەو سەرکردانە لە نێوبران تا تورکیا ڕازی بکرێت لە بەرامبەر دەستێوەرنەدان لە ئۆتۆنۆمی باشوور، چونکە ئەو کات پ.د.ك.ع خوازیاری پێوەندی بوو لەتەك تورکیا[2].

٢. بەرپرسانی ئۆتۆنۆمی قەڵس دەبوون چەپەکان لە باکووری کوردستان بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ئاراستە بکەن[3]، چونکە سەرکردایەتی پ.د.ك.ع بۆخۆی لەتەك ڕەوتێکی لەوجۆردا گرفتی هەبوو، دەیەویست سەرکردایەتی لە دەستی کۆنەپارێز و بنەماڵەکاندا بێت[4].

٤. ڕژێم پشکی شێری لە ڕووداوەکەدا هەبوو، چونکە میت ئاگاداری ناکۆکییەکان بوو، بۆ نموونە لەنێو نەتەوەییە بەندکراوەکاندا وێنەی گۆڕ و شوێنی کوشتنەکەی سەعید ئالچی یان بلاوکردەوە[5]، هاوکات لە ڕادیۆ وە وەزیری دەرەوە ڕایگەیاند" هاوولاتیانمان لە نێوچەی ئۆتۆنۆمی دا دە کوژرێن" * [6].

لە ڕاستیدا ڕژێم دەیتوانی هەردوو سەعید ئالچی و د.شوان لە باکووری کوردستان لە نێوببات، بەلام هەربۆیە بەپلانی ئەوان ئەم کارەیان لە باشوور ئەنجامدا، تا درز بخەنە نێو پێوەندی نەتەوەییەکانی کورد لە هەردوولا[7].

---

1. Seîd Veroj:H, S,L.116 .

٢ نادر انتصار: س، پ، ل٧٠ .

٣ چاوپێکەوتن لەگەڵ ( نەوشیروان مستەفا)، سلێمانی،٢-٦-٢٠٠٩:-Seîd Veroj: H, S,L.111 113

٤ چاوپێکەوتن لەگەڵ( یە شار قایا)، هەولێر،٢-٢-٢٠٠٩.

5. Musa Anter :A,G,E,S.215

* کاتێك سلیمان موعینی بەپلانی ساواك لەلایەن شۆڕشی ئەیلولەوە دەکوژرێت، لە نێو کوردانی مەهاباد دا دەڵێن ئەوە برا کوردەکانتان کوشتوویانە .

6. Seîd Veroj: H, S,L.110 .

٧ هەڤاڵ جومعە:مێژوی پارتی کرێکارانی کوردستان ، ل١٥٨ .

٥. ڕۆژنامەکانی عێراق لە سەر زاری (هاشم عەقراوی) کە لە کوردستان دادوەر بوو، پاشان هەڵهاتبوو بۆ نێو حکومەت ڕایانگەیاندبوو :"ئەو ڕووداوە پلانێك بوو لە لایەن بارزانی و ئەمریکاوە داڕێژرا دژ بە تەڤگەری چەپ و شۆڕشگێڕی کورد، هەربۆیە د.شوان یان کردە بکوژ تا پاساوی کوشتنیان هەبێت، چونکە بەرەی خۆرئاوا لە ئەزموونی چەپ لە کوردستان نیگەرانبوون، ئەوەتا پێشتر شوان وتبووی:" وەزیری دادی تورکی لە لەندەن گۆتوویەتی ئیسرائیل هۆشیاری پێداوین، بارزانی پارتێکی چەپی دروستکردووە لە تورکیا"[1]. لە ڕاستیدا تاوانبار هەر باڵێك بێت ڕژێمی تورکیا براوەی ڕووداوەکان و پشکی شێریشی لە پلانەکاندا هەبوو. لەم بارەیەوە ئۆزدەمیر دەڵێ:"ئەو ڕووداوە پارتی ئێمەیش و شوانیشی تووشی شۆك و دۆڕانکرد".[2] هەروەها (ئیبراهیم گوچلۆ)دەڵێ:" ڕووداوەکە خۆکوژی بوو بەدەستی دوژمن"[3]. ڕاستەوخۆ کاردانەوەی ئەم ڕووداوە لە نێو هۆزەکانی باکووری کوردستاندا ڕەنگیدایەوە، تەنها لە (مەلازگورد) لە نێوان دوو هۆزی لایەنگری هەردوو پارتەکەدا ١٩ کوژراو کەوتەوە.[4] بەمجۆرە دەرهاویشتە نەخوازراوەکانی ڕووداوەکە تەنانەت ناکۆکی خزاندە نێو نەتەوەییە بەندکراوەکانیشەوە[5]. لەم بارەیەوە موسا عەنتەر دەڵێ:"شایەدحاڵم بەبێ ئەوەی هێزەکانی ئاسایش ڕۆڵیان هەبێ ڕێکخراوەکان لەدیاربکر یەکترییان دەبڕییەوە "[6]. هەر لە دەرهاویشتەکانی ئەم دابەشبوونەدا مستەفا توران یەکێك لەکادێرە باڵەکانی پارتی لەشاری دیابەکردا، بەنهێنی (پارتی دیموکراتی شۆڕشگێڕی کوردستانی) دامەزراند و دروشمی سەربەخۆیی

---

1. Seîd Veroj: H, S,L. 88.

2. Seîd Veroj:H, S,.L. 41 .

2. Seîd Veroj:H, S,.L. 99.

٤ إبراهيم ألداقوقي : س،پ، ل١٦٦ .

5.  Seîd Veroj:S, P,.L.110.

6.Musa Anter :A,G,E,S.215-216.

کوردستانی بەرزکردەوە، بەڵام لە ١٩٧٢ دا و لـە ڕەوشـتێکی نادیـاردا تێـرۆر کرا، ئـیتر لـەپاش خـۆی پارتەکـەی هەڵوەشـایەوە[١].پاشماوەکـانی پ.د.ک.ت لـەکۆتایی سـاڵی ١٩٧١ دا لــە شـاری دیاربــەکر دا کۆنفراسـێك دەبەسـتن و دەروێش سەعدۆ وەك سکرتێر هەڵدەبـژێرن، بـەڵام پـارتی بـەهۆی کوشـتن و گرتن و باری نائاسایی و سەربازیی وڵاتەوە لـە ڕەوشـتێکی زۆر شـاراوەو بـێ دەنگدا مایـەوە، لـەو قۆناغـەدا پـارتی نـەیارێتی هەرخواسـتێکی چـەپڕەویی دەکرد لە نێوخۆدا و دژی کادیرە دیموکراتخوازەکانی نێوخۆیشـی بـوو، ئـەم ڕەوشـە تـا ١٩٧٥بـەردەوام بـوو[٢]. هاوکـات بارەگـای سـەرکردایەتی (پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە تورکیـا) لـە زاخـۆ داخـراو دووچـاری گـرتن و دوورخستنەوە بوونەوەو[٣] (مەلا عەبدالکریم کەیهان)و (سـۆرۆ) لـە ئەنـدامانی سەرکردایەتی لەسەر خواسـتی خۆیـان چـوونە سـوریا[٤]و ( نەجمـەدین بیـوك کایا)و (عومەر چەتین) تا ٢٢ی شوبات لـە ناوچـەی بامـەڕنی سـەر بەقـەزای (ئامێـدی) مانــەوەو پاشــان لــە٢٦ی شــوباتی ١٩٧٢ دا لــە قامیشــلۆ دا گیرسانەوە[٥] *.

---

١ مدیریة ألأمن ألعامة:س،پ، ل٤-٨ .

٢ حرکة ألتحرر ألقومي ألکردستاني -ترکیا (کوك):س ،پ، ل١٤-١٥.

٣ نەوشیروان مستە فا : لەکەناری دانوبەوە.. ، ل٦٨ .

4. Seîd VEROJ.S. P.L 88

5. ŞefîQ Oncu :S,P,L.33

* هەوڵـدەدەن مـافی پەناپـەری لـە سـوید وەر بگـرن، بـەڵام گرفتیـان بـۆ دروسـت دەکـەن. (مألیمیسانیژ: عائلة جمیل پاشا دیاربکري، ل ١٥٨ ).

## باسی سێ هەم: پاشماوەی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا و دروستبوون و ڕۆڵی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد (کوك)

### یەکەم: پاشماوەی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا(پ.د.ك.ت):

ڕێکخستنەکانی پ.د.ك.ت بەدرێژای دەیەی حەفتا تەنها ڕێکخستنی کوردی بوون کە نوێنەرایەتی بزاڤی نەتەوەیی کوردیان دەکرد لە باکووری کوردستاندا، سەرکردایەتی پارتی لە ١٩٧٢دا سەرکردایتیەکی ڕاست و دوور لە هەموو کاریگەرییەکی چەپەکان مابووەوە[1]، پارتی بە پشتبەستن بە بناغەی ڕێکخستنەکانی لە نێو هۆزەکاندا کاریگەریی خۆی لە دەست نەدابوو[2]، بە تایبەتی لە نێو دەرەبەگەکانی هێڵی سنووری زاخۆو عەمادیە و لە نێو هۆزی گەورەی گۆیان و کوباندا[3]، هەروەها بەهۆی داکۆکییان لە بنەما ڕاسترەویەکانی پارتی عەدالەت پێگەی پارتی زیندوو ڕاگیرابوو[4]، ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی لە لایەن چەپەکانەوە بە ناتۆرەی نۆکەریکردن بۆ ڕژێم تەشەریان لێبدرێت[5]. لە ڕاستیدا ڕامیاری تورکیا بەجۆرێك بوو سیاسییە کوردەکانی لە نێو ڕێکخستنە نهێنییەکاندا دابەش کردبوو بۆ لایەنگیریی هەریەك لە پ.گ.ك و پارتی عەدالەت، چونکە ئەوان خۆیان بە نوێنەری چەپ و ڕاست دەزانی[6]. لەم بارەیەوە شەفیق قایا دەڵێ:"ئێمە وەك ڕێکخراوی

---

١ یألچین کوچك: داستان دوباره زیستن، خاطرات واندیشهای عبدألله اوج ألان، ت:محمد رئوف مرادی، انتشارات حمید، چ ا ، تهران،١٣٧٨،ل٢٠٥ .

٢ هەڤأل جومعه :مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان ، ل١٢٨ .

٣ مدرية ألأمن ألعامة: س، پ، ل٨٤ .

٤ ناصيف جاسم ألمطلبي : س، پ ، ل٣٦١ .

٥ هەڤال جومعه :مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، ل٩١.

6. Îbrahim Guçlu:S,P,L.32 .

خوێندکارانی پ.د.ک.ت، سەرکردایەتی پارتی بڕیاریدا لایەنگریی بۆ هیچ لە پارتە فەرمییەکانی تورکیا نەکەین لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٣ دا"[١].

لە ئاکامی سەرکەوتنی پ.گ.ک لە بەهاری ١٩٧٤دا لێبووردنێکی گشتی هەموو سیاسییەکانی کوردی گرتەوە، ئەمە هۆکارێک بوو تا دووبارە ژیانەوەی چالاکی پارتایەتی باکووری کوردستان بگرێتەوە، لەم ڕەوشەدا ڕیزەکانی پارتی لە نێوخۆدا لەبەردەم بارودۆخی کرانەوەی ئازادی سیاسی و سەرهەڵدانی گفتوگۆی هزریدا بوون[٢]. دەروێش سەعدۆ و عەلی دەینلەر جەماوەرێکی فرەیان لە ڕێکخستنە شاراوەکانیاندا گردکردبووەوە، بەستنی هەشتەمین کۆنگرەی خۆیان لە کۆتایی ١٩٧٤دا گرێدا[٣] و لە کۆبوونەوەی مەکتەبی نێوەندیدا خۆیان بۆ قۆناغی نوێ سازدا و بەرنامەیەکی نوێیان دانا کە گرنگترین بەندەکانی بریتی بوون لە:

١. مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد لە ڕێگەی شۆڕشێکی دیموکراسی و خەباتی گەلەوە دەبێت، هەربۆیە لە مادەی ٢ دا بۆ یەکەمجار دامەزراندنی هێزی چەکدارییان بڕیاردا .

٢. پ.د.ک.ت پاش دامەزرانی سوپای گەل، لە سەریەتی ناوچەکانی کورد لە هێزی چەکداری تورک پاک بکاتەوەو پێویستە بەرەیەکی دژە ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتی دروست بکات، کە چینەکانی گەلی کورد لە خۆ بگرێت .

٣. پارتی لە تەواوی چالاکییەکانیدا پشت بەهێزی جوتیار دەبەستێت .

٤. لە مادەی (٧) دا هاتبوو:"پێویستە سنووری کوردستان بەپێی هەموو تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان دیاری بکرێت."

٥. زاری کوردی پێویستە بە فەرمی بناسرێ و گرەنتی پەرەپێدانی زمانەکانی تر بدرێت کە لە کوردستان

---

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ(شەفیق قایا)، هەولێر، ٦-٣-٢٠٠٩.

٢ حركة ألتحررألقومي ألكردستاني –تركيا(كوك): س،پ، ل١٤.

٣ نەوشیروان مستەفا ئەمین: س، پ، ل ٦٨ .

٦.له مادەی (٦)دا هاتبوو:"ئیمپریالیزم دوژمنی کوردەو بە هاوپەیمانێتی لەتەك تورکیا کورد دەچەوسێنێتەوە.

٧. لە مادە(٢٩)دا هاتبوو:"پارتی پێوەندی لەتەك هەموو گەلانی ڕزگاریخوازو دەوڵەتانی ئازادیخواز لە سەر بنەمای دۆستایەتی دادەمەزرێنێت، بەتایبەتی ئەوانەی هاوسۆز و هاریکاری خەباتی گەلی کوردن[1].

بەڵام چەند هۆکارێك بوونە هۆی جێبەجێ نەکردنی ئەم بڕگانە لە وانە:

١. پارتی لە بارێکی زۆر نهێنیدا بوو، توانای سەربازی و مادی نەبوو، هەربۆیە ئەستەمبوو ئەم بەرنامەیە بخاتە بواری کردارەکییەوە، هاوکات بە بڕوای چەپەکان پارتی لە بەرنامەکەیدا هیچ گۆرانێکی ئەوتۆی لە بەرنامەی ١٩٦٥دا نەکردبوو، یاخود هیچ بوارێکیی بۆ وردە بۆرجواو و پێشکەوتووخوازەکان نەکردبووەوە[2] .

٢. نسکۆی شۆڕش لە باشووری کوردستان، ئەکتەرێکی پاڵپشتی بۆ تەڤگەری نەتەوەیی باکووری کوردستان لە دەستدا، ئەمەش بوو بەهۆی خێراتربوونی پرۆسەی تایبەتیبوونی جووڵانەوەی نەتەوەیی بەرەو چەپڕەویی، چونکە نەدەبوو ئیتر جووڵانەوەی کوردی درێژکراوەی باشووری کوردستان بێت، بۆ نەتەوەییەکانیش ڕوونبووەوە کە ئەمریکا و خۆرئاوا و ئیسرائیل و ئێران پشتیووانی کورد نین.[3] ئەم شکستەی شۆڕش بۆ پارتێك کە ڕۆحێکی ڕاستڕەویی بەسەریدا زاڵبوو، لە دەستدانی پشتیووانێکی سەرەکی بوو، لەبەرئەوە لە نێو پارتیدا دووبارە هزرو ڕەوتی جیا برەوی سەند. دیارترینی ئەو ڕەوتانە بریتی بوو لە ڕێکخراوی گەنجانی نێو پارتی، کە ڕەوتێکی شۆڕشگێڕبوون و بڕوایان بە سەربەخۆیی هەبوو لە خەباتی

---

١ جلیي جلیل وأخرون: ألحرکة ألکردیة، ل٢٧١ ;لازاریف :تاریخ کردستان، ل٣٢١-٣٢٢ .

٢ عبدألله أوج ألان : لقضیة ألتحرر ألوطنی ألکردستاني ، ل١٠٦.

٣ حەمید بۆز ئەرسەلان: س، پ، ل٩٠ .

سیاسـیدا[١] و لـه نێـو چـەپەکانی کـورد دا بـەڕیفۆرمخوازە نەتەوەییـەکان دەناسران [٢].

سەرکردایەتی پارتی بۆ تێپەڕاندنی ئـەم ڕەوشـە نوێیـە دووەم کۆنگرەی خۆی لە ١٩٧٥دا گرێدا.

لـەم کـۆنگرەدا گرووپـی لاوەکـان بـوون بـە دەنگێکـی بەرهەڵسـتکار و ڕەخنەی توندیان ئاراستەی سەرکردایەتی پارتی گرت لەبەر پەیوەستییان بۆ (پ.د.ک.ع). هەروەها داوایان کرد پێویستە چیتر داوای کۆمەك لە یەکێتی سۆڤیەت بکەن، بەلاّم لە بەرئەوەی ئەم خواستانە زیاتر لەلایەن ئەندامانی خوارەوەی پارتی بوو، نەیانتوانی بڕیارەکانیان بەسەر کۆنگرەدا بسەپێنن، سـەرکردایەتی پـارتیش هـەر لـە دەسـتی (دەروێـش ئـاکگلۆل)و نەتەوەییـە کلاسیکییەکاندا مایەوە [٣].

لەگەڵ ئەوەیشدا نوێخوازەکانی نێوپارتی توانیان بە ئاشکرا لە ژێر نێـوی چـەندین ڕێکخـراوی جەماوەریـدا بیروراکـانی خۆیـان بلاّوبکەنـەوە، لەوانـە: (کۆمەڵـەی مامۆسـتایانی شۆڕشـگێڕی دیمـوکرات)، (کۆمەڵـەی ئافرەتـانی شۆڕشگێڕی دیموکرات)[٤]، (یەکێتی لاوانی کوردستان)، هەموو ئەم ڕێکخراوانـە لـە زۆربـەی شـار و گونـدەکانی کوردسـتاندا دامـەزرابوون، هـەروەها ڕێکخسـتنەکانی خزانـدە ئەنقـەرە و ئـەزمیر و ئەسـتەمبوڵەوە [٥]. هاوکـات نووسینگەی (ڕووناکبیری و پەروەردەیی) بـۆ پێگەیانـدنی کـادیران کـردەوە، کە (شەفیق قایا) بەپرسی بوو، ئەم بەشە هەڵدەستا بەهانـدان و هوشـیاریی نەتەوەیی لاوان و گرنگیدان بە زاری کوردیی[٦].

---

1 Martin van Bruinssen: A,G,E,S.350.

2 Ûmit Özdag : Turkiye Kuzeyirak ve PKK , Aamy ayinlarin ,Ankara ,1999.S.42.

٣ حرکـە ألتحـرر ألقـومی ألکردسـتانی –ترکیـا(کوك):س، پ،ل١٤–١٥;چـاوپێکەوتن لەگـەل (عەبدولرەحمن گوندی) ، دهۆك، ١١ـ٢ـ٢٠٠٩.

٤ یوسف إبراهیم ألجهمانی: أوج ألان تورکیا و ألاکراد ، ل٤٢ .

٥ فاتح رەسوڵ :بنچینەی بیرۆکەی مێژووی چەپ، ل٩٤ .

٦ چاوپێکەوتن لەگەل (شەفیق قایا)، هەولێر،٦ـ٣ـ٢٠٠٩ .

ئۆرگانی فەرمی پ.د.ك.ت بریتی بوو لە رۆژنامەی (خـەبات) کـە لـەنێوان (١٩٧٥–١٩٧٧)دا، توانیان(١٠) ژمارە زۆر بەنهێنی بڵاوبکەنەوە[١]، هاوکات لـە ساڵی١٩٧٦ دا گۆڤاری (خەبات[*] ) وەك ئۆرگـانی فـەرمی پـارتی دەرچـوێنرا، کـە گرنگـی دەدا بـە بابەتـە وەرگێڕراوەکـان لـە عەرەبییـەوە تـا ڕەوشـی کوردستانی باشوور بخاتەڕوو، ئەم گۆڤارە تا ١٩٧٧بەردەوام بوو[٢] .

ڕێکخـراوی لاوانـی پ.د.ك.ت و بـاڵی گـەنج بـە بزووتنـەوەی ئـازادیخوازی نەتەوەیی لە تورکیا (کوك) دەناسران[٣]. ئەم ڕێکخراوە خوێندکارییە پێناسەی ڕامیاریی خۆی لە چوارچێوەی شۆڕشێکی دیموکراسـیدا، لـە ڕێگـەی خـەباتی چـەکدارییەوە بـە دروسـت دەزانـی[٤]، ئەمانـە بەسـەختی و هەڵەشـەیی کاریگـەربوون بـە مارکیسـزم و لینینیـزم و ڕێبەرەکـەیان (مسـتەفا فیسـڵی) بوو[*٥] .

لـە ڕاسـتیدا دوو هۆکـار بـوو بـەهۆی دەرکـەوتنی بـاڵی چـەپ لـە نێـو ڕێکخستنەکانی پارتیدا:

١. هۆکـارە دەرەکییـەکانی هـزری چـەپ کاریگـەرییان لەسـەر ئەنـدامانی (پ.د.ك.ت) هـــەبوو، بەتایبـــەت تێزەکـــانی هـــزری کۆمۆنیســـتی پـــارتی سۆشیالیستی کوردسـتانی تورکیـا پ.س.ك[**] کاریگـەریی بـەرینیان لـە سـەر دروستکردنی هزری چەپخوازانە لەنێو نەتەوەییەکانی پارتی بەجێهێشت[٦] .

---

1. Naci kutlay : Aniler ,S.562.

* بڕوانە بەرگی یەکەمی خەبات، پاشکۆی ژمارە(١٢).

2. Malmîsanij u Mahmùd Lewedî :S,P,L. 223.

٣ چاوپێکەوتن لەگەڵ ( عبدألرحمن گوندی)، دهۆك، ١١-٢-٢٠٠٩; چاوپێکەوتن لەگەل (شەفیق قایا)، هەولێر،٦-٣-٢٠٠٩ .. Naci kutlay : Aniler ,S.562.

4. Malmîsanij u Mahmùd Lewedî :S,P,L.210 .

٥ چاوپێکەوتن لەگەڵ ( عبدألرحمن گوندی)، دهۆك، ١١-٢-٢٠٠٩.

** بۆ ناساندنی (پەسەکە) بڕوانە باسی دووەمی بەشی چوارەم.

6. Dîrok/Tarîh,http://www.kurdistan.nu/psk/psk_dirok_tarih.htm

٢. نێوی شێوه ئاشکرای کوک پلانێکی نەتەوەییەکانبوو تا پارتە ڕەسەنەکە نەکەوێتە مەتەرێزی شالآوەکانی ڕژێمەوە [١].

لە هاوینی ١٩٧٧دا لە چیاکانی هەکاری پ.د.ک.ت بۆ یەکلاکردنەوەی ئالۆزی نێو ڕێکخستنەکانی چوارەمین کۆنگرەی خۆی گرێدا [٢]، ئەم کۆنگرەیە بۆ پارتی یەکلاکەرەوە بوو. هەندێك پێیان وایە جیابوونەوەی باڵی ناسراو بە کوك لە پ.د.ک.ت بوو[٣]. تا ئەم کۆنگرە سەرکردایەتی لە دەستی باڵی ڕاسترەو و نەتەوەییەکاندا مابوەوە، بەلآم لە هەمان کاتدا گەنجە چەپ و نەتەوەییەکانیش بەشداربوون، گەنجە چەپەکان لە ئەنجامی دووبارە هەڵبژاردنەوەی دەروێش ئاککۆل بە بێدەنگی نەمانەوە[٤]. هەربۆیە کودەتایان کرد بەسەر کۆنگرەکەدا و بەزەبر و زۆر مستەفا فیسڵی یان کرد بە سکرتێری پارتی و بەخواستی خۆیان پێڕەوێکی نێوخۆییان پەسەند کرد. کە تێیدا ئامانجی سەربەخۆیی شوێنی ئۆتۆنۆمی گرتەوەو بە ئاشکرا خۆیان بە پارتێکی مارکسی لینینی ناساند[٥]. ئیتر بە بەرزکردنەوەی دروشمە چەپڕەوییەکان توانیان لە نێو کرێکار و جوتیار و سەندیکاکاندا ببنە بەهێزترین ڕێکخستنی سیاسی لەسەر ئاستی باکووری کوردستان[٦]. چونکە پارتێکی ناسراو بوون لە نێو کوردا و بەنێوی (پارتی دیموکراتی کوردستان – کوك) یان زۆرجار بەنێوی کوك، بەلآم لە پێڕەودا هەر بەنێوی پ.د.ک.ت مابوونەوە. بەمجۆرە خەباتی شێوە ئاشکرایان دەکرد[٧] و دروشمی چەکدارییان وەك ستراتیژی گەیشتن بە ئامانج بەرزکردەوە.

---

١ چاوپێکەوتن لەگەل( شەفیق قایا) .

٢ منذرألموصلي :س،پ،ل٣٥٦

3. Edgar Öballance :op,cit,P.148 .

٤ چاوپێکەوتن لەگەل (شەفیق قایا)، هەولێر،٦-٣-٢٠٠٩ .

٥ حركة ألتحرر ألقومي ألكوردستاني – تركيا (كوك): س،پ، ل١٤ ; سامي عبدألرحمان :ألبديل ألثوري، ل١٣٨ .

٦ منذرألموصلي: س، پ، ل٣٥٦ .

٧ حركة ألتحرر ألقومي ألكوردستاني – تركيا (كوك): س، پ، ل١٤.

سەبارەت بڕیاری خۆپڕچەککردن (د.محەمەد ئیکرام) بەرپرسی باڵی سەربازی کوك دەڵێ:"چالاکی ڕامیاریی و ئاشتیانە لە تورکیادا گەشە ناکات تا خەباتی چەکداری و پارتیزانی لەگەڵ دا نەبێ" [1]. لەپاش کۆنترۆڵکردنی پارتی لەلایەن لاوە شۆڕشگێڕە چەپڕەوەکانەوە، کە نێوەندی سەرەکییان لە شاری مێردین بوو[2]، ئیتر (دەروێش ئاکگۆڵ)و (محەمەد عەلی دینلەر) دەستیان لەکار کێشایەوە، لە بەرامبەردا ئەندامە باڵاکانی کوك بریتی بوون لە (سەید خان)و(حەمید ئیسماعیل ئاغا)[3].

هاوکات هەستان بەپاککردنەوەی تەواوی ئەندامانیان لە لایەنگرانی ڕاستڕەو و نەتەوەیی کلاسیك [4]. سەبارەت بەم پاکسازییە (شەفیق قایا) دەڵێ:" ئەوە مەکری سیاسیی خۆمان بوو، ئێمە وەك گەنجە نەتەوەییەکان لەنێو کوکدا خۆمان حەشاردابوو، لەبەرئەوە ڕژێم تەنها نێوی کوکی دەزانی و پێی وابوو نێوی پارتی نەماوە، من بەرپرسی هەرێمی باتمان بووم و خۆشم بە کوك نازانم، لەبەر ئەوە کوك نێوێکی ڕەمزی بوو، پ.د.ك.ت ڕێکخستنە زیندووەکە بوو، من بۆخۆم بەرپرسی پەروەردەی کوك بووم "[4]، هاوکات مەلا و سەرۆك هۆزە نەتەوەییەکان هەندێکیان لەدەرەوەی کوك مانەوە و هەندێکیشیان بە نهێنی هەر بەنێوی پارتی کاریان دەکرد [5].

بۆچوونێکی تر جیا لە ڕوانینی شەفیق قایا هەبوو، پێیان وابوو کوك هەوڵێکی (میت) بوو بۆ تێکدانی ڕیزی پارتە نەتەوەییەکان، چونکە بەیارمەتی چەپەکان و یارمەتی دەوڵەت، لەکۆنگرەی ١٩٧٧ زاڵببوون [6]. لە ڕاستیدا چەپڕەویی لەنێو کوك دا تەنها دروشم و خۆ گونجاندنبوو لەتەك

---

١ فاتح رەسوڵ : بنچینەی بیرۆکەی چەپ، ل١٢٤ .

٢ بئوار أليما: اخرين مستعمره، ل٦٩ .

٣ عبدألفتاح علي يحى ألبوتاني : دراسات ومباحث، ل١٨٣ .

٤ حركة ألتحرر ألقومي ألكوردستاني – تركيا (كوك): س، پ، ل١٤–١٥ .

٥ چاوپێکەوتن لەگەڵ (شه فيق قايا)،هەولێر، ١١-٣-٢٠٠٩.

٦ چاوپێکەوتن لەگەڵ (عبدألرحمن گوندی) ،دهۆك، ٦-٣-٢٠٠٩.

ڕەوشی گشتی تورکیا دا، ئەگەرنا ڕێکخستنە نهێنییەکانی کوك ڕێکخستنێکی نەتەوەیی بوون، هەربۆیە کوك پێچەوانەی پارتە کوردیەکانیتر لەهەڵبژاردەنەکاندا خەڵکیان هان نەدەدا بۆ ئەوەی دەنگ بە پ.گ.ك بدەن[1]، تەنانەت سەبارەت بەوە (بلند ئەجەوید) نیگەرانی خۆی دەردەبڕی لەمەڕ سەرکەوتنی کوردە ڕایکالەکان لە پشگیریکردنی ئاڕاستەی ڕاسترەویی دا [2].

لە هەمان کاتدا کوك بەتوندی ڕەخنەیان لە چەپەکان دەگرت و نەیارێتی هەر هێزێکی چەپی کوردیی شۆڕشگێڕبوون لەنێوچەکەدا.[3] لەبەرئەوە خەباتی چەکدارییان کردبووە ئامانج، هەربۆیە لە ١٩٧٨دا چەندین مەفرەزەی گەریلایی لە نێوچە سنوورییەکانی ئێران و عێراق دروستکرد. عەبدولڕەحمان گوندی بەرپرسی سەربازی کوك دەڵێ:"مەفرەزەکان ئیسلاحی بوون و پڕوپاگەندەی سیاسیمان دەکرد، هەر مەفرەزەیەکمان(١٨) گەریلا دەبووین"[4]. بەگوێرەی زانیارییەکان لە پێش کودەتای ١٩٨٠ دا (کوك) زیاد لە (٥٠٠) چەکداریان هەبوو[5].

**دووەم: پەیوەندیە نێوخۆییەکان ( ١٩٧١–١٩٨٠):**

پ.د.ك.ت خۆی بە دایکی هەموو ئەو پارتە کوردیانە دەزانی کە لە پاش لێبووردنی گشتی ١٩٧٤ لە باکووری کوردستاندا دروستبوون[6]. لەبەرئەوە لەسەرەتاوە پەیوەندی دروستکردن لەتەکیاندا لاواز بوو، چونکە :

١. پارتەکانی تری بە بەشێکی دابڕاو لەخۆی و دروستبوونیانی لەسەر حسابی جەماوەرەکەی خۆی لێك دەدایەوە.

---

١ مديرية ألامن ألعامة: س، پ، ل١٨٤ .

٢ حەمید بۆز ئەرسەلان : س، پ، ل٩٧ .

٣ کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد ،ب٢، ل١٤٩ .

٤ چاوپێکەوتن لەگەڵ (عبدألرحمن گوندی)، دهۆك، ١١-٢-٢٠٠٩ .

٥ چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەدیجە یەشار)، سلێمانی، ٣-٣-٢٠٠٩ .

٦ چاوپێکەوتن لەگەڵ (شە فیق قایا) ، هەولێر، ١١-٣-٢٠٠٩.

٢. پارته چەپەكانی به هۆكاری دروستبوونی ناكۆییه هزرییەكانی نێوخۆی دەزانی [١].

٣. ڕێكخستنەكانی پارتی زۆر نهێنی بوون، سەركردایەتی پارتەكان نەیاندەزانی چۆن پێوەندی دروستبكەن و نەدەناسران.[٢*]

٤. تا كۆنگرەی ١٩٧٧ پ.د.ك.ت خۆی به بەرەیەك دەزانی له بەرامبەر تەواوی گرووپه چەپەكاندا، لەبەرئەوە ڕێكخستنه سەرەكییەكانی پ.د.ك.ت تەنها پێوەندیان لەتەك پ.د.ك.ع هەبوو، بەلاّم دوای كۆنگره ئەوانەی ڕێكخستنی نیوه ئاشكرای پارتی بوون و ئاراستەی چەپ بەسەریاندا زاڵبوو، لەتەك پارته فەرمی و نهێنییەكانی توركیا دا پێوەندیان دەكردو[٣] له هەڵبژاردنەكانیشدا ئەندامانی كوك دەنگیان بەكاندیده سەربەخۆكان دەدا ، وەلێ لەدوای ١٩٧٧، ئیتر له بڕی پێوەندی، ململانێ لەنێو پارته كوردییەكاندا دروستبوو، چونكه سروشتی پارته چەپەكان بەجۆرێك بوو له هەرشوێنێك یەكێكیان بەهێز بووایه بواری مانەوەی بەویتر نەدەدا[٤]. كوك یش وەك هێزێكی چەكدار لەنێو هۆزەكان و له ناوچه شاخاوی و سنوورییەكانی مێردین و دیاربكر و باتمان بەهێزببوون، ڕێبەرانی كوك زۆرینەیان سەر

---

١ چاوپێكەوتن لەگەڵ (عبدألرحمن گوندی)، دهۆك، ١١-٢-٢٠٠٩ .

*ئەندامانی كوك وا ناسربوون، كەڕا ستیەكان نادركێنن بۆ میت، هەر بۆیه دوای ئەوەی (مو حه مەد ئه مین )بەر پرسی (ماردین) قۆڵبەست دەكەن و هیچ نادركێنێ، ئیتر هەر هەڵسوڕاوێكی سیاسی ڕاستی نه دركاندایه دەیانوت كەواته تۆ(كوك)یت.(چاوپێكەوتن لەگەڵ عه بدولڕەحمان گوندی) .

٢ چاوپێكەوتن لەگەڵ (خەدیجه یەشار)، سلێمانی، ٣-٣-٢٠٠٩ .

٣ یو سف إبراهیم ألجهمانی : أوج ألان، ل٤٣.

٤ چاوپێكەوتن لەگەڵ (مه سعود تەك)، هەولێر، ٢٠-١٢-٢٠٠٩٨.( مەسعود تەك كوردێكی عەلەوییە، سأڵی ١٩٥٣ له دێرسیم له دایك بووه، چەپێكی شلڕەوی ریفۆرمخوازه و دەرچووی بەشی كیمیایه، سەركردەیەكی بألاّی پ.س.ك بوو، له كۆدەتای١٩٨٠ دەربازی توركیا بووەو له كۆنگرەی ٢٠٠٢ بووه بەسكرتێری پ.س.ك).

بــەهۆزە بەنێوبانگــەکانی ســیڤەرك بــوون[1]، کــاتیکیش پــارتی کرێکــارانی کوردستان (پ.ك.ك) بە ستراتیژێکی دژە هۆزایەتی و دەربەگایەتییەوە هاتــە کوردستان و لە بەرامبەر کۆمەڵە چــەپەکانیتر بــە زاری توندو زبــر هاتنــەگۆ، کــوك یــان بــە بەنەتەوەییــە ســەرەتاییەکان و سۆشیالیســتە شــۆڤێنییەکان دەناساند[2]. ئەم ڕەوشە بوو بە هۆکاری نزیکبوونەوەی کوك  لەتەك ڕێکخراوە چــەپەکانی وەك (کۆمەڵــەی فەرهــەنگیی دیمــوکراتی شۆڕشــگێڕ( د.د.ك.د)، کــاوە، ڕزگــاری، پ.س.ك)، چــونکە پ.ك.ك ئــەوانی بــە دروســتکراوی میــت دەزانی و  بەرنامەی بۆ نەهێشتیان دانابوو [3].

لــە ئــەدەبیاتی پ.ك.ك دا کــوك بەشــێکە لــە نەزمــەکانی چەوســانەوەی نەتــەوەی کــورد[4] و چــینێکی ئەرســتۆقرات و دەرەبــەگن و زادەی ڕامیــاریی تورکیان، لــە بەرامبەریشــدا کوك ئــەوانی بــەبێ مــوراڵ و بــێ ئــاین و ئــەنتی کولتــووریی کــورد دەناســاند[5]. پ.ك.ك پێــی وابــوو، میــت لــە ڕێگــەی وانــەوە گــرووپ دەنێرێتــە نێــو ڕیزەکــانی بــۆ ئــەوەی ســەرکردەکانی جووڵانەوەکــەی تێرۆر بکەن، پێیان وابوو گرووپی (بوزان ئەسلان)و (عەلی چەیتەر)  بە مەکرو پلانی کوك خزانە نێو پ.ك.ك وە لە  شاری عەلەوی نشینی(عەینتاب)، دواتــر تاوانبار کران بە کوشتنی ڕێبەری باڵای پ.ك.ك (هەقی قەرار)[6]. لەبەرامبــەردا ئەندامانی کوك پێیان وابوو پ.ك.ك دروســتکراوی ڕژێمــە و فاکتــەری جــەنگی نێوخۆیە دژی پارتە سیاسییەکانی کورد[7].

---

١ چاوپێکەوتن لەتەك (شە فیق قایا) ، هەولێر، ١١-٢-٢٠٠٩.

2. Michael M.Gunter:OP.Cit.P.25

3. Ûmit Özdag : Turkiye Kuzeyirak ve PKK ,S.42 .

٤ عبدألة اوج ألان: قضية ألتحرر ألوطني ألكردستاني ، ل٢٤٣ .

٥ أرام محمد علي : حزب ألعمال ألكردستانيي ومصيره، شؤون تركية عدد(٤)مركز ألكردستان للدراسات ألأستراتجية سليمانية، ٢٠٠٠،ل٤.

٦ هەڤال جومعە :مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان ، ل١٨٠–١٨١.

٧ چاوپێکەوتن لەگەڵ (شە فیق قایا) ، هەولێر، ٦-٣-٢٠٠٩.

گوتاری گشتی پ.ك.ك بوو بەهۆی ئـەوەی لـە ١٩٧٩ دا ڕێكخراوەكـان بـۆ نەیارێتی و پەراوێزخسـتنی پ.ك.ك گەلـە كۆمـە بكـەن، ئـەوەبوو (د.د.ك.د ، كوك، پ.س.ك ، ڕزگاری) تێكڕا (بـەرەی هاوكـاری نەتـەوەیی دیموكراسـیی) یـان لـە دیاربـەكر پێكهێنـا، ئـەم بەرەیـە لـە نێـو جـەماوەری كـورد دا وەك ڕووداوێكی مەزن پێشوازی لێكرا، چونكە لەو قۆناغەدا گرنگبـوو بەرەیـەك لـە نێو كورددا پێكبهێرێت[1]. سـەرەتا بـەیان نامەیـەكیان بـەنێوی یـەكێتی هێـزە نیشـتمانییەكان (UDG) بڵاوكـردەوە، كـە تێیـدا ئاماژەیـان بـە كـاركردنی هاوبەش دژی ئیمرپیالیزم و دامەزراندنی كۆمەڵگەیەكی ئازاد و كۆتایهێنـان بـە داگیركاری و هەوڵدان بۆ ڕێكخستنی خەباتی هاوبـەش خرابـووە ڕوو. چـونكە كـوك هـەوڵی دەدا بازنـەی خـەباتی بـەرەیی بـەرینتربێت، هەربۆیـە دووەم گردبوونەوەی (بـەرەی هاوكـاری نەتـەوەیی دیموكراسـی) لـەدوای ١٥ڕۆژ لـە ئەنقەرە گرێدراو ئەم لایەنانەش بەشداربوون : (پارتی كۆمۆنیستی توركیی)، (پـارتی كـاری تـوركیی)، (پـارتی كـاری سۆشیالیسـتی تـوركیی)، (ئـالأی ڕزگـاریی)، (نوێنـەرانی ڕۆژهـەلأت لـە پەرلـەمانی توركیـا) . ئەمانـە لەسـەر كۆمەڵێ ئامانجی گشتیتر ڕێكـەوتن[2]. لـە بەرامبـەردا پ.ك.ك زاری هەڕەشـەی دژی هەمووان بەكارهێنا[3] و لە مێردین شەڕێكی نێوخۆیی خوێنـاوی بـەرپابوو، كە چەندەها كەس لە نێویاندا كوژران، هـەروەها لـە قـەزای حـەزۆ و دیریـكو قزڵتەپە دا شەڕ هەڵگیرسا، دوایین شـەڕی نێوخـۆیی نێوانیـان لـە١٩٨٠ دا لـە باتمانـدا قـەوما.[4] بـەمجۆرە لـە مـاوەی(١٩٧٧–١٩٨٠) شـەڕێكی هـزری و نێوخۆیی تەواوی پارتە ڕامیارییەكانی باكووری كوردستانی گرتبووەوە.[5]

---

1. Faruk Aras : S,P,L.23 .

٢ مديرية ألأمن ألعامة: س،پ،ل٨٦ .

٣ جيرارد جالديان :س،پ،ل٨٩.

٤ چاوپێكەوتن لەگەل (عبدألرحمن گوندى) ١١-٢-٢٠٠٩..

5. Hamit boz arsalan: A,G,E.S.110 .

**سێهەم: پێوەندییە کوردستانییەکانیی( کوك ):**

لە پاش نسکۆی ١٩٧٥ سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، کە بە قیادەی مووەقەتە (ق.م)* نێو دەبران بەنهێنی هێزەکانیان ناردەوە بۆ نێو سنووری نێوان تورکیا و عێراق و لە ١٩٧٦/٥/٢٦ دا دیسانەوە بڕیاری شۆڕشیان دژ بە حکومەتی عێراق دا[١]، بۆ ئەم ئامانجەشیان ناوچە سنووریەکانی باکووری کوردستانیان کرد بە مەیدانی سەرەکی چالاکییەکانیان و بۆ یەکەمجار پێوەندیان لەتەك (دەروێش سەعدۆ)و (عەلی دینلەر) کردو تەنانەت وەك بەشێك لە ڕێکخستنەکانی ق.م هەڵیاندەسوڕاندن[٢].

سەبارەت بەو ڕاستییە مەسعوود بارزانی دەڵێ:"هەرگیز شۆڕشی گولانی ١٩٧٦ نە دەژیا و درێژەی پێ نەدەدرا، ئەگەر ئەو پشتگیرییە گەورە و خاوێنە نەبووایە کە پ.د.ك.ت پێشکەشی کردین" [٣].

هێزە چەکدارییە پەرتەوازەکانی ق.م لە ناوچەکانی ئولودرە، بەیت شەباب، گۆیان، قشوریان، جەزیرە، سلۆپی، مەرگە، رویزوك، جەبەل جودی دیسانەوە شوێنیان گرتوو بە هاریکاری پ.د.ك.ت توانیان ڕۆژنامەی (خەبات)و ئێزگەی دەنگی کوردستان لە١٩٧٦/٧/١ دا بخەنەوە گەڕ [٤].

---

* لەدوای شۆڕشی ئەیلول پ.د.ك.ع هەڵوەشایەوە، تەنها لقەکانی دەرەوە مابوون، مسعود بارزانی و ئیدریسی برای، لە نەغەدەی ڕۆژهەلاتی کوردستانو لە ئەیلولی ١٩٧٥ کۆمیتەیەکی نێوەندی نوێیان بەنێوی (ق.م) دروستکرد، کە بریتی بوون لە:(ئیدریس، مەسعود، سامی عبدألرحمن، عەلی عبدألله، نوری شاوەیس.(صلاح ألخرسان:ألتيارات ألسياسية فی کردستان ألعراق ،ط١،مؤسسة ،ألبلاغ بيروت،٢٠٠١،ل٢٤٦،٢٤٧).

١ صلاح ألخرسان : ألتيارات ألسياسية فی کردستان ألعراق ، ل٢٤٨-٢٤٩ .

٢ نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە ، ل٦٩-٧٠ .

٣ مەسعود بارزانی ، س،پ ، ب٣ ، ل١٨٨ .

٤ صلاح ألخرسان: ألتيارات ألسياسية فی کردستان ألعراق، ل١٤٩-٢٥٠ .

تەنانــەت پ.د.ك.ت ئەنــدازیاری شــارەزای دەنــاردن بــۆ بــەڕێوەبردن و دامەزرانــدنی ئێزگەكــەیان[1]. هــەروەها چــەندەها بنەماڵــەی پێشــمەرگەیان لەســنووری بــاكووری كوردســتان داڵــدە دابــوو، لەلایــەكی تــرەوە كــاری گواسـتنەوەی بریندارەكانیان لـە ئەسـتۆدابوو[2]، بـەمجۆرە تـەواوی سـنووری عێراق و توركیا كـەوتبووە دەسـت ق.م[3]. لـە ڕاسـتیدا پ.د.ك.ت بـۆ ئـەوەی جـەماوەری خۆیـان لـەنێو هۆزەكانـدا زیادبكـەن بـوون بـە پشـتیووانی ق.م. سەبارەت بەو پشگیرییە عەبدوڵلا ئۆجەلان دەڵـێ:" پ.د.ك.ت بۆ پاراسـتنی گیانیان لە باڵی چەپ، خۆیان پەیوەست كردبوو بە دەرەبەگ و هۆزەكانەوەو لە ژێر كۆنترۆڵی ق.م دا بوون"[4]. بەڵام سامی عەبدولڕەحمان دەڵێ:" بـەهۆی پێشكەوتن خوازیمان ساڵی ١٩٧٧پەیوەنـدیمان لەتـەك پ.د.ك.ت بـاش بـوو، كادیرەكانیان دەهاتنە بارەگاكانمان "[5]. لـە ١٩٧٦دا ی.ن.ك بڕیاریـدا هێـزە چەكدارەكانی لـە ناوچـەی بادینـان دژی ڕژێمـی عێـراق جـێگیر بكـات، بـەڵام پ.د.ك.ت هاریكاری ق.م كرد دژی ی.ن.ك لە جێگیربوونیـان بـۆ ناوچـەكانی سنووری بادینان[6]. چونكە سەركردایەتی یـەكێتی تـەنها دەبـوو لـە بـاكووری كوردسـتانەوە بێنـە بادینـان، لـە دەسـتپێكدا ق.م بـە هاوكـاری پ.د.ك.ت و سەرۆك هۆزەكانی كورد لەگوندی (ڕۆژبـول)ی سـنووری بـاكووری كوردسـتان

---

١ سامی عبدألرحمن : هەرلایەكی دەست بە شۆرش كرو جهی پیٚ خۆدێت ، گۆڤـاری مـەتین ، ژمارە (٤٠)، دهوك،١٩٩٠، ل١٤ .

٢ هاشم رمضان (أبوعنتر) :ألمحترقون ألكرد، ألحياة وألموت،ط١، أربيل، ٢٠٠٥،ل٢٢٦ .

٣ كەسایتیەكانی وەك (ماجد بەگی چەلی، فازلّی شوكری، ئاغای ئورەماری و یوسف بێرمـانی) لەتەك هۆزەكـانی وەك (هـەرتوش ، قەشـوری ، ژیركـی ، گـویی) بـە چاوپۆشـیٚ لێكردنـی توركیـا، یارمـەتی ق.م یـان دەدا .( نەوشـیروان مسـتەفا ئەمین:لـە كـەناری دانویـەوە، ل٩٦;عەلی تەتەر نێروەیی : بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی كورد.ل٧٩).

٤ عبدألله أوج ألان: قضية ألتحرير ألوطني ألكردستاني ل٢٤٣ .

٥ سامی عبدألرحمن : ألبديل ألثوري ، ل١٣٨.

٦ صلاح ألخرسان : س، پ، ل٣٧٥ .

هەستان بە کوشتنی عزەت سنجاری سەرۆکی مەفرەزەیەکی ی.ن.ك لە مایسی ١٩٧٦دا، هەروەها ئیبراهیم عەزۆو هاوڕێکانی لەئابی ١٩٧٦ دا لە لایەن ئەو هێزانەوە لێیاندرا[1]. لە ڕاستیدا لەسەرەتاوە هەندێك لە مەفرەزەکانی ق.م لە چەکدارەکانی پارتی (کوك) پێکدەهاتن و لە چالاکییە چەکدارییەکاندا بەشدار دەبوون. ناچار ی.ن.ك هەوڵی دەدا پێوەندی لەتەك کوك هێوربکاتەوە، تەنانەت (دەروێش سەعدۆ)ی سەرۆکی پارتەکەیان بانگهێشت کرد بۆ سوریا، بەلاّم بێ ئاکام بوو[2]. (سیراجین بیلگین) لە سەرکردەکانی پ.د.ك.ت هەوڵی دەدا ڕێکخراوە چەپەکانیتر واتێ بگەیەنێ کە ی.ن.ك بەپشتیوانی فرۆکەی عێراق و هاوکاری (بلّند ئەجەوید) نیازی هەیە شالأو بەرێتە سەر ناوچە کوردییەکانی باکووری کوردستان[3].

لە ڕاستیدا گرنگترین هۆکارەکانی پشتیووانی پ.د.ك.ت(کوك) و ق.م بریتی بوون لە:

١. هۆکاری ئایدیۆلۆژی ڕۆڵی فرەی هەبوو، چونکە کوك پارتێکی نێزیك لەبنەماڵەی بارزانی بوو.

٢. لەنێو کوکدا دووباڵ هەبوون، ئەو باڵەی کە راسترەو بوون و لە هۆزە سنوورییەکانەوە نێزیکبوون و خاوەن چەك و جبەی سەربازیی بوون و یارمەتی ق.م یان دەدا، لە بەرامبەردا باڵی چەپی شۆڕشگێڕ کە گەنجەکان بوون، دژی ئەم هاوکارییە بوون. لەم بارەیەوە (عەبدولڕحمن گوندی) دەڵێ:"لە پایزی ١٩٧٨دا، تەنها ١٠٠پێشمەرگەی ق.م هەبوون لە ناوچەکەدا، ئێمە پشتگیریمان کردن و داوامان لە عەشایەر و لایەنگرانی خۆمانکرد بکەونە شەڕکردن و وێزەی چەکدارانی یەکێتی، کە ئێمە هێرشمانکرد تێکشکان و

---

١ نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە.ل٩٥-٩٦.

٢ ژیان عەمەر: قەهرەمانێ چوار سنورا شەهید،عەمرێ لەعلێ، چاپخاناهاوار، دهوك،٢٠٠٥.ل٤١.

٣ چاوپێکەوتن لەگەل خەدیجە یەشار، سلێمانی،٣-٣-٢٠٠٩.

(عەلی عەسکەری)و د.خالید بەدیلگیران‌و دواتر عومەر دەبابە و کوڕێکی (عەلی عەسکەری)م دەربازی سوریا کردن بۆ ماڵی خۆمان[1]".

٣. ڕژێمی تورکیا بۆیە ئەو زەمینەیان ڕەخساند بۆ هێزەکانی ق.م و کوک و سەرۆك هۆزەکان تا جارێکی تر شۆڕش لە باشووردا ڕوونەداتەوە، بۆ ئەو مەبەستەیش وڵاتانی هەرێمی هاوکاری یەکتر بوون.

٤. زاری کرمانجی و ناوچەگەرێتی ڕۆڵی مەزنی هەبوو، سەرانی ق.م و کوك هاوزار بوون، پێوەندی هۆزایەتی زاڵببوو بەسەر پێوەندییە نەتەوەییەکاندا. پێوەندییەکانی ق.م و کوك لە دوای ڕووداوی هەکاری زۆر بە هێز ببوون، تەنانەت کوك بەشداربوو لە کۆنگرەی ٩ی پ.د.ك.ع لە ١٩٧٩/١١/٤ دا، کە نێزیك شاری ئورمیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسترا[2]، لە بڕیارە ڕامیارییەکانی کۆنگرەی نۆهەمی پارتیدا هاتبوو:" هاوکاری و پشتگیریی تەواوی خەباتی گەلی کورد دەکەین لە تورکیا و ناڕەزایی دژی سیاسەتی بە تورك کردن دەردەبڕین و خوازیاری لابردنی حوکمی عورفین"[3].

هاوکات پێوەندی کوك لەتەك ڕێکخستنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی حدکا پێوەندییەکی دۆستانە بووەو لە سەر بنەمای هاونیشتمانی بوون بووە، بەڵام بە کردەوە لە نێو کاری سەربازی یەکتریدا بەشدار نەبوون [4]. ئەندامانی کوك عەبدولڕەحمان قاسملۆ یان وەك ڕێبەرێکی نەتەوەیی کورد زانیوە و خۆشیان ویستووە[5]. هەربۆیە لە کۆبوونەوەی مهابادی نێوان پ.د.ك.ع و حدکا، هەریەك لە نوێنەرانی

---

١ فاتح رسول: بنچینەی بیرۆکەی مێژووی چەپ ، ل١٣٠ .

٢ صلاح خرسان : س،پ ، ل٢٥٦ .

٣ حبيب محمد كريم : تاريخ حزب الديمقراطي ألكردستاني –ألعراق فى محطات رئيسية، مطبعة خبات، دهوك، ١٩٩٨،ل٣٩١ .

٤ چاوپێکەوتن لەگەل (جەلیل گادانی)، کۆیە، ٥-٥-٢٠٠٩.(جەلیل گادانی سألی ١٩٣٤ لە مهاباد هاتووەتە دنیاوە، لە حەفتاکانەوە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حدکا یە) .

٥ هۆشمەند عەلی شێخانی: عبدألرحمن قاسملو- ژیان و رۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوریدا١٩٩٠–١٩٨٩،چ١،چاپخانەی شەهاب ، هەولێر،٢٠٠٧ل١٦٠ .

پ.د.ك.تو حزبی شیوعی عێراق(ح.ش.ع) ڕۆڵیان بینی بۆ ئەوەی ئەو دوو پارتە لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەنەوەو هاوکاری یەکتربن، تا هاریکاریی حکومەتە داگیرکەرەکان [1].

لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا پێوەندییەکانی نێوان ئێران و تورکیا تێکچووبوون، بەشێوەیەك هەردوولا یارمەتی بەرهەڵستکارانی یەکترییان دەدا [2]، بەلام کوك نەیتوانی کەلك لەو بارودۆخە وەربگرێت، لە بەرئەوە بەدەر لە پێوەندییەکی دۆستانە هیچ ڕێکەوتن و بەرنامەیەکیان بۆ هاوکاری و هەماهەنگیی یەکتری نەبوو لەتەك پارتە کوردییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا.

هاوکات لەتەك ح.ش.ع [*]، یەکەم پەیوەندییان لە ساڵی ١٩٧٨دا دروستبوو لە سوریا. لەم بارەیەوە (کەریم ئەحمەد) ئەندامی مەکتەبی سیاسی ح.ش.ع دەڵێ:"پاش ئەوەی پێوەندیمان لە گەڵ بەغداد تێکچوو، هەڵهاتین بۆ سوریا، لەوێ پێوەندیمان لەگەڵ کوك دروست کرد"[3]. زۆرینەی کادیرە سیاسییەکانی کوك سێ مانگ پێش ڕوودانی کۆدەتای ١٩٨٠ چوو بوونە ڕۆژئاوای کوردستان، کە نزیکەی١٠٠٠ ئەندام دەبوون[4]. هەروەها بارەگا سەربازییەکانیشیان لە پێش کودەتادا لە نێوچەی (شرناخ) بوو، دواتر

---

١ فاتح رسول:صفحات من تاریخ كفاح ألشعب ألكوردی، ت. كمال غمبار،ط١، چاپخانەی کارۆ، سلیمانی، ٢٠٠٦، چ١، ل٤٠٨ .

٢ هەمان سەرچاوە، ل١٣٥-١٣٦.

* ح.ش.ع سأڵی١٩٣٥دامەزرا، لەپەنجاکاندا بەهێزترین پارتی شیوعی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بوو زۆر لە سەرکردەکانی کوردبوون، لەوانە عزیز موحەد١٩٦٣-١٩٩٠سەرۆکی بووە.(مایکڵ گەنتەر : س، پ، ل١١٢ ).

٣ بیرەوەرییەکانی کەریم ئەحمەد : ڕێڕەوی تێکۆشان ، و. جەلال دەباغ،چ١چاپخانەکانی ڕەهەند، سلێمانی ٢٠٠٧،ل٣٧٠ .

٤ گفتوگۆ لەگەل شەفیق قایا، هەولێر، ٦-٣- ٢٠٠٩ .

هەموویان ڕوویانکردە (یەك ماڵە)و (خڕی نێو زەنگ)* [1] و هەر لەوێ ئەندامانی کوك لەگەڵ ح.ش.ع پێوەندییەکی زۆر بەهێزیان دروستکرد، تەنانەت ئەم پێوەندییەی نێوان کوك و شیوعی بوو بەهۆی ناڕەزایی پ.د.ك.ع، چونکە لەوە نیگەرانبوون کە شیوعییەکان لایەنگریی لە پارتێك دەکەن لە ناوچەی بادیناندا کە پێشتر یارمەتی ی.ن.ك یان داوە بۆ هێنانی چەك دژی پارتی[2].
دیارە پارتی لێرەدا مەبەستی باڵی چەپی نێو کوك بوو، چونکە باڵی ڕاسترەو لە گرژییەکاندا لەگەڵ یەکێتی، لایەنگیریی پارتی بوون. لە١٩٨٠دا ئەندامانی کوك بە کاریگەری ح.ش.ع ناکۆکییان تێکەوت و ڕێکخستنە نهێنییەکەی نێویان بە نێوی کوك جیابوونەوە[3]. سەبارەت بە ناکۆکییەکانیان عەزیز محەمەد دەڵێ: "ئێمە دەستمان وەرنەدەدایە نێوخۆی کوك، بەلأم ئەندامەکانیان کاریگەربوون بە هزر و بەرنامەی ئێمە" [4].* لە ڕاستیدا پارتی

*نێوزەنگ دەکەوێتە لای شاخی مامەندەوە لە ڕۆژهەلاتی قەلأدزێ ، ماوەی دوو سال ببووە مەلبەندی هێزە کوردییەکانی هەر چوار پارچەکە. فاتح رسول: صفحات، ج١، ل٧١
١ گفتوگۆ لەگەل عەبدولڕحمن گوندی، دهۆك، ١١-٢-٢٠٠٩ .
٢ بڕوانە دەقی نامەیەکی (ح.ش.ع) لەم بارەیەوە، پاشکۆی ژمارە(١٣).
٣ گفتوگۆ لەگەل عەبدولڕحمن گوندی، دهۆك، ١١-٢-٢٠٠٩ .
٤ چاوپێکەوتن لەتەك (عەزیز موحەمەد)، هەولێر،٥-١-٢٠٠٩.(عەزیز محەمەد کەسایەتی ڕامیاریی کوردە و ١٩٣٣ لەدایك بووە لە هەولێر، لە ١٩٦٣ تا ١٩٩١ سەرۆکی ح.ش.ع بووە).
*مەکتەبی هەرێمی شیوعی نامەیەکی نارد بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی و داوای کرد سنوریٚ بۆ هەڕەشەکانی کادێرانیان دابنێت کە داوایان لێ دەکەن لەگەل کوك پێوەنەی نەکەن، بەپاساوی ئەوەی ڕابردویان لەگەل پارتی چاك نییە. پارتی وەلأمیان دایەوە نوسیبوویان دلخۆشین بە پەیوەندیتان لەگەل کوك، بەلأم ئەوان لەرابردوودا دژی ئێمە بوون ، هەروەها پێمان وایە کوك ، پەیوەندی لەگەل شیوعی ئیستیغلال کردووە دژی پارتیمان، چونکە (عەبدولڕحمن گوندی) چەك و مادەی بۆ یەکێتی بەکار هێناوە دژی پارتی.( فاتیح ڕەسوول : چەند لاپەرەیەك لەخەباتی گەلی کوردمان،چ١، سوید،١٩٩٢، ب٣، ل١٧٦-١٨٣) .

بۆیە نەیاری کوک بوو، چونکە لە نێو ڕێکخستنەکانیاندا ئاراستەی چەپی شۆڕشگێڕ زاڵببوون و ئیتر بڕوایان بە پەیوەستبوون بە بنەماڵەی بارزانییەوە نەمابوو. هەروەها کوک نەیتوانی کەڵك لە ڕەوشی ئاڵۆزی تورکیا وەربگرێت، لەبەر ئەوە تا کودەتای ١٩٨٠ هیچ دەستکەوتێکی گەورەی نەبوو، چونکە گرفتەکانی نێوخۆی زیاد ببوون، هەروەها زۆربەی ئەندامەکانی گەنج و کەم تەمەن بوون و ڕێبەرێکی لێوەشاوە و کارێزمایان نەبوو[1]. لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ ڕوودانی کودەتادا کەمترین زیانیان بەرکەوت لە چاو پارتەکانیتر، چونکە:

١ . بنکە گەریلاییەکانی خۆیان لە نێو چیا سنوورییەکاندا ئامادەکردبوو.

٢. پێگەی جەماوەری و ئەندامەکانیان زیاتر نێزیکی سنووری سوریا و عێراق بوو، کەواتە کەمتر دەکەوتنە مەتەرێزی سەربازەکانەوەو بە ئاسانی لەو ڕەشبگیرییە قوتاربوون[2].

---

١ گفتوگۆ لەگەل عەبدولڕحمن گوندی، دهۆك، ١١-٢-٢٠٠٩ .

٢ چاوپێکەوتن لەگەل (شەفیق قایا) ، هەولێر، ٦-٣-٢٠٠٩ .

## بەشی چوارەم

# ڕێکخستنە سەربەخۆکانی چەپی کورد

## (١٩٨٠-١٩٧٤)

### باسی یەکەم: کۆمەڵەی فەرهەنگیی دیموکراتی شۆڕشگێڕ (د.د.ك.د)و دروستبوونی ڕەوتە چەپەکانی کورد

**یەکەم: دامەزراندن و دابەشبوونی ڕێکخستنەکانی د.د.ك.د لە ئەنکەرە و ئەستەمبوڵ:**

بە دەرچوونی یاسای لێبووردنی گشتی زیندانییە سیاسییەکان لە تەمووزی١٩٧٤دا، ئەو کورد پەروەرانەی لە گرتووخانەکانی تورکیا ئازادکران، لەگەڵ ئەو کوردە هەڵهاتووانەی کە لە ئەورووپا و باشووری کوردستان خۆیان داڵدەدابوو، سەر لەنوێ زەمینەی چالاکی سیاسییان لە تورکیا بۆ ڕەخسایەوە، ئەوکات ڕەوتەکانی چەپی کورد پێکهاتبوون لە چەندین ڕەوتی شوێنکەوتەی چەپی سۆڤیەت و چەپی چین و ترۆتیسکی و*[1] لایەنگرانی (پارتی کۆمۆنیستی ئەلبانی). هەموو ئەم ڕەوتانە لە سەرەتاوە لە ڕێکخستنێکی دیموکراتیی فرە بۆچووندا، کە تەنها کوردبوون بەس بوو بۆ ئەوەی لە یەکتر نێزیکببنەوە. ساڵی ١٩٧٤ هزرە جووداکان یەکیانگرت و ڕێکخراوێکی دیموکراسییان بەنێوی کۆمەڵەی فەرهەنگیی دیموکراتی شۆڕشگێڕ (د.د.ك.د) دامەزراند.[2] لە یەکەم کۆبوونەوەدا

---

* ترۆتسکیەکان سەر بە تیۆری بزووتنەوەیەکن کە لەلایەن لیۆن ترۆتسکی (١٨٧٩–١٩٤٠) هاتە ئاراوە، ترۆتسکی خۆی بە مارکسی شۆڕشگێڕ دەزانیو لایەنگریی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا بوو.(زاهیر موحەمەدیو یاسین حاجی زادە: س، پ، ل٩٣–٩٤).

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ ( خەجیجە یەشار)، سلێمانی،٣–٣–٢٠٠٩ Kristina Koivunen:op,cit,p.106;

٢ چاوپێکەوتن لەگەڵ(مستەفا ئاکسەقاڵ ریسیپی)،هەولێر،٥-٢-٢٠٠٩.

دامەزرێنەرانی بریتی بوون لە: روشدی موتەوەلی زادە، ئیکرام دەلەم، فازیل کیرام، عەلی تەشەر، عیسمەت ئاتەش، ریفات ئیلهام، ڕەشید دەلەك، یالچین چەقژ، مستەفا ئەکساقال ، ئیبراهیم گوچلو[١].

سەرەتا دامەزراندنی د.د.ك.د تەنها لەپێناو کوردایەتیدا بوو، هەربۆیە وەك ڕێکخراوێکی فەرمی خۆی ئاشکرا نەکرد، بەلاّم بە ئاشکرا توانییان لە نێو زانکۆ و پەیمانگەکاندا خۆیان پیشانبدەن و نێوەرۆکی ڕێکخستنەکەیان بشارنەوە، ڕێکخراوەکە بەسەرۆکایەتی عیسمەت ئەتەش بەڕێوبەرایەتییەکی (٥) کەسییان پێکهێنا، کە بریتی بوون لە: عەلی تەشەر، یالچین چەقژ، ڕەشید دەلەك، موستەفا ڕیشسپی. پاش ماوەیەك سەرۆکایەتی ڕێکخراوەکە درا بە عەلی تەشەر، دوای ئەویش مستەفا ئاکسەقاڵ بوو بە بەرپرسی د.د.ك.د لە ئەنکەرە[٢].

د.د.ك.د خاوەنی یەك پێڕەو و بەرنامەی نێوخۆیی دیاریکراو نەبوو، بەڵکو بازنەیەکی دیموکراتیی فراوان بوو، لە نێویدا هەر گرووپەی بەجیا هزری کوردانەی خۆی نومایان دەکرد، چونکە هەرگرووپەی بەرنامە و باوەڕەکانی خۆی لە زیندانەوە بە نەزمێك گەلاّڵە کردبوو.[٣] لە هەمان کاتدا لە ئەستەمبوڵ خوێندکارانی زانکۆ و کرێکارانی کورد بڕیاری دامەزراندنی د.د.ك.د یان دا، دیارترین دامەزرێنەرانی بریتی بوون لە: محەمەد زەکی ئەکچولو، مەحموود فورات، نورەدین حوسێنی[*][٤].

---

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ(مستەفا ئاکسەقاڵ ریسپی)،هەولێر،٥-٢-٢٠٠٩;Ibrahim Guclu:s,p,l.2

٢ چاوپێکەوتن لەگەڵ(مستەفا ئاکسەقاڵ ریسپی)،هەولێر،٥-٢-٢٠٠٩.

٣ چاوپێکەوتن لەگەڵ ( خەجیجە یەشار)، سلێمانی،٣-٣-٢٠٠٩; کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ل ١٤٢.

* محەمەد زەکی کوردی شاری خارپوت بوو، مەحمود فورات کوردی ئایدیامان بوو، نورەدین حوسێنی خوێندکارێکی سلیڤان بوو.

٤ چاوپێکەوتن لەگەڵ (داود حەسەن کرۆن)،هەولێر، ٢٠-١-٢٠٠٩; چاوپێکەوتن لەگەڵ (یەشار قایا)، هەولێر، ٢-٢-٢٠٠٩.

هەردوو لقەكانی ئەنكەرە و ئەستەمبوڵ پێوەندیی بەهێزیان لە نێواندا دروستبوو، چالاكییەكانیان بە شێوەیەكی گشتی دژایەتی بیری فاشیزم بوو لە نێوەندەكانی زانكۆدا، هاوكات خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی و كۆبوونەوەی جەماوەرییان ڕێكدەخست. بۆ نموونە گرنگترین چالاكیی ڕێكخراوی ئەنكەرە بریتی بوو لە بەهاناوەچوونی ئەو كوردانەی كە لە ئاكامی زەمین لەرزەكەی شاری ئیجە ١٩٧٥ ئاوارە ببوون. بەڕێوبەرایەتی ئەنكەر سەرۆكی شارەوانی ئەنكەرەیان ناچار بە كۆمەكی ئاوارەكان كرد، هاوكات دژ بە بێباكی دەوڵەت لە ڕووداوەكە سەرپەرشتی پرۆتستۆی جەماوەرییان لە (لیجە) كرد. لە هەمان كاتدا لە شاری دیاربەكریشدا پرۆتستۆی هەڵوێست و كەمتەرخەمیی دەوڵەت كراو مستەفا ئاكسەقاڵ بە توندی وتاری دژی دەوڵەت خوێندەوە. هەروەها لە ئاكامی دەستدرێژی و كوشتنی ٢٠ هاووڵاتی لە (ویرانشەهر)ی سنووری سوریا لە ئەستەمبوڵ و ئەنكەرە خۆپیشاندانی جەماوەری بەڕێوەچوو، هاوكات لە (ویرانشەهر)دا خەڵكیان هاندا بۆ نەیاریكردنی ڕامیاریی دەوڵەت، بە شێوەیەك ڕاگەیاندنی ڕژێم و ڕۆژنامەكانی ئاماژەیان بە هەڵگەڕانەوەو جوداخوازی دەكرد لە (ویران شەهر)دا[1]، ئەم جموجووڵانەی ڕێكخراوەكە زیاتر بایەخ و مەترسییەكانی ڕێكخراوەكەی لە لای ڕژێم دیاری دەكرد.[2]

دواجار دوو هۆكار بوو بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی هەردوو لقی ڕێكخراوەكە لە ئەستەمبوڵ و ئەنكەرەدا:

١. چالاكی ئەندامانی باڵای د.د.ك.د بە ئاشكرا بوو. لەم بارەیەوە مستەفا ئاكسەقاڵ دەڵێ:" پۆلیسی تورك چاودێری دەكردین و دەیزانی من لێپرسراویانم"، لە بەرئەوە پاش ئەوەی چەند چالاكییەكی فراوانیان لە كوردستان ئەنجامدا، زۆربەی ڕێبەرەكانیان و سەرۆكی ڕێكخراوەكە

---

١ چاوپێكەوتن لەگەڵ (مستەفا ئاكسەقاڵ ریسیپی)، هەولێر، ٥-٢-٢٠٠٩.

2. Michael M.Gunter:OP,CIT,P.25.

مستەفا ئاکسەقاڵ قۆڵبەست کران[1]. ئەم شالاّوی قۆڵبەستکردنە هۆکاری پەرتەوازە بوونی گرووپە ئایدیۆلۆژیە جیاوازەکانی نێو ڕێکخراوەکە بوو، چونکە بۆچوون لەسەر گۆڕینی شێوازی چالاکی هاتبوویە ئاراوە[2].

٢. د.د.ك.د بەرنامەیەکی دیاریکراوی نەبوو، تا گرووپە جیاوازەکان لە سەر جۆرێك لە سیاسەت ڕێکبخات، لەم بارەیەوە مستەفا ئاکسەقاڵ دەڵێ:"هەندێکمان کارابووین و بە ئاشکرا چالاکیمان دەکرد، هەندێکیشمان شاراوە بووین و لە پراکتیکدا نەبووین". هاوکات لەنێو د.د.ك.د ی ئەستەمبوڵ گرژی ئایدیۆلۆژیی لەنێوان ئەوانەی پێداگیرییان لە مەڕ توندوتیژی و خەباتی چەکداریی بوو، لە تەك ڕیفۆرمخوازەکان و شلڕەوەکان پەرەی سەند٣، ئەم ناکۆکییانە بوونە هۆی لێك جودابوونەوەی گرووپە جیاوازەکان، ئیتر ئەوانەی لێك نێزیکبوون بەیەکەوە گرووپ و پارتی سەربەخۆیان دامەزراند.

**دووەم: د.د.ك.د ی کوردستان (پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا)**

**١. دامەزراندن، ئامانج، چالاکی**

د.د.ك.د لە باکووری کوردستاندا وەك نێوێك بۆ ڕێکخستنە شاراوەکانی (پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا)* بەکاردەهات، پێکهاتەی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە بریتی بوو لە پاشماوەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان لەتورکیا)، کە ١٩٧٠ د. شوان لە ئەنکەرە دایمەزراندبوو، لە پاش کوژرانی د.شوان ئەندامانی پارتەکەی لە ٢١ی شوباتی ١٩٧٢ باشووری کوردستان

---

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ (مستەفا ئاکسەقاڵ ریسیپی)، هەولێر، ٥-٢-٢٠٠٩.

2.Ibrahim Guclu:s,p,l.65.

٣ چاوپێکەوتن لەگەڵ (داود حەسەن کرۆن)، هەولێر، ٢٠-١-٢٠٠٩; چاوپێکەوتن لەگەڵ (مستەفا ئاکسەقاڵ ریسیپی)، هەولێر، ٥-٢-٢٠٠٩.

* نێوی پارتی کرێکارانی کوردستان یەکەم جار ئەم ڕێکخراوە بەکاریان هێنا، دواتر ئاپۆچییەکان کردیان بەنێوی فەرمی خۆیان.

جێدەهێڵن و ڕوودەکەنە (قامیشلۆ)، دیارترین بەرپرسەکان بریتـی بـوون لـە: نەجمەدین بیوك کایا و عومەر چـەتین. ئەنـدامانی بـالاْ بـۆ یەکـەمجار لـەماڵ ئەکرەم جەمیل پاشا ڕێکخستنەوەی پارتەکـەیان لـە فـۆرمێکی نوێـدا گەلاڵـە کرد،[١] هاوکات ڕێکخستنەکانی کورد لە سوریا یارمـەتی خـۆ ڕێکخسـتنەوەیان بوون، سەلاّح بەدرەدین کە ئەوکات بەرپرسی (کۆمەڵەی کوردیی رووناکبیری) بوو، هاریکاری ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانیـان دەکـات[٢]. هـەروەها بـۆ ئـەوەی بەهرەمەنـدبن لـە ئـەزموونی تێکۆشـانیان، پێوەنـدی لەتـەك کەسـایەتییە دێرینەکانی کوردی سـوریا ڕێکدەخـەن. لەوانـە مەمـدوح سـەلیم[٣] و د. نـووری دەرسیمی. هاوکات نەجمـەدین بیـوك کایـا لـە ٢٢ ئـەیلوولی ١٩٧٢ لـە سـوید مافی پەنابەری وەردەگرێت، لەوێ لەگەڵ کوردی ئەورووپا پێوەندی دروسـت دەکات[٤]. دواجار لە٢-٤-١٩٧٤ دا بە ئامادەبوونی هەریەك لە نەجمەدین بیـوك کایا، عومەر چەتین، عومەر ئۆز سۆکمێنلەر ، سۆرۆ (نازمی باکتـاش)و چـەند ئەندامی تر لە بەیروت گرددەبنەوە بۆ تاوتوێکردنی بەرنامەی پارتێکی نـوێ، لەو کۆبوونەوەیەدا دەستوورێکی نوێ لە لایەن نەجمەدین و سۆرۆ دەخرێتـە ڕوو. ئەم ڕەوشە بەردەوام دەبێت تا بە بڕیاری لێخۆشبوونی تورکیا زەمینەی چـالاکییان لــە بــاکووری کوردســتان بــۆ دەرەخسـێنێتەوەو دەگەڕێنــەوە کوردسـتان[٥] و ڕاسـتەوخۆ لـە ژێـر نێـوی شـێوە ئاشـکرای د.د.ك.د خۆیـان ڕێکدەخەنەوە[٦].

ئیتر لە باکووری کوردستان دیارترین ئەندامە بالاْکانی ڕێکخراوەکـە بریتـی بوون لە: عومەر چەتین، نەجمەدین بیوك کایا، ئەحمـەد قـارلی، عەبـدولحافز،

---

1. M.Sefiq Oncu:s,p,l.32.

٢ احمد عبدالباقی احمد: س،پ، ل١٠٣

٣ نەوشیروان مستەفا ئەمین: لەکەناری دانوبەوە، ل٧٧.

4. Şefîq Oncu :S,P,L.32-34.

5. Şefîq Oncu :S,P,L.34.

٦ نەوشیروان مستەفا ئەمین: س،پ، ل٧٧

محەمەد عەلی، موحتەرەم، سەعید زەروك[1].

ئەوان سەرەتا بۆ ڕێکخستنەوەی چالاکییەکانیان سەرکردایەتییەکی (٣) کەسیی هەڵدەبژێرن کە بریتی بوون لە: ئەحمەد قارلی، نەجمەدین بیوك کایا، عومەر چەتین[2].

پێیان وابوو کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی کوردستان لە چوارچێوەی کیانێکی سیاسیی کوردیدا چارە دەکرێت،[3] هەربۆیە خواستی سەربەخۆیی کوردستان لە ئامانجەکانیان بوو، لەم پێناوەشدا بڕوایان بە تێکۆشانی چەکداری هەبوو، سەبارەت بە پرسی پارچەکانی تری کوردستانیش پێشنیازی دروستکردنی ڕێکخراوێکی نێوەندییان کردبوو بۆ هەر چوار پارچەکەی کوردستان[4].

لە رامیاریشدا ڕێبازی سۆشیالیزمی سۆڤیەتییان لە چالاکیدا بە هەند وەردەگرت و نەیاری سەرسەختی چین بوون[5]. هەربۆیە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا گەلێ مەڵبەندی فەرمییان کردەوە بۆ چالاکی ڕۆشنبیری و ڕامیاریی و شۆڕشگێڕیی[6].

ئەم مەڵبەندانە هەڵدەستان بە هاندانی جەماوەریی دژ بە هەر سەرپێچییەکی دەوڵەت لە مەڕ تایبەتکارەکانی نەتەوەی کورد. سەبارەت بە پاڵپەستۆی دیموکراسیانەی ڕێکخراوەکە لە سەر حکومەت (عەدنان موفتی) دەڵێ:" بۆ خۆم لە سەرەتای ١٩٧٧دا ئامادەی خۆپیشاندانێکی١٠هەزاریی

1.Şefîq Oncu :S,P,L.34.

٢ چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەدیجە یەشار) سلێمانی، ٣ـ٣ـ٢٠٠٩; نەوشیروان موستەفا ئەمین:س،پ، ل٩١.

٣ اللوموند : تركيا ائتلافي احزاب اليسار، ت: د. ناظم عبدالواحد جاسور، الشؤون التركية، عدد٦، بغداد، ١٩٨٦، ل ٥٦;منزر الموصلي:س،ث، ل ٣٥٧.

٤ فرەنسۆ هەریری: بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی تورکیا، ل ٢٨.

٥ کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ل٢٨.

٦ سامي عبدالرحمن: بديل الثوري، ل ١٣٧.

خـەڵکی دیاربـەکر بـووم، کـە بەفـەرمانی د.د.ك.د پرۆتسـتۆی داخسـتنی خوێندنگـەکانی شـاریان دەکـرد"[1] . بـەڵام لەبەرئـەوەی ئـەم ڕێکخـراوە تـەنها لـەنێو خوێنـدەوار و توێـژی خوێندکارانـدا بـوو، لەبەرئـەوە نـەیتوانی هـیچ ڕێگەیـەکی کردارەکـی بـۆ خـەبات دژی ڕژێـم بگرێتـە بـەر، هەربۆیـە لـە نێـو جەماوەریشدا ڕێکخستنەکانی بەسنوورداری مانەوە، بەشێوەیەك دەوڵەت بە هێزێکی مەترسیداریی نەدەبینی[2].

بەڵام بۆ بڵاوکردنەوەی هزری شۆڕشگێڕییان گرنگی فرەیان بە ڕاگەیانـدن دەدا، بۆ ئەم مەبەستە لەکۆتایی ١٩٧٧ دا گۆڤارێکیان بە نێوی (پێشەنگ بۆ شۆڕش)* وەك ئۆرگانی فەرمی ڕێکخستنی (پارتی کرێکارانی کوردسـتان) بـە زمـانی کـوردی و تـورکی بڵاوکـردەوە[3]. هـەروەها ١٩٧٨ لـە ئەسـتەمبوڵ و ئەنکەرە بەجیا گۆڤاری (لاوانـی دیمـوکرات و شۆڕشـگێڕ)یان دەردەکـرد، کـە لەلایەن ڕێکخستنی لاوانی ڕێکخراوی د.د.ك.د دەردەچـوو،[4] هـەروەها سـاڵی ١٩٧٩ لـە شـاری وان گۆڤـاری( ژینـا نـو) وەك ئۆرگـانی کۆمیتـەی نێوەنـدی (پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان)، لـە لایـەن سـەرۆکی لقـی د.د.ك.د ، کـە سەرنووسەری گۆڤارەکە بوو لەگەڵ (ئـەیوب کـەمال ئادسـین)** بەڕێوبـەری گۆڤارەکـە هاتـە دەرچـوواندن. ئـەم گۆڤـارە ڕۆڵـی مـەزنی لـە هۆشـیاری

---

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ ( عەدنان موفتی)، هەولێر، ١٠-١٠-٢٠٠٩

٢ حەسەن مستەفا ئەحمەد: باکوری کوردستان،ل١٦؛بڕوانە بنوار الیما:س، پ، ل٥٧.

* ئەم گۆڤارە تا ١٩٨٨ بەردەوام بوو، کە ٦٥ ژمارەی لێدەرچوو، بڕوانە وێنەی بەرگی یەکەمی گۆڤارەکە، پاشکۆی ژمارە(١٤)..

3. Malmisaanij u Mahmud Lewendi:s,p,l.232.

4. Malmisaanij u Mahmud Lewendi:s,p,l.252–255.

** ئـەیوب کـەمال(١٩٥٧– ١٩٨٦) لـە بـەر دەرچـوواندنی گۆڤـاری (ژینـی نـوێ) سـاڵی ١٩٨٠ هەڵـدێ بـۆ ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان تاسـاڵی ١٩٨٣ درێـژە دەدا بـەدەرکرنی گۆڤارەکـە لـە دەرەوە، دواتـر ١٩٨٦ لـە سەردەسـتی دەزگـەی میتـی تـورکی لـە کۆپنهاگن تیـرۆر کـرا. (Malmisaanij u Mahmud Lewendi:s,p,l.268)

نەتەوایەتی لاوانی کورد دەبینی و گرنگی زۆری بە پارچەکانی تری کوردستان دەدا، هەربۆیە ١٩-١- ١٩٨٠ سەرنووسەری گۆڤارەکە قۆڵبەست دەکەن و سزای ١٣ساڵ زیندانیی بەسەردا دەسەپێنن[١].

دەتوانین بڵێین ئەم ڕێکخراوە گرنگی زۆری بە دەرچوواندن و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە دەدا، بەشێوەیەك هەموو بنکە و بارەگاکانی ڕێکخراوەکە لە شارەکانی کوردستاندا گۆڤار یان ڕۆژنامەیەکی دەردەکرد، بۆ نموونە ١٩٧٩ لقی (بیسمیل)ی ڕێکخراوەکە بڵاوکراوەیەکیان بەناوی (بیولوتێنی ئاگاداری)* دەردەکرد[٢]، هاوکات لقی ئەزمیر هەمان ساڵ گۆڤاری (تیرێژ)ی دەردەکرد، کە لەلایەن ئەحمەد بوزگویل بەرپرسی لقی د.د.ك.د ی ئەستەمبوڵ سەرپەرشتی دەکرا. هەر هەمان ساڵ لە باتمان ڕۆژنامەی(بانگ)** لەلایەن لقی باتمانی د.د.ك.د دەرچوێنرا.

د.د.ك.د لەگەڵ ئەوەی شلڕەوانە ڕامیارییان دەکرد، بەڵام لە کۆتایی حەفتاکاندا وردە وردە دەستیان دایە توندوتیژی دژ بە دامەزراوەکانی دەوڵەت و کەوتنە وێزەی ڕامیارییە ڕاستڕەوییەکانی میریی، ١٩٧٨لە قەزای جەزیرەدا بۆ یەکەمجار بە ئاشکرا ئاڵای تورکیایان لە سەر دام و دەزگەکانی دەوڵەت داگرت و ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد. هەمان ساڵ ڕۆژنامەی (کون ایدن) تورکی نووسیبووی:" خوێندکارانی (سعرت) ئاڵای کۆماری مهابادیان لە شارەکەیان هەڵکرد"[٣]، ئەمەش پێوەندی بە بڵاوبوونەوەی هزری شۆڕشگێڕییەوە هەبوو لە ریزەکانیاندا، چونکە بڵاوکراوە نهێنیەکانیان لە زانکۆکاندا چاودێرییەکی توندی هێزەکانی ئاسایشی تورکیایان لە سەر بوو.

---

1. Malmisaanij u Mahmud Lewendi:s,p,l258-261.

* سەرنووسەری گۆڤارەکە (بەهجەت ئەفشار) بوو، ١٩٨١ حکومەت دەستگیری کرد (Malmisaanij u Mahmud Lewendi:s,p,l260-261).

2. Malmisaanij u Mahmud Lewendi:s,p,l-261.

** بەرپرسی لقی باتمان (فیکری ئیشك) بەهۆی رۆژنامەکەوە ١٩٨٠ دەستگیر کرا.

٣ وصال نجيب العزاوي: س، پ، ل ١٣٤;مديرية الامن العامة: س،پ، ل٨٩.

سالی ١٩٧٩ سێ ئەندامی بالآیان بەنێوەکانی مستەفا بوزان، نەسروڵلا ئوزدمیرجان، مستەفا شوان دەستگیر کران[1] و تەواوی بلآوکراوەکانیان داخران[2]. ناچار لە سەرەتای ١٩٨٠ دا بە تەواوی پەنایان بردە بەر خەباتی چەکداری و گرووپو شانەی چەکدارییان پێکهێنا[3].

## ٢. پێوەندیە نێوخۆییەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگیی دیموکراتی شۆڕشگێڕ (د.د.ک.د) لەگەڵ پارتە سیاسییەکاندا:

پێوەندی د.د.ک.د لەگەڵ پارتە چەپەکانی تورکدا بە هێز بوو، بە تایبەتی لەگەڵ (پارتی کاری تورکیی) و (پارتی سۆسیالیستی کرێکارانی تورکیا)و (پارتی کۆمۆنیستی تورکیا)دا[4].

د.د.ک.د لە بەرامبەر چەپەکانی تورکدا خۆیان بە تەنها نوێنەری چەپی کوردی دەزانی[5]، زۆرجاریش کۆمەکی رامیاریی پ. گ.ك دەکرد لە بەرامبەر (پارتی عەدالەت)دا. بۆ نموونە بڕیاریاندا ئەندامان و لایەنگرانیان دەنگ بدەن بە پاڵێوراوانی ئەو پارتە لە شارەکانی کوردستاندا، ئەمەش بەهۆی نەرمی نواندنی لە بەرامبەر چەپی کورد و بەرزکردنەوەی دروشمی چەپی نێوەند لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٧دا.[6] لە کۆتایی حەفتاکاندا بەهۆی تەنگژەی ڕامیاریی لە تورکیا دا، پیاوانی سیاسیی لە دامەزراوە حکومییەکاندا لە کۆنترۆڵی دەوڵەت دەرچوو بوون، خەڵکی دەیانزانی کە پێوەندییان لەتەك ڕێکخستنەکانی کورد هەیە[7]. لەم بارەیەوە(محەمەدی حاجی مەحموود)

---

١ وصال نجيب العزاوي: س، پ، ل١٣٤–١٣٥.

2. Malmisanij Umahmud lewandi:s,p,l.

3. Emin Demirel : Terör, Baski-Calis Ofset, Istanbul, 2002،S . 624.

٤ کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ل١٤٧.

٥ عبدالفتاح علي يحيى البوتاني: الاحزاب السياسية فى كردستان تركيا، ل١٣.

٦ احمد عبدالباقى احمد: س،پ، ل١٨٨.

٧ حەسەن ئەحمەد مستەفا: باکووری کوردستان ، ل ١٨.

دەڵی:"هـەموو کـەس دەیزانـی سـەرۆکی شـارەوانی (شـەمزینان) پێوەنـدی لەگەڵ د.د.ک.د هەیە"[1].

پێوەندی د.د.ک.د لەگەڵ هەندێ لە ڕێکخستنەکانی کورد ئاڵۆز و لەگەڵ هەنـدێکیتر سـتراتیژی و بـەهێزبوو، وەلێ پێوەندییـەکانی لەگـەڵ پ.د.ک.ت سـارد و گـرژ بـوو، ئەمـەش دەگەڕایـەوە بـۆ ڕووداوی کوشـتنی د. شـوان و سەعید ئاڵچی[2].

بـەلاّم چـەند هۆکارێـک پێوەنـدی دۆسـتانە و سـتراتیژی لەنێوانیانـدا دەستپێکردەوە، لەوانە :

ا. چەپە شۆڕشـگێڕەکانی نێـو پ.د.ک.ت لـە کـۆنگرەی ١٩٧٧ دا هـەموو ئەو ڕاسترەوانەیان دەرکرد کـە د.د.ک.د بـە هۆکـاری ناکۆکییـەکانی دەزانـین لەگەڵ د. شوان دا.

ب. دژایـەتی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان (پ.ک.ک) و پێشـکەوتنی لـە کوردسـتان هـەموو پارتـە نـەیارەکانی یەکخسـت بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی شالاّوەکانی پ.ک.ک.

### ٣. پێوەندیە کوردستانیەکانیی د.د.ک.د:

ئەندامانی بالاّی د.د.ک.د لەگـەڵ ی.ن.ک لـە دامەزراندنیانـەوە هاریکـار و پشتیووانی یەکتربوون. پاش کوشـتنی د. شـوان، پاشماوەکانیـان لـە سـوریا پێوەنـدیان لەگـەڵ دامەزرێنـەرانی ی.ن.ک دروسـتکرد، ئەمـەش لەبـەر چـەند هۆکارێك، لەوانە:

---

١ چاوپێکەتن لەگەڵ (محەمەدی حاجی مەحموود)، ئاوایی گوڵەخانە (شارەزوور)، ٦ـ٦ـ٢٠٠٩.
(محەمەدی حاجی مەحموود بەرپرسێکی بـالاّی بزووتنـەوەی سۆسشیالیسـتی کوردسـتانو بەرپرسێکی مەیدانی جـەنگی هـەکاریی بـوو، ئاگـاداریی پێوەندییـەکانی د.د.ک.دو ی.ن.ك بوو).

٢ چاوپێکەوتن لەگەڵ (یەشار قایا)، هەولێر، ٢ـ٢ـ٢٠٠٩.

١. ئایدیۆلۆژیا ڕۆڵی بینیی لە نێزیکبوونەوەی ئەم دوو ڕەوتەی نێو هەردوو پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا و عێراق، چونکە هەردوولا لە دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول بە دۆستی سۆڤیەت و چەپی کورد ناسرابوون.[١]

٢. گرژی پێوەندییەکانی نێوان پ.د.ک.ع و شوێنکەوتوانی د. شوان هۆکارێك بوو تا لەگەڵ هەموو ئەوانەدا پێوەندی دابمەزرێنن کە نەیارێتیی ڕامیاریی پ.د.ک.ع بوون[٢].

٣. ی.ن.ك لە دامەزراندنیدا بڕوای بە هاوپەیمانییەتی لەتەك هەموو ڕێکخراوە پێشکەوتووخوازەکانی کورد هەبوو، نەك لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکان. لەم بارەیەوە (عومەر شێخ موس) دەڵێ:"بەپێویستمان زانی پێوەندی لەگەڵ پارتەکانی باکووری کوردستان بکەین، تا ئەو میراتە خراپەی سەرکردایەتی شۆڕشی پێشوو لە هاریکاری لەگەڵ حکومەتەکان کۆتایی بێت و هاریکاری لەتەك بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکاندا بکەین. لەم پێناوەیشدا پێشنیارمان کرد لیژنەیەکی هاوکارانەی کوردستانی دابمەزرێنین"[٣].

٤. لە بەرامبەر هاریکاریی نێوان پ.د.ک.ع و کوك دا پێویستبوو ی.ن.ك پشتیووانی هێزێکی ڕامیاریی لە تورکیا بۆ خۆی بدۆزێتەوە، چونکە دەستپێکردنەوەی شۆڕش تەنها لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان تورکیا و عێراق زەمینەی بۆ ڕەخسابوو[٤]. لەم پێناوەدا مام جەلال نامەی ئاراستەی پارتەکانی باکووری کوردستان کرد، چونکە پێی وابوو بۆ ئەوەی هێزەکانی

---

١ وەڵامی ئیمەیلی (عادل موراد) بۆ توێژەر.

٢ نەوشیروان موستەفا ئەمین: س، پ، ل ٧٠.

٣ سەروەر عەبدوڕەحمان عومەر: یەکێتی نیشتمانی کوردستان،چ١، چاپو پەخشی نما، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٦٨-١٦٩.

٤ نەوشیروان موستەفا ئەمین: س، پ، ل٩٠-٩١; عەلی تەتەر نێروەی: بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ١٤١.

یەکێتی لە بادیناندا جێگیر بن، پێویستە لە نێو خاکی باکووری کوردستان هاریکاریانبن[1].

٥. پێمانوایە پێشینەی پێوەندییەکانی نێوان عومەر چەتین و نەجمەدین بیوك کایا و دامەزرێنەرانی ی.ن.ك ڕۆڵی هەبوو لە پێوەندییەکاندا، چونکە ی.ن.ك لە سەرەتاوە یارمەتی زۆری د.د.ك.د دا لە ڕووی مادی و پێدانی چەك و چۆڵ و دیپلۆماسییەوە. هەروەها بۆ یەکەمجار ی.ن.ك ئەوانی ناساند بە ڕێکخراوە فەلەستینیەکان، ئەمەش بایەخێکی گەورەی هەبوو بۆ د.د.ك.د، چونکە هەروەك نەوشیروان مستەفا دەڵێ:"ڕێکخراوە فەلەستینیەکان لەلای چەپی تورکیا، وەك ڕووگەی موسڵمانان تەماشا دەکران"[2].

ئەم پێوەندیانە بوونە هۆی ئەوەی لە دیمەشق و لە باکوور پێوەندی ی.ن.ك و د.د.ك.د بە سەرۆکایەتی عومەر چەتین پێشبکەوێت، بە شێوەیەك هۆکاری ڕاستەوخۆی گواستنەوەی چەك و چۆڵ و ئەندامانی ی.ن.ك بوون لەنێو خاکی باکووری کوردستانەوە بۆ ناوچەی(بادینان)[3]، ئەم هاریکاریەش لە ئاکامی ڕێکەوتنی دووقۆڵی نێوان (نەجمەدین بیوك کایا)و ی.ن.ك بوو لە هاوینی ١٩٧٥دا، تا هاوکاربن لە سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێ لە باشووری کوردستاندا[4].

سەبارەت بە هاوکاریکردنی لایەنە کوردییەکان، مارتین ڤان برۆنەسن دەڵێ:" هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی کوردستان، بەهۆی هاریکاریی ڕێکخراوە هاوبیرەکانی یەکێتی و پارتییەوە بوو لە باکووری کوردستان"[5] ، یەکێك لە بەرپرسەکانی د.د.ك.د بەنێوی (سەید ئەی دۆگ موس) دەڵێ:" ١٩٧٦ تەواوی پێشمەرگەکانی ی.ن.ك لە سەر دەستی من لە سنوورەکانی تورکیا

---

١ مراد خۆشەڤی و حسۆ: س،پ، ١٠٢.

٢ نەوشیروان مستەفا ئەمین:س،پ، ل٧٠.

٣ وەڵامی ئیمەیلی (عادل موراد) بۆ توێژەر.

٤ سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ل١٧٠.

٥ مارتین ڤان برۆ نەسن: س،پ، ب١، ل ٦٢.

رزگاردەکران"[1]. لەرووی دیپلۆماسیشەوە پێوەندی ی.ن.ك و ڕێکخستنەکانی تری وەك کاوە، ئالاّی ڕزگاری ڕێك دەخست[2]. لە بەرامبەردا ی.ن.ك ڕۆڵی هەبوو لە ناساندنی د.د.ك.د بە ڕێکخراوە پێشکەوتوو خوازەکانی باشووری کوردستان. بۆ نموونە بۆ یەکەمجار سەرکردەکانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان* لە ساڵی ١٩٧٧دا بە هاریکاری د.د.ك.د لە باکووری کوردستانەوە هێنرانەوە بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕش، لەم بارەیەوە عەدنان موفتی دەڵێ:" من و د.خالید و شەمسەدین موفتی و د. مەحموود عوسمان لە ماڵی عومەر چەتین لە دیار بەکر حەشار دراین تا گەیەنراینەوە باشووری کوردستان"[3]. ساڵی ١٩٧٧ پێوەندی نێوان د.د.ك.د و یەکێتی پتر گەشەی سەند، چونکە د.د.ك.د هەوڵی نێوبژیی** نێوان تەنگژەکانی ی.ن.ك و (ق.م) ی پارتییان دەدا و لە هەوڵی جێگیرکردنی سەرانی ی.ن.ك بوون لە ناوچەی بادینان دا، لەم بارەیەوە د. فوئاد مەعسوم دەڵێ:"بۆ یەکەمجار د.د.ك.د یارمەتی (مام جەلال) یاندا تا لەخاکی تورکیاوە بگاتەوە کوردستان"[4]، تەنانەت ئەم پێوەندییانە دەگەنە ئاستێك کە د.د.ك.د وەك لقێکی یەکێتی لە تورکیادا باس دەکرا[5]. ئەمەش بووبە هۆکارێك تا لە نێو ڕێبەرانی د.د.ك.د دوو ئاڕاستەی جودا دروستبن: ئاڕاستەیەکیان بە

---

1. M.Sefiq Oncu:s,p,l.45.

٢ سەروەر عەبدورەحمان:یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ل١٧٠–١٧١.

* ڕێکخراوێکی چەپی باشووری کوردستان بوو پاش نسکۆ ٨ـ٨ـ١٩٧٦ ڕاگەیەنرا، یەکەم بەرپرسی سەیدا ساڵح یوسفی بوو. (چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەدنان موفتی)، هەولێر، ١٠ـ١٠ـ٢٠٠٩).

٣ چاوپێکەوتن لەگەڵ(عەدنان موفتی)، هەولێر،١٠ـ١٠ـ٢٠٠٩.( لەدامەزرێنەرانی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانەو بە هاریکاریی د.د.ك.د لەپاش نسکۆ گەڕاوەتەوە کوردستان)..

** لە١٥ی تەموزی ١٩٧٦(ئیبراهیم عەزۆ) لەلایەن (ق.م) قۆڵبەستدەکرێت، هەوڵی د.د.ك.د بۆ نەکوشتنی بێ سوود دەبێت.(ڕێبوارساڵح:ڕێگایەك بۆ ئازادی،سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٩٢).

٤ ڕێبوار ساڵح:ڕێگایەك بۆ ئازادی، ل ٣٠.

٥ صبریە احمد لافی: الاکراد فی ترکیا، ل١١٤.

نوێنەرایەتی نەجمەدین بیوك كایا و عەلی مەلا یاسین و مەلا عەبدوڵڵا سۆر بوو، كە لەتەك هەموو جۆرە پشتیووانییەكی یەكێتیدا بوون، ئاراستەی دووەمیش عومەر چەتینی سكرتێر بوو، كە بڕوای بە هاریكاری یەكێتی نەبوو[1]. چونكە پێی وابوو نەجمەین بیوك كایا سەربەخۆ كار لەتەك یەكێتیدا دەكات[2]. لەمبارەوە نەجمەدین بیوك كایا لە١٩٧٧/١/٤ ڕاپۆرتێك پێشكەشی كۆمیتەی نێوەندی پارتەكەی دەكات و دەنووسێت:"بانگەشەی ئەوە دەكرێت كە لەجیاتی كاری پارتەكەی خۆم بكەم، پتر كاری یەكێتی دەكەم، بەڵێ كاری من لەگەڵ یەكێتی خەباتێكی مەزنە، ناكرێ ڕزگاركردنی پێشمەرگە بە قاچاخچیەتی بۆ مام جەلال تۆمەتباربكێت". بەڵام عومەر چەتین بەردەوام بوو لە تۆمەت دانە پاڵ هەر هاریكارییەكی د.د.ك.د بۆ ی.ن.ك[3] و ناچار ساڵی ١٩٧٨ نەجمەدین بیوك كایا لە پارتەكە جیادەبێتەوە و لە سنوورەكانی نێوان توركیا و سوریا و ئێران بە سەربەخۆیی درێژە بە چالاكیی سیاسیی خۆی دەدا[4]. هەمان ساڵ لەگەڵ كۆمەڵێك لە شوێنكەوتوانی (كۆمیتەی ئازادی كوردستان ـ kak) دادەمەزرێنن، كە ستراتیژی سەرەكییان بریتیبوو لە پشتیوانی شۆڕش لە باشووری كوردستان[5]. پێمان وایە هۆكاری ناكۆكییەكانی نێوان ڕێكخراوەكە بریتی بوو لە پەنجە ژەنینی ڕێكخراوی میت لە گرفتەكانی نێوخۆیان، چونكە توركیا نەیاری سەرسەختی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش بوو لە باشووری كوردستان. لە هەمان كاتدا ڕێكخراوەكەش پشگیریی كردنی شۆڕش لە دروشمە سەرەكییەكانی بوو. یەكێكی تر لە هۆكارەكانی ناكۆكیی لەنێو ڕیزەكانی د.د.ك.د پاش قۆڵبەستكرانی عومەر چەتین هات لە لایەن پۆلیسی نهێنی

---

١ ڕێبوار ساڵح: س،پ، ل ٢٩.

٢ چاوپێكەوتن لەگەڵ (نەوشیروان مستەفا ئەمین)، سلێمانی، ٦ـ٦ـ٢٠٠٩.

3. M.Sefiq Oncu:s,p,l.35.

4. Seid Veroj:s,p,l.113.

5. M.Sefiq Oncu:s,p,l.35.

توركییەوە. چونکە ڕژێم لە بەرامبەر ئازادکردنیدا مەرجی وازهێنانی لە کار و چالاکی ڕامیاریی لـە سـەر دانـابوو، ئـیتر ئـەم هەوڵـەی ڕژێـم نـاکۆکیی لـەنێو ڕیزەکانیی ڕێکخراوەکـەدا بـرەو پێدا و عومـەر چـەتینیان بـە پیـاوی ڕژێـم و غەییان بەکوردایەتی قـاودا.[1] یـەکێکیتر لـە هۆکارەکـانی پشـتیوانی نـەکردنی د.د.ك.د بـۆ یـەکێتی لاوازیـی و کـەم توانـایی ڕێکخسـتنەکانیان بـوو[2]. یـان نەیاندەویسـت خۆیـان توشـی گرفـت و کێشـە بکـەن. لەلایـەکی تریشـەوە کاریگـەریی ق.م لـە نێـو ئەوانیشـدا دروسـتببوو[3]. لـەم سـۆنگەیەوە بـوو کـە د.د.ك.د لە ڕووداوی هەکاری ساڵی ١٩٧٨دا زۆرجار پشگیریی لە هێزەکانی یەکێتی دەکرد و هەندێك جاریش زیانی لـە مـەفرەزەکانیان دەدا. بـۆ نموونـە ی.ن.ك بــە پشــت بەســتن بــە ڕێکخســتنەکەی نەجمــەدین بیــوك کایــا لە١٩٧٨/٣/٢١بڕیاری گواستنەوەی سەرکردایەتی سیاسـی و چـەکدارییدا بـۆ (بادینــان)[4] . هەربۆیــە هێزێکــی ١٠٠٠ کەســی کــە هەنــدێکیان چــەکدار و هەندێکیان بێ چەك بوون بەرەو ناوچەکە کشان، بە هیوای ئـەوەی د.د.ك.د چـەکیان لـە سـوریاوە پێبگەیـەنن، بـەڵام کاتێـك ئەنـدامانی یـەکێتی دێنـە ناوچەکە بەرەنگاری هۆزەکانی کوردی نێو تورکیا و ق.م ی پارتی دەبنەوە، ئەمەش لە کاتێکدا بوو، کە ئەندامانی د.د.ك.د بـەردەوام لەهۆشـدارییاندا بـۆ (سەرکردایەتی یەکێتی) دووپاتیان دەکردەوە هاریکـار و پشـگیریان دەبـن و چـەکیان پێدەگەیـەنن و زانیـاری وردیـان لەسـەر ق.م و هـۆزە نـەیارەکانیان دەدا * . یەکێتیش لە بەرامبەردا هاپەیمانیی د.د.ك.دی دەپاراست، هەربۆیـە

---

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەدنان موفتی)، هەولێر، ١٠-١٠-٢٠٠٩ .

٢ نەوشیروان مستەفا ئەمین:س،پ، ل١٦٤.

٣ چاوپێکەوتن لەگەڵ(محەمەدی حاجی مەحموود)، ئاوایی گوڵەخانە(شارەزوور)، ٦-٧-٢٠٠٩.

٤ سالار الحفید: علی العسکری، ل ١٣٦–١٣٧.

* بڕوانــە دەقــی نامــەکان کــە د.د.ك.د بــۆ ســەرکردایەتی (ی.ن.ك)ی نــاردوون، پاشــکۆی ژمارە(١٥).

وازی لە هەندێك هەوڵی دیپلۆماسیی خۆی هێنا بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ تورکیا[1]. لەگەڵ ئەوەشدا ئاکامی هاریکاری یەکێتی و د.د.ك.د بەرهەمی دروستی نەبوو، چونکە لە ١٩٧٨/٦/٧ لێپرسراوانی د.د.ك.د هێزەکانی یەکێتیان دڵنیاکردەوە کە لەگەڵ سەرۆك هۆزەکان گفتیان وەرگرتووە تا توشی گرفتیان نەکەن، بەڵام زانیاری نادروستیان دابوویە ی.ن.ك، هەربۆیە یەکێتیان خستە نێو جەنگێکی قورس، کە لە ئاکامدا زۆربەی سەرکردەکانیان کوژران، کە بەبڕوای چاودێران (میت)ی تورکی ڕۆڵی زلکردن و تەماشاکردنی دەبینی لە ڕووداوەکەدا[2].

لە دوای ڕووداوی (هەکاری) پێوەندی یەکێتیو د.د.ك.د درێژەی هەبوو، تەنانەت چاودێران پێیان وایە پێوەندیی ئەم دوو هێزە هۆکاری ڕێکەوتنی نهێنی (ئەنکەرە- بەغداد) بوو لە ٢٥-٨-١٩٧٨دا، چونکە ماددەکانی(١-٢-٣) بریتی بوون لە وەستاندنی دزەکردنی چەك و ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی یەکتریی.[3] لە ڕاستیدا مەبەستی تورکیا لەم ڕێکەوتنە تەنها ڕامیاری د.د.ك.د بوو لە ناردنە دەرەوەی چەك بۆ باشووری کوردستان.

**سێهەم: پارتی ڕزگاریی کوردستان (ڕزگاری):**

**١. زەمینەی دامەرزاندنی (پارتی ڕزگاریی کوردستان):**

پێشینەی خەباتی سیاسیی ئەندامانی ڕزگاریی زۆربەیان لە نێو (د.د.ك.ۆ) دا بوو. لەم بارەیەوە ئیسماعیل بێشکچی دەڵێ:"ڕزگاری لە داوێنی (د.د.ك.ۆ) دا کەوتە خوارێ"[4]، چونکە زۆربەی دامەزرێنەرانی (د.د.ك.ۆ) کە لە زیندان ئازادکران، یەکەم هەنگاویان بۆ دامەزراندنی پارتێکی ڕامیاریی لە هاوینی ١٩٧٤دا، بریتی بوو لە گردبوونەوەی زیندانیانی پێشووی

---

١ نەوشیروان مستەفا ئەمین: س، پ، ل١٦٠.

٢ نەوشیروان مستەفا ئەمین: هـ، س، ل٢٨٤-٢٩٤.

٣ وەڵامی ئیمەیلی (عادل موراد) بۆ توێژەر.

٤ ئیسماعیل بێشکچی: کوردستان کۆلۆنیەکی نێودەوڵەتی، ل ٨١ .

گرتووخانەی دیاربەکر، ئەندامانی ئەم کۆبوونەوەیە بریتی بوون لە هەموو ئەو کوردانەی کە لە ڕووی هزرییەوە لێك نزیکببوونەوە، هەربۆیە بۆ یەکەمجار لە شاری موش، لە ماڵی شەرەفەدین قایا بە مەبەستی ڕێزلێنان لە پارێزەرەکەی نێو زیندانییان و بە ئامادەبوونی ١٧ کەس کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا، بەڵام لە ڕاستیدا مژووڵی دامەزراندنی ڕێکخستنێکی رامیاریی کوردیی بوون[١].

گرنگترین ئەندامانی ئەم گردبوونەوە بریتی بوون لە: شەرەفەدین قایا، مەحموود قلیچ، مومتاز کوتان، باتالا بات، عەلی بایقلو، ئیبراهیم گوجلو، فیکرەت شاهین، نەزیر شامیقاملو، حوسێن موسا، کازم بابا، ئیسماعیل بێشکچی. لەم کۆبوونەوەدا گەلێ مشتومڕ و ئەنجامگیریی و پرۆژە بڕیار درا، لەوانە:

ا. خستنە ڕووی باس و خواستی ئایدیۆلۆژیای پارتێکی سیاسیی .

ب. کردنەوەی کۆمەڵەی ڕووناکبیریی بۆ بڵاوکردنەوەی هزر و بەرنامەیان تا ببێتە هەنگاوێك بۆ بە پارتبوون.[٢]

ت. هەموو بیرو بۆچوونە جیاوازەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵە و ڕۆژنامەیەکدا یەك بخرێن و خەباتێکی دیموکراسی بکەن[٣] .

لە دەرهاویشتەکانی ئەو کۆبوونەوەیەدا ساڵی ١٩٧٥ لە ئەنقەرە خانەی بڵاوکراوەی (کۆماڵ) دامەزرێنرا[٤]، کە بوو بە سەکۆ و بنکەی مامۆستا و خوێندکارانی زانکۆ و ڕووناکبیرانی کورد لە ئەنقەرە و ئەستەمبوڵ[٥]. هەمان ساڵ چەند هۆکارێك بوو بەهۆی ئەوەی ڕێکخستنێك دروست بکەن، لەوانە:

---

١ کریس کۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد،ب٢، ل ١٤٥ .

٢ کریس کۆچێرا: س،پ، ل ١٥٣ ـ ١٥٤ .

3. Ibrahim Guclu : s, p , L . 53 .

٤ چاوپێکەوتن لەگەلا (خەدیجە یەشار)، سلێمانی،٣-٣-٢٠٠٩;ئیسماعیل بەشکچی : سیو سێ گوللە، ل ٢٤٢ –٢٤٣ .

٥ وصال نجیب العزاوی : س ، پ ، ل ١٣٠ .

١. هەڵوەشـاندنەوەی د.د.ك.د ی ئەسـتەمبوڵ و ئەنكـەرەو پـەرتبوونی گرووپـە هزرییـەكانی نێویـان، ئـیتر ئـەو گرووپـەی بـەرگرییان لـە خـەباتی چـەكداری دەكـرد و دژی كۆلۆنیـالیزم و ئیمپریـالیزم بـوون، هـەروەها پێیـان وابـوو خـەباتیان دژی دەرەبەگایەتییـە، جیابوونـەوەو لـە دەوری گرووپـی بڵاوكراوەی (كۆمالا) گردبوونەوە.

٢. دوای شكسـتی شۆڕشـی ئـەیلوولی ١٩٧٥، ململانێـی هزریـی لـەنێو ڕیزەكانی نیشتمانپەروەرانی كورد تـاوی سـەند[١]. سـەبارەت بـەو مشـتومڕانە خەدیجە یەشار دەڵێ:" شكستی شـۆڕش لـە باشـووری كوردسـتان بـۆ ئێمـە داینەمۆیەك بوو بۆ ئەوەی ڕێكخستنی ئایدیۆلۆژیی دروست بكەین"[٢].

لە ئەنكـەرە لـە سـەرەتای ١٩٧٦دا ئـەو ڕۆشـنبیرانەی لـە دەوری خانـەی بڵاوكـراوەی (كۆمـاڵ) كۆببوونـەوە، بریتـی بـوون لـە: مومتـاز كوتـان، شەرەفەدین قایا، ڕۆشەن ئەسلان، یەڵماز باڵكاش، باتـالا بـات، عـەلی بـایقلو، یومنو بوجاق، نەزیر شمیقاملو، مەحموود قلـیچ، فیكـرەت شـاهین[٣]. هاوكـات خەدیجـە یەشـار و ئیـبراهیم گوجلـو، ئیكـرام دەلـەم، ئۆرهـان كوتـان كـە لـە د.د.ك.د جیاببوونـەوە، هـەموو ئەمانـە یـەكیانگرت و (پـارتی ڕزگـاری كوردستان)یان بە نهێنی دامەزراند و بڕیاریاندا لە لایەن سەركردایەتییەكی ٦ كەسییەوە بەڕێوە ببرێت، كە پێك هـاتبوون لـە: ئیـبراهیم گوجلـو، مەمەنـد ئۆزۆن، خەدیجە یەشار، مومتاز كوتان، ئۆرهان كوتان، ئیكرام دەلەم[٤].

## ٢. ئایدیۆلۆژیا و ئامانجی (پارتی ڕزگاریی كوردستان):

ڕزگاری لە سەرەتاوە وەك زیندووكەرەوەی فەرهەنگ و كەلتووری كـوردی دەركـەوت، هەربۆیـە وەك كۆمەڵەیـەكی ڕوونـاكبیریی، نـەك وەك پـارتێكی

1. M.Emin Bozarsalan: S , P , L . 210 .

٢ چاوپێكەوتن لەگەلا (خەدیجە یەشار)، سلێمانی،٣-٣-٢٠٠٩.

٣ كریس كۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوایەتی كورد، ل ١٥٤

٤ چاوپێكەوتن لەگەلا (خەدیجە یەشار)،سلێمانی، ٣-٣-٢٠٠٩.

ڕامیاریی خۆی نومایان دەکرد[1]، لە ڕاستیدا پارتێکی چەپی مارکسیی بوو، لایەنگیریی لە سەربەخۆیی کوردستان دەکرد[2]. سەبارەت بە خۆ ڕێکخستنیان خەدیجە یەشار دەڵێ:" لە سەر ئەو بنەمایە کۆ ببووینەوە کە کوردستان داگیرکراوە"[3]. پێیان وابوو کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە و تەنها دەوڵەتیی سەربەخۆ هۆکاری مانەوەیەتی[4]. هەربۆیە ڕزگاری پارچەکانی تری کوردستانیشی بە ئامانج وەرگرت بوو، پێیان وابوو سەربەخۆیی هەموو کوردستان هەنگاوێکە بۆ خەباتی گەلانی ژێردەست لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا[5]. لەبەر ئەوە لە ستراتیژی ڕزگاریدا پرۆژەی دروستکردنی پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی گەورە هەبوو، لەم پارتەدا پێویست بوو هەر پارچەیەکی کوردستان سکرتێری خۆی هەبێت. لە هەمان کاتدا پێوەندی لەتەك هەموو حکومەت و پارتەکانی تورکدا دەدایە دواوە، هەربۆیە ئەو پارتانەی لە هەڵبژاردنی ١٩٧٧دا لایەنگیریی پ.گ.ك بوون، لە ڕوانینی ڕزگاریدا پرۆژەی پارتی دەسەڵاتبوون[6] .

بەگشتی ڕزگاری بۆ بە ئامانج گەیاندنی ستراتیژ و بەرنامە نێوخۆییەکەی دروشمەکانی بەرگری لە خەباتی چەکداری و کوردستانیی بوون و نەبوون بە لایەنگری هیچ وڵاتێکی سۆشیالیستی کردبووە پرەنسیپی سەرەکی ڕێکخستنەکانی[7] .

---

١ وصال نجيب العزاوي : س ، پ ، ل ١٣٠ ; مديرية امن العامة : س ، پ ، ل ٨٣ .

2. Michael M. Gunter: The Turks in Turkey,Apolitical Dilemma,Boulder,co:west view press,1990, p . 64 , 66

٣ چاوپێکەوتن لەگەلا (خەدیجە یەشار)،سلێمانی، ٣-٣-٢٠٠٩.

٤ داود محمد حسن : س ، پ ، ل ٧٥ .

5. Edgar Ó Balance : op, cit, p , 148 .

6. Ibrahim Guçlu : S, p, L . 32 .

٧ چاوپێکەوتن لەگەلا (خەدیجە یەشار)،سلێمانی، ٣-٣-٢٠٠٩.

هەرچەندە ڕزگاری ڕوانگەیەکی دژە سۆڤیەتی هەبوو[1]، هەر وەك چۆن ئەندامێکی باڵایان دەڵێ:"(پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت) هەرگیز بەیاننامەیەکی سەبارەت بە کورد بۆ بە دەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین دەرنەکردووە"[2]. لەگەڵا ئەوەشدا دەسەڵاتدارانی تورکیا و چەپەکانی تورك بەوە تۆمەتباریان دەکرد لە ڕێگەی سۆڤیەتەوە هەوڵی جوداخوازیی دەدا. لەم بارەیەوە سکرتێری گشتی (پارتی کار و جوتیاری تورکیی) و سەرنوسەری ڕۆژنامەی (ئایدنلك) لە نووسینێکدا بەنێوی" مۆسکۆ گەمە بە جیابوونەوەی کورد دەکات"، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە سۆڤیەت لە پشتی چەپەکانی کوردی نێو ڕزگارییەوەیە[3].

ئامانجەکانی ڕزگاری تیۆری و لە چوارچێوەی تێز و نوسیندا بوون[4]. لەم بارەیەوە (ڕۆشن ئەسلان) هۆی ئەوە ڕووندەکاتەوەو دەڵێ: "ئەزموون و زانیاری کاری ڕێکخراوەییمان نەبوو، ئەمەش هۆکاری دواکەوتنمان بوو وەك پارتێکی سیاسیی تا ساڵی ١٩٧٨"[5].

### ٣. جۆرەکانی خەباتی ڕێکخستنە سیاسییەکانی (پارتی ڕزگاریی کوردستان)

ا.خەباتی یانەو کۆمەڵە یاساییەکانی سەر بە ڕێکخستنەکانی ڕزگاری:

ڕزگاریی نێوی نهێنی ڕێکخستنەکان بوو لە نێو گەلدا، بەڵام بە شێوەیەکی یاسایی و ئاشکرا (کۆمەڵەی دیموکراتی دژە موستەعمەرە)یان دامەزراند بوو، ئیتر لە ژێر نێوی ئەو کۆمەڵەیەدا ئەندامەکانی خۆیان نومایان دەکرد[6]. ئەمەش لە پێش چاوگرتنی یاساکانی تورکیا بوو. لەم بارەیەوە خەدیجە

---

1. Edgar O, balance : op, cit, p , 148 .

2. Martin van Bruinssen:A,G,E,S.352.

٣ ئیسماعیل بێشکچی: سیو سێ گولله، ل ٢٤٧ .

٤ چاوپێکەوتن لەگەڵا (یەشارقایا)، هەولێر،٢-٢-٢٠٠٩ .

٥ کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ل ١٤٥ .

٦ چاوپێکەوتن لەگەڵا (خەدیجە یەشار )، سلێمانی،٣-٣-٢٠٠٩..

یەشار دەڵێ:" لە خەباتی سیاسیماندا سوودمان لە بۆشی یاساکانی تورکیا وەردەگرت و بە چەندین زمان شتمان دەنووسی، تا لە پاڵ ئەوانەدا زمانی کوردیش بەکاربهێنین، یا ئەگەر کۆمەڵەیەکمان دابخرایە، لە ژێر نێویکی تردا دروستمان دەکردەوە تا یاسا غافلا گیر بکەین"[1] .

ب. بڵاوکراوەی چاپەمەنی (کۆماڵ)و دەرچوونی گۆڤاری (ڕزگاری):

بڵاوکراوەکانی خانەی(کۆماڵ) لە ئەنقەرەو ئەستەمبوڵدا ڕۆڵی سەرەکییان بینی لە هۆشیاکردنەوەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد. لەبارەی بایەخی خانەکە عەبدولڕەحمان گوندی دەڵێ:"بڵاوکراوەکانی (کۆماڵ) لە بارەی مێژوو و فەرهەنگی کوردستان بوون، هەر کتێبێك ئەو بنکەیە دەری بچواندایە بە سێ ڕۆژ نەدەما، بۆ ئێمەی خوێندکار کە تامەزرۆی کوردایەتی بووین خزمەتی زۆر گەوری کرد"[2] .

ئیسماعیل بێشکچی* و ژمارەیەك لە ڕووناکیبرانی کورد بەهۆی کۆماڵەوە مژووڵی بڵاوکردنەوەی کتێبەکانیان بوون لە بارەی کوردستان[3]. بەرهەمەکانی (کۆماڵ) نەریتێکی نوێبوو لە دژایەتی هزری کەمالیزم وەك بیرێکی ڕەگەزپەرست و کۆڵۆنیکار.

لە ئاداری ١٩٧٦دا گۆڤاری (ڕزگاری)** لە ئەنقەرە لە لایەن ڕێکخستنە شاراوەکانیانەوە بە ئاشکراو بە زاری کوردی و تورکی دەردەچوو،

---

١ چاوپێکەوتن لەگەلا (خەدیجە یەشار )، سلێمانی،٣-٣-٢٠٠٩..

٢ چاوپێکەوتن لەگەلا (عەبدوڕەحمان گوندی)،دهۆك، ١١-٢-٢٠٠٩ .

* ئسماعیل بێشکچی ١٩٣٢ لە ئیسکیل لەدایك بووە، سالی ١٩٦٧ دکتۆرا لە کۆمەڵناسیدا بەدەست دەهێنێت، تورکێکی کورد دۆستەو بەرهەمەکانی لە شەستەکانەوە تاکە لێکۆڵینەوەی زانستیانە بوون لە گرفتە رامیارییو کۆمەڵایەتییەکانی کورد، لەو پێاوەدا بەشێکی فرەی تەمەنی لە زینداندا گوزەراندووە.(ئیسماعیل بێشکچی:کوردستان کۆلۆنییەکی،ل٢٦-٢٧).

3. Ismail Beşiçi : Bilim Yountemi, Turkiye deki Vygulma, Kurtlerin Mecburi Iskani, Istanbul, 1977, S. 72 .

** گۆڤاری (ڕزگاری) پاش دەرچوونی ژمارەی یەکەمو دووەم لە ئەنقەرە دەگوێزرێتەوە بۆ ئەستەمبولا،، لە دوای کودەتا تا ساڵی ١٩٨٨ لە سوید دەردەچوو.
(Malmisanij u Mahmud Lewendi : s, p , L . 278).

نێوەرۆکی بابەتەکانی بە تەواوی سیاسیی و تیۆری بوون. ڕەوشـەن ئەسـلان سەرنووسەری گۆڤارەکە و بەرپرسانی نووسینیشی بریتی بـوون لـە: مەمەنـد ئۆزۆن و خەدیجە یەشار و شەفیق دونـدەر[1]. بـەڵام پـاش دەرچـوونی یەکـەم ژمارە میریی قەدەغـەیکرد و ئـیتر گۆڤارەکـە بـە نهێنـی دەردەچـوو[2]. لـەم گۆڤارەدا هەموو تێزە سیاسییەکانی ڕزگاری نومایان دەکران[3]. بۆ نموونـە لـە ٢١ی مارسی ١٩٧٦ دا لـە بەیاننامەیـەکی ١٠ بڕگەییـدا، بەرنامـەی پارتەکـەو سـتراتیژ و ئامانجـەکانی خسـتنەڕوو[4]. سـەبارەت بـەم ئاشـکراکردنە مەمەنـد ئۆزۆن دامەزرێنەری (ڕزگاری) دەڵێ:" ئیتر نەدەبوو زمانی دایکمان لە زیندان و لــە نێــو مزگەوتەکانــدا فێــربین، پێویســتبوو بــە ئاشــکرا بانگەشــە بــۆ نەتەوایەتیمان بکـەین"، هەربۆیـە پـاش دەرچـوونی یەکـەم ژمـارەی ڕزگـاری مەمەند ئۆزۆن ٦ مانگ زینـدانی دەکرێـت و پـاش ئازادبوونیشـی هەڵدێت بـۆ وڵاتـی سوید[5]. سەبارەت بە هەڵهاتنی ئەو ڕێبـەرە باڵایـەی ڕزگـاری خەدیجـە یەشار دەڵێ:" مەمەند ئـۆزۆن لەسـەر خواسـتی ڕزگـاری دەربـازی دەرەوەی وڵات بوو"[6]. لە مارسـی ١٩٧٦ دا حکومـەتی تورکیـا یاسـای قەدەغـەکردنی بڵاوکراوە و گۆڤارەکانی دەرکرد، سەبارەت بـە کاریگەرییـەکانی ئـەو یاسـایە ئیسـماعیل بێشکچـی دەڵێ:"لـە سـەرجەمی٩ کتێبـی (کۆمـاڵ)، ٤ دانـەیان پێچرانەوە، بەتایبەت گۆڤاری ڕزگاری لە چاپخانەدا کۆکرایەوە و بەڕێوەبەری نووسینیشی قۆڵبەستکرا". لە ڕاستیدا بۆرژوای ڕەگەزپەرست و کۆلۆنیکاری تورك، بە چەپ و ڕاستییەوە زۆر لە خانەی بڵاوکردنەوەی (کۆماڵ)و گۆڤـاری

---

1. Malmisanij u Mahmud Lewendi : s, p , L . 225 .

٢ چاوپێکەوتن لەگەڵا (خەدیجە یەشار )، سـلێمانی،٣ـ٣ـ٢٠٠٩;کریس کۆچـێرا : بزووتنـەوەی نەتەوایەتی کورد، ل ١٤٥ .

٣ چاوپێکەوتن لەگەڵا (خەدیجە یەشار )، سلێمانی،٣ـ٣ـ٢٠٠٩..

٤ کریس کۆچێرا : بزووتنەوی نەتەوایەتی کورد، ب٢،ل ١٤٥ .

٥ جریدە مليیت ٣١ی ئازار، ١٩٩٧ .

٦ چاوپێکەوتن لەگەڵا (خەدیجە یەشار)،سلێمانی،٣ـ٣ـ٢٠٠٩ .

ڕزگاری نیگەرانبوون، چونکە کاریاندەکرد تا بە میتۆدێکی زانستی لە کێشەی نەتــەوەیی کــورد بکۆڵنــەوەو ململانێــی ئیمپرپــالیزم لــە ســەر کوردســتان ڕوونبکەنــەوە، هەربۆیــە گۆڤارەکــانی (دەنگــی گــەلێ)و (کیتلــە)، لەهەلمــەتی ئــازادیی چــاپەمەنییەکانی تورکیــادا، تــەنها قەدەغــەکرانی ڕزگــاری و خانــەی کۆمالێ نێو نابەن[1]، ئەمەش ئەو ڕاستییە پیشاندەدات کە چەپی تورکیش دژی هەر هەوڵێکن کە بەرامەی پرسیی کوردی لە خۆگرتبێت.

## ٤. خــەباتی ڕامیــاریی ڕێکخســتنە نهێنییــەکانی ڕزگــاری لــە بــاکووری کوردستان:

ڕزگاری بۆ ئەوەی لـە بـواری پراکتیکـدا خـەباتی رامیـاریی لـە کوردسـتان دەسـت پێبکـات، بڕیاریـدا ڕێکخسـتنە نهێنیـەکانی لـە بـاکووری کوردسـتان دابەش بکات بۆ٣ هەرێم و لە هەر بەشێکیش بەرپرسێك دەستنیشان بکات:

هەرێمی یەکەم: مەلاتیە، دەرسیم، مـەلازگورد، بنگـول، لەلایـەن خەدیجـە یەشار ڕێبەرایەتی دەکرا.

هەرێمی دووەم: دیاربەکر، مەرعەش، مێردین، سـیرت، عـەینتاب، لەلایـەن ئیبراهیم گوجلو ڕێبەرایەتی دەکرا.

هــەرێمی ســێیەم: هــەکاری، مــوش، وان، ئــاگری، لەلایــەن ئیکـرام دەلــەم ڕێبەرایەتی دەکرا[2] .

ڕزگــاری سەرچــاوەی دارایــی تــەنها لەســەر گیرفــانی ئەندامــەکانی بــوو، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی پڕۆژەکانی بە تایبەت لە بـواری خـۆ پڕچـەك کردنـدا نەخرێنــە بــواری کردارەکییــەوە، هاوکـات ناکۆکییـە نێوخۆییـەکانی سـنووری بـۆ گەشـەکردنی دادەنـا[3]، هــەروەها توندوتیـژی دەوڵـەت و بـاری

---

١ ئیسماعیل بێشکچی : سیو سیێ گولله، ل٢٤٢ –٢٥١ .

٢ چاوپێکەوتن لەگەلا (خەدیجە یەشار)،سلێمانی،٣ـ٣ـ٢٠٠٩ .

٣ مایکل گەنتەر: س ، پ ، ل ١٣٨ .

نائاسـایی لــه کوردســتاندا هــەموو بڵاوکــراوەو چــالاکییەکانی قەدەغــە و لاوازکرد[١]*. دواجار دابەشبوونی ڕێکخستنەکانی ڕزگاری و دامەزراندنی (ئاڵای ڕزگاری) ئەم هۆکارانە کاریگەریی مەزنیان لەسەری هەبوو:

**١. هۆکاری ئایدیۆلۆژی:** لە نێو ڕزگاری دا دوو گرووپی ئایدیۆلۆژی جیاواز لـە بەرنامـە و سـتراتیژدا دروسـتببوون، گرووپێکیـان زۆر نـەیاری سـۆڤیەت بوون، ئەم گرووپە بە ترۆتسکییەکان نێو دەبران، چونکە هەڵوێستی رامیاریی شـلڕەوو پـتر لـە بـاڵی نێوەنـدیی ڕەخنـەیان لـە سـۆڤیەت هـەبوو[٢]، هەربۆیـە خوازیــاری کوردانــدنی بــیری مارکســیزم بــوون لەتــەك کۆمەڵگــەو هــزری کوردەواریدا[٣]. بە پێچەوانەوە ڕزگاری پارتێکی مارکسیی تا ڕادەیەك کلاسـیك و جێگیربوو[٤]. پێمان وایە ئاڵای ڕزگاری بۆیە ڕێبازی ترۆتسـکییان هەڵبـژارد، چونکە ڕەخنەی لە چەقبەستوویی هزریی دەگرت و بـە ئەسـپایی هـەنگاوی دەنا و دوور بوو لە خەڵك .

**٢. وازهێنان لە تیـژ نووسـین لـە دەرەوەی کوردسـتان:** گرووپێـك پێیـان وابوو خەبات تەنها بریتییە لە تیژ نووسـین لـە ئەنقـەرە و ئەسـتەمبولا، وەلێ ئـەوانی تـر پێیـان وابـوو پێویسـتە لـە نێـو کوردسـتاندا چـالاکی بکرێـت. سەبارەت بـەم تەنگژەی نێوانیـان (خەدیجـە یەشـار)دەڵێ:" ٣ سـاڵ لەگـەڵ مومتــاز کوتــان ناکۆکیمــان لەســەر ئــەوەبوو، کــە نیازیــان نــەبوو بێنــەوە کوردستان"[٥].

---

١ حسرتيان : القضايا القومية في تركيا، ل ٦٤ .

* لە ئازاری ١٩٧٩ زیاد لە ٢٠ ڕۆژنامەو بڵاوکراوە قەدەغە کران (حسرتيان : القضايا القومية في تركيا، ل ٦٤).

٢ مایکڵ گەنتەر : س ، پ ، ل ٢٣ .

٣ بئوار اليما : اخرين مستعمره، ل ٦٤ .

٤ کریس کۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ب٢،ل ١٤٦ .

٥ چاوپێکەوتن لەگەلا (خەدیجە یەشار)،سلێمانی،٣-٣-٢٠٠٩ .

لــه ڕاســتیدا ئــەم تەنگــژە ڕامیارییــەو بڕیــاری هاتنــەوەی هەنــدێك لــە ڕێبــەرەكانیان بــۆ كوردســتان، هۆكــاری كاریگــەربوونیان بــوو بــە بــیری (ترۆتسـكیزم)، چـونكە ئـەم ئایدیۆلۆژیایـە ڕەخنـەی تونـدی لـە هەڵوێسـتی بیۆكراتیانەی بەرپرسان و دووركەوتنەوەیان لە خەڵكی ئاسایی دەگرت[١] .

**٣. هۆكاری دەرەوەیی:** ئەو گرووپەی كە جیابوونەوە كاریگـەر بـوون بـە ی.ن.ك، تەنانەت (نەجمەدین بیوك كایا) دەڵێ :" ئـاڵای ڕزگـاری لـە هـەوڵی ئەوەدا بوون ڕێكخستنەكەیان ڕێك وەك ڕێكخستنی ی.ن.ك بێت"[٢] .

لـەم پێنـاوەدا ڕووداوی هـەكاری ١٩٧٨ بـوو بـە هۆكـاری ڕاسـتەوخۆی پەرتبوونی ڕیزەكانی ڕزگاری. خەدیجـە یەشـار دان بـەم ڕاسـتیەدا دەنێـت و دەڵــێ:" مومتــاز كوتــان دژی ی.ن.ك و هــەر بڕیارێــك بــوو بــۆ ئــازادكردنی دیلەكانی یەكێتی لەلای ق.م، بەڵام مـن و ئیكـرام دەلـەم و ئیـبراهیم گوجلـو بڕیارمان دەركرد، كە دەبێ بێ قەیدو شەرت دیلەكانی ی.ن.ك ئـازاد بكـرێن، ئەمــەش هــۆی جیابوونــەوەمان بــوو لەگــەلا مومتــاز كوتــان". تەنانــەت ئــەم گرووپــە ڕۆژنامــەی (دیوار)یــان بــە زمــانی تــوركی و كــوردی دەركــرد بــۆ پشــتیووانیكردن لــە ی.ن.ك، كــە بــۆ یەكــەمجار دیــوی نێــوەوەی ڕووداوی (هــەكاری) ئاشــكرا كــرد[٣]، بــەڵام لــە بەرامبــەردا مومتــاز كوتــان لــە گۆڤــاری (ڕزگاری)دا سەر لە نوێ نووسینەكانی د. شوانی بڵاو دەكردنـەوە، بەتایبـەت ئــەو نووســینانەی كــە (مــام جــەلال)یان بــە بــەكرێگیراو و غــەییان تۆمــەتبار دەكرد[٤] .

### ٥. دامەزراندنی (ئاڵای ڕزگاری)و چارەنووسی (پارتی ڕزگاری كوردستان):

لە تشرینی دووەمی ١٩٧٨دا لـە ئاكـامی جیابوونـەوەی خەدیجـە یەشـار، ئیكرام دەلەم، ئیبراهیم گوجلو لە ڕزگاری بڕیاریانـدا پـارتێكی نـوێ بـەنێوی

---

١ زاهیر محمەدیو یاسین حاجی زادە : س ، پ ، ل٩٤ .

2. Şafiq yasim: ,S, P , L . 36.

٣ چاوپێكەوتن لەگەلا (خەدیجە یەشار)،سلێمانی،٣-٣-٢٠٠٩ .

٤ نەوشیروان مستەفا ئەمین : لە كەناری دانوبەوە، ل ٦٩ .

ئالآی ڕزگاری ڕابگەیەنن. لە بەرامبەردا ڕزگاریی وەك پارتێکی لاواز مایەوە[1]، وەلێ بۆ خۆ سازدانەوەیان مومتاز کوتان بوو بە سکرتێر و کۆمیتەیەکی (١٣) کەسی نوێیان هەڵبژارد، کە دیارترینیان ئۆرهان کوتان و ڕۆشن ئەسلان بوون[2]. ئەم پارتە لە بەرئەوەی لە کوردستان چالاك نەبوون و ڕێبەرانیان لە ئەنکەرە و ئەستەمبوڵ بوون، جەماوەری کوردیان لێ گردنەبووەوە، بەڵکو زۆربەی جەماوەرەکەیان لەگەلا ئالآی ڕزگاریدا بوون[3]. بەشێوەیەك دەتوانین بڵێین (ئالآی ڕزگاری) بوو بە درێژە پێدەری پارتی ڕزگاریی لە باکووری کوردستاندا.

سەرەتا ئالآی ڕزگاری بۆ ناساندنی تیۆرەکانی لە سەرەتای ١٩٧٩دا گۆڤارێکی نیو مانگی سیاسیی بە نێوی (ئالآی ڕزگاری)* بە زمانی تورکی دەرچوواند، کە سەرنووسەرەکەی ئیکرام دەلەم و بەرێوەبەری نووسینیشی خەدیجە یەشار بوو. ئەم گۆڤارە لە یەکەم ژمارەیدا ناڕەزایەتی دژی هەڵمەتێکی کۆماندۆکان لە ١٩٧٩/٥/٩دا بلأوکردەوە، هەربۆیە لە وەلأمی ئەو بلأوکراوەیەدا ئیکرام دەلەم دەستگیرکراو ١٨ مانگ لە بەندیان نا ، پێش ئەویش خەدیجە یەشار درابوویە دادگە[4] و بڕیاری دەستگیرکردنی ئیبراهیم گوجلوش دەرچوو بوو. سەبارەت بەو ڕەوشە ئیبراهیم گوجلو دەڵێ:" ئیتر چالاکی رامیارییم زۆر بە نهێنی ئەنجامدەدا تا ساڵی ١٩٨٠"[5].

بەمجۆرە ڕێکخستنەکانی ئالآی ڕزگاری لەگەڵ ئەوەی زۆربەی جەماوەری ڕزگارییان لەگەلا بوو، لەگەلا ئەوەشدا دابەشبوون بوو بە هۆکاری لاوازییان[6].

---

١ فاتح ڕەسوولا : بنچینەی بیرۆکەی مێژووی چەپ ، ل ١١٨ .

٢ کریس کۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردو هیوای سەربەخۆیی، ب٢،ل١٤٦ .

٣ چاوپێکەوتن لەگەلا (خەدیجە یەشار)، سلێمانی، ٣-٣-٢٠٠٩; سامي عبدالرحمن : البديل الثوري، ل ١٤٠ .

* بڕوانە بەرگی یەکەمی گۆڤارەکە، پاشکۆی ژمارە (١٦).

4. Malmisanij u Mahmud Lewnedi : S, P , L . 262 , 264 .

5. Îbrahim Guçlu :S,P,L.26 .

٦مایکڵ گەنتەر : س ، پ ، ل ١٣٨ .

بە جۆرێك نەیان دەتوانی تاكە دروشمێكیان بە كردارەكی جێبەجێ بكەن.

سەبارەت بە پێوەندییە ڕێكخراوەییەكانیشیان، ئەوا پێوەندییەكانی ئاڵای ڕزگاریی و پارت و ڕێكخراوە كوردییەكان بەپێی بەرنامە و ستراتیژییان هەڵدەسووڕا، بۆ نموونە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە هەمیشە ڕەخنەیان لە پ.س.ك هەبوو، چونكە پێیان وابوو پارتێكن بایەخ بە كوردایەتی نادەن[1]، بە تایبەت ڕەخنەیان لە كەمال بورقای سكرتێریان هەبوو، پێیان وابوو زیاتر لەگەلا چەپە توركەكان دایە[2] .

بەڵام پەیوەندی ئاڵای ڕزگاری و پ.ك.ك زۆر گرژو ئاڵۆز بوو، سەبارەت بە هۆكارەكانی ئەو گرژییە خەدیجە یەشار دەڵێ:" پ.ك.ك بە كوشتنی شۆڕشگێڕەكان دەستیپێكرد، بەڵام نەیاندەتوانی كادیرەكانی ئاڵای ڕزگاری بكوژن، چونكە گەریلا و چەكدارمان هەبوو، بڕیاریشمان دابوو لە هەر شوێنێ ئەندامی پ.ك.ك هەبوو چەك بكرێت"[3]. لە ڕاستیدا هۆكاری ئەم گرژیە كاتێك پەرەی سەند، كە پ.ك.ك لە حەلوانو سیڤەرك و ئورفە لە سەر حسابی جەماوەری ئەوان پێشكەوت[4].

سەبارەت بە پێوەندییە كوردستانیەكانیش، ئاڵای ڕزگاری بە پشت بەستن بە پێوەندیی دۆستایەتی لەتەك پارتە سیاسیەكانی ڕۆژهەڵات و باشووری كوردستان، بەشێوەیەكی كرداری دەستیدایە خەباتی چەكداری و پێش كودەتا بنكەی سەربازی و مەفرەزەی گەریلاییان لە سنوورەكاندا ڕێكخست[5]، چونكە شۆڕشی ئێران و دروستبوونی زەمینەی ئازاد لە ڕۆژهەڵاتی

---

١ چاوپێكەوتن لەگەلا (خەدیجە یەشار)،سلێمانی،٣-٣-٢٠٠٩.

٢ كریس كۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوایەتی كورد ،ب٢، ل ١٤٤ .

٣ چاوپێكەوتن لەگەلا (خەدیجە یەشار)،سلێمانی،٣-٣-٢٠٠٩.

٤ چاوپێكەوتن لەگەلا (خەلیل ئاتاج)، كۆیە،١٥-٢-٢٠٠٩.(خەلیل ئاتاج ناسراو بە ئەبوو بەكر ساڵی ١٩٥٨ لە ئورفە لە دایك بووە، دامەزرێنەرانی بەرایی‌و بەرپرسی یەكەمی پ.ك.ك بووە لە ئورفەو حەلوان دا).

٥ چاوپێكەوتن لەگەلا (خەدیجە یەشار)،سلێمانی،٣-٣-٢٠٠٩.

کوردستان، هۆکاری دروستبوونی پێوەندی ئاڵای ڕزگاری و حدکا و کۆمەڵە* بوو. سەرەتا ساڵی ١٩٧٩ لەتەک حدکا پەیوەندی چێکرا، بەڵام هۆکاری ئایدیۆلۆژی ڕێگربوو لەوەی هاریکاری سەربازی و سیاسیی یەکتر بکەن، سەبارەت بەو ڕاستیەش عەبدوڵڵای حەسەن زادە دەڵێ: " خەدیجە یەشار لە بارەگاکەی خۆمان پێی دەوتین ئێوە کۆنە پەرستن و دەتانهەوێ کورد بەرەو دوواوە بەرن، پێیان وابوو دەبێ لە ئێمە دووربن، ئەگەر نا ئێمە دەستی هاوکاریمان بۆ درێژ دەکردن"[١].

کۆمەڵەو ئاڵای ڕزگاری پەیوەندیان زۆر باشبوو، تەنانەت ئەندامانیان وەك یەك ڕێکخستن بوون و لە سنوورەکاندا ئەندامانی یەکترییان دەرباز دەکرد و هەندێك جار هاریکاری سەربازی یەکتر بوون و دژی ڕژێمی نوێی ئێران دەجەنگان. تەنانەت سەرکردایەتی ئاڵای ڕزگاری لەگەلا فوئاد سوڵتانی ڕێبەری کۆمەڵە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان هەبوو**[٢].

هەروەها ئاڵای ڕزگاری لەگەلا پارتە کوردییەکانی باشووری کوردستان پێوەندی بەهێز بوو، بە تایبەتی لەگەلا ح.ش.ع[٣] و ی.ن.ك، چونکە لە پێش کودەتا خەدیجە یەشار و ئیکرام دەلەم و ئیبراهیم گوجلو، بە پشتیووانی

---

* کورتکراوەی نێوی کۆمەڵەی شۆڕشگێرانی زەحمەتکێشانە، لە ١٩٦٩دا دامەزراوە، گرووپێکە چاو لە پارتی کۆمۆنیستی چین دەکات.(مایکڵ گانتەر: س،پ، ل٢٢٤).

(Malmisanij u Mahmud Lewendi : S, P , L . 278).

١ چاوپێکەوتن لەگەلا (عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، کۆیە، ٢٠-١٢-٢٠٠٨ .(عەبدوڵڵا حەسەن زادە ساڵی ١٩٣٤ لە مهاباد لەدایك بووە، نووسەرو سیاسەتمەداری کوردەو شانبەشانی قاسملۆ دارێژەری سیاسیی و کەسی باڵای حدکا بووە).

** سکرتێری کۆمەڵەو (خەدیجە یەشار) بوونە هاوسەری یەکتریی . (چاوپێکەوتن لەگەل (سەید کاکە)، هەولێر،٧-١٢-٢٠٠٨.(سەید کاکە بەرپرسێکی سەربازیی شۆڕشی ئەیلول بوو، لە پاش نسکۆ یەکێك بوو لە ڕێبەرە سەربازییەکان بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانو بەشدارێکی ڕووداوی هەکارییەو لەنێزیکەوە پارتە سیاسییەکانی باکووری ناسیوە) .

٢ چاوپێکەوتن لەگەلا (خەدیجە یەشار)، سلێمانی،٣-٣-٢٠٠٩ .

٣ چاوپێکەوتن لەگەلا (عەزیز محەمەد)، هەولێر، ٥-٥-٢٠٠٩.

ئـەوان بارەگـەی سـەرەکی پارتەکـەیان هێنـابووە دەڤـەری برادۆسـت. ئـەم هەولآنـەی ئـالآی ڕزگـاری بـە قۆسـتنەوەی نێوچـەی ئـازادکراوی ڕۆژهـەلآتی کوردستان لە ئاستێکدا بوو کە ڕژێمی پەست و نیگەران کرد بـوو. بـەجۆرێك (ئـــەیوب ئوگلـــو) جێگـــری ســـەرۆك وەزیـــران لـــە ئـــەیلوولی ١٩٧٩ دا وتبووی:"جوولآنەوەی کورد لە باشووری ڕۆژهەلآتی تورکیا هەڕەشە لە یـەك پارچەیی دەکات"[١]، چونکە ئەو سنوورە لە دەستی گەریلاکانی ئالآی ڕزگاری دا بوو. بەلآم ڕوودانی کوۆدەتا بەرنامەی چەکداریی ئالآی ڕزگاری بۆ هەمیشە وەستاند.

## چوارەم: ڕێکخراوی کاوە (کاوەچییەکان)

**یەکەم: هۆکاری دامەزراندنی ڕێکخراوی کاوە :**

١ .هۆکاری ئایدیۆلۆژیی :ـ ماوییەکان گرووپێکی چەپی توندڕەو و نەیاری سۆشـیال ئیمپڕیـالیزمی* سـۆڤیەت بـوون، پێیـان وابـوو سـۆڤیەت هەمیشـە یارمـەتی ڕژێمـی تورکیـای داوە بـۆ بندەسـتکردنی کـورد[٢]. لـە ڕووی نـەزمی چالاکیشـەوە دژی پڕەنسـیپی سـۆڤیەت بـوون لـە خـەباتی (پێکـەوە ژیـانی ئاشـتیانەدا)[٣]، چـونکە لـە ماویزمـدا خواسـتی شۆڕشـی بـەردەوام لـە هـەموو جیهانـدا دژی بنکـەکانی کاپیتـالیزم هەیـە. لەبـەر ئـەوە ئـەو گرووپـەی کـە لایەنگری ماویزم و پڕەنسیپەکانی سۆشـیالیزمی چـین بـوون، لـەو ڕێگەیـەوە داوای سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد[٤].

---

١ حەسرەتیان : یاسا دەستوورییەکانی تورکیا، ل ١٠٠ .

* سۆشیال فاشییزم: بەو کۆمۆنیستانە دەوتـرا کـە لایـەنگرییان لـە سـۆڤیەت دەکـرد. (زاهـیر موحەمەدی‌و یاسین حاجی زادە: س،پ، ل ٣٨٩) .

٢ کریس کۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ب٢،ل ١٤٧ .

٣ چاوپێکەوتن لەگەڵ( داود حەسەن کرۆن)، هەولێر،٦-٢-٢٠٠٩.

4. E dgar O, balance : op , cit , p . 147 .

٢. پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی و ئـابووریی ئەنـدامان : پێمانوایـە پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی و ئـابووری خوێنـدکارەکانی کـورد ڕۆڵیـان لـە نێزیکبوونـەوەی هـاوبیری و رامیـاریی هـەبووە، لەبەرئـەوە گرووپـی کـاوە زیـاتر لـە بنەماڵـە ئەرستۆقراتەکان بوون و دامەزرێنەرانی زۆربەیان نەوەی گـەورە دەرەبـەگ و سـەرەك هـۆز و زەنگـین و بازرگانـەکان بـوون، هەربۆیـە لـە موناقەشـەکاندا پێیان وابوو کاری ئـەوان خـەباتکردن نییـە دژی فیـوداڵیزم[1]. لـەم بارەیـەوە مستەفا ئاکسەقاڵ دەڵێ:" لە لای ئێمە باسکردن لە هۆزی خـائین و جـاش و شۆڕشگێڕ نەبوو، ئێمە دژی نێوەند و کۆلۆنیـالیزم بـووین نـەك فیـودالیزم"[2]. لە ڕاستیدا بۆیە بیری ماویزم لەلایان پەسەند بوو، چـونکە ئـەوان بڕوایـان بـە شـەڕی پـارتیزانی هــەبوو، شـەڕی پـارتیزانیش لـە وڵاتـانی ژێـر دەسـتی کۆلۆنیالیزم بە پشتیووانی جەماوەری جوتیارەکانە، ئەمـەش یـەکێك بـوو لـە بیروڕاکـانی مـاویزم[3]. هەربۆیـە ئـەوانی کـوڕانی دەوڵەمەنـد و دەرەبـەگی ئاواییەکان بەبێ پشیتووانی جوتیار هیچیان بۆ نەدەکرا، لەسەر ئەم بنەمایە خـەبات دژی فاشـیزم لـە پێشـەوەی کارەکانیانـەو پێویسـتە لـە دژی کۆلۆنیالیزم ستراتیژییان دابرێژن .

**دووەم: دامەزراندنی ڕێکخراوی کاوە:**

ڕێکخراوی کاوە ساڵی ١٩٧٦ لە لایەن(٥)خوێندکاری کورد لە ئەستەمبولا دامـەزرا، دامەزرێنـەرانی ئـەم ڕێکخـراوە پێشـووتر (٤)یـان لـە نێـو گرووپـی د.د.ك.د دا بەرپرسی باڵا بوون، ئەوانیش بریتی بوون لە :
ئەحمـەد زەگـی ئۆکچـولو، مـەحموود فـورات، نـورەدین حوسـێنی، لەتـەك خوێنـدکارێکی دانیشـتووی شـاری مـوش. پـاش ئـەوەی زۆربـەی ڕێبـەرانی

---

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ (خدیجە یەشار)،٣-٣-٢٠٠٩.
٢ چاوپێکەوتن لەگەڵ ( مستەفا ئەقسەقەل ریسیپی)، هەولێر،٥-٢-٢٠٠٩.
٣ زاهیر محەمەدی و یاسین حاجی زادە : س ، پ ، ل ٦٨٧ .

د.د.ك.د له ئەنكەره قۆڵبەستكران و گردبوونەوه ديموكراسييەكه پەرتبوو، ئيتر خوێندكاره ماوييەكانى نێو ڕێكخراوى د.د.ك.د ى ئەستەمبوڵ لەتەك داود حەسەن كرۆن پاش ئەوەى ساڵى١٩٧٦ له زيندان ئازادكرابوو، كۆبوونەوه و بڕيارى پێكهێنانى ڕێكخراوى كاوەياندا. كاوه ڕێكخراوێكى نهێنى بوو، له يەكەم دانيشتندا پرەنسيپ و پێڕەوى نێوخۆيى، كه له لايەن داود حەسەن كرۆنو مەحموود فوراتەوه ئامادەكرا بوو خرايه ڕوو. بەندى سەرەكى پێڕەوەكه بريتى بوو له مافى چارەى خۆ نووسين بۆ گەڵى كورد .[1] دامەزرێنەرانى كاوه نێوى ڕێكخراوەكەيان له نێوى بنكەى چاپو وەشاندنى ئەستەمبوڵيان وەرگرت و دواتريش هەر بەو نێوەوه ناسرانو پێيان دەوترا (كاوەچييەكان)[2]. ئيتر ئەم بنكه ڕووناكبيريه بوو به بنكەى گرووپه سياسييەكه و لەوێوه دەستيان بەكارى ڕێكخستن كرد.[3]

**سێهەم:. بڕيارى خەباتكردن له كوردستاندا و شێوازى كارو چالاكييەكان:**

كاوه كۆميتەيەكى (٥) كەسييان دروستكرد، بەڵام سەرۆكيان هەڵنەبژارد[4]. له سەرەتاشەوه تەنها له ئەزمير و ئەستەمبولا و ئەنقەرەدا هەبوون، پاش ئەوەى مستەفا ئاكسەقاڵ له زيندان ئازادكرا، بەرپرسايەتى ڕێكخراوەكه له ئەنقەره درا به هەريەك له مستەفا ئاكسەقاڵ و فەريد ئۆزۆن[*][5] .

---

١ چاوپێكەوتن لەگەلا (داود حەسەن كرون)، هەولێر،٦-٢-٢٠٠٩ .

٢ چاوپێكەوتن لەگەلا (خەديجه يەشار )،ى سلێمانى، ٣-٣-٢٠٠٩.

٣ نەوشيروان مستەفا ئەمين: له كەنارى دانوبەوه ، ل ٦٨ .

٤ مكتب علاقات الفرع الاول للحزب الديموقراطي الكردستاني:نشرة تاريخية عن الاحزاب الكردية فى كردستان شمالية، ١٩٩٦،ل ٢٨ .

* فەريد ئۆزۆن (١٩٥٠ - ١٩٧٨)، خوێندكارى بەشى ئەندازيارى بوو دواتر بوو به ئەندازيار له سيڤەرك، ساڵى ١٩٧٨ تيرۆر كرا .(Malmisanij u Mahmud Lewendi : S, p , L , 251 .)

٥ چاوپێكەوتن لەگەلا (داود حەسەن كرون)، هەولێر،٦-٢-٢٠٠٩ .

لەسەرەتاوە سەرکردایەتی کاوە بڕیاریدا ڕووبکەنە کوردستان و واز لە خوێندنی زانکۆ بهێنن، ئیتر لە نەخشەیەکی نهێنیدا ئەحمەد زەکی لە ئەستەمبوڵ و مستەفا ئاکسەقاڵ لە ئەنقەرە مانەوە و کوردستانیش کرا بە (٣) هەرێمی ڕێکخستنەوە بەمجۆرە[١] :

١. داود حەسەن کرۆن بوو بە بەرپرسی کۆمیتەکانی ئەرزەڕۆم، ئەرزنجان، مەلاتیە، بینگول .

٢. نورەدین حوسێنی بوو بە بەرپرسی کۆمیتەکانی مێردین، سیرت، دیاربەکر، ئورفە .

٣. مەحموود فورات بوو بە بەرپرسی کۆمیتەکانی مەرعەش، ئادیامان[٢] .

بۆ هەر قەزاو شارۆچکەیەکیش بەرپرسێك دانرا بۆ نموونە (جمهور جهو)* بوو بە بەرپرسی قەزای سلۆپی و ئیسماعیل حاجی حەسەن بوو بە بەرپرسی قەزای جەزیرەو عەبدوڵڵا عەگیل بوو بە بەرپرسی قەزای شیزمە[٣] .

کاوە بۆ دەستپێکردن بە چالاکی کۆنفرانسێکی فراوانیان بەست و کۆمیتەیەکی نێوەندیی نوێ دیاریکرا کە پێکهاتبوون لە : ـ

داود حەسەن کرۆن، مەحموود فورات، بەیروت ئازوم ـ ئەندازیار، ئەحمەد زەکی ئۆکچلو، حوسێن یەلدرم، د.سەردار، د. کەمال، حەسەن عەقار، کە زۆربەیان نێوی نهێنی بوون[٤] .

کاوە پاش ئەوەی ڕوویکردە کوردستان لە شارەکانی ئەنقەرە و ئەستەمبوڵیشدا، خەباتی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی درێژە پێ دەدا. بۆ نموونە ساڵی ١٩٧٧ لە پێناو بەرگریکردن لە تیۆری (جیهانی سێهەم) لە خەباتی

---

١ چاوپێکەوتن لەگەلا (مستەفا ئاکسەقاڵ ڕیسپی)، هەولێر، ٥ـ٢ـ٢٠٠٩.

٢ چاوپێکەوتن لەگەلا (داود حەسەن کرون)، هەولێر،٦ـ٢ـ٢٠٠٩ ; چاوپێکەوتن لەگەلا (مستەفا ئاکسەقاڵ ڕیسپی)، هەولێر، ٥ـ٢ـ٢٠٠٩.

* (جمهور جمهو) خوێندکاری زانکۆو یەکێ لە ئاغەزادەکانی قەزای سلۆپی بوو .

٣ سعد ناجي جواد:س،پ، ل ٢٨ ; مديرية الامن العامة: س ، پ ، ل ٨٧ .

٤ مكتب علاقات الفرع الاول للحزب الديموقراطي الكردستاني: س ، پ ، ل ٢٩ .

ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد دا، گۆڤاری (ڕێگای سوور) لە ئەنکەرە وەك ئۆرگانی کاوە چاپ و بڵاودەکرایەوە[1]، ئەم بیروباوەڕە لە نێو لاوانیشدا بایەخی پێ دەدرا، لە کوردستانیشدا چەندین کۆمەڵەی ئەدەبیو ڕووناکبیریی لەلایەن ڕێکخستنە نهێنییەکانی ئەم پارتەوە دامەزران، کە بە ئاشکرا خواستی سەربەخۆییان هەبوو بۆ کوردستان. هاوکات لە شاری ئەستەمبولا گۆڤاری مانگانەی کاوە* بە تورکی و بەنهێنی چاپ و بڵاودەکرایەوە، کە سەرنووسەری گۆڤارەکە (عەبدوڵڵا سۆیدان** ) و بەڕێوەبەری گۆڤارەکە (حوسێن شەن) بوو***. لە سەر نێوەرۆکی بابەتەکانیان لەپاش چەند ژمارەیەك هەردووکیان لەلایەن دەوڵەتەوە دەستگیرکران. لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی (میلییەت)یش لە ژمارەی ١٩٧٩/١/٨ دا نووسیبووی:" بە بڕیاری بەڕێوەبەرایەتی عورفی ئەستەمبولا گۆڤاری کاوە داخرا" .

**پێنجەم: هۆکارەکانی دابەشبوونی ڕێکخستنەکانی کاوە:**

**١ . ناکۆکی لەسەر شێوازی چالاکیی سیاسیی:**

کاوە بەهۆی پێشینەی ئەندامەکانی لە نێو ڕێکخستنەکانی پێشوودا دوو شێوازی جیایان بۆ چالاکی گرتبووە بەر، بەمجۆرە :

ا. هەندێك پێیان وابوو پێویستە بە نهێنی کاربکەن، هەندێکیشیان بە ئاشکرا کار و چالاکییان ئەنجام دەدا.

ب. هەندێك پێیان وابوو پێویستە خەباتی پارتی زانی بکەن و هێرش بکەنە سەر بارەگاکانی میت و پۆلیس و نەیاران، هەندێکیشیان بڕوایان وابوو

---

1. MalmisaniJ ŭ Mahmud lewendi: S , p , L . 295 .

* بڕوانە بەرگی یەکەمی گۆڤاری کاوە، پاشکۆی ژمارە(١٧).

** (عەبدوڵا سۆیدان) ساڵی ١٩٧٩ دەستگیر دەکرێتو تا ساڵی ١٩٩١ لە زینداندا دەبێت .

*** حوسەین شەن (١٩٥٥ ـ ١٩٧٩) لە دێرسیم لە دایك دەبێت، ساڵی ١٩٧٩ لە بینگول پۆلیس بە بریندارى دەیگرنو پاشان لە ژێر ئەشکەنجەدا دەیکوژن . ( MalmisaniJ ŭ (Mahmud Lewendi: S, p , L . 260 .

پێویسته چەکیان تەنها بۆ بەرگری لە خۆ کردن بێت [1]. لەبەر ئەوە ئەوانەی لایەنگری چالاکیی ئاشکرابوون بە ئاشکرا لق و کۆمەڵەیان لە شارە کوردییەکاندا کردبووەوەو لە هەر شوێنێك بە نێوێکەوە ڕێکخستنەکانیان کاریاندەکرد، سەبارەت بەم جیاوازییە مستەفا ئاکسەقاڵ دەڵێ:" من لە دامەزرێنەرانی د.د.ك.د بووم، لەوانەوە فێری ئەوە بووم بە ئاشکرا کار بکەین، بۆ ئەمەش لە دیاربەکر و ڕوحا و سلۆپی کۆمەڵەی ئاشکرامان هەبوو، چالاکییەکانمان لە ٨٠٪ی خەڵك و دەوڵەتیش ئاگاداریان بوون، تەنانەت تەنها پارت بووین، کە نێوی خوازراومان لە خۆمان نەدەنا"[2].

بەڵام ڕەوتێکیی تر هەبوون کە بەپێچەوانەوە کاریان دەکرد، لەم بارەشەوە داود حەسەن کرون دەڵێ:" ئێمە بڕیارمان دابوو نهێنی بین و ئاشکرا نەبین".

**دووەم: ناکۆکی لەسەر شێوازی چالاکی چەکداری:**

کاوە لە سەرەتاوە ڕێکخستنە نهێنییەکانی حەوجێیان بە کادیری سەربازیی و ڕاهێنانیان بوون لەسەر جۆری چەك[3]، هەربۆیە پاش ئەوەی ساڵی ١٩٧٨ ڕێکخراوی کاوە کۆنفرانسی دووەمی گرێدا، بەشێوەیەکی کردارەکی دەستیان کرد بە خەباتی پارتیزانی و ژمارەیەك ئەفسەر و پۆلیسی تورکیان کوشت[4]. سەبارەت بەم هەوڵانە داود حەسەن کرۆن دەڵێ:" لە ساڵی ١٩٧٨دا لە ئەستەمبولا بارەگا سەربازییەکانمان دەدایە بەر دەسترێژی گوللە و دواتر چەکەکانمان لێ دەسەندن، هەروەها لە موش و دیاربەکر و دێرسیم کاری پارتیزانیمان ئەنجام دەدا، ئامانجمان کوشتنی ئەو تورکانە بوو کە ستەمیان لە کورد دەکرد"[5].

١ کریس کۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، ب٢، ل١٤٨ .

٢ چاوپێکەوتن لەگەلا (مستەفا ئاکسەقاڵ ڕیسپی)، هەولێر،٥-٢-٢٠٠٩ .

٣ مديرية الامن العامة: س ، پ ، ل ٨٨ .

٤ مكتب علاقات الفرع الاول للحزب الديموقراطي الكردستاني : س ، پ ، ل ٢٨ .

٥ چاوپێکەوتن لەگەلا (داود حەسەن کرون) ، هەولێر، ٦-٢-٢٠٠٩.

هەربۆیە ئەم ڕێکخراوە لە لایەن تورکیاوە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ئامــاژەی پــێ دەدرا[1] و بــەردەوام ڕێکخــراوی میتــی تــورکی چــاودێری جموجووڵــەکانی بــوو. لــە بەرامبــەردا بــاڵێکیتر لــە بەرنامەیانـدا کوشـتنی پۆلیس و سەربازی تورك نەبوو، لەم بارەیەوە مستەفا ئاکسەقاڵ دەڵـێ:" لـە دیرۆکی ئێمەدا شەڕ و کوشتن نییە، چەکمان بۆ بەرگری پێ بوو"[2].

سـێهەم: نـاکۆکی ئایـدیۆلۆژی: پـاش ئـەوەی (پـارتی کۆمۆنیسـتی ئـەلبانیا) لەتەك چیندا دابەشبوونی ئایـدیۆلۆژی لـە نێوانیانـدا ڕوویـداو هـزری مـاوییزم دووچاری پەرتبوون هات، ئەمەیش کاریگەریی کردە سەر ئەو چەپانەی کە لە تورکیا دا موماره‌سەی کاری رامیارییان دەکرد، هەربۆیە (کاوەچـییەکان)یش دابەشبوون لە نێوانیاندا ڕوویداو باڵێکیـان خۆیـان وەك لایـەنگری پرەنسـیپە هزییەکانی (پارتی کۆمۆنیستی ئەلبانیا) ڕاگەیاند[3] و لە بەرامبەردا هەنـدێکیان وەك لایەنگریی تیۆری جیهانی سێهەمی ماوتسی تۆنغ مانەوەو پێڕەوی هـزر و رامیاریی چین بوون. شوێنکەوتوانی ئەو پارتە ڕەخنەیان لـە چـین هـەبوو، چونکە چین تەمای بوو تورکیا لە دژی سۆڤیەت بەهێز بکـات و پرسـی کـورد وەك کێشەیەکی نێوخۆیی نێو زەد بکات[4].

لە ڕاستیدا پێڕەوانی هەردوو تیۆریەکە لە چین و ئەلبانیا لە بەرژەوەندی خەباتی ژێر دەستی نەتەوەیی کوردا کارێکی دروستیان نەکردووە. سەبارەت بەم بۆچوونە داود حەسەن کرۆن دەڵێ:"ڕووسـیا هاریکـاری عێراقـی دەکـرد، عێراقیش دژی کورد بوو، ئێمەش دەمانگوت ئەگەر ڕووسیا کۆمۆنیستە دەبێ تەرەفگیریی لە کـورد بکـات"[5]. لەلایـەکی تـرەوە چـین ئامـادەیی خـۆی بـۆ

---

١ احمد عبدالباقي احمد : س، پ، ل ١٠٠ .

٢ چاوپێکەوتن لەگەلا (مستەفا ئاکسەقاڵ ڕیسپی)، هەولێر، ٥ـ٢ـ٢٠٠٩ .

٣ سامي عبدالرحمن : البديل الثوري ، ل ١٤٠ ; حامد محمود عيسى : القضية الكردية في الشرق الاوسط، ل ٣٧٨ .

٤ کریس کۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ل ١٤٨ .

٥ چاوپێکەوتن لەگەلا (داود حەسەن کرون) ، هەولێر، ٦ـ٢ـ٢٠٠٩.

پشتگیری ڕژێمی بەعس دژی کورد نەدەشاردەوە، تەنانەت(ماوتسی تونغ) شۆڕشەکەی باشووری کوردستانی بە بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستی هەژمار دەکرد.[1]

**شەشەم: چارەنووسی خەباتی سیاسی و چەکداریی کاوە، پاش لێکترازانی ڕیزەکانیان (١٩٧٨ - ١٩٨٠):**

ڕێکخستنەکانی کاوە باڵێکی بەهێزیان بەنێوی (دەنگی کاوە) لێ جودابووەوە، *بەڵام زۆرینەی کادیرە سیاسیەکانی لە نێودا مانەوە*[2]، نێوچەکانی دێرسیمو مەلاتیە ئەو بەشانە بوون کە ڕێکخستنەکانی کاوە تێیدا چالاك بوون[3]، ئەمەش لەبەرئەوە بوو، کە بەرپرسانی کاوە زیاتر کوردی عەلەویو خەڵکی دێرسیم بوون . بەمجۆرە بەردەوامبوون لە چالاکیو بڵاوکراوەی گۆڤارو هەواڵنامەو چەندین کۆمیتەی ژنانو خوێندکارانو لاوانی دامەزراند بوو، زێدەتریش ئەندامەکانی مامۆستاو خوێندکارو ڕووناکبیر بوون[4].

**حەوتەم: پەیوەندییەکانی کاوە لەتەك پارتە سیاسییە نهێنییەکانی کورد لە کوردستاندا:**

کاوە لەگەلا کوك و ڕزگاری و پ.س.ك پێوەندی دۆستانەی هەبوو، وەلێ لەتەك د.د.ك.د کێشە و گرفتی شەخسی لەنێوان ئەندامانی یەکتردا هەبوو، سەبارەت بەو گرفتانە داود حەسەن کرۆن دەڵێ:"ئەم کێشەیە لەنێو سەرکردایەتیماندا نەبوو، بەڵکو چەند کادیرێکی ئێمە سەربەخۆ چەند ئەندامێکی د.د.ك.د یان کوشتبوو، ئێمەش بڕیارماندا ئەوانەی تاوانبارن وە

١ جەمال نەبەز : کوردستانو شۆڕشەکەی، ل ٩٠١ ، ٣٠٢ .
٢ چاوپێکەوتن لەگەلا (داود حەسەن کرون) ، هەولێر، ٦-٢-٢٠٠٩.
٣ چاوپێکەوتن لەگەلا (مستەفا ئاکسەقاڵ ڕیسپی)، هەولێر، ٥-٢-٢٠٠٩ .
٤ کرس کۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ب٢،ل ١٤٨ .

دەریانکەین"[١]. بەلاَم پەیوەندی نێوان پ.ك.ك و کاوە پەیوەندییەکی گرژ و ئالۆز بوو، هەردوولا یەکتریان تۆمەتبار دەکرد بە بەکرێگیراویی و پرۆژەی دەوڵەت. لە ڕاستیدا هۆکاری ئەو گرژیەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی پ.ك.ك لەو ناوچە کوردییانەی سنووری تورکیاوە دەستیکرد بە چالاکیی کە کاوە تێیدا چالاکبوون، هاوکات بەردەوام کادیرەکانی پ.ك.ك کاوەیان تاوانبار دەکرد بە کوشتنی ئەندامە باڵاکانیان، لەم بارەیەوە هەڤاڵ جومعە دەڵێ:"هەندێ لە ئەندامانی کاوەچی لە عەینتابدا لەگەلا ڕێکخراوی (ئەستێرەی سوور)* بوون کە هەقی قەرار یان کوشت"[٢]. ئەم گرژییە بوو بە هۆکاری ئەوەی، کە لە دێرسیم و عەینتابدا لە ماوەکانی ( ١٩٧٧- ١٩٨٠) ڕووداوی خوێناوی لە نێوان ئەندامانی کاوە و پ.ك.ك دا بقەومێت. بۆ یەکلایکردنەوەی ئەو گرفتانە داود حەسەن کرۆن دەڵێ:" چەندین جار لە ئەنکەرە لەگەلا ئۆج ئالان بۆ چارەسەری گرفتەکانمان دانیشتووین، تا بزانم بۆچی لە دێرسیم جەنگمان لەتەك دەکەن، بەلاَم ئۆج ئالان لە وەلاَمدا دەیگۆت ئەو کارانە بە فەرمانی من نییە و بە بێ پرسی ئێمە دەیانکەن"[٣]

لە ڕاستیدا گرژی نێوانیان بەشێك بوو لەو ڕەوشەی لە کۆتایی حەفتاکاندا تورکیای گرتبووەوەو دەسەلاَتدارێتی تورکیاش دەستی وەردابوویە نێو خەباتی رامیاریی تەواوی پارتە کوردییەکان.

**حەوتەم: پەیوەندییە کوردستانییەکانی (کاوە):**

به ڕوودانی شۆڕشی گەلاَنی ئێران کاوە هەولّی دەدا چەك و چۆلّ لە سنوورەکانی ئێرانەوە بهێنێتە کوردستان[٤]، هەربۆیە بە زوویی پەیوەندی

---

١ چاوپێکەوتن لەگەلا (داود حەسەن کرۆن)، هەولێر، ٦-٢-٢٠٠٩ .

* ڕێکخراوی ئەستێرەی سوور لە بەشی چوارەم باسیی سێهەمدا ئاماژە بە درووستبوونی دراوە

٢ حەسەن جودی : س ، پ ، ل ١٧٥ ، ١٨٤ .

٣چاوپێکەوتن لەگەلا (داود حەسەن کرۆن)، هەولێر، ٦-٢-٢٠٠٩ .

٤ چاوپێکەوتن لەگەلا (عەبدولاَی حەسەن زادە)، کۆیە، ١٢-١١-٢٠٠٨ .

لەگەلا پارتە کوردییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان درووستکرد، یا لە ڕێگەی دەستگرتن بەسەر بنکە سەربازییەکانی ڕاستڕەوەکان چەکی بە دەستدەهێنا.[1] لە بەرامبەردا دەولەت بە وردی چاودێری ڕێکخستنەکانی دەکرد و ئاگاداری جموجوولەکانی کاوە بوو لە ڕێگەی پەیوەندییە دەرەکییەکانیەوە، چونکە کاوە بنکەی سەربازیی و ڕاهێنانی لاوەکانی لەسەر جۆرەکانی چەك پەرە پێدابوو، هەربۆیە شالاوی گرتن و ڕاوەدوونان دەستی پێکردو زیاتر لە (٢٠٠) ئەندامی کاوە قۆلبەست کران[2].

بۆ ڕزگاربوون لەم ڕەوشە و بۆ بەدەست هێنانی هاریکاری سەربازیی و فراوانکردنی پێوەندییە کوردستانیەکان، لە دێسەمبەری ١٩٨٠دا وەفدێکی بالای کاوە لەسەر داوای داود حەسەن کرۆن دەنێررێتە قامیشلۆ بۆ لای مام جەلال تا هاریکاری چەکداریی لە نێوانیاندا دووستبکەن. وەفدەکە پێکهاتبوون لە حوسێن ئەسلان ئەندامی کۆمیتەی نێوەندی، بەرپرسی ناوچەی مێردین (محەمەد ئەمین موتلو)، بەرپرسی کۆمیتەی ژنان نەجلامکسبی*، لەتەك ڕێبەری سەربازیی کاوە ڕەمەزان شەن. پاش ئەوەی وەفدەکە لەگەلا مام جەلال دا گردبوونەوە و وتووێژیانکرد، بەپێی پلانێکی پێشوەخت لە گەڕانەوەیانداو لە قامیشلۆ هەموویان قۆلبەست کران و پاشان لەنێوبران[3] . سەبارەت بەو ڕووداوە (داود حەسەن کرۆن) دەلێ: "سوریا هاوکاری میتی کرد و کارەکە لە ڕێگەی جەم ئەسلان بەرپرسی نوسەیبینی ڕێکخراوی میت ئەنجامدرا". لە ئەنجامدا ١٦ کادیری بالای ڕێکخراوی کاوە

---

1. E dgar O, balance : op , cit , p . 148 .

٢ وصال نجیب العزاوی: س، پ، ل ١٣٣ .

* نەجلامکسبی هاوسەری حوسێن ئەسلان خەلکی باتمان بوو، سکرتێری کۆمیتەی ژنانی کاوە بوو، بە سکپڕی لە سێدارە درا.(کریس کۆچێرا:س، پ، ل ١٥٤ ) .

٣ کریس کۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ب٢،ل ١٤٨ ; چاوپێکەوتن لەگەلا (داود حەسەن کرۆن)، هەولێر،٦-٢-٢٠٠٩.

بوونە قوربانی پلانەکە[1]. جیا لە ڕووداوی قامیشلۆ، کودەتای سەربازیی ١٩٨٠ بەتەواوی کۆتایی بە خەباتی رامیاری و چەکداریی کاوە هێنا، چونکە لە دەرهاویشتەی ئەو ڕووداوانەدا ئەندامی بالآی کاوە داود حەسەن کرۆن هەڵهات بۆ ئەڵمانیا و حوسێن ئەسلان کوژرا و تورکوت چەتین دەرە پەنای بردە بەر ڕۆژهەلاتی کوردستان، هەندێك گەورە بەرپرسیتر چوونە سوریا و باشووری کوردستان، بەلآم زۆربەی کادیرانیان وەك ئەندامانی پارتەکانیتر ڕوویان کردە ئەورووپا[2].

## پێنجەم: ڕێکخراوی دەنگی کاوە (١٩٧٨ - ١٩٨٠):

هەر یەك لە مستەفا ئاکسەقالێ، فەرید ئۆزۆن، نورەدین حوسێنی لە سەرەتای ١٩٧٨دا جیابوونەوە و ڕێکخراویی (دەنگی کاوە)یان دامەزراند، کە زۆرترین جەماوەری کاوە یان لەگەڵدا بوو، بەلآم کادیر و خوێندەوارەکان هەر لەگەلا کاوە دا مانەوە[3]. هاوکات جەماوەری دەنگی کاوە زیاتر لە شارەکانی سیرت، فارقین، مێردین، ئورفە، دیاربەکر، هەکاری دا بوون، یا لەو شوێنانە بوون کە پێکهاتەی فیودالّی و نەخوێندەواریی تێدا زالّبوو، ئەوان بە پێچەوانەی کاوە وە بە ئاشکرا چالاکییان دەکرد و بە هیچ جۆرێ دروشمی دژایەتی دەرەبەگ و شێخ و ئاغەیان بەرز نەدەکردەوە، چونکە دامەزرێنەرانیان لە پێکهاتەیەکی بنەماڵە فیودالّدا بوون. دەنگی کاوە لەلایەن (٥ ) کەسەوە سەرۆکایەتی دەکرا و کۆنگرەکانی شاراوە بوون، بەلآم گوتاری نەتەوەیی و کارو چالاکییەکانیان بە ئاشکرا بوو[4]. لە٢٦/١٢/١٩٧٨دا

---

١ چاوپێکەوتن لەگەلا (داود حەسەن کرۆن)، هەولێر،٦-٢-٢٠٠٩.

2. Navend a Ledkolinen kurd:kurdistana iroyin, problemen tavgernanê tewi,çapa yekem,waşanen Roja Nu,stochholm, 1998, L.62 .

٣ چاوپێکەوتن لەگەلا (داود حەسەن کرۆن)، هەولێر،٦-٢-٢٠٠٩.

٤ چاوپێکەوتن لەگەلا (مستەفا ئاکسەقالێ ڕیسپی )، هەولێر،٥-٢-٢٠٠٩.

گۆڤـــاری (دەنگـــی کـــاوە)* لەلایـــەن فەریـــد ئۆزۆنـــەوە دەرچـــوێنرا، سەرنووســەرەکەی ڕەمــزی ئـۆزگیزر** و بەڕێوەبــەری نووسینیشــی عەباســی قاپایا بوو، بەهۆی نێوەرۆکی کوردیی بابەتەکانی ساڵی ١٩٧٩ سەرنووسەری گۆڤارەکە دەستگیرکراو دواتر گۆڤارەکەش داخـرا[1] . وەك هــەموو ڕێکخـراوە کوردییەکانی تـر چـەند هۆکارێك بوونـە هـۆی لاوازی (دەنگـی کـاوە)ش لـە گۆڕەپانی سیاسیدا، لەوانە :

١. ناجێگیریی ئایدیۆلۆژی: پاش ئەوەی وەك لایەنگرانیی چـەپی ئـەلبانیا لە کـاوە جیابوونـەوە، وەڵێ دیسـان ئەنـدامانیان گومانیـان لـە دروسـتی ئـەو ڕێگەیـەش هــەبوو، ئەمــەش پــاش ئــەوەی ئەنـدامێکی (پــارتی کۆمۆنیسـتی ئەلبانیا) لە لایـەن (ئـەنوەر خواجـە)ی سـەرۆکی ئـەلبانیاوە کـوژرا، ئـیتر لـە خۆیان دەپرسی ئایا ئەلبانیاش لە نەزمی رامیارییدا سۆشـیالیزمی فـەرامۆش نەکردووە ؟.

٢. بانگەشـــەی ئەنـــدامانی پ.ك.ك لـــە مـــاوەی ١٩٧٨ـــ١٩٨٠ داو لـــەو سنوورانەی ئەوانی لێ بوون زۆر بە تین و تاو بوو، چـونکە پ.ك.ك دروشمـی دژە ئاغـــەو دەرەبـــەگییان بـــەرزکردبووەوە، ئەمـــەش لەگـــەلا پڕەنســـیپە رامیارییەکانی(دەنگی کاوە) یەکی نەدەگرتەوە، هەربۆیە جـەماوەریش زیـاتر ڕووی لە درووشمەکانی پ.ك.ك دەنا .

٣. ڕێبەرە دیارەکانیان لە بارودۆخی نادیاردا تێرۆردەکران، لەوانـە فەریـد ئۆزۆن لە ٢ی نۆڤەمبەری ١٩٧٨دا لـە دێهـاتێکی نزیـك سـیڤەرك کـوژرا[2]. بـە

---

* بروانە وێنەی بەرگی یەکەمی گۆڤارەکە، پاشکۆی ژمارە (١٨).

** ڕەمزی خوێندکاری زانکۆ بـوو لـە (ئەنقـەرە)و خـەڵکی (سـیڤەرك) بـوو . ( MalmisaniJ ŭ Mahmud Lewendi: s , p , L. 251)

1. MalmisaniJ ŭ Mahmud Lewendi: s , p , L. 249 .

٢ کریس کۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ب٢،ل ١٤٨ .

بڕوای ڕێکخستنە سیاسییەکانی کورد بەفیتی پ.ك.ك تیرۆرکراوە[1]. هاوکات (نەدیم کوتلان)یش، کە بەرپرسی سیرت بوو بە پلانی پ.ك.ك کوژرا[2]. هەموو ئەم ڕووداوانە ڕۆڵیان لە لاوازی و نزمی (دەنگی کاوە)دا هەبوو بە تایبەتی دابەشبوونی ١٩٧٨ زۆربەی هێزە پێشکەوتوو خوازەکانی لە ڕیزی هەردوولا دوور خستەوە.

## باسی دووەم: پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا( پ.س.ك )

### یەکەم: زەمینەی دروستبوونی پ.س.ك

### ا. ڕێکخراوە خوێندکاریی و کرێکارییەکانی کورد لە ئەورووپا:

هۆکاری رامیاریی و ئابووری لە پشت کۆچی کرێکارانی کوردەوە بوو بۆ ئەڵمانیا، بە جۆرێك لە هەر سەد کوردێکدا، نەوەدیان لە باکووری کوردستانەوە ڕەویانکرد بوو[3]. ئەم کۆچەرانە لە ئەورووپا بە پێچەوانەی خواستی دەوڵەتی تورکیا، هەندێکجار مژووڵی خەباتی رامیاریی بوون دژی تورکیا و کاریگەریشیان هەبوو لە سەر دروستکردنی فشاری ئەورووپا بۆ سەر تورکیا[4]*.

لە شەستەکاندا کۆچی کرێکارانی کورد بۆ ئەورووپای خۆرئاوا بوو بە سەرچاوەی لۆجیستیکی و مادی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە تورکیا[5]. دواتر لە سەرەتای حەفتاکانەوە ژمارەیەك ڕێکخراو و کۆمەڵەی کوردی

---

١ چاوپێکەوتن لەگەلا (خەدیجە یەشار)،سلێمانی،٣ـ٣ـ٢٠٠٩; چاوپێکەوتن لەگەلا (مستەفا ئاکسەقاڵ ڕیسپی)، هەولێر،٥ـ٢ـ٢٠٠٩ .

٢ چاوپێکەوتن لەگەلا (مستەفا ئاکسەقاڵ ڕیسپی)، هەولێر،٥ـ٢ـ٢٠٠٩ .

٣ گفتوگویی است بادانشمدان عصمت شریف وانلیو د. اسماعیل بشکجی، انتشارات جبهە ی ازادی بخش کوردستان، ل ١٥ .

* دەست لەکارکشانەوەی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا ، بەهۆی ناردنی چەك بۆ تورکیا بوو، چونکە فشارێکی فرەی بەرهەڵستکارانی تورکیا لەسەریان بوو. (درية عوني: س، پ، ل ١٣٦)

٤ درية عوني : س ، پ ، ل ١٣٦ .

٥ فريد هاليداى و اخرون : س ، پ ، ل ١٤ .

دروستبوون که ڕۆڵی مەزنیان لە هۆشیاری سەردەمیانەی کورد هەبوو، لە گرنگترین ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵە کوردیانەش :

١. ڕێکخراوی (کۆمەڵا تێکۆشەرێن کوردستان):ـ لەلایەن گرووپێکی کورد لە ئەوروپا سالی (١٩٦٧) دروستبوو، لەگەلا دروستبوونیدا ئەندامانی ئایدیۆلۆژیای ڕێکخراوەکەیان بردەوە کوردستان و چەندین لقیان لە وڵاتانی ئەورووپاشدا دامەزراند[1] .

٢. ڕێکخراوی شۆڕشگێڕە نەتەوەییەکانی کوردستان (بالی).

٣. ڕێکخراوی کوردی بۆ ڕووناکبیری و هاوکاری .

٤. یەکێتی کرێکارانی کورد، کە بارەگاکەی لە سوید بوو .

٥. ڕێکخراوی بروسك لە بەلجیکا .

٦. ڕێکخراوی کوردانی شۆڕشگێڕی تورکیا لە ئەورووپا (هاڤرا)[2] :

هاڤرا شان بە شانی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا، بە تایبەتی لە ئەڵمانیا و سویسرا دادەنرێ بە سەرەتای بەشداریی کرێکاری کورد بۆ کاری رامیاریی، هەربۆیە لە ١٩٧٣دا ئەم کۆمەڵەیە بە هاوبەشی لە نێوان کرێکار و ڕووناکبیرانی کورد لە ئەڵمانیا دامەزرێنرا[3]. سەرەتا دەستەیەکی بەڕێوەبەرایەتی هەبوو کە مەڵبەندەکەی لە بەرلین بوو، هەروەها ڕێکخستنیشیان لە سوید و نەمسا و فەرەنسا و بەلژیکا هەبوو، لقی سەرەکیشیان بەنهێنی لە تورکیادا کردبووەوە[4] .

ئەم کۆمەڵەیە کۆششی سیاسی و ڕووناکبیریی کوردی لە ئەورووپا پێشخستبوو. بۆ نموونە گۆڤاری (ڕووناکی) وەك دیارترین چالاکی کۆمەڵەکە

---

١ جەمال نەبەز : س ، پ ، ل ٨٢ .

٢ حسرتیان : قضایا القومیة في ترکیا، ل ٦١ .

٣ محمد عامر دێرشەوی : سیاسة المانیا اتجاه الاجانب ، ط١، مطبعة جامعة صلاحدین، اربیل،١٩٩٨،ل ٤٧،٤٦؛ ندیم البتکین : س ، پ ، ل٤٢ .

٤ مدیریة الامن العامة: س، پ، ل٨٨ ; احمد عبدالباقي احمد : س ، پ ، ل ١٠٠ .

بایـەخێکی فـرەی هـەبوو، چـونکە گرنگـی دەدا بـە ڕەوشـی کوردسـتان و ڕیپۆرتاژ و هەواڵی ڕۆژنامەکانی جیهانی لەسەر کێشەی کورد بڵاودەکردەوە.

هەروەها گرنگترین چالاکییەکانی تری (هاڤرا) ئەمانە بوون:

١. چەندین کتێب و لێکۆڵینەوە بە کوردی و تورکیو ئینگلیزی و ئـەڵمانی لە چاپخانەی( ڕووناهی) کۆمەڵەکە بڵاودەکرایەوە .

٢. چـالاکی ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایـەتی و رامیـاریی ئـەنجام دەداو جـەژنی (نەورۆز)ی بەردەوام زیندوو ڕادەگرت.

٣. دامەزرێنـەرانی بـوون بـە دامەزرێنـەری گـەلێ ڕێکخـراوی رامیـاریی و ڕووناکبیری کوردیی لە ئەورووپا .[1]

هاوکات کاریگەری ئەم ڕێکخراوە لەسەر دامەزرانـدنی پ.س.ك لـە ڕێگـەی (کەمال بۆرقای) دروستکرا، چونکە پاش ئەوەی لـە سـاڵی ١٩٧٣دا هەڵـدێت بـۆ ئـەورووپا، دەبێتـە هەڵسـووڕاوی ڕێکخراوی(هـاڤرا). پـاش ئـەوەی سـاڵی ١٩٧٤ زەمینەی سیاسی لە تورکیا دەڕەخسـێتەوە، دەگەڕێتـەوە ئەنقـەرە و لەسـەر بنـەمای کاریگـەریی بـەم ڕێکخـراوە بـیر لـە دامەزرانـدنی پ.س.ك دەکاتەوە.[2]

ب. جیابوونەوەی گرووپی ڕۆژهەڵاتی نێو (پارتی کاری تورکیی):

گرووپــی ڕۆژهــەڵات بیریــان لــە دروســتکردنی ڕێکخراوێکـی سـەربەخۆی کوردیی دەکردەوە، لەم ڕووەوە (کەمال بۆرقای) دەڵێ:" بۆیە جیابووینەوە، چونکە سەرکردایەتی پارتەکە لە کۆنگرەی چوار لایداو بەرامەی کوردبوون لە پارتەکە دامـاڵرا"[3]. هـەر سـەبارەت بـە هۆکارەکـانی بـوونی ئـەم پارتـە (زیـا ئاکار) لە دامەزرێنەرانی پ.س.ك دەڵێ:" لەبەرئەوەی یاسا ڕێگەی بە پـارتی کوردی نەدەدا، پارتی نایاسایمان دامەزراند "[4]. بـەمجۆرە ئـەم ڕێکخـراوە لـە نێو هەناوی پارتی کرێکاری تورکیدا هاتە دەرێ .

---

١ محمد عامر دێرشەوی : سیاسە المانیا اتجاە الاجانب، ل ٤٦ ـ ٤٧ .

٢ کەمال بورکای: کوردوکوردستان، و:عەلی فەتحی،چ١،چاپخانەی منارە، هەولێر،٢٠٠٨،ل٢٧٥; Dîrok/Tarîh,http://www.kurdistan.nu/psk/psk_dirok_tarih.htm

٣ فاتح ڕەسولا : بنچینەی بیرۆکەی مێژووی چەپ، ل ١١٥; ندیم البتکین : س ، پ ، ل ٣٤٦.

٤ کریس کۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوایەی کورد، ب٢،ل ١٤١ ـ ١٤٢ .

ج. چەوساندنەوە و پەراوێزخستنی کرێکارانی کورد لە ئەستەمبولا و ئەنکەرە:

تەنها لە ئەستەمبوڵدا نیو ملیۆن کرێکاری کورد دەژیان، لە سەرژمێری ١٩٧٠دا دەرکەوت کە نزیکەی (١٠) ملیۆن و نیو کورد لە شارە تورک نشینەکاندا ژیانیان دەکرد[١]. لەبەرئەوە دەکرێت پ.س.ك وەڵام دەرەوەی خواستەکانی کرێکارانی کورد بێت، چونکە تەنها پارتێکی کوردی بوو کە خۆی بە نوێنەری چینی کرێکاران دەزانی، لە ڕەوشێکدا کە سەرکوتی نەتەوەیی و چەوساندنەوەی مافی کرێکاری کورد لە لوتکەدا بوو .

**دووەم : دامەزراندنی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا( پ.س.ك).**

لە کۆتایی ١٩٧٤دا، وەك یەکەم پارتی سەربەخۆی کوردیی بەشێوەیەکی نهێنی لە ئەنکەرە دامەزرا[٢].

یەکەم گردبوونەوەیان لەماڵی (زیائاکار) بوو، دامەزرێنەران بریتی بوون لە: ئیحسان ئاکسۆی[*]، فارۆق ئاراس، یەڵماز شامیلبل[**]، نەزیفی خەلیلی[***]، مەهدی زانا، زیا ئاکار، کەمال بۆرقای. لە یەکەم دانیشتندا کەمال بۆرقای بە سکرتێری گشتی دیاریکرا، ئەم ٧ ئەندامە وەك یەکەم کۆمیتەی نێوەندی پ.س.ك نیشانکران‌و بەیاننامەی دامەزراندنیش لە لایەن ئیحسان ئاکسۆی نووسراو لە پاش چەند مانگێك پرۆگرام و مەکتەبی سیاسیشیان پێکهێنا، کە پێکهاتبوون لە (١٢)ئەندام[٣] .

---

١ کەندال نەزان‌و ئەوانیتر : س، پ، ل ١١٦ .

٢ چاوپێکەوتن لەگەلا ( مەسعود تەك)، هەولێر ٢٠-١٢-٢٠٠٨; چاوپێکەوتن لەگەلا (خەدیجە یەشار)، سلێمانی، ٣-٣-٢٠٠٩

* ئیحسان ئاکسۆی خەڵکی (ئاگری) و دەرچووی کۆلێژی مافە .

** یەڵماز ١٩٣٥ لە (یۆگۆ بلیازی) لە دایك بووەو ئەندازیار بوو .

*** نەزیفی خەلیلی کوردێکی شاری موش بوو، مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو .

٣ کریس کۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ب٢، ل ١٤٢ ـ ١٤٣ .

**سێیەم: بەرنامەو ئامانجی پ.س.ك:**

پ.س.ك پارتێکی شلڕەوی دوور لە توندوتیژی بوو، لە تێکۆشانی دیموکراسیدا ناسنامەی رامیاریی خۆی شانبەشانی چەپی تورکیی لە تورکیا دەبینیەوە[1]، لە مێژووی تورکیا دا یەکەم پارتی کورد بوو کە بەشێوەیەکی ئاشکرا خۆی وەك پارتێکی کۆمۆنیست ڕادەگەیاند و تێزی داگیرکردنی کوردستانی خستبووە کارنامەی گرووپە سیاسییە چەپڕەوەکانی کورد و تورکەوە[2]. لە تێکۆشاندا بەهیچ جۆرێك بڕوای بە خەباتی چەکداری نەبوو[3]. لەم بارەیەوە کەمال بۆرقای دەڵێ:"بڕوامان وایە بارودۆخی کورد گونجاو نییە بۆ خەباتی چەکداریی"[4]، هەربۆیە بە هەموو جۆرێك پرەنسیپی توندو تیژی بە خەباتێکی کەچ و نادروست ئاماژەی بۆ دەکراو کاریان دەکرد تا پرۆسەی گفتوگۆو چارەی ئاشتییانە ببێت بە بەرنامەی هەموو پارتە کوردییەکان[5] .

لە ئامانجە سیاسییەکانی پ.س.ك دا هاتبوو :

١. کۆتایی هێنان بە داگیرکاریی کوردستان و دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکرات لە تورکیا.

٢. پێویستە سوپای نەتەوەیی لە کورد و تورك دروست بکرێتو کورد ئەنجومەنی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی هەبێت.[6]

هاوکات بۆ چارەسەری ئاریشەی لە مێژینەی کوردیش، ئەم دوو ڕێگە چارە دیاری کرابوون:

١. چارەسەریی فیدراڵی، بە پشت بەستن بە مافی یەکسانیی (کورد و تورك).

1. M.Emin Bozarsalan: S , p , L . 210 .
2. Bername ya PSK, http://www.kurdistan.nu/psk/bername_program/psk_bername.htm
3. M.Emin Bozarsalan: S , p , L . 210 .

٤ ندیم البتکین : س ، پ ، ل ٣٤٧ .

٥ هنری بارکی و اخرون : س، پ، ل ٦٨ .

6. Bername ya PSK, http://www.kurdistan.nu/psk/bername_program/psk_bername.htm

٢. دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیی[١].

بەڵام لە تێزەکانیاندا خواستی سەربەخۆیی کوردستانیان نەبوو، تەنها خواستیان یەکێتیەکی ئارەزوومەندانە بوو لەتەك گەلی تورکدا[٢]. یان خواستی دوو بەڕێوبەرایەتی کۆمۆنیستییان دەکرد بۆ (تورك و کورد) لە چوارچێوەی تورکیا، بۆ ئەمەش بانگەشەی دروستکردنی بەرەیەکی فراوانیان دەکرد دژی ئیمپریالیزم[٣] . پ.س.ك بۆ ئاکامی ئەم ئامانجانەیان بە سەختی خواستی بڵاوکردنەوەی بیری چەپڕەوییان هەبوو لە کوردستان، ئەویش لە ڕێگەی ئەدەبیاتێکەوە کە دژی بیری ماویزم و ترۆتسکی بوو[٤].

سەبارەت بە سۆشیالیزم کەمال بۆرقای دەڵێ:"سۆشیالیزم ڕژێمێکی سەربەخۆیە وەك سەرمایەداری، هەڵەیە بڵێین (سۆشیالیزم لەسەر شێوازی کوردی)"[٥]. لەبەرئەوە لە رامیاریدا لەگەلا سۆشیالیزمی سۆڤیەتدا بوون و بڕوایان بە چاکسازی هەبوو، هەربۆیە چەپە شۆڕشگێڕەکان پێیان دەوتن (بە کرێگیراوە ڕیفۆرمیستەکان)[٦]، هەروەها ڕەخنەی توندیان لە دەرەبەگایەتی و نەزمی رامیاریی شۆڕشی باشووری کوردستان دەگرت، پێیان وابوو هێزی ڕزگاریی کرێکاران و جوتیاران و هەژاری کورد دەبێت لە دەوری پارتێکی چینایەتیی کرێکاری لە سەر بنەمای (مارکسیی و لینینی) بێت[٧] .

هاوکات دروشمی کوردستانی گەورەش لە میتۆدیاندا پرسێکی خەیاڵی بوو، پرسی فیدراڵی بۆ کورد لە ئاکامی نەهێشتنی ئەو کەموکوڕیانەوە بۆیان

---

1. Bername ya PSK, http://www.kurdistan.nu/psk/bername_program/psk_bername.htm

٢ فرەنسۆ هەریری : بزووتنەوەی نەتەوەی کورد لە تورکیا، ل ١٧ ـ ١٦ .

٣ جیرارد جارلدیان : س ، پ ، ل ٨٦ .

٤ حامد محمود عیسی : المشكلة الكردية في الشرق الاوسط ، ط١ ، مكتبة مدبولی، قاهرة، ١٩٩٢،ل ٣٧٧ .

٥ ندیم البتكين : س ،پ ، ل ٤٣٢ ـ ٣٤٣ .

٦ عبدالله اوج الان : القضية التحرر الوطني الكردستاني ، ل٢٤٢ .

٧ چاوپێکەوتن لەگەلا (مەسعود تەك )، هەولێر، ٥-١٢-٢٠٠٨.

دروستبووه کە لە ئۆتۆنۆمی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ هەبوو، لەم بارەیەوە (زیائاکار) دەیووت:" ئەگەر دەسەلاتدارانی تورك بنەمای یەکسانی ئێمە بە ڕەسمی بناسن، ئێمە بۆ ڕێگە چارەی فیدرالی ئامادەین، بێجگە لەوە میللەتی کورد دەتوانێ دەوڵەتی خۆی هەبێت، بەلام بە هیچ جۆرێ ئۆتۆنۆمیمان قەبولا نییە"[1] .

بەندەکانی تریان تەرخانکرا بوون بۆ چاکسازیی لە ئابووری نەتەوەیی و ڕیفۆرمی زەوی و زمان و کولتوور و فەرهەنگیی کورد[2] . ئەندامەکانیان بریتی بوو لە چین و توێژە خوێندەوار و زیندووەکانی کۆمەڵگای کوردی، هەربۆیە ڕێکخستنەکانی لە سنووری خوێندکارو ڕۆشنبیران تێنەدەپەڕی و گوزارشتبوون لە جیهانبینی ڕۆشنبیرو خوێندکارو کرێکار[3] .

سەبارەت بە ڕوانینیان بۆ پرسە کۆمەلایەتی و ئایینیەکانیش هەرچەندە کەمال بۆرکای دەڵێ:"بڕوامان بە ئازادی بیرو باوەڕ و ئایین و ئازادی ئافرەت و ڕۆژنامەگەری هەبوو"[4]. بەلام مەسعوود تەك نەگونجانی تێزەکانیان لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا باس دەکاتو دەڵێ:" لەنێو پێکهاتەی فیوداڵ و هۆزەکاندا پێیان دەوتین کافرەکان و ڕێکخستنمان لاواز بوو"[5].

**چوارەم: کارو چالاکی و شێوازەکانی خەباتی پارتی سۆشیالیستی کوردستان(پ.س.ك) :**

پ.س.ك لە تورکیادا نایاسایی بوو، هەربۆیە تا ئەندامان و لایەنگرانیی خۆی لەو ڕەوشە توندو تیژەی تورکیا دا بپارێزێت، ڕێکخستنەکانی شاراوە

---

١ کریس کۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ل ١٤٢ ـ ١٤٤ .

2. Bername ya PSK, http://www.kurdistan.nu/psk/bername_program/psk_bername.htm

٣ سامي عبدالرحمن : البديل الثوري ، ل ١٣٩ .

٤ نديم البتكين : س ، پ ، ل٣٤٢ .

٥ چاوپێکەوتن لەگەلا (مەسعود تەك )، هەولێر، ٥-١٢-٢٠٠٨.

بوون[1] و له ژێر نێوی ڕێکخراو و سەندیکا فەرمییەکاندا کاریاندەکرد، کە بە ڕێکخستنی ئاشکرای پ.س.ك دادەنران و زیاد لە٢٠ یەکێتی لاوان‌و ژنان و فەرهەنگییان دامەزراند بوو[2].

ئەم شێوازی کارکردنەش کەڵك وەرگرتن بوو لەو نەزمە دیموکراسییەی کە لە تورکیا دا چەکەرەی دەکرد، چونکە پ.س.ك هەمیشە کەشی دیموکراسییانەی دەقۆستەوە بۆ گەش و نماکردنی ڕێکخستنەکانی، گرنگترین ئەو ڕێکخراوانەی کە لەژێر نێویاندا چالاکیی ئەنجامدەدا بریتی بوون لە: ئەنجوومەنی کولتووری دیموکرات و شۆڕشگێڕ، کە لقەکانی لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا هەبوون و بەهۆیانەوە ئەرکیی رامیاریی ڕێکخستنەکانیان ڕادەپەڕاند[3]. هەروەها (ڕێکخراوی یەکێتی کرێکاران)و (ڕێکخراوی هاریکاری و پسپۆڕ بوون)[4] و (ئەنجومەنی کلتووری نەتەوایەتی و شۆڕشگێڕیی) له دیارترین ڕێکخراوەکانی پ.س.ك بوون[5] . ئەمانە هەڵدەسان بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی چەپ و ناسنامەی کوردی لە نێو شار و ئاواییەکانی کوردستاندا[6]. چالاکی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی پ.س.ك بەجۆرێك بوو، کە هەمیشە پۆستە باڵاکانی (یەکێتی مامۆستایانی تورکیا) لە دەستی ئەندامانی پ.س.ك بوو، هەروەها لە هەڵبژاردنەکاندا کاندیدە سەربەخۆکانیان لە نێو شارە کوردییەکاندا دیاریدەکرد[7] و بۆ یەکەمجار مەهدی زانا ئەندامی کۆمیتەی نێوەندی لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی

---

1. Bername ya PSK ,http://www.kurdistan.nu/psk/bername_program/psk_bername.htm

٢ جیرارد جارلدیان : س ، پ ، ل ٨٧ ; ندیم البتکین : س ، پ ، ل ٣٤٧ .

3. Emin Demirel : TERÖR, S . 612.

4. Bername ya PSK,http://www.kurdistan.nu/psk/bername_program/psk_bername.htm.

٥ دیڤید ماکداوڵ : س ، پ ،ب٢، ل ٨٤٦ ; مکتب علاقات فرع الاول لحزب الدیموقراگی الکردستان:س،پ، ل ١٣ .

٦ دیڤید ماکداوڵ : س ، پ ، ل ٨٤٦ .

7. Bername ya PSK,http://www.kurdistan.nu/psk/bername_program/psk_bername.htm.

١٩٧٧دا سەرکەوت بۆ سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر[1] و لە ١٩٧٩دا (ئۆرهان ئالپەستن)، کە کاندیدی شاراوەی پ.س.ك بوو سەرکەوت بۆ سەرۆکی شارەوانیی ئاگریی[2]. سەرکەوتنی کاندیدە سەربەخۆکان لە دیاربەکر و ئاگری نیشانەی ئەوە بوو کە جووڵانەوەی کوردی لە ڕووی جەماوەرییەوە پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆوە بینیبوو[3] . لە لایەکی ترەوە ئاماژە بوو بۆ بەهێز بوونی جووڵانەوەی چەپ، لەم بارەیەوە کەمال بۆرکای دەڵێ: "هیچ پارتێکی چەپ نەیتوانی لە تورکیا دا ئەو ئەنجامە بە دەستبهێنێت"[4]. بەمجۆرە پ.س.ك توانی بیری چەپ لە نێو ئاواییەکانی کوردەواریدا برەو پێ بدات و بەشێوەی ئاشکرا ڕووبەڕووی بەها دۆگما و کۆنخوازییەکان بێتەوە[5]. بە جۆرێك کە دۆست و ئەندامی مەلا، پیری عەلەوی، ئێزیدی دەبوونە هەڵسووڕاوی رامیاریی پ.س.ك. لە ڕاستیدا لەو کۆمەڵگەیەدا کە نەریت و ئیسلامی میللی تیایدا زاڵ بوو، لە ڕێگەی ناسنامەی نەتەوەییەوە توانیبوویان شوێنی خۆیان بکەنەوە. بۆ نموونە مەسعوود تەك دەڵێ: " لە گوندەکاندا پێمان دەوترا ئەوانە کافرن، بەڵام لەبەرئەوەی ئامانجەکانمان نەتەوەیی بوون پشتگیریمان دەکرا، بەڵام لەگەڵ کوردی عەلەویی تەنها ناسنامەی سۆشیالیستی پ.س.ك یان قەبوولا بوو، نەك ناسنامەی نەتەوەیی"[6].

پ.س.ك گرنگی فرەی بە بواری ڕاگەیاندن و میدیا دەدا، (٦) مانگ پاش دامەزراندنی پارتەکەیان هەستان بە دەرکردنی گۆڤارێکی (تورك ـ کورد) ی

---

1. Davi Mcdawall :A,G,E, S . 21 .

٢ چاوپێکەوتن لەگەلا (مەسعود تەك )، هەولێر، ٥ـ١٢ـ٢٠٠٨.

٣ حەمید بۆز ئەرسەلان : س ، پ ، ل ٩١ .

٤ ندیم البتکین : س ، پ ، ل٣٤٧ .

5. David Mcdowall :A,G,E, S . 58 .

٦ چاوپێکەوتن لەگەلا (مەسعود تەك )، هەولێر، ٥ـ١٢ـ٢٠٠٨.

به نێوی (ڕێگەی ئازادی ـozgurlukyolu)*[1]. ئیتر نێوی ئاشکرای پارتەکە بوو بـە (ڕێگـەی ئـازادی)و ئەنـدامانی بـەو نێـوەوە دەناسـران[2]. گۆڤارەکـە مانگانەیەکی سیاسی بوو، کە فـاروق ئـاراس خـاوەنی ئیمتیـاز و هەریـەك لـە ئۆرهـان تـالون و قـادر ئاکـال و مستەفا قایـا و سـیری فیۆرغلـو لـە قۆناغـە جیاکاندا بەڕێوەبەری نووسینی بوون[3]. سەبارەت بەکاردانـەوەو بـەردەوامیی گۆڤارەکـە فـاروق ئـاراس دەڵـێ: " لـە نێـو خـەڵك و لایەنـە سیاسـییەکاندا بە(ڕێگەی ئازادی) ناسرا بووین، گۆڤارەکەمان لە١٩٧٥ ـ ١٩٧٩ تا ئەو کاتەی باری نائاسایی ڕاگەیەنرا بەردەوام بوو"[4].

ڕووناکبیران زۆربەیان لە ڕێگەی ئەم گۆڤارەوە ئاشنا دەبوون بە ڕێکخسنە سیاسییەکانی پ.س.ك .

لەم بارەیەوە مەهدی زانا دەڵێ:" بەکاریگـەریی ڕێگـەی ئـازادیی چـوومە نێو پ.س.ك"[5]. دواجـار ئـەم کاریگەرییانـە بوونـە هـۆی ئـەوەی کـە لەلایـەن حکومـەتی تورکیـا و نـەیارانی کـوردەوە دژایـەتی فـرەی گۆڤارەکـە بکرێـت، چونکە یەکەم نووسراوەی کوردی بوو، کە وشەکانی کورد و کوردستانی چاپ و بڵاودەکردەوە[6]، هەربۆیە لە ٣٠ی مارتی ١٩٧٦دا گۆڤاری (هەلکن سەس)ی چەپەکان لـە هەڵمـەتی ئـازادیی ڕۆژنامەگەریـدا ڕایگەیانـد، گۆڤـاری (ڕێگـەی ئـازادی) کەوتووەتـە بـەر پـەلاماردان[7] . هـەروەها لـە١٩٧٧دا ڕێکخسـتنە نهێنییەکانی پ.س.ك ڕۆژنامەی (زەوی باپیران)ی دەرچوواند[8]، هـەمان سـاڵ

---

* بڕوانە بەرگی یەکەمی گۆڤارەی ڕێگای ئازادی، پاشکۆی ژمارە(١٩).

1. Bername ya PSK,http://www.kurdistan.nu/psk/bername_program/psk_bername.htm

٢ جیراد جالدیان : س ، پ ، ل٨٦ .

3. Malimi sanij u mahmud Lewendi : s , p , L . 218 .

4. Faruk Aras : s , p , L . 22 .

5. Mahdi Zand : s , p , L . 21 .

٦ کەمال بورکای:کوردوکوردستان،ل٢٧٦

٧ ئیسماعیل بەشکچی: سیو سێ گولله، ل ٢٤١ .

٨ جیرارد جالدیان : س، پ،ل ٨٦ .

لە شاری ئاگری ڕۆژنامەی (دیموکراسی) وەك هەفتەنامەیەکی رامیاریی و کولتووری بە زمانی تورکی دەرچوێنرا، کە سەرنووسەرەکەی ئیحسان ئاکسۆی بوو، ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆڵێکی گەورەی لە خەباتی دژی نەژاد پەرستیدا هەبوو[١]، هەروەها لە ١٩٧٧دا لە ئەنکەرە بەشێوەیەکی فەرمی ڕۆژنامەی (ڕۆژی وڵات)* بە هەردوو شێوە زاری کوردی (زازایی، کرمانجی) و زمانی تورکی هاتە دەرچوواندن، لە یەکەم ژمارەیدا دەوڵەت لە چاپخانە دا بڕو بیانووی بۆ هێنایە پێش[٢]. لەم بارەیەوە مستەفا ئایدن دەڵێ:" کە داواکاریمان پێشکێش کرد بۆ ویلایەت، پۆلیس لە تووڕەییدا گڕیگرت و هاواری کرد بۆتان نییە ڕۆژنامەی کوردی دەربکەن، سەرتان دەبڕین ". هەربۆیە لەگەڵ یەکەم ژمارەیدا مستەفا ئایدن و سدیق بۆز ئەرسەلان بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکە قۆڵبەست کران[٣]، بەڵام پاش ئەوەی ڕۆژنامەکە لە ئەنکەرە وەستێنرا، ئیتر ڕێکخستنی پ.س.ك بڕیاریدا لە ئەستەمبوڵ درێژەی پێبدات [٤]. هەمان ساڵ ڕێکخستنەکانی پ.س.ك هەنگاوێکی گرنگیان هاویشت، ئەویش بریتی بوو لە دامەزراندنی پرۆژەی چاپەمەنی (ڕێگەی ئازادی)، بەمەش جگە لە ڕۆژنامە و گۆڤار، ڕۆڵی فراوانی بینی لە دەرچواندنی چەندەها کتێب لەسەر دیرۆك و زمانی کوردی.** بەدەر لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی ڕێکخستنە نهێنییەکان دەریان دەکردن، ئەو ڕێکخراوە فەرمیانەی ڕێکخستنی پ.س.ك هەڵیدەسووڕاندن هەڵدەستان بە

---

1. Malimisanij u Mahamud Lewendi :S,P,L.236

* بڕوانە بەرگی یەکەمی ڕۆژنامەی ڕۆژی وڵات، پاشکۆی ژمارە(٢٠).

2. Malimisanij u Mahamud Lewendi :S,P,L.236

٣ . ئیسماعیل بێشکچی : سی و سێ گولله ،ل٢٦٢ .

4. Malimisanij u Mahamud Lewendi :S,P,L.236 .

** گرنگترین ئەو کتێبانەی کە بڵاوکرانەوە (کوردەکان)ی ڤاسیلی نیکیتین، (ڕێنوسی زمانی کوردی) کامەران بەدرخان،(کۆلۆنیالیستەکان، کوردستان و جولانەوەی نەتەوەیی) c.Aaladag.(کەمال بورکای:کوردو کوردستان، ل٢٧٧).

دەرچوواندنی گۆڤار و ڕۆژنامە، بۆ نموونـە لـە ١٩٧٩دا لـە ئـەزمیر ڕۆژنامـەی (ئـــازادی)* وەك ڕۆژنامەیـــەكی سیاســـیی دوو هەفتـــە جارێـــك لەلایـــەن (ئەنجوومەنی كولتووری دیموكرات و شۆڕشگێڕ) دەردەچوو[1].

لەم ڕێگەیەوە ڕێكخستنەكانی پ.س.ك توانیـان كاریگـەریی ئایـدیۆلۆژی خۆیـان لەسـەر ڕێكخسـتنەكانی تـر بسـەپێنن و بـیری سۆشیالیسـی لـە كوردستاند او لە نێو پرۆگرامی پارتە ڕاستڕەوەكاندا جێگا بكەنـەوە، دواجـار دەوڵەت ساڵی ١٩٧٩ تەواوی بڵاوكراوە و گۆڤـار و كتێبـەكانی پ.س.ك ی لـە توركیا دا بە فەرمی قەدەغەكرد[2].

**پێنجەم: پەیوەندییە نێوخۆیی و كوردستانییەكانی پ.س.ك :**

پ.س.ك پەیوەنـدی فـەرمی لەتـەك هـیچ پـارتێكی باڵادەسـتی توركـدا نـەبوو، بـەڵام زۆرجـار بـە ئاشـكرا پشـتیوانی پ.گ.ك یـان دەكـرد و هەوادارانیان هاندەدا لە هەڵبژاردنەكاندا دەنگ بەكاندیدەكانیان بـدەن[3]. لـەم بارەیـەوە مەسـعوود تـەك دەڵـێ :"پەیوەنـدیمان لەگـەڵ پارتـە فەرمییـەكان نەبوو، بەڵام پشتگیری بوڵند ئەجەوید مـان دەكرد، ئـەو لـە نێـو خراپەكانـدا باش بوو."[4] لە ڕاسـتیدا ئـەم پشـتگیرییە پێوەنـدی بـە نزیكـی ئایـدیۆلۆژیای چـەپگەرییەوە هـەبوو، چـونكە پ.گ.ك خـۆی بـە چـەپی نێوەنـد دەزانـی. پ.س.ك پێوەنـدی بـە هێـزی لەگـەڵ ڕێكخسـتنەكانی بـاكووری كوردسـتاندا هەبوو، لەبەر ئەوەی پـارتێكی ناتوندوتیـژ بـوو، تەنانـەت هـەوڵی نەهێشـتنی گرژی نێوان پارتە چەكدارەكانی دەدا. لەم بارەیـەوە مەسـعوود تـەك دەڵـێ:

---

* سەرنووسەر (ئورهان یاڤوز) و بەڕێوبەری نووسین (علی دونەر) بوو، بڕوانـە بـەرگی یەكـەمی گۆڤارەكە پاشكۆی ژمارە(٢١).

1. Malimisanij u Mahamud Lewendi :S,P,L.271 .

2. Bername ya PSK,http://www.kurdistan.nu/psk/bername_program/psk_bername.htm.

٣ كریس كۆچێرا : بزوتنەوەی نەتەوایەتی كورد،ل١٤٤؛ Ibrahim Guçlu : S,P,L.32

٤ چاوپێكەوتن لەگەڵ (مەسعود تەك)، هەولێر، ٥-١١-٢٠٠٨ .

"لەسەر داوای پ.س.ك لە ١٩٧٩دا بەرەی یەكێتی نەتەوەیی دیموكراتی دامەزرێنرا ". بەڵام وەك پارتە كوردستانییەكانیتر لەگەڵ پ.ك.ك پەیوەندی گرژ بوو، پێی وابوو پ.ك.ك پارتێكە لەلایەن میتەوە ڕاگەیەنراوە و هەموو كردەوەكانی دژی بەرژەوەندییەكانی كوردە [١]، بە پێچەوانەشەوە هەڤاڵ جومعە ئەوان بە دەست و فیتی ڕژێم دەزانێ و دەڵێ:" پ.س.ك فیشەكێكیان دژی دەوڵەت نەتەقاند بوو، بەڵام چەندین هەڤاڵی ئێمەیان كوشت "[٢]. لەبەرامبەر دا كەمال بۆركای دەڵێ :"پ.ك.ك تیرۆریستە و لە هەڵبژاردنی شارەوانییەكانی دیاربەكر دا كەوتونەتە وێزەی خەڵك و شەڕی چەكداریی لەگەڵ پ.س.ك". بەم بۆنەوە پ.س.ك و پێنج ڕێكخستنی كوردی بەیانێكی هاوبەشیان دژی پ.ك.ك لە ژێر نێونیشانی (تایبەتمەندی پ.ك.ك) ڕاگەیاند و ئاماژەیاندا بەوەی، كە" سیاسەتی پ.ك.ك نیشتمان پەروەرانە نییە، هەر بۆیە بە تەواوی پەیوەندیان لەگەڵ دەپچڕێنین و سوك و ڕسوایان دەكەین" [٣]. لە ڕاستیدا تۆمەتباركردنی یەكتری بە تێرۆریست بەشێك بوو لە سیاسەتی ڕژێمی توركیا، بەڵام دەتوانین بڵێین ڕامیاریی پارتە كوردییەكان لە بەرامبەر یەكتریدا هەڵە و دوور لە بەرژەوەنیی ئەو قۆناغەی نەتەوەی كورد بوو.

پ.س.ك پەیوەندی بە هێزی لەگەڵ خوێندكاران و كرێكارانی كورد هەبوو لە ئەورووپا، چونكە لە سەرەتاوە دامەزراندنی وەك پارتێك كاریگەریی ئایدیۆلۆژیا و چالاكییەكانی ئەوێی لەسەر بوو، ئیتر بزووتنەوەی نەتەوایەتی كورد لە ئەورووپا بە كاریگەریی پ.س.ك لە گەشەكردندا بوو[٤]. بە تایبەتی یەكێتی كرێكارانی كوردستان (كۆمكار) لە ئەڵمانیای خۆرئاوا وەك لقێك بوو لە پ.س.ك، (كۆمكار) لە لایەن كوردی باكوور دامەزرا بوو، لە بواری

١ چاوپێكەوتن لەگەڵ (مەسعود تەك)، هەولێر، ٥-١٢-٢٠٠٩ .
٢ هەڤاڵ جومعە، س، پ، ل١٩٣ .
٣ عبدالله اوج الان : مختارات (٢) ،ل٢٢٢ .
٤ محمد عامر دێرشەوی : س،پ، ل٤٦ .

فەرهەنگییەوە چاپەمەنییەکی فرەی لە ڕووی چۆنایەتییەوە بڵاودەکردەوە[1]. هەروەها ڕۆژنامەی (کۆمکار) لەلایەن پ.س.ك وە لە ئەڵمانیا دەردەکرا[2]. ئەم ڕۆژنامەیە لە تورکیا و ئەورووپا و ئوستراليا بڵاودەکرایەوە، بەمجۆرە پ.س.ك وەك ڕێکخستنێکی کوردی بەشێك لە چالاکییەکانی بایەخدان بوو بە کورد لە ئەورووپا، بە جۆرێك چەندین یانە و کۆمەڵەی بۆ کورد کردبووە وە، هاوکات گۆڤاری (ڕێی ئازادی) و ڕۆژنامەی (ڕۆژی وڵات) دەگەیشتنە ئەورووپا. لەم بارەیەوە ڕەزا گولپان دامەزرێنەری (کۆمەڵەی کوردانی ئوستراليا) دەڵێ:"بڵاوکراوەکانی (ڕێگەی ئازادی) و (ڕۆژی نوێ) لە نێو کوردی ئوستراليا دا بڵاودەکرانەوە، ئەو گۆڤارانە بۆ کوردانی ئەوێ هەستی کوردایەتیان دەجووڵاند "[3]. بەمجۆرە پ.س.ك توانی ئەندامێکی زۆر لە نێو کۆچبەرانی کورد لە ئەورووپا گرد بکەنەوە، بە تایبەتی لە ئەڵمانیا دا [4].

سەبارەت بە پەیوەندییە کوردستانییەکانی پ.س.ك کەمال بۆرکای دەڵێ: "خەباتی ئێمە بڕوای بەو سنوورە نییە کە لە نێوان پارتەکانی کوردستاندایە"[5]، هەربۆیە بڕوای بە پەیوەندی هەبوو لەگەڵ پارتەکانی تەواوی پارچەکاندا، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی ی.ن.ك دا کەمال بۆرکای پەیوەندی لە تەك مام جلال و نەوشیروان مستەفا دا هەبوو لە ئەنکەرە دا[6]. هاوکات پەیوەندی پ.س.ك لەگەڵ ق.م دا کێشەی نەبوو. لەم بارەیەوە مەسعوود تەك دەڵێ:"لە جەنگی (هەکاری) داو لەو ڕەوشەدا کە سیاسییەکانی باکووری کوردستان ببوون بە دوو بەش بۆ یارمەتی دانی ی.ن.ك و ق.م . ئێمە ڕێگەی ئاشتیمان هەڵبژارد، لەو پێناوەدا نوێنەرمان

١ میهرداد ئیزدی : س، پ، ل٤٩٣ .

٢ فرەنسۆ هەریری : س، پ، ل١٧–١٨ .

3. Riza Golpan : Janŭjîyan,Serhatî u Bîranen Min,weşanên Veny , Istanbul. 2004, L. 280.

٤ محمد عامر دێرشەوی : س، پ، ل١٧ .

٥ ندیم البتکین : س، پ، ل ٣٤٨ .

٦ نەشیروان مستەفا ئەمین، لەکەناری دانوبەوە ،ل٧٠ .

نـارده لای ق.م، تـا د. فوئـاد و عـەلی عەسـکەری لـە گیراوەکـانی ی.ن.ك ئازادکـەن، بـەڵام بـە گوێیـان نـەکردین، چـونکە میـت هـانی ناکۆکییـەکانی دەدا"[1].

هەروەها لەگەڵ ح.ش.ع سەرەتای پێوەندییان دەگەڕایەوە بـۆ سـەرەتای ١٩٧٨، کاتێك کە بنکەی سەرەکی ح.ش.ع لە سوریا بـوو، ئـەوکات کـەمال بۆرکای توانی پێوەندیان لەگەڵ دروست بکات[2]. ئەم پێوەندییە بۆ هاریکاریی یەکتر بوو لە گواستنەوەی ئەنـدامانیان لـەنێوخاکی تورکیـاوە بـۆ باشـووری کوردستان. بەڵام پێوەندییەکان سنووردداربوون و هەوڵـە دیپلۆماسـییەکانی هــەردوو پارتەکــە بــۆ دروســت کردنــی بەرەیــەکی فراوانــی کوردســتانی سـەرنەکەوتوو بـوو . لـەم بارەیـەوە (عـەزیز محەمـەد) دەڵـێ :"پێشـنیاری بەرەیەکی کوردستانیمان کرد، کە قاسملۆ و کەمال بۆرکـای ئامـادەی بـوون، بەڵام بەهۆی ناکۆکی پارتە کوردستانییەکان سـەرکەتوو نـەبووین ". لەگـەڵ ئەوەشدا ح.ش.ع لەڕووی مـادی و هزرییـەوە شـوێنی لەسـەر پ.س.ك دانـا ، چـونکە ئەوکاتانــەی ح.ش.ع لــە (خــڕی نێــوزەنگ) بــوون یارمــەتی فــرەی پ.س.ك یاندا لە بواری مادییـەوە، بـەجۆرێك ئەنـدامانیان کاریگـەر بـوون بـە بەرنامەی ح.ش.ع [3].

پێوەندیش لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان، دیسـانەوە لە سەر بنەمایەکی نەتەوەیی بوو، چونکە هەردوولا نەیاری داگیرکەری یـەکتر بوون. هاوکات پ.س.ك دژی ڕژێمەکانی (پەهلەوی) و (ئیسـلامی) بـوو، لـەم بارەیەوە کەمال بۆرکای دەڵێ: "ڕژێمی خومەینی هیچ کاریگەرییەکی لـە نێـو کوردی تورکیا دا نییە، مادامەکێ دژی حوکمی زاتی کورد بوو لـە ڕۆژهـەڵاتی

---

١ چاوپێکەتن لەگەڵ (مەسعود تەك)،هەولێر،٥-٢-٢٠٠٩ .

٢ بیرەوەریەکانی کەریم ئەحمد : ڕێڕەوی تێکۆشان ، و: جەلال دەبـاغ ، چ١، سـلێمانی ٢٠٠٧، ل٣٧٠ .

٣ چاوپێکەتن لەگەڵ (عەزیز موحەمەد )، هەولێر.

کوردستان"[1]. بەم جۆرە پێوەندی پ.س.ك و حدکا زۆر پتەو بوو، لە ڕاستیدا ئەم پەیوەندییە لە سەرەتای حەفتاکاندا لـە دەرەوەی کوردسـتان لـە نێـوان کەمال بۆرقـای و عەبـدولڕەحمان قـاسملۆ دروسـتببوو[2]. ئـەوان لـە ئـەورووپا بەتایبەتی لە سوید و فەرەنسا و ئەڵمانیا لەسـەر بنـەمای دۆسـتایەتی و هـاو نیشتیمانیی پێکەوە چالاکی ڕۆشنبیرییان ئەنجام دەدا، لەم بارەیەوە جەلیل گـادانی دەڵێ:"تـا ئـەو کـات پێوەندییـەکان دیـداری دۆسـتانە و گۆڕینـەوەی بـیرورا بـوو لـە سـەر ڕژێمـە داگیرکـەرەکانی ناوچـەکە "[3]. بـەڵام کاتێـك لەسەرەتای شۆڕشی گـەلانی ئێرانـدا حـدکا توانیبـووی هـەرێمێکی ئـازاد لـە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببات بەڕێوە، ئەوکات لـە بـاکووری کوردسـتان ژیـانی پارتایەتی قەدەغەکرابوو، ئەمە هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی پەیوەندی پ.س.ك و حدکا بـەهێز بێـت. سـەبارەت بـە جـۆری پێوەندییـەکان حوسـێنی مـەدەنی دەڵێ: " پ.س.ك داوایان لێکردین کە هاوکاری سـەربازییان بکـەین، ئێمـەش چـەند بارەگایـەکمان لـە شـاری (بۆکـان)دا بـۆ کردنـەوەو کادیرانیشـیان لـە فێرگـەکانی ئێمـەدا کۆرسـی تایبـەتیان بـۆ دەکرایـەوە"[4]. لەگـەڵ کودەتـای سەربازی ١٩٨٠دا بەتەواوی ئەندامانی باڵای پ.س.ك ڕوویـانکردە ڕۆژهـەڵاتی کوردستان و گۆڕەپانەکەیان چۆڵکرد.

---

١ ندیم البتکین : س،پ،ل ٣٤٨ .

٢ چاوپێکەتن لەگەڵ (مەسعود تەك) هەولێر،٥-٢-٢٠٠٩; کەریم حیسـامی : لـە بیرەوەریـەکانم ، ١٩٧٩–١٩٨٣ ، ستۆکۆڵم، ١٩٩٣، ب٧، ل١٦٩–١٧٠ .

٣ چاوپێکەتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیە،١٦-٦-٢٠٠٩.

٤ چاوپێکەتن لەگەڵ (حوسەینی مەدەنی)، کۆیە، ٤-١-٢٠٠٩.

## باسی سێهەم: پارتی کرێکارانی کوردستان( پ.ك.ك )، دامەرزاندن و دەسپێکردنی خەباتی رامیاریی لە باکووری کوردستان دا ( ١٩٧٣ -١٩٨٠ )

یەکەم: زەمینەی دامەرزاندنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك):

### ١.کاریگەری بزووتنەوەی چەپی تورك لەسەرپێکهاتەی کەسایەتی و ئایدیۆلۆژیی ( عەبدوڵلاّ ئۆج ئالان):

لە سەرەتای حەفتاکاندا خوێندکارانی کورد یان لە ژێر کاریگەری بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردیی یان چەپی تورکیدا بوون[١]. ئۆج ئالان وەك خوێندکارێکی کورد لە سەرەتای تەمەنیدا و لە ئورفە کاریگەربوو بە ئایین و بیروباوەڕەکانی سەعیدی کوردی، ئیتر تا سەرەتای ١٩٦٨و ئەو کاتەی دەچێتە ئەنقەرە بۆ بەدەست هێنانی بەکالۆریۆس بڕوای بەشۆڕشێکی ئایینی هەبوو بۆ ڕزگاری کوردستان.[٢] لە سەرەتای١٩٧٠دا بۆ تاقیکردنەوەی وەرگرتنی لە زانکۆ ڕوودەکاتە ئەستەمبولّ[٣]. لەوێ پێوەندی دەکات بە ڕێکخراوی (د.د.ك.ۆ)وە[٤]. ئۆج ئالان لە تاقیکردنەوەی وەرگرتنی زانکۆدا خۆی بە تورك ناساند بۆ ئەوەی لە ئەکادیمیای (جەنگی تورك) وەك خوێندکار وەربگیرێت، بەلاّم سەرکەوتو نەبوو[٥]. لەم بارەیەوە عوسمان ئۆج ئالان دەڵێ:" بۆیە پێی خۆش بوو لەو ئەکادیمیایەدا وەربگیرێ بۆ ئەوەی

---

1. Nihat^.ÕZcan ;pkk ckürdistan iŞçi partisi¸Tarihi¸Ideolojisivey Öntemi,Asam yayinlari,Ankara,1999,S.20“ Abdullah Öcalan:kürt sorununa Demokratik, Ģözüm Bildirgesi’,s.25.

٢ چاوبێکە وتن لەگەڵ (عوسمان ئۆجەلان)، کۆیە، ١٩ـ٢ـ٢٠٠٩.( عوسمان ئۆجەلان برای بچوکی عەبدولاّ ئۆجەلانەو ساڵی ١٩٥٨ لە دەڤەری ئورفە لەدایك بووە، لە نێوەراستی حەفتاکان پێوەندی کردووە بە ڕێکخستنی ئاپۆچیەکانەوەو لەپاش کودەتای ١٩٨٠ دەبێتە ئەندامێکی بالاّو کەسی دووەم لە ریزەکانی پ.ك.ك دا).

٣ یالچین کوچوك: داستان دوباره زیستن، خاطرات واندیشه های عبدالله اوج الان ،ل٨٣.

٤ عەبدولاّ ئۆجەلان: بەرگریکردن لە گەلێك، ل٣٧٢.

٥ مایکل گەنتەر:س،پ،ل١٨٧ـ١٨٦.

شۆڕشێکی ئایینی بکات"[1]. ناچار لە دەستپێکی١٩٧١دا دەبێتە خوێندکاری زانستە سیاسییەکان لە ئەنکەرە[2]. لەوێ لەتەك خوێندنەکەیدا وەك ئەندامێکی (د.د.ك.ۆ) تێکەڵی کاری رامیاریی و گۆڕانکاریی هزریی دەبێت، بۆ خۆی لەم بارەیەوە دەڵێ:" کاتێ چوومە پاڵ جووڵانەوەی خوێندکاران دینداربووم و هاتووجۆی مزگەوتم دەکرد تاخۆم لە ئەنکەرە بپارێزم ، بەڵام وردە وردە باوەڕم هێنا کە مزگەوت ناتوانێ ڕووبەڕووی ئەنقەرە بێتەوە". هەربۆیە ئۆج ئالان تا ئەوکاتە دوورەپەرێز بوو لە خۆپیشاندانەکان و بەشداری تێدا نەدەکردن،[3] چونکە وەك ڕاستڕەوەکان دژی کۆمۆنیستەکان بوو، بەڵام لەکۆنگرەی (د.د.ك.ۆ) دا لە ئەنکەرە وەك ئەندامێکی چالاك وتاری دەخوێندەوەو لە نێو ئەندامانی باڵای ڕێکخراوەکەدا خوێنکارێکی چوستو وریا بوو.[4]

ئیتر لەم ڕێکخراوەدا وردە وردە کاریگەریی چەپی تورکی لەسەر دروستبوو. کاریگەریی کتێبی (ئەلف و بای سۆشیالیستی) دەروازەی ناساندنی کۆمۆنیزم و فەلسەفەی چەپ بوو بە ئۆج ئالان.[5] هەربۆیە بۆ خۆی دەڵێ:" کە ئەلف و بای سۆشیالیزمم خوێندەوە ژیانم گۆڕا".[6] هاوکات کاریگەریی فرەی نووسینەکانی (لیو هوبرمان)[*] ی لەسەربوو، بەبۆنەی ئەوانەوە بە قووڵی کاریگەریی لینینی لە بواری مافی چارەی خۆنووسین لەزەین دروستببوو.[7]

---

١ چاوبێکەوتن لەگەڵ (عوسمان ئۆجەلان)، کۆیە، ١٩-٢-٢٠٠٩.

2 Michael M. Gunter: op.cit, p.28.

٣ کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد،ب٢، ل١٥٠.

٤–گفتوگۆی (نبیل الملحم) لەگەڵ سەرۆك ئاپۆدا: س،پ،ل٤٨،٣٨.

5 Michael Gunter:op،cit،p.28.

٦گفتوگۆی (نیل الملحم) لەگەڵ سەرۆك ئاپۆدا:س،پ،ل٣٨.

* ڕۆژنامەنوسێکی ڕەشپێستی ئەمریکی چەپڕەو بوو.

٧یالچین کوچوك : س،پ،ل٨٩.

ئۆجـەلان گەیشـتبووە بڕوایـەك، کـە چـەپی تـورك هـەوڵی نزیکبوونـەوە لەکێشەی کورد دەدات، هەربۆیە پاش ڕوودانی کودەتـای ١٩٧١ و داخسـتنی کۆمەڵەی (د.د.ك.ۆ) ئیتر بە تـەواوی بووبـە دۆسـتی چـەپی تـورك و تـوخنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد نەکەوت. ئۆج ئالان لەم بارەوە دەڵێ:"لـە دوای کودەتا لەگەڵ ماهیرچـایان دانیشـتم، نێـوبراو دانـی بـەبوونی کـورد دانـابوو، بڕوای وابوو کەمالیزم دژی کوردە، ئەمە وایکرد پشتگیری بکـەم"[1]. هـەروەها کاریگەریی دەنیزگەزمیش و ئیـبراهیم کاپـا قایـای نەدەشـاردەوەو بەشـداری کۆڕ و گردبوونەوەکانی دەکردن.[2] ئیتر ئـەو دوو ئەکتـەرە تونـدڕەوەی چـەپ بـوون بـە نموونـەی بـاڵای جیهـانبینی ئـۆج ئـالان.[3] سـەبارەت بـە لـە نێـو چوونیشـــیان ئـــۆج ئـــالان دەڵێ:"کوشـــتنی ماهیرچـــایان و هەڵواســـینی دەنیزگەزمیش هانیانـدام کـاری ئـەوان تـەواو بکـەم". ئەمـەش هۆکـاری خـۆ ڕێکخستنی بوو لە نێو گرووپە خوێندکارییەکاندا.[4] لـەم پێنـاوەدا ئـۆج ئـالان سەرپەرشـتی یەکـەم چـالاکیی خوێنـدکاریی کـرد لـە پـاش کودەتـا، کـە ئیدانەکردنی کوشتنی ماهیرچایان بوو، لە کاردانەوەی ئەم هەوڵـەدا دەوڵـەت ئـۆج ئـالان و ١٥ چـەپی تـورکی قۆڵبەسـت کـرد[5] . سـەبارەت بـەو چـالاکییە هەڤاڵ جومعە دەڵێ:"چالاکییەکە لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییـەکان دا ئـۆج ئالان ڕایدەپەڕاند، بۆیەش دوای ٧ مانگ ئازاد کـرا، چـونکە تـا ئـەوێ ڕژێـم نەیدەزانی ئۆج ئالان کێیە و سەربە چ ڕێکخستنێکە".[6]

---

١ گفتوگۆی (نبیل الملحم) لەگەڵ سەرۆك ئاپۆدا: س، پ، ل٤٧.

٢ حەسەن جودی : س،پ،ل٦٣-٦٤.

٣ مایکڵ گەنتەر: س، پ، ل١٢٤.

4 Michael Gunter: op‹cit‹p.28.

٥ گفتوگۆی (نبیل الملحم) لەگەڵ سەرۆك ئاپۆدا:س،پ،ل٤١.

٦ هەڤاڵ جومعە :س،پ،ل٧٨.

ئـۆج ئـالان زینـدان دەبێتـە خـاڵی وەرچـەرخانی بـەرەو کۆمـۆنیزم و دامەزراندنی گرووپێکی هزریی سەربەخۆ[1]. هەربۆیە کە ئازادبوو تـوخنی هـیچ ڕێکخسـتنێکی ڕامیـاریی نەکـەوت. ئـۆج ئـالان هۆکـاری ئـەوە بـەمجۆرە ڕووندەکاتـەوە:" ناچـمە نێـو ڕێکخسـتنێکەوە کـە دەسـەڵاتم بەسـەریدا زاڵ نەبێ".[2] لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کام لە ڕێکخراوە کوردییەکانیشـی هەڵنەبـژارد، چونکە پێی وابوو خەباتی بنەماڵەکان خـەباتی چـینایەتین، لـەم سۆنگەیەوە خەباتی بارزانی و بەدرخانیەکانیشی هەموو بـێ بنـەما و بەرنامـە دەزانـی"[3]. لەبەرئەوە کاریگەریی جووڵانەوەی کـوردی لەسـەر نـەبوو، بـەڵکو بـە پشـت بەستن بە بنەماکانی مارکسیزم، ئەو گفتوگۆیانەی گرووپەکانی چـەپ لەسـەر ناسنامەی کورد هەیانبوو، بوو بە خـاوەنی ئایدیۆلۆژیایـەکی سـەربەخۆ، کـە بۆخۆی ئەو قۆناغە بە لە دایکبوونی ئایدیۆلۆژیای نوێ نێودەبـات، کـە کـاتی ئەوە هاتبوو بـە پێناسـەی خـۆی پرسـی کوردسـتان بوروژێنێـت[4]. بـەمجۆرە لەسەرەتای حەفتاکاندا ئۆج ئالان بونیـادی هـزر و سیاسـەتی چـەپی تـورکی گواستەوە بۆ نێو بیری ئایدیۆلۆژیای ڕادیکاڵانەی خۆی.

**٢. دامەزراندنی گرووپێکی ئایدیۆلۆژیی لە نێو کۆمەڵەی خوێندنی باڵای دیموکراسیی لە ئەنقەرەدا (١٩٧٣–١٩٧٦):**

لـە پـاش کودەتـای سـەربازیی ١٩٧١ پـارتی کرێکـاران و سۆسیالیسـتی تورکیا(Tsip) لە نێو زانکۆکاندا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی فاشیسـت و ڕاسـتڕەوەکان، ئـەم پارتـە ڕێکخسـتنێکی خوێنـدکاریی مۆڵـەت پێـدراوی بـەنێوی (کۆمەڵـەی خوێنـدنی بـاڵای دیموکراسـی لـە ئەنقـەرە)دا دامەزراند[5].

---

١ ندیم البتکین: س،پ،ل٣٣٤.

٢ گفتوگۆی (نبیل الملحم) لەگەڵ سەرۆك ئاپۆدا:س،پ،ل٤٢.

3 Abdullah öcalan :kürdistan’dakadin ve aile,s.151-152.

٤ عەبدوڵلا ئۆجەلان: هەڵبژاردە، دەرکەوتن لەنیشتمان وقۆناغی نوێی بەرخودانمان،و. بروسك ، بلاوکراوەکانی پەکەکە، ١٩٩٢ ، ل٦.

٥ هەڤاڵ جومعە: س،پ،ل٧٩;Ali Kemal Ozcan:op, cit, p. 76-77

ئۆج ئالان پاش ئازادبوونی وەك خوێندكارێك  بوو بە ئەندامی ئەم كۆمەڵـە خوێندكارییە، ئەم ڕێكخراوە بوو بە چـەترێك بـۆ پاراسـتنی ڕێكخسـتنەكە لـە یاسا تونـدەكانی دەوڵـەت، ئـیتر ئـۆج ئـالان هەوڵیـدا ڕێكخسـتنێكی هـزری و شاراوە لەنێو ئەو كۆمەڵەیەدا دروستبكات و دواتر دەست بگرێـت بەسـەریدا، چونكە پێی وابوو چەپی توركی نەیدەتوانی لەگرفتـە سـەرەكییەكانی كـورد تێبگات، پێی وابوو ئەوان تەنها بەئامانجی تەكتیكی و وتنی هەنـدێك دروشـم پشـتگیریی كـورد بـوون[1]. هاوكـات گەیشـتبووە ئـەو ئاكامـەی، كـە هـەوڵ و كۆششی ماهیرچایان و دەنیزگەزمیش و ئیبراهیم قاپ قایا لە بەرامبەر پرسی كـورد دا بـێ ئاكـامبووە، چـونكە ئـەوانیش بـە دروسـتی تێنەگەیشـتبوون و هەمیشـە دەیـانووت كێشـەی كـورد لـە دوای سـەركەوتنی سۆشـیالیزم دێتـە گۆڕێ.[2] هەربۆیە دەیگوت"هیچ ڕێكخستنێكی چەپی تـوركی لەگـەڵ خواسـتی گـەلی كـورد نـەبوو، دەوڵـەت هـەموو چـەپەكانی كـۆنترۆڵ كردبـوو"[3]. ئـەم هۆكارانـە بوونـە هـۆی ئـەوەی كـە ئـۆج ئـالان چـالاكییەكانی خـۆی لـەنێو (كۆمەڵەی خوێندنی باڵای دیموكراسی لە ئەنكەرە) برەو پێبدات[4].

بنكـەی سـەرەكی كۆمەڵەكـە لـە كۆلێـژی زانسـتە مرۆڤایەتییـەكان بـوو، هەمیشە ئۆج ئـالان لـە كـۆڕ و گفتوگۆكانـدا دەیسـەلماند كـورد نەتەوەیـەكی جیـاوازە و كوردسـتان داگیركـراوە [5]. ئـەو بـە هاوڕێیـەتی هـەقی قـەرار كـە خوێنـدكارێكی لاز نـەژاد بـوو، توانیـان ڕێكخسـتنێكی شۆڕشـگێڕی هزریـی و شـاراوە لــە نێــو كۆمەڵــەدا دروســت بكــەن، بەشــێوەیەكی فــەرمیش لــە نێوەڕاسـتی١٩٧٣دا و لـە ئاكـامی هەڵبژاردنێكدا ئـۆج ئـالان هەڵبـژێردرا وەك

١ عەبدوڵلا ئۆجەلان: بەرگریكردن لەگەلێك، ل٣٦٠.

٢ حەسەن جودی: س،پ، ل٦٦،٦٣.

٣ عبدالله اوج الان :حقيقة الثورة ،بين اللغة والممارسة، ط١،دار اخيل للطباعة والنشر والتوزيـع، يونان، ١٩٩٥،ل١٠٠،٩٧.

٤ دیڤید ماكداوڵ: س،پ،ل٨٥٩.

٥ كریسی كۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوایەتی، ب١،ل١٥٠.

سەرۆکی کۆمەڵەکە[1]. ئیتر لە نێو ئەم کۆمەڵە فەرمییەدا ڕێکخستنیە نهێنییەکە لە (بەنداوی بوچوك)ی نێزیك ئەنکەرە، لە نیسانی ۱۹۷۳دا بە ئامادەبوونی گرووپێکی (٦) کەسی و بە سەرۆکایەتی ئۆج ئالان ڕێکخستنێکی ئایدیۆلۆژی کوردستانیان دامەزراند.[2] دواتر دیارترین هەڵسووڕاوانی ئەم گرووپە خوێندکاران (هەقی قەرار)ی لاز نەژاد و (کەمال پیر)ی تورك بوون، کە لە ئەنکەرە لەگەڕکی (سامان پازاڕی) لەتەك ئۆج ئالان دا دەژیان[3].

لە سەرەتادا کاریان دەکرد بۆ دابڕانیان لە چەمکی شۆڤێنی نەتەوەیی تورك و جیابوونەوەیان لە نەتەوە پەرستیی کلاسیکیی کورد[4] . لە ۱۹۷٤دا بڕیاری لێبووردن هەموو سیاسیی و ڕووناکبیرانی کوردی خستەوە جموجووڵ و چەندین پارتی سەربەخۆی کوردی دروستبوون، بەڵام گرووپی ئۆج ئالان خۆیان لەو پارت و کۆمەڵە کوردیانە بەدوور گرت، چونکە:

١. بەچوونیان بۆ نێو گرووپە کوردییەکان ڕیزەکانی خوێندکارانی چەپ کە دژی فاشیەکانن پارچە دەبوو.

٢. پێیانوابوو دەکەوتنە نێو مەتەرێزی پۆلیس و ئاسایشەوەو ئاشکرا دەبن.[5]

٣. ئۆج ئالان نەیدەویست دریژە بە بزووتنەوەی کوردی پێشوتر بدات، هەربۆیە پێشنیاری د.د.ك.د و شوانییەکانی بەتایبەت (نەجمەدین بیوك قایا)ی بۆ یەکگرتن دایە دواوە، لەم بارەیەوە(هەڤاڵ جومعە) دەڵێ:"ئەوانە مەبەستیان بوو بمانخەنە دەستی خۆیانەوە، ئێمە نەمان دەویست پاشکۆی ئەوان و پارتەکانی باشووری کوردستان بین "[6].

---

١ حەسەن جودی: س،پ،ل١٥٠،١٤٩.

٢ عەبدڵلا ئۆجەلان: بەرگریکردن لەگەڵێك، ل٣٦٩.

٣ حەسەن جودی: س،پ، ل٧٨.

٤ عەبدوڵلا ئۆجەلان : بەرگریکردن لەگەڵێك، ل٣٦٠-٣٦١.

٥ هەڤاڵ جومعە : س،پ،ل٨٠-٨١.

٦ هەڤاڵ جومعە : هـ،س، ل٨٧-٨٦.

٤. بونیادنەرانی گرووپەکە هەقی قەرار و کەمال پیر و ئۆج ئالان بوون،[١] کە تورك و لاز و کورد بوون، لەبەر ئەوە بانگەشەی تورکیایەکی دیموکرات و کۆماریی، وەك زەمینەیەکی هاوبەش بۆ کۆکردنەوەی هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانی تورکیا بوو[٢] . لە ڕاستیدا ئەوە هۆکارێکی تر بوو تا پێوەندیان لەتەك ڕێکخراوە کوردییەکاندا نەبێت .

ئەندامان زیاتر بریتی بوون لەو خوێندکارە شۆڕشگێڕانەی کورد کە پێشتر لەنێو (دەڤ گەنج)دا بوون. تەنانەت دەوترێ پ.ك.ك لەهەنێوی (دەڤ گەنج) هاتۆتە دەرێ[٣].

بەڵام گرووپەکە وردە وردە تایبەتمەندبوون بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ئەمەش هۆکاری درز تێخستنیان بوو لەتەك چەپەکانی تورکدا[٤]، ئیتر لە وەشاندنەکانیاندا دروشمی ( شۆڕشی تورکیا پێویستە بە کوردستاندا تێپەڕێت) بوو بە دیفاکتۆی ستراتیژیان.[٥] لە سەرەتای ١٩٧٤دا ڕێکخستنی نهێنی کۆمەڵەکە لە ئەنکەرەو لەماڵی (رزائالتون) گردبوونەوەو بڕیاریاندا پێوەندی خۆیان لەگەڵ چەپەکانی تورك بپچڕێنن، هاوکات لەو کۆبوونەوەیەدا نێوی خۆیان نا (سوپای ڕزگاری نەتەوەیی )[٦] .

ئەمە لەکاتێکدا بوو هەقی قەرار و کەمال پیر لە ڕیزەکانی ئەو ڕێکخستنەدا بوون، هەربۆیە نەیارانی پ.ك.ك بەگومانەوە دەڕواننە کەسانێکی غەوارەی تورك و لاز کە خەباتی ئایدیۆلۆژییان بۆ سەرخستنی

---

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ (عوسمان ئۆجەلان)، کۆیە، ١٩-٢-٢٠٠٩

٢ کریسی کۆچێرا:بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد،ب١،ل١٥٠

Ali Kemal Özcan:op. cit. p. 76-80;

3. Gülistan Gurbey:op,cit,p.zz.

٤ عبداللة اوج الان:قضية التحرير الوطني الكردستاني،ل١٣٣.

5. Ali Kemal Özcan:op. cit. p. 76-80.

6. Michael Gunter:op,cit,p.25.

نەتـەوەی کـورد بێـت[1]. ئەمـە لەکاتێکـدا بـوو کـە گـرووپ لـە گوتـاری چـەپ دووردەکەوتەوەو بیروڕاکانی زیاتر لە بـارەی کێشـەی کـورد دەخسـتە ڕوو[2] . هەنـدێکیش لـە چـەپەکان پێیـان وایـە ئـۆج ئـالان خیانـەتی لـە خوێنـدکارە تورکەکان کرد، چونکە دروشمەکانی لە سەرەتادا بانگەشـە بـۆ کوردسـتانی سەربەخۆ نەبوون.[3]

لەو قۆناغەدا میتی تورکی پەنجە دەژەنێتە نێو گرووپەکـەوە و خواسـتی ئـەوەی هەیـە کـۆنترۆڵی بکـات، هەربۆیـە نـەجاتی کایـاو* کەسـیرەیەلدرم** دەنێرێتـە نێویـان و دەتـوانن لـە نێـو گرووپەکـەدا پۆسـتی بـاڵاو هەسـتیار وەربگرن.[4] کەسیرە یەلدرم پێشتر لـەنێو ڕێکخسـتنی ڕێگـەی شـۆڕش(Dev-yol) ئەندام بوو[5]. سەبارەت بە ئەندامبوونیان ئۆج ئالان دەڵێ:" بۆ مەبەستی سیاسـیی ئـەو ئەندامانـەمان وەرگـرتن لـە ڕیزەکانمانـدا"[6]. پاساوەکانیشـی بریتی بوو لەوەی کـە کەسـیرەیەلدرم کچێکی زیـرەك بـوو، لەبەرئـەوەی کـە خانەوادەکەی لە پ.گ.ك نێزیکبوون و دەتـوانرا سـوودی لێ وەربگیرێـت یـان

١حەسەن ئەحمەد مستەفا: باکووری کوردستان ،ل١٨.

٢حەمید بۆز ئەرسەلان:س،پ،ل٩٥.

3. Ali Kemal Özcan:op. cit. p. 76-77

* بەبڕوای پ.ك.ك نەجاتی قایا ناسراو بە پیلۆت بۆ کاری سـیخوریکردن دەوڵـەت نـاردی، ئـەو فرۆکەوانێکی لێهاتوو بوو، هەرچەند هەست بە مەکرەکانی دەکرا بـەڵام ئـۆج ئـالان دەرینـە دەکرد، بە پاساوی بەکارهێنانو سوود وەرگرتن لـە ئەزموونـەکانی.(گفتوگۆ لەتـەك مـوراد قەرەیلان، گۆڤاری لڤین، ژمارە٧٧،چاپخانەی ڕەنج،٢٠٠٨،ل٧).

** کەسـیرە یەڵـدرم کچـی بنەماڵەیـەکی کـوردی سـەر بـە پ.گ.ك بـوو، یـەکێك بـوو لـە دامەزرێنەرانی پ.ك.كو تیۆریستی ئەو پارتە، پ.ك.ك پێیانوابوو بەکرێگیراوەو ئۆجەلانیش لە حەفتاکاندا کردی بەهاوسەری خۆی، ئـاڵۆزی پێوەنـدیی ئـەم خانمـەو دەوڵـەتو پ.ك.ك تائێستاش روون نییە.

٤ هەڤاڵ جومعە: س،پ،ل١٠٩.

٥ حەسەن جودی:س،پ،ل١٦٠.

٦ چاوپێکەوتن لەگەلا (خەلیل ئاتاج)، کۆیە،١٥-٢-٢٠٠٩.

دەکرا کاری لێ بکرێت و بۆ گرووپ کاربکات[1]. دزەکردنی پیاوانی دەوڵەت بۆ نێو گرووپەکە جێگەی مشتومڕو بۆچوونی جیاوازە لە دەرەوە و نێوەوەی گرووپەکەدا، بە جۆرێك پارتە کوردییەکان پێیان وایە ئەوان لەژێر چاودێری میتی تورکیدا پەروەردەکران و نێردرانەوە کوردستان[2]. چونکە هەموو ئەندامانی سەرەوە دەیانزانی کەسانێك کە نێردراوی دەوڵەتن بوونەتە خاوەنی گرووپەکە، بەڵام ئۆج ئالان پێی وابوو ئەگەر ئەوانە وەدەرنێت دەوڵەت هەموویان لەنێو دەبات.[3] هەر بۆیە بەردەوام دەیووت:" نەجاتی کایا و کەسیرە منیان پاراست لە دەوڵەت "[4]. لە ڕاستیدا رامیاریی ئۆج ئالان لە مامەڵەکردن لەتەك چاودێر و سیخوڕەکانی دەوڵەتدا لەو قۆناغەدا کەڵکی فرەی بە گرووپەکە گەیاند و زۆر ژیرانە بوو، بەڵام دەرهاویشتەکانی ئەو پێوەندییانە لەگەڵ پەرەسەندنی گروپەکەدا بەزیان بەسەریدا شکایەوە.

پاش ئەوەی لە١٩٧٥دا کۆمەڵەی خوێندکارانی خوێندنی باڵای دیموکراسی قەدەغە دەکرێت، ئیتر ڕێکخستنی گرووپەکە بۆ یەکەمجار لەلایەن ئۆج ئالان و محەمەد خەیری دورموش بەرنامەیەکی نووسراو دادەنێت، کە لە ئەدەبیاتی گرووپەکەدا بە(مانیفێستی پ.ك.ك) بەنێو بانگە [5].

ئۆج ئالان بانگەشەی جۆرێکی تایبەتی مارکسیی دەکرد بۆ سەرکردایەتی شۆڕشێکی گەورە و لەژێر کاریگەریی (کیم ئێل سۆنگ)ی سەرکردەی کۆریا دا بوو، بەردەوام دووپاتی دەکردەوە سازش لەگەڵ ئیمپریالیزم و داگیرکەر ناکات، بەڵام ئەم گرووپە لەبواری کرداریدا تەنها لایەنگیریی فەلسەفەی

---

١ یالچین کوچوك : س،پ،ل١٠٨-١٠٩.

٢ چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەدیجە یەشار)،٣-٣-٢٠٠٩; چاوپێکەتن لەگەڵ (مەسعود تەك)،هەولێر،٥-٢-٢٠٠٩ ..

٣ موراد قەرەیلان مێژووی سیخوڕیکردنی تورکیا بەسەر پەکەکەوە دەگێڕێتەوە، گۆڤاری لڤین، ژ(٧٧)، چاپی رەنج، سلێمانی،٢٠٠٨،ل٣٧

٤ یاڵچین کوچوك: س،پ،ل١١١.

٥ یاڵچین کوچوك:س،پ،ل١٠٥; چاوپێکەوتن لەگەڵ ( خەجیجە یەشار)، سلێمانی،٣-٣-٢٠٠٩.

(لینینی ـ مارکسی) نـە دەکرد، بـەڵکو زیـاتر بایـەخیان بـەتیۆری (ماوتسـی تونغ) دەدا، ئەمـەش خواسـتی هەڵگیرسـاندنی شۆڕشـێکی چـەکدارانەبوو لـە گوندێکدا یا لە ناوچەیەکی دیاریکراودا و گەشـەکردنی ئـەو شۆڕشـە بـوو لـەو خاڵـەوە[1].ئـۆج ئـالان لـەخودی خۆیـدا ئـەم تیـۆرەی جێبـەجیٚ دەکـرد و سەرکەوتنەکانی بەستراتیژی (ماوتسی تـونگ) بەدەست دەهێنـا و هەمیشـە خۆی بە دوور دەگرت لە پلانی دەوڵەت و لە پلانەکان ڕزگار دەبوو [2].

**٣ . دەسپێکی خەباتی ئایدۆلۆژی و سیاسیی لە باکووری کوردستان (١٩٧٦–١٩٨٠)**

گواستنەوەی خەباتی ئایدیۆلۆژیی و رامیاریی گرووپ بۆ کوردستان:

لە دەستپێکی ١٩٧٥دا (کۆمەڵەی خوێندنی بالاّی دیموکراسی لە ئەنکەرە) داخرا[3]. ئیتر لە ئەنکەرە و لە کۆبوونەوەی دیکمانی ١٩٧٦ دا بڕیاریاندا بـیری شۆڕشگێڕیی لە زانکۆکانی ئەنکەرەوە ببەنە دەرەوەو رووبکەنە کوردستان [4].

ئەمەش چەند هۆکارێکی لە پشتەوەبوو، بۆ نموونە:

١. لە ئەنکەرە ڕێکخسـتنە نهێنییـەکانی گرووپـە ئایدیۆلۆژیەکـە لـە لایـەن دەوڵەتەوە ئاشکرا ببوو.

٢. ڕێکخراوە کوردییەکانی تر لە کوردسـتاندا خـەباتیان دەکـرد، هەربۆیـە پێویستبوو ئەوانیش ئایدیۆلۆژیای خۆیان بلاّوبکەنەوە [5].

ئەم کۆبوونەوەیە لە پاش کۆبوونەوەی (چوبوك) بـە یەکـەم کۆبوونـەوەی فـەرمی گرووپـی ئایـدیۆلۆژیی جووڵانەوەکـە دیٚ، کـە تێیـدا بـۆ یەکـەمجار کۆمیتەیەکی نێوەندی پێکهات لە ئۆج ئالان و دوو یاریدەدەر کە بریتی بوون

---

1 - Edgar Ó Balance:op,cit,145.

2 – Edgar Ó Balance:op,cit,p.146.148.

٣گفتوگۆی(نبیل الملحم) لەگەڵ سەرۆك ئاپۆدا:س،پ،ل٥١،٥٠.

٤کۆمین : کورتەیەك لەمێژووی پەکەکە،گۆڤاری کۆمین، ژمارە(٧)، ٢٠٠٧، ل١٦.

٥عەبدوڵلاّ ئۆجەلان : هەڵبژاردە،ل٦٨.

له هەقی قەرار و قەمەر تۆسقان[1*] . بەلاّم گرووپ لە هەنگاوی هاتنەوەیان بۆ کوردستان ڕووبەڕووی چەندین گرفت دەبوونەوە لەوانە:

١. ئەم هەنگاوە دژوار بوو، چونکە هەستی نەتەوایەتی کورد لەو پەڕی لاوازیدا بوو، بەشێوەیەك ئۆج ئالان دەیووت:" گەل هەڵکەنرابوو لە ناسنامەی خۆی و لە ڕابوونی سەر لەنوێ دەترسا"[2].

٢. ستراتیژی ئەم گرووپە نەیاری ستراتیژیی پارتە کوردییەکان بوو، چونکە هەرکامیان ئەویتری قەبووڵنەبوو، لەم بارەیەوە(سراجیین بیلگین) نوێنەری پ.د.ك.ت لە ئەنقەرە بە ئۆج ئالانی ڕاگەیاندبوو:"ئایدیۆلۆژیای (مارکس و لینین) دوژمنی سەرەکی کوردە، هەرکەس ئەو هزرە بهێنێتە کوردستان، قاچی دەشکێنین "[3] . لە ڕاستیدا دژایەتی پ.د.ك.ت لەبەر ئایدۆلۆژیای (مارکس و لینین) نەبوو، چونکە چەندین پارتیتری کورد هەبوون و هیچ گرفتێکیش ڕوووینەدەدا، بەلاّم گرفتەکە لە ڕوانینی گرووپەکەوە بوو کە دانیان بە هیچ گرووپێکیتردا نەدەنا. لەم بارەیەوە هەڤاڵ جومعە بۆ خۆی دەڵێ:" ئەرکی سەرەکیمان لە کوردستان ئەوەبوو کە لەگەڵ هزرەکانی تر شەڕ و ململانێمان کردبایە و لەو شەڕەشدا ئەنجامێکی مسۆگەرمان بە دەست هێنابا"[4].

٣. گرووپەکە نەیاندەتوانی لە قووڵایی کوردستانەوە دەست پێبکەن، هەر بۆیە سەرەتا لە سنووری جیاکەرەوەی نێوان تورکیا و کوردستان دەستیان پێکرد، واتە لە عەینتاب و مەرعەش و مەلاتیە و سیواس و ئەرزنجان و

---

١–هەڤاڵ جومعە: س،پ،ل١٤٤.

*قەمەر تۆسقان پێشتر ئەندامی بالاّی گرووپی ئیبراهیم قاپ قایا بوو.(هەڤال جومعە: س،پ،ل١٤٤).

٢عەبوڵلاّ ئۆجەلان: هەڵبژاردە،ل٦٨.

٣هەڤاڵ جومعە : س،پ،ل٨٥.

٤هەڤاڵ جومعە : س،پ،ل١٣٣ـ١٣٢.

ئەلازیغ تا دەگاتە دێرسیم، ئەم شارانە تێکەڵەیەکی فرەنەتەوە بوون کە کورد زۆرینەی ئیتنی پێکدەهێنان[1] . هۆکارەکانیش بریتی بوون لە:

١. پارتە کوردییەکانی تر لە قوولایی کوردستان بالآدەست بوون، هەر بۆیە گرووپەکە توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو پارتانەی نەبوو، کە نەیاری ستراتیژو رامیارییان بوو.

٢. ئایدیۆلۆژیای گرووپ لە نێوەندی کوردستان شوێنی نەدەبوویەوە، چونکە لەوێ پێکهاتەی فیوداڵی و ئایینی بالآدەستبوو.

٣. گرووپ پێویستی بە کادیری خوێندەوار بوو، دەبوو لە شوێنێك شوێنیان بێتەوە کە زوو لە بەرنامەکەیان تێبگەن، سەبارەت بەو ڕاستیەش هەڤاڵ جومعە دەڵێ:" دەمان توانی شوێنی خۆمان بکەینەوە، چونکە ڕۆشنبیر و خوێندەواری زۆرتر لێبوو" .

٤. لەسنووری تورکیا سیاسەتی توانەوەی نەتەوایەتی زۆر بوو، پێویستبوو لەوێوە دەست پێبکرێت[2] .

٥. یان دەکرێت لەنێو گرووپە ئایدیۆلۆژییەکەدا، کە کەمال پیر و هەقی قەرار کورد نە بوون، پارمەتیدەرێکی تر بوو بن تا لە پێکهاتەیەکی فرە نەتەوەوە دەستپێبکەن.

٦. ئۆج ئالان لە هەنگاوەکانی سەرەتایدا پێی وابوو لەزێدی خۆیەوە ئاغە و فاشیستەکان بکاتە ئامانج سەرکەوتوو دەبێت[3] . لەبەر ئەوە لە ١٩٧٥دا ئۆج ئالان لە ئورفەوە ڕێکخستنێکی (١٥) کەسیی چێکردوو دواتر ئەم ڕێکخستنە بوو بە بناغەی هەموو چالاکییەکانی بزووتنەوەکە، کە دیاریترینیان لەو سنوورەدا خەلیل ئاتاج بوو[4] .

---

١کەندال نەزانو ئەوانیتر: س،پ،ل١١٦.

٢ چاوپێکەوتن لەگەلا (خەلیل ئاتاج)، کۆیە،١٥-٢-٢٠٠٩.

٣هەڤاڵ جومعە :س،پ،ل١٣٠.

٤ چاوپێکەوتن لەگەلا (خەلیل ئاتاج)، کۆیە،١٥-٢-٢٠٠٩.

٧. لەو سنورەدا ڕیکخستنەکانی چەپی تورك زاڵبوون، بە تایبەتی لە دێرسیم، چونکە هیچ جووڵانەوەیەکی کوردیی لەوێ نەبوو، هەر بۆیە گرووپەکە بە ئەرکی خۆیان دەزانی کورد لە چەپی تورك دابڕن و ئاشنایان بکەنەوە بە ناسنامەی خۆیان[١]، یان ستراتیژی گرووپەکە بە نەزمێك بوو، تا جیاوازی کوردی عەلەوی و کوردی سوننە نەهێڵێت[٢] .

**٤. شێوازەکانی خەباتی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی لە باکووری کوردستان (١٩٧٦-١٩٧٨):-**

خەبات لە کوردستان خەباتێکی ئایدیۆلۆژی بوو، ئۆج ئالان لە دەستپێکی١٩٧٥دا دەستیکرد بە گەڕان بە شارەکانی کوردستانداو لاوانی ڕێك دەخستن[٣]. پاش ئەوەی سەرکردایەتی گرووپ گەڕایەوە کوردستان، ئیتر کۆرسی تایبەتیان بۆ ڕاڤەی (ڕێگای شۆڕشی کوردستان) کردەوە[٤] . ئۆج ئالان ئەندامانی باڵای دابەشکرد بوو بەسەر شارەکاندا، لەوانە هەقی قەرار لە عەینتاب، خەلیل ئاتاج لە ئورفە، قەمەر لە دێرسیم دانرا بوون[٥]. بەگشتی جیاوازی ئەم جووڵانەوەیە لەپارتەکانی تر بریتی بوو لە :

١. نە بەسترا بوو بەمەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی نێوەندی و سکرتێری گشتیەوە و هەرەمیی نەبوو، ئۆج ئالان بۆ خۆی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی نێوەندی و سەرۆك بوو. سەبارەت بەوە ئۆج ئالان دەڵێ:"بڕوام بە شێوازی دروستبوونی پارتە کۆمینیستەکان و پارتە بۆرجواکان نەبوو، ئەو پلەبەندییە بواری ئینتیهازی دروست دەکرد و بیۆکراتییەتی دەسەپاند"[٦] .

---

١حەسەن جودی: س،پ، ل١٥٨.

٢چاوپێکەوتن لەگەڵ (عوسمان ئۆجەلان)، کۆیە، ١٩-٢-٢٠٠٩

٣هەڤاڵ جومعە : س،پ،ل١٢٣; چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەلیل ئاتاج) کۆیە،١٩-٢-٢٠٠٩.

٤عبدالله اوج الان: قضية التحرير الوطنی الكردستاني .ل١٣٢.

٥هەڤاڵ جومعە : س،پ،ل١٤٤.

٦يوسف إبراهيم الجهماني : اوج الان،ل٥٤-٥٥.

هەر بۆیە چالاکی و خەبات لە هەر هەرێمێکی کوردستاندا، پێشەنگیی کادیرەکانی دیاریدەکرد، لەم بارەشەوە خەلیل ئاتاج دەڵێ:" لەنێو ڕێکخستنەکاندا پلەبەندی نەبوو، هەرکەسە و بۆ خۆی لە شارێکدا ئایدیۆلۆژیای جووڵانەوەکەی درێژە پێدەدا"[١].

٢. ئەندامانی بالاّ هەموویان هەژار و چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بوون. بۆ نموونە جومعە بایك و کەمال پیر، کە ئەرکی جووڵانەوەکەیان لە عەینتاب لەسەر بوو، پاڵە بوون و سەرقاڵی کار و کۆڵبەری بوون. پێشتریش دەستەی سەرۆکایەتی بێجگە لە ئۆج ئالان لە ئەنکەرە کرێکارییان دەکرد[٢].

بێکاری و نائومێدی و هەژاری دەرەفەتی بۆ جووڵانەوەکە دروست کرد کە بیروباوەڕی خۆی لە نێو کورد دا بلاّوبکاتەوە[٣]. لەو قۆناغەدا ئۆج ئالان لە نێوان ساڵانی١٩٧٦–١٩٧٧دا زیاتر کۆبوونەوەکانی لە دیاربەکر، قارس، دێرسیم، عەینتابدا ئەنجام دەدا، ئیتر ئەم کۆبوونەوانە بوون بە بناغەی تۆکمەبوونی ڕێکخستنەکانی لە کوردستاندا، لەهەمان کاتدا دەوڵەت لە ڕێگەی سیخورەکانی ئاگاداری ڕەوشی ڕێکخستنەکان بوو، ناچار ئۆج ئالان لەکۆتایی ١٩٧٧دا گەڕایەوە ئەنکەرەی پایتەخت[٤].

لەو قۆناغەدا جووڵانەوەی گرووپەکە زیاتر تایبەتمەندیەکی خوێندکارانەی وەردەگرت، چونکە تەنها خەباتێکی ئایدیۆلۆژیانەی دەکرد، هەربۆیە زیاتر لە نێو چینی خوێندەوار و خوێندکاردا بوون و پێیان دەوترا خوێندکارەکان، یا پێیان دەوترا (ئاپۆچیی)* ، بەلاّم لە نێو خۆیاندا بە (شۆڕشگێڕانی کوردستان) دەناسرانەوە[٥].

---

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەلیل ئاتاج) کۆیە،١٩-٢-٢٠٠٩.

٢ هەڤاڵ جومعە : س،پ،ل١٣١; دیڤد ماکداولّ: س،پ،ل٨٦٠.

٣ گونتەر بێرند: بزاڤا نەتەوایەتی باکور، هاڤیبوون، ژ٣ ،١٩٩٨،ل١٢٤.

٤ هەڤاڵ جومعە : س،پ،ل١٥٥،١٥٤;گفتوگۆی (نبیل الملحم) لەگەڵ ئاپۆدا: س،پ،ل٥٢.

* ئاپۆچی :بەشوێنکەوتوانی ئاپۆ دەڵێن ئاپۆ، کە کورتکراوەی نێوی (ئیپتولاّیە)و نێوی ڕاستەقینەی عەبدولاّ ئۆجەلانە،بەلاّم ئاپۆ بەڕێکەوت لە کوردیشدا بەمانای مام دێت، لەهەردوو بارەکەدا بەواتای خۆشەویستی بەکاردێت. ئەندامانی گروپەکە بەئاپۆچو، کە بەتورکی خزمانی ئاپۆ یان هەوادارانی دێت.(میهردادی ئێزدی:س،پ،ل٤٩).

٥ هەڤاڵ جومعە:س،پ،ل١٤٣،١٤٢; چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەلیل ئاتاج) کۆیە،١٩-٢-٢٠٠٩.

**دووەم: دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك) :**

ئۆج ئالان لە دەستپێکی١٩٧٧دا لە عەینتاب یەکەم ڕەشنووسی پڕۆگرامی ڕێکخستنێکی رامیاریی نووسی و بەسەر تەواوی کادیرەکانیاندا لە کوردستان بلاّویکردەوە[١]، پاش هەڵسەنگاندنی ڕەش نووسەکە و ئاگادارکردنەوەی کادیرەکان گردبوونەوەی ئەلعەزیز بەڕێوەچوو، پاشان گردبوونەوەیەکی فراوانتر لە گەڕەکی (فیس)ی دیاربەکر ئەنجامدرا، کە لە هەر ناوچەیەك (٥) کادیری گرووپ ئامادە بوون و تێیدا بڕیار لەسەر سازدانی یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی پارتێکی سیاسی کوردی بەنێوی (پارتی کرێکارانی کوردستان) درا[٢]. سەبارەت بە چۆنیەتی کۆبوونەوەکە خەلیل ئاتاج دەڵێ:" لە ١٠/٩/١٩٧٧دا گرێدرا، ئێمە وەك نوێنەری ئورفە (٨)کەس بووین". لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا بە ئەنجامدانی چالاکییەکی گەورە دژی فیودالّەکان، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ پارتەکە بە جەماوەر ڕابگەیەنن و دەنگدانەوەی لە سەرانسەری کوردستاندا هەبێت[٣] .

لەسەر ئەم بنەمایە پاش تەشەنەسەندنی چالاکییەکانی بزووتنەوەکە و لە سەر بنەمای بڕیاری کۆبوونەوەکانی ڕابردوو لە ٢٧ی نۆڤەمبەری ١٩٧٨دا یەکەمین کۆنگرەی دامەزرانی پارتێکی سیاسی کوردی بە ئامادە بوونی (٢٢) کەس لە کادیرە بالأکان گرێدرا، لەوانە (٣) لە ئەندامەکانی ئافرەت بوون[٤].

ئەم کۆنگرە لە گوندی (فیس) ی دەوروبەری دیاربەکر لە ماڵی یەکێك لە کادیرە بالأکانی گرووپەکە بەنێوی (سەیفەدین زۆرلو) بەسترا، سەرپەرشتی کۆنگرەکە خرایە ئەستۆی (مەزلّوم دۆغان)[٥] و دوو ڕۆژ بەردەوامبوو. لە ئاکامی کۆنگرەکەدا (٧) ئەندام بۆ کۆمیتەی نێوەندیی پارتەکە

١حەسەن جودی: س، پ، ل٢٢٤.

٢حەسەن جودی : س، پ، ل٢٢٨.

٣چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەلیل ئاتاج)، کۆیە، ١٩-٢-٢٠٠٩.

4. Michael M.Gunter:op,cit,p.25.

٥هەڤاڵ جومعە: س، پ، ل٢٥٩-٢٥٨.

هەڵبژێردران[1]، کە بریتی بوون لە ئۆج ئـالان، شـاهین دونمـەز، جـەمیل بایـك، محەمەد قەرەسنگور، محەمەد خەیری دوورمـوش، مـەزلۆم دۆغـان، کەسـیرە یەڵدرم[2]. بەڵام بەهۆی ئەوەی کـەمال پـیر و خـەلیل ئاتـاج لـە زینداندابوون، نەیانتوانی بەشداربن لە کۆنگرەی دامەرزاندنی پەکەکـەدا و هـیچ پۆسـتێکیان بۆ دیاری نەکرا[3] .

دەستەی کارگێریش پێکهات لە ئۆج ئالان، جەمیل بایك، شاهین دونمـەز[4]، هەروەها چەند نووسینگەیەك دانران لەوانە:

١. نووسینگەی (ڕێکخسـتن) کـە لەلایـەن شـاهین دونمـەز، جومعـە، بـاقی قەرار بەڕێوە دەبرا.

٢. نووسـینگەی هـزر و ئایـدیۆلۆژیا کـە بەرپرسـەکانی کەسـیرەیەلدرم و مەزلۆم دۆغان بوون.

٣. نووسـینگەی سـەربازی کـە بەرپرسـەکانی محەمـەد قەرەسـونگور – عەباس و دوران کالکان بوون[5].

هـەروەها لـەنێو کـۆنگرەدا، لەلایـەن مـەزلۆم دۆغـان و فـەرهاد کورتـای[*]، پێشنیاری نێوی (پارتی کرێکارانی کوردستان ـ پ.ك.ك) پەسەندکرا بۆ نێـوی جووڵانەوەکە، هەرئـەوانیش وەك ئـارمی پ.ك.ك ڕەمـزی (چـەکوش و داس) یان چەسپاند[6].

---

١ حەسەن جودی : س،پ، ل٢٣٣ـ٢٣٦.

2 Michael M .Gunter:op,cit,p25“ ümit Özdag:Türkiyekvzey lrakve pkk,Ankara,AsAMYaYinlari1999,s.42.

٣ چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەلیل ئاتاج)، کۆیە، ١٩ـ٢ـ٢٠٠٩.

٤ حەسەن جودی : س، پ، ل٢٣.

٥ هەڤاڵ جومعە : س، پ، ل٢٥٩ـ٢٥٨.

* فەرهاد کورتای کـوردێکی مێردینـی بـوو، پیشـەی ئەنـدازیاریی بـوو لـە زینـدانی دیاربـەکردا شەهید بوو.(حەسەن جودی: س،پ،ل٢٤١)

٦ حەسەن جودی: س،پ، ل٢٤١ـ٢٤٢.

**سێهەم: پێڕەو و بەرنامەی پ.ك.ك و گرنگترین ئامانجەکانیی:**

مانیفێستی پ.ك.ك بەنێوی (ڕێگەی شۆڕشی کوردستان) بریتیە لە فەلسەفە و بەرنامەی رامیارییان، ئەم نووسراوەی ئۆج ئالان لە نێوەرۆکەکەیدا شوێنی کورد لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا دیاریدەکات و پێی وایە نەخشەی رامیاریی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستیش ئیمپریالیزم دایناوە. بەم پێیە بەرنامەی پ.ك.ك بەرنامەیەك بوو بۆ ڕابوونی شۆڕشێکی دیموکراسیی و نەتەوەیی. لەم بەرنامەدا پالەو جوتیار و ورده بۆرجواو لاوانی شۆڕشگێڕ و هەموو چین و توێژەکان دەبوو لە سەنگەرێکدا خەبات بکەن[1]. خەبات لە ستراتیژی پ.ك.ك دا لە پێناو چارەسەریی دوو گرفتی سەرەکی بوو لە کوردستاندا، کە بریتی بوون لە چارەسەریی ناکۆکی نەتەوەیی و چارەسەریی ناکۆکی نێوان کورد و دەولەتی تورك[2].

دەتوانین لەسەر هەموو ئاستەکاندا بەمجۆره بنەمای رامیاریی و ئایدیۆلۆژی پ.ك.ك بخەینە ڕوو :

١. پ.ك.ك لە رامیاریدا پارتێکی مارکسیی و لینینییەو ئامانجی کاتی ڕزگارکردنی باکووری کوردستانە لە بندەستی تورك و ئامانجی ستراتیژیشی سەربەخۆیی کوردستانی گەورەیە، لەبەر ئەوە ئەم پارتە مەبەستی نەبوو دەولەتێکی مارکسیی دروست بکات، بەلکو مەبەستی دەولەتێکی نەتەوەیی بوو[3]، چەمکەکانی چەپڕەویشی تەنها وەك میکانیزمێك بەکاردەهێنا.

٢. لەڕووی سەربازییەوە خەباتی چەکداری ستراتیژی تێکۆشان بوو، لەم پێناوەشدا پێویستبوو بەشێوازی توندوتیژ ڕووبەڕووی تورکیا ببنەوەو گرووپی چەکدار و پارتیزان پێکبهێنن .

---

١ عبدالله اوج الان : قضية التحرر الوطني الكردستاني ، ل١٣٦ .

٢ حەمید بۆز ئەرسەلان : س،پ، ل ٩٣-٩٤ .

٣ عبدالله اوج الان: مختارات (٢) ، ل٣٨٩; Edgar O,Balance :op,cit,p.148

٣. لـەنێوبردنی هێـزی ئـابووری دەرەبـەگ و موڵکـدارەکان، هاوکـات دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا، لەبەرنامەدا بوو.

٤. لـە ڕووی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیشـەوە وەسـتاندنی توانـەوەی تایبەتمەندییەکانی نەتەوەی کورد و زمانی کوردی و ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ و هەڵبژاردن و مافی ژن لەبەرنامەی کاردا هەبوو[1].

**چوارەم: گرفتە نێوخۆییەکانی پ.ک.ک و جەنگ لە دژی فیوداڵ و پارتە کوردییەکان:**

لەگەڵ پەرەسەندنی ئایدیۆلۆژیای پ.ک.ک و شوێنگرتنی لە نێو خوێنـدکار و کرێکاراندا، ململانێکانیشی لەتەك پارت و ڕێکخراوە رامیارییـە نەتـەوەیی و چـەپەکاندا پـەرەی سـەند، پەرەسـەندنی جووڵانـەوەی پ.ک.ك سـەرەتا ڕووبەڕووی دوژمنکارییەکی سەختی پارتـە چـەپەکانی تـورك ببـووەوە. لـەم بارەیەوە جەمیل بایك دەڵێ: " ئێمە نەك دژی کەمالیزم، بـەڵکو دژی هـەموو بیرەکانی تر شـەڕمان کـرد، بـەڵام لەبەرئـەوەی لـە سـەرەتادا بچـووك بـووین بۆیـە بـە چـەك جـەنگمان نـەدەکرد"[2]. کەواتـە لـە سـەرەتادا ڕووبـەڕوو بوونەوەکانی چەپی تورك بەمجۆرە دەستی پێکرد:

**١. ڕەوشی جووڵانەوەکە لە (دەرسیم):**

سـەرەتای ١٩٧٦لـە شـاری دێرسـیم گرووپەکـە ڕووبـەڕووی چـەپی تـورك بوونەوە، لەوێ پارتە کوردییەکان و فاشیستەکان ئامادەیـان نـەبوو، تـەنها (ڕێکخـراوی ڕزگـاری گـەل) و (سـوپای ڕزگـاریخوازی کرێکـاران و جوتیـارانی تورکیا) هەبوون[3].

---

١ عبدالله اوج الان: قضية التحرر الوطني الكردستاني ، ل١٣٦ .

٢ هـ،س، ل١٣٥-١٣٦ .

٣ حەسەن جودی : س،پ،ل١٥٨ .

جووڵانەوەی پ.ك.ك کە لە ڕێگەی (قەمەر ئۆسقان) لـە دێرسـیم بـەڕێوە دەبرا، هەر لەسەرەتاوە ڕووبەڕووی شکست بـووەوە، چـونکە ئاپۆچـییەکان بانگەشەکانیان بەنێوی کوردایەتییەوە دەکـرد، ئەمـەش مەترسـیەك بـوو بـۆ لاوازکردنی جووڵانەوەی چەپی تورك، چونکە لایەنگرانی کوردی نێو (ڕزگاری گـەڵ) تێکـەڵی جووڵانەوەکـە دەبـوون، هەربۆیـە لـە یەکـەم ڕووبەڕوونـەوەدا (ئایدن گوڵ [*])ی نێردراوی پەکەکـە بـە پاسـاوی جیابوونـەوەوەی لـە چـەپی تـورك دەکـوژن[1]. پ.ك.ك پێیـان وایـە بۆیـە لـە دێرسـیم شکسـتیان هێنـا، چونکە (قەمەر ئۆسـکان)ی نوێنـەریان لـەژێرەوە پێوەنـدی لەتـەك دەوڵـەت هەبوو[**2].

**٢. ڕەوشی جووڵانەوەکە لە عەینتاب :**

لە عەینتاب جووڵانەوەکـە لـە سـەرەتا دا لەلایـەن خـەلیل ئاتـاج بـەڕێوە دەبرا، دواتر هەقی قەرار لە ١٩٧٧دا بـەر پرسـیاریەتی ئـەو سـنوورەی گرتـە ئەستۆ[3]. هەقی قەرار تـوانی لـە دەسـپێکی بانگەشـە هزریەکانیـدا سـەرنجی کوردە عەلەویەکان لە ژێر نێوی کوردبووندا ڕابکێشێت، بێگومان بانگەشەکان هەڕەشەیەکی جدی بوون بۆ سەر ڕژێم، هەربۆیە ڕژێم کەوتە خـۆو پلانـی لـە هەمبەر بزاڤێکی لەو جۆرە کەوتە سەر. لەلایەکی ترەوە بەڵگەنامەکانی CIA لە ئەنکەرە ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئاپۆچییەکان لـە هـەر شـوێنێك هـەبن، ئەوانی دی خۆ ڕاناگرن، هەربۆیە پێویستە ئەو هێزە بوەستێنرێت، ئەگـەر نـا

---

*پەکەکە (ئایدن گول)ی وەکـو یەکـەم شـەهید ناسـی و پۆسـتەری لـە هـەموو کوردسـتان بڵاوکردەوە(حەسەن جودی:س،پ، ل ١٥٨).

١ حەسەن جودی :س،پ،ل١٥٧–١٥٨ .

** پێشتر لە ڕێکخستنەکانی ابراهیم قـاپ قایا بـوو ، لەلایـەن ئـەوەوە ابـراهیم درا بەدەسـت دەوڵەتەوە .

٢ هەڤال جومعە : س،پ، ل ١٥٨ .

٣ چاوپێکەتن لەگەڵ (خەلیل ئاتاج)، کۆیە .

نەك مەترسی بۆ تورکیا، بەڵکو مەترسین بۆ بەرژەوەندی ئەمەریکاش، لەبەر ئەوە بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانی ئەو دەزگە هەواڵگیرییە ئەمەریکا ئەم پێشنیازەی داوەتە بەرپرسانی رژێم:

١. پڕوپاگەندەکردن دژی ئۆج ئالان، چونکە شوێنکەوتوانی وەك قارەمانێك سەیری دەکەن .

٢. پێویستە لە بەرامبەر ئەو بزووتنەوەیەدا بزاڤی چەپ بەهێز بکرێت و هۆزەکان لە دژیان پڕچەك بکەن[1].

لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین ڕاستەوخۆ دەوڵەت ڕۆڵی بینی لە توندکردنی ململانێی نێوان گرووپەکان و ئاپۆچییەکان، لەم بارەیەوە ئۆج ئالان دەڵێ:" لە دەستپێکی ١٩٧٧ دا دەوڵەت هەستا بە پڕ چەك کردنی کۆمەڵە کوردییەکان لە بەرژەوەندی خۆیدا"[2]. لەم نێوەندەدا ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کوردی لە عەینتاب دا کە بەرنامەیەکی پراکتیکی نەبوو بۆ کۆکردنەوەی خەڵك بەنێوی (پێنج پارچە) دامەزرا، ئەم ڕێکخراوە گرووپێکی نایاسایی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەت لە نێوی نەدەبرد[3].

لێپرسراوی گرووپەکە (عەلائەدین قەپان) بوو، بیرێکی نەتەوەیی زۆر توندیان هەبوو، بانگەشەی پێنج پارچەکەی کوردستانیان دەکرد[4]، ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە پێشتر لەنێو ڕێکخستنەکانی پ.د.ك.ت و (ئەرتەشی ڕزگاری گەلی تورکیا) و (کاوە)دا بوون[5]، هەربۆیە ڕێکخراوی (پێنج ئەستێرە) لە ڕوانینی پ.ك.ك دا دروست کراوی میتە و لەلایەن پ.د.ك.ت وە هەڵدەسووڕێن، لەم بارەیەوە موراد قەرەیلان دەڵێ:" ئەم ڕێکخراوە پڕۆژەی

---

١ سلسلة وثائق وكر الجاسوسية:س،پ، ل١٤٠ .

٢ عبدالله اوج الان : حقيقة الثورة بين اللغة والممارسة، ط١، داراخيل للطباعة والنشر، يونان،١٩٩٥، ل٩٧–١٠٠ .

٣ حەسەن ئەحمەد مستەفا : باکووری کوردستان ، ل١٦ .

٤ چاوپێکەتن لەگەڵ (خەلیل ئاتاج)، کۆیە، ١٩-٢-٢٠٠٩

٥ حەسەن جودی :س.پ.ل١٧٥ .

دەوڵەت بوو بۆ تەسفیەکردنی ڕێبەرانی جووڵانەوەکە، لە بەرئەوە گرووپێکی کۆنترایی بوون"[1]. هەربۆیە لە ١٨ی گوڵانی ١٩٧٧دا توانیان هەقی قەراری بەرپرسی جووڵانەوەکە لە عەینتاب تیرۆربکەن[2].

تیرۆرکردنی هەقی قەرار چەند دەرهاویشتەیەکی لێکەوتەوە، دەتوانین گرنگترینیان کورتبکەینەوە لە:

١. شکستی ئاپۆچییەکان لەنێو کوردە عەلەوییەکاندا، ئیتر جووڵانەوەکە ڕووی کردە ئورفە و ناوچە فیوداڵ و سوننی مەزهەبەکان .

٢. دروست بوونی ناکۆکی لەنێو ڕێبەرانی جووڵانەوەکەدا، چونکە باقی قەراری برای هەقی قەرار و زۆرێك لە دۆستانی جووڵانەوەکە پێیان وابوو سەرکردایەتی بەرپرسیارە لە کوشتنی هەقی قەرار[3].

لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە لە کورد نەبوونی هەقی قەرارەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە باڵێك چڕکردنەوەی دروشمە کوردییەکانیان لەنێو پ.ك.ك دا بەخیانەت لە خەباتی دیموکراسی و کۆمۆنیستیی دەزانی[4]، تەنانەت باقی قەرار دەیووت: "پ.ك.ك بۆخۆی براکەمیان کوشت، چونکە ئەو خەباتی بۆ تورکیا دەکرد و پ.ك.ك یش گوتارێکی کوردانەی هەبوو"[5] .

لە بەرامبەردا ڕێبەرانی پ.ك.ك پێیان وابوو بۆیە هەقی قەرار تیرۆر کرا تا لە لایەکەوە لاوانی تورك لە جووڵانەوەکە نزیك نەبنەوە، لەلایەکی ترەوە ڕای گشتی تورکیا دژی پ.ك.ك بورووژێنن و بڵێن ئەو تورکانەی دڵسۆزی کوردن ئەوە چارەنووسیانە[6]. کە دیارە ئەم ڕوانینەی سەرانی پ.ك.ك بەدروستتر دەزانرێت.

---

١موراد قەرەیلان مێژووی سیخوڕیکردنی تورکیا بەسەر پەکەکەوە دەگێڕێتەوە:س،پ، ل٧.

٢ چاوپێکەتن لەگەڵ (خەلیل ئاتاج)، کۆیە، ١٩-٢-٢٠٠٩ ; یالچین کوچوك :س.پ.ل٢٠٥ .

3. Gerard Chaliand : The Kurdish Tragedy K, Trans by Philip back , zed Book sltd , London ,1994, p.480 .

4. Ali Kemal Özcan:op, cit, p. 76-77.

٥ حەسەن ئەحمەد مستەفا: باکووری کوردستان، ل١٩ .

٦ هەڤاڵ جومعە : س،پ،ل ١٥٧–١٥٨ .

دواجـار گرووپێـك لـه نێـو پ.ك.ك بـەنێوی (هەقیچـییەكان) دروسـتبوون، ئەندامـەكانیان زیـاتر كەمـە نەتـەوەی(لاز)ی* لـەخۆدەگرت و بـاقی قـەرار بەنێوی پ.ك.ك وە لە نێو ئەوانەدا كاری دەكرد [1].

٣. بە كوشتنی هـەقی قـەرار خـەباتی چـەكداری و خڕكردنـەوەی چـەك و حەوجێ بوون بۆ توندڕەویی بوو بە پێشهاتێكی سەپاوو[2].

٤. دەركەوتنی ڕێكخراوی (تێكۆشین):

لـە دەرهاویشـتەی شكسـتی ئاپۆچـییەكان لـە نێـو كـوردە عەلەوییەكانـدا ڕێكخـراوی (تێكۆشـین) لـە ١٩٧٧ دا هاتـە بـوون، ئـەم ڕێكخـراوە شـوێنی جووڵانەوەكەی گرتەوە، چونكە پێكهاتەی ئەندامەكانی بریتی بوون لە:

١.هەقی چییەكان لەگەڵ ئەو ڕەوتەی نێو پەكەكەدا نەبوون كە پێداگیریان لەسەر مەسەلەی كوردایەتی دەكرد، زۆرتر لاز و تورك بـوون [3]، ئـیتر لـەپاش كوشتنی هەقی قەرار هەموو كادیرەكانی پ.ك.ك لە عەینتاب چوونە نێـو ئـەم ڕێكخراوەوە.

سـەبارەت بـەو ئـاڵوگۆڕە خـەلیل ئاتـاج دەڵـێ:"(١٨)كـادیری پ.ك.ك لـە عەینتابدا بە چەكی خۆیانەوە بوون بە (تێكۆشین)"، ئەمـە وەك كودەتایـەك بوو بەسەر پ.ك.ك دا لەو سنوورەدا [4].

٢. زۆرینەی دامەزرێنەرانی تێكۆشین لە ڕێكخراوی (سوپاری ڕزگاری گـەلی توركیا) جیابوونەوە یان زۆربەیان كوردی نێو ئـەو ڕێكخـراوە بـوون[5]. لەوانـە

---

* لازەكان لەسەر دەریای ڕەش نیشتەجێ بوون، خوێندەوارو ڕووناكبیری فرەیـان تێدا بـوو ، كوردی نازانن ، كاریگەر بوون بە بیری چەپ.( چاوپێكەتن لەگـەڵ (خـەلیل ئاتـاج)، كۆیـە، ١٩-٢-٢٠٠٩).

١ چاوپێكەتن لەگەڵ (خەلیل ئاتاج)، كۆیە، ١٩-٢-٢٠٠٩.

٢ هەڤاڵ جومعە : س،پ،ل ١٦٩ .

٣ حەسەن جودی :س.پ.ل٢٠٦–٢٠٧ ;حەسەن ئەحمەد مستەفا : س،پ، ل١٩ .

٤ چاوپێكەتن لەگەڵ (خەلیل ئاتاج)، كۆیە، ١٩-٢-٢٠٠٩

٥ مديرية الامن العامة: س،پ،ل٩٩ .

سەیفی جەنگیۆو ئەحمەد باڵی لە دیارترین سەرکردەکانی تێکۆشـین بـوون، یان ئەو کادیرانەی جوولانەوەکە کە پێشتر لەنێو چەپی تورکیـدا کـارا بـوون، بۆ نموونە قەمەر ئۆسقان لە جوولانەوەکە جیابووەوە و بوو بـە دامەزرێنـەری تێکۆشین، کەسێك بەنێوی (عەبدولڕەحمان) لە کادیرە بالاکانی پەکەکە بـوو، لەنێو تێکۆشین دا ڕۆڵی بالای هەبوو.[1]

٣. هەنـدێکیان پاشماوەکـانی گرووپـی (پێـنج ئەسـتێرە) بـوون، چـونکە سەرکردەکەیان عەلاددین قەپان بە دەستی جوولانەوەکە کوژرا[2].

تێکۆشین وەك ڕێکخراوێکی رامیاریی لە عەینتابدا خۆی ڕاگەیاند[3] و گۆڤاری (تێکۆشـین )ی* وەك ئۆرگـانی کۆمیتـەی نێوەنـدی دەرچـوواند** ، لـەم گۆڤـارەدا بیروڕاکـانی کۆمەڵـە و ڕەخنـەگرتن لـە چـەپی تـورك ئامـاژەی پێدەکرا[4] .

لـە ڕاسـتیدا نـاکۆکی نێـو ڕیزەکـانی پ.ك.ك و تـەمای ڕووبەڕووبوونـەیان لەتەك گەورە فیوداڵەکانی کورد دا، هاوکات ڕاستکردنەوەی چـەندین بـەرەی جەنگ دژ بەخۆیان، بـوو بـەهۆی پەراوێزخسـتنی عـەینتاب و ئـیتر تێکۆشـین توانی لەسەر حسابی پ.ك.ك گەشە بکـات[5] . هـەر زوو سـەرانی جوولانەوەکـە هەسـتیان بەمەترسـیی تێکۆشـین کـرد، بـەجۆرێك پ.ك.ك پێـی بـوو ئـەم ڕێکخـراوە یەکـەمین بزووتنـەوەی تێکدەرانەیـە کـە لـە دژی ڕاگەیـەنرابێت، هەربۆیـە هـەمان سـاڵ بـە چـەك ڕووبـەڕووی (تێکۆشـین) بوونـەوەو زۆربـەی

---

١ هەڤاڵ جومعە : س،پ،ل ١٤٦ .

٢ چاوپێکەتن لەگەڵ (خەلیل ئاتاج)، کۆیە، ١٩-٢-٢٠٠٩.

3. Gerard Chaliand : op,cit, p.480 .

* بڕوانە بەرگی یەکەمی گۆڤاری تێکۆشین، پاشکۆی ژمارە٠(٢٢).

* * (ڕەشید ئەسلان غلو) خاوەنی ئیمتیاز و (یەشار یونوتکان) بەڕێوەبەری نووسین بوو .

4. Malimisanij u Mahamud Lewendi :S,P,L.272 .

٥ کمال شاهین : مسيرة اكراد سوريا ال ٢٤ عاما مع حزب العمال الكردستاني، (ب.م)، (ب.س)، ل١٧ .

سەرکردەکانیان کوشت و وەدەرنا یان دیسانەوە هاتنەوە نێو ریزەکانی پ.ک.ک، لەم بارەیەوە خەلیل ئاتاج دەڵێ:" زیاتر لە ٩٥٪ ی بزووتنەوەکە گەڕایەوە نێو پ.ک.ک و زۆربەی سەرکردەکانیمان کوشتن"[١].ئیتر بزووتنەوەی تێکۆشین وەك ڕێکخراوێك ڕۆڵی نەما، بەڵام گۆڤارەکەیان تاوەکو ١٩٧٩ بەنهێنی دەردەچوو[٢].

**پێنجەم: خەباتی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی و چەکداریی پ.ک.ك لە (ئورفە)وە بۆ قوڵایی کوردستان:**

لە پاش شکستی نەخشەی پ.ک.ك لە نێو کوردە عەلەوییەکاندا، لە کۆتایی ١٩٧٦دا توانیان لە دەڤەریی ئورفەی زێدی ئۆج ئالان فراوان بىن و تەواوی خوێندکارانی خوێندنگە و پەیمانگەکان بکەن بەدۆست و ئەندامی خۆیان، هاوکات لەنێو پرۆلیتاری ڕوو لە گەشەی ناوچەکەشدا لایەنگیریان فرە ببوو[٣]. تایبەتمەندی جووڵانەوەکە لەوەدا بوو کە هەژارترین و نزمترین چینی کۆمەڵگەی کوردییان لەتەکدا بوو[٤]، ئەم چینە هەژارە مەیلێکی زۆریان هەبوو بۆ هزری چەپڕەویی، هەربۆیە بەزوویی زەمینەی پێکدادانیان لەتەك گروپە فاشیست و ڕاست و دەرەبەگەکاندا هاتە گۆڕێ.[٥] دیارە پ.ک.ك یش بە بەرنامەوە دژایەتی هەموو ئەوانەی ڕ اگەیاندو لە هەمان کاتدا دژایەتی دامەزراوە تورکییەکانو رژێمیی خستە پەرێزی ئەوانەوە، چونکە پێی وابوو چارەسەرکردنی کێشەی ئابووریو کۆمەڵایەتیو ئایدیۆلۆژی لەپێش

---

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ ( خەلیل ئاتاج)، کۆیە، ١٩-٢-٢٠٠٩.

2 Malimisanij u Mahamud Lewendi :S,P,L.272 .

٣ دیڤید ماکداوڵ :س،پ، ب٢،ل٨٦٠ .

٤ مایکڵ گەنتەر : س،پ،ل١٨٧ ;چاوپێکەوتن لەگەڵ (مستەفا ئاکسەقاڵ ریسیپی)، هەولێر،٥-٢-٢٠٠٩ .

5 David mcdowall:S.A,G,E,58 .

سەربەخۆییەوەیە[1]. کە وایە ئەم هەولانـەی سـەرەتای پ.ك.ك دەولـەتی لاواز نەکرد، چونکە لە سەرەتادا خەباتی پ.ك.ك بریتی بوو لە جەنگێکی نێوخۆیی لە کوردستاندا. هەربۆیە جوولانەوەکە سوودی لە دوژمنایەتی خوێناوی نێوان هۆزەکان وەردەگرت، لەو شوێنانەش کە دوژمنایەتی هـەبوو زووتـر شـوێنیان دەبووەوە، لەلایەکیترەوە بۆ سەپاندنی دەسەلات بەسەر خەلکدا حـەوجێیان بە دەرەبەگ و سەرۆك هۆزەکان هەبوو[2]. سەبارەت بەو رامیاریە خەلیل ئاتاج دەلێ:" دەڤـەرەکانی سورێچـی، حـەلوان، سـیڤەرك، ئـەراوێ دا جـێ پێمـان گیرکرد، پەیوەندیمان لەگەل هۆزی گەورەی  پایداش کرد، چونکە ئەوان سەر بە پ.گ.ك بوون و دژی هۆزەکانی سلێمانان و بوجاك بوون کە پیاوی پـارتی عەدالەت بوون و زەوی پایداش یان  داگیرکردبوو"[3].

بوجاکەکان  هێزێکی گەورەی لایەنگیری حکومـەت بـوون و لـە ناوچـەی سـیڤەرك چـەکدار کـرا بـوون. پ.ك.ك ئـەوانی بـە نموونـەی بێـزراوی چـینی دەرەبەگ زڕاندبوو، هەربۆیە لـە سـەرەتاوە بـۆ ئـەوەی ببنـە پـارتێکی بنکـە فراوان، لـە ١٩٧٨ دا تـەمایان بـوو بـە چالاکییەکی گـەورە دژی بوجاکـەکان خۆیان ڕابگەیەنن، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بڕیاریانـدا محەمـەد جـەلال بوجـاکی سەرۆکی هۆزەکە بکوژن و ناوچـەکە لـە بندەسـتی بـەگ و هـۆز سـالارەکاندا دەربهێنن[4]. ئەوە بوو لە یەکەم هەنگاودا پێش ئەوەی ڕووبەڕووی بوجاکەکان ببنـەوە، شـاری حـەلوانیان لـە هـۆزی بالادەسـتی سـلێمانان پـاك کـردەوە. سەبارەت بەو هەنگاوە خەلیل ئاتاج دەلێ:" یەکەم کەس بووم لە حـەلوان و ئورفـەوە دەسـتمدایە چـەك، سـەرەتا لەسـەر داوای سـەرۆکایەتی توانیمـان کەمال بایق سەرۆکی ئورفەی (بزووتنەوەی نەتەوەیی تورك) بکوژین، پاشـان

١ صباح مفیدی : رویارویی احزاب کرد بانظم سیاسی نوین، فصلنامه رۆژف، شمـاره ٦-٧ ، ل١٣٨-١٤٥ .

٢ حەمید بۆز ئەرسەلان : س ،پ،ل٩٦ ;کریس کۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوایەتی، ب٢،ل١٥١.

٣ چاوپێکەوتن لەگەل ( خەلیل ئاتاج)، کۆیە، ١٩-٢-٢٠٠٩.

٤ مایکل گەنتەر : س، پ، ل ٨٩ .

( من و مەمەند قەرەسونگول، جومعە تاق)، نەخشەیەکمان دانـاو توانیمـان سەرۆکی سلێمانان لە حەلوان بکوژین، تەنانـەت برینـدار و هـەڵهاتووەکانیش بچـووناپەتە هــەر بازێرێــك بــەپێی نەخشــەکەمان دەکــوژران". ئـیتر لــە دەرهاویشتەی ئەم چالاکییەدا سەرۆکی شـارەوانی حـەلوان لـە میکرۆفۆنـەوە تەسلیمبوونی ڕاگەیاند و هەموو شارەکە کەوتە دەست بزووتنەوەکەوە[1]. ئەم ڕووداوە دەنگدانەوەی فـرەی هـەبوو، بـەجۆرێك لـە ڕاپـۆرتێکی باڵوێزخانـەی ئەمەریکا لە ئەنقەرە هاتبوو:" ئاپۆچییەکان دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەیەك لە دەرەوەی دەسەڵاتی تورکیا هەیـە و مـالا دەسـێنن لـە بەرامبـەر پاراسـتنی خــەڵك"[2]. لــە دوای حــەلوان گرووپەکــە ویســتی لــە چــالاکییەکی دژە دەرەبەگایەتی دا خۆی نومایان بکات بە جەماوەری کورد، هەربۆیـە محەمـەد جـەلال بوجـاك کـرا بـە ئامـانج. لەبەرامبـەردا بوجـاك یـش خۆیـان بـۆ ڕووبەڕووبوونــەوەی جووڵانەوەکــە ئامــادەکرد بــوو، چــونکە تــا ئەوکاتــە ڕێکخستنە کوردییەکانی تر چالاکییان دژی دەرەبەگـەکان ئـەنجام نـەدابوو[3]. هاوکات دەوڵەتیش ئامادەیی پیشاندابوو بۆ کۆمەکی بوجاکەکان[4]. بە گشـتی مەبەستی پ.ك.ك لە جەنگ دژی بوجاکەکان بریتی بوو لە:

ا. پاراســتنی حــەلوانو هــەنگاونان بــۆ بەشــەکانی تــری کوردســتان و بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە ناو چینە نزم و بندەستەکانی کورد دا.

ب.پێویست بوو تاکتیکی پڕوپاگەندەی چەکداریی بگاتـە ئاسـتی دروسـت کردنـی گـەریلا و لـە بەرزاییـەکانی بۆتانـدا بنکـە دابمـەزرێنن.[5] لەسـەر ئـەم بنەمایە سەرکردایەتی پ.ك.ك لە ٢٠ تەمموزی ١٩٧٩دا دژی بوجـاك جـەنگی چـەکداریی دەسـت پێکـرد و بـە ئاشـکراش خـۆی وەك پـارتێکی کـوردی

---

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ ( خەلیل ئاتاچ)، کۆیە، ١٩-٢-٢٠٠٩.

٢ من و ثائق وکرالجاسوسیة: س، پ، ل١٤٠.

٣ هەڤالا جومعە : س، پ، ل ١٥٠–١٥١ .

٤ دیڤید ماکداوڵ، س، پ، ب٢، ل ٨٦٢ .

٥ حەسەن جودی : س ، پ، ل٢٠٨ .

ڕاگەیاند[1]. بەڵام بەگوێرەی پلان و تاکتیکی خوازراو، نەیانتوانی نەخشەی جەنگ ببەنە پێش و زیانی گەورە لە پەیکەری پارتەکەیان کەوت، چونکە نەیانتوانی محەمەد جەلال بوجاك بکوژن[2].

لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی کوشتنی گەورەترین دەرەبەگ کە ئەندام پەرلەمانی تورکیا بوو، لە میدیاکاندا بووبە گاڵە و دەنگۆی مەزنی لێکەوتەوە، هاوکات دەنگۆی پ.ك.ك لەنێو لاوانی گوند و شاردا کە نائومێدو بێکاربوون وردە وردە تایبەتمەندی هێزێکی جەماوەری پێدەبەخشی[3]. تەنانەت توانیان لەنێو خەڵکی زەنگینی کورد دا پشتیوانی مادی و مرۆیی بۆ جووڵانەوەکە دەستەبەربکەن، ئەمەش لەبەر هزری مارکسی و لینینیی نەبوو، چونکە تا ئەوکاتەش ئەم هزرە لەنێو کورد دا نامۆو غەوارە بوو[4]، بەڵکو چالاکی چەکداریی توانی ئەو بزووتنەوە چەپڕەوە لە کۆمەڵگەی فیودالٚ و مەزهەبگەریی کوردیدا شوێن کاتەوە[5]. لەگەڵ ئەوەشدا پ.ك.ك کەوتە نێو داوی چەندین هەڵەی ستراتیژی و تاکتیکییەوە، بەجۆرێك کە ئەویش وەك پارتەکانی تر نەیتوانی سوود لە ئاڵۆزییەکانی کۆتایی حەفتاکان وەربگرێ، گرنگترین ئەو کەموکوڕیانەش بریتی بوون لە:

**١. کەسیرە یەڵدرم و باقی قەرار لەکۆمیتەی نێوەندی پ.ك.ك دا،** بزووتنەوەکەیان دووچاری گرفت و بێسەرەو بەرەیی کردبوو، ئەوان ململانێی سەرۆکایەتیان دەکرد، لەم بارەیەوە جەمیل بایك دەڵێ:" پارتییان خەریك کردبوو، ئەوان ئاژاوەیەکی گەورە بوون"[6]. هاوکات سەرچاوەکانی

١ هەڤالا جومعە : س، پ، ل ٢٩٠ .

٢ حەسەن جودی : س، پ،ل٢١٢ .

٣ مارتین ڤان برانەسن : س، پ، ب١، ل٢٣٢ .

٤ ئەریك رولو: ئەوگیروگرفتانەی ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ژ١٤، سلێمانی، ٢٠٠٨،ل٧٥ .

٥ د. گوتنەر بێرن: بزاڤی نەتەوایەتی باکوور ، هاڤیبون،ژ٢-٣ ، ١٩٩٨، ل١٢٥ .

٦ هەڤالا جومعە : س،پ، ل ١٩٨–١٩٧ .

پ.ك.ك دەڵێن لەماوەی ١٩٧٨-١٩٨٠دا نیوەی ئەندامانی کۆمیتەی نێوەندی کەسانێ بوون سەربە میت بوون[1]، ئەمەش هۆکاری ئەوەبوو کە پێش کودەتا زۆرێك لە ڕێکخستنەکانی پ.ك.ك ئاشکرابوون و تەفر و توناکران.

**٢. بە دەست تێوەردانی دەوڵەت جەنگێکی خوێناوی و سەخت لەنێوان پ.ك.ك و هەموو پارتە کوردییەکانی تر ڕوویدا[2].**

هەڵەی پ.ك.ك لەوەدابوو، کە چەندین بەرەی جەنگی لە دژی خۆی دروست کردبوو، پێیان وابوو ئەوان دژی میللی گەرایی تورك و میللی گەرایی عەشیرەتیی کوردن، هاوکات هەموو پارتەکانیان تاوانبار دەکرد بەوەی دەوڵەت پشتیوانیانە دژی پ.ك.ك[3]. بۆ نموونە کەمال یاماکی بەرپرسی سەربازیی رژێم لە دیاربەکر دەیوت:" ئێمە دژی جووڵانەوەی کورد نین، دژی ئاپۆچییەکانین"، هەروەها وەزیری نێوخۆ حەسەن فەهمی گونەشی دەیوت:" دەبێ هاوکاری ئەوانە بین کە دژی پ.ك.ك وەستاون"[4]، لە هەمانکاتدا ستراتیژی پ.ك.ك سڕینەوەی هەموو پارتێکی کوردی بوو، نەك لە باکووری کوردستان، بگرە لەپارچەکانی تریشدا[5]. بۆ نموونە پ.ك.ك پێی وابوو پارتی و یەکێتی سەر بە خۆرئاوان و دەست نێژی ئیمپڕیالیزمن[6].

---

١ مەکتەبی دیراسات و لێکۆڵینەوەی پارتی : پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك)و رۆڵی لەبزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردستاندا، لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی نێوەندیو دیراساتو توێژینەوە، ژمارە١٠، چ١، هەولێر، ١٩٩٦،ل٤٢

٢حەمید بۆز ئەرسەلان : س ،پ، ل٩٦ .

٣ یالچین کوچوك : س،پ، ل ١٦٧-١٦٨ .

٤ حەسەن جودی : س ، پ، ل١٧٣ .

٥ د.ڕاستی: المسالة الكردية حوائل على طريق الحل الديمقراطي اوروبا،(ب.م) ،٢٠٠٢ ، ل٤١ .

٦ زریان ڕۆژهەلات : نهێنییەکانی گرتنی عەبدوڵا ئۆجەلان، دۆسیەی تورکیا ،ژ ٣ ، سلێمانی، ٢٠٠٦،ل١٥٥ .

له بەرامبەردا پارتەکانی باشووری کوردستانیش جەنگی پ.ک.ک یان دژی کۆمەڵگەی کوردی و پارتە سیاسییەکانی کورد بەبێ پاسا و دەزانی، بۆ ئەم مەبەستە ی.ن.ک پێی وابوو ململانێی پ.ک.ک لەگەڵ پارتە کوردییەکانی باکووری کوردستان بێ پاساوە و لە بەرژەوەندی کورد دا نییە[1].

هەروەها حدکا پەیوەندی لەگەڵ پ.ک.ک باش نەبوو، بەجۆرێك عەبدولڕەحمان قاسملۆ دەیووت:" شێوازی خەباتی پ.ک.ک پشتگیری ناکەین، چونکە گەلی کورد لەکەدار دەکات و تورکیا کەڵك لە کردەوەکانی وەردەگرێت"[2]. بەمجۆرە پ.ک.ک تا ڕوودانی کودەتا لە نێوخۆی کوردستاندا هیچ پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ پارتە کوردییەکاندا نەبوو .

**٣. توندوتیژی دژی کۆمەڵگەی کوردی و خەڵکی سیڤیل:**

پ.ک.ک زۆر ڕادیکاڵانە مامەڵەی لەتەك کۆمەڵگەی کوردی دەکرد، بەجۆرێك دەوڵەت توانی لە نەزمی رامیاریی پ.ک.ک بۆ لەکەدارکردنی کۆمەڵگەی کوردی بەهرەمەندبێت[3]. کارە توند و تیژییەکانی پ.ک.ك بریتی بوون لە کوشتن و بە بارمتە گرتنی زەنگین و خاوەن سەرمایە سیڤیلەکان، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیە (خەلیل ئاتاج) دەڵێ:" سوودمان لە داهاتی دەوڵەمەندەکان وەردەگرت و بەزۆرەملێ و هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە لێمان دەسەندن".[4] بۆ نموونە پێنج هەفتە پێش ڕوودانی کودەتا، چەکدارەکانی پ.ک.ك هەڵیانکوتایە سەر نووسینگەی کۆمپانیاکان لە دیاربەکر و داوای پارەت و پوڵیان کرد بۆ ڕێکخستنەکانیان، نووسینگەکە خاوەنەکەی (خەلات جەمیل پاشا) بوو، کە سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی دیاربەکر بوو، ناچار ١ ملیۆن لیرەیان لەژێر هەڕەشەدا لێ

---

١ وەلامی ئیمەیلی ( عادل موراد) بۆ توێژەر .

٢ هۆشمەند عەلی مەحموود شێخانی : س ،پ، ل١٦١ .

٣ سفارە العراقیە فی انقرە: ژمارە (٢٧٢) ، ١٩٨٩/١٠/٢٤.

4. Hamit Bozarslan:Turkiyénin modern,s.ll.

سەند[1*]. لەلایەکی ترەوە پ.ك.ك زۆرجار خەڵكی سیڤیلیان دەكردە ئامانج، بۆ نموونە لەهێرشێك بۆ سەرگوندی (پنارجك)ی سەر بە پارێزگەی مێردین کە تاوانبارکرابوون بە چاوساغیی و هاریکاری تورکیا ٣٠کەسیان کوشت کە ١٦یان مندالا و ٨ یان ژن بوون،[2] هەر دوای ئەو ڕووداوە بەزوویی ڕۆژنامەی (تورکی تایمز) ئەم هەواڵەی وەك کارێکی تێرۆریستی بڵاوکردەوە[3].

لە ڕاستیدا ناتۆرەی توندوتیژی و تیرۆر بەشێکی گەورەی لەلایەن ڕاگەیاندنەکانی ڕژێمەوە لەسەر پ.ك.ك زل دەكراو تەواوی کردە تیرۆریستیەکان لە ئۆبالّی دەوڵەتدابوون، بەلأم لاوازی ڕاگەیاندنی پ.ك.ك نەیتوانیوە ئەو ڕاستیە بسەلمێنێت.

هاوکات پ.ك.ك هۆکارێك بوون بۆ زیادکردنی جەنگی هۆزەکان لەنێو یەکتردا، بەپێی ڕاپۆرتێکی بالّیۆزی ئەمەریکا لە (ئەدەنە) کە بۆ وەزیری دەرەوەی ولأتەکەی نێردراوە نووسیویەتی:" چالاکی جوداخوازەکان لە ئورفە پەیوەستە بە تایبەتمەندیی خێڵایەتی و ململانێی پارتە بالأدەستەکانەوە".[4] ئەم توندوتیژییە دواجار لە سالأنی ١٩٧٧-١٩٨٠دا بوو بەهۆی جەنگی براکوژیی لەنێو کورد دا[5].

ئەمە لە کاتێکدابوو ئۆج ئالان دەیووت:" شۆڕشی ئێمە هەمان شۆڕشی بەلشەفییەکانە دژی ئومەمیەتی دووەم و هەمان بۆچوونی مارکس و

---

* دوای دوو سالا بەسەر ڕووداوەکەدا هێزەکانی ئاسایشی تورکیا، لە ئاکامی دان پێدانانی زیندانییەکان، خەڵاتی لاوێکیان کرد کە ئەو ڕووداوەی باسکرد .(مالیمیساینژ: عائلە جمیل پاشا، ل١٩٦).

١ مالیمیساینژ: عائلە جمیل پاشا، ل١٩٦.

2. Gérard Chaliand: The Kurdish Tragedy,p.49 .

٣ سفارة الجمهورية العراقية في انقرة: الدائرة الصحفية (انقرة) : وثائق السفارة العراقية فى انقرة.

٤ بڕوانە دەقی ڕاپۆرتەکە، پاشکۆی ژمارە (22).

5. Hamit Bozarslaa:Tùrkiyénin modern,s.ll.

ئەنگلزمان هەیە دژی هـەموو شـێوەکانی کۆنخـوازی"[1]. وەلێ بـە پێچـەوانەوە پ.ك.ك لــە ناوجەرگــەی هۆزەکانــەوە گــەورەبوو، هەربۆیــە نــەیتوانی لــە گـەورەبوونی سروشـتی پارتـەکانی تـر دووربکەوێتـەوە. تەنانـەت لـەپێناوی ڕەوایەتی دان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو سەرۆك هۆزانەی کە هاریکارییان دەکرد نێوی پێشکەوتنخوازیی بـۆ بڕیبوونـەوە و ئەوانـەش دژی بـوون نێـوی نابوون کۆنە خواز[2] .

**٤. لاوازی ڕاگەیاند و نووسین لە ڕێکخستنەکانی پ.ك.ك دا:**

لەگەڵ ئـەوەی پێکهاتـەی ئەنـدامانی پ.ك.ك خوێنـدکار و گـەنج و چـینی ڕوونـاکبیربوون، بـەڵام لـە کۆتـایی حەفتاکانـدا لـەبوارەکانی ڕاگەیانـدن و نووسراودا کەمتر سوودیان وەردەگرت. لەم بارەیەوە خەدیجە یەشار دەڵێ:" لـە کوردسـتاندا ئاپوچـییەکان تـەنها بڵاوکراوەیـەکیان نـەبوو، لەکاتێکـدا ڕێکخسـتنەکانی تـر چـاپەمەنی و ڕۆژنامــە و وەرگێڕانــەکانیان ڕابــوونێکی نەتەوەییان جۆشدابوو"[3].

پاسـاوی پ.ك.ك بـۆ نـەبوونی ئۆرگانێـك لەشـێوەی ڕۆژنامـە و گۆڤـاردا ئەوەبوو نەیان دەویست بەڵگە بدەنە دەست دەوڵەتەوە و ئاشکرا بن، تـەنها قسـەکانی ئـۆج ئـالان تۆمـار دەکـرا و وەك نامیلکـە بڵاودەکرانـەوە، یەکـەم نامیلکەیان بەنێوی (مێژووی کۆلۆنیـالیزم) لـە ١٩٧٦ بڵاوکرایـەوە، کتێبێکـی تری ئۆج ئالان بریتی بوو لـە ڕێگـەی شۆڕشـی کوردسـتان (مانیفیسـتۆ) کـە بناغە و فەلسـەفەی بـیری رامیـاریی پ.ك.ك ی لەسـەر دارێـژرابوو، هـەروەها سـەبارەت بـە ڕووداوەکـانی حـەلوان و ئورفـە و سـیڤەرك (محەمـەد خـەیری دوورمــوش) نامیلکەیــەکی نووســی بــەنێوی ( ڕاســتەڕێ) و لــە ١٩٧٨دا بڵاوکرایەوە، ئەو (٣) نامیلکە بریتی بوون لـە هـەموو ئـەدەبیاتی پ.ك.ك تـا

---

١ محمد عامر دێرشەوی : س،پ،ل١٨ .

٢ میهردادی ئێزیدی : س،پ، ل٤٣٦ .

٣ چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەدیجە یەشار)،سلێمانی، ٣-٣-٢٠٠٩.

١٩٧٨، هەربۆیە (جەمیل بایك) دەڵێ:" ئەدەبیاتی ئێمە کەم بوو، دەوڵەمەند نەبوو"[١].

لە سەرەتای ١٩٧٩ دا گۆڤاری (سەرخۆبوون)[*] وەك ئۆرگانی پ.ك.ك لە (عەنتاب) بە زمانی تورکی دەرچوێنرا[**][٢]، هەمان سالا لە قزلتەپە بڵاوکراوەیەکیان بەنێوی (بولتەنی پ.ك.ك) چاپو بڵاوکردەوە، کە تایبەت بوو بە دژایەتی هۆزە دەرەبەگەکان و کۆلۆنیالیزم[٣]. ئیتر پ.ك.ك هیچ بڵاوکراوەیەکیان نەبوو، تا ئاراستەی ئایدۆلۆژیای خۆیانی پێبکەن لە باکووری کوردستان دا .

**حەوتەم: دەربازبوونی (ئۆج ئالان) بۆ سوریا و چارەنووسی پ.ك.ك (١٩٧٩-١٩٨٠):**

قۆناغی سێهەم لە مێژووی پەکەکەدا بریتیە لە دەربازبوونی ئۆج ئالان بۆ سوریا[٤]. لە ڕاستیدا چوونە دەرەوەی ئۆج ئالان چەند هۆکارێکی لە پشتەوە بوو، لەوانە :

١ . دۆڕانی پ.ك.ك لە جەنگی دەرەبەگەکاندا لە سیڤەرك، چونکە نەخشەیان کێشابوو بەرەو قووڵایی کوردستان.

٢. دەستگیرکردنی (شاهین دونمەز) لەشاری (ئەلعەزیز)و دانپێدانانەکانی بۆ دەوڵەت: سەبارەت بەم ڕووداوە ئۆج ئالان دەڵێ:" شاهین وتبووی ئاپۆ

---

١ حەسەن جودی : س ، پ، ل٢٢٢-٢٢٣ .

* بڕوانە بەرگی یەکەمی گۆڤاری سەرخۆبوون، پاشکۆی ژمارە(٢٣).

** پاش کۆدەتا ئەندامانی پ.ك.ك لەزینداندا دانیان بەوەدا نا کە سێ ژمارەی ئەو گۆڤارە لە غازی عەنتاب دەرکراوە ، دواتر لەدوای کودەتا چەند ژمارەیەکی لە ئەوروپا دەرچوون.
( Malmisanij u Manmad Lewend :S,P , L. 200 )

2. Malmisanij u Manmad Lewend : S,P ,L.299.

3. Malmisanij u Manmad Lewend : S , p ,L.302.

٤ عەبدوڵا ئۆجەلان : هەڵبژاردە، ل٧٧ .

لـه (دیاربـەکر) یـان (ئورفە)یـە و بڕیـار درابـوو دەسـتگیربکرێم"[1] ، هـەروەها خەلیل ئاتـاج دەڵـێ:" کاریگـەریی دەرچـوونی پ.ك.ك بـۆ سـوریا لـە ٩٠٪ ی پەیوەندی بە شاهینەوە هەبوو"[2].

٣. ڕووداوی کۆمـەڵکوژی (مەرعـەش): پ.ك.ك پێـی وابـوو ڕووداوەکـە پـەیامی دەوڵەتـە بـۆ ڕوودانـی کودەتایـەکی سـەربازی و ئامـانج لێـی تەسفییەکردنی جووڵانەوەکەیە لە باکووری کوردستان[3].

٤. سوریا ببووە بنکەی بزووتنەوە شۆڕشگێڕیەکانی دژ بە ئیمپرپالیزم[4]:

ئۆج ئالان لەکۆبوونەوەیەکدا لە ئورفـە و بـەئامادەبوونی جـەمیل بایـك و عەباس (دوران کاڵکان) لە کۆمیتەی نێوەندیی بڕیاریدا دەربازی سوریا بێـت، لەم بارەیـەوە جـەمیل بایـك دەڵـێ:" تـەنها مـن و عـەباس ئاگـاداری چـوونی (ئاپۆ) بووین" .

ئۆج ئالان لەڕیگەی ئەدهـەم ئەکچـان کـە خـەڵکی (سـروج)ی سـنوور بـوو هەڵهات و لەنێو کوردانی (کوبانێ) کـە ناسـراو پێـڕو قەبیلـەی ئەدهـەم بـوون گیرسایەوە[5].

پێمانوایە ئەمە ئاماژەیە بۆ بوونی میت و ناکۆکی لـە ڕیزەکـانی کۆمیتـەی نێوەنـدی پ.ك.ك دا، بۆیـە کـارێکی چارەنووسسـازی بـەوجۆرە بـە بڕیـاری کۆمیتەی نێوەندی نەبووە. هەروەها چاودێران پێیان وایە کۆچ کردنەکـە بـە پەیوەندیکردن بە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستینییەکانەوە و بە کـەڵك وەرگرتن لە ئاڵۆزیی نێوان تورکیا و سوریاوە گرێدرا بوو، هەرچـەندە پ.ك.ك پێیان وایە لە چوونە دەرەوەیاندا پێوەندییان لەتەك هـیچ وڵاتێکدا نـەبووەو جگە لە پەیوەندی خزمایەتی کوردانی خۆرئاوای کوردستان لەگـەڵ کـادیرانی

---

١ حەسەن جودی : س ، پ، ل١١٢ .

٢چاوپێکەوتن لەگەڵ ( خەلیل ئاتاج)، کۆیە، ١٩-٢-٢٠٠٩.

٣ حەسەن جودی : س ، پ،ل٢٥٦ .

٤ کمال شاهین : س، پ، ل١٦.

٥ حەسەن جودی : س ، پ، ل٢٥٧ .

پ.ک.ک کەسیان نەناسیوە[1]. بەڵام سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە ئەکەن کە سۆڤیەت هاریکاریی مادی پ.ک.ک ی کردووە بۆ ئەوەی بتوانێ پێوەندی لەتەك گرووپە فەلەستینییە چەپەکان لە (دۆڵی بیقاع)[*] چێبکات[2]. هاوکات ڕۆژنامەگەری تورکیاش هەمیشە سۆڤیەتی بە هۆکاری هاندانی کورد دەزانی لە ئاڵۆزییەکانی نێوخۆی تورکیا دا[3]. بەڵام ئۆج ئالان لە سوریا مژووڵی پێکهێنانی پشتگیریی بۆ پ.ک.ک بوو، هەربۆیە هەوڵە دیپلۆماسیەکانی خۆی دەخاتەگەڕ و پێوەندی لەتەك بزاڤە هەرێمییەکان لە دیمەشق و بەیروت ڕێکدەخات، سەرەتا پێوەندی لەتەك سەرکردایەتی ی.ن.ك و مام جەلال دا دەمەزرێنێت[4]، تەنانەت کاتێك گەیشتە بەیروت لەڕێگەی عادل موراد دەوە توانی بەرهەڵستکارە فەلەستینییەکان بناسێ و لەسەر داوای خۆی، پێوەندی کرد بە بەرەی دیموکراتی بۆ ڕزگارکردنی فەلەستینیی بە ڕێبەرایەتی (نایف حواتمە)، و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی (حرکە فەتح) بە ڕێبەرایەتی یاسر عەرەفات و بەرەی گەل بۆ ڕزگاریی فەلەستین بە ڕێبەرایەتی (ئەحمەد جبریل)و بەرەی تێکۆشانی گەلی فەلەستین بە ڕێبەرایەتی (د. سمیر عوشە)[5]. هاوکات توانی بڕوایان پێ بهێنێ کە جوولانەوەی باکووری کوردستان وەك شۆڕشی ئەیلوول وابەستەی ئەمەریکا و ئیسرائیل و شای ئێران نییە[6]. هاوکات ئۆج ئالان پێوەندی لەتەك

---

١ حەسەن جودی : س ، پ، ل٢٥٦ .

* دۆڵی بیقاع لەخاکی لوبنان وەلێ لەبن دەستی سوریا دا بوو، لەوێ تەمامی گروپە فەلەستینییەکانی لێ بوو، بارەگای پ.ك.كو بنکەی مەحسونیش تا ١٩٩٢ لەوێ بوو.(مایکڵ گەنتەر: س،پ،١٢١).

2. Martin van Bruinssen:A,G,E,S.351.

٣ ولید رضوان : ترکیا بین العلمانیةو الاسلام،ل١٨١ .

4. Michael M.Gunter : op,cit,p.26-27 .

٥ وەڵامی ئیمەیلی (عادل موراد) بۆ توێژەر .

6. Michael M.Gunter: op,cit,p.27.

سورياشـدا دروسـتكرد، سـەرەتا (كـەمال ئەسـەد)ی بـرای (حـافز ئەسـەد)ی سـەرۆكی سـوريا، كـە بـەرپرس بـوو لـە پێوەنـدی وڵاتەكـەی لەگـەڵ كـورد، پێوەندی لەگەڵ (ئۆج ئالان) دامەزراند، هـەروەها (ڕەفعـەت ئەسـەد) گرنگـی زۆريدا بـە زينـدوو ڕاگرتنـی پ.ك.ك و شـوێنی ئاسايشـی بـۆ فەراهـەمكردن و بڕياريكردنەوەی بنكەی ڕاهێنانی بۆ كاديرانی پ.ك.ك وەرگـرت[1]. لـە ڕاسـتيدا ئۆج ئالان زياتر لە هەوڵی پێوەنـديی و هاريكـاريی سـتراتيژی سـوريا دا بـوو، نەك پێوەنديی پارتە كورديیەكانی سوريا. لەم بارەيەوە جەميل بايك دەڵێ:" پ.ك.ك هاريكـاری مـەزنی لـە لايـەن كـوردی سـوريا و لوبنانـەوە نـەكرا"[2]. بەمجۆرە ئۆج ئالان توانی تۆڕێكی پێوەندی دروست بكات، كە بە هاريكـاريی سـوريا گرەنتـی زيندوومانـەوەی ڕێكخسـتنەكانی بكـەن لـە لوبنانـدا[3]. ئـەم كۆششەی ئۆج ئـالان لەكاتێـدابوو هەوڵـەكانی بـۆ مـافی پەنابـەری لـە سـويد شكسـتی هێنـابوو، چـونكە كـوردی ئـەورووپا ڕۆڵيـان بينـی تـا سـويد مـافی پەنابەری نەداتە ئـۆج ئـالان[4]. دەكرێـت بـەهۆی نـەيارێتی ڕێكخسـتنی پارتـە كورديیەكانەوە بووبێت ، كە ئەوكاتە لەبەرەی جەنگی پ.ك.ك بوون.

پـێش كودەتـا كەسـيرە يەلـدرم هـاتبووە سـوريا و جومعـە سەرپەرشـتی ڕێكخستنەكانی پەكەكەی دەكـرد لـە كوردسـتان، ئەوكاتـە ١٨كـاديری بـاڵای پ.ك.ك لە دەرێ بوون، كە لە شوێنێك بەناوی (نەعمە) لـە پشـتی دەمـووری نزيك بەيروت ئۆردوگايـان بـۆ كرابـووەوە. كـەمال پـیر و خـەليل ئاتـاج پـاش ئەوەی لە١٩٧٩دا لە زيندان هەڵهاتن پەيوەنديان بە ئـۆج ئالانـەوە كـرد، ئـەم دووكاديرە باڵايەی پ.ك.ك لەكەمپی فەلەستينييەكان چادريان هەڵدا و وەك مامۆستا پـەروەردەی ڕامياريی لەلايەن كەمال پير و پـەروەردەی سـەربازيش

---

١ اللجنة الاستشارية في وزارة الخارجية: حول امريكا والغرب والقضية الكردية فی العراق وايران و تركيا، ب.م،١٩٩١، ل٧٠; Michael M.Gunter: op,cit,p.27-28

٢ حەسەن جودی : س ، پ، ل٢٦٧ .

٣ كۆمين: كورتيەك لەمێژووی پەكەكە، ل١٩ .

٤ مەكتەبی ديراسات و لێكۆڵينەوەی پارتی:پەكەكە ، ل٢٩ .

خـەلیل ئاتــاج سەرپەرشــتی دەکـرد، چـونکە ئـەوان بـۆ خۆیـان کۆرسـی تایبەتییان لەلایەن گرووپە فەلەستینییەکانەوە بینی بوو[١]، دواتـر ئـۆج ئـالان داوای لـە (جـەمیل بایـك) کـرد ٢٥٠ کـادیری پ.ك.ك بنێرێـت بـۆ لوبنـان تـا ئـەوانیش پـەروەردە بکـرێن، بـەلام جـەمیل بایـك دەڵـێ:" ئەندامـەکانمان زۆربەیان گیرابوون، لەگەڵ (عـەباس) بڕیارمانـدا ئـەو ڕێـژە زۆرە نـەنێرین"[٢]، ئیتر تەنها ١٠٠ کەسیان ناردە لوبنان بۆ ڕاهێنان و فێرکردن[٣]. ئـەو ئەندامانـە کە نێردرانە ئۆدوگاکان دەکـران بەچـەند گرووپێکـەوە، هـەر گرووپێکیـان لـە بارەگەی ڕێکخراوێکی فەلەستینی پەروەردە دەکران. لەم بارەیـەوە (خـەلیل ئاتاج) دەڵـێ:"٧ گرووپمـان پـەروەردەکرد، کـە هەریەکـەیان لای ڕێکخراوێـك بوو". گرووپەکان بەمجۆرە دابەشکرابوون بەسەر بنکەکانی (بەرەی گـەل بـۆ ڕزگـارکردنی فەلەسـتین)، (صـوت الشـغیلە)، (بزووتنـەوەی فـەتح) ، دوو گـرووپیش بـەهاریکاری (ڕەفعـەت ئەسـەد)و (عـەلی سـنجاری) پـەروەردە دەکران*.

هاوکات پ.ك.ك لە لوبنان پێوەندی لەگەڵ پ.د.ك.ع دروسـتکرد، ئـەوکات ئازاد بەرواری و غازی زێباری نوێنـەرانی پـارتی بـوون لـە لوبنـان[٤]. هـەروەها لەلایـەن کـوردانی ئـەورووپا هاریکـاریی دەنێردرایـەوە بـۆ ڕێکخسـتنەکانیان، بەمجۆرە لە(دۆڵی بیقاع)ی لوبنان توانیان بنکەیەکی ڕاهێنان دروست بکەن و

---

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ ( خەلیل ئاتاج)، کۆیە، ١٩-٢-٢٠٠٩.

٢ حەسەن جودی : س ، پ،ل٢٥٨ .

٣ یالچین کوچوك : س،پ،ل٢٩ .

* (عەلی سەنجار) ئەندامێکی بالای (پ.د.ك. ع) بوو، لـە سـوریا گروپێکـی شـکلی بـە هـەمان نێوی پارتی دامەزراندبوو، بۆخـۆی کـادێری نـەبوو، ئـەو ئەندامانـەی پ.ك.ك ی پـەروەردە دەکرد، دەیووت ئەنـدامی پارتەکـەی خـۆمن تـا هاریکـاری مـادی بکرێـت، زیـاتر گروپێکـی بازرگـانی بوو.(چاوپێکەوتن لەگـەڵ (خـەلیل ئاتـاج);چـاوپێکەوتن لەگـەڵ(داود باغسـتانی) هەولێر،١٣-٧-٢٠٠٩.

٤ چاوپێکەوتن لەگەڵ ( خەلیل ئاتاج)، کۆیە، ١٩-٢-٢٠٠٩.

دابەشبوون بۆ ٥ گرووپ لەنێو ئەوانەدا بەتایبەتی (نایف حواتمە) هاریکاری مەزنی دەکردن[١]. لە یەکەم کاردانەوەی ئەو هەستانەوەیەدا لە دەستپێکی١٩٨٠دا ئۆج ئالان گرووپێکی ڕاهێنراوی ٣٠-٣٥ چەکداریی بە بەرپرسایەتی کەمال پیر گەڕانەوە کوردستان، بەڵام هێزەکانی تورکیا لە مەتەرێزی سەر سنووردا هەموویانی قۆڵبەست کردن، بەمجۆرە لە ڕێگەی دەستگیرکراوەکانەوە بۆ تورکیا ڕوونبووەوە کە پ.ك.ك لە سوریاوە خۆی سازدەدات بۆ جەنگی گەریلایی دژی تورکیا[٢]. هاوکات بە سەرۆکایەتی محەمەد قەرەسونگول گرووپێکی تر گەڕانەوە و لە هەرێمە شاخاوییەکانی باتمان و سیڤەرك گیرسانەوە، وەلێ ئەوانیش زۆربەیان لەسەردەستی هێزەکانی تورك کوژران[٣]. لەگەڵ ئەوەشدا پێش کودەتا پ.ك.ك توانی تەواوی باتمان بخاتە ژێر دەستی خۆی و تەنانەت (ئەدیب سۆلمان)* [٤] بکاتە سەرۆکی شارەوانی و (ئەمەل جەنگیز) وەك بەرپرسی سەربازیی ئەو سنوورە دیارییبکات[٥].

---

1. Michael M.Gunter: op,cit,p.26-27

٢ حەسەن جودی : س ، پ،ل٢٧٥ "حامد محمود عیسی : القضیة الكوردیة في تركیا ، ل ٣٠٨.

3. Michael M.Gunter : op,cit,p.27.

* ئەدیب سۆلمان لە ڕووداوەکانی کۆدەتادا بەدەستی سەربازەکان کوژرا.( هەڤالا جوممعە: س،پ،ل٢٢٣ ).

٤ هەڤالا جومعە: س، پ، ل٢٢٣

٥ یالچین کوچوك : س،پ، ل١٨ .

# بەشی پێنجەم

# کودەتای سەربازی ١٩٨٠و چارەنووسی ڕێکخستنە سیاسییەکانی باکووری کوردستان

## باسی یەکەم : کێشەی نەتەوەیی کورد لە ڕوانینی کودەتای سەربازیی (١٩٨٠) دا.

کاتژمێر ٣٠/٤ ی بەرەبەیانی ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠سەرکردایەتی سوپای تورکیا لە ڕاگەیانراوێکدا لە ئێزگەی فەرمی ئەنقەرەدا ئاماژەی بەوەدا، هێزە چەکدارەکانیان دەستیان گرتووە بەسەر دەسەڵاتی سیاسیی تورکیادا، ئیتر ڕاستەوخۆ هەموو دامەزراوەکانی حکومەت و پەرلەمان و وەزارەتەکان بە فەرمی هەڵوەشێنرانەوەو لە لایەن سوپاوە دەستیان بەسەردا گیرا. هاوکات تەواوی ئەندامانی پەرلەمان و وەزیر و سەرکردەی پارتە سیاسییەکان قۆڵبەست کران و پارتەکانیان هەڵوەشێنرایەوەو لە سەرانسەری وڵاتدا باری نائاسایی ڕاگەیەنرا[1] . دوو ڕۆژ دوای ئەوە و لە ١٤ ئەیلوولی ١٩٨٠ دا ژەنەڕاڵ کەنعان ئیفرین سەرۆکی ئەرکانی سوپا دەستیگرت بەسەر ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتیدا و بە فەرمانێکی گشتیی سوپا وەك سەرۆك کۆماری تورکیا دیاریکرا[2].

کەنعان ئیفرین لەیەکەم ڕاگەیانراویدا هۆکارەکانی دەست گرتنی سوپای بەسەر حوکمدا گەڕانەوە بۆ پارێزگاریکردن لە یەکێتی نیشتیمانی تورکیا و زاڵبوون بەسەر ئاژاوە و تیرۆر و گەڕانەوە بۆ ڕژێمی سیکۆلاریی کۆماری تورکیا[3]. ئیتر تەواوی ناو شار و شوێنە گشتییەکان و شەقامە سەرەکییەکان

---

1 Erik J. Zürcher: op, cit, p. 279-280.

2 Erik J. Zürcher: op, cit, p. 279-280.

٣ ابراهيم خليل احمد واخرون : س،پ ، ل ٦٨.

هێزی پۆلیس و لەشکربوون و وڵات وێنەی سەربازگەیەکی دەنواند.[1] بەمجۆرە سوپا لە ڕێگەی توندوتیژییەوە توانی لەماوەی چەند هەفتەیەکدا تەنگژەکانی ناوخۆ هێوربکاتەوە[2].

سەبارەت بە پرسی کورد و هەڵوێستیان لەمەڕ نەتەوەکانی تورکیاش ئەوا لە ڕوانینی کودەتاچییەکاندا هەر پرسێکی نەتەوایەتی بریتی بوو لە پلانێکی دەرەکی بۆ دابەش کردنی تورکیا. کەنعان ئیفرین لە تشرینی یەکەمی١٩٨٠ داو لە گفتوگۆ لە تەك پەیامنێری گۆڤاری (دیر شبیگل)ی ئەڵمانی وتبووی:" کورد بەهاوکاری هێزی بێگانە دەیانەوێت تورکیا پارچەبکەن، بەڵام ناتوانن هیچ بکەن، هەموو هێز دەخەینەگەڕ تا ئەم کێشەیە لە ڕەگەوە هەڵکەنین[3].

کودەتا سەرەتای قۆناغێکی سەختبوو بۆ کورد، سوپای تورکیا نیوەی هێزەکانی هێنایە کوردستان و تەواوی کوردستان وەك سەربازگەیەك حوکمی عورفی دەیبرد بەرێوە[4].

بەگشتی رامیاریی نوێی کودەتا ئەم ڕێوشوێنانەی دژی کورد بەکارهێنا:

١. **توندوتیژی و تیرۆر لە کوردستان:-** سوپا بۆ تواندنەوەی ڕێکخستنە نهێنییەکان لە کوردستان، هەموو ڕێگەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤی بەکارهێنا[5]، سەرەتا تەواوی چالاکی پارت و یانە کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیرییەکانی بەتۆپزی و یاسا زەوت و قەدەغە و پەرت کردن[6]. بەجۆرێك بە ئاشکرا سەرکردە سەربازییەکان ڕاپاندەگەیاند پێویستە هەر

---

1. laleş Qaso : zindan en diyarbekire Dsoreşgeriya me, waşanen pelda, Stockholm 1993, L.9,l1.

2. Kristind koivunen : op , cit, p.106-107.

٣ ئیسماعیل بێشکچی: کوردو کوردستان لەنامەکەی ئیسماعیل بێشکچی بۆ یونسکۆ، و: موکری، چ٢، کەرکوك ،٢٠٠٦ ،ل١١٥–١١٦; لازاریف : تاریخ کردستان،ل٣٤١.

٤ حسرتیان : القضیا القومیة في ترکیا،ل ١٠٤،٦٥

5. Eulistn gurbey : op , cit , p.11.

٦ ندیم البتکین : س ، پ، ل ٦٣ ; Martin van Bruinssen: A,G,E,S.353,35

هۆکاریَ دەبێتە هۆی نومایانی کورد نەهێلّریَ و بە تەواوی لە نێوبریَ[1]. ئیتر بە بەرنامە شاڵاوی سەر ماڵ و موڵك و گیانی کورد ڕێکخراو لەگەڵ هەر خواستێکی خزمەتگوزاریی و پێداویستی ژیانیشدا سەربازەکان بە تۆمەتی خواستی جوداخوازی وەڵامی خواستەکانیان دەدایەوە[2].

بەمجۆرە لەسەرەتاوە ستراتیژی حکومەت لەبەرامبەر کورد دا بریتی بوو لە بەکارهێنانی کوشتن و زیندانی بە کۆمەلا و ئەشکەنجەی خەڵك. بەشێوەیەك لەکۆی ٦٣٥ گرتووخانەی سەرانسەری تورکیادا نیوەیان لە ناوچە کوردییەکاندا دروست کرابوون، گرتوخانەی دیاربەکر ناودارترین زیندانی ئەشکەنجە و بەندکردنی تێکۆشەرە کوردەکان بوو[3]. زیندانییەکانی دیاربەکر لەڕووی فیزیکییەوە لە ڕەوشێکی خراپدا بوون و تەنها پەیکەری ئێسکیان مابوو، بەندیەکان ناچاردەکران سرودی نیشتیمانی تورکی بچڕن و داوایان لێدەکردن ببنە جاش و جاسووس، هەربۆیە هەندێك جار زیندانییەکان لەو ڕەوشەدا پەنایان دەبردە بەرخۆ کوژیی[4]. بۆ نموونە لە گرتوخانەی دیاربەکردا ٤٠ لاوی کورد کە ملیان نەدا بڵێن (ڕووسورین، چونکە تورکین) لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان سپارد[5]. لە ڕۆژنامەکانی خۆرئاوادا پێشێلکاری مافی مرۆڤ لەو زیندانانەدا دەنگدانەوەی مەزنی هەبوو[6]. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی (گاردیانی بەریتانی) نووسیبووی:" لە تورکیا بەربەریەت دژی ١٢ ملیون کورد ئەنجام دەدریَ"[7]. هاوکات یەکە سەربازییەکان لە ناوچە کورد نشینەکاندا لاوانیان کۆدەکردەوە و بەکۆمەلا سزایان دەدان. بۆ نموونە

---

1. Martin van Bruinssen: A,G,E,S.35,359.

2. Abdullah öcalan : kurt sorunund , S.25.

٣ فیغان دوست: زیندانێن ترکیا، مەتین ، ژمارە ٩٨ ، ل٣٩.

٤ کریس کۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوە ی کورد ، ب٢،ل١٥٦–١٥٧.

٥ ئیسماعیل بێشکچی: کورد و کوردستان لەنامەکەی ئیسماعیل بێشکچی بۆ یونسکۆ، ل ١٢٠.

٦ سامي عبدالرحمن: البديل الثوري في الحركة التحركية الكردية، ل١٢٠.

٧ سامي عبدالرحمن : البديل الثورى ،ل١٢٠.

(موسا عەنتەر) دەگێڕێتـەوە:" لـە شارۆچـکەکەماندا (ئاکارسـو) بـەبێ پـرس دەهــاتن ماڵــەکانیان دەپشــکنی و گــەنجانیان کــۆدەکردەوە و هــەڵیان دەواسین"[1].

بەگشـتی ڕێـژەی ئەوانـەی لـە کودەتـا دا تۆمـەتبارکران گیشـتنە ١٢٠,٠٠٠ کورد، کە٢٠ هەزاریان بەتۆمەتی ئـاژاوەی جوداخـوازی و تێـرۆر حوکمـدران[2]. بەمجۆرە لەئاکامی رامیاریی توندوتیژی دەوڵەتدا لەپاش ساڵێك لـە کودەتـای سەربازی (بولێز ئولوسو) سەرۆکی هێزی دەریایی و ئەنـدامی بـاڵای کودەتـای ١٩٨٠ لەدیـدارێکی ڕۆژنامەوانیـدا وتبووی:"کۆمۆنیسـت و کـورد بەتـەواوەتی نـەماون لـە ڕۆژهەڵاتـدا"[3]. بـەڵام ڕەوشـی زیندانـەکان ڕاسـتی ئەوقسـانەی ژەنەڕاڵەکانی دەدایە دواوە، چونکە تا ساڵی ١٩٨٢ زیاد لە ٨١ هەزار ڕاپێچـی گرتووخانـەکان کـران و ٣/٢ سـوپای تـورك لـە بـاکووری کوردسـتاندا هـەر مابوویەوە[4].

### ٢. هاریکاری و هەماهەنگی نێودەوڵەتی و هەرێمی دژی کورد:

شۆڕشــی گــەلانی ئێــران دەســەڵاتێکی مەزهــەبی هێنایــە ســەر حــوکم، تورکیاش وەك هاوپـەیمانێکی ئەمـەریکا و خۆرئـاوا نـەیاری ڕژێمـی ئیسـلامی ئێران بوو. لە سەرەتاوە ژەنەڕالا کەنعان ئیفرین پێشوازی لەبەرهەڵستکارانی ئێران کردبوو[*][5] و (٥ ) فیرقەی سەربازیی لەسنووری ئێرانـدا لێ مۆڵـدابوون[6].

---

1. Musa anter :A,G,E, S. 242

٢ حامد محمود عيسى : القضة الكوردية في تركيا، ل ٢٧٨.

٣ هنری بارکی و اخرون : س ،پ، ل٢٨–٢٩ .

٤ دیڤید ماکداوڵ : س، پ،ب٢، ل٨٤٩ .

*بەهرام (ئاریانا) سەرۆکی گرووپی (ئازادیگان) و جەواد هیمن زادە سـەرۆکی سـوپای تـەحریر ئــیران بــەڵێنیان پێــدرا هاریکــاری بکــرێن دژ بــە سیســتەمی خومــەینی.(جرجيس حسن:س،پ،ل٧٢

٥ جرجيس حسن: س ، پ، ل٧٢.

٦ صبرية احمد لافي : البلد اعتبره خميني ارض مناد ، شؤون تركيـة عـدد(٤) ، بغـداد، ١٩٨٧، ل٧٥ .

وەڵێ هۆکاری کورد و خۆ ڕێکخستنەوەی ڕێکخستنەکانی کورد لە سنووری نێوان دوو وڵاتدا تاکە هۆکاری ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان دوو وڵات بوو، چونکە سەرەڕای هەماهەنگی بەهێزی نێوان تورکیا و ئەمەریکا، کە لە ١٢ ویلایەتی تورکیادا بنکەی سەربازی ئەمەریکی هەبوو، بەتایبەت لە دیاربەکر و ئەرزەڕۆم و مێردین[١]. لەگەڵ ئەوەشدا ئێران لە کۆتایی ١٩٨٠دا وەفدێکی فەرمیی دەنێرێت بۆ ئەنکەرە و بەردی بناغەی پێوەندی نێوانیان سەرلەنوێ دادەڕێژن[٢]. دروست کردنی پێوەندی دوو وڵات لەکاتێکدا بوو، کە تورکیا و ئەمەریکا بۆ بە سەربازگە کردنی زیاتری کوردستان فڕۆکە خانەیەکی سەربازی ئەمەریکیان لە ناوچەی هەکاری دروست دەکرد، هاوکات فڕۆکەخانەی وان یش فراوان کرا[٣].

لە ڕاستیدا ئەم هەوڵەی ئەمەریکاش دژی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردبوو لە تەواوی بەشە پەرتبووەکانیدا، چونکە ئەم هەوڵەی ئەمەریکا لەکاتێکدا بوو هەموو ڕێکخستنێکی کوردی لەڕووی بەرنامە و چالاکییەوە لایەنگری بەرەی سۆشیالیستی و ڕۆژهەڵاتو دژی ئیمپڕیالیزم و ئەمەریکابوون. ئەمە هۆکارێکیش بوو تا گرنگیدان بەزیندووکردنەوەی تایبەتکارە ئاینییەکانی ئیسلامیی سووننی لە کوردستان و تورکیا دا گرەنتی مانەوەی تورکیای دەکرد لە بازنەی رامیاریی ئەمریکا دا.

لەبەرئەوە بوو کە سەرکردەکانی کودەتا بەشێوەیەکی فراوان گرنگیاندا بە کردنەوەی مزگەوت و پەروەردەی ئایینیان لە پرۆگرامی قوتابخانەکاندا سەپاند، بەجۆرێك کە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئایینی زیاتر لە بودجەی وەزارەتی پەروەردەی بۆ تەرخان کرا[٤]، ئەمەش لەکاتێکدابوو سوپای تورك خۆی بە پاسەوانی کۆماری سیکۆلاری تورکیا دەزانی، کەچی دەزگە

---

١ جرجيس حسن: س ، پ، ل ٣٨.

٢ جرجيس حسن: س ، پ، ل ٧٢ ; صبرية احمد لافي: البلد اعتبره خميني ارض مناد ،ل٧٥ .

٣ حەسرتيان : یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد ،ل١٠٥ .

٤ فريد هاليداى و اخرون : س ، پ، ل ٣٤٠.

سەربازییەکان بەو نەزمە و بە بەرنامە پشتگیریی تایبەتکارە ئیسلامییەکانیان دەکرد[1]. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین بایەخدان بە ئیسلامی سوونني لە تورکیادا لەپێناو سستکردنی جووڵانەوەی نەتەوەخوازی کورد بوو، چونکە ئەو جووڵانەوەیە کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای چەپ دەیجووڵاند، بەتایبەت لەنێو کوردە عەلەوییەکاندا کە زۆرترین کاریگەری چەپ و کۆمۆنیستەکانیان لەسەر بوو. هەربۆیە سەپاندنی پەروەردەی ئایینی و کردنەوەی مزگەوت لەتەواوی دێهاتەکاندا، کاردانەوەی نەرێنی لەنێو عەلەوییەکاندا فەراهەمهێنا[2]. لەم بارەیەوە ئیسماعیل بێشکچی دەڵێ :"لەپاش کودەتا بە زۆر پالا بە هاووڵاتییە عەلەوییەکانەوە دەنرا بۆ نێو مزگەوتی سوونییەکان"[3]. عەلەوییەکان پێیان وابوو کودەتا سەرەتایەکی تاریکبوو بۆیان، هەر ئەم سەرەتایە بوو، کە هۆکارێك بوو تا عەلەوییەکان سەرلەنوێ خۆیان ڕێکبخەنەوەو بەدوای ناسنامەی خۆیاندا بگەڕێن[4]. هاوکات لەگەڵ ڕوودانی کودەتا دا هاریکاریی ئاسایشی نێوان عێراق و تورکیا زیادی کرد. ئەم نزیکبوونەوەیەش پەیوەستبوو بە کێشەی کورد و مەترسییەکانی جوداخوازییەوە[*5]. هەربۆیە سەدام حوسێن دەیوت:" بەرژەوەندیی لەنێوانماندا هەیە، لەبەرئەوە لەگەڵ حوکمی کەنعان ئیفرین زۆر باشین"[6]. لەبەرامبەردا کەنعان ئیفرین ڕایدەگەیاند" پەیوەستین بە هەموو

---

١ جۆناتان راندڵ : س ، پ، ل ٣٧٤.

٢ فريد هاليداى و اخرون : س ، پ، ل ٦٤.

٣ ئیسماعیل بێشکچی : کورد و کوردستان لەنامەکەی ئیسماعیل بێشکچی بۆ یونسکۆ ، ل١٠٦.

٤ حەسەن ئەحمەد مستەفا : س، پ، ل١٢٣.

* هەردوو وولات سالی ١٩٨٢ پەیماننامەی ئاسایش و هاریکاریی سنوورییان واژۆکرد .( Omer Tspinar: Turkish Nationalism, p .169-170)

5. Omer Tspinar: Turkish Nationalism and Polatical Islam, p .169-170.

٦ عوني عبدالرحمن السبعاوي : اوراق تركية المعاصرة،ل ١٢–١٤ .

ڕێکەوتنامەکانەوە کە پێشتر واژۆمان کردوون"[1]. بەڵام جەنگی (عێراق - ئێران) بۆشاییەکی زۆری لە سنوورەکانی عێراق و تورکیا دروست کرد، چونکە زۆربەی هێزەکانی عێراق کشانەوە بۆ باشووری وڵاتەکەیان[2]، هەربۆیە زەمینەیەکی لەبار بۆ ڕێکخستنەکانی کوردی هەردوولا لەنێوخاکی عێراقدا فەراهەمهات.

**٣.تواندنەوەی تایبەتکارەکانی نەتەوەی کورد و سیاسەتی بە تورك کردن:**

بۆ تواندنەوەی تایبەتکارەکانی نەتەوەی کورد، ڕژێمی تورکیا کاریکرد لەسەر تایبەتمەندی جوگرافی و زمان و کولتوور و بۆنە نەتەوەییەکانی کورد، لە سەرەتادا ڕژێمی سەربازی بڕیاری دروست کردنی هەرێمی ئاسایشیی دا بە چۆڵکردنی (١٠-٢٠ کم ) بە درێژایی سنوورەکانی لەگەڵ عێراق و ئێران و سوریا، ئەمەش بە پاساوی لەناوبردنی چەتەگەری و باندیزم بوو. هاوکات هەزاران بنکەی ئابووری و بازرگانییان لە دیاربەکر و غازی عەینتاب و بەتلیس و باتمان و بایەزید داخست و تەواوی ڕۆژنامەو گۆڤار و نووسراوە کوردییەکانیان قەدەغەکرد[3]. بە پلانێکی ستراتیژیی هەستا بەچۆڵکردنی ناوچە ستراتیژییەکان و بەگوێرەی ئەو یاسایە ٥٠,٠٠٠ کورد لە هەرێمی (قارس) لە سنووریی سۆڤیەت لەزێدی خۆیان هەڵکەنران، ئەم یاسایە دێهاتییەکانی سنووری عێراق و سوریایشی گرتەوە[4]. لە ڕاستیدا ئەم هەوڵەی تورکیا لە پێناو ڕێگرتن بوو لە چالاکیی ڕێکخستنەکان لە سنوورەکاندا، تا پەیوەندی لەتەك باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان نەکەن. هەمان کات هۆکارێکی تر بوو تا گوندییەکانی سنوور لە ئاکامی ترس و تۆقاندنی سوپا و پۆلیسی نهێنییەوە بۆ خۆیان گوندەکانیان چۆڵا بکەن[5].

---

١ احمد نوری النعیمي: ترکیا و حلف شمال الاطلسي ،ل٣١٦.

٢ حەسەن جودی : س ، پ،ل٣٠٣.

٣ حەسرتیان : یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد ،ل١٠٤.

٤ جیرارد جالدیان :س ، پ، ل ٦٨.

٥ درية عوني:س،پ، ل ١٣٥

له لایەکیترەوە ڕژێمی تورکیا بەکارکردن لەسەر پڕۆژەی (GAP) بەشێکی تر لە سیاسەتی چۆڵکردنی ئاواییەکانی کوردستانی گرتەبەر، ئەم پڕۆژەیە لە کۆتایی حەفتاکانەوە چەندین ئامانجی هەبوو، لەوانە دروستکردنی چەندین بەنداو و خەزێنەی ئاو و وێستگەی وزەی فراوان و پرۆژە کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا و لە بەشەکانی سنووریی سوریا و عێراق بوو، بەو پێیە زۆربەی زەوییەکانی ئورفە و مێردین لەگەڵ بەشێکی گەورەی غازی عەینتاب و باتمان و ئەدیامان و دیاربەکر و شیرناخ و سیرتی دەگرتەوە، کە ڕووبەرەکەی (٧٥٣٥٨١ کم) بوو، کە دەکاتە٩,٦٣٪ ی کۆی ڕووبەری تورکیا[*].

چاودێران دەڵێن مەبەستی تورکیا لەم پڕۆژەیەدا لە لایەکەوە وەڵامدانەوە و هێورکردنەوەی خواستی کوردبوو لە پەراوێزخستنی ناوچەکەیان، لەلایەکی ترەوە دوورخستنەوەی دانیشتووانی ناوچەکەیە لە ویلایەتەکانی مێردین و ئورفەو غازی عەنتاب لەڕێگەی دروست کردنی پشتێنەیەکەوە کە بەشێك لە پرۆژەکە بە درێژایی سنووری تورکیا و سوریا لەگەڵ سنووری تورکیا و عێراقدایە. هەروەها ڕژێم بەم هەوڵەی دەیتوانیی ڕێکخستنەکانی کورد لە بنکەی گەڵ دابڕێت[1].

لە لایەکی ترەوە ڕژێم هەستا بە گۆڕینی نێوی کوردیی دێهاتەکان بۆ نێوی تورکی، بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەکانی تورکیا نێوی لە٨٠٪ ی گوندەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا ناوە ڕەسەنەکانیان گۆڕدراوە، بۆ نموونە ناوی٣٧٥گوند لەکۆی٥٨٨گوندی ویلایەتی ئاگری کراون بە تورکی، هەروەها ٤٢٦ گوند لە ویلایەتی وان، ٢٨٩ گوند لەکۆی ٣٦٣ گوندی ویلایەتی موش، ٢٢٩ گوند لەکۆی ٢٧٣ گوند لە ویلایەتی بەتلیس

---

* پرۆژەی گاپ ١٣پرۆژەیە، حەوتیان لەسەر فورات و شەشیان لەسەر دیجلەیە ، هەر پرۆژەیەك چەند لقێکی لاوەکی لێدەبێتەوە .

١ سليمان عبدالله إسماعيل : السياسة المائية لدول حوضى دجلة والفرات و إنعكاساتها على القضية الكردية، مركز دراسات الستراتيجية، سليمانية،٢٠٠٤، ل٤٥–٤٥٢ ، ٧٢ .

ناوەکانیان کراون بە تورکی[١]. ڕژێم بە بەرنامە هەوڵی سەپاندنی زمانی تورکی دەدا لە کوردستاندا، دروشمگەڵی هاوشێوەی (ئەوەی خۆی بە تورک بزانێ بەختەوەرە) لە هەموو شوێنێکی کوردستان نووسرا بوون، بۆ نموونە لە دەروازەی مێردینی کوردنشین تابلۆیەك بە گەورەیی لێی نووسرابوو (جگە لە زمانی تورکی ئاخافتن بەهەر زمانێکی تر یاساغە)[٢]. بەمجۆرە بە هەموو شێوەیەکیش چالاکی بڵاوکراوە و نووسراوی کوردی لەپاش کودەتا قەدەغەکرا و نەما، تەواوی نووسەر و ڕۆژنامە نووسەکانیش یان قۆڵبەست کران یان وەدەرنران لە وڵات[٣]. کاتێك ڕۆژنامە و گۆڤارەکان قەدەغەکران، یان لەبەر ئەوەی خەڵکی کورد زۆربەی نەخوێندەوار بوون، لەبەر ئەوە گرنگیدان بەستران و گوێگرتن لە کاسێت و مۆسیقا بایەخی ئێجگار زۆربوو. بە جۆرێك ڕژێم لە نێوەرۆکی بۆنە کوردییەکاندا مۆرك و مۆدێلی کوردایەتی دەخوێندەوە، هەربۆیە بە بڕیارێکی فەرمی قەوان و کاسێت و ستران و مۆسیقای فۆلکلۆرو زەماوەندی کوردی لە پێشەوەی قەدەغەکراوەکان دانران.[٤] هاوکات بە فەرمانێکی فەرمی بۆ بڵاوکردنەوەی زاری تورکی چەندین کۆمپانیا و ڕێکخراوی تایبەت بۆ کارکردن لەسەر لە نێوبردنی زمانی کوردی کەوتنە گەڕ و هەموو ئەو چاپەمەنیانەی کە لە حەفتاکاندا لە بازاڕ و کتێبخانەکاندا هەبوون پێچرانەوەو وەستێنران[٥*]. سەبارەت بەم شاڵاوەی کورد قڕانە ئیسماعیل بێشکچی لە نامەیەکدا کە٤/٨/١٩٨٠ئاڕاستەی یەکێتی نووسەرانی سویسرای کردبوو ڕایگەیاند:" ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی تورکیا

---

١ حەسرەتیان: کوردستانی هاوچەرخ، ل٩٠.

٢ گوێنتەردێشنەر : س، پ، ل ١٢٨–١٢٩ .

٣ فرید هالیدای و اخرون : س ، پ، ل ٦٩ .

٤ گوێنتەردێشنەر: س، پ، ل ١٣٢–١٣١.

5. Martin van Bruinssen: A,G,E,S.353,354.

*هەموو ئەو نووسخەکانی (مەم و زین)یان سوتاند، کە ١٩٧٣ پاش ئەوەی بوز ئەرسەلان گۆڕانکاری تێدا کرد بڵاوکرابوونەوە.(Kristind koivunen : op cit, p 102-92 ).

ڕەگەزپەرستانەیە دژی کورد، هەموو سیاسییەکان و میدیاکان و زانکۆکان بەشدارن لەو پرۆسەیەدا و لەمەتەرێزی دژایەتی شۆڕشی ڕزگاری خوازیی کوردان"[1]. دواجار ئایدیۆلۆژیای کودەتاچییەکان ئەوەی بەشێوەیەکی کردەیی پەیڕەویان دەکرد، لە دەستووری نوێی ۱۹۸۲ دا جێگیریان کرد، لە دەستووری نوێدا زیاتر لە ۱۲ یاسا هەبوو کە بەکارهێنانی زمانی کوردی و کولتووری کوردی قەدەغە دەکرد و هەوڵی جێگرتنەوەی دەدا بە زمانی سەپێنراوی تورکی، بێ گومان ئەمەش ئاشکراترین نموونەی کورد کوژی بوو، کە بریتی بوو لە کوشتنی زمانی کوردی[2]. بۆ نموونە بەندی ١٤ی دەستوور بەڕوونی ئازادی تاك و چین و تیرەکان و زمانی زگماگی نەتەوەکان دەخەفێنێت، هەروەها بنەمای یەکپارچەیی خاك و خەڵکی تورکیا زیاد لە ٢٤ جار لەبەندەکانی دەستووری ۱۹۸۲ دا دووبارە بوویەوە، لەکاتێکدا لەدەستووری ۱۹٦۱ دا ئەم دەستەواژە دوو جار و لە دەستووری ۱۹۷۱دا، ١٦ جار بەکار هاتبوو[3]. بەمجۆرە لە تورکیادا بە بەرەو پێشچوونی کات ئەزموونی زیاتر و نەخشەڕێژی بەرینتر بۆ کوشتنی تایبەتکارە نەتەوەییەکانی پیادەدەکرا .

١ ئیسماعیل بێشکچی : کوردستان کۆلۆنیەکی نێودەوڵەتی ، ل٢٨ .

2. Kristind koivunen : op , cit, p 91-92 .

3. Kristind koivunen : Ibid, p 106-107 .

## باسی دووەم : چارەنووسی ڕێکخستنە سیاسییەکانی باکووری کوردستان

**یەکەم: چارەنووسی ڕێکخستنە سیاسییەکانی چەپی تورك:**

لە پاش ١٢ ئەیلوولی ١٩٨٠ باکووری کوردستان بوو بە گۆڕەپانی جووڵانەوە شۆڕشگێڕەکانی دژ بە دەوڵەت، بەجۆرێك ویلایەتەکانی مێردین و وان و دیاربەکر و قارس و ئورفە و ئەسکەندەرۆنە ڕۆژانە پێکدادانی چەکدارییان لەنێوان ڕێکخراوە کوردییەکان و سەربازەکاندا بەخۆوە دەبینی[١].

ئەمەش چونکە کوردستان دوور لە چاودێری توندیی کودەتاچییەکان بوو، هەربۆیە لە پێناو دروست کردنی پەیوەستییەکی چەکداریی لەنێوان ڕەوتە شۆڕشگێڕییەکانی چەپی تورك و ڕەوتی نەتەوەیی کوردیدا پردێك بۆ خەباتی هاوبەش و تەکتیکی ئەو قۆناغە دروست بوو، چونکە هەمووان لە ئامانجەکانیاندا هاوبەش بوون[٢]. هەربۆیە هەموو چەپی تورك لە پاش کودەتا خواستی نێزیك بوونەوەیان لەگەڵ بزووتنەوەی کوردیدا هەبوو. لە راستیدا ئەم هەوڵەی چەپی تورك دەگەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندی مانەوەیان لە سنوورەکانی کوردستاندا بۆ درێژەپێدان بەکار و چالاکییەکان.

بەگشتی گرنگترین رەوتەکانی چەپی تورك بریتی بوون لە:

١ . پارتی کۆمۆنیستی تورکیا(TKP): پارتێکی لینینیی و مارکسیی بوو، بڕوای بە مافی چارەی خۆنووسین هەبوو بۆ کورد، سلێمان سیکال ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی لە ڕۆژنامەی ناوەندیی (دەنگی کرێکاران) لە ١٩٨٠ دا ڕایگەیاند بوو: "خەباتی کورد دژی زۆرداریی نەتەوایەتییە و خەباتی تورك دژی چینایەتی و ئیمپریالیزم"[٣].

---

١ نوال عبدالجبار سلطان الطائي:التطورات السياسية الداخلية في تركيا(١٩٦٠ـ١٩٨٠)، رسالة دكتوراة غير منشورة، جامعة الموصل،كلية التربية، قسم التاريخ، الموصل،٢٠٠٣، ل١٦٣.

٢ ابراهيم الداقوقي : س ، پ، ل ١٨٩–١٩٠ .

3. Ismet Ŝêrif Wanlî : Derbarê sitraticîya tevgera welatîyî kurd , werger Dr. M. Sicuma, Hawler,1999,l .77-78

٢ . پارتی کاری شیوعی تورکیی: سکرتێری پارتی کاری شیوعی تورکیی (سەلیم حەیدەر) لە ١٩٨٠دا ڕایگەیاندبوو: "لە پێناو پرۆلیتاریای کورددا پارتێکی شیوعی تایبەتمان بڕیارداوە، ئەم پارتە لە ژێر چاودێریی ئێمەیە، کە ڕێکخراویی ڕاستەقینەی پرۆلیتاریای کورد دە"[١]. هەر لەسەر ئەو بڕوایە (پارتی شیوعی کورد) لە کودەتای ١٩٨٠ دا لە ناوچەکانی سنوور بە تایبەتی لە هەرێمی قارسدا خۆی ڕاگەیاند و دەستیکرد بە خەباتی پارتیزانی و توانیان چەند کەس لە هێزەکانی دەوڵەت بکوژن، هاوکات جۆرێک لە هاریکاری ماددیی سنووردایش لە وڵاتانی هەرێمی چنگخۆیان بخەن [٢].

بەڵام ئەم پارتە لاواز بوو، تەنها بۆ شوێنکردنەوەیان لە ناوچە کوردییەکاندا دروشمی کوردانەیان بەرزکردبووەوە .

٣ .ڕێکخراوی (هێزەکانی گەل): ئەم ڕێکخراوە لە بەرنامەدا خواستی مافی چارەی خۆ نووسینی هەبوو بۆ کورد و لە چالاکیشدا بڕوای بە خەباتی چەکداری هەبوو بۆ بەئاکام گەیاندنی شۆڕش، دروشمەکانی بریتی بوون لە: نا بۆ روسیا و ئەمریکا، نەمان بۆ فاشیزم، بەڵێ بۆ کار و ئازادی و زەوی[٣]. بەهەمان شێوەی چەپەکانیتر شوێنی ئەم ڕێکخراوەش لە ڕووداوە سیاسییەکانی دوای کودەتا دیار نییە.

٤. بزووتنەوەی چەپی شۆڕشگێڕ: درێژکراوەی (پارتی ڕزگاریخوازی گەلی تورکیا)و (بەرەی ڕزگاریخوازی گەلی تورکیا)و (بزووتنەوەی لاوانی شۆڕشگێڕ) بوو، کە لە پاش کودەتای ١٢ی ئەیلوول یەکیان گرت و بزووتنەوەی رزگاریخوازی شۆڕشگێڕییان DKH دامەزراند . ئەم جووڵانەوە شۆڕشگێڕەی چەپی تورك ڕێکخراوی ڕێگەی شۆڕشی دایك(Ana-Dev-Yol)ی وەك هێزی سەربازیی خۆی دامەزراند، کە ئامانجی لێدانی سەربازیی

---

١ ندیم البتکین :س.پ.ل٣٣٧ .

٢ داود احمد حسن: س،پ،ل٧٥ ; مدیریه الامن العامه :س، پ، ل١٠٤ .

٣ داود احمد حسن :ه،س،ل٧٥ .

بارەگاكانی لەشكری تورك بوو لە شارەكانی ئەستەمبوڵ و ئەنكەرەدا، بەڵام چالاكییەكانی ئەم ڕەوتە بە لاوازی مایەوە تا لە بەرایی ١٩٨٢دا (سنان كونول) سەرۆكی ڕێكخراوەكە لە لایەن هێزەكانی ئاسایشی توركەوە دەستگیركرا[١]. ئەم جووڵانەوەی چەپی تورك بەهەمان شێوەی چەپەكانیتر بۆ شوێنكردنەوەی خۆی لە كوردستاندا هاریكاری سەربازیی ڕێكخراو و گرووپە كوردییەكانی دەكرد، تەنانەت بە هاوكاریی ئەم ڕێكخراوە لە كوردستاندا (ڕێكخراوی پێشمەرگە) بە سەرۆكایەتی (حوسێن یەڵدرم ) دامەزرێنرا*. (ڕێكخراوی پێشمەرگە) زۆربەی كادیرەكانی لە١٩٨٠ دا لە پ.ك.ك جیابوونەوە. (حوسێن یەڵدرم) ڕێكخراوی (بووژانەوەی) دامەزراندبوو[٢]. كە (ڕێكخراوی پێشمەرگە) بریتی بوو لە باڵی سەربازی ڕێكخستنە سیاسییەكانی. لە بواری رامیاریشدا ڕێكخراوەكە زیاتر بایەخی بە كرێكاری كورد دەدا لە ئەورووپا، هەربۆیە لە زۆرێك لە وڵاتانی ئەورووپا وەك ئینگلیز و ئەڵمانیا و سوید لقی كردەوە[٣].

٥ . گرووپی تیكۆ(TIKKO): گرووپی تیكۆ بەنهێنی مانەوەو لە كودەتا دا هیچ چالاكییەكیان نەبوو[٤]**. بەڵام بۆ ئەوەی لە ناوچە كوردییەكاندا بتوانن بە نهێنی كاربكەن ڕێكخراوێكی تایبەت بە كوردیان دامەزراند بەناوی (ڕێكخراوی كرێكار و جوتیاری كورد لە توركیا)، ئەم ڕێكخراوە كوردییە بانگەشەی دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی سەربەخۆی دەكرد لە توركیا، (عادل شاهین) یەكێك لە كادیرە باڵاكانی پارتەكە لەكاتی دادگاییكردنی لە

---

١ إبراهيم الداقوقى : س،پ،ل١٩٠ .

* حوسێن یەڵدرم وتە بێژی پەكەكە بوو لە ئەورووپاو پارێزەرێكی كورد بوو.( Mechael M.Gunter : OP,cit ,p.31)

2. Mechael M.Gunter : OP,cit ,p.31

٣ إبراهيم الداقوقى : س، پ،ل١٩٣ .

٤ مایكڵ گەنتەر س،پ،ل٥٧ .

** TIKKO لە كۆتایی هەشتادا چالاكییان لە(شیرناخ) ئەنجام دا (مایكڵ گەنتەر س.پ.٥٧).

ئەستەمبولّ وتبووی:"لە جەنگی تۆڵەکردنەوەداین، ناوەستین تا دەوڵـەتێکی کوردی سەربەخۆ دادەمەزرێنین ". دواجـار زۆرینـەی ئەندامـەکانیان چـوونە نێو پ.ك.ك وە[1].

بـەمجۆرە ڕێکخراوەکـانی چـەپی تـورك بـەهۆی پەرتـەوازەیی و نـاکۆکی ناوخۆیان و یەکنەگرتنیان لەتەك بزووتنەوەی نەتەوەیی کـورد، هـەروەها بـە هۆی نەڕەخسانی ڕەوشێکی هەرێمیی لەبار هیچ کاریگەرییەکی ئـەوتۆیان بـە جێ نەهێشت، یان زۆربـەیان هەڕەشـەی زینـدان و تۆقانـدنی ڕژێمـی تورکیـا وەدەرینان و ڕوویان لە هەندەران کرد.[2]

بەمجۆرە دەتوانین بڵێین چەپی تورك لە پاش کودەتا هیچ مەترسییەکیان بۆ سەر ڕژێم نەبوو. تەنها بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد قۆناغێکی تازەی لـە خەباتی رامیاریی و چەکداریی دەسـتپێکرد، بـەجۆرێك بـوو بـە تـەنها گرفتـی سەرەکی تورکیا کە تا ئێستاش بێ چارەسەرێکی هەمیشەیی لە برەودایە.

**دووەم: چارەنووسی ڕێکخستنە سیاسیەکانی کورد:**

کودەتای ١٩٨٠ بۆ کوردستان سـەرەتای قۆنـاغێکی تونـدو تیـژ بـوو، لـەو قۆناغـەدا سـوپا سـالاری و بـاری نائاسـایی هـەموو شـارەکانی کوردسـتانی گرتبووە، هەربۆیە ڕێکخستنەکانی کورد نـەیانتوانی ڕووبـەڕووی ئـەو قۆناغـە نوێیە ببنەوە و باکووری کوردستان بکەن بە مەیدانی خەباتی رامیارییان، لـە دەرێـی کوردستانیشـدا دووبـەرەکی و نـاکۆکیی ئایـدیۆلۆژی و رامیـاریی لـە نێوانیانـدا ڕێکخسـتنەکانیانی سسـت کـرد و بـوو بـە هـۆی پەراوێزخسـتنی زیاتریان و دابەشبوونی پارتـەکان چـەند پـارتێکی بچـووك و لاوازی لێهانینـە بەرهەم. بەم نەزمە زۆربەی ڕێکخستنە سیاسییەکانی کوردستان نەیان توانی قـەبارەی سروشـتی و کیـانی خۆیـان بپـارێزن[3]. لـە نـاوخۆی کوردستانیشـدا

---

١ إبراهيم الداقوقي : س،پ،ل١٩٢ .

٢ فاتح ڕەسولّ: بنچینەی بیرۆکەی چەپ ،ل٩٨ .

٣ حركه التحرر القوميه كردستان –تركيا (كوك) : س،پ، ل٤–٥ .

چالاکی رامیاریی پارتەکان و ڕۆژنامـە و گۆڤـار و هـەموو ئـەو یانـە و کۆمەڵـە ڕووناکبیریانـــەی ڕێکخســـتنی پارتـــەکان دەیجووڵانـــدن قەدەغـــەکران و پرۆســـەیەکی بـــەرفراوانی دادگـــاییکردن ئەنـــدامان و ســـەرکردەکانی پارتـــە سیاسییەکان و نووسەر و خاوەن ڕۆژنامـە و گۆڤارەکـانی گرتـەوە[1]. بەمـەش زۆرینەی سەرکردەکانی پارتـە سیاسـییەکان ڕوویـان لـە ئـەورووپا کـرد و لـە خەباتی سیاسـیی سـارد بوونـەوەو وازیـان هێنـا[2]. چـاودێران ئـەم دیـاردەی ڕووکردنە ئەورووپایە بە یەکێك لە سیاسەتەکانی ڕژێمـی تورکیـا دەبیـنن، تـا لەدەرەوە ڕۆحی شۆڕشگێڕییان بکوژن و دەستەمۆیان بکەن، چـونکە ڕژێمـی تورکیا لە ئەورووپا لە ڕێگەی ژەنەڕاڵ (حیدر سالتك) کارئاسـانیی دەکـرد بـۆ شـــوێنکردنەوەی پەنابـــەرانی رامیـــاریی کـــورد[3] و چـــاودێری جموجـــووڵی و چالاکیانی دەکردن. لە لایەکیترەوە باڵیۆزانی تورکیا لە ئەورووپا هەمیشە بە شـێوەی دیپلۆماسـی و شـێوازی تـری فشـار هەوڵیانـدەدا یارمەتییـەکانی دەوڵەتـــە ئەورووپییـــەکان بـــۆ کـــورد و بەشـــداریکردنیان لـــە بەرنامـــە کولتوورییەکان نەهێڵن و بەربەست لەبەردەم پەخشی ڕادیۆیی و ڕاگەیاندیاندا دروست بکەن. بۆ نموونـە لـە وڵاتـانی ئەسکەندەنافیادا و لـە نێـو کۆچـەرە کوردەکاندا باڵیۆزی تورکیا لە (کۆپن هاگن) ڕێگریکرد لە بـەردەم کردنـەوەی کۆرسەکانی فێربوونی زمانی کوردی بۆ زارۆیانی کورد. لەم بارەیەوە باڵیۆزی تورك ڕایگەیاندبوو:"ئەوانە لە هەر خاکێك بن هەر تورکن و بۆیان نییە یاسای تورکیا بشکێنن"[4].

ڕێبەرە سیاسییەکانی کـورد لـە ئـەورووپا، کـە زۆربـەیان لـە سـوید بـوون کەوتبوونە ژێر کاریگەریی پڕوپاگەندە ڕاگەیەنراوەکانی کودەتاوە[5]، سەبارەت

---

١ حەسرەتیان : یاسا دەستووریەکانی تورکیاو کورد، ل١٠٤ .

٢ محمـد عـامر دێرشـەوی :س، پ، ل١٥ ; حرکـە التحـرر القـومی کردسـتان –ترکیـا (کـوك) :س.پ.ل٢.

٣ حەسەن جودی : س، پ، ل٢٧٧ .

4. Amir Hassanpur : Kurdistan damilliyetçilik vedil (1918-1985),S.23-24 .

5. Edgar Ó Balance: OP,cit p.147

بەم ڕەوشە عیسمەت شەریف وانلی دەڵێ: "لە کاتێکدا خەڵکی کورد لە چوار دەوڵەتی داگیرکرا و دا پەڕاگەندە ببوون، وەلێ بەرپرسەکانیان لە ئەورووپا بوون، مرۆڤ ئازار دەخوات کە ئەوانە نەیانتوانی وەزیفەی شۆڕشگێڕییان بە ئەنجام بگەیەنن"[1]. پێمان وایە یەکێکیتر لە چاودێرییەکانی دەوڵەت بۆ کوردە کۆچبەرەکانی ئەورووپا درووست کردنی ناکۆکی و پەرتەوازەییان بوو لە بواری یەکبوونی گوتاری نەتەوەییاندا. بۆ نموونە دەزگەی هەواڵگیریی تورکیا کاری دەکرد بۆ لاوازکردنی هەستی نەتەوەیی و کوردبوون لە نێو عەلەوییەکاندا، هەربۆیە ئەو ڕێوشوێنە ئایینیە سوننیەی تورکیا بەکاری دەهێنا لە دژی عەلەوییەکان، هۆکاری زاڵبوونی گوتاری مەزهەبیان بوو بەسەر گوتاری نەتەوەییاندا، هەربۆیە لە دەرەوەی وڵات هەستان بە دامەزراندنی چەندین کۆمەڵەی ئاییني. بۆ نموونە ڕێکخراوی چەپی توندڕەوی عەلەوی لە ئەڵمانیا بەنێوی گزیل یول (KizilYol) بانگەشەی ئازادکردنی (عەلەوییەستان)ی دەکرد، کە زۆرێك لە کوردە چەپە عەلەوییەکان لە ڕیزەکانیدا بوون. ئەمەش هۆکاری ئەوەبوو کە کوردە عەلەوییەکان و زازا زمانەکانی کورد خواستی ڕامیارییان لە نێو گرووپە کوردییەکاندا لاواز ببوو، هەربۆیە بەشێك لە ڕێکخستنە کوردییەکان پێیان وابوو بانگەشەی عەلەویی بوون لەو قۆناغەدا تەنها پلانی تورکیا بوو[2].

لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لەو پەنابەرە ڕامیارییانەی کورد توانیان ئەرکی نەتەوەیی خۆیان لە دەرێ بەجێ گەیەنن، لەم بارەیەوە حەمید بۆز ئەرسەلان دەڵێ:" ڕاستە دوورکەوتنەوەی سیاسییەکانی کورد بۆ دەرەوە، بوو بەهۆی لەناوچوونی ڕۆحی سیاسییان، وەلێ جێگیربوونی سەدان ڕۆشنبیری کورد لە ئەورووپا بوو بە هۆی دروست بوونی ناسیۆنالیزمێکی نوێ

---

١ گفتوگو با عیسمەت شەریف وانلی : س،پ، ل١٦-١٥ .

٢ فەرید هالیدای و اخرون : س،پ،ل٦٥-٦٦ .

کە کاری لەسەر کولتووری کوردی دەکرد، لەو قۆناغەدا تەنها لە سویسرا زیاد لە (٨٠٠) بەرهەم بڵاوکرانەوە"*[١].

بەمجۆرە پرۆژەی رامیاری و کاری ڕێکخراوەییان لە کوردستان شکستی هێنا و کارو چالاکی ڕێکخستنە سیاسییەکانی کورد لە ناوخۆدا نەما[٢]. لە مانگی ٣ی ١٩٨١دا دەسەڵاتدارانی سەربازی تورکیا ڕایانگەیاند هەموو ڕێکخراوە توندڕەوە تیرۆریستەکانی تورکیایان هەڵوەشاندووەتەوە، بەجۆرێك هەندێك لەوانە دەستگیر کراون و هەندێکیشیان هەڵهاتوون بۆ دەرەوەی وڵات، لەگەڵ ئەوەشدا دانیان بەوەدا نا هەندێك جوداخوازی توندڕەو بەتایبەتی چەپڕەوەکان لە کوردستاندا چالاکی دەکەن، هەروەها ڕاشیان گەیاند تا نهۆ هەڵسوڕاوە سیاسییەکان٤٣١٤٠ کەسیان بە تۆمەتی کاری تیرۆریستی و چالاکی نایاسایی قۆڵبەست کراون، ئەوانە تا بەرایی ١٩٨١، ٢٩٩٢٩کەسیان لە گرتوخانەکاندا مابوونەوە.

هاوکات کودەتاچییەکان ئەزموونی یاساکانی پێشوویان لەبەرچاو گرت بۆ ڕێنەدان بە دروست بوونی گرووپ و ڕێکخراوی سیاسیی کوردیی. بە پێی دەستوور هەر گرووپێك خواستی دامەزراندنی پارتی هەبووایە دەبوو بە لایەنی کەمەوە لە ٣٤ پارێزگای وڵاتدا ڕێکخستنی هەبووایە[٣]. بەمەش هەرگیز کورد نەیاندەتوانی ئەو مەرجانە بهێننە دی، ناچار وەك هەمیشە بەشاراوەیی گرووپ و پارتە نهێنییەکان مانەوە، ئەمانەش بریتین لەو ڕێکخستنە کوردییانەی کە لە پاش کودەتا لە ناوخۆدا و لە کوردستانی دابەشکراودا کاریان دەکرد:

---

* ئەنستیتۆی کورد لە پاریس دامەزرا ، لە بواری دیپلۆماسیدا ڕۆڵی مەزنی گێڕا .(حەمید بوز ئەرسەلان:س،پ،ل٩٧ ) .

١ حەمید بوز ئەرسەلان: س،پ،ل٩٧ .

٢ صلاح عصام ابوشقرا : الاكراد شعب المعانات ، نافذة على واقعهم في لبنان والعالم ، ط١ ، دار الهادي ،بيروت،١٩٩٩،ل٣٥;Edgar Ó Balance: op,cit p.147

3. Edgar Ó Balance: op,cit p.149 .

**یەکەم: بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەی کورد (کوك):** کوك وەك ڕێکخستنێکی نایاسایی لە باکووری کوردستاندا کەوتە بەرشاڵاوی کودەتاچییەکان، ناچار تەواوی ڕێبەر و کادیرەکانی هەڵهاتن بۆ باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان و بە فەرمی خەباتیان گواستەوە بۆ دەرەوەی وڵات[1]. چەند هۆکارێك یارمەتیدەریان بوو بۆ ئەوەی وەك ڕێکخستنەکانی تر زیانی گەورەیان بەرنەکەوێت لەوانە :

١. شوێنی چالاکییان و جەماوەریان لە ناوچە سنوورییەکانی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستاندا بوو، لەبەرئەوە کەمتر لەژێر چاودێری و دوورتر لە پەلاماری کودەتاچییەکان بوون.

٢. پێش ڕوودانی کودەتا ڕێکخستنەکانیان خزاندبوویە نێو خاکی سوریاوە[2]. لەم بارەیەوە شەفیق قایا دەڵێ:" سەدان کادیری کوك لە قامیشلۆدا دەربازی ڕژێم ببوون و بە نهێنی ڕامیاریان دەکرد، وەلێ وەك ڕێکخستنەکانی تر ئاشکرا نەبوون"[3].

٣. بنکە گەریلاییەکانی کوك لە ئەروح و شەرناخ پێش ڕوودانی کودەتا ئامادەباشییان کردبوو، لەم بارەیەوە عەبدولڕەحمان گوندی دەڵێ:" لەکودەتادا ٥٠٠ گەریلامان هەبوون لە نێوچە سنوورییەکاندا" [4].

٤. بە پێچەوانەی ڕێکخستنەکانی تر، زۆر بە نهێنی و شاراوەیی چالاکییان ئەنجام دەدا، هەربۆیە ئاسان نەبوو بۆ ڕژێم کادیر و ڕێبەرەکانی کێومالْ بکات، تەنانەت ڕێکخستنە نهێنییەکانیتر بەئاگا نەبوون لە پێناسی کادیرەکانیان[5].

---

١ الحركة التحرر القومية فى كردستان تركيا (كوك): س، پ، ل١٦ .

٢ چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدولڕەحمان گوندی)، دهۆك،١١-٢-٢٠٠٩.

٣ چاوپێکەوتن لەگەڵ (شەفیق قایا)، هەولێر،٦-٣-٢٠٠٩.

٤ چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدولڕەحمان گوندی)، دهۆك،١١-٢-٢٠٠٩; چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەدیجە یەشار)، سلێمانی، ٣-٣-٢٠٠٩ .

٥ چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدولڕەحمان گوندی)، دهۆك،١١-٢-٢٠٠٩.

هەربۆیە سەرکردایەتی سیاسیی کوك و گەریلاکانی توانیان تا ١٩٨١درێژە بـە خـەباتی ڕامیـاریی و چـەکداریی بـدەن لـە سـنوورەکانی بـاکووری کوردستاندا[١]. بۆ ئـەم مەبەسـتە لەلایـەن پ.د.ك.ع لـە ناوچـە سـنووریەکانی نێوان باشوور و باکووری کوردستاندا کۆمەکیی مادی و ڕامیارییان کرا بۆ خۆ سازدانەوەی ڕێکخستنەکانیان[٢]. هاوکـات ح.ش.ع پشـتگیریەکی فـرەی کـوك یـان کـرد، بـەجۆرێك کاریگـەریی بـەرینیان لەسـەر هـزری ئەندامـەکانیان بەجێهێشـت[٣]، تەنانـەت زۆربـەی کادیرەکـانی کـوك لـە بارەگاکـانی ح.ش.ع دەمانـەوە[٤]. خێوەتـەکانی کـوك دەکەوتنـە سـەر زێـی خـاپوور لـە نێـوان بارەگاکـانی پ.د.ك.ع و ح.ش.ع، ئـەوێ ببوویـە مۆڵگـەی زۆرێـك لــە ڕێکخسـتنەکانی کـورد[٥]. ئـەوکات کـوك لـە قۆنـاغی خـۆ کۆکردنـەوەدا بـوو، بەرپرسی سەربازی گەریلاکانی کوك د. ئیکرام دەڵێ:" پەرت و بڵاو بووین و بەدوای چارەیەك دەگەڕاین لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا"[٦]. هەربۆیە لەبەرایی ١٩٨١ دا سەرکردایەتی سیاسی کوك یەکەمین کۆنفراسـی خـۆی لـە دەرەوە گرێـدا، لەو کۆنفرانسەدا بە تەواوی نێوی (پارتی دیموکراتی کوردسـتانی تورکیـا) لـە پرۆگرامیـدا سـڕایەوە و بـە فـەرمی گـۆڕدرا بـۆ بزووتنـەوەی ئـازادیخوازی نەتەوەیی کورد لە تورکیا (کوك). سەرکردایەتی پێی وابوو کوك ناوێك بوو لە تـەك هـزر و میتـۆدی بزووتنەوەکـەیان دەگونجـا، هەربۆیـە لـە پێنـاو ڕێکخسـتنەوەی پـارتێکی ئایـدیۆلۆژی چـەپ و لەسـەر بنـەمای پـارتێکی پرۆلیتاری مارکسیی و لینینی نێوی کوك جێگیرکرا[٧].

---

١ الحركه التحرر القوميه فى كردستان تركيا (كوك):س،پ،ل١٧–١٨ .

٢ حبيب محمد كريم: س،پ،ل٥٤٠ .

٣ چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدولڕەحمان گوندی)، دهۆك،١١-٢-٢٠٠٩ ; چاوپێکەوتن لەتەك (عەزیز موحەمەد)،٥-٥-٢٠٠٩.

٤ فاتح رەسوڵ : بنچینەی بیرۆکەی چەپ، ل١٢٦ .

5. Laleş Qaso :S,P,L.31 .

٦ فاتح رەسوڵ : بنچینەی بیرۆکەی چەپ ،ل١٢٤.

٧ الحركه التحرر القوميه فى كردستان تركيا (كوك):س،پ،ل١٦ .

ئەنــدامانی هەڵبـــژێردراوی کۆمیتـــەی ناوەنـــدیی بریتـــی بـــوون لـــە: عەبدولڕەحمان گوندی و نزار سەلیم عەزیزی و عومـەری سەرسـپیا و حەمید ئیسماعیل ئاغا، لە نێو خۆشیاندا سکرتێری گشتی بە ناوی خـوازراوی (دارا) هەڵبـــژێردرا و ســـەرکردایەتی نـــوێ ئامانجـــەکانی خـــۆی لـــە کۆتـــایی کۆنفرانسی١٩٨١دا ڕاگەیاند[1]. گرنگترین ئامانجیـان بریتـی بـوو لـە دروسـت کردنـــی دەوڵـــەتێکی ســـەربەخۆ و یـــەکگرتووی کـــوردیی. هاوکـــات بـــۆ بلاوکردنەوەی ئەدەبیاتی خۆیان بڕیاریاندا ڕۆژنامەیـەکی بـە نـاو هـەیڤی وەك ئۆرگـانی فـەرمییان بـەناوی (تێکۆشـەر) بلاوبکەنـەوە[*2]. هاوکـات لـەپێناو دروسـت کردنـی بەرەیـەکی یـەکگرتوودا لـە سـاڵیادی کودەتـادا لەگـەڵ ١٢ ڕێکخستنی نەتەوەیی کوردی و چەپی تورکیدا دژی ڕژێمی سەربازیی تورکیـا بلاوکراوەیەکیان دەرکرد و بڕیاری درێـژەدانیان دا بـە خـەبات[**3]. بـەلام لـە بـواری کرداریـیدا وەك ڕێکخسـتنێك لـە پـاش کۆنفرانسـی ١٩٨١ ڕۆڵیـان لـە کوردستان دا بزر بوو، دواجـار بـە یـەکجاری لـە١٩٨٢ دا چـوونە ئـەورووپا[4]، ئەمەش دەرهاوێشتەی چەند هۆکارێك بوو لەوانە :

---

١ الحرکـە التحـرر القومیـە فـی کردسـتان ترکیـا (کـوك):هـ، س،ل١٥; مەکتـەبی دیراسـاتو لێکۆڵینەوەی پارتی : پەکەکە ،ل١٠ .

* (تێکۆشـەر) تـەنها سـێ ژمـارەی دەرچـوو Malimisanij u Mahamud Lewendi .(:S,P,L.286).

2. Malimisanij u Mahamud Lewendi :S,P,L.286 .

** ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکان بریتی بوون لـە (پەسـەکە، ئـالای ڕزگـاری، پەکەکـە، کـوك، تێکۆشین، پارتی کاری کۆمۆنیستی لە تورکیا، پـارتی شـیوعی تـورکی یـەکگرتوو TKPB، پارت و بەرەی گەل بۆ ڕزگاری تورکیا، یەکێتی کرێکاران، ڕێگار شۆڕش، پارتی شۆڕشگێڕ، پارتی پێشکەوتنخوازیی کرێکارانی کوردستان P.P.K.R.( حامـد محمـود عیسـی : القضـیة الکردیة في الشرق الاوسط.ل٣٨٠).

٣ حامد محمود عیسی : القضیة الکردیة في الشرق الاوسط .ل٣٨٠ .

٤ الحرکة التحر القومیة فی کردستان ترکیا (کوك).س.پ.ل١٦–١٧ .

١ . شكستهێنانی خەباتی ڕامیاریی و سەربازیی لە باکووری کوردستان بە هۆی چاودێری توند و کوشت و بڕو ڕەدوونانی کادیرەکانیان لە لایەن پۆلیس و ئاسایشی تورکیاوە، بەتایبەت لە ١٩٨٢دا زیاد لە ١٠٠ هەڵسووڕاویان قۆڵبەستکران .

٢.دەست وەردان و دنەی دەرێ بۆ ناو ڕیزەکانیان بەهۆی لاوازی ئۆرگانەکانیانەوە[١]، بە تایبەت ح.ش.ع کاریگەریی زۆری لەسەر پەرتبوونی هەبوو، ئەویش بەهۆی کاریگەربوونی ئەندامانی بە هزری چەپخوازی و دوورکەوتنەوە لە ناسیۆنالیزم[٢].

٣ .ئەو ڕێبەرانەی کوک کە بوونە پەنابەری سیاسیی لە ئەورووپا، لەوێ ڕێکخستنێکی جوداوازیان دروست کرد، لەم بارەیەوە (م.ح. ئۆغلی) لە ڕێبەرە باڵاکانی کوک، کاتێك لە ڕێگەی پارتەوە چووە ئەورووپا، لەوێ ڕێکخراوێکی مارکسیی بەناوی (ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانیی کوردستان)ی دامەزراند[*]، لە کوردستانیش ١٩٨٢ کوك ڕیزەکانی پەرتبوون بۆ دوو باڵی جوداواز، باڵێکیان تەرەفداری سۆشیالیزم بوو، بڕیاریاندا لە (کوک)ی نێوەندیی جیاببنەوە کە لەژێر سەکردایەتی (دارا)دا شوناسێکی نەتەوەیی بە ڕەوتی خەبات دەدا[٣]. ئەم ڕەوتە لە نێو پێکهاتەی ئایدیۆلۆژی کوک بەردەوام وەك هێڵێك پەیوەستبوو بە میتۆدی پ.د.ك.ع.[٤] لە بەرایی ١٩٨١دا گۆڤارێکیان بە نێوی (خەبات لەسەر ڕێگەی بارزانی) دەرکرد، ئەم گۆڤارە

---

١ الحركة التحرر القومية فى كردستان تركيا (كوك): هـ، س، ل١٦–١٧ .

٢چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدولڕەحمان گوندی)، دهۆك،١١-٢-٢٠٠٩

* م.ح ئوغلیو خێزانەکەی ئەندامبوون لە بەرەی تەڤگەری ڕزگاری کوردستان کە لە (١٥)پارت پێکهاتبوون لە ئەوروپا .

٣ الحركة التحرر القومية فى كردستان تركيا (كوك):س،پ،ل١٦–١٧.

٤ چاوپێکەوتن لەگەڵ (شەفیق قایا)، هەولێر، ١١-٣-٢٠٠٩ .

وەك ئۆرگانی فەرمیی پ.د.ك.ت، بڵاویان دەكردەوە و گرنگی بە ئەزموونی پ.د.ك.ع دەدا [١*] .

٤ . كوك دەبوو لەگەڵ پارتەكانی باشووری كوردستان پەیوەندی بەهێزی دروست بكردایە، بەلام لەلایەكەوە هۆكاری ئایدیۆلۆژی و گرفتەكانی ڕابردوو [**] هۆكاری دروست نەبوونی پەیوەندییان بوو لەگەڵ ی.ن.ك ، لەلایەكیترەوە لەگەڵ پ.د.ك.ع یش هەموو جۆرە پەیوەندییەكی پچڕاند. چونكە پێیان وابوو بۆ ئەوەی ماركسیی بن پێویستە لە سەنگەری پارتە بۆرجواو ڕاسترەوەكاندا نەبن. هەروەها لەگەڵ پ.ك.ك دا گرفتەكانی پێشوویان زیاتر پەرە پێدەدا [٢]. پ.ك.ك لە ڕاگەیاندنی ساڵیادی كودەتادا كوكی بە تۆمەتبار و هاریكاری ڕژێمی توركیا دەزانی [***] .

٥. سەركردایەتی كوك كەم تەمەن بوون و ئەزموونی كاری پارتایەتییان نەبوو، هەروەها نەبوونی سەركردەیەكی كارێزمی بە توانا لە ڕیزەكانیاندا دووچاری پەرتبوون و بێ سەرەو بەرەیی كردبوون [٣] .

٦ . كوك لە پاش كودەتا گرنگی بە بواری سەربازیی نەدەدا، لە كاتێكدا چەك و چۆڵ پێویستییەكی ئەو قۆناغەی خەبات بوو، وەلێ بە پێچەوانەوە بەشی سەربازیی هەڵوەشانەوە [٤]. هەربۆیە د.ئیكرام بەرپرسی گەریلاكانی

---

* ئەم گۆڤارە تەنها سێ ژمارەی لێدەرچوو ، ساڵی ١٩٨١ كۆتایی هات.( Malimisanij u Mahamud Lewendi :S,P,L.287.)

1. Malimisanij u Mahamud Lewendi :S,P,L.287 .

** مەبەست لە ڕووداوی (هەكاری)یە .

٢ نادر انتصار : س، پ، ل٧٥.

*** بڕوانە دەقی ڕاگەیەنراوی پ.ك.ك لە ساڵیادی كودەتادا، پاشكۆی ژمارە(٢٤).

٣ چاوپێكەوتن لەگەڵ (عەبولڕحمن گوندی)، دهۆك،١١ـ٢ـ٢٠٠٩; ابراهیم الداقوقی : س.پ.ل ١٩٢–١٩٣ .

٤ كریس كۆچیرا : بزوتنەوەی نەتەوایەتی كورد ، ب٢،ل١٥٧ .

کوک دەڵێ:"پ.ک.ک توانی ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە ئێمە دروستمان کردبوو"[1].

**دووەم: کۆمەڵەی فەرهەنگیی دیموکراتی شۆڕشگێڕ (د.د.ک.د):**

د.د.ک.د وەك ڕێکخستنێکی نیمچە ئاشکرا لە پاش کودەتا کار و چالاکییەکانی لە باکووری کوردستان کۆتایی پێهات، چونکە هەموو ئەو یانەو ڕێکخراوە فەرمییانەی ڕێکخستنەکان لە نێویدا چالاکییان ئەنجامدەدا داخران[2]، هەروەها ئەو گرووپە چەکدارییانەی کە بڕیار بوو لە ڕێگەیانەوە خەباتی چەکداری دژی ڕژێمی تورکیا دەست پێبکات پەرتبوون و کێومال کران. تەنها لە کۆتایی ١٩٨٠ دا (٦٢) چەکدار هاوکات لەتەك چەندین کادیریان کە دزەیان کردبووە ناو هێزەکانی پۆلیسەوە قۆڵبەست کران[3]. چونکە وەك ڕێکخراوێکی نایاسایی و تێرۆریستیی ئەندامانی تۆمەتبار دەکران بە دروست کردنی کیانێکی سەربەخۆ بۆ کورد و کوشتنی بە ئەنقەست* و پێشێلکردنی یاسای ژمارە(٦١٣٦) و دزێو قۆستنەوەی دەسەڵاتەکانی میریی**.

هەربۆیە سەرکردایەتی د.د.ک.د دەربازیی سوریا و لوبنان و ئەورووپا بوون و کۆتاییان بە خەباتی ڕامیاریی هێنا لە تورکیا دا. لە ڕاستیدا ئەو هۆکارانەی ئەم ڕێکخراوەیان پەراوێزخست لە خەبات، نەبوونی ئەزموونی کادیرەکانی بوو لە خەباتی شاخ و چەکدارییدا. لەلایکی ترەوە ئەو قۆناغە

---

١ فاتح ڕەسوڵ : بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ ، ل١٢٤ .

2. Emin Demirel : Terör,S.635.

3. Emin Demirel : Terör,S.624-625.

* دەستگیرکراوەکان تۆمەتبار بوون بە کوشتنی خوێندکاران بەنێوەکانی(یەشار یەلماز، ئەکرەم بچاك، فیکرەت کەکلیك، ریفعەت سەزگین.(Emin Demirel :A,G,E,S.612)

** کەریمی حسامی دەڵی" ١٩٨٠ لە ڕێگای وان و دیاربەکردا چەندەها دروشمی د.د.ک.د نووسرابوون و پۆلیس ڕەشی کردبوونەوە.( کەریمی حسامی:س،پ،ب٧،ل١٥٢–١٥٣) .

خەباتی نهێنی دەخواست، وەلێ د.د.ك.د تـەنها ئـەزموونی كاركردنیـان لـە نێو یانە و كۆمەڵە ڕۆشنبیرییەكاندا هەبوو، كە ئەو دەمە لە توركیا دا قەدەغە بـوون. هاوكـات نـاكۆكیی نێوخۆشـیان لەمپـەربوو بـۆ بـە ئاكـام گەیانـدنی پەیوەنـدی لەتــەك پارتــەكانی باشـووری كوردسـتان. چـونكە د.د.ك.د لــە ڕووداوی هەكاریی دا دژ بە پارتی بوون، تەنانەت ئەو باڵەی ڕێكخسـتنەكانیان كە كۆمەكی ی.ن.ك یان دەكرد، لە ڕیزەكانیاندا وە دەرنرابوون.

**سێیەم: پارتی سۆسیالیستی كوردستانی توركیا(پ.س.ك):**

پ.س.ك لــە كودەتــای ١٩٨٠ دا تــەواوی ڕێكخســتنەكانی لــە بــاكووری كوردستان ڕاگیران و سەركردایەتی سیاسیی پارتەكەش بڕیاریانـدا ڕووبكەنـە ڕۆژهــەڵاتی كوردســتان[١]. ســەبارەت بــەم گۆڕانــە كــەمال بۆركـای[*][**] لەگـەڵ زۆربەی ئەندامانی كۆمیتــەی ناوەنـدیی چـوونە ڕۆژهــەڵاتی كوردسـتان، وەلێ بارەگەی ســەرەكی پارتەكــە هــەر لــە (خـڕی نـاوزەنگ) بـوو. لـەوێ پ.س.ك تـوانی پەیوەندییــەكانی خـۆی لەتــەك تــەواوی پارتــە سیاســییەكاندا بــەهێز بكات[٢]. لە هەمانكاتدا بەشێكی زۆری ڕووناكبیر و نووسـەر و مامۆسـتایان كـە لـە ڕێكخسـتنەكانی پ.س.ك بـوون ڕوویـانكردە ئـەورووپا، تـا بتـوانن لـەوێ چالاكییەكانی خۆیان لە چواچێوەی ڕێكخراوەكاندا درێـژە پـێ بـدەن [٣]. وەلێ لـە نـاوخۆدا زۆرێـك لـە ئەندامـە باڵاكـانی دەسـتگیركران و قۆنـاغێكی دژوار لەبەردەم ژینگەی چالاكییە سیاسیەكانیاندا دەستی پێكـرد[٤]، سـەبارەت بـەو ڕەوشە مەسعوود تەك دەڵێ:"میت هەموو ڕێكخستنەكانی پ.س.ك ی ئاشكرا

---

1. Faruk Aras:S,P,L.23

* لـە پـاش كۆدەتـا (كـەمال بۆركـای) ڕەگەزنامـەی تـوركی لێسـەندرایەوە .(مایكـل گەنتــەر :س.پ.ل٢١٣ ).

٢ چاوپێكەوتن لەگەڵ (مەسعود تەك)، هەولێر .

٣ حەسرەتیان : كوردستانی هاوچەرخ، ل٧٤ .

٤ چاوپێكەوتن لەگەڵ (مەسعود تەك) ; جیرارد جارلدیان:س،پ،ل٨٦ .

کرد بوو، لەبەرئەوە ئەو کارمەندە دەوڵەتییانەی کە بە پێوەندی لەتەک پ.س.ک تێوەگلابوون قۆڵبەستکران ".

پ.س.ک توانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی بەهێزی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حدکا ڕێکخستنەکانی خۆی ڕێك بخاتەوە[١]. چونکە کەمال بۆرکای لەتەك عەبدولڕەحمان قاسملۆ پەیوەندیی فرە بەهێز بوو. کەریمی حیسامی دەڵێ:" کەمال بۆرکای میوانی قاسملۆ بوو لە دەفتەری سیاسی حدکا دا"[٢]. هەروەها لە سایەی حدکا دا ئۆرگانی نێوەندی پ.س.ک بەنێوی (ڕۆژی گەل) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرچوێنرا[*] و تا کۆتایی ١٩٨١ بەردەوامبوو[٣]. لە ڕاستیدا چەند هۆکارێك بوون بە هۆی ئەوەی پ.س.ک نەتوانێت لە باکووری کوردستاندا درێژە بە خەباتی ڕامیاریی بدات، هەر بۆیە وەك پارتێکی لاواز سەرکردەکانی ڕوویانکردە ئەورووپا و پەرتبوون، گرنگترین هۆکارەکانی ئەو لاوازیەش بریتی بوو لە:

١.ئەو ئەندامانەی ڕوویانکردە ئەورووپا لە پ.س.ک دابڕان، لەم بارەیەوە فاروق ئاراس دەڵێ:"کە چوومە سوید لە پارتەکەم دابڕام، ئەندامەکانی تریش، کە زۆربەیان هاتنە ئەورووپا وەك من بوون" [٤].

٢. ڕیفۆرمخواز و شلڕەوبوون، بڕوایان بە خەباتی چەکداری نەبوو، چالاکییەکانیان لەتەك ڕژێمی سەربازیدا واقیعیی نەبوون[٥].

٣.ئەو ڕەوشە ئازادەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتبوویە گۆڕێ، بەهۆی بەهێزبوونی دەسەڵاتی نێوەندی و سەرکوتی جووڵانەوەی کورد لە ئێراندا درێژەی نەکێشا، بەمەش بواری خۆ ڕێکخستنەوەیان نەما[٦].

---

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیە .

٢ کەریمی حیسامی :س،پ ،ب٧،ل١٧٠ .

* بڕوانە بەرگی یەکەمی (ڕۆژی گەڵ) ، پاشکۆی ژمارە (٢٥).

3. Malimisanij u Mahamud Lewendi :S,P,L.314 .

4. Faruk Aras:S,P,L.23

٥ إبراهيم الداقوقی :س،پ،ل٢٧١–٢٧٤ .

٦ چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدوڵای حەسەن زادە)، کۆیە ، ١٩-١١-٢٠٠٩ .

٤. پ.س.ك پەیوەندییەكانی لەگەڵ پ.د.ك.ع بە پێی پێویست نەبوو، پێی وابوو پ.د.ك.ع گەلێ كۆسپی لە بەردەمیاندا دروست كردووە، بۆ نموونە لە٣/١٠/١٩٨١ سكرتێری پ.س.ك لە مەكتەبی ح.ش.ع كۆبوونەوەو ناڕەزایەتییان لەو ڕەوشە دەربڕی و بڕیارياندا گرووپێك لە ئەندامانیان لەگەڵ ح.ش.ع خۆ حەشاربدەن[1]. لە ڕاستیدا ململانێی ئایدیۆلۆژی و بەهێزی پەیوەندییان لەگەڵ نەیارانی پ.د.ك.ع، هۆكارێك بوو بۆ ئەوەی نەتوانن ڕێكخستنی خۆیان لەو سنوورانەی پارتی لێیە درێژە پێبدەن.

**چوارەم: پارتی ڕزگاری كوردستان (ڕزگاری):**

ڕزگاریی بە هۆی دابەشبوونی بۆ (ئاڵای ڕزگاری)و (ڕزگاری) ڕێكخستنەكانی زۆر لاواز ببوون، هەربۆیە كە كودەتای سەربازی ١٩٨٠ ڕوویدا هیچ چالاكییەكیان نەما[2]. ئیتر سەرۆكایەتی ڕزگاریی بە سەرۆكایەتی مومتاز كوتان وەك هەموو پارتە كوردییەكانی تر پەنایان نەبردە بەر پارچەكانی تری كوردستان، وەلێ ڕاستەوخۆ ڕوویان لە ئەوروپا كردو كۆتایی بە ژیانی سیاسییان هات لە كوردستاندا[3]. لە ئەورووپاشدا جگە لە دەركردنی بڵاوكراوەیەك و بوونێكی تیۆری هیچ ڕۆڵێكیان نەبوو *.

**پێنجەم: ئاڵای ڕزگاری:**

ئاڵای ڕزگاری لە كودەتای ١٩٨٠ دا لە (خڕی ناوزەنگ) جێگیرببوون، هەربۆیە بارەگەی سەركردایەتی و سەربازییان لەگەڵ ڕوودانی كودەتادا

---

١ فاتیح ڕەسووڵ ، چەند لاپەرە یەك لە مێژووی خەباتی ، ب٢ ،ل٣٤٧-٣٤٦ .

٢ مایكڵ گەنتەر، س،پ،ل١٣٨ .

٣ فرەنسۆ هەریری : بزافی رزگاریخوازیی كوردستانی توركیا،ل١٩ .

* ساڵی ١٩٨٣ گۆڤارێكیان بەنێوی (یەكێتی) دەركرد، كە تەنها دوو ژمارەی لێدەرچوو، بانگەشەی سەربەخۆیی دەكرد بۆ هەر چوارپارچەی كوردستان، ١٩٨٤ لەگەڵ (كوك) یەكیان گرت .( فرەنسۆ هەریری ، بزافی رزگاریخواز، ل١٩ ).

پـارێزراو بـوو، ئـەو کۆمیتـە (٣) کەسـییەی (ئـالآی ڕزگـاری) دەبـرد بـەڕێوە بەمجۆرە دابەشببوون : خەدیجە یەشار و ئەکرەم دەلەم لە (خرِی نـاوزەنگ) بـوون و ئیـبراهیم گوجلـوش لـە بـاکووری کوردسـتان مابوویـەوە و خـەباتی سیاسیی بەنهێنی دەکرد.[١] ئیبراهیم گوجلو دەڵـێ:" لـە پـاش کودەتـا چـەند مانگێك لە باکووری کوردستان ماینەوە و بە نهێنی خەباتمان دەکرد، دواجـار هاتینە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان"**[٢]. (ئـالآی ڕزگـاری) بـە هاریکـاری (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) هێزی سـەربازیی تۆکمـەکرد و خۆیان بۆ خەباتی چەکداری ئامادەکرد. سەبارەت بەم ئامادەکارییە خەدیجە یەشار دەڵێ:" بڕیار بوو لە پاش (٦) مانگ لە شاخ خەباتی چەکداری دەست پێبکەین"[٣]، بۆ ئەم مەبەستە هێزەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گواستەوە بۆ باشووری کوردستان و بارەگەکانیان لە ناوچـەی (برادۆسـت) جێگیرکـرد[٤]. بەڵام چەند هۆکارێك بوون بەهۆی ئەوەی پێکهاتـەی سـەربازی ڕێکخسـتنەکە هەڵوەشێتەوە و لە گۆڕەپانی سیاسیی پاشەکشە بکەن لەوانە :

١. وڵاتـانی هـەرێمی لـە پەیوەنـدی بـەهێزی نێـوان ی.ن.ك و کۆمەڵـەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و (ئالآی ڕزگاری) نیگەران بـوون، چـونکە یەکبوونی ئایدیۆلۆژی و یەکخستنی خـەباتی سیاسـی ئـەو پارتانـە پێشـبینی دەکرا، لەم بارەیەوە خەدیجـە یەشـار دەڵـێ :" لەگـەڵ کۆمەڵـە دژی ڕژێمـی خومەینی دەجەنگاین، قاسملوو پێی دەوتـین یەکـەمجارە پێشـمەرگەی سـێ پارچـەی کوردسـتان دژی داگیرکـەرێك پێکـەوە بجـەنگن"[٥]. هاوکـات (ئـالآی ڕزگـاری) لەگـەڵ تـەواوی پارتـە کوردییـەکان پەیوەنـدی لـە برەودابـوو، لـە

---

١ چاوپێکەتن لەگەڵ (خەدیجە یەشار)،سلێمانی،٣-٣-٢٠٠٩ .

** ئیبراهیم گوجلو لە دەرەوە بە سلیم قایا دەناسرا .( Ibrahim Guçlu :S,P,L. 26).

2. Ibrahim Guçlu : S.P,L. 26

٣ چاوپێکەتن لەگەڵ (خەدیجە یەشار)،سلێمانی،٣-٣-٢٠٠٩ .

٤ فرەنسۆ هەریری : بزافی ڕزگاریخوازی ، ل١٩ .

٥ چاوپێکەتن لەگەڵ (خەدیجە یەشار)،سلێمانی،٣-٣-٢٠٠٩ .

١٩٨١/٩/١٤دا ســـەرکردایەتی (ئـــاڵای ڕزگـــاری)و ح.ش.ع لـــە ئـــەنجامی کۆبوونەوەیەکدا ڕێکەوتنێکی ستراتیژییان واژۆکرد، لە کۆبونەوەکەدا سەلیم قایا و خەدیجە یەشار لە ئاڵای ڕزگاری و فاتیح ڕەسووڵ و سکرتێری ح.ش.ع بڕیاریاندا بە:ـ

١. ئەنـدامانی (ئـاڵای ڕزگـاری) لـە بنکـەکانی ح.ش.ع لـە مەڵبەنـدی (بادینان)و ناوچەی(نۆکان) وەك ئەندامی ح.ش.ع ڕەفتارییان لەگەڵدا بکرێت.

٢.دەستگرۆیی کردنی یەکتریی بـۆ تێپـەربوون بـە سـنوورەکانی سـوریا و تورکیا و عێراقدا .

هاوکـات پەیوەنـدی ئـاڵای ڕزگـاری و ڕێکخسـتنە سیاسـییەکانی کـورد لـە سـوریا بـەهێز بـوو[1]. وەلێ لەبەرامبـەردا ئـاڵای ڕزگـاری لەگـەڵ هـیچ وڵاتێکـی هـەرێمیی پەیوەنـدی نـەبوو. بـە بـڕوای سـەرکردایەتی ئـاڵای ڕزگـاری ئەمـە هۆکاری چۆڵ کردنی مەیدانی سیاسییان بوو بۆ پ.ك.ك. چونکە بڕوایان وەها بـوو بـە بـێ پشـتگیری وڵاتێکـی هـەرێمیی دروسـت نییـە درێـژە بـە خـەباتی سیاسـیی بـدەن. سـەبارەت بـەو بـاوەڕە خەدیجـە یەشـار دەڵـێ:" خـاکی ڕزگارکراوی ڕۆژهـەڵات و باشـووری کوردسـتان کـەڵکی نـەبوو، بڕواشمـان بـە ئـەمریکا و ئیسـرائیل و وڵاتـانی ئیمپریالیسـت نـەبوو، هەربۆیـە خـەباتی چەکداریمان واز لێهێنا"[2].

٣. پەیوەنـدی نێـوان (ئـاڵای ڕزگـاری)و پ.د.ك.ع لاواز بـوو، سـلیم قایـا لـەبارەی هۆکارەکـانی دەڵێ:"سـەرکردایەتی پـارتی کۆنـەخوازبوو، کۆسـپی لەبەردەم جووڵانەوەی نەتەوەیمان دروست دەکرد" [3]. لە ڕاستیدا پەیوەندی بە جوداوازی ئایدۆلۆژیا و ڕووداوی (هەکاری)و بە هێزیی پەیوەنـدیی یـەکێتی و ئـاڵای ڕزگارییـەوە هـەبوو. باڵادەسـتی پـارتیش بـەهۆی هەڵکەوتـەی

---

١فاتیح رەسووڵ : چەند لاپەرەیەك لەمێژووی خەباتی ،ب١ ،ل٣٤٧ .

٢چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەدیجە یەشار)، سلێمانی، ٣-٣-٢٠٠٩.

٣ فاتیح ڕەسووڵ : چەند لاپەرەیەك لەمێژووی خەباتی ،ب١،ل٣٤٧–٣٤٨ .

جوگرافییەوە بەجۆرێك بوو، بەبێ ڕێکەوتن لەگەڵ ئەواندا نەیاندەتوانی خەباتی ڕامیاریی و سەربازییان دژی تورکیا دەست پێبکەن.
٤. خەدیجە یەشار لە ئالأی ڕزگاریی جودابووەوە و سەربەخۆ کاری دەکرد"*[١]، چونکە ڕەوتی سەر بە خەدیجە یەشار زیاتر کار و چالاکییەکانیان لەگەڵ کۆمەڵە و یەکێتیدا بوو، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی زۆرێك لە چەکدارەکانی ئالأی ڕزگاریی خۆیان ڕادەستی تورکیا بکەنەوە* و بەم جۆرە کۆتایی بە خەباتی سیاسی و چەکداریی لە ناو (ئالأی ڕزگاری)دا بهێنن**.

**شەشەم: ڕێکخراوی کاوە ( کاوەچییەکان):**

ڕێکخراوی کاوە لە کودەتا دا بە هۆی ڕووداوی (قامشلۆ) زۆرێك لە کادیرە بالأکانی کوژرابوون، هەربۆیە بڕیاریاندا لە ڕۆژهەلأت و باشووری کوردستاندا خۆیان ڕێك بخەنەوە، هاوکات لە دەرهاویشتەکانی کودەتادا (تورکوت چەتین دەوە) لە ڕۆژهەلأتی کوردستان و (مەمەد ولأت) لە باشووری کوردستان پەیوەندییان لەتەك پارتی و یەکێتیی دروست کرد، لە تورکیاشدا داود حەسەن کرۆن بەنهێنی لە ئەستەمبوڵ مایەوە، هەندێك لە کادیرە دیارەکانیشیان دەربازی سوریا بوون. بەمجۆرە لە باکووری کوردستاندا ڕێکخراوی کاوە بوونی نەما[٢]، چونکە ڕێکخستنەکانی لەلایەن دەزگەی میتەوە ئاشکرابوون، بەجۆرێك لە نێوخۆی ولأتدا توانیبوویان نزیکەی ٤٧ کادیری

---

* (خەدیجە یەشار) دەڵێ" ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ پ.س.ك و (کوك) و د.د.ك.د مەیدانی سیاسی و سەربازیمان چۆڵ کرد لە سنوورەکانی باکووری کوردستاندا" .

١ فرەنسۆ هەریری : بزافی رزگاریخوازی کوردستانی تورکیا ،ل١٩ .

** سەید کاکە دەڵێ :" بەچاوی خۆم بینیم (٤٠) پێشمەرگەی (ئالأی ڕزگاری) چەکەکانیان داناو گەڕانەوە بۆ تورکیا .(چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەید کاکە)، هەولێر .

*** ابراهیم گوجلو دەڵێ " پاش کودەتا (٨) ساڵ لە باشووری کوردستان و ڕۆژهەلأت مامەوە" .

٢چاوپێکەوتن لەگەڵ (داود حسن کرۆن) ، هەولێر، ٦-٢-٢٠٠٩..

دیـاری کـاوه بەتۆمـەتی کوشـت و بـڕو تـیرۆر قۆڵبەسـت بکـەن [1]. هەربۆیـە ڕێکخـراوی کـاوه لەکاردانـەوەدا پـاش خـۆ ڕێکخسـتنەوەی وەك گرووپێکـی چەکدار لە ژێر ناوی (پێشمەرگە سوورەکان شۆڕشی کوردستان) ساڵی ١٩٨٠ خـۆی ڕاگەیانـدەوە، ئـەم ڕێکخـراوە دژی تیـۆری ڕامیـاری ماوییـەکانی نێـو بزووتنەوەی چـەپی کـوردی بـوون و ئامانجیـان پـەروەردەکردنی کـادیر بـوو لەنێو کرێکار و جوتیاری بـاکووری کوردسـتاندا [2]. بـۆ ئـەم مەبەسـتە گۆڤـاری (نـەورۆز) لەلایـەن ڕێکخسـتنە شـاراوەکانیەوە چـاپ و بڵاودەکرایـەوە [3*].

هاوکات بەناوی جەنگی پـارتیزانیی لـە تورکیـا و دەرێـی تورکیـا بەرنامـەیان دارشت بۆ لێدانی باڵوێزەکانی تورکیا [4]. لە بواری ڕاگەیاندنیشدا لـە ئەنکـەرە گۆڤـارێکی نهێنییـان لـە ١٩٨١دا دەرکـرد بـەناوی (لـە پێنـاو کوردسـتانێکی سەربەخۆ)، وەلێ لەلایەن ڕژێمـی تورکیـاوە هـەمان سـاڵ گۆڤارەکـە داخـراو دەرچوێنەرانی دەستگیرکران [**5].

بەگشتی چەند هۆکارێك بوون بە هۆی لاوازیـی کـاوە و پەراوێزکـەوتنی لـە گۆرەپانەکەدا لەوانە:

١. گۆڤاری (الصـیادی) لوبنـانی لـە ژمـارەی ١٩٨١/٤/١٠دا بڵاویکـردەوە هێزەکـانی ئاسـایش لـە مەرعـەش و ئەدەنـە دەسـتیان گرتـووە بەسـەر نەخشـەیەکی نهێـی ڕێکخـراوی کـاوە دا، کـە بـەگوێرەی ئـەو نەخشـەیە

---

1. Edgar ÔBallance : OP,cit, p.147-148

2. Emin Demirel :A,G,E,S.625

* گۆڤاری(نەورۆز) ساڵی ١٩٨٠ دەرچوو، تـا سـاڵی ١٩٨٤ بـەردەوام بـوو. (فرەنسـۆ هـەریری: بزافی رزگاریخوازی کوردستان ،ل٢٩ ).

٣فرەنسۆ هەریری : بزافی رزگاریخوازی کوردستانی تورکیا ،ل٢٩ .

٤ مكتب علاقات فرع الاول لحزب الديموقراطي الكردستاني: س،پ،ل٢٨ .

** گۆڤارەکە لە لایەن سولەیمان ئەرسەلان‌و کەمال گولتەکن‌و کەمال تورچ دەردەکرا، ئەوانـە هەموو دەستگیر کران.( Malimisanij u Mahamud Lewendi :S,P,L.317).

5. Malimisanij u Mahamud Lewendi :S,P,L.317 .

ڕێکخراوەکـە مـژوڵی دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی کـوردیی و مارکسـیی بـوون. هاوکات سوپای تورکیا ئەوەی درکاند، کە چەندین جۆری چەك و دروشم و کتێب و بڵاوکراوەی قەدەغەی کاوە دەستییان بەسەردا گیراوە[1]. هەمان ساڵ هێزەکانی ئاسایشی تورکیا سکرتێری گشتی ڕێکخراوەکە (حەسەن ئەسغەر) لەگەڵ چەندین کادیری باڵایان دەستگیرکرد و دادگە بڕیاری زیندانیی هەتاهەتایی بۆ بڕینەوە، هاوکات لە زیندانی (علم الداخ) لە ئەستەمبوڵ ئاسایش لە ئاکامی دەست ڕێژی گوللەدا چەندین کادیری دەستگیرکراوی کاوەیان زیندە بە گۆڕکرد.[***]

٢. ناکۆکی ئایدیۆلۆژیی لەنێو ڕێکخراوەکەدا بەردەوام بوو، دواجار لە نێوەڕاستی ١٩٨٢دا ئەوانەی بڕوایان بە بیرو ڕای مارکسیی نەبوو (پارتی بووژانەوەی ڕاستڕەوی کوردی) Kajik یان دامەزراند، کە بانگی دروست کردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی دەکرد بۆ تەواوی بەشەکانی کوردستان لە ڕێگەی خەباتی چەکدارییەوە[2].

٣. کاوە تەنها وەك ڕەوتێکی چەکدار مابوون و لە ڕووی ڕێکخستنی سیاسییەوە خۆیان ڕێك نەخستەوە[*]، هاوکات بۆ ئەوەی باڵی چەکداریی بەهێز بکات، لەگەڵ ڕژێمی (خومەینی)دا پەیوەندی چێکردبوو، لەم بارەیەوە (داود حەسەن کرۆن) دەڵێ:" پاش ئەوەی دوو کادیریان دەستگیرکردین، لەگەڵ ئێراندا پەیوەندییان نەما"[3]. بەهەمان شێوە لە سوریاش پاش

---

١ ولید رضوان : تیار، ل٢٢٤ .

* کوشتنی سێ لە کادێرەکانی کاوە لە زیندانی (علم الداخ ) لەلایەن (ڕۆشن سونبول توغلو)ی ڕۆماننووس شاکارێکی لەسەر نووسرا، کە تووانی خەڵاتی دووەمی پێشبڕکێی (یونس نادی) ئەدەبی لە١٩٨٩دا بەدەس بهێنێت .(ابراهیم الداقوقی:س،پ،ل١٩٢).

٢ ابراهیم الداقوقی:س،پ،ل١٩٢.

* لەپاش کودەتا تا ١٩٨٤ کۆنفرانسیان نەبەست .

٣ چاوپێکەوتن لەگەڵ (داود حسن کرون)، هەولێر، ٦-٣-٢٠٠٩ .

ڕووداوی(قامیشلۆ) کۆتایی بە پەیوەندییان هاتبوو. دواجار بەفەرمی بڕیاردرا کار و چالاکی ڕێکخراوەکە بووەستێنرێت.

حەوتەم: ڕێکخراوی (دەنگی کاوە):

ڕێکخراوی دەنگی کاوە لەکاتی ڕوودانی کودەتای سەربازی ١٩٨٠ دا لە باکووری کوردستان کۆتایی بە چالاکی سیاسیی و ڕووناکبیریی هێنا، گرنگترین هۆکارەکانی ئەم ڕەوشەش بریتی بوون لە :

١. بە هۆی تیرۆرکردنی (فەرید ئۆزۆن)و دەستگیرکردنی زۆرێک لە سەرکردەکانی لە پێش کودەتا دا زۆر لاواز ببوو .

٢. لەبەرئەوەی (دەنگی کاوە) بە ئاشکرا چالاکییان دەکرد و سەرکردەکانیی دیاربوون، لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە ئاسانتر کۆنترۆڵکراو کۆتایی پێهێنرا، هەربۆیە کودەتای ١٩٨٠ زیانی فرەی بە ڕێکخستنەکانی گەیاند. بۆ نموونە (نورەدین حوسێنی) * لەگەڵ زۆرێك لە کادێرە باڵاکانی لە دیار بەکر دەستگیر کران، هەروەها مستەفا ئاکسەقاڵ هەڵهات بۆ ئەوروپا و هەندێك لە کادیرەکانیتر پەنایان برد بۆ ناوچەی سنووریی (خڕی ناوزەنگ) [١].

٣. گرفتی ئایدیۆلۆژی و ململانێ لەسەر ڕازیبوون و دانە دواوەی تیۆری جیهانی سێ، بوو بە هۆی پەرتبوونی ڕیزەکانیان و لە ئاکامدا گرووپێك بەنێوی (ڕەد کاوە) جیابوونەوە کە بڕوایان بە تیۆری جیهانی سێ نەبوو، بەڵکو بە تیۆرێکی دژە شۆڕشیان دەزانی و پێیان وابوو دەبێت دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیی دابمەزرێت و تێکۆشانیش هاونەزمی (پارتی کۆمۆنیستی ئەلبان)ی بێت [٢]. ئەم جیابوونەوەیە زیاتر لایەنگرو جەماوەری لە ڕێکخستنەکانیان تەکاندەوە .

---

* نورەدین حوسێنی (٨) ساڵ زیندانیی کرا .

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ (مستەفا ئاکسەقال ڕیسپی)، هەولێر، ٥-٢-٢٠٠٩.

2. Emin Demirel :A,G,E,S.618.

٤. بڕوایان بە هاریکاری و هەماهەنگی وڵاتانی هەرێمیی لە پێناو بەرژەوەندی هاوبەشدا نەبوو، لەم بارەیەوە مستەفا ئەکسەقەڵ دەڵێ:"ئێمە سەرمایەمان بچووك بوو، نەدەکرا بۆ پرۆژەی گەورە بیخەینە گەڕ، دەبوو بە سەرمایەی خۆمان کار بکەین، نەك سەرمایەی خەڵك، ئەو کارەی پ.ك.ك کردی بە هەڵەمان دەزانی و بڕوامان بە رووبەڕووبوونەوەی چەکداریی تورکیاش نەمابوو"[1].

**هەشتەم : پارتی ئیسلامی کوردستان(پاك):**

پارتی ئیسلامی کوردستان ۱۹۸۰/۱۰/۲۱ لەلایەن (محەمەد ساڵح گابوری)و* (٥) لە هاورێکانی لە رێوڕەسمی (حەج)دا لە مزگەوتی (الخیف بمنی) دامەزراو هەر لەوێدا پرۆگرامی پارتییەکەشیان پەسەند کرد[2].

بەرنامە و ئامانجی ئەم پارتە چارەسەرکردنی کیشەی کورد بوو لە روانگەی ئیسلامەوە. بەرنامەیان پێی وایە گەلی کوردی موسڵمان بەشێکە لەگەلانی موسڵمان و پێویستە کیانێکی سیاسیی سەربەخۆی هەبێت و لەتەك حکومەتە ئیسلامییەکاندا پەیوەندی دۆستانەی هەبێت، هەروەها زمانی کوردی زمانی فەرمی بێت و نەتەوە و مەزهەبە جیاوازەکان لە کوردستاندا یەکسان تەماشا بکرێن. بۆ گەیەشتن بەم ئامانجانە هەموو رێگایەکی لۆژیکی بەهەند دەزانرێت[3]. لەم پێناوەدا وتە بێژی پاك، (دکتۆر ئەجونی)

---

١چاوپێکەوتن لەگەڵ (مستەفا ئاکسەقاڵ ڕیسپی)، هەولێر، ٥-٢-٢٠٠٩.

* محمد صالح گابوری کوڕی مەلا عەلی خان گابورییە، بنەماڵەیەکی کوردی دەڤەری (هەکاری)ین ، ۱۹۳۸ لە گوندی جودی سەر بە عامودە لە دایك بووە، ماجیستێرو دکتۆرای لە زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرە بەدەست هێناوە، ١٩٦٧ لەکۆلیژی (اصول الدین) لە سعودییە مامۆستا بووە و پارتی ئیسلامی کوردستان لە ۱۹۸۰دا دامەزراند .

٢ محمد صالح الگابوری: في سبيل التحرير الكرد وتوحيد كردستان،ط١،مطبعة قشنگ، سليمانية، ٢٠٠١، ل٢٠ .

٣ بۆ زیاتر زانیاری لە سەر پێرەوی ناوخۆیی پاك بڕوانە دەقی پێڕەوەکە.(محمد صالح الگابوری : س،پ، ل١٥–١٨) .

دەڵێ:"بڕیارماندا بە نهێنی باڵی سەربازی بەنێوی (سوپای ڕزگاری کوردستان ) دابمەزرێنین و ڕۆژنامەی (دەنگی نیشتمان) وەك ئۆرگانی فەرمیمان دەربکەین"[1]. پاك لەلایەن ڕژێمی تورکیاوە وەك پارتێکی تیرۆریستی و نایاسایی تەماشا دەکرا[2]. هاوکات پارت و کۆمەڵە ئیسلامییەکانی تورکیش دژی بوون، بەتایبەت (حزبی ڕەفا) نەیاری سەرسەختی بوو، چونکە گرنگی بە پرسی کورد دەدا لە تورکیا دا [3]. لەگەڵ ئەوەشدا بەماوەیەکی کەم لە زۆربەی ویلایەتەکانی کوردستاندا ڕێکخستنەکانی بڵاوبوونەوە. هاوکات لە دەرەوەشدا بەتایبەت لە ئەڵمانیا ڕاگەیاندنی پەرەپێدا. لە ڕووی دارایی و کۆمەکی مادییەوە لەلایەن وڵاتی عەرەبی سعودییەوە هاریکاری دەکران و هەندێك لە کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە کۆمەکی مەزنیان دەکردن، بۆ نموونە کۆمپانیای (البرکة) لە (ئورفە)و دامەزراوەی (الفصیلة المالیة) یارمەتی زۆریاندا[4]، هاوکات هەوڵیاندەدا بە یارمەتی کۆماری ئیسلامی ئێران خۆیان ڕێکبخەن [5].بەڵام (پاك) نەیاری ڕێکخستنی چەپ و نەتەوەییەکانی کورد بوو، بەتایبەت پێی وابوو پ.ك.ك بەشێکە لە ئەجێندای ڕامیارییەکانی زایۆنیزم، لە بەرامبەردا پ.ك.ك، ئەو ڕێکخراوە ئیسلامییە کوردییەیان بە بەکرێگیراوی ئەمەریکا دەزانی. لەم بارەیەوە ئۆجەلان دەڵێ:" حکومەتی تورکیا چاو لە چالاکی (پاك) دەپۆشێ و بە کاریدەهێنان بۆ سوك کردنی گوتارەکانی پ.ك.ك بۆ گەلی کورد" [6]. هەر چەندە پاك نەیتوانی لە تورکیادا درێژە بەکار و چالاکییەکانی بدات.

---

١ مكتب علاقات فرع اول للحزب الديموقراطي الكردستاني : س،پ،ل١٦ .

2 Emin Demirel :A,G,E,S.618.

٣ محمد زێباری : حزب رەفا– هەڵوێست ، مەتین ژمارە ٥٩، ل١٠ .

٤ عبدالله اوج الان : مختارات (٢) ،ل٩٦–٩٧ .

5 Emin Demirel :A,G,E,S.619.

٦ عبدالله اوج الان : مختارات (٢) ،ل٩٦–٩٧ .

هەربۆیــە ئامانجــەکانی تــەنها بانگەشــەیەکی تیــۆری بــوون، لەبەرئــەوە بانگەشەکەرانی وڵاتیان بە جێهێشت و دواجار ڕوویان لە ئەورووپا نا.

**نۆیەم: پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک):**

دەســەڵاتدارانی تورکیــا بــە زوویــی ئــەو ڕاســتیەیان بــۆ دەرکــەوت کــە لــە نێوبردنی پارتە کوردییەکان لەباکووری کوردستان خۆشکردنی ڕێگــە بــوو بــۆ گەشــەکردنی پ.ک.ک[1]. هەربۆیــە لــەناوخۆی تورکیــا و بــاکووری کوردســتاندا پ.ک.ک دووچــاری شــاڵاوێکی دژوار بــووەوە. تــەنها لــە شــاری دیاربــەکردا دادگاییکردنی بە کۆمەڵی ٤٤٧ ئەندامی پ.ک.ک، بە تۆمەتی کاری تیرۆریستی و جوداخــوازی بەڕێوەچــوو[2]، کــە لەناویانــدا ســزای لــە ســێدارەدان بــۆ ٩٧ کادیریان جێبەجێ کرابوو، هەروەها زیاد لە ١٥٠٠ ئەندامی پ.ک.ک و چەندین گومان لێکراویتر لە گرتووخانەکانـدا چـاوەڕێی دادگـاییکردن بـوون، کـە ١٠٠٠ لەوان لە لیستی داواکراواندا بوون[3].

بە پێی سەرچاوەکانی پ.ک.ک یش لە کودەتا دا ٥٠٠ ئەندامیان سزای لــە ســێدارەدانیان بەســەردا دراوە و٥٠٠٠ ئەنــدامی تریــان بەنــدکراون [4]. ئــەم دادگـایکردن و لـە سـێدارەدان و گرتنـەی ئەنـدامانیان لەلایـەن ئاژانسـەکانی دەرەوە بایەخی مەزنی هـەبوو[5]. لـە ٢٨ی نیسـانی ١٩٨١ دا ڕادیـۆی دەنگـی کوردســتانی عێــراق ڕایگەیانــد:" ٢٢٣١ ئەنــدامی پ.ک.ک لەلایــەن ڕژێمــی تورکیاوە دەستگیر کراون و لـەنێو دەسـتگیر کراوەکانـدا سـەرکردە باڵاکـانی وەك مەزلۆم دۆغان، کەمال پیر، محەمەد خەیری دورمـوش، فـەرهاد کوتـای،

---

١ کریس کۆچێرا : بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد ،ب٢،ل١٥٧ .

٢ تۆمەتبار بوون بە کوشتنی (٢٤٣) کـەس ، لـە ناویانـدا (٣٠) ئەنـدامی هێزەکـانی ئاسایشـی تورکیاهەبوون.(Edgar ÔBallance : OP,cit p.148-149 ).

3. Edgar ÔBallance : OP,cit p.149

٤ عبدالله اوج الان : قضية التحرر الوطني، ل١٤٠ .

٥ عەلی تەتەر نێروەی : بزاڤی رزگاری خوازی کورد ،ل١٤٥ .

ئەشرەف ئانیـل، مـەحموود زەنگـین، ئـەمین ئۆنـەر* ئامادەییـان هەیـە، کـە زۆربـەیان ڕووبـەڕووی ئەشـکەنجە و کوشـتن بوونەتـەوە"[1]. سـەبارەت بـەو ڕەوشـــە ژەنـــەڕاڵ دۆغـــان گـــۆرەش لـــە کۆبوونـــەوە لەتـــەك ســـەرکردە سەربازییەکاندا ڕایگەیاندبوو:" لە بەرامبەر پ.ك.ك دا وەك ژەنەڕاڵ (موغلات)** ڕەق مامەڵە بن"[2]. وەلێ بە پێچەوانەی هەوڵە توندەکانی ڕژێمی کودەتا و قۆڵبەستی بەرفراوانی ئەندامانی پ.ك.ك و هەڵوێستیان لەمەڕ دادگاکان زیـاتر پێگـــەی پ.ك.ك ی لـــەنێو کـــوردا بـــەرینکرد، ئیســـماعیل بێشکچـــی دەڵێ:"لەدادگادا بەرگرییان لە خۆیان و زمانەکەیان کرد، بەمەش ڕای گشتی لـەو دۆخـە دژوارە ئاگـادارکرا "[3]. ناچـار ڕژێمـی تورکیـا ڕێوشـوێنی تونـدی بـەڕێوەبرد، بـۆ دادگـاییکردنی کەسـێك گومانلێکراویـان بـە تیرۆریسـت و جوداخواز ناودەبرد نەك کورد و پ.ك.ك.[4] لەگەڵ ئەوەشـدا ئەگـەر یـەکێك لـە دەرهاوێشـتەکانی کودەتـای سـەربازی بریتـی بـوو بێـت لـە نـەمانی هـەموو بزووتنەوە چەپڕەو و کوردییەکان لە تورکیا و بۆشاییەکی دروسـت کردبێـت، ئەوا پ.ك.ك لەدەرێی سنوورەکانەوە توانی ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە و ببێتـە بزوتنەوەیەکی بەرهەڵسـتکاری تونـد لـە تورکیـا، ئـەم ڕەوشـەش لـە ئاکـامی

---

* مەزلۆم دۆغان لە نەورۆزی ١٩٨٢ خۆی سوتاند، فەرهاد، ئەشـرەف، مـەحمود زەنگـین ، لـە ١٩٨٢/٥/١٨ خۆیان سوتاند، کەمال پیر، محەمەد خەیری دور موش، عاتف یەلماز، لە ١٤ی تەمموزی ١٩٨٢ مانیانگرت تامردن.(حەسەن جودی : س،پ،ل٢٨٢–٢٨٣).

١حەسەن جودی : س،پ، ل٢٨٢–٢٨٣ .

** موغلات لـە ٣٠ی تـەمموزی ١٩٤٣ بـە تـاوانی قاچاغچـی ٣٣ کـوردی دایـە بـەر دەسـتڕێژی گوللە.

2. Hamit Boz arsalan :Turkienin Modern.S.111 .

٣ ئیسماعیل بەشکچی : کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی ،ل١٠٠ .

4. Ekrem Sunar:Dűsűk Yoǵunluklu Haber gunesi, mtbacilik, basky kayhan, 2003.S.39-40

هۆکاری نێوخۆیی و هەرێمییەوە هاتە گۆڕێ، کە پ.ك.ك مژوڵی کار لە سەر کردنیانبوو بەمجۆرە :

١.دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی نەیاری تورکیا، بە تایبەت سوریا، لەکاتێکدا هیچ گرووپێکی بەرهەڵستکاری تورکیا بەو جۆرە پشتیووانی نەدەکرا کە بە ئاشکرا لە دیمەشق و لوبناندا چەکدارەکانی مەشقیان پێ بکرێ[1]. وەلێ ئۆج ئالان زەمینەی لەبەردەمدا پاك کرابوو تا چەك و چۆڵ و پارە و دارایی بۆ پارتەکەی مسۆگەربکا، تەنانەت پ.ك.ك تۆمەتبار دەکرێ بەوەی کە لە ڕێگەی قاچاغچێتی (هێرۆین)و بازرگانی مادەی هۆشبەرەوە ڕێگەی سەربازی خۆی بە هێز کردووە.

پارتە کوردییەکانیش تانەو تەشەریان لە پ.ك.ك دەگرت، گوایا لەتەك داگیرکارێکی کوردستان مژوڵی خۆ سازدانە بۆ خەبات. لەکاردانەوەی هەموو ئەو تۆمەتانەدا ئۆج ئالان پێی وابوو ڕێکەوتنیان لەتەك سوریا پەیمانێکی تاکتیکیە و پێویستە سوود لە دوژمن وەربگرن[2]. ئۆج ئالان دەیووت:"لەدەرەوە خۆمان ئامادەکرد بۆ دەسپێکی چەکداری لە بۆتان دا"[3]. بۆ ئەم مەبەستەش یەکەم کۆنفرانسیان لە ١٩٨١ دا لە کەمپی بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی گرێدا. ئامانجی ئەم کۆنفرانسە کردنەوەی کەناڵێك بوو بۆ ئەوەی بتوانن بگەڕێنەوە بۆ باکووری کوردستان و لە بۆتانەوە خەباتی گەریلایی دەست پێ بکەن [4].

ئەم بڕیارە لە کاتێکدابوو پارتە کوردییەکان کە پەنایان هێنابووە بەر سوریا و لوبنان، ڕوویاندەکردە ئەورووپا، لەبەرئەوە بۆ ورەی ئەندامانی پ.ك.ك سەخت بوو ڕابهێنرێن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڕژێمی تورکیا. وەلێ

---

1 Edgar Oballance :op:cit,p.147 .

٢ کریس کۆچیرا ، بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد ، ب٢، ل١٦١،١٧١ .

٣ عبدالله اوجلان : قوموا بتحضير انفسكم حتى الموت لاجل النصر ، من منشورات المدرسة المركزية للحزب ،١٩٩٢ ، ل١٠١ .

٤ حسن جودی : س،پ،ل٣٠١-٣٠٢ .

دەنگـۆی خۆپیشـاندان و مـانگرتنی بەنـدکراوانی پ.ك.ك کاردانــەوەی زۆر ئـەرێنی لـەنێو ڕێکخسـتنەکانی پ.ك.ك دروسـت کـرد[١]. لەسـەر ئـەو بنەمایـە یەکەمین بەرنامە بۆ دەستپێکی خەباتی گەریلایی بە دروسـت کردنـی پـردی پەیوەندی لەگـەڵ پ.د.ك.ع هـەنگاوی بـۆ هاوێـژرا. چـونکە سـنووری نێـوان تورکیا و عێراق لە ژێر کۆنترۆڵی پارتیدا بوو. چونکە لەوانە بوو ئەگەر سازش لەتەك پارتی نەکەن، ڕووبەڕووی جەنگێکی وەك کارەساتی(هەکاری) ببنەوە، لەلایەکی ترەوە ئەندامانی پ.ك.ك نە شارەزای ناوچەکە و شوێنە جوگرافییە دژوارەکانی بوون[٢]. لەبەرئەوە دەکرێ بڵێین نزیکبوونـەوەیان لەگـەڵ پـارتی نزیکبوونەوەیەکی تاکتیکی بوو. لـەو قۆناغـەدا پ.د.ك.ع لـە ١٩٨٠/١١/٢٨ دا لەگـەڵ ح.ش.ع و حزبـی سۆشیالیسـتی کوردسـتان و بـەرەی دیمـوکراتیی عێراقیی پێکەوە بەرەی نیشتمانی دیموکراتییان (جود) پێکهێنابوو، بەگشتی ئـەم بەرەیـە پێیـان وابـوو پ.ك.ك دژی پارتـە نەتەوەییـەکانی بـاکووری کوردستانە و مژوڵی تیرۆر و کوشت و تۆقاندنی خەڵکن. هەربۆیە پێویسـتیان بـە هاریکـاری پ.ك.ك نـەبووە، بـە پێچـەوانەوە پ.ك.ك بـە بـێ پـارتی و هاوپەیمانەکانی نەیدەتوانی لەنێو سنووری تورکیا دا چالاکی بکات[٣]، چونکە لەو قۆناغەدا بەهۆی جەنگی(ئێران - عێراق) وە لە سـنوورەکاندا بۆشـاییەکی مـەزن دروسـت ببـوو[٤]. لەگـەڵ ئەوەشـدا پـارتی لەگـەڵ ڕوودانـی کودەتـادا هاریکاری زۆری پ.ك.ك ی کرد و تەواوی پێشمەرگە و لایەنگرانی لە باکووری کوردستانەوە بۆ سوریا دەگواستەوە[٥]. هەروەها بارەگەکانی پارتی زۆرێك لە ئەنـدامانی کۆمیتــەی ناوەنـدی پ.ك.ك ی لـەخۆ گرتـوو دەربـازکرد لەوانـە:

---

١ کمال شاهین : س،پ، ل٤٤ .

٢ حەسن جودی : س،پ،ل ٣٠١-٣٠٢ .

٣ فرەنسۆ هەریری : پەکەکە چما وادەکات، ل٢٣ .

٤ ربرت السن : مسالە کرد، ل٥٢ .

٥ داود باغستاني : جزء من مذکراتي وعلاقـاتي لازلـة بعـض الغيـوم ، ط١،چاپخانەی کولیـەی شەریعە، دهوك ، ١٩٩٧ ، ل١٤٦ .

جومعە، عەباس، خەلیل ئاتاج، فوئاد، عەگید . تەنانەت یەکێك لە بنکەکانی ڕاهێنانیان لە ناوچەکانی دەسەڵاتی پارتیدا کرایەوە. هاوکات مەسعوود بارزانی لەگەڵ ئۆج ئالان لە ١٩٨١دا لە سوریا پرۆتۆکۆلێکیان واژۆکرد، بە پێی ئەم پرۆتۆکۆلە ئەندامی پ.ك.ك دەیتوانی لە سوریاوە بۆ باشووری کوردستان بپەڕێتەوەو هاریکاری چەك و دارایی بکرێت. هاوکات بڕیاردرا لە ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراقیشدا بەرنامەی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە[١]. بەمجۆرە ئەندامانی پ.ك.ك کەناڵێکی بەهێزیان لەسەر سنووری تورکیادا بۆ کرایەوە، تا لێیەوە خەباتی گەریلایی دەست پێبکەن. وەلێ دەستپێکی چالاکی ڕێکخستنەکانی پ.ك.ك لە باشووری کوردستاندا بریتی بوو لە پاکتاوی لایەنگرانی پارتە کوردییەکانی تر، بەتایبەتی کوك و ح.ش.ع[٢]. بۆ ئەو مەبەستە خلیل ئاتاج سەرکردەی سەربازی پ.ك.ك زەبرێکی گەورەی گیانیی لە ح.ش.ع دا [٣]. هەربۆیە ڕێکەوتنی پارتی و پ.ك.ك زۆر بە گرانی وەستا و زۆربەی پارتە کوردییەکانی باکوور گازاندەیان لە پارتی دەکرد[٤]. لە هەمان کاتدا تورکیاش هۆشی لە ڕێکەوتنێکی لەوجۆرە هەبوو[٥]. لەبەرئەوە هەر زوو عێراقی تاوانبارکرد بە بەکارهێنانی خاکەکەی بۆ گەریلاکانی پ.ك.ك [٦]. هاوکات لەسەر بنەمای پێوەندییە تاکتیکییەکان پ.ك.ك لەگەڵ ڕژێمی عێراقیشدا پێوەندی دروست کرد. بە پێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی (تەرجومان) پ.ك.ك لەپاش سوریا بە هاریکاری عێراق خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە سازکردبوو، ئەم هەوڵەی عێراق لەبەرامبەر ڕادەستکردنەوەی سەرکردەکانی پێشمەرگەبوو، کە پەنایان بردبووە بەر

---

١ مەکتەبی ناوەندی دراسات و لێکۆڵینەوەی پارتی: س،پ،ل٥٤–٥٥ .

٢ کریس کۆچیرا: بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد ،ب٢، ل١٦٤–١٦٥ .

٣ مەکتەبی ناوەندی دراسات و لێکۆڵینەوەی پارتی:س،پ،ل٥٥

٤ فرەنسۆ هەریری: پەکەکە چما وادەکات، ل٢٣ .

٥ روبرت اولسن: مساله کرد، ل٥٢ .

٦ سفاره الجمهوریەالعراقیه فی انقره رقم ٢٩٣/ص ، تاریخ ١٩٨٩/١١/٤ .

توركیا[1]. هەروەها توركیا ئێرانیشی بە پشتگیری پ.ك.ك تۆمەتبار كرد. لە ڕاستیدا نزیكبوونەوەیان لە ئاكامی پەیوەندی بەهێزی نێوان توركیا و ئیسرائیل بوو لەپاش كودەتا، چونكە ڕژێمی ئیسلامی ئێران و پ.ك.ك نەیارێكی ستراتیژی ئیسرائیل بوون[2]. پ.ك.ك لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لەسەر ئاستێكی ستراتیژی و تاكتیكی پشتگیرییان لە هاوپەیمانێتی نەیارانی توركیا دەكرد، هەروەها پشتیووانی بەرەی هاوپەیمانی نێوان سوریا و لیبیا و یەمەنی دیموكراتی و ئێرانی دەكرد كە لە دژی ئیمپریالیزم ڕاگەیەنرابوو[3]. هاوكات جێگیر بوونی بنكەكانی پ.ك.ك لە ڕۆژهەلاتی كوردستانیش لە ئاكامی هاریكاری حدكا مسۆگەر كرابوون. حدكا لە لوبنان لەگەلّ (عەلی شیر) نوێنەری پ.ك.ك هاریكاری دەكرا بۆ تێپەڕبوونی ئەندامانیان بە خاكی توركیا دا بۆ ئێران [4]. یەكەم چالاكییان لە پاش كودەتا لێدانی كاروانێكی ناردەنییەكانی توركیا بوو بۆ ئێران ، لەبەرامبەردا توركیا بنكەی چەكدارانی پ.ك.ك ی لە مهاباد و سەردەشت بۆردومان كرد[5]. هەر لە لوبناندا بەدەر لە ولآتانی هەرێمی، پ.ك.ك پەیوەندی بەهێزی لەگەلّ پارتە چەپەكانی قوبرس پێكهێنا. سالّی ١٩٨٠ سەركردایەتی پ.ك.ك وەفدێكی بالآی ناردە (قوبرس) تا لە وێوە بتوانن سەرلەنوێ پەیوەندیی بە كوردستانەوە دروست بكەن، لەم بارەوە(خەلیل ئاتاج) دەلّێ:" بە فەرمانی ئاپۆ ١٠ ڕۆژ لە قوبرس مامەوە، لەگەلّ پارتەكانی قوبرس ڕێك كەوتین تا هاریكاری یەكتر بكەین"[6]. * هاوكات

---

١ سفاره الجمهوریه العراقیه فی انقره رقم ٢٩٣/ص ، تاریخ ٦/٤/١٩٨٩ .

٢ بئوار الیما : س،پ،ل ١٢١ .

٣ فرەنسۆ هەریری : بزاڤا نەتەوایەتی لە كوردستانی توركیا ، ل١٥ .

٤ كەریمی حیسامی : س،پ،ب٧،ل١٤٢–١٤٣ .

٥ صبریە احمد لافی : اكراد تركیا،ل ١١٩ .

٦ چاوپێكەوتن لەگەلّ (خەلیل ئاتاج)، كۆیە ١٩-٢-٢٠٠٩ .

* توركیاو یۆنان لە سەر قوبرسو ئیجەو كەمینەی تورك لەتراقیاو كەمینەی یۆنانی لە ئەستەمبول گرفتیانبوو.(هنری باركی واخرون:س،پ، ل ١٣٢).[7]

پ.ك.ك پێوەندی لەتەك یۆنانیشدا دامەرزاند، ئۆج ئالان دەیوت:" ئێمە یۆنانییەکانمان خۆش دەوێ، چونکە تورکیا دوژمنی هاوبەشمانە"، بەمجۆرە لەسەرەتای ١٩٨٠دا یۆنانیش لە ڕێگەی قوبرسەوە چەك و چۆڵ و یارمەتی مادی ئاراستەی پ.ك.ك دەکرد*[١]. هاوکات پ.ك.ك لەگەڵ ئەرمەنییەکانیش پێوەندی دروست کرد**. ساڵی١٩٨٠ سەرکردایەتی پارتی ئەرمەنی (ئەسالا)*** لەگەڵ ئۆج ئالان چەندین دیداریان لە دێری ئەرمەنییەکان لە لوبنان ئەنجامدا[٢]، لە بەهاری ١٩٨٠یشدا لە بەیروت(ئەبولهول) سەرۆکی دەزگای هەواڵگیری ڕێکخراوی فەتح دیدارێکی فەرمی بۆ ئۆج ئالان بەیاوەری خەلیل ئاتاج لەتەك (هاکوپ هاکوپیان)ی سەرۆکی(ئەسالا) ڕێك خست، لەو دیدارەدا بڕیار لەسەر پێشخستنی پێوەندییەکانیان دەدەن[٣]. خەلیل ئاتاج لەبارەی گردبوونەوەیان دەڵێ:" هەردوولامان یەك دوژمن و یەك هاوپەیمانی هاوبەشمان هەبوو، وەك یەکیش مارکسی و لینینی بووین و بڕوامان بەتوند و تیژی و شۆڕشگێڕی هەبوو". ناوبراو ئاماژە بەوەش دەکات:" چەندین جار بەدووقۆڵی سەرۆکەکانمان زۆر بە نهێنی دادەنیشتن، تا نەبنە ئامانجی تانە و

---

*یۆنانییەکان لەپاش کێشەی قوبرس ١٩٧٤ ئامادەی هاریکاری دۆزی کورد بوون لە تورکیا.( هنری بارکی و اخرون: س،پ، ل ١٣٣).

١ هنری بارکی واخرون: ه،س، ل ١٣٣.

**چونکە ئەرمەنیش وەك کورد نەیاری تەقلیدی کۆماری تورکیا بوونو ئامانجی ستراتیژییان دامەرزاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بوو بۆ کەمایەتی ئەرمەن لە تورکیا، ڕێکخراوی تاشناق(ئەسالا) بنکەکانی لە لوبنانو فەرەنساو ئیسپانیاو یۆنان بوونو ڕێکخراوە قوبرسییەکانیش هاریکاریان بوون.(احسان محمد الحسن: القلق الاجتماعی، ل ٢٥).

*** لە ١٩٧٣دا لەلایەن چەند گەنجێکی چەپرەوی ئەرمەنی بەناوی(گرۆگین یانیکیان) دامەزراو ساڵی ١٩٧٥ ناوەکەی گۆڕا بۆ ASALA کە کورتکراوەی ناوی سوپار رزگاریخوازی نهێنی ئەرمەنییە.(مامەند رۆژە:ئەرمەنۆساید، سەدەیەك لە پێوەندییەکانی کوردو ئەرمەن،چ١،چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٧٦).

٢ بورهان : جریدە ترکیە، ژ :٢٧٠، ١٩٩٧.

٣ مامەند رۆژە: ئەرمەنۆساید، ل١٨٢

تەشـەری تورکیـا، چـونکە (ئەسـالا) ڕای گشـتی تورکیـا بـە بێـزراو لێـی دەڕوانی".[1] لەبەرامبەر ئەم بڕیار وەرگرتنەی ئەرمەنییەکان و پ.ك.ك ڕژێمی تورکیا هەڵمەتی ناوزراندنی پ.ك.ك ی وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ئەرمەنی دەست پێکرد. سەرچاوە هەواڵییەکانی تورکیا ڕایانگەیاند سوپای ئەرمەن لە ئەرمینیا ١٠ بنکەی ڕاهێنانی بۆ گەریلاکانی پ.ك.ك کردوەتەوە[2] و تەنانەت لە ڕێگـەی (ئەسـالا) وە پێوەنـدییان لەگـەڵ قوبرسـیەکان دامەزرانـدووە[3]. بەمجۆرە پ.ك.ك توانی سـوود لـە دامەزراوەکانی(ئەسالا)و تـەکنیکی ئـەوان بەهۆشـیارییەوە وەربگرێـت، بەتایبـەت لـە بـواری ئاسـانکاری هاتوچـۆو پاسـاپۆرت دا، چـونکە لـە ئێـران و ئـوردون و سـوریا و میسـر و لوبنـان و ئەمریکا و ئـەورووپادا (ئەسالا) بـە نهێنـی پێوەنـدی و ڕێکخسـتنی هـەبوو.[4] هاوکـات پ.ك.ك لەگـەڵ ڕووسیاشـدا کۆششـی بـۆ پێوەنـدی سیاسـیی دەدا، سـەرەتا پەرلـەمانتارانی ئەنجومـەنی دۆمـا لـە سـوریا لەگـەڵ ئـۆج ئـالان پێوەندیان دامەزراند و لەم ڕێگەیـەوە بۆ مـاوەی ٣٣ ڕۆژ بەمۆڵـەتی یاسـایی پەرلەمانی ڕوسیا ئۆج ئالان لـە مۆسـکۆ مایـەوە[5]. نزیکبوونـەوەی پ.ك.ك لـە سۆڤیەت ببووە جێگـەی گازانـدەی چـەپەکانی کـورد، کاوەچییەکان دەیـان وت:" ئـۆج ئـالان سـۆڤیەتی بـە ئیمپریـالیزم دەزانـی، وەلێ ئێسـتا ڕوسـیا و سوریا بـە لوتکـەی سۆسـیالیزم دەزانـێ"[6]. پ.ك.ك بـە بـێ گوێدانـە نـەزمی ئایدیۆلۆژیا و میتۆدی پارتەکەی هەوڵێکی فرەی دیپلۆماسی دەسـتپێکرد بـۆ داڕشتنەوەی پێوەندیـەکانی لەگـەڵ وڵاتـان و پارتـەکانی دەوروبـەر، تـوانی بەشـێوەیەکی ڕامیـاریی و تـاکتیکی ڕێکخسـتنەکانی زینـدوو ڕابگرێـت، بـە

١ وەرگیراوە لە:مامەند ڕۆژە:هـ، س، ل١٨٣

٢ هنری بارکی و اخرون:س،پ، ل ١٢٩-١٣٠.

٣ چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەلیل ئاتاج)، کۆیە ١٩-٢-٢٠٠٩ .

٤ مامەند ڕۆژە:س،پ، ل ١٨٣

٥ زریان ڕۆژهەلاتی: دۆسیەی تورکیا، ژمارە٣، ل ١٥٧.

٦ کریس کۆچیرا: بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد،ب٢، ل١٦١.

پێچـەوانەوە تـەواوی پارتـەکانی بـاکووری کوردسـتان لـەدەرەوەی ئـەو پێوەندیانەدا مانەوە[1]. هەربۆیە پ.ك.ك توانی هۆشیاری نەتەوایەتیی خـەڵکی کوردسـتان کـۆنترۆڵ بکـات بـۆ فراوانبـوونی ڕێکخسـتنەکانی، لـەم بارەیـەوە (عەبدولمـەلیك فـورات) نـەوەی شـێخ سـەعیدی پـیران دەیـوت:" خـەڵك ئارەزوویـان بـۆ ئەجێنـدای کۆمەڵایـەتی و بەرنامـەی پ.ك.ك نـەبوو، وەلێ توندوتیـژی کودەتاچـییەکان، هۆیـەك بـوو تـا پ.ك.ك تـووڕەیی خـەڵکی کوردستان بقۆزێتەوە"، هەروەها قایمقـامی (نوسـەیبین) دەیوت:"خـەڵکێکی زۆر لە ئاکامی ئۆپەڕاسیۆنەکانی تورکیا دژی خـەڵکی سـیڤیل بوونـە دۆسـتی پ.ك.ك"[2]هاوکات لایەنگرانی پارتە سیاسییەکانی کـورد لـەئاکامی چـۆڵکردنی سەنگەری ڕووبەڕووبونەوەیان، بوون بە دۆست و ئەندامی پ.ك.ك، سـەبارەت بـەوەش د. ئیکـرام دەڵـێ:" لـە قـەزای ئـەروح پـێش کودەتـا پ.ك.ك یـەك ئەندامی هەبوو، بەڵام پاش کودەتا هەموو ئەندامانی پارتەکانی تـر بـوون بـە پ.ك.ك "[3]. بە گشتی دەکرێت بڵێین مانـەوەی پ.ك.ك وەك هێزێکـی نـەیار و کاریگەر پەیوەندی بەم هۆکارانەی خوارەوە هەبوو:

١. پێوەندی دیپلۆماسیی لەتەك نەیارانی تورکیا کرد، بـەبێ ڕەچـاوکردنی میتۆدی توندڕەوانەی بەرنامەکەی.

٢. چۆڵکردنی گۆڕەپانەکە لەلایەن پارتەکانەوەو جەنگی(ئێران ـ عێـراق)و قۆستنەوەی بۆشاییە سنووریەکان .

٣. پشـت بەسـتن بـە خـەباتی گـەریلایی وەك خـەونێکی پشـتگیریکراوی گەنجانی کوردی بندەستی داگیرکەران.

---

١ د. گوینتەر بێرند: بزاڤا نەتەوایەتی یا کوردی ل تورکیا، هاڤیبوون، ژمـارە(٢-٣)، ١٩٩٨، ل ١٢٦

٢ مراد خۆشەڤی و حسۆ: س،پ، ل ١٧٧.

٣ فاتح ڕەسوڵ:بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ، ل ١٢٩.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:

١.ئەزموونی فرەپارتایەتی و هەڵبژاردن لە تورکیا، تەنها دیموکراسییەکی ڕووکەش بوو، لە ناوەڕۆکدا ستراتیژی تواندنەوە و نکولیکردن لە ناسنامەی نەتەوایەتی کورد بەگوێرەی دەستوور و ڕێساکان و پرۆگرامی پارتە فەرمییەکانی تورکیا وەك هەمیشە درێژەی هەبوو.

٢.ژیانەوەی کاری ڕووناکبیریی و فەرهەنگی و کولتووری و سیاسیی کورد لە پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانەوە لە ژێر کاریگەریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی بندەستی جیهانی سێهەم و دروشمەکانی ئازادی چەپەکان و تێکۆشانی نەتەوایەتی باشووری کوردستان و ناسیۆنالیستانی خۆرئاوای کوردستاندا بوو. هەر لەو نێوەندەیشدا پ.د.ك.ت لە دایك بوو.

٣. پارتە فەرمییەکان تەنها لەپێناو بەدەست هێنانی دەنگداو لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، ئاوڕیان لە ناوچە کوردنشینەکان دەدایەوە، ئەمەش تەنها بە مەبەستی خزمەتگوزاری بوو، نەك ناساندنی ناسنامەی نەتەوەیی، لەبەر ئەوە لە چەپەوە بۆ ڕاست، لە توند ڕەوەوە بۆ شلڕەو، سیکۆلار و مەزهەبییەکان هەموویان لەو قۆناغەدا یەك ستراتیژیان هەبوو، ئەویش پاراستنی یەکێتی تورکیا و بالآیی ڕەگەزی تورك بوو بەسەر هەموو ئەوانی تردا، لە بەر ئەوە لە میتۆدی هیچ پارت و لە بەندی هیچ یاسا و دەستوور و پرۆژەیەکی ئەو قۆناغەدا پرسی کورد نەخرایە بەر باس، تەنها لە بڕیارەکانی کۆنگرەی چوارەمی پارتی کاری تورکی دا بوونی کورد خرایە بەر باس، وەلێ هەر زوو سەرانی پارتەکە قۆڵبەستکران و پارتەکەش سەرەونخوونکرا.

٤.ستراتیژی ڕژێمەکانی تورکیا و دامەزراوەی سەربازی تورك بریتی بوو لەوەی کە پرسی کورد نەچێتە چوارچێوەی بابەتە زانستییەکان و پرۆگرامی پارتە سیاسییەکان و لێکۆڵینەوەی زانکۆکانەوە، لەبەر ئەوە بەپێی یاسا

بــوونی پــارتی رامیــاریی و یانــەو ڕێکخراوەکــانی پەیوەســت بەناوچــە و نەتەوەیەکی دیاریکراو قەدەغەبوون.

٥. ڕامیاریی ولآتانی هەرێمی و پەیوەست بوونی تورکیا بە هاوپەیمانێتی نــاتۆوە لــە لایەکــەوە هۆکــاریی ســەرکەوتنی تورکیــا بــوو لــە پــرۆژەی کۆلۆنیالیســتییەکەیداو لەلایــەکی تــرەوە هۆکــاری لاوازی و شکســتی هــەر جوولآنەوەو تەڤگەرێکی ڕزگاریخوازیی کوردی بوو لە باکوری کوردستان.

٦.لە زۆربەی سەردەمەکاندا سەرکەوتنی پارتە چەپڕەوەکانی تورکیا لە ڕێی پاڵپشتی و کاری چالاکانەی کوردەوە بووە، هەندێك جاریش بەشێك بوون لە پرۆژەی کەمالیزم، هەربۆیە کورد لەبوونی ئەوانیش سوودمەند نەبوو، ناچار لە پاش پرۆژە یاسای لێبووردنی گشتی بەتەواوی چەپەکانی کورد هەم لە پارتە چەپەکانی تورك سڵەمینەوەو هەم ئەو باوەڕەیان لە لا دروست بوو کە خەباتی چەکداریی و شۆڕشگێڕێتی ڕێگای ڕزگاربوونیانە.

٧. هەرچەندە هزری چەپڕەوانەی ولآتانی سۆشیالیستی سەرنجی نەوەی خوێندەوار و نوێی کوردی ڕاکێشا، بەلآم هیچ کام لەو ولآتانە لەپێشەوەیاندا یەکێتی سۆڤیەت و کۆماری گەلی چین و پارتی کۆمۆنیستی ئەلبانیا، هیچ هەنگاوێکی جدی و ئاوڕێکی درووستیان لەخەباتی هەقخوازی نەتەوەی بندەستی کورد نەدایەوەو کۆمەکی پارت و ڕێکخراوە سەربەخۆکانی چەپی کوردیان نەکرد، بەڵکو زۆرجار ئەو بیروباوەڕە ڕۆڵی هەبوو لە شێواندن و ساردکردنەوەی گیان و هەستی نەتەوایەتی کورد لە باکوری کوردستاندا.

٨. پ.د.ك.ت لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە نەیتوانی وەك پارتێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو، یەکێتی ڕیزەکانی بپارێزێت، هەروەها لە لایەکەوە نەیتوانی ڕابوونی نەتەوایەتی خەڵکی باکووری کوردستان و تەنگژەکانی ناوخۆی تورکیا بۆ بەرژەوەندی کورد بقۆزێتەوە، لەلایەکی ترەوە ڕەوشی هەرێمی و زەبر و زەنگی یاساکانی تورك و تیرۆرکردنی فایەق بوجاك لە سەرەتاوە ڕێگربوون لە گەش و نماکردنیدا، دواتریش ڕووداوی کوژرانی دکتۆر سەعید ئاڵچی بەدەستی د.شوان و پاشان کوشتنی شوان لەلایەن

سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول کولتوورێکی نەرێنی بۆ جەنگی ناوخۆ لە ناو ڕەوتە هزریەکانی خەباتدا بەجێهێشت و پەیوەندی بەهێزی ڕێکخستنە نەتەوەییەکانی باشوور و باکووریشی کرمیٚ کرد. هاوکات بەرنامەیەکی زانستی و گونجاوی نەبوو، کە خواستی چینی خوێندەوار و وردە بۆرجوا ڕازی بکات، لەتەك ئەوەشدا نەبوونی سەرکردەیەکی کاریزمی و خزانی میت بۆ ناو ڕێکخستنەکانی هەر لە سەرتاوە پارتەکەیان پەرت و لاواز و بیٚ دەنگ کرد.

٩.پرۆژە یاسای لێبووردنی گشتی لە ساڵی ١٩٧٤ دا کەشێکی لەباری بۆ سەرهەڵدانی چەندین ڕەوت و پێڕی ئایدیۆلۆژی و نەتەوەیی کوردی ڕەخساند، لەم نێوەندە دا چەندین ڕەوتی چەپی کوردی دروستبوون، کە تایبەتمەندیان بریتی بوو لە:

ا. پارتی توندو شۆڕشگێڕبوون و نهێنی و نایاسایی بوون و زۆربەیان بڕوایان بە خەباتی چەکداریی هەبوو بۆ سەربەخۆیی کوردستان. چونکە شکستی شۆڕشی ئەیلوول لە ١٩٧٥دا بۆ ڕێکخستنەکانی باکووری کوردستان لەلایەکەوە لەدەستدانی پشتیووانێکی مەعنەوی بوو، وەلیٚ لە لایەکی ترەوە ئەو بڕوایەی درووست کرد، کە ئیتر خۆرئاوا و ئەمریکا ناتوانن پشتیووانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بکەن.هاوکات پارتەکان لە پاشکۆیەتی پارتەکانی باشووری کوردستان داماڵران و خۆیان بوون بە سەنتەری کار و چالاکییان.

ب. گەنج و کەم تەمەن بوون و سەرکردەی کاریزمی و شیاو لە ڕیزی هیچ لە پارتەکان لە پاش د.شوانو سەعید ئاڵچی هەڵنەکەوت.

ت. هەندێك لە پارتەکان پرۆژەی دەسەلاٚت بوون و دەولەٚت بۆ توندکردنی ناکۆکی نێوخۆ بەکاری دەهێنان، لەبەر ئەوە دەبینین جەنگی نێوان پ.ك.ك و هەموو پارتەکانی تر زیانێکی مەزنی بە خەباتی پارتایەتی ئەو قۆناغە گەیاند.

ج. بنکەکانی وەشاندنی ڕێگەی ئازادی و کۆمەڵ و کاوە خزمەتی مەزنیان بە ژیانەوەی فەرهەنگ و زمان و تایبەتکارەکانی نەتەوەی کورد لە

ناوەڕاستی حەفتاکاندا کرد، کە ڕێکخستنی ڕێکخراوە نهێنییەکانی کورد دەیجوولاّندن.

ح. پەرت و ناکۆك بوون و بڕوایان بە یەکڕیزی و هاریکاریی یەکتر نەبوو، هەر پرۆژەیەکی یەکڕیزیش زیاتر پێکهێنانی بەرەی جەنگ بووە دژی پارت و کۆمەڵەیەکی تر. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێینین لە ڕووی دیپلۆ ماسییەوە لاواز بوون و نەیانتوانی لەتەك چەپەکانی تورکدا بەرەیەکی هاوبەش دروست بکەن، هەروەها لەتەك ڕێکخستنەکانی باشوور و خۆرئاوا و ڕۆژهەلاّتی کوردستانیشدا نەیانتوانی یان زەمینەیان بۆ نەڕەخسا تا هاریکار و دەستبەرداریی یەکترین.

١٠. کودەتای سەربازیی ١٩٨٠ کۆتاییهێنان بوو بە ڕەوشی نائارامی ڕامیاریی و ئابووری و توندوتیژییەکانی تورکیا، کە گەلێ دەرهاویشتەی بۆ ڕێکخستنە سیاسییەکانی کورد هەبوو.

ا. بەپشتیووانی خۆرئاوا بەتایبەت ئەمریکا هاتە گۆڕێ، تا پێگەو یەکێتی تورکیا لە بەرامبەر لەدەستدانی ڕژێمی شای ئێران بەهێز بکات، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو ڕێکخستنە جوداخوازەکانی کورد کەوتنە مەتەرێزی ڕامیاریی تورکیا و خۆرئاواوە.

ب. ڕێکخستنە سەربەخۆکانی چەپی کورد پەرت و بلاّوبوون و لەناوخۆدا هیچ بوونێکیان نەماو لە دەرێشدا بەتایبەت لە خۆرئاوا زۆربەی سیاسییەکانی کورد لە تێکۆشان ساردبوونەوەو دانیشتن.

ت.سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دیسانەوە بندەستکردنەوەی ڕۆژهەلاّتی کوردستان، ئومێدی خۆ ڕێکخستنەوەی ڕێکخستنە پەرتەوازەکانی باکوری کوردستانی لەدەستدا.

ج. پ.ك.ك توانی بەپشت بەستن بە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی ببێتە ئەلتەرناتیڤی تەواوی پارت و ڕێکخستنەکانی باکووری کوردستان و بەشێوەیەکی کرداریی خۆی بۆ دەستپێکی خەباتی چەکداری ئامادەکرد، بەجۆرێك بۆ ڕژێمی تورکیا بوو بە سەرەتای تەنگژە و گرفتێکی مەزن، کە تا ئەوڕۆکەش گوڵمەزی دۆزەکە بەردەوامە.

# سەرچاوەکان

## یەکەم: بەڵگەنامەو بڵاوکراوە حکومیو حزبییەکان:

### ا.بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان:


١. د . ك . و . ملفات مجلس السيادة، سفارة الجمهورية العراقية في انقرة، (رقم الملف ٢٨٨).
٢. دائرة الملحق الصحفى ـ لندن : التقرير الصحفى الاسبوعي، الجمهورية العراقية، ١٩٦٢/٨/٣.
٣. سفارة الجمهورية العراقية في انقرة ٢٩٣/ص ، تاريخ ١٩٨٩/١١/٤ .
٤. سفارة الجمهورية العراقية في انقرة، رقم ٢٩٣/ص ، تاريخ ١٩٨٩/٤/٦ .
٥. سفارة الجمهورية العراقية في انقرة: الدائرة الصحفية (انقرة) : وثائق السفارة العراقية فى انقرة.


### ب. بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان:

ا. بەڵگەنامە بڵاوکراوە کوردیەکان:


٦. ئەنوەر سوڵتانی: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٧. کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان لەبەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو فەرەنسادا (١٩٨١ ـ ١٩٣٣)، ب١، وەرگێرانی: نەجاتی عەبدوڵڵا، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٨. مەکتەبی دیراسات و لێکۆڵینەوەی پارتی : پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك)و ڕۆڵی لەبزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردستاندا، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندیو دیراساتو توێژینەوە، ژمارە١٠، چ١، هەولێر، ١٩٩٦.


ب. بەڵگەنامە بڵاوکراوە عەرەبیو فارسییەکان:


٩. بيتر جى.لامبرت: الولايات المتحدة والكرد، دراسات حالات عن تعهدات الولايات المتحدة، مطبعة مركز الدراسات الكردية و حفظ الوثائق، ط١، دهوك،٢٠٠٠.
١٠. حركة التحرير القومي الكردستاني –تركيا (كوك): النضال لتحرير كوردستان، ايلول ١٩٨٦.

١١. غريمت ، ريتشارد . ف . والن ليبسون: تركيا صعوبات وآفاق ، سلسلة دراسات ستراتيجية ، ادارة ابحاث الكنجرس الامريكية، اعداد دائرة شوءن الخارجية والدفاع القومى، ١٩٨١.
١٢. عبد الفتاح علي يحيى البوتاني: وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية، ملاحظات تاريخية ودراسات اولية،ط١، مطبعة وزارة التربية، اربيل،٢٠٠١.
١٣. عبدالله اوجالان، راه انقلاب كردستان ـ مانيفست، انتشارات جبهه آزادي بخش ملى كردستان، (د.م).
١٤. اللجنة الاستشارية في وزارة الخارجية: حول امريكا والغرب والقضية الكردية فى العراق وايران و تركيا، ب.م،١٩٩١.
١٥. سلسلة وثائق وكر الجاسوسية: تدخلات امريكا في البلدان الاسلامية : تركيا، من منشورات الوكالة العالمية، ط١، بيروت ، ١٩٩١.
١٦. مكتب علاقات الفرع الاول للحزب الديموقراطى الكردستانى: نشرة تاريخية عن الاحزاب الكردية فى كردستان الشمالية (د.س، د.م).

**دووەم: یاداشتو بیرەوەری:**

**ا. به کوردی:**

١٧. ئەکرەم جەمیل پاشا : کورتە ژیانا من، چ١، وەشانێن بیر، دیاربەکر، ٢٠٠٧.
١٨. بیرەوەریەکانی کەریم ئەحمەد : ریڕەوی تێکۆشان ، و:جەلال دەباغ،ب١، رەهەند، سلێمانی ٢٠٠٧.
١٩. جەلیل گادانی، پەنجا سالّ خەبات ، چ٢، موکریان، هەولێر، ٢٠٠٨.
٢٠. کەریم حیسامی : لە بیرەوەریەکانم ، ١٩٧٩–١٩٨٣ ، ستۆکۆلّم،ب٧، ١٩٩٣.
٢١. نەوشیروان مستەفا: لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناو زەنگ، دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عیراق(١٩٧٥ـ١٩٧٨)، چاپو بلاّوکراوەی بەرلین، ١٩٩٧.

**ب. به عەرەبی:**

٢٢. داود باغستانى : جزء من مذكراتى وعلاقاتى لازالة بعض الغيوم ، مطبعة:كلية الشريعة، دهوك،ط١، ١٩٩٧.
٢٣. زنار سلوبي :في سبيل كردستان– مذكرات، ط١،دارالكتاب، بيروت، ١٩٨٧.
٢٤. نورالدين زازا : حياتي ككوردي، ت: خسرو بوتانى، ط١، اراس، هةولَيَر، ٢٠٠٨.

**سێهەم: نامەو تێزە زانکۆییەکان:**

**ا.بە عەرەبی:**

٢٥. احمد عبد الباقي احمد، الدور السياسي للقوميات في تركيا –الاكراد، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة مستنصرية، بغداد، ١٩٨٩.

٢٦. داود احمد حسن: الاوضاع السياسية فى تركيا خلال السبعينات، جامعة البكر للدراسات العسكرية العليا. ،كلية الدفاع المدنى، رسالة غير منشورة،بغداد،١٩٨١.

٢٧. سيامند كريم محمود: تركيا والقضايا العربية( ١٩٤٥ـ ١٩٦٧)، معهد تاريخ العرب، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، بغداد، ٢٠٠٤.

٢٨. صبرية احمد لافي، الاكراد في تركيا - دراسة سياسية للحركة الكردية المسلحة، معهد الدراسات الاسيوية، جامعة المستنصرية، بغداد،١٩٨٥.

٢٩. عبدالفتاج على يحى البوتانى : الاحزاب والمنظمات السياسية الكوردية(١٩٦٥ـ١٩٩٢)، بحث غير منشور، بحوزة كاتبه.

٣٠. على تتر توفيق: الحياة السياسية فى كردستان ١٩٠٨ ـ ١٩٢٧، ت: تحسين ابراهيم الدوسكى، مطبعة حجى هاشم، اربيل، ٢٠٠٧.

٣١. محسن حمزة حسن العبيدي: التطورات السياسة الداخلية في تركيا1960-1946 ، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، جامعة الموصل، ١٩٨٩.

٣٢. نصيب جاسم المطلبى:موقع تركيا الجيو إستراتيجي و اهميته للعراق، رسالة دكتورا غير منشورة، قسم الجغرافية، كلية الاداب، جامعة بغداد، بغداد، ١٩٨٦.

٣٣. نوال عبد الجبار سلطان الطائى: التطورات السياسية الداخلية في تركيا (١٩٦٠–١٩٨٠ ، رسالة دكتوراة غير منشورة،جامعة الموصل،كلية التربية، قسم التاريخ،الموصل،٢٠٠٣.

٣٤. وصالح نجيب العزاوى : القضية الكردية في تركيا، دراسة في التطور السياسى للقضية الكردية منذ بدايتها وحتى عام ١٩٩٣، رسالة دكتورا غير منشور، كلية العلوم السياسة، جامعة بغداد، ١٩٩٤.

**ب. بە زمانی کوردی:**

٣٥. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: یەکێتی نیشتمانی کوردستان،چ١، چاپو پەخشی نما، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٣٦. سەروەرعەبدولڕەحمان: پارتی کۆمۆنیستی عێراقو مەسەلەی کورد (١٩٣٢ - ١٩٥٧)، نامەی دکتۆرای بڵاونەکراوە،بەشی مێژوو، زانکۆی سلێمانی،٢٠٠٨ .

٣٧. عەلی تەتەر نێروەیی : بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراق ئێراندا(١٩٨٠–١٩٨٨)، چاپخانا حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨.
٣٨. فەرەیدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵلا : بارودۆخی سیاسی کوردستان ـ عێراق (١٩٧٠ ـ ١٩٧٤)، چ١، هەولێر، ٢٠٠٨.
٣٩. هێرش عەبدوڵلا حەمە کەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو تورکیا، ١٩٩١ ـ ١٩٩٨ مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٤٠. هۆشمەند عەلی شێخانی: عەبدولڕەحمان قاسملوو – ژیان و ڕۆڵی سیاسی لەبزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کوریدا١٩٩٠–١٩٨٩،چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر،٢٠٠٧.

## چوارەم: کتێبەکان:

### ا. بەزمانی کوردی:

٤١. ئیحسان نووری بەدلیسی : شۆڕشی نەتەوەیی کورد لە تورکیا، وەرگێڕانی: م.جەمیل ڕۆژ بەیانی، دار الحريه، بغداد، ١٩٩٣.
٤٢. ئیسماعیل بێشکچی: کوردو کوردستان لەنامەکەی ئیسماعیل بێشکچی بۆ یونسکۆ، و: موکری، چ٢، کەرکوک ،٢٠٠٦.
٤٣. ئیسماعیل بێشکچی: سیو سێ گولله، وەرگێڕانی: ئاسۆس هەردی، دەزگای چاپی سەردەم، سلیمانی،١٩٩٩.
٤٤. ئیسماعیل بەشکچی: کوردستان کۆلۆنییەکی نێو دەوڵەتی، وەرگێرانی: ڕێبوار ڕەشید، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٣
٤٥. بلەج شێرکۆ : کێشەی کورد ـ مێژینەو ئێستای کورد، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، چ٣، کوردستانی عێراق، ١٩٩٢.
٤٦. جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێڕانی لەئەڵمانیەوە: کوردۆ، چ٣،چاپخانەی مناره، هەولێر،٢٠٠٧.
٤٧. حامید گەوهەری : کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
٤٨. م. ئە.حەسرەتیان : یاسا دەستوورییەکانی تورکیاو کورد لە سەردەمی نوێدا، و: د. دلێر احمد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چ١،سلیمانی، ٢٠٠٨.
٤٩. م. ئە.حەسرەتیان: کوردستانی هاوچەرخ، و: گوشاد حەمەسەعید، چ١، دەزگای ئاراس ، هەولێر، ٢٠٠٥.

٥٠. حەسەن ئەحمەد مستەفا: باکووری کوردستان لە گێژاوە سیاسییەکاندا، ئامادەکردنی قەندیل محەمەد،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ب.ش،٢٠٠٠.

٥٠. حوسێن محەمەد عەزیز: خولانەوە لە بازنە یەکی بۆشدا، چا پخانەی ،چ١، نوسینگەی وێران، هەولێر،١٩٩٥.

٥١. جۆناتان ـ سی ڕاندل : کوردستان یان کلۆڵی نەتەوەیەك، و: خەسرەو شاڵی، چ١، چاپخانەی بەرهەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٥٢. دڵشاد مەجید : تورکیا لە دوڕیانی دەسەڵاتی ژەنەراڵەکان و دەسەڵاتی سیاسیدا، چاپخانەی ڕەنگالە، هەولێر، ١٩٩٥.

٥٣. دێرك کینان : کورد و کوردستان لە نێوان داگیرکەراندا، وەرگێڕانی: سەلام ناوخۆش، چ٣، هەولێر، ٢٠٠٧.

٥٤. دیڤید ماکداولێ: مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو،چ١، چاپخانەی روون، سلیمانی، ٢٠٠٣.

٥٥. ڕۆبەرت ئۆڵسن : ڕاپەرینی شێخ سەعیدی پیران (١٨٨٠ ـ ١٩٢٥)، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

٥٦. زاهیر محەمەدی و یاسین حاجی زادە: فەرهەنگی سیاسی، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، سلیمانی، ٢٠٠٦.

٥٧. زنار سلۆپی : دۆزی کوردستان، و.فەیزولڵا ئیبراهیم، چ٣، دیاربەکر، ٢٠٠٧.

٥٨. ڕەزا هیلا: تورکیاو ململانێی عیلمانییەت ـ ئیسلام ـ کورد، و:دلێر عەباس، ئۆفسێتی ژین، سلێمانی، ١٩٩٩.

٥٩. ڕێبوارساڵح: ڕێگایەك بۆ ئازادی، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٦٠. ژیان عومەر: قەهرەمانێ چوار سنورا شەهید،عەمرێ لەعلێ، چاپخاناهاوار، دهوك،٢٠٠٥.

٦١. ژیر:کوردایەتیو سەربەخۆیی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٢.

٦٢. سالر الحفید: علی العسکری.

٦٣.سەلأح بەدرەدین: بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە سوریا، وەرگێرانی: میکائیل ئیبراهیم، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،٢٠٠٣.

٦٤. شعبان جزیری : گرفتاری یا کوردا ل تورکیا، دەزگەها بە لاڤەکردنا کوردی، چ١، بغداد، ١٩٩٢.

٦٥.عەبدوڵڵا ئۆج ئالان : بەرگریکردن لە گەلێك، و: لوقمان عەبدوڵڵا، چ١، چاپخانەی ڕەنج، لە بلأوکراوەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندنی(پ.چ.د.ك) سلێمانی، ب.ش، ب.س.

٦٦.عــەزیز شــەمزینی: جووڵانــەوەی ڕزگــاریی نیشــتیمانی کوردســتان، و: فەریــد ئەسەسەرد، چ٣، سلێمانی، ١٩٩٨.
٦٧. عیسمەت شەریف وانلی : کورد و کوردستان، (ب.ش)، ١٩٧١.
٦٨. فاتیح ڕەسووڵ : چەند لاپەرەیەك لەخەباتی گەلی کوردمان،چ١، سوید،١٩٩٢، ب٣.
٦٩. فاتیح ڕەسوولا: بنچینەی مێژووی بیرۆکـەی چـەپ لـە کوردسـتان، چ٢، چـاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٧٠. فەیروز ئەحمەدو ئەوانی تر : تورکیـا نەبـەرد لـەپێناوی مانـەوەدا، و: خـەلیل بـەکر مەحمودو ئەوانی تر، چ١، سلیمانی، ٢٠٠٦.
٧١. کرمانجی گوندی : سی ساڵ خەباتو وڵاتێکی وێران (١٩٦١ ـ ١٩٩٠)، سوید، ١٩٩٠.
٧٢. کریس کۆچێرا : کورد لە سەدەی نۆزدەو بیسـتدا، و. حەمـە کـەریم عـارف، چـاپی شڤان، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٧٣. کریس کۆچێرا : بزووتنـەوەی نەتـەوەیی کـوردو هیـوای سـەربەخۆیی، وەرگێرانـی: ئەکرەمی مهرداد، چاپو پەخشی نما، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٧٤. کەمال بورکای: کورد وکوردستان، و:عەلی فەتحی، چ١،چـاپخانەی منـارە، هـەولێر، ٢٠٠٨.
٧٥. کۆمەڵەی خۆییبوون : قەتلۆعامی کورد لە تورکیا، و: نەجاتی عەبدوڵلا ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٧٦. کەنـدال نـەزان و ئـەوانیتر: گـەلێکی پـەژموردە و نیشـتیمانی پـەرت (کـوردو کوردستان)، و: گۆمەیی، چ١، سوید، ١٩٩٨.
٧٧. گوینتەر دێشنەر: کورد گەلی لە خشتە براوی غـەدر لێکراو، و: حەمەکـەریم عـارف، چ١، دەزگەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٤.
٧٨. گیساروف و ڕاگووشین : کوردی تورکیـا، و: جـەلال تـەقی، وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، سلێمانی، ٢٠٠١.
٧٩. مارتین ڤان براونەسن: ئاغاو شێخو دەوڵەت، و: کردۆ،چ٢، دەزگای چاپو پەخشـی سەردەم، سلیمانی، ١٩٩٩.
٨٠. مامەنـــد رۆژە:ئەرمەنۆساید،ســــەدەیەك لــــە پێوەندییــــەکانی کــــوردو ئەرمەن،چ١،چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٨١. مایکـڵ گانتــەر: فەرهــەنگی کـوردی، و.مامکـاك، چـاپخانەی دەزگـای ئـاراس، هەولێر،٢٠٠٧ .

٨٢.مراد خۆشەڤی حسۆ: گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عێراق، پەیوەندییەکانی تورکیاو عێراق:١٩٩٠ ـ ٢٠٠٥، و.نوسەر، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چ١ ، هەولێر.
٨٣. محەمەد ڕەسووڵ هاوار: کورد و باکوری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەری دووەمی جیهانی،چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٨٤. مسعوود بارزانی : بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی(٣ )، بەشی دووەم، (١٩٦١ ـ ١٩٧٥)، و. لیژنەیەك، چاپەمەنی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.
٨٥. میهردادی ئیزەدی : چەردە باسێك لە بارەی کوردانەوە، و: ئەمین شان، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧
٨٦. میر جەلادەت بەدرخان : دەربارەی دۆزی کوردو یاسای دوورخستنەوەو پارچە پارچە کردنی کورد، و.جەمال گردە سۆری، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٠٨.
٨٧. نەوزاد عەلی ئەحمەد : ڕۆژنامەگەری خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا ١٩٤٩ ـ ١٩٩١، چ١، تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٨٨. هەڤال جومعە : مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە بلاوکراوەکانی قوتابخانەی ناوەندی پارتی کرێکارانی کوردستان، ب.ش، ب.س.

**ب. بەزمانی عەرەبی:**

٨٩. إبراهيم خليل احمد وآخرون: تركيا المعاصرة، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، مركز دراسات التركية، جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٨.
٩٠. ابراهيم الداقوقى : اكراد تركيا، ط٢، دار اراس، اربيل،٢٠٠٨.
٩١. ازاد سعيد سمو : سعيد النورسي حركته و مشروعه الاسلامي في تركيا، ١٨٧٦ ـ ١٩٦٠، ط١، دار الزمان، دمشق، ٢٠٠٨.
٩٢. احمد نوري النعيمي: تركيا وحلف الشمال الاطلسي،ط١، المطبعة الوطنية، عمان، ١٩٨١.
٩٣. احمد نوري النعيمي: ظاهرة التعدد الحزبى فى تركيا، دار الحرية، بغداد، ١٩٨٩.
٩٤. احمد نوري النعيمي: الحركات الاسلامية الحديثة في تركيا، حاضرها ومستقبلها، دار البشير، عمان،(ب.س).
٩٥. اسماعيل بيشكجى:النظام فى الاناضول الشرقية، الاسس الاجتماعية ـ الاقتصادية والبنى القومية،ط١، ت. شكر مصطفى، دار اراس، اربيل، ٢٠٠١.

٩٦. اندرو فنكل ونكهت سيرمان : تركيا_ المجتمع والدولة، ت. د.حميد الدوري، بيت الحكمة، بغداد،٢٠٠٢.
٩٧. د.جبارقادر: قضايا كردية معاصرة -كركوك – الانفال – الكرد وتركيا، دار اراس للطباعة والنشر، ط١، اربيل، ٢٠٠٦.
٩٨. جرجيس حسن : تركيا في الاستراتيجية الاميركية بعد سقوط الشاه ، ب.م، ارومية، ١٩٩٠.
٩٩.جلال عبدالله معوض: صناعة القرار في تركيا والعلاقات العربية التركية ،ط١، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت،١٩٩٨.
١٠٠. جليلي جليل واخرون: الحركة الكردية في العصر الحديث، ط١، ت. عبدى حاجى، دارالرازى، بيروت، ١٩٩٢.
١٠١. جهاد صالح : الطورانية التركية بين الاصولية والفاشية،ط١، دار الصداقة، بيروت،١٩٨٧ .
١٠٢. جيرارد جالديان : الماساة الكوردية، ت.عبدالسلام النقشبندي، دار اراس للطباعة والنشر، ط١، اربيل، ٢٠٠٧.
١٠٣. حامد محمود عيسى: القضية الكردية في تركيا، ط١، مكتبة مدبولي، قاهرة، ٢٠٠١.
١٠٤. حامد محمود عيسى : المشكلة الكردية في الشرق الاوسط ، ط١ ، مكتبة مدبولى، قاهرة، ١٩٩٢١٠٥.حركة التحرير الوطنى الفلسطينى(الفتح): الاكراد و كردستان،(ب.م) ١٩٨٢.
١٠٦. حبيب محمد كريم : تاريخ حزب الديمقراطي الكردستاني –العراق فى محطات رئيسية، مطبعة خبات، دهوك، ١٩٩٨.
١٠٧.م .ا. حسرتيان: القضايا القومية في تركيا، ت. سيامند سيرتى، قاميشلى، ١٩٩١.
١٠٨. حسن العلوى: التاثيرات التركية في المشروع القومي العربي في العراق، ط١، دار الزوراء، لندن، ١٩٨٨.
١٠٩. دانا آدمز شميدت: رحلة الى الرجال الشجعان في كردستان، ت.جرجيس فتح الله، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل، ١٩٩٩.
١١٠. درية عونى : عرب واكراد، حصام ام وئام، ط١ دار الهلال، القاهرة، ١٩٩٣.
١١١. د.راستى: المسالة الكردية عوائق على طريق الحل الديمقراطى ، ب.م،٢٠٠٢.
١١٢. رزگار محمد : عملية دجلة، حملة الحكومة العراقية على كردستان ١٩٦٣، صلاح الدين للطباعة و النشر، هولير، ٢٠٠١.

١١٣. سامى عبدالرحمن: البديل الثورى في حركة التحريرية الكردية، التقرير السياسي لحزب الشعب الديمقراطي الكردستانى المنعقد من (٢٦–٣٠)تموز ١٩٨١.
١١٤. سعد خديدة علو : العلاقات العراقية الايرانية واثرها على القضية الكردية في العراق١٩٠٨ ـ ١٩٦٣،ط١، مطبعة حجى هاشم، اربيل، ٢٠٠٦.
١١٥. سعد ناجى جواد : دراسات فى المسالة القومية الكردية، الدار العربية للعلوم،ط١،بغداد،٢٠٠١.
١١٦. سليمان عبد الله إسماعيل: السياسة المائية لدول حوضي دجلة والفرات وانعكاساتها على القضية الكردية ، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية -السليمانية ،٢٠٠٤.
١١٧. صلاح عصام ابو شقرا: الاكراد شعب المعاناة، نافذة على واقعهم في لبنان والعالم ، ط١ ، دار الهادى للطباعة والنشر، بيروت،١٩٩٩.
١١٨.صلاح الخرسان: الخرسان: التيارات السياسية في كوردستان ١٩٤٦–٢٠٠١، بيروت، مؤسسة البلاغ للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠١.
١١٩. صلاح سعد الله : المسالة الكردية في تركيا، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٩١.
١٢٠. عبدالحميد درويش: اضواء على الحركة الكردية في سوريا، ط٣، سليمانية، ٢٠٠٣.
١٢١. عبدالرزاق الحسينى : تاريخ الوزارات العراقية، ط٧، بغداد، ١٩٩٨، ج١،ج٨.
١٢٢. عبدالله اوج الان :حقيقة الثورة ،بين اللغة والممارسة، ط١،دار اخيل للطباعة والنشر والتوزيع، اليونان، ١٩٩٥.
١٢٣. عبدالله اوج الان: قضية التحرر الوطنى الكردستانى وطريق الحل،من منشورات حزب العمال الكردستاني،١٩٨٢.
١٢٣. عبدالله اوج الان : مختارات (٢)، من منشورات حزب العمال الكردستانى، ب.م،ب.ش.
١٢٤. عبدالله اوج الان : قوموا بتحضير انفسكم حتى الموت لاجل النصر ، من منشورات المدرسة المركزية للحزب ،١٩٩٢.
١٢٥. عبدالستار طاهر شريف: الجمعيات و المنظمات و الاحزاب الكردية في نصف قرن 1958 - 1908، ط١، شركة المعرفة للنشر و التوزيع، بغداد، ١٩٨٩.
١٢٦. عثمان علي : دراسات في الحركة الكردية المعاصرة ١٨٣٣ ـ ١٩٤٦– دراسة تاريخية وثائقية، مكتب التفسيرللطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٣.
١٢٧. عبدالفتاح على يحيى البوتاني:دراسات ومباحث فى تاريخ الكرد والعراق المعاصر،ط١، مطبعة حجى هاشم، اربيل،٢٠٠٧.

١٢٨. عونى عبدالرحمان السبعاوي : العلاقات العراقية التركية(١٩٣٢ـ ١٩٥١)، مركز دراسات التركية، بغداد، ب.س.
١٢٩. فاتح رسول: صفحات من تاريخ كفاح الشعب الكوردي، ت: كمال غمبار،ط١، ضاثخانةى كارؤ، سليمانى، ٢٠٠٦، ج١.
١٣٠. فاضل رسول : كردستان والسياسة السوفيتية فى الشرق الاوسط،ت.غسان نعمان، حمدى للطباعة والنشر، سليمانية، ٢٠٠٨.
١٣١. فريد هاليداى واخرون : الاثنية والدولة، الاكراد في العراق وايران وتركيا، ت: عبدالله النعيمي، الفرات للطباعة والنشر، ط١، بغداد، ٢٠٠٦.
٢٣٢.فلاديمير ايفانوفيتش دانيلوف:الصراع السياسى فى تركيا ـ الاحزاب" السياسية والجيش، ت. يوسف ابراهيم الجهمانى، ط١، دارحوران للطباعة، دمشق، ١٩٩٩.
١٣٣. فيروز احمد واخرون: تركيا بيت الصفوة البيروقراطية والحكم العسكرى، ت: سامى الرزاز و عدنان بدر، ط١، بيروت، ١٩٨٥.
١٣٤. كريم محمد حمزة و دهام محمود على الجبورى : القوى الفاعلة فى المجتمع التركي، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٢.
١٣٥. كمال شاهين : مسيرة اكراد سوريا ال ٢٤ عاما مع حزب العمال الكردستانى،(ب.م)،(ب.س).
١٣٦. لازاريف واخرون : تاريخ كردستان،ت. عبدي حاجي، مؤسسة اراس للطباعة والنشر، اربيل ، ٢٠٠٥.
١٣٧. لازاريف : المسالة الكردية النضال والاخفاق ١٩٢٣ ـ ١٩٤٥، ت.عبدى حاجى، مؤسسة اراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٠.
١٣٨. مالميسانيذ: عائلة جميل ثاشا الدياربكرى والنضال القومي الكردي، ت. فيض الله ابراهيم خان، ط٢، دياربكر، ٢٠٠٧.
١٣٩. محمد صالح الغابوري: في سبيل تحرير الكرد و توحيد كردستان،ط١،مطبعة قشنط، سليمانية، ٢٠٠١.
١٤٠. مجموعة من الباحثين السوفيت : تاريخ تركيا المعاصر، ت. هاشم صالح التكريتي، مؤسسة حمدي، سليماني، ٢٠٠٧.
١٤١. محمد عامر ديَرشه وى : سياسة المانيا اتجاه الاجانب ، ط١، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل،١٩٩٨.
١٤٢. محمود الدرة : القضية الكردية والقومية العربية في معركة العراق، دار الطبيعة، ط١، بيروت، ١٩٦٣.

١٤٣. الجمهورية العراقية، مديرية الامن العامة ( مركز التطوير الامني)، الجمهورية التركيـة، الجارة الشمالية، محدود التوزيع، د.م،د.س.
١٤٤. مصطفى الزين: ذئب الاناضول– مصطفى اتـاتورك، ط١ ، ريـاض الـريس للكتـب و النشر ، لندن ،١٩٩١.
١٤٥. مصطفى الزين: اتاتورك و خلفاؤه ، ط١، دارالحكمة للنشر، بيروت، ١٩٨٢.
١٤٦. مسعود بارزاني : البارزانى والحركة التحررية الكردية، الكرد والثورة ١٤ تموز ١٩٥٨، كردستان، ب.ط،١٩٩١.
١٤٧. منذر الموصلي: الحياة السياسية والحزبيـة في كوردسـتان — رؤيـة عربيـة للقضـية الكردية ،ط١، رياض الريس للكتب والنشر، لندن،١٩٩١.
١٤٨. نافع طارق الحمداني: العلاقات الايرانية ـ التركية وانعكاساتها على الامن الوطنى منذ عشرينات القرن العشرين و حتى الوقت الحاضر، اوراق تركية معاصرة، مركز الدراسات الاقليمية، العدد١٩، الموصل، ٢٠٠٣.
١٤٩. نبيل حيدري : تركيا دراسة فى سياسة الخارجية منذ ١٩٤٥،، ط١، صبرى للطباعة والنشر، دمشق، ١٩٨٦.
١٥٠. نـديم البـتكين: تركيـا بدايـة اسـتراتيجية للامبرياليـة العالميـة، الحقيقـة برس، ط١٩٨٧،١ .
١٥١. نورى عبد الحميد العاني وآخرون : تـاريخ الـوزرات العراقيـة فـى العهـد الجمهـوري ، ط١، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٠، ج١.
١٥٢. هاشم البناء:من يرك البارزانى،ط١، بغداد،١٩٦٤.
١٥٣. هاشم رمضان (ابوعنتر) :المحترقون الكرد، الحياة والموت،ط١، اربيل، ٢٠٠٥.
١٥٤. هنرى باركي واخرون: القضية الكردية فى تركيا، ت: هظال، ط١، مطبعـة موكريـان، هولير، ٢٠٠٧.
١٥٥. وليـد رضـوان: تركيـا بـين العلمانيـة والاسـلام فـى القـرن العشـرين ،ط١، شـركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت، ٢٠٠٦.
١٥٦. وليد رضوان : موقف تيار الاسلامى والتيار العلمانى فى تركيا من القضية الكردية، ط١، دارالنهج، حلب، ٢٠٠٨.
١٥٧. وليم إيغلتن الابن: جمهوريـة مهابـاد، ترجمـة:جرجيس فـتح الله، ط٢، وزارة تربيـة، اربيل،١٩٩٩ .
١٥٨.ويلسون ناثانيل هاول : الكورد والاتحاد السوفيتى، ت.ضـياء الـدين المرعـب، ط١، مطبعة ايلاف، بغداد،٢٠٠٦.

١٥٩. ياسـر احمـد حسـن: تركيـا البحـث عـن المسـتقبل،ط١، دار المعرفـة البنانيـة، القاهرة،٢٠٠٦.
١٦٠. يورك اوغلو: تركيا حلقة ضعيفة فى السلسلة الامبريالية، ت:فاضـل لقمـان، دار ابـن رشد، بيروت، ١٩٧٩.
١٦١. يوسف ابراهيم الجهماني: اتاتوركية القرن العشرين، ط١، دارالحوران، دمشق، ٢٠٠٠.
١٦٢. يوسف ابراهيم الجهماني: اوج الان، تركيا والاكراد، دارحوران، ط١، دمشق، ١٩٩٩
١٦٣. يوسف ابراهيم الجهماني: العلويون فى تركيا، ط١، دارحوران، دمشق،١٩٩٩.
١٦٤. يوسـف ابـراهيم الجهمـانى و سـالار اوسـتى : تركيـا و سـوريا، ط١، حـوران للطبـع والنشر، دمشق، ١٩٩٩.
١٦٥. يوسف ابراهيم الجهمانى: حزب الرفاه،ط١، دارحوران، دمشق، ٢٠٠١.

**ج. بەزمانی فارسی:**

١٦٦. اسـتانفورد جـى شـاو و ازل كـورال شـاو: تـاريخ امبراتـورى عپمـانى وتركيـه جديد(١٨٠٨ ـ ١٩٧٥)، ت:محمود رمچان زاده، معاونت فرهنگ استان قـدس، تهـران، ١٣٧٠، جلد دوم.
١٦٧. بئوار اليمـا: اخـرين مسـتعمره، كردسـتان تركيـه بحـران كردسـتان تركيـه از اغـاز تاكنون،چ١، انتشارات پژوهنده، تهران،١٣٧٨.
١٦٨. ديريـك كينـان، كردهـاو كردسـتان، ت. ابـراهيم يونسـى، انتشـارات نگـاه، تهـران، ١٣٧٦.
١٦٩. رابرت السـن : مسـاله كـرد وروابـط ايـران وتركيـه، ترجمـه: ابـراهيم يونسـى، چ١، انتشارات پائيز، تهران، ١٣٨٠.
١٧٠. ژويـس بلـو : مسـاله كـرد، بـررس تـاريخى و جامعـه شناسـى، ت. پرويـز امينـى، انتشارات دانشگاه كردستان، سنندج، ١٣٧٩.
١٧١. د. عليرضا امينى، تاريخ روابـط خـارجى ايـران در دوره بهلـوى، صـداى معاصـر، تهران، ١٣٨١.
١٧٢. گ . ب . اكويـوف (هاكوپيـان) و م (مهـاوريف) : كـردان گـوران و مسـئله كـرد در تركيه، ت. سيروس ايزدى، مؤسسه فرهنگى نشاگ، تهران، ١٣٨٦.
١٧٣. كريس ابوك : تركيه، ترجمه:مهسا خليلى، كتابخانه ملى ايران، تهران،١٣٨٤ .
١٧٤. نادر انتصار : قوميت طرايى كرد، ت.عبداللة عبداللة زادة،ض١،انتشـارات معرفـت، تهران،١٣٨١.

**ح. بە زمانی ئینگلیزیەکان:**

175 . Ali Kemal Özcan: Turkey's Kurds: A Theoretical Analysis of the PKK and Abdullah Ocalan, Routledge Advances in Middle East and Islamic Studies,London,2006.

176 . Berch. Berberoglu, Turkey in Crisis,Frm state capitalism to –Neo Clonialism, Zed.Press, London, 1982.

176. Edgar Ó Balance : The Kurdish straggle 1920-1994 ,bogazici university tibrarg ,NewYork ,1996.:

177 . Erik J. Zürcher: Turkey: A Modern History, Third Edition, 1.B. Tavris, Amstrdam,1992.

178. Gùlistan Gurbey: The Development of the Kurdish Nationalist Movement in Turkey since the 1980s, University Press of Kentucky, 1996.

179 . Michael M. Gunter: The Turks in Turkey,Apolitical Dilemma,Boulder,co:west view press,1990.

180 . Michail M.Gunter: The Kurds and The Future of Turkey.Sr.martins Press.New york.1997.

181. Omer Tspinar: Turkish Nationalism and Political Islam in Turkey,Routledge,Newyork and, London,2005.

182 . Selim Deningil : Turkish Foreign Policy during The Second World War, University Press,Cambridge,1989.

183 . Stanford J. Shaw, Ezel Kural: History of the Ottoman Empire and Modern Turkey: Volume 11, cammbridge, 1977.

184 . Feroz Ahmad: The Turkish Experiment in Democracy, 1950-1975, Westview Press, 1977, London..

185 . Vali, Ferenc A: Bridge across the Bosporus :The foreign policy of Turkey, Johns Hopkins press, london,1971..

186 . Gérard Chaliand: The Kurdish Tragedy, zed Book sltd ,London ,1994.

188 . Kristiina Koivunen: The Invisible War in North Kurdistan, Helsinki, uristina,2002..

**خ . به زمانی تورکی:**

189. Abdullah Öcalan: Kürt sorununun demokratik, Ģözüm Bildirgesi.

190. Abdullah Öcalan: Kürdistan'da kadın ve Aile,Weşanên Serxebŭ, Birinci Baski , 1992.

191. Amir Hassanpour : Kurdistan da milliyet cilik ve dil (1918 – 1985), avesta, Istanbul, 1997.

192. Ekrem Sunarın : Düşük Yoğunluklu Haber güncesi, mtbacilik ,basky kayhan ,2003.

193. Emin Demirel : Terör, Baski-Calis Ofset, Istanbul, 2002.

194. David Mcdowall : Kürtler,M.Avesta,Istambul,1996

195. Dostların Kaleminden: Yaşar Kaya , Baski Art, Germany, 2006

196. Şakir Epözdemir:Türkiye Kürdistan Demokrat Partisi 1998/235 Antalya Davasi Savunmasi,Pĕrî Yayinlari,Istanbul,2005.

197. Dr. Şivan : kürt Millet Hareketleri Ve lrakta Kürdistan Ihtilali ,APEC, Stockholm, 1997.

198. Hamit Bozaslan: Turkiyenin Modern TarihiK . Avesta. Istambul. 2008.

199. Ismail Beşikçi : Bilim Yountemi, Turkiye deki uygulma, Kurtlerin Mecburi Iskani, Istanbul, 1977.

200. Ismail Goldaş: Kürdistan Teali cemiyeti, Dozyayinlari. Istanbul, 1997.

201. Kamal Burkay : GeçmiŞten Bugüne Kürtler ve Kürdistan cografya Tarih, Edebiyt, cilt,1. jKinci baski, Deng yainlari, Istanbul, 1997.

202. Rohat Alakom:Hoybun Õregütü Agri ayaklanmasi, baski gulen of set, Istanbul, 1998.

203. Martin van Bruinssen: Kurtluk, turkluk,Alevilik, Etnik Ve Dinsel kimlik mucadelderi, civiren,Hakan yardakul,Baski 5 ,IIetisim yayinlari, Istanbul, 2004.

204. Musa Anter : Hatiralarim,2.basim, Wasane Welat, Seckholm, 1991.

205. Naci kutlay : Ittihat Terakki ve Kürtler, Bebun yayin Iraqi, Ankara,b2.

206. Naci kutlay : Anilarim, avesta, Istanbul, 1998.

207. Naci kutlay : kürtler , ziyüzy lagirerken, birin ci baski pêri yayinlari, Istanbul, 2002.

221. Nihat^.ÕZcan ;pkk ckürdistan iŞçi partisi¸ Tarihi¸ ideolojisivey Öntemi, Asam yayinlari,Ankara,1999.

208. Savunması : Türkiye İhtilalci İşçi Köylü Partisi Davasi ,Baski Yönmat basi ,1992.
209. Ûmit Özdag : Turkiye, Kuzeyirak ve PKK , Asamy ayinlarin ,Ankara ,1999..

د. به رێنوسی كوردی لاتینی:

210. Dr.Bileç Şerkoh : pirsiyaria kurd mejuwa kurdanu mihwal, warger: Dr. sicuma, hawler, 1999.
211. Dr. Celadet çeliker : Li kurdistane u Rojhilata Navin Cekên Kimyayi – Biyoloji u ATomi, WAŞANEN Doz,capayekem, Clriya,1992.
212. M.Emin Bozarsalan: Sîyaseta Netewî u Helsengandina Tevgera Netewîya Kurd , weşanên War, Istanbul, 2002.
213. Drim .S. Cuma : Li ser rêya azadiya kurdistanê da, hewler, 1992.
214. Seîd Veroj : kuştina Seid Elçi ŭ Dr. Şivan, weşanên Bir, Diarbakir,2005..
229. Hesen HiŞyar : Ditinu. 215.Birhatinen Min, 1907 – 1985 Bargl, çapxna Fetral, berat, 1993.
216. Ismet Ŝêrif Wanlî : Derbarê sitraticîya tevgera welatîyî kurd , werger Dr.M.Sicuma,Hawler,1999.
217. Ismail Beşiçi: Daxuyaniyen Li ser Rowşenbîrê Kurd,waşan Balge,capa yek,Istanbul,2004.
218. Konê ReŞ : Osman Sebri (1905 – 1993), Beyirut, 1997.
219. Laleș Qaso : zindan en diyarbekire Dsoreşgeriya me, waşanen pelda, Stockholm 1993.
220. MalmisaniJ ŭ maHmud lewendi : Li kurdistana bakur ŭ Li Tirkiye Rojnamegeriya kurdi (1908 – 1992), bask – baran, Ankara, 1992.
221. Navend a Ledkolinen kurd:kurdistana iroyin, problemen tavgernanê tewi,çapa yekem,waşanen Roja Nu,stochholm, 1998.
222. Riza Golpan : Jan ŭ jîyan,Serhatî u Bîranen min,weşanên Veny ,Istanbul.2004.
223. Zekî Bozarslan:Nêrinek Li Dîroka kurdistanê, çapa yeke, can matbaaçilik,Diyarbakir,2004.

## پێنجەم: دیدارو چاوپێکەوتنەکان:

**ا.ئەو چاوپێکەوتنانەی توێژەر ئەنجامی داون:**

٢٢٤. چاوپێکەوتن لەگەل (سەید کاکە)، هەولێر،٧-١٢-٢٠٠٨.

٢٢٥. چاوپێکەوتن لەگەلا (عەبدوڵڵای حەسەن زادە)، کۆیە، ٢٥-١٢-٢٠٠٨

٢٢٦. چاوپێکەوتن لەتەك (مەسعوود تەك)، هەولێر، ٢٠-١٢-٢٠٠٩.

٢٢٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ (عەبدولڕحمن گوندی)، دهۆك،١١-٢-٢٠٠٩

٢٢٨. چاوپێکەوتن لەتەك(داود حەسەن کرۆن)، هەولێر، ٢٠-١-٢٠٠٩

٢٢٩. چاوپێکەوتن لەگەلا( یەشار قایا)، هەولێر، ٢-٢-٢٠٠٨.

٢٣٠. چاوپێکەوتن لەتەك (عەزیز محەمەد)، هەولێر،٥-١-٢٠٠٩.

٢٣١. چاوپێکەوتن لەگەڵ( موستەفا ئاکسەقال)، هەولێر، ٥-٢- ٢٠٠٩.

٢٣٢. چاوپێکەوتن لەگەلا (خەلیل ئاتاج)، کۆیە،١٥-٢-٢٠٠٩.

٢٣٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ (عوسمان ئۆجەلان)، کۆیە، ١٩-٢-٢٠٠٩.

٢٣٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ (شەفیق قایا)، هەولێر،٦-٣-٢٠٠٩.

٢٣٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەجیجە یەشار)، سلێمانی، ٣-٣-٢٠٠٩.

٢٣٦. چاوپێکەوتن  لەگەڵ (حوسێنی مەدەنی )،کۆیە، ٤-١-٢٠٠٩

٢٣٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ (داود باغستانی)، هەولێر، ٤-٤-٢٠

٢٣٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ (نەوشیروان مستەفا ئەمین)، سلێمانی، ٢-٦-٢٠٠٩.

٢٣٩. چاوپێکەتن لەگەڵ (محەمەدی حاجی مەحموود)، ئاوایی گوڵەخانە(شارەزوور) ،٢٠٠٩/٦/٦

٢٤٠. چاوپێکەتن لەگەڵ (جەلیل گادانی)، کۆیە،٢٠٠٩/٦/١٦.

٢٤١. چاوپێکەوتن لەگەڵ ( عەدنان موفتی)، هەولێر، ٢٠٠٩/١٠/١٠.

٢٤٢.وەڵامی ئیمەیلی (عادل موراد) بۆ توێژەر.

**ب. ئەو چاوپێکەوتنانەی توێژەر ئەنجامی نەداون:**

٢٤٣. گفتوگۆی(نبیل الملحم) لەتەك سەرۆك ئاپۆدا: سەرۆكو گەل، حەوت رۆژ لەتەك سەرۆك ئاپۆدا، و: رۆژنامەی وڵات، چ١،١٩٩٩.

٢٤٤. گفتوگۆ لەتەك موراد قەرەیلان، گۆڤاری لڤین، ژمارە٧٧، چاپخانەی رەنج،٢٠٠٨.

٢٤٥. حەسەن جودی: مێژوویێك لە ئاگر، نهێنی خۆ راگرتنی بزووتنەوەی ئاپۆچی، دیمانە لەگەڵ جەمیل بایك، چ١، بڵاوکراوەکانی پ.چ.د.ك، ٢٠٠٨.

٢٤٦. گفتوگۆ لەگەڵ دکتۆر مەحموود عوسمان: ڕۆژنامەی ئەمڕۆ، ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕوناکبیری ئازادە، ژمارە(٢٨) ، ٢٠٠٣.
٢٤٧. یالچین کوچك: داستان دوبارە زیستن، خاطرات واندیشەهای عبداللە اوج الان، ت:محمد رئوف مرادی، انتشارات حمید،چ ١ ،تهران،١٣٧٨.
٢٤٨. گفتوگویی است بادانشمدان عصمت شریف وانلیو د. اسماعیل بشکجی.

## شەشەم:گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوەکان:

### ا. گۆڤارە کوردییەکان:

٢٤٩. ئەریك رولۆ: ئەو گیروگرفتانەی... ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ژ١٤، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٢٥٠. جەلیلێ جلیل: کوردستان سەرقافڵەی ڕۆژنامەگەری کوردییە، و. شۆڕش، گۆڤاری پێشکەوتن، ژمارە (٥)، سلێمانی، ١٩٩٨.
٢٥١. حەمید بۆز ئەرسەلان: کوردایەتیو جووڵانەوەی کورد، گۆڤاری دۆسێی تورکیا، ژمارە (٤)، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٢٥٢. زریان ڕۆژهەڵات : نهێنییەکانی گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان ، دۆسی تورکیا ،ژ ٣ ، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٢٥٣. سامی عەبدولڕەحمان: هەرلایەکی دەست بە شۆڕش کرو جهی پێ خۆدێت گۆڤاری مەتین ، ژمارە (٤٠)، دهوك،١٩٩٠.
٢٥٤. فەرەنسۆ هەریری: بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی تورکیاودامەزراندنی حیزبە کوردستانییەکان لەوێ ،گۆڤاری کادر، ژ٢٨،گۆڤاری رۆشنبیری پ.د.ك.ع، ١٩٩٢.
٢٥٥. صبرية احمد لافي : البلد اعتبره خميني ارض مناد ، شؤون تركية عدد(٤) ، بغداد، ١٩٨٧.
٢٥٦. گونتەر بێرند: بزاڤا نەتەوایەتی باکور،هاڤیبوون، ژمارە ٣، ١٩٩٨.
٢٥٧. کۆمین : کورتەیەك لەمێژووی پەکەکە،گۆڤاری کۆمین، ژمارە(٧)، ٢٠٠٧.
٢٥٨. محەمەد زێباری : حزب رەفا– هەڵوێست ، مەتین ژمارە ٥٩.

**ب. گۆڤار و بلاّوكراوه عەرەبیەكان:**

٢٥٩. ارام محمد علي : حزب العمال الكردستاني ومصيرة، شؤون تركية عدد(٤)مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية سليمانية، ,٢٠٠٠

٢٦٠. جورج طرابيشى : الديمقراطية والقومية و الاقليات، المسالة الكردية نموذجا، مجلة حوار، العددان ١٨ ـ ١٩،(ب.م)، ١٩٩٧.

٢٦١. رجالات النخبة السياسية فى تركيا ( سليمان ديميرل ) ، مركز الدراسات الستراتيجية، عدد (١)، ١٩٩٨، ل ٣٢..

٢٦٢. رعد عبدالجليل واخرون: شوؤن تركية،عدد(٦)، بغداد،١٩٨٧.

٢٦٣. عونى عبدالرحمان السبعاوى : العلاقات العراقية التركية وافاق تطورها، اوراق تركية، عدد١، جامعة الموصل، ,١٩٨٧

٢٦٤. عونى عبدالرحمن السبعاوى واخرون: اوراق تركية معاصرة، نشرة علمية نصف السنوية تصدر عن مركز الدراسات التركية،جامعة الموصل، الموصل،١٩٨٧.

٢٦٥. فواد حسن : الازمة الدستورية في تركيا، السياسة الدولية عدد ٢٥، مطابع مؤسسة الاهرام، القاهرة، ١٩٧١.

٢٦٦. كونى رِه ش : موسى عنتر من سيرة نضال الكاتب والصحفي، مجلة متين، عدد (٥٦)، ,١٩٩٦

٢٦٧. اللوموند : تركيا ائتلافي احزاب اليسار، ت: د. ناظم عبدالواحد جاسور، الشؤون التركية، عدد٦، بغداد، ,١٩٨٦

٢٦٨. يوسف طوران :الجزور الاجتماعية للصراع بين النخب السياسية، مجلة شؤون تركية، عدد٢، مركز كردستان للدراسات الستراتيجية، سليمانية،١٩٩٨.

**ج. گۆڤاره فارسییەكان:**

٢٦٨. اصغر جعفرى ولدانى : اختيلاف هاى سوريه وتركيه بر سر منطقه ى هاتاى، سياست خارجى، سال سيازدهم، تهران، ١٣٧٨.

٢٦٩. صباح مفيدى : رويارويى احزاب كرد بانظم سياسى نوين، فصلنام رۆژف ، شماره ٦–٧.

**ح. گۆڤارو بڵاوكراوە توركىو لاتینیەكان:**

286. Ciwanroj Ceyhan: Mele :270. Ebdulkerim Ceyhan, kovara BIR:5, matbaa Bariş, Diyarbakir,2006

271. Faruk Aras :Damezirandina DDKOyan di Diroka kurdistanê ve Xurti Geredayi yê, govare BIR, Hejmar:6,matbaa Bariş, Diyarbakir,2007.

272. Mahmüt Yeşil: DDKOYA Farqine, kovara Bir, 5 ,matbaa Bariş, Diyarbakir, 2006.

273. Mehdi Zana: DDKO Ji Pewistya Doza Kurd Hatin Avakrin. Kovara BIR.Jmara5. Dyarbakir.2006.

274. Mahmut yesil : DDKOY Earqine , kovara Bir Hejmar5, matbaa Bariş ,diyarbakr,2006.

275. Ibrahim Gŭçlŭ: Bingeha Pevajoya yekemin biharaTevgera Bakure kurdistane, kovar Bir, Hejmar5, matbaa Bariş ,diyarbakr, 2006.

276. Ruşen Aslan: Kurt Ligal Hareketinin Tarihsel Gelisimi,kovara BIR, 5, matbaa Bariş, Diyarbakir 2006.

277. M. Şefîq Oncu : kurdperwarekî sînornanas,Necmedîn Buyuk Kaya,Kovara Bir, 7, Diyarbakir 2007.

278. Tahsin Sever : Seroke (Azadi), Xalid Bege, kovara bir, he jmar7, diyar bakin 2007.

279. Zinar Zoran:Kürt Teali Cemiyati Ya Diyarbakire Komeleya Pesketina Kurdanya Diyarbekire 1918.Kovara Cira,Sala2. Hejmar(5).Swede.

**ب. رۆژنامەكان:**

٢٨٠. د. عزدین مصطفى رسول : من مذكرات الاذاعة الكردیة في القاهرة، جریـدة الاتحـاد، عدد٢٤٩، ١٩٩٧.

٢٨١. جریدة ملییت ٣١ى ئازار، ١٩٩٧.

٢٨٢. Millyet, 31,03,1997.

**حەوتەم: سەرچاوە ئەلەكترۆنیەكان:**

283. Bername ya PSK, http: www.kurdistan.nu/psk/ bername_program/ psk_bername .htm.

284. Dîrok/Tarîh,http://www.kurdistan.nu/psk/psk_dirok_tarih.htm.

## پاشکۆکان

### پاشکۆی ژماره (١)



**پاشکۆی ژمارە (٢)**

**باڵوێزخانەی بریتانیا،**
**ئانکار، ٢١ی نۆڤامبری ١٩٥٥**
**بۆ بەشی رۆژهەڵاتی وەزارەتی دەرەوە،**
**لەندەن s.w.1**

دائیرەی بەڕێز،

تکایە بگەڕێنەوە سەر نامەی ١٠٣١٣/٥/٥٥ی ٩ی ئۆگوستی من، واتە EP.10344/4 سەبارەت بە وتووێژی تورکیا و ئێران سەبارەت بە سنوورەکانیان:

٢) ئێمە ئێستا نوسخەیەکی رەشنووسی پەیمانەکەمان بە زمانی تورکی دەست کەتووە کە رۆژی ١٢ی سپتەمبردا لە ورمێ ئیمزاکراوەو ئەو بڕیارانەی گرتۆتەبەر کە لەماوەی وتووێژەکاندا دراون. پەیمانەکە، ئەوەندی تورکیا بگرێتەوە، دوای پەسندکران لە شورای وەزیراندا بەڕێوە دەبرێت و وێناچێ پێش پەسەندکردن، ئاڵوگۆڕی تێدا بدرێت.

٣) ئەوانەی خوارەوە خاڵە سەرەکیەکانی [پەیمانەکە]ن،

I– بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی سەر سنوور بەهۆی باشترکردنی پێوەند، چەککردنی سنوورنشینەکان و هاوکاریی نزیك لەنێوان هەردوولاوە، هەنگاو هەڵدەگیرێت،

II– کاری هاوبەش دەکرێت بۆ بەرگریکردن لە رووداوی سەرسنور، ئەویش لەرێگەی چاوەدێری نزیکتری شوان وگاران و... تاد، کە سنوورەکان دەبەزێنن. هەنگاوی هاوبەش دژ بە پروپاگەندەی زیانبەخش

بۆ حکوومەتی هەردوولا هەڵدەهێنرێتەوە، بەتایبەتی دژ بە هەنگاوی کۆمۆنیستی لە ناوچە سەرسنوورییەکان،

III- حکوومەتی تورکیا، خەڵکانی پەنابەر یا هەڵاتووی ئێرانی دەداتەوە بە ئێران.

٤) کورتەی ئاکامەکانی ئەم وتووێژە دوای گەڕانەوەی وەفدی تورک، لە ڕۆژنامەکانی تورکیادا بڵاوکرایەوە، بەڵام دەقی پەیمانەکە بڵاونەبوەوە. ئەگەر پێویست بێت، دەتوانین تەرجەمەی سەرجەمی پەیمانەکە ئامادە بکەین، بەڵام لامان وایە لەلایەن تارانەوە گەیشتبێتە دەستتان.

**بەشی سیاسی**

## پاشکۆی ژماره (٣)



الجمهورية العراقية
وزارة الخارجية
الدائرة السياسية
شعبة الدعاية

الرقم د/٥٥٥/٥٥ ...٦٠٠/١/٣٨
التاريخ في ٨/١١/١٩٥٨

الموضوع – ترجمة مقال لجريدة (دنيا) التركية حول الاكراد في العراق

رئاسة ديوان مجلس السيادة

رئاسة ديوان مجلس الوزراء

نرفق نسخة من ترجمة مقال نشرته جريدة (دنيا) التركية الصادرة في أستانبول بتاريخ ١٩٥٨/١٠/٩ حول الاكراد في العراق تحت عنوان (علينا ان نكون حذرين) بقلم خيري البار – محرر الجريدة المذكورة الذي زار العراق بعد اعلان الجمهورية العراقية للتفضل بالاطلاع .

وزير الخارجية
عبد الحق فاضل

صورة الى :–
وزارة الارشاد ) مع نسخة من المرفق للتفضل
الشعبة الشرقية بديوان الوزارة ) بالاطلاع .
سفارة الجمهورية العراقية – انقرة – اشارة لكتابها المرقم س/١/٢٧٠ والمؤرخ ١٩٥٨/١٠/١٧ .

الجمهورية العراقية
مجلس السيادة
الديوان
الرقم ٢/١/٧٦٦
التاريخ ٩/١١/٩٥٨

المصدر :
د.ك.و. ملفات مجلس السيادة ، سفارة الجمهورية العراقية في انقرة ، رقم الملف (٢٨٨) .

## پاشکۆی ژمارە (٤)



17 MART 1949 PERŞEMBE Yıl: 1 No. 10

İdarehane Dicle Yurdu No. 3 İSTANBUL Fiatı 10 Krş.

# Dicle Kaynağı

HAFTALIK MÜSTAKİL SİYASİ GAZETE

DİCLE GECESİ 31 MART

Her Şey Halk İçin

# Şark illerini kalkındırmak için toprak reformu da lâzımdır!

## *Şark köylüsünün durumu bu gün ancak topraklandırma ile düzeltilebilir!*

Bu günkü Şekliyle Toprak Kanunu Umumî Hukuk Anlayışı ile Telifi Kabil Olmıyan Bir Çıban Mahiyetindedir.

Bay Tahsin Cahit Çubukçu'ya

Diyarbakır Gecesi Başyazısı

Dicle yurdunun on'uncu kuruluş yıl dönümü

### Sayın İnönüye açık mektup

Veremden muzdarip bir okuyucumuzdan aldığımız bir mektubu sayın İnönüye ve alakadar makamlara duyurmak maksadile aynen neşrediyoruz.

### Dışişleri Bakanı'nın izahatı

### Kaynaktan Yudum

Yanlış Kıraat

ANTER

### Elazığ ilinde veremle savaş derneğinin büyük başarısı

Derneğin tesis edeceği dispanserlere Amerikadaki Elazığlılar da mühim yardımlarda bulundular

Hikmet Bayür ve arkadaşlarının konuşması

Diyarbakır milletvekili Şeref Uluğ ve Urfa milletvekili Osman Ağan

### Dicle talebe yurdunu ziyaret ettiler

Şeref Uluğ gençler arasında

Birleşik Amerika Millî Savunma Bakanı Değişti

Her ilerlemeye muhtaç memleketin kitabı

**Beyaz Zanbaklar Memleketinde**

DİCLE KAYNAĞI

## پاشکۆی ژمارە (٥)



YIL : 1 — SAYI : 1

ŞARK

Sahibi Ve Yazı İşlerini Fiilen İdare Eden
ŞEYHMUS ELMAS

31 OCAK 1960

Her ayın son günü neşredilir.

Fiyatı 20 Kuruş

BAŞLARKEN

# Memleketin İçinde Bulunduğu Feci şartların Bilânçosu

## Vatandaşlar artık iki kısma ayrılmıştır : Et Yiyenler — Ot Yiyenler!...

Ta Recep Pekerin İçişleri Bakanlığı zamanında başlıyan "Ot yiyenler", Şemsettin Günaltayın Başbokanlığında en yüksek rakamı bulmuştur. Bu netice sadece Cumhuriyet Halk Partisi[illegible] politikanın eseridir.

(Sonu 7. sayfa Süt. 1 de)

## Şark illerindeki Çocukların hepsinin okuma yazma öğrenmesi 125 sene sonra mümkün olacak!..

Okuyup Yazması olmayanların Önümüzdeki Seçimlerde C.H.P.ye Vereceği Ders

(Sonu 8. sayfa süt. 1 de)

I. D. T. B. Kongresinde Söylenenler

## Gençlerin Dıyarbakıra gitmesi, Kapris Eseri İmiş

Gençlerin ileri sürdükleri iddialar

ŞARK

(Sonu 7. sayfa süt. 3 de)

ÖZALP CİNAYETİ

(Sonu 5. sayfa süt. 1)

KAYNAKTAN YUDUM

İKİ ŞARK

ANTER

## پاشكۆى ژماره (٧)

الوثيقة رقم (١)

صورة كتاب مديرية شرطة لواء بغداد المرقم ٥٣٠٦ في ١٩٥٨/١٠/٣٠ السري المستعجل جداً الموجه الى متصرفية لواء بغداد حول أكراد تركيا.

ندرج لسيادتكم في آدناه صورة تقرير معاون تحري الأجرام المؤرخ في / ١٩٥٨/١٠ ٢٧ حول دخول بعض الزعماء الأكراد وآغاواتهم من التبعية التركية الى العراق خلسة للتفضل بالمعلومات رجاء

**توقيع/ ...**
**مدير شرطة لواء بغداد**

نسخة منه الى/
مديرية الشرطة العامة - للتفضل بالمعلومات رجاءً
معاون تحري الأجرام- للعلم واشارة الى تقريره اعلاه
الى-. نائب مدير شرطة لواء بغداد
الموضوع/ اكراد تركيا

علمنا من مصدر موثوق به أن عشرة من زعماء الأكراد وآغاواتهم من التبعية التركية قد دخلوا الى العراق خلسة ولانعرف أسمائهم وقد أتصلوا بكل من عبدالعزيز آغا الحاج ملو في لواء الموصل والشيخ علي النقشبندي وقد ذهب الجميع مع أكراد اللواء الى لواء أربيل بقصد الأتصال بالشيخ أحمد البارزاني ولازالوا في لواء أربيل. نرجو مفاتحة الجهات المختصة بأجراء التحقيق والوقوف على صحة الخبر.

**توقيع/ ...**
**عبدالجبار القاضي**
**معاون تحري الأجرام**

## پاشكۆی ژماره (٨)

صورة كتاب سفارة الجمهورية العراقية في أنقرة / ٥/ ٣٩٢ في ٤/ ١١/ ٩٦٣

وزارة الخارجية

بغداد

الموضوع / تعاون عشيرة الكوبان مع العصاة

بالاشارة الى مذكرتكم الى السفارة التركية المرقمة اسيوية/ ٩٨/ ٩٨/ ٤/ ٩٢٢٨ والمؤرخة ٢١/ ١٠/ ١٩٦٣ .

قابل السفير معاون السكرتير العام للامور السياسية في وزارة الخارجية التركية صباح يوم ١/ ١١/ ٩٦٣ واوضح له محتويات مذكرتكم موضوعة البحث ورجاه مشيرا الى هذه المذكرة بالتوسط لدى المراجع التركية المختصة لاجراء التحقيقات واتخاذ اجراءات مشددة للحيلولة دون تقديم اية مساعدة للمتمردين ومراقبة عشيرة الكوبان مراقبة شديدة او ابعادهم عن منطقة الحدود .

وعد معاون السكرتير العام المشار اليه بانه سيتصل بالسلطات التركية المختصة للقيام بكل مايلزم في هذا الشأن .

وقد سلمته مذكرة باللغة التركية غير مختومة احتوت على ماجاء في المذكرة المرسلة الى السفارة التركية ببغداد تسهيلا لملاحقة القضية واجراء تحقيق بشانها .

توقيع / السفير
طالب مشتاق

صورة منه الى /
وزارة الدفاع
= الداخلية

طبق الاصل

**پاشکۆی ژمارە (٩)**

## نامەی عیسمەت شەریف وانلی بۆ عەبدولحەمید دەرویش

**برای بەرێز کاک مودور، بە ڕێگای ئەویشەوە**
**بۆ بەرێز کاک عەبدولحەمید**

**سڵاوی برایانە و تامەزرۆیی و ...**

دەمێکە هەواڵەکانتان نابیستم و نازانم هۆی چییە تا کو ئێستا ناوونیشانتان بۆ نەناردووم. کاتێک لە وڵات بووم نامەیەکم بە کاک حوسام موراد ناردبوو، نازانم چارەنووسی چی بوو، بۆچی وڵامەکەیم پێنەگەیشت. هەروەها داوام کردبوو کەوا دوو کارگە هەیە، کارگەی (A) و کارگەی (B) کە هەڵسوکەوت لە گەڵ کارگەی باپیری بنەماڵە دەکەن لە وڵاتدا و کەرەستەی یەدەك و پێداویستییەکانی دیکەیان بۆ ڕەوانە دەکەن، پێم وتبوو کەوا زۆربەی ئەو کەرستانە بە ڕێگای لایەنی کارگەی (B) دەنێردرێت، بەڵام بە ڕێگای (A) دا دەڕوات. هەروەها وتبووم کەوا بەرێوەبەری کارگەی (B) برادەرمە و ڕەنگە بتوانێت کەرستەی یەدەك بۆ کارگەی ئێوەش بنێرێت لە(س) ئەگەر بتانەوێت. چاوەڕێی وڵام و وڵامی نامەکە بووم ، دەشزانکم کەوا کاروبار و بەدواداچوونیان پێویستیان بە کات هەیە.

دەمەوێ لاتان ڕوون بێت، کەوا هاوڕێیەتیم لە گەڵ بەرێوەبەری کارگەی (B) کەسی نیە و من خۆم هیچ ئیشێك لەو کارگەیەدا ناکەم. و بەشیشم تێدا نیە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٤ پێشنیازم بۆ باپیرەی بنەماڵە کردبوو کەوا بە ناوی ئەو سەردانی کارگەی (B) بکەم. باپیرە وتی باشە بڕۆ خۆت و هیمەتت. چوومە کارگە و ئەو ڕێکەوتنە

بـەدیهات کـەوا کارگـەی باپیرەی لە ئیفلاس رزگار کرد. هەروەك چۆن بە کاك (موراد)یشم گووتبوو، من سەردانی بەرێوەبەری کارگەی (B)م کـرد و داوام لێکرد کەوا ئەگەر ئامادەیی تێدا هەبێت کەرستەی یەدەك بۆ کارگەی ئێوەش بنێرێت. بەرێوەبەر هەندێك دوودڵ بوو بە هۆی ئەو رایـەی پێشـتر هەیـبوو لـە سـەر رەوشـی خراپـی کارگەکـەتان و دابەشـبوونی بەرێوەبەریەتـیەکەی کـە زیـان بـە بەرژەوەندیەکانـی کارگەکـە دەگەیەنـێ. بـەڵام من توانیم قەناعەتی پێ بێنم و رازی بێت لە سەر بیرۆکەکە.

پاشان هەوڵمدا بەرێوەبەری کارگەی (B) رابکێشم بۆ ئەوەی بزانم کـەوا دیسـان ئامادەیـی تـێدا هەیـە بـۆ ناردنـی کەرەستەی یەدەك بۆ کارگـەی بـراکانم لە باکور. بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ هەندێ ئاماژەم بـە رەوشـی باکـور دا ( بەبـێ ئـەوەی نـاوی هیچ بەرپرسێکی کارگەی باکـور بێنم). بەرێوەبەری کارگەی (B) وتـی: ئەو بە شێوەیەکی گشتی ئاگـاداری کارگـەی باکـورە و ناتوانێت و نایەوێت کەرستەی یەدەك بۆ باکـور بنێـرێت و نایـەوێت هـیچ پەیوەندییەکی هەبێت لە گەڵ کارگەی باکور و ئەوانەی پەیوەندییان هەیە لە گەڵ کارگەی باکوردا.

پرسـیاری کـرد ئایـا کارگەکـەتان (س) هـیچ پەیوەندیـی لـە گـەڵ کارگـەی باکـور هەیـە؟ منـیش وتم: نـا، نـا هـیچ پەیوەندییەکیان نیە، ئـەویش وتـی: باشـە کەرەسـتەی یـەدەك بـۆ کارگەکـەتان دەنێرین بە مەرجێك کە منیش پەیوەندییەکانم لە گەڵ کارگەی باکوور ببڕم و بەو مەرجـەش کـەوا بـاپیری بـنەماڵەش لـە وڵاتدا بەمە نەزانێت. منیش لە رەوشـێکی قورسـدا بـووم، کە نەمدەتوانی پەیوەندیم لە گەڵ کارگەی باکـور بـبڕم، لـە کۆتایـیدا لەسـەر چارەسـەرێکی مـام ناوەنـدی

رێککەوتین، ئەویش ئەوە بوو کەوا بە شێوەیەکی کاتی پەیوەندییەکانم لە گەڵ کارگەی باکور ببڕم بە لایەنی کەمەوە بۆ چەند مانگێك وەك نموونە تاوەکو وڵامی ئێوە دەگەڕێتەوە و پەیوەندییەکانی ئێوە لە گەڵ بەڕێوەبەری کارگەی (B) دابین بکەم، دوای ئەوە دەتوانم ئەوەی ئارەزوومە بیکەم. ئەمە ڕەوشەکەیە و چاوەڕێی وڵامتانم، ئێوەش گرنگی بابەتەکە دەزانن بۆیە پێویست بە درێژی ناکات.

نویێ: بە یوناندا تێپەڕیم و لە ڕێگای گەڕانەوەمدا پەیوەندیم بە کارگەیەکی نویێ کرد(کارگەی(C)) یونانی و بە شێوەیەکی گشتی قسەم لە گەڵ کردن، کەوا ئەگەر ئامادەیی هەبێت بۆ ناردنی کەرستەی یەدەك بۆ کارگەی باکور (هەڵبەتە هیچ شتێکم لە سەر کارگەکەتان بۆی باس نەکرد)، (هەروەها ناوی بەڕێوەبەرەکانی کارگەی باکورم بۆ نەدرکاند) خاوەنەکانی کارگەی (C) وتی کەوا بابەتەکە زۆر جێی بایەخی ئەوانە، بەڵام زانراوەی کەمیان لە بارەی گرنگی کارگەی باکورەوە هەیە، بۆیە باشتر وایە چاوەڕێ بکەین تا وەکو نوێنەرێك لە کارگەی باکورەوە دێت و پاشان مەسەلەکەی بە دوور و درێژی لە گەڵدا باس بکەین. بۆ ئاگاداریشتان ئەوان بە شێوەیەکی گشتی رازین لەسەر ناردنی کەرستەی یەدەك.

پاشان داوام لە بەڕێوەبەرەکانی کارگەی (C) کرد، کەوا بەڕێوەبەری کارگەی (D) قوبرسیم پێ بناسێنن دیسانەوە بۆ ناردنی کەرستەی یەدەك بۆ کارگەی باکور، لە بەر ئەوەی دەمزانی کەوا بەڕێوەبەری کارگەی (D)ئەم کارەی زیاتر لا گرنگە لەوانەی دیکە، بەڕێوەبەری کارگە (C) یش وتی: ئەو بەم کارە هەڵدەستێت بەڵام

باشتر وایە چاوەڕێ بکەن تا وەکو نوێنەرێکی کارگەی باکور لەگەڵم دێت. هەڵبەتە بەڕێوەبەرەکانی کارگەی (C) و(D)یش، لەو کەسانەن کەوا پشتیان پێ دەبەسترێت.سڵاوم هەیە بۆ گشت برادەران و هەر ساخ بن.

لۆزان ١٩٦٧/١/٣٠

**عیسمەت شەریف وانلی**
**ئەندامی لیژنەی ناوەندی، نوێنەری حزب لە دەرەوە**

**پاشکۆی ژمارە (١٠)**

# XEBAT

Xebat bona yekbun û rêya azadî

**Sal: 1** **Jımar: 1**

- Em çıma derdı kevın
- Deng û bahs
- Şoreş û edeb

المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكردستاني- العراق المحترم
تحيات نضاليه حاره
ايها الاخوه الاعزاء
في عدد من اللقاء بين ممثلي حزبينا خلال الاشهر الاخيره جرى تبادل وجهات النظر حول العلاقات بيننا و توجهاتنا نحو تعزيزها لما فيه خدمه الحزبين و نضاله المشترك.و كان الجو يتسم بالتفهم المتبادل و الارتياح بصدد هذه العلاقات و في مختلف قطاعات كردستان، الا ان بعض الاخبار وصلتنا من بهدينان (قاطع زاخو) حول احداث موسفه و اخطاء ارتكبها بعض انصاركم اثرنا اعلامكم بها و تبيان وجهات نظرنا لقيام كل طرف بما يترتب عليه بهدف تجاوز و تصرفات الماضي و وضع العلاقات المستقبليه على اسس متينه.

ان حزبنا شان حزبكم يسهر على خلق و تطوير العلاقات النضاليه مع الاطراف و المنظمات الايرانيه و التركيه و خاصه الكرديه منها خدمه لحركتنا التحرريه الوطنيه و توجهاتنا النضاليه و هذا حق مشروع و طبيعي و يمكن التاكيد بهذا الصدد اننا لن نسمح بصيرورة هذه العلاقات للاساءه الى حزبكم او اى حزب آخر صديق. بل على العكس من ذلك فاننا حريصون على خلق الاجواء لقيام و تعزيز العلاقات بين سائر الاحزاب الصديقه مع البعض.

و من جهه اخرى فان حزبنا يبذل كل الجهود من احل الحصول على مستلزمات النضال المسلح من سلاح و مون و غيرها بالتعاون معكم و مع ايه جهة نعتبرها وطنيةً او بشكل مستقل و بالاعتماد على النفس و هذا امر طبيعي تقومون به انتم ايضا. يبدو ان بعض اخوتكم في بهدينان لم يستوعبوا هذه الوجهه الصحيحة للعلاقات النضاليه بين حزبينا فمن جهه يطالبوننا بقطع العلاقةَ مع منظمة كردية في تركيا "كوك"<١> لان لكم

وجهات خاصه تجاهها ذات العلاقه بترسبات الماضي و مشاكل ثانويه في حين اننا نعتقد بضروره بذل الجهد المشترک لخلق علاقات طبيعيه بينكم و بينها و تجاوز تلک الترسبات و الامور الثانويه لما فيه مصلحه حزبكم و حركتنا الوطنيه. خاصه انها منظمه غير عراقيه و تعمل داخل حدود بلادها. كما ان مجموعه من انصاركم بقياده سيد حميد قد نصبت كمينا بتاريخ ١٩٨٠/٨/٢١ لمفرزة من انصارنا مولفة من ٢٠ نصيرا مع شخص من (كوک) تحرک لنجدة مجموعة من رفاقنا كانو مطوقين من قبل القوات التركية مع بعض المون الغريب ان رفاقكم كانوا يعلمون بان هولاء رفاقنا. و اعقب ذلک واطلاق الرصاص و التهديد و الاحتجاز لرفاق جاءوا من الخراج.

ان كل ما نرجو هو توصية انصاركم هناک بروحية علاقات التعاون الاخوي المتفق عليها بين الطرفين و من جانبنا سنوجه رفاقنا بروحيه ضبط النفس و المرونة ربما لتمكن سوية من خلق اجواء طبيعية في تلک القاطع شان القواطع الاخرى.

هنا و الى امام

الحزب الشيوعي العراقي
مكتب اقليم كردستان
١٩٨٠/٩/١٢

دوای ماوەیەک م.س پدک وەڵامیان بۆ نووسینەوە:

**پاشکۆی ژمارە (١٢)**



**پاشکۆی ژمارە (١٣)**

Name: *Leşker*

Selawêki şorişgerane letan ekem

... nuken le bo şorişgeranet Peşmergeş milleti

... Kurdistan.

Name Ew cemaete hatiye Turkiyey

... 24-5-1976 gehişte mintika Colemerg le

... Buzi. 2 roj Peşmergey le mintik. Buzi

... kirdi. Ew 2 rojet israhetda hatiye

... le mintika Buzi, bo kiyadu muvakked

... be. Ziye sebebi ... kiyadi.

bo kiyadey firsat peyda be.

... 1-6-1976 ... le mubeyna yekêti ve

... muvakked peyda be. 2 roj ...

... Eşiretel mintekç ... kerigir-

... ağayan ve deyel kiyade ... singe

... 

Eli Esheri tekriben 750 peşmergeyve ...

... Pajt ev ... le bo mintika

... ve ... ... bon. ya mezoniş.

Dr. Xalid ve Şex Husen ecc Pêşmergeyne
elan le mintika Bazine. Devri eu cemaetey
Kiyade Muwakked pirtiye. je ba xelaskirina
ve heze mintikida hiç imkan neymaye le
beste medo.

Xelaskirina we heze gelek zor boecele
hezda. be kuvvet tekeddum beket lesar
mekere Pişdava, şetunai kiyadu Muvakked.
Eger tekadıma hıza yekebige betin bu
Vay mikerane kiyado Muvakked eu kuvvetei
beuru van geete de bite sestkirina kiyadey
Xelasbina eu cemaetey xulasen şare eweye
zoterin-e ucht em zor hiwedarin ke
kuvvetek bete ser van mikeret kiyadey
serkewten le bo millete kurdi.

9.6.1978

Hewat Dustu
Dijwar

Bratan

**پاشکۆی ژمارە (١٤)**

Mam Leşker

Tarih: 8-1-1976 hatme le ser rûnga Pêşmergeyî mintikey
Colemerg me şandewe. Eme reiya ke ie bo xelaskirina
Pêşmerge-u selameti gahi le Kurdistana Iraq-[redacted]
[illegible] garb reba mentekey [illegible] ber-faw [illegible] gel hewdalane
mentekey Gulyan-u e-mentekey-de man bagiyanbin
le Colemerg-dan bombiarg hate gertinewe.
le kombiney-da derbesbirina cema-et le bo Kurdistana
Iraq. Hecura ha-tibuneşin cemaeta Dr. Xalid-u
Şex Husin (250 Pêşmerge) le Mintikey Colemerg [illegible]
derbazben le bo mentekey [illegible]-u le bo
mentekey Guyiyan. Le were beron le ba
mentekey Zaxo-u (Sindî) Kerar le ser hatin-[illegible]
ten. Hetha 2 roj le ser em Xete-cemaet derot.
Cemaeta Eli Eskerî (250 Pêşmergeyane) Derbaz-bine
mentekey Nerwe. [illegible] hezet Pêşmerge-u
Cema-et Kiguda Muvekad [illegible] Pesda boye.
Lew şereşda Pêşmerge (7 şehit-u 6 brin-dar) dayne.
Q.M. (29 Kuştî-u gelek berin-dar) dayne. [illegible]
Cemaet zer baye. [illegible] Mekted Mentekey
Hekariş em [illegible] brin [illegible] hereki xerd
beheşte ser mekere [illegible] Bedawi-u [illegible]

Hetta ı roi Pe-ıncı ei-an Mekere-e Bedaw seiwaıt (23) kesa-me. Melhemde-riy 17 kesewe mekere Basya-dane. Qona-eta-eme Mekeriey Bedaw- u Şetuniş Uchetes-tandın. Menteker Hekeriy Q. Miked e- qaç bet (fe11). Herekei behete menteka Xakurk-ı. Egır eme mecal döt le bo (cek) derhı deteyn.

Meze eme roi-beroıj le bo engo [illegible]-nowesin.

[illegible] Kurdistan.

Ser-keri-u Merın le bo [illegible] Kurdu Kurdıtan. Serkewten le bo [illegible] Kurd-u Kurdıstar

11.6.1978

Rezgal Besko
Dijwar

Xulasen Xeber:

Rek-a qejmerge Xakro-po-u Keregert-iy-e Macit bise ba-ese Zerbek-i gewre le bo cemo-eti Koman. E [illegible] in le-ser nam-o [illegible] emen le bo-tenube-t zemıston-e newiş-e het.b. Hezet eme bekın le bo menteker Behdinan-n E hurikariş beken.

**پاشکۆی ژماره (١٥)**



**پاشکۆی ژمارە (١٧)**



**پاشکۆی ژماره (١٧)**



DENGÊ KAWA

RUSYA VE VİETNAM
KAMBOÇYAYI İŞGAL ETTİ

K.MARAŞ KATLİAMININ SORUMLUSU MHP
ve KONTRGERİLLA'DAN
HESAP SORULSUN

İRAN HALKININ ZAFERİNİ
SELAMLIYORUZ

SİYASİ VE KÜLTÜREL DERGİ … 1979

## پاشکۆی ژمارە (١٨)



# ÖZGÜRLÜK

BÜTÜN ÜLKELERİN İŞÇİLERİ ve EZİLEN HALKLAR, BİRLEŞİN!

15 HAZİRAN 1979 FİYATI : 750 KURUŞ | 1

## HALKIMIZ SIKIYÖNETİM DEĞİL, ÖZGÜRLÜK VE DEMOKRASİ İSTİYOR

### ÇAĞRI

## پاشکۆی ژمارە (١٩)



# ROJA WELAT

ROJNAMEYA SIYASI Û ÇANDI YA 15 ROJ
15 GUNLUK POLITIK VE KULTUREL GAZETE

## KARKERÊN HEMÛ WELATAN Û GELÊN BINDEST YEKBIN!

1 AĞUSTOS 1975

*HELSİNKİ AVRUPA GÜVENLİĞİ*
*VE*
*İŞBİRLİĞİ KONFERANSI:*
*NİHAİ BELGE (SON SENET)*
*VIII. HALKLARIN EŞİTLİĞİ*
*VE*
*KADERLERİNİ KENDİLERİNİN SAPTAMA HAKKI*

*Katılan Devletler, halkların haklarının eşitliğine ve kaderlerini kendilerinin saptamaları haklarına, her zaman Birleşmiş Milletler Andlaşmasının amaçları ve ilkelerine ve Devletler Hukukunun, Devletlerin ülke bütünlüklerine ilişkin kurallarını da kapsamak üzere, ilgili kuralları uyarınca saygı gösterirler.*

*Halkların haklarının eşitliği ve kaderlerini kendilerinin saptamaları hakları ilkesi uyarınca, bütün halklar, dışardan bir karışma olmaksızın, istedikleri zaman ve istedikleri biçimde, iç ve dış siyasal statülerini özgür olarak saptama ve siyasal ekonomik, sosyal ve kültürel gelişmelerini diledikleri gibi sürdürme hakkına her zaman sahiptir.*

SSCB ÇEKOSLOVAKYA BULGARISTAN İSVİÇRE TÜRKİYE ROMANYA

# LI SER ROJNEMEYA ME ZORKERİYÊN NE DİTİ

I ARALIK 1977 SAYI: 3
FİYATI: 5 TL

1'Ê ÇILEYÊ PÊŞIN 1977
Hejmar: 3 BUHA: 5 TL

**پاشکۆی ژمارە (٢٠)**


āzad

SİVEREK YÜKSEK TAHSİL VE KÜLTÜR DERNEĞİ

EĞİTİM SORUNU
BÖLÜCÜLÜK VE BÖLGECİLİK
GENÇLİK VE GÖREVİ
DOĞU VE GÜNEYDOĞU'DA SINIFLAR
ŞOVENİZM ÜZERİNE
TOPRAK REFORMU
GÖREVİMİZ
ŞİİRLER/SİNAN SABRİ - SEFER ÖGE
HAMİT GEYLANİ

ان تسييس جموع الشعب وزجها في طريق النضال قد تحقق نتيجة تضحيه واصرار الحركه الوطنية الثوريه . ان تطور الحركة الثورية ضمن فترة قصيرة تمخض منها « حزب العمال الكردستاني » ممثل البروليتاريا في كردستان والمدافع عن الحقوق الطبقية والوطنية للجماهير الشعبية ومناضلا من اجل تحقيقها . ان البروليتاريا في كردستان وجميع الكادحين والوطنيين يستقبلون لاول مرة ، الواحد من ايار وهم يملكون حزبهم ، مشكلين وضعا جديدا في كردستان بما يخوضونه بقيادة حزبهم نضالا ضروس ضد الاعداء .

ونحن نستقبل اول ايار مــا هــو الوضــع ؟ ومــا يستوجــب فعلــه ؟

لقد توهم الاستعماريين بحساباتهم الخاصة انهم قد الغو ظروف قيام الحركه التحررية في كردستان ، اذ فوجئوا بالتطور الحاصل على صعيد الفكر الثوري وتطوره باستمرار الى حركه تحرريه منظمة ، وهذا التطور الثوري دفــع الاستعماريين لتصعيد القمع القومي الشوفيني ضد شعبنا عبر حملات التفتيش والبحث والاعتقالات الواسعة ، كمــا تصاعدت باستمرار اساليب التعذيب والهجمات المخطط لها مسبقا حيث اخذت شكل الحملات الدموية في اماكن متعدده ، وما عمليات قتل «٧» من الكادحين في الفتره الاخيره بشــكل جماعي وبتخطيط المستعمرين في مدينة حلوان ، وكذلك فتح نيران رشاشاتهم على جماهير المتظاهرين في مدينة سيورك بهجوم الشوفينين مما ادى الى استشهاد «٦» من الوطنيين وجرح العديد ، وكذلك استشهاد «٦» من رفاقنا المقاتلين في الحزب بعد ساعات من مقاومتهم لهجوم شنته اعداد كبيره من القوات الشوفينية على قرية شكستون التابعة لقضاء ديرك وهذه الحملات تثبت بشكل قاطع ان المستعمرين قــد بدءو حملاتهم الدموية الواسعة ضد شعبنا ، عدا مــن تطبيــق اجراءات الاعتقال الجماعي على نطاق واسع ، واللجــوء لاساليب التعذيب متحججين بمختلف الذرائــع ، ان التكتلات العسكرية في مدن عديدة مثل اضنه ، غازي عنتاب ، اورفه ، سيرت ، ماردين ، ديار بكر ، لوزاغ ، قــارص ، شــكل وغيرها من المدن تحولت الى معسكرات للاعتقال . فان الاف الثوريين والوطنيين من ابناء شعبنا رجالا ونســاء واطفال يحتجزون لمدة اشهر وفي اصعب الظروف ، متعرضين في هذه المعسكرات الى ابشع صنوف التعذيب والتحقير وبالاخص منهم الثوريين الذين يتعرضون الى شتى صنوف التعذيب طوال لساليم خلف الابواب المغلقة حيث يقتلون او يشوهون كما يتعرض الاف الاطفال والعجائــز وطــلاب الابتدائيــة والمتوســطة لخطــر المــوت والمجاعــة .

وفي حين يصعد المستعمرين والاقطاع الكمبرادوري من هجماته الدموية ضد شعبنا ، يترافق ذلك تصعيد الهجمات الشرسة من قبل القوى المرتبطة باعداء شعبنا متسترين باقنعة اليسارية والوطنية « كوك ، خلاص القومي » والذين عبر سياستهم الاصلاحية كرسوا النظام الاستعماري وسلطة الاقطاع الكمبرادوري ، متوجهين بسياستهم وحملاتهم الشرسة ضد حزبنا الذي يقود باعتزاز نضال شعبنا ضد المستعمرين ، اذ في حين تشن القوى الشوفينية العسكرية حملاتها ضد اعضاء ومؤيدي حزبنا في مناطــق سيــورك حلوان ، شكستون . فان التجمعات العميلة المشار اليها شنت في مناطق ماردين ، سيرت وديار بكر حملات شرسة ضد مقاتلي حزب العمال الكردستاني ، وفي حين تسفك الدماء اعضاء حزبنا على يد الجيش الشوفيني التركي وعملاء القوى الفاشية فان حملات وتامر هذه الجماعات ياخذ ابعاد

## الى شعبنا الوطني في كوردستان

نهنئكم بمناسبة الاول من ايار رمز النضال المتصاعد في سبيل الديمقراطية و الاشتراكية ، عيد الطبقة العاملة والجماهير الكادحة والمضطهدة ، نباركم بهذه المناسبة التي تشكل حافزا للمناضلين الساهدين بدون هوادة في ميادين القتال واقبية السجون وتحت التعذيب .

ليعش الاول من ايار منبع قوتنا في نضالنا الثوري ضد الامبريالية المحتضرة وكل مظاهر الظلم والاستبداد والاستعمار المنحط الذي لم يجلب الا الدمار والخراب .

وفي وقت تصعد الامبريالية وعملائها « المقتربة نهايتهم » من اضطهادهم البالغ الان مراحل خطيرة ، تبرز انتصارات القوى الاشتراكية والتقدمية برصها لصفوفها بشكل منتظم ومصممة من نضالاتها للقضاء على الانظمة المعادية للبشرية والتقدم ، وبهذا ندخل الاول من ايار وقد تحققت انتصارات عديدة وكبيرة ، وفي كل ايار جديد يزداد خوف السلطات الحاكمة من استمرار تقدمها لمواقعها .

يكتسب الاول من ايار معاني جديدة حيث توطد وحدة الكادحين وتتوسع جبهتهم في حين تبلغ الامبريالة وعملائها ذروة ازمتها .

ان الجديد بمناسبة اول ايار على صعيد وطننا كردستان هو بادراك اهميه ومعنى المناسبه وتصعيد النضال للانسجام مع روحه الثوري .

ان شعبنا في كردستان يعاني من التخلف نتيجة اضرار الاعمال التخريبية والتفرقة والاستغلال بواسطة الاقطاع من الداخل ، والاعمال التدميرية والابادة الدموية المتحكمة المستمرة خارجيا .

لقد تم استخدام شعبنا على مر العصور ، من اجل تحقيق غاياتهم الخبيثة وخططهم التصفوية الدمويه ، ولاغراض الاعتداء والتدمير ، مستهدفين نزع خصائصه وتركه لبراثن الجهل والتخلف .

بعد ان توضحت معالم بلادنا وتاريخها الذي هو عباره من واقع الاحتلال والتسلط ، نمى الفكر الثوري البروليتاري وانتشر في الاعوام الاخيرة ، مما ساعد شعبنا الذي عانى من اضطهاد مئات السنين للبحث والتساؤل من مصيره ، وفي فترة قصيرة جدا وبالاخص في اوساط الجيل الجديد من الجماهير ، كان لانتشار الافكار العصرية المناهضة للامبريالية والاستغلال اثر كبير في التطور الاجتماعي اللاحق في كردستان .

لقد انهار الارتباط والتبعية العمياء المبنية على الجهل والبساطة بالاستعماريين والاقطاعيين والشيوخ ، بعد ان استمر سنين طويلة ، وبدات بالتالي في صفوف الجماهير مناقشات صريحة حول قضايا الاستقلال والتحرر بعد سنوات من المعاناة في سبيل الوصول لهذه الظروف الجديدة .

ان البروليتاريين الثوريين لعبوا الدور الطليعي لانتشار الافكار التحررية في اوساط شعبنا في كردستان ، اذ وضعوا منذ البداية الخطوات العملية الضرورية في العمل التنظيمي والوحدة .

**پاشکۆی ژمارە (٢٣-٢٤)**



## پاشكۆی ژماره (٢٥)

في سبيل حقوقه في التقدم والديمقراطيه طوال السنين الماضية مبتغيا بناء مجتمعه الاشتراكي لا سبيل له غير هذا الطريق .

ان محاولات المستعمرين والاقطاعيين والكمبرادوريين بتحطيم القوى الديناميكية لجماهير شعبنا وما يتخذون من مؤامرات ، يضع مهام التكاتف وتوحيد الصفوف في اسباق الأول من المسؤوليات .

اننا اذا نظرنا الى الظروف الحالية وما يخص تركيا منه، لادركنا ان المستعمرين لن يتراجعوا عن تمسكهم بمجتمع الاستقلال وعن الاساليب الفاشيه لسحق المقاومة الثورية بشكل تام ، ان المجتمع الكردستاني قد شهد مراحل شبيهة سابقة انه لصاحب تجربة في هذا المجال .

. فالاستعمار التركي يلجأ الى اكثر الاساليب وحشيه كما ان المستعمرين ، لن يتصلوا احدا ولن يبقوا متفرجين ، ولن يغضوا الطرف من اي اتجاه ، وهم لن يوقفوا حملات الإبادة ضد شعبنا في كردستان بل سيلعبوا الادوار الكبيرة في تنفيذها بشكل مستمر .

وفي هذه الظروف التي تستوجب فيه توحيد كل الاطراف الوطنية والثورية بوجه الاعداء تتظاهر بعض الاطراف والجماعات اليسارية الزائفة بمحاولة طوباوية لسحب المستعمرين الى مواقف عقلانية ، بل الاسوأ من ذلك فدعاة الثورية والوطنية هؤلاء يطالبون من الاستعمار التركي تحقيق برامج اصلاحية ، فيما يخص الاصلاح الزراعي والثقافة . ان دعاة سلوك طريق الاتجاهات الاصلاحية والتوحيدية يعلمون تماماً انهم يقدمون الشعب بجموعه كطعم للمستعمرين، محاولة لاطالة عمر النظام الاقطاعي الكمبرادوري خونة النضال والوحدة الحقيقية والمعزولين بالتأكيد عن الجماهير ، واننا سوف ندافع عن وحدة الشعب صاحب الملحمه التحررية الحقيقية في التحرر والاستقلال بوطنيه وثوريه وديمقراطية ونصعد نضالنا ضد الاعداء .

يا عمالنا وفلاحينا في كردستان، المتروكين لخطر الجوع مما تعانوه من بطالة ومعرضين لخطر الموت في مسلسل التصفيات الوحشية .

ايها المنتجين الصغار واصحاب الاشغال العامه ، والتجار الذين شلت اعمالهم نتيجة الغلاء السائد والإجراءات التعسفية .

ايها الشباب الثوري المستهدف في اقبية التعذيب والمعتقلات الجماعية والرصاص الخائن .

يا جميع الوطنيين الذين يريدون العيش بشرف وشهامة المناضلين من اجل الاستقلال والتحرر . ان الخلاص من هذا الدمار يمر من خلال نضال جموع الجماهير المناهضة للاستعمار والعملاء والاقطاعيين ، عبر قيادة ( ح.ع.ك ـ ) ندعوكم للحذر والحيطة اكثر من اي وقت مضى لمواجهة مؤامرات واساليب النظام التركي العنصري الفاشي وعملائه بكل اشكالهم .

ـ تسقط الامبريالية ، يسقط النظام الاستعماري الاقطاعي الكمبرادوري .

- عاش الاول من ايار .
- عاشت الوحدة النضالية بوجه النظام الدموي .
- عاشت الاممية البروليتارية والاستقلال .
- عاشت حركة النضال من اجل الاستقلال والتحرر .
- عاشت «الطليعة البروليتاريا الوحده» في كردستان .

اول ايار ١٩٨٠

اللجنه المركزيه
حزب العمال الكردستاني

كبيرة ، ومؤامراتهم هذه تثبت عدم رغبتهم في نضالنا التحرري للانعتاق من النظام الاقطاعي الكمبرادوري ، ففي حين يعاني هذا النظام من التصدع يسارعون الى نجدته . واعمالهم الاجرامية المعادية لنضالاتنا دليل على ذلك ، يتوضح بذلك ان المستعمرين يستخدمون كل امكاناتهم ، عملائهم ، استعداداتهم بكل اشكالها، بمحاوله لعرقلة وايقاف حركه التحرر والاستقلال ، عبر ابادتهم لجموع الجماهير الواسعة المناضله طبقت في هذا المجال كل اساليب القمع الدموي ويعمل بها لحد الان ، ورغم ذلك فانهم لن يستطيعوا وقف حركتنا التحررية الاستقلالية ، اذ ان كل التصفيات والمؤامرات لا تنفذ المستعمرين بل تخدم مسيره تطور الحركة الثوريه الوطنية ، لا بالتصفيات الدموية لشعبنا في كردستان وما رافقتها من خصوصيه العبوديه والذيليه والخضوع ، ولا بكل اساليب القهر يمكنهم تركيع الحركة التحرريه الثوريه . ان شعبنا لا يهاب هراوات البوليس ولا الجيش التركي بكل دباباته وطائراته ، بل يقاوم ببسالة في كل المواقع والظروف. ان الالاف من الوطنيين والثوريين من ابناء شعبنا يصمدون ببطولة ، وبدون اي تردد في ميادين القتال ، في السجون واقبية التعذيب ، مصرين على النضال بالرغم من كل التصفيات الدموية والاعتقالات الجماعية ، ان ثقة شعبنا بالحزب والثورة في مدن حلوان ، سيورك ، ديرك ومدن اخرى تتوطد بشكل دائم بالرغم من تهديدات المستعمرين واساليبهم الفاشية بل والاكثر من ذلك ، يزداد عدد المتطوعين للحزب للتصدي بفعالية اكبر لهذه الهجمات الشرسة ، معلنين استعدادهم لتحمل اكبر المسؤوليات بكل نكران للذات .

وفي هذا اليوم الذي يرفع فيه كادحي العالم رايات الكفاح وتتصاعد فيه حملات التضامن ، نوجه نداءنا الى كل الكادحين والوطنيين لشعبنا في كردستان .

ان الوضع الحالي يكمن في المجابهة الحاده بين العمال والفلاحين وجميع الوطنيين بقيادة ح.ع.ك متحدين تحت راية حركتهم التحررية من جهة ضد المستعمرين والاقطاعيين والكمبرادوريين من جهة ثانية الذين تتصدع سلطتهم وكل ما جلبوه من دمار وخراب .

اننا جميعا رجالا ونساء واطفالا نجتاز مرحلة عصيبة مليئة بالمشقات والالام ، واننا بنضالنا من اجل حياة افضل ، من اجل التحرر خبرنا خلال هذه السنوات كل اساليب الصمود بوجه المؤامرات والاساليب الفاشية وتجاوزنا كل المصاعب ومستعدين لمواجهة كل الظروف المستجدة والتكيف معها .

اننا مصرين على النصر ، وهذا الاصرار يأتي من المسؤوليات التي ناخذها على عاتقنا في هذه المرحله من تطور الحركة التحررية ، بدون اي تراجع .

واذا كان شعبنا الكردي قد دخل في مرحلة نضاليه متصاعدة ضد العدو وعلى الرغم مما يستوجب ذلك من تضحيات ، فاننا متاكدين من ان خطوات كبيرة قد انجزت على طريق الاستقلال والتحرر ، وهذه الاوضاع الحاليه المتميزة اعطتنا الفرصة الكاملة للفرز والتمييز بين الاعداء والاصدقاء ، والتي ادت لعزل التيارات والاحزاب البرجوازيه والبرجوازية الصغيرة . ان غضب شعبنا وحقده على الاستعمار التركي قد تضاعف عشرات المرات ، وكما هو معروف في كل انحاء العالم فالسنوات العجاف من الالم والحزن واراقة الدماء كانت مؤشرات على طريق تحطيم الانظمة الرجعية وبناء الانظمة التقدمية ، فشعبنا الكردي الذي ناضل

# پاشکۆی ژماره (٢٦)

DI [illegible] ZÊ DA

# Roja Gel

Li dinê na [illegible] fikrin kû [illegible] qet neteve [illegible] ji azadiyê bezneke û [illegible] bo şerneke!
C. ALADAĞ

[illegible] Û GELÊN BINDEST YEKBIN!

## [illegible] GÜÇLER ULUSAL DEMOKRATİK HAREKETİ SİNDİRMEYE ÇALIŞIYORLAR

[illegible] tekelci burjuvazinin faşist bir cuntayı işbaşına getir[illegible] bir nedeni de kuşkusuz [illegible] devrimci bir doğrultuda ge[illegible] ulusal Demokratik Hareketiydi.. Egemen güçler bortından [illegible] da gelişen hareketleri ezmiş, geriletmiş ve içten kontrol [illegible] altına almaya çalışmıştır. Bu vesile ile zaman zaman "rahat uyku" [illegible]dır. Ancak son on yıldır ki, Kürdistan'da ulusal hareket [illegible] [illegible] kazandı. Sosyalist kadrolar yetişti. Bunlar ulusal ha[illegible] devrimci doğrultuda örgütlemeye ve ulusal demokratik güçler arasında birlik oluşturmaya çalıştılar ve bu doğrultuda ciddi ve güvenilir adımlar da atıldı.... [illegible] kı[illegible]dan düşman paniğe kapıldı. Çünkü korktuğu şey başına gelmiştir. Dağınık ve yalpalayan bir Kürdistan ulusal hareketi artık sosyalistlerin güvencesi altına girmiştir. [illegible] bu kaçırmaktadır. [illegible] bu arttırmaktadır. Çünkü onlarda çok iyi biliyorlar ki, sosyalistler bir işe el attılar mı mutlaka başarıyla sonuçlandırırlar. Ve bugün iş başına gelen faşist cuntanın varlık nedenlerinden biri de az önce de belirttiğimiz gibi, sosyalistlerin ağırlıklarını hissettirdikleri Kürdistan ulusal demokratik hareketidir. Çünkü sosyalistler kitleler içinde uzun erimli ve sabırlı, kararlı çalışırlar, emin adımlarla düşmanın üstüne varırlar. Onlar da bunu bilmiyor değil...

Bugün Kürdistan'da devrimci doğrultuda gelişen ulusal demokratik mücadelemiz sağlam güvencelere sahiptir. Bu güvence sosyalistlerin örgütlü gücü; TÜRKİYE KURDİSTANİ SOSYALİST PARTİSİ (TKSP)'dir. T-KSP, Kürdistan halkının ulusal demokratik güçlerinin [illegible] birliğinin güvencesidir. Öncü gücüdür.

Gerici burjuvazi faşist cunta eliyle T-KSP taraftarları üstünde baskıları ve tutuklamaları sun

devamı: s-4'de

[illegible] əsl...

[illegible] ji xelas bû. Lê çare [illegible] bin nuxwegî û [illegible] Cunta faşîst zordariya xwe [illegible] û rewşa welat jî naxweştir [illegible] ku sala nû [illegible] tine. Lê [illegible] ku cunta faşîst [illegible] donke.

Sala nû [illegible] têkoşîna me li gel [illegible] ku na sekine. Her çend zorîya [illegible] li ser me zêde [illegible].

Ji bo şikesta cuntayê pêwîste [illegible] belav ne [illegible] te'dayê her [illegible] ku em [illegible] teşgî[illegible]rêdanî [illegible] rojên çelhayîa wezîfa [illegible] a sosyalîsta[illegible]ne. Heval[illegible] sosyalîst [illegible] ne se[illegible]kinin. Li ser [illegible] xebata xelqê ron bikin [illegible] cuntayê eşkere bikin [illegible].

Di sala nû de [illegible] grîngî, ne [illegible] bikin. Şiati [illegible].

Sala nû [illegible] bikin [illegible] têkoşîna dij-cuntayê.

Sala nû de [illegible] gog bikin. yekitiya [illegible].

Dûmahîk: rûp-4'an

BIJÎ PARTIYA SOSYALÎSTA KURDISTANA TIRKIYÊ

HEJMAR: 2 [illegible]/1981

# پێرست

پێشەکی ٣

**بەشی یەکەم: تورکیای سەردەمی فرە پارتایەتیو دەستپێکردنەوەی جووڵانەوەی سیاسییو ڕووناکبیریی کورد.** ١٣

باسی یەکەم: تورکیای سەردەمی فرە حزبیو شوێنی کورد لە گۆڕانکارییە نێوخۆییو دەرەکییەکاندا(١٩٤٦– ١٩٦٠). ١٣

باسی دووەم : دەستپێکردنەوەی بزووتنەوەی سیاسیو ڕووناکبیریی کورد لە باکووری کوردستان (١٩٤٦– ١٩٦٠). ٣٧

**بەشی دووەم: کورد لە سیاسەتی حکومەتو پارتە فەرمییەکانی تورکیادا (١٩٦٠ ـ ١٩٨٠)** ٦٥

باسی یەکەم: کورد لە سیاسەتی حکومەتو کۆدەتا سەربازییەکانی تورکیادا ٦٥

باسی دووەم: کورد لە ڕێکخستنو سیاسەتی پارتە فەرمییەکانی تورکیا دا ٩٣

باسی سێهەم: کورد لە ڕێکخستنو سیاسەتی پارتو کۆمەڵە فەرمییەکانی چەپی تورکدا ..... ١١٩

**بەشی سێیەم: پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا دامەرزاندنو ڕۆڵی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد دا.** ١٥٥

باسی یەکەم: زەمینەی درووستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیاو سەرەتای چالاکییەکانی لە باکووری کوردستاندا . ١٥٥

باسی دووەم: دابەشبوونی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا. ١٧٧

باسی سێیەم: پاشماوەی ڕێکخستنەکانی پارتیو دروستبوونو ڕۆڵی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد (کوک). ١٨٩

**بەشی چوارەم: رێکخستنە سەربەخۆکانی چەپی کورد (١٩٧٤–١٩٨٠).** ٢٠٧

باســی یەکــەم: کۆمەڵــەی فەرهــەنگیی دیمــوکراتی شۆڕشــگێڕ (د.د.ک.د)و دروستبوونی رەوتە چەپەکانی کورد . ٢٠٧

باســی دووەم: پــارتی سۆسیالیســتی کوردســتان (پ.س.ک) دامەرزانــدنو دەستپێکی خە باتی سیاسیو ریفۆرمخوازی لە باکووری کوردستاندا . ٢٤٧

باســی ســێیەم: پــارتی کرێکــارانی کوردســتان(پ.ک.ک) دامەرزانــدنو دەسپێکردنی خەباتی سیاسیی لە باکووری کوردستاندا (١٩٧٣ –١٩٨٠). ٢٦٣

**بەشــی پێنجــەم: کۆدەتــای ســەربازی ١٩٨٠و چارەنووســی ڕێکخســتنە سیاسییەکانی باکووری کوردستان .** ٣٠٠

باسی یەکەم : کێشەی نەتەوەیی کورد لە ڕوانینی کودەتای سەربازیی (١٩٨٠) دا . ٣٠٠

باسی دووەم : چارەنووسی ڕێکخستنە سیاسییەکانی باکووری کوردستان . ٣١٠

ئەنجام ٣٤٣

سەرچاوەکان ٣٤٧

پاشکۆکان ٢٦٦